KURDISTAN



# کۆمەڵێک وتار، لێداون و هەڵسەنگاندنەکانی

## هاوڕێ مستەفا شڵماشی

### بەشی دووهەم

کۆکردنەوەو ئامادەکردنی: ڕەحمان نەقشی

جۆزەردانی ٢٧٢٦ی کوردی = جوونی ٢٠٢٦ی زایینی

سەرچاوە
Serchawe

# پێڕست

* چەند دەردی دڵێک لە گەڵ شەهید ئاوارە ... تۆ بۆمن هەر سەوزی..... ٦

١- چارەسەری دێموکڕاتی بۆ مەسەلەی کورد ..................................... ٧

٢- ئایا دێموکڕاسی تەنیا مافی ڕەئی دانە؟ ..................................... ١٦

٣- بانگەوازێکی هاورێیانە بۆ رێبەرایەتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ..................................... ٢٥

٤- بیست ساڵ ئازاری ناوچە جوانەکەمان سەردەشت ..................................... ٣٨

٥- هاوڕێ هەوارت بەتاڵ هێشتەوە ..................................... ٤٠

٦- دیمانەیەک لە گەڵ بەرێز و تێکۆشەر کاک مستەفا شڵماشی ..................................... ٤٢

**بابەتی ساڵی.................٢٠١١............. ٤٩**

٧- ئێمە لە هەر تریبونێک بە قازانجی گەلەکەمان کەڵک وەردەگرین...................... دیمانە: تاهیر قاسمی ..........

٨- شوێنکاری گەمارۆ ئابورییەکان لەسەر رژیمی ئێران.....................................

٩- با بە هەمومان هەوڵ بدەین بەرێز کەبودوەند خەلاتی ئاشتیی نۆبڵ وەربگرێ.....................................

١٠- باشترین هەلە بۆ کورد لە پێناو مافەکانیدا بێتە سەر شەقام.....................................

١١- بەرەو کۆنگرەی پازدەو ئاورێک لەکۆنگرەی چاردە.....................................

١٢- رێبەرایەتی حدکا نەدەبوو ئەو مەرجە قورسە لە سیاسەتی خۆیدا جێگیر بکا.......... سازدانی؛ جەمال نەجاری .....

١٣- یادێک لە بلیمەتی گەورە شەهید دوکتور سادقی شەرەفکەندی.....................................

١٤- کورد مافی خۆیەتی داوای پشتیوانیی نێونەتەوەیی لە ویست و داخوازە رەواکانی بکا.....................................

١٥- پێویست نییە بکەوینە مەوزعی دیفاعییەوە.....................................

١٦- وێنەیەکی دیار لە دڵسۆزی.....................................



سەرچاوە
Serchawe

## بابەتەکانی ساڵی: ۲۰۱۲ .......................... لاپەڕی ............. ۹۷


۱۷- کات، کاتی چییە؟ ..........................................................................................

۱۸- ئاڵوگۆڕ لە ئێران دا نیزیکە، ئێمە چی بکەین؟ ...................................................................

۱۹- مەژی بۆ مردن، بمرە بۆ ژیان .........................................................................

۲۰- دیپلۆماسیی کوردی لە چ حاڵدایە و چۆن دەتوانێ گەشە بکا؟ ...........................................................

۲۱- سیاسەتی باراک ئۆباما کاندیدای دێموکراتەکان لەسەر ئەو خۆشبینییە داڕێژراوە کە کۆماری ئیسلامیی ئێران ..........

..................................................................................... دیمانە: "کوردستان" .....

۲۲- نەتەوەی کورد و باری مێژوویی بە کورتی .....................................................................

۲۳- بەجیهانی بوون ..........................................................................................

۲۴- وتووێژێکی تایبەت لە گەڵ ڕۆژنامەی «کوردستان» ............................................................

۲۵- گفتوگۆ لە گەڵ ماڵپەڕی "کوردستان و کورد" ................................................................


## بابەتەکانی ساڵی: ۲۰۱۳ و ۲۰۱٤......................... لاپەڕی ............. ۳۱٦


۲٦- بیرەوەریی من لە گەڵ ڕۆژنامەی «کوردستان»دا.........................................................................

۲۷- ئۆباما لە دەوری دووهەمی سەرکۆماریی ئەمریکا دا......................................................................

۲۸- هەرای نێو کاربەدەستە پایەبەرزەکانی ڕێژیم، شەڕی دەسەڵاتە یا شەڕی زەرگەری؟ ...............................

۲۹- هەفپەیڤین بە بۆنەی ۸ی مارس .................................................... دیمانە: ڕەحمان نەقشی .....

۳۰- کێشەکانی بەردەم هەڵبژاردنی ویلایەت فەقیهی .................................................................

۳۱- هەڵبژاردنی سەرۆککۆماری هەم چالشێکی گەورە بۆ ڕژیم و هەم چالشێکی گەورە بۆ ئۆپۆزیسیۆن ................

۳۲- یادێک لە شەهید ئاوارەی هەستیار و شۆڕشگێڕ ..............................................................

۳۳- ئاسۆیەکی تازە بۆ داهاتوی کورد ............................................................................

۳٤- کۆچی دوایی پیاوێکی پاک و دڵ گەورە .......................................................................

۳۵- وتار لە ڕێوڕەسمی یادی ۲۵ ساڵەی شەهیدانی وییەن، لە وڵاتی نۆرویژ ..............................................

٣٦- چالاکی پارێزەرانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و پشتیوانی حدک لەو چالاکیانە ........................................

## بابەتەکانی ساڵی: ٢٠١٥ و ٢٠١٦.............. لاپەڕی ......... ٢٥٧

٣٧- پرسی ڕیفراندۆم لە حکومەتی ویلایەتی فەقیە دا ....................................................................

٣٨- "ڕۆژهەڵات مێحوەری" ئاراستەیەکی تەواو نەتەوەیی یە ......................................................................

٣٩- ڕێکەوتنی رۆژاوا لە گەڵ ئێران ...........................................................................................

٤٠- دیمانە ماڵپەڕی "رۆژهەڵات تایمز": جەعفەر شەریعەتی ....................................................................

٤١- ڕاز و نیازێک لە گەڵ شەهید مەلا ئاوارە لە ٤٧ ساڵەی یادی شەهید کرانی دا .........................................

٤٢- رۆژی ١٠ی خاکەلێوە ..................................................................................................

٤٣- تەنیا ڕێگاچارە کوردایەتی‌یە .........................................................................................

٤٤- تێکۆشەر محەممەد سدیقی کەبودوەند ....................................................................................

٤٥- تیکۆشەری دێرین کاک حەمەڕەسوڵی حەسەنپور ..............................................................................

٤٦- چۆن هزری قاسملوو بکەینە بەرنامەی کار؟ ...............................................................................

٤٧- نۆهەمین مۆمی تەمەنی کوردکاناڵ تیشکهاوێژ بێ ..........................................................................

٤٨- کۆماری ئیسلامی، خوڵقێنەر و هەناردەکەری قەیران ........................................................................

٤٩- بەرئەنجامەکانی هەڵبژاردنی سەرکۆماریی ئەمریکا لەسەر کوردستان و ئێران .............................................

## بابەتەکانی ساڵی: ٢٠١٧ و ٢٠١٨........... لاپەڕی ....... ٢٨٨

٥٠- هاوڕێ فەتتاحی کاویان ..................................................................................................

٥٢- قەڵای خۆڕاگری بە تیرۆر ناڕووخێ .......................................................................................

٥٣- ئەوەش ئەنجامی ژێردەستەیی ...........................................................................................

٥٤- هێرشە چەکداریەکەی تاران ...............................................................................................

٥٥- بەڵێ بۆ سەربەخۆیی کوردستان ...........................................................................................

٥٦- پەیامی من بۆ تێکۆشەری دێرینی گەلەکەمان کاک هاشمی کەریمی لە ڕۆژی ڕێزلێنانی دا ..............................

٥٧- تاوتۆ و کەنگەشەی ڕووداوەکانی نێونەتەوەی و ڕۆژهەڵاتی نێوەراست و کوردستان ............ دیمانە: ڕەحمان نەقشی
٥٨- بە بۆنەی کۆچی دوایی سەرۆک مام جەلالەوە ..............................................................
٥٩- قسەکانی ڕووحانی بەرامبەر بە کورد، فریودان یان وەخەبەرهاتن ...................................................
٦٠- وتووێژی ڕۆژنامەی "کوردستان" ..........................................................................
٦١- وتەکانی لە کۆبوونەوەی شۆڕای ئینتێرناسیۆناڵی سوسیالیست لە بارشلۆنا ..........................................
٦٢- وتووێژ لەبارەی دوایین کۆبوونەوەی SI و بەشداریی حدک .......................................... ئا: عەلی بداغی
٦٣- تەڤینەوەی ڕق و ڤینی پەنگخواردوو .........................................................................
٦٤- ئاغای سادق وەزیری .......................................................................................
٦٥- دامەزرانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان ....................................................................
٦٦- با بە کۆدەنگی پلان و پیلانی کۆماری ئیسلامی پووچەڵ کەینەوە ..............................................
٦٧- ڕژیم ئامانجی نەپێکا .......................................................................................
٦٨- سورپرایزیک بەنرخ .......................................................................................
٦٩- مەسەلە گرنگەکانی کۆنگرەی ١٧ی حیزبی دێموکراتی کوردستان ..................................................

**بابەتەکانی ساڵی: ٢٠١٩ و ٢٠٢٠.......................... لاپەڕی ............. ٣٥٠**

٧٠- وەڵامی داواکاری سەبارەت بە ١٠ ساڵ کارو چاکی ڕەحمان نەقشی ...................................................
٧١- پێشەکی بۆ نامیلکەی ........................................................................................
٧٢- میتینگی ئاشکرای حیزبی دێموکڕاتی کوردستان ...............................................................
٧٣- کیمیابارانی سەردەشت، زامێکی هەمیشە ئاوەڵا ..............................................................
٧٤- ئێمە داوای ئیجرای عەداڵەت دەکەین لە پەروەندەی تیرۆری دوکتور قاسملو دا ....................................
٧٥- دەبا ئەو پەڵە ڕەشە لەسەر ئاسمانی ڤییەن نەمێنێ .........................................................
٧٦- ساڵێک بە سەر یەکێک لە تاڵترین بیرەوەریەکان ............................................................
٧٧- ٢٧ەمین ساڵڕۆژی تیرۆری کرانی ڕێبەرە خاکی و خۆ نەویستەکە ................................................
٨٧- وانەکانی هەرگیز لە بیر ناچن ..............................................................................
٨٨- هەموو نەتەوەیەک پێویستیی بە هێزی بەرگری هەیە ...........................................................

## چەند دەردی دڵێک لە گەڵ شەهید ئاوارە



### تۆ بۆمن هەر سەوزی

دوای پەنجا دوو ساڵ لە شەهید کرانت ڕەنگە بۆ زۆر هاوڕێ و هاوسەنگەری زۆر نیزیکت بە دنیای فەرامۆشی سپێردرابی و لە بیر چوبیەوە. ڕەنگە وەک گەڵای زەردی پایزی لە داری بیرەوەریەکان هەڵوەریبی و غونچەی تازە ساواو چرۆی تازە سەرهەڵداو لە کاروانی دوور و دریژی شەهیدان دا، تۆیان لە نێو دنیای گیانبازی خۆیان دا وون کردبێ و تەنیا دووره ئاسۆی ڕێبازەکەت لە زیهنی ڕێبوارانت دا بەرجەستە بێ. بەڵام تۆ بۆ من هەرسەوزی، نەمامێکی پڕ لە گەڵای سەوزی بۆندار کە ڕەگ و ڕیشەت لە زیهنی من داکوتاوە و لە تەواوی دەورانی ژیانم دا لە گەڵم بوی و تا لێواری قەبریش لەگەڵم دەمێنیەوە.

ئاخر من لە تەواوی ئەو ساڵانەدا کە تا ڕادەیەک دنیام ناسیوە، هەمیشە بیرم لەوە کردوەتەوە کە چۆن بژیم تا شەرمەزاری تۆ نەبم. دوای شەهید کرانت لە هەمو ڕۆژەکانی ژیانم دا لە هەوڵی ئەوە دابوم کە وەک تۆ شەیدای نیشتمان بم، وەک تۆ لە خۆم بگوزەرێم بەخاتری نەتەوەو وڵاتەکەم. دایم بیرم لەوە کردوەتەوە کەلێنێکی بچوک لەو بۆشاییەی بە شەهید بوونی تۆ دروست بووە، پڕ بکەمەوە. بەڵام ببورە گەورەم، پێموانیە بە باشی توانیبێتم ئەو ئەرکە پیرۆزە بەجێ بگەیەنم. ئاخر کەسانی وەک تۆ دەگمەن و شازن. کێ دەتوانێ خۆ لە قەرەی ڕەقابەت لەگەڵ ئەوان بدا. کێ دەتوانێ بە بارستایی قەڵافەتی ئەوان هەڵکشێ بۆ لوتکە. ئەوا تەمەنی منیش دوا قۆناغەکانی تێپەڕ دەکا و هەر نەمتوانی بەو لوتکەیە بگەم کە تۆ بەرەو دوندەکەی باڵت گرت و پێی گەیشتی.

ببورە گەورەم، لە ٥٠ ساڵەی ساڵڕۆژی شەهید کرانت دا، تەنیا دەتوانم ئەو بەڵێنە دووبارە بکەمەوە، کە تا دواهەناسەم بە ڕێبازەکەت وەفادار بم.

مستەفا شڵماشی

# چارەسەری دێموکڕاتی بۆ مەسەلەی کورد

کێشەی کورد لەڕاستیدا کێشەی گەورەترین نەتەوەی ژێردەستەی ئەم سەردەمەیە. چارەسەر کردنی ئەم گرفتەش ئاڵۆزترین مەسەلەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستە. بە باوەری من تەنانەت لە مەسەلەی فەلەستینیش ئاڵۆزترە. چونکە لە فەلەستین کێشە لەسەر بە ڕەسمی ناسینی ناسنامەی نەتەوەیی نییە. ئیسراییل بوونی فەلەستنیەکان بە ڕەسمی دەناسێ و ئامادەیە قسە لەسەر دامەزرانی دەوڵەتی سەربەخۆی فەلەستین بکا. هەر چەند ساڵەهایە خاکەکەی داگیر کردوە.

لە کوردستان بە پێچەوانەوە، دەوڵەتە داگیرکەرەکان هەول دەدەن ناسنامەی نەتەوەیی کورد بشێوێنن. لە هەر وڵاتەی بە جۆرێک لەسەر کورد بیردەکەنەوە و هەوڵ دەدەن مەسەلەکە بە گوێرە ی قازانجە کانی خۆیان هەڵسەنگێنن. لە تورکییە تازە پاش ساڵەها نکولی (ئینکار) کردنی بوونی کورد و بەکار هێنانی پێناسەی تورکی شاخی؛ لە ژێر فشاری نێونەتەوەیی دا ئیقرار دەکەن کورد خاوەنی کولتورێکی جیاوازە و ڕێگا دەدەن جێژنی نەورۆز بگێرێ و هێندێک چالاکی زمانەوانی بکرێ. لە ئێران هەرچەند ناوی کورد دەهێنرێ؛ بەڵام بە درێژایی مێژووی ئەو وڵاتە هەوڵ دراوە کورد وەک هۆزێک لە نەتەوەی فارس بناسێنرێ. فارسەکان هەوڵ دەدەن بە بەکارهێنانی زاراوەی نەتەوەی ئێران! بوونی هەموو نەتەوە جیاوازەکانی ئێران نکولی (ئینکار)لی بکەن.

بەتایبەتی لە بەرامبەر کورد دا دەوڵەتەیەک لە دوای یەکەکانی ئێران هەمیشە سیاسەتێکی دووڕوانەی زۆر خائینانە و مەترسییان بەرێوە بردووە. لە کاتێک دا کە داوای بچوکترین مافی گەلی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستانیان بە ئاگر و ئاسن وەڵام داوەتەوە. هەوڵیان داوە خۆیان لە جووڵانەوەی کورد لە پارچەکانی دیکەی کوردستان نیزیک بکەنەوە و خۆیان وەک دڵسۆزی ئەوان نیشان بدەن.

لە عێراق کورد بە شێوەیەکی جیاواز لە گەڵ عەرەب کەوتووە. هەر لە دامەزارنی دەوڵەتی عێراقەوە کورد لەو وڵاتە دا ناسراوە. هەر بۆیە هەمیشە توانیویەتی زمان و کلتوری خۆی بەکار بێنێ. شۆوێنیزمی عەرەب زۆرتر کاری ئەوە بووە کە نەهێڵێ کورد لە عێراق هەنگاوی گەورەتر باوێ و داوای مافی نەتەوەیی خۆی بکا. شۆوینیزمی عەرەب بە درێژایی تەمەنی دەوڵەتی عێراق ترسی لە راپەرینی گەلی کورد لەو وڵاتە دا هەبووە و بە درندانەترین شێوە بەگژ گەلی کورد دا چووتەوە و لەبەر ئەوەی کە ڕێگای چالاکی فەرهەنگی کوردی پێ نەگیراوە، هەوڵی لە نێو بردنی فیزیکی کوردی داوە. چۆڵکردنی گوندەکان، شیمیابارانی و ئەنفاڵ وێنەی بەرچاوی ئەو سیاسەتە دڕندانەیەی دەوڵەتی عێراقن.

لە سوورییەش لاسایی دەوڵەتی تورک کراوەتەوە و هەر بە گشتیی بوونی کورد لەو وڵاتە دا نکولی (ئینکار) لێ کراوە. شۆوێنیستانی عەرەب لە سووریە لەوەش زۆرتر ڕۆیشتوون و تەنانەت مافی هاووڵاتی بۆونیشیان لە بەشێکی زۆر لە کوردەکان وەرگرتووتەوە.

بەگشتی هەر چەند لە دنیا دا کێشەی کورد وەکو دووهەم کێشەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ناسراوە، بەڵام لە لایەن ئەو وڵاتانەوە کە کوردستانیان بەسەردا دابەش کراوە نکولی (ئینکار) لێ کراوە و بەشێوەیەکی دڕندانە بەربەرەکانی لە گەڵ کراوە. هەڵوێستی دڕندانەی شۆوێنیزمی فارس و تورک و عەرەب ئەوە دەردەخا کە چارەسەری مەسەلەی کورد تەنیا لە دامەزرانی سیستمی دێموکڕاسی لە رۆژهەڵاتی ناوەڕست دا ئیمکانی هەیە. ئەوەش نەک دێموکڕاسییەکی ڕواڵەتی کە لەسەر بناغەی زۆرینەی نەتەوەی فەرمانڕەوا دامەزرابێ، بەڵکوو دێموکڕاسییەکی ڕاستەقینە کە یەکسانی دابین بکا بۆ هەموو نەتەوە و پێکهاتەکانی ناو ئەو وڵاتانە. ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست چ لە باری ستراتێژی نیزامی و چ لەباری ئابووری و سیاسییەوە گرنگترین ناوچەی جیهانە. دابین کردنی ئاسایش لەو ناوچەیە دا بۆ وڵاتە زلهێز و پیشەسازیەکان گرنگی ستراتێژی هەیە. تا سیستمی دێموکڕاسی دانەمەزرێ و مافی نەتەوایەتی گەلانی ژێردەست، بە تایبەتی گەلی کورد و گەلی فەلەستین دابین نەکرێ، ئەو ناوچەیە ڕووی ئاسایش بەخۆیەوە نابینێ.

ئەگەر بەباشی سەرنج بدەینە ئەو ستراتیژیە تازەیەی کە ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست گرتوویانەتە پێش، بۆمان دەردەکەوێ کە ئەوان سیاسەتی لایەنگریی سست یان لەبەرامبەر مەسەلەی کورد دا گرتووەتە بەر. واتە؛ نایان هەوێ مەسەلەکە بهاروژێنن، بەڵام ئەگەر کێشەیەکی زۆر گەورەیان بۆ پێک نەهێنێ و لەچوارچێوەی خەباتی دێموکراتیک دا ئیمکانی چارەسەر کردنی هەبێ، ئەوان پشتیوانی لێ دەکەن. بۆیە هەر چەند مەسەلەی چارەسەر کردنی دۆزی کورد بە شێوەی بناغەیی لە بەرنامەی کاری ڕۆژانەی ئەوان دا نییە، بەڵام لە چوارچێوەی پرۆسەی دێموکڕاسی دا گرنگی پێ دەدەن.

لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستیش دا کورد لە گەڵ زۆر هێزی دژ بە چارەسەری بەرەو ڕوویە.ئەو دەوڵەتانەی کە کوردستانیان بەسەر دا دابەش کراوە نەک تەنیا نایان هەوێ مافی ڕەوای کوردەکانی ژێر دەسەڵاتی خۆیان بەڕەسمی بناسن، بەڵکوو دژی چارەسەر کردنی مەسەلەی کورد لە وڵاتەکانی تریش ڕادەوەستن. لە هەر چوارپارچەی کوردستان هەستی نەتەوایەتی بەهێز و جووڵانەوەی ڕزگاریخوازی درێژەی هەیە. بەڵام لەباری پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی و زانستییەوە، هێندێک جیاوازی کەوتووەتە نێوان پارچەکانی کوردستان. هەر بۆیەش هەڵس و کەوتی جیاواز لە باری فەرهەنگی و کۆمەڵاتیەوە بەدی دەکرێ.

## چارەسەری گشتی:

چارەسەری گشتی و یەکجارەکی بۆ مەسەلەی کورد ئەوەیە کە ڕێگای پێ بدرێ بۆخۆی چارە نووسی خۆی دیاری بکا. مافی دیاریکردنی چارە نووس، مافی ڕەوای هەر گەلێکە. کوردیش بەبێ ئەملاو ئەولا ئەو مافەی هەیە. کە وابوو کوردەکان دەتوانن هەر لە چوارچێوەی داوا کردنی ئەو مافە لە دەوری یەکتر کۆبنەوە. بەڵام دەبێ ئەوەمان لەبەر چاو بێ کە هەلومەرج لە هەر پارچەیەی کوردستان جیاوازە و ڕێگای وەدەست هێنانی مافی دیاریکردنی چارەنووس بە قوناغی جیاواز دا تێ دەپەڕێ.

ئەوەی کە مافی دیارکردنی چارەنووس دەبێ ببێتە دروشمی هەر کوردیک هیچ شکی تیدا نییە، بەڵام قۆناغەکانی تێپەر بوون بەرەو ئەو مافە و شێوەی وەدەست هێنانی دەکرێ لەهەر پارچەی کوردستان دا جیاواز بێ. ئەوەی گومانی تێدا نییە ئەوەیە کە پێویستە بیر و ڕای گەلی کورد ڕێزی لێ بگیرێ و پرس کردن بە کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان بخرێتە ناو بەرنامەی کاری ڕۆژانەی هێز و پارتە سیاسیەکانی کوردستانەوە. کە وابوو بەکار هێنانی ئامرازی ڕیفراندۆم دەکرێ ببێتە یەکێک لە خاڵەکانی کاری هاوبەش لە نێوان هەموو پارت و ڕێکخراوە سیاسییەکانی کوردستان دا.

ڕەنگە لەسەر پێویستی بەکارهێنانی دەنگی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان هەموو ڕێکخراوە کوردستانییەکانیش یەک بن، بەڵام لەسەرکاتی بەکار هێنانی ئەو مافە بێگومان جیاوازی بیرو بۆچوونیان هەیە.

جێگای خۆیەتی کە هەوڵ بدرێ لەسەر قۆناغەکانی بەدەست هێنانی مافی سەرەکی گەلی کورد ڕێککەوتن بەدەست بهێنرێ. باس کردن لە مەسەلەی مافی سەربەخۆیی نابێ هەتا هەتایە ببێتە تابۆ. ئەو ترسە لە لایەن شۆوینیزمی نەتەوەی فەرمانڕەواوە خراوەتە نێو دڵ و دەرونی خەباتگێڕانی کوردەوە. بۆیە جێگای خۆیەتی زۆر بەڕاشکاوی باس بکرێ کە کوردیش وەکو هەموو گەلانی دیکەی دنیا مافی ئەوەی هەیە کە سەربەخۆ بێ. هەر چەند کورد لە هەڵ و مەرجی ئێستا دا دروشمی سەربەخۆیی هەڵنەگرتووە، بەڵکوو ئێستا زۆربەی پارت و ڕێکخراوە سیاسییەکان لەسەرانسەی کوردستان دا فیدرالیزم وەک چارەسەری گونجاو بۆ ئەو سەردەمە دەبینن.

هەر چەند فیدرالیزم بۆ سەردەمی ئێستا وەک چارەسەرێکی گونجاو دەبینرێ، بەڵام حەق وایە بۆ چارەسەری یەکجارەکی مەسەلەی کورد لە هەر چوارپارچەی کوردستان پەنا ببرێ بۆ ویستی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان و ڕیفراندۆم بکرێ.

## قۆناغی پرۆسەی چارەسەری لە هەر پارچەی کوردستان جیاوازە.

### باکوری کوردستان:

لە باکووری کوردستان ڕێژیمی تورک پاش ساڵەها نکولی (ئینکار) کردن، سەرئەنجام پێکی ژەهری نۆشی و بوونی کوردی لە تورکیە بەڕەسمی ناسی. تەنانەت تاڕادەیەک بەکارهێنانی زمانی کوردی و گرتنی جێژنی نەورۆزیشی قەبووڵ کردوە، دان پێدانان (ئیقرار)ی دەوڵەتی تورک بە بوونی کورد، لەداهاتوو دا ڕێگا خۆش دەکا بۆ بەکارهێنانی مافی ڕفیراندۆم لە تورکیە دا، چونکە شک لەوە دانییە کە ئەگەر هێندێک ئاڵ و گۆڕ بەسەر سیاسەتی دەوڵەتی تورک دا بێ لە بەرامبەر مەسەلەی دێموکڕاسی، مەسەلەی مافی مرۆڤ و مەسەلەی کورد دا، ئەوا ڕێگا خۆش دەبێ کە تورکیە بێتە نێو یەکیەتی ئەوروپا. بەهاتنی تورکیە بۆ ناو یەکیەتی ئەوروپا مەسەلەی کورد لە تورکیە پێ دەنیتە نێو قۆناغێکی تازەوە.

ئێتر هەڵوێستی کەماڵیزم و شۆوێنیزمی تورک نییە کە پەیوەندیەکانی نێوان کورد و تورک لە تورکیە دا دیاری دەکا. بەڵکوو قانوونەکانی یەکیەتی ئەوروپا دەبن کە ئەو پەیوەندیانە ڕێک دەخەن. من بەش بەحاڵی خۆم بە چوونی تورکیە بۆ نێو یەکیەتی ئەوروپا خۆش بینم. دەوڵەتی تورک هیچ ڕێگا چارەیەکی تری نییە، یان دەبێ شەرتەکانی یەکیەتی ئەوروپا قەبووڵ بکا و بێتە نێو ئەو یەکیەتیە، یان دەبێ چارەنووسی خۆی ببەستیتەوە بە دەوڵەتە کۆنەپەرستەکانی ناوچەوە. وەک کۆماری ئیسلامی و دەوڵەتی سووریە. کە ئەوەش بەواتای لە نیو بردنی هەموو ئەو دەسکەوتانەیە کە دەوڵەتی تورک بە گرتنە بەری ڕێبازی عیلمانی تاکوو ئێستا بەدەستی هێناوە. بۆیە من بەش بەحاڵی خۆم بە داهاتووی کورد لە تورکیە دا خۆش بینم.

ئەمە بەو ئەنجامەمان دەگەیەنێ کە کورد لە تورکیە پێویستە زۆر کار بکا لەسەر پەیوەندیەکانی نێوان تورکیە و ئەوروپا. ئەوەی زۆر جێگای سەرنجە ئەوەیە کە هێزە کوردیەکان بۆ دژایەتی لە گەڵ شۆوێنیزمی تورک، نابی بکەونە داوی ئەوەی کە دژایەتی لە گەڵ هاوپەیمانە سیاسی و نیزامیەکانی تورکیە بکەن، بەڵکوو پێویستە لێیان نیزیک بنەوە و مەسەلەکانی خۆیانیان تێ بگەیەنن.

یەکێکی تر لە خاڵە گرنکەکانی ڕێگای تێکۆشانی کوردەکان لە باکووری کوردستان پێکهێنانی بەرەیەکی کوردستانیە لە نێوان پارت و ڕێکخراوە جۆر بەجۆرەکانی باکووری کوردستان دا. پێویستە ڕێکخراوە سیاسیەکان لەو بەشە لە کوردستان دا

یەکتر بە ڕەسمی بناسن و ددان بە گرنگی و پایەگای یەکتر دا بنێن.
مەسەلەیەکی دیکەی جێگای سەرنج لە باکووری کوردستان ئەوەیە کە هێزە کوردیەکان وا بیرنەکەنەوە کە دۆستی دژبەرمان، دژبەرە. زۆر وڵات لە دنیا دا قازنجی ئابووری، سیاسی و نیزامیان لە گەڵ تورکیە هەیە. بەڵام مەرج نییە هەموویان لە گەڵ دەوڵەتی تورک یەک هەڵوێست بن.

تەنیا دەوڵەتانی داگیرکەری کوردستان لە دژی کورد یەکگرتوون. بەڵام لە وڵاتانی ئەوروپا یی و ئەمریکا دەکرێ وەک ئامرازی فشار لە دژی کردەوە دژی مرۆڤییەکانی دەوڵەتی تورک کەڵک وەرگیرێ. بە تایبەت کە ئەوانە زۆر باس لە لایەنگری لە مافی مرۆڤ دەکەن.

بە گشتی لە باکووری کوردستان ئیمکانی کاری دیپلۆماسی و جووڵانەوەی مەدەنی زۆرە و کوردیش بە خۆشیەوە خەریکە فێر بێ لە چۆن کەڵی لێ وەرگرێ. بەڵام نابێ بە هێچ شێوەیەک بیر لەوە بکرێتەوە کە ئێتر لەو بەشە لە کوردستان پێویستیمان بە پێشمەرگە نەماوە. بەڵکوو تەنیا بەو ئەنجامە گەیشتووین کە دەبێ لە هەموو شێوەکانی خەبات کەڵک وەرگیرێ. تەنانەت لە کاتێک دا کە مافەکانمان دەستە بەریش بوون. پێویستمان بە پێشمەرگە هەیە بۆ پاراستنیان.

## ڕۆژهەڵاتی کوردستان:

چارە سەرکردنی مەسەلەی کورد لە ئێران بە هۆی دوو ڕاستییەوە زۆر دژوارە و تەنانەت لە چارەسەری کێشەکە لە پارچەکانی تری کوردستانیش دژوارترە.

### یەکەم ترسی شۆووێنیستەکانی نەتەوەی فەرمانڕەوا:

لەچوارچێوەی ئەو سنوورە سیاسیە دا کە پێی دەوترێ ئێران شەش نەتەوەی گەورە و چەندین کەمە نەتەوە، دین و مەزهەبی جیاواز دەژین. ئەم ڕاستییە تا کوو ئێستا لە لایەن نەتەوەی فەرمانرەواوە نەک تەنیا قبووڵ نەکراوە، بەڵکوو هەوڵیش دراوە بشاردرێتەوە و کەم ڕەنگ بکرێ.

حکوومەتە یەک لە دوای یەکەکانی ئێران کە تاکوو ئێستاشی لە گەڵ بێ هەمیشە نوێنەری شۆونێزمی فارس بوون، هەوڵیان داوە ئەم ڕاستی یە لە ژێر پەردەی (نەتەوەی گەورەی ئێران) دا، کە لە ڕاستی دا بوونی نییە بشارنەوە. ئەم بۆچوونە



سەرچاوە
Serchawe

شۆوێنیستانە یە بەدرێژایی سەدان ساڵ کاری بۆ کراوە و هەوڵ دراوە بیبێتە فەرهەنگ. بەداخێکی گرانەوە لە نێو نەتەوەی فارسیش دا ئەم فەرهەنگە تا ڕادەیەکی ترسێنەر ڕیشەی داکووتاوە. ئێزۆلە کردنی ئێران لە باری فەرهەنگیەوە، کارێکی ئەوتۆی کردووە کە لە تاقیکردنەوەی وڵاتانی فرە نەتەوەی دیکەی دنیا کەڵک وەر نەگیرێ و تەنانەت لە لایەن تاکی نەتەوەی فەرمانڕەواشەوە وەک مەترسییەک بۆ سەر قازانجەکانی نەتەوەی خۆی چاوی لێ بکرێ.

بۆیە تا ئێستاش هەر باسێک لە سەرچارە سەرکردنی مەسەلەی نەتەوایەتی گەلانی ژێردەستەی ئێران بکرێ، فەورەن بە پارچە کردنی ئێران لە قەڵەم دەدرێ و تەنانەت لە لایەن رۆناکبیرەکانی فارسیشەوە بە خەتی سوور دادەنرێ و بە توندی ڕەت دەکرێتەوە. ئەگەر سەرنج بدرێتە بۆچوونی ئەو ڕوناکبیرە فارسانەی کە ساڵەهایە لە ئە وروپا و ئەمریکاش دەژین و لە باری زانستی و حقووقیشەوە (مافی دیاریکردنی چارە نووس) یان قەبووڵە. کە دەگاتە سەر نەتەوەکانی ئێران دژڕادەوەستن. بێ ئەوەی ئەو حەقە بۆ گەلانی ئێران قایل بن کە بۆ خۆیان دەبێ بڕیار لەسەر چارە نووسی خۆیان بدەن و بێ ئەوەی ئەو ڕاستیە لەبەر چاو بگرن کە یەکپارچەیی ئێران پێویستە بە شێوەی داوتەڵەبانە بپارێزرێ نەک بە زۆر.

## دووهەم دوو ڕوویی شۆوێنیستەکانی نەتەوە ی فەرمانڕە وا:

سیاسەتی ڕێژیمەکانی ئێران هەمیشە سیاسەتێکی دوو ڕوویانەی پشت بەستوو بە فێڵ و تەڵەکە بووە. ئەو سیاسەتە تا کوو ئێستا هێزی مانۆڕدانی زۆر بووە و توانیویەتی لە هەموو ڕاددەکان دا دەسکەوت بۆ دارێژەرانی بەدەست بێنێ. تا ئێستا حکوومەتە یەک لە دوای یەکەکانی ئێران توانیوایانە هەم لە رادەی نێوخۆ دا، هەم لە ڕادەی ناوچە دا و هەم لە ڕادەی نێو نەتەوەیی دا سیاسەتی فریو بە کار بێنن و زۆر بە باشیش نەخشی فریو دەرانەیان یاری بکەن. ئەوان بەڕاستی لەو کارە دا سەرکەوتوون و تەنانەت توانیویانە ئەو هێزانەش کە باشیان دەناسن چەندین جار فریو دەن.

دەوڵەتی ئێران زۆر باش دەزانی کە بێڕەحمانە لە پشتەوە ڕا بە توندترین شێوە هێرش بکا، بکوژێ و دوایەش لە گەڵ کەس و کاری قوربانییەکان لە شێنگە دانیشێ و فرمێسک هەڵوەرێنێ.

ئەو دوو هۆیەی سەرەوە کارێکی ئەوتۆیان کردوە کە خەبات بۆ وەدەست هێنانی مافەکانی گەلی کورد لە ڕۆژهەلاتی کوردستان زۆر لەوە دژوارتر بێ کە بە زاهیر دیاری دەکا.

بەلەبەر چاو گرتنی ئەو دوو نوختەی باسکران و بە پێی ئەو تاقیکردنەوانەی کە لەبەر دەست دان، پێویستە لە پێش هەموو شتێک دا باری تەبلیغاتی جووڵانەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەهێز بکرێ. پێویستە دوو

ڕوویی کاربەدەستانی ئێران بۆ هەموو لایەک ڕوون بکرێتەوە. لە ڕاددەی نێونەتەوەیی دا کادری بەئەزموون، زمان زان ودیپلۆمات وەکار بخرێن. چیدی لەسەر بناغەی دۆست بازی و نان بەیەکتر بە قەرزدان و وەک ئیمتیازێک پۆستی کاری دیپلۆماسی نەدرێ بە کەس.

کاتی ئەوە هاتووە کە لە هەر پاشەکشەیەکی کۆماری ئیسلامی کەڵکی تەواو وەرگیرێ و خەباتی نێوخۆی کوردستان تین و تەوژمی زۆرتری پێ بدرێ و بە شێوەیەکی بەردەوام ڕێک بخرێ، بە دنیا ڕابگەیەنرێ و پشتیوانی لێ بکرێ. خەباتی مەدەنی و دێموکراتیک وەڕێ بخرێ و دروشمی قۆناغیی بۆ پلە بە پلە پاشەکشە کردن بە دوژمن دارێژرێن و لە ناو کۆمەڵانی بەرینی خەڵک دا بڵاو بکرێتەوە. تا خەڵک قۆناغ بە قۆناغ مافەرەواکانی خۆیان بێننە گۆڕێ و بە دەستیان بێنن. با چیدی خۆپێشاندانەکان بێ دروشمی قۆناغی خۆیان نەبن.

هەروەها لە بچوکترین ئیمکانی ئازادی پێویستە کەڵکی فەوری وەرگیرێ و کۆمەڵانی خەڵک لەوە ئاگادار بکرێتەوە کە گەورەترین هێزی چارە نووس ساز هەر بۆ خۆیانن و هێزە دەرەکیەکان تەنیا دەتوانن یارمەتیدەرێک بن.

حیزب و ڕێکخراوە سیاسیەکان و کەسایەتیەکانی سیاسی، هونەری و فەرهەنگی دەرەوەی وڵاتیش پێویستە دەنگی هاواری حەقخوازانەی کۆمەڵانی خەڵک لە ناوخۆی کوردستان بن و بە شێوەیەکی چالاک بێنە مەیدان. بۆ ئەوەی ئەو ئەرکە مێژووییە بە باشی بتوانن بەرێوە بەرن، دەبێ نوێنەرایەتیەکی هاوبەش لە دەرەوەی وڵات پێک بهێنرێ.

خەبات لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان پێویستی بە تەکانێکی هەموو لایەنە و بە گشتی ویستی چارەسەری هەیە. دەبێ مافخوازی بچێتە سەرشەقامەکان و نێو ڕێکخراوە مەدەنیەکان. بۆ گەیشتن بە ئامانجە نەتەوەییەکانمان و پتەو کردنی ڕیزەکانمان بە کارهێنانی هەموو تواناکان پێویستە. دەبی کارێکی وا بکرێ کە کۆمەڵانی خەڵک بتوانن بەسەپاندنی ڕیفراندۆمێکی کوردستانی مافەڕەواکانیان بەدەست بێنن.

بەبێ یەکخستن و بە کارهێنانی هەموو تواناکان، چارەسەری مەسەلەی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان زۆر دژوارە، چونکە هاوکێشەی هێز لە ئێران دا بە هیچ شێوەیەک بە قازانجی گەلی کورد نییە.

دوو مەسەلەی تریش زۆر یارمەتی بە چارەسەری مەسەلەی کورد دەکەن. یەکەم چالاک بوونی نەتەوە بەشخوراوەکانی دیکەی ئێران و دووهەم خەباتی دێموکڕتیخوازانەی سەراسەریی لە ئێران دا. بەڵام پێویستە هەوڵ بدا پەیوەندی هاو خەباتی لە

گەڵ ئەو دوو جووڵانەوەیە هەبی نەک ببێتە پردەبازی ئەو دوو جووڵانەوەیە.

## باشووری کوردستان:

بەخۆشیەوە لە باشووری کوردستان هەل و مەرجەکە زۆر گۆڕاوە و گەلی کورد بە بەشێک لە ئاواتەکانی خۆی گەیوە. بەو حاڵەش ئەگەر کورد وشیارنە بێ و هەموو هێزەکانی خۆی بە کار نەهێنێ، ئێستاش خەتەری ئەوە هەیە کە لەسەر مێزی وتوویژ بیدۆڕێنی.

سەرکەوتنی یەکجارەکی کورد لەو بەشەی کوردستان بەستراوەتەوە بە سەرکەوتنی کورد لە جێگیر کردنی فیدراڵی و دیاری کردنی سنووری جوغرافیایی کوردستان، لە قانوونی بناغەیی عێراق دا. ئەو ئامانجەش نایەنەدێ مەگەر بە یەکگرتنی پتەوی هەموو هێزە کوردییەکان و پێ داگرتنی ڕێبەرایەتی کورد لەسەر هەرچی زووتر هێنانەوەی کەرکوک و شارەکانی دیکەی دابڕاو لە کوردستان بۆ سەر هەریمی کوردستان. ئەگەر کورد لەم وەختە هەستیارە دا سازشی زیادیی بکا و و ڕازی بێ بە بەهانەی پرۆسەی دیموکڕاسی و مەسەلەی تیرۆر ئەم مەسەلە گرینگانە دوا بخرێن ئەوا دەبێ بڵێین دیسانەوە دەدۆڕینێن.

لە پێناو وەدەست هێنانی هەموو مافە ڕەواکانی گەلەکەمان لەو بەشە لە کوردستان دا پێویستە هەرچی زووتر پارڵەمان و حکوومەتی کوردستان پێ دا بگرن لەسەر جێ بە جی کردنی ماددەی سەت و چل لە قانوونی بنەڕەتی عێراق. وەدوا خستنی ئەو ماددەیە، گەورەترین زەربە لە داهاتووی کورد دەدا و دەبێ بە هێچ شێوەیەک قەبووڵ نەکرێ.

پێداگرتن لەسەر دیاری کردنی جوغرافیای کوردستان و جێگیر بوونی فیدراڵی و سنووری کوردستان لە قانوونی بنچینەیی دا پێویستە گرنگی یە کەمیان بدرێتێ و تەنانەت بەشی کورد لە دەوڵەتی سەراسەری عێراق دا فیدای ئەو بکرێ.

کوردەکانی هەر چوارپارچەی کوردستانیش دەبێ گر نگی زۆر بدەن بە پاراستنی دەسکەوتەکانی کورد لە باشووری کوردستان و بە هەموو توانایەنەوە پشتیوانی لێ بکەن.

## باشووری بچووک لە کوردستان:

مەسەلەی کورد لە سوورییە تا ڕادەیەکی زۆر لە ژێر شوێنکاری باکوور و باشووری کوردستان دایە. لە لایەن دەوڵەتی سوورییەشەوە هەوڵ دراوە کە پەردەی بەسەر دابکێشرێ و وون بکرێ. جێگای داخە کە تا ئێستا تەنانەت لە لایەن هێزە

کوردیەکانیشەوە زۆر وەپاش گوێ خراوە.

گەورەترین پێداویستیی ئەوڕۆی باشووری بچووک یەکگرتنی هێزە کوردیەکانە. بەداخەوە لەو پارچەیە حیزبی زۆر هەن کە بوونەتە هۆی دابەش بوونی هێزی کورد لەو پارچەیە دا. بە یەکگرتنی هێزە کوردیەکان ئیمکانی ئەوە پێک دێ کە باسی ڕێگای چارەسەریی بۆ مەسەلەی کورد لەو بەشە لە کوردستان بکرێ.کاتی ئەوە هاتووە کە باشووری بچووک مەسەلەی نەتەویی خۆی بێنێتە گۆڕێ و تەنیا بە داوای مافی هاووڵاتی ڕازی نەبێ. دیارە ئەوەش بە کۆکردنەوەی هێزەکان و هاتنە مەیدانی جەماوەری گەل دێتە دی. لە ڕاددەی کوردستانی نیش دا پێویستە مەسەلەی باشووری ڕۆئاوی کوردستان بهێنرێتە نێو رۆژە وی سیاسی و بەرگری لێ بکرێ.

**بەرئەنجامی گشتی:**

مەسەلەی کورد بە قۆناغێکی زۆر مێژوویی گرنگ دا تێدەپەڕێ. خەباتی گەلی کورد لە هەر چوار پارچەی کوردستان پێویستە بە پێی ئەم قۆناغە تازەیە ڕێک بخرێتەوە. هێزەکانی گەلی کورد دەبێ یەکبگرن و خەباتی ڕێکخراوەیی خۆیان لە گەڵ خەباتی جەماوەری لێک گرێ دەن.

لە پرۆسەی بڵاو بوونەوەی دێموکراسی لە ناوچە دا کەڵک وەرگرن و بە شێوەیەکی دێموکڕاتیک کە بریتییە لە گەرانەوە بۆ ویستی زۆربەی کۆمەڵانی خەڵک هەنگاو هەڵینن. بۆیە باشترین شێوە بۆ وەدەست هێنانی مافی ڕەوای گەلەکەمان. پێکهێنانی زەمینەی هەموو پرسی یە لە ژێر چاوەدێری ڕێکخراوی نێو نەتەوەیی دا. کە لەوێ دا دەکرێ دوو پرسیار ڕوو بە ڕووی کۆمەڵانی خەڵک بکرێتەوە، ئەو دوو پرسیارەش بریتین لە فیدراڵی و سەربەخۆیی. با گەلی کوردیش وەکوو هەموو گەلانی دیکەی دنیا بە ئاواتە لە مێژینەکانی خۆی بگات.

تایپ و ئامادە کردنی: ڕەحمان نەقشی

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٣١ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٣

## ئایا دێموکڕاسی تەنیا مافی ڕەئی دانە؟

### بەشی یەکەم

با لە پێناسە کردنی دێموکڕاسی گەڕێین، چونکە زۆر جار پێناسەکراوەو تەنانەت وەک بنێشتە خۆشکەی لێ هاتووە، بچینە سەر باسی جێ بەجێ کردنی دێموکڕاسی لەکردەوەدا و بزانین ئەو هەنگاوانە کە دەبێ بەکردەوە هەڵگیرێن تا دێموکڕاسییەکی تەواو پیادەکرابێ، چین؟

بە بۆچونی کۆمەڵناسی بەناوبانگ مارتن سپرێنچەر: ئەو سیستمی دێموکڕاسیەی کەئێستا کاری پێ دەکرێ، دوو دایکی هەیە، ئیدەئۆلۆژیەکەی لەشۆڕشی فەڕانسەوە دێ وچوارچێوەکەشی لەشەڕی ئازادی ئامریکاوە سەرچاوە دەگرێ، لە ڕاستیش دا دوای ئەو دوو ڕوداوە گرنگە بوو کە بەشی زۆری کۆمەڵگاکان لەجیهان دا ئاڵ و گۆڕی زۆر قوڵیان بەسەر دا هات، کۆمەڵگاکان گۆڕان لەکۆمەڵگایەکی جوتیاریەوە بۆ کۆمەڵگایەکی شارستانی، نەخوێندەواری بەرەبەرە لە بەین چو، هێرشێکی بڵاو بونەوەی زانیاری دەستی پێ کرد کە لە سەرەتاوە لە زارەوە بۆ زار بوو، هەرهات و گەشەی کرد تاگەیشتە ئینتەرنێت، جێگای ژیان گۆڕا، لە گوندی تەریک کەوتووەوە بۆ کۆمەڵە گەورە جیهانیەکان کە پەیوەندی ڕاستەو خۆیان بەیەکەوەهەیە، ڕاددەی ژیان کردن نیزیکەی دوو بەرابەر بووە. سنعەت لەشێوەیەکی ناوچەییەوە بوەتە جیهانی، کۆمەڵگاکان لەکۆمەڵگایەکی ستاتیکیەوەگۆڕاون بەکۆمەڵگایەکی دینامیکی و لە هەمویان گرنگتر و لە ئەنجامی هەمو ئەو ئاڵ و گۆڕانەدا ئێستا تەنانەت ڕوانینێکی سەردەمیانەتر و جیاوازتر بۆ ئەسڵی دێموکڕاسیش هەیە.

گەلێک لەزانا کۆمەڵایەتیەکان بیر لە دێموکڕاتیزە کردنی دێمو کڕاسی دەکەنەوە، ئەوان باس لەوەدەکەن کە ئەو دێموکڕاسییەی تائێستا لەزۆر شوێنی دنیادا بەتایبەت لەئوروپای ڕۆژ ئاواو ئەمریکادا پیادەکراوە، هەر چەند زۆر دەسکەوتی گەورەی بۆ مرۆڤایەتی بەدیاری هێناوە، بەڵام نەی توانیوە وەڵامدەری هەمو گیر و گرفتەکانی ئەم سەر دەمە بێ، هەربۆیە بەبۆچونی گەلێک لەزانایان تەنیا بەئاڵ و گۆڕ لەهێندێک بناغەکانی دێموکڕاسی دایەکە مرۆڤ دەتوانێ بەسەر گیر و گرفتەکانی ئەم سەر دەمەدا زاڵ بێ، بەو پێیەدێموکڕاسی مۆدێرن دەبێ لانی کەم ئەو چەند خاڵە بناغەییانەی تێدا بێ:
دەسەڵاتی نەتەوە دەبێ بەدەست تاکەکانی نەتەوەوەبێ، نەک کەسانێک خۆ بکەنە نوێنەری نەتەوەو بەناوی نوێنەر دەسەڵات لەدەست خۆیان دا قەبزەبکەن، بەواتایەکی دیکەدەسەڵات ئاسۆیی دابەش دەکرێ، نەک لەناوەند کۆ بکرێتەوەو هیچ کۆنترۆڵێکی ئاسۆیی لەسەر نەبێ، کۆمەڵگا هی هەمو تاکەکانیەتی، نەک هی ژمارەیەکی دیاریکراو، دیارە گەل

نوێنەرانی خۆی هەڵدەبژێرێ، بەڵام دەبێ میکانیزمی کۆنترۆڵ هەبێ و ئەگەر ئەو نوێنەرانە خەتایان کرد، هەر بەو هاسانیەی کەهەڵبژێر دراون، بەو هاسانیەش بتوانرێ وەلا بنرێن.

- هاونیشتمانی دەبێ بتوانێ لەکار و باری رۆژانەش دا، کاریگەری هەبێ لەسەر دەسەڵاتی دیاریکراو لەلایەن خۆیەوە.
- یەکسانی تەواو بۆ هەمو تاکەکان، چ ژن چ پیاو لەبەرامبەر قانون و قەر ار دادەکان دا، هەروەها گارانتی کردنی شانسی وەک یەک بۆوەدەست گرتنی هار و بار لەهەمو پلەکان لەکۆ مەڵگا دا نێ ژن و پیاو.
- ئەو قانونانەی کەبەزیانی گشتی و بەقازانجی هێندێک ئۆرگان یا کەسایەتی تایبەتی دادەنرێن، دێموکراتیک نین و پێویستەهەڵبوەشێنەوە.
- ئەوپەڕی لەماوەی شەش ساڵ دا پێویستە ئاڵ و گۆڕ لەدەسەڵاتی سیاسی دا پێک بێ.
- بەشێکی بەر چاو لە بەرپرسیاریە گشتیەکان پێویستە ڕاستەو خۆ لەلایەن خەڵکەوە هەڵبژێردرێن.
- هەر سێ ساڵ جارێک هەڵبژاردن بکرێ بۆ دەسەڵاتە سیاسیە کلیدیەکان.
* کەسی یەکەم تەنیا بۆ دوو دەورە هەڵبژێردرێ، مەگەر قازانجی گشتی غەیری ئەوە بخوازێ لەهەڵبژاردنی کەسێکی تایبەتی دا.
- ئەو زۆرایەتیەی بەرێگای هەڵبژاردن دەسەڵاتی بەدەستەوە گرتووە، لەسەری واجبە کە ئازادی بۆ تەک تەکی کەسەکانی نێو ئەو کۆ مەڵەخەڵکەی هەڵیان بژاردوە، دابین بکا.
- ئەوەمافی کەمایەتی نێو گۆرەپانی سیاسی ئەو کۆمەڵگایەشە، کەدابین کرانی ئەو ئازادیانە لەسەر زۆرایەتی دەسەڵات دار بکاتەمەرج.
- زۆرایەتی دەسەڵات دار لەبەرامبەر ئەو هەڵانەی کەلەکاتی دەسەڵاتی دا دەیان کا بەر پرسەو پێویستە لە بەردەم گەلەکەی، کۆمەڵگاکەی، حیزبەکەی یا ڕێکخراوەکەی دا وەڵام دەربێ و ئەگەر هەڵەکەی ئەوەندە گەورە بێ کە لەتمە لە دێموکراسی یا ئاسایشی نەتەوەیی، یا ئامانج و پرێنسیپەکانی حیزبی یا ڕێکخراوەیی بدا، پێویستە دەست لەکار بکێشێتەوە و ئەگەر ئەویش نەی کا مافی ئەو کۆمەڵەیە کە دەسەڵاتی داوەتێ، دەسەڵاتەکەی لێ بستێنێتەوە.
- زۆرایەتی دەسەڵاتدار ئەرکی سەر شانیەتی کەلەماوەی دەسەڵاتی دا هەوڵ بدا کۆمەڵگاکەی، نەتەوەکەی، حیزبەکەی یا ڕێکخراوەکەی لە پێشکەوتنەکانی دنیای ئەمڕۆ دوا نەکەوێ و نەک تەنیا ئەو پرۆگرامە دێموکراتیکەی کە ڕەئی دەران پێیان سپاردوە بەڕێوەبەرێ، بەڵکو بەپێی سەر دەم و ئاڵ و گۆڕە تازەکان، بەرنامەو پلانی نێو دەورەییش داڕێژێ و بەڕێوەبەرێ، تا بتوانێ نوێنەرێکی باش بێ بۆ ئەو کەسانەی متمانەیان پێ کردووە دەسەڵاتیان پێ سپاردوە.

- زۆرینەی دەسەڵاتدار دەبێ گوێ لەڕەخنەو پێشنیارەکان بگرێ و بەجیددی هەوڵ بدا کە وەڵامی گونجاو و پێویستیان

بداتەوە . ئەگەر نارەزایەتی بەپلەیەکی ترسێنەر گەیشت کەقازانجی گشتی بخاتە مەترسیەوە، پێویستە لەبیری چارەسەریەکی بنەڕەتی دابێ و ئەگەر پێویست بێ، دەسەلاتیش دابەش بکا یا دەستی لێ هەڵگرێ.

- کەمایەتی هەر وەک مافی هەن، ئەرکیشی لە سەر شانن، تا ئەو جێگایەی کەزۆرایەتی، بناغە دێموکڕاتیەکان لەبەرچاو دەگرێ و ڕێگابە ئەو دەدا وەک بەر هەڵستی سیاسی، نەزەراتی خۆی ڕاشکاوانە بەیان بکا، ئەویش دەبێ پشتی زۆرایەتی بگرێ وبۆ وەدی هێنانی قازانجی گشتی یارمەتی بەزۆرایەتی بکا تا لەکار و بارەکانی دا سەر کەوتو بێ.

- دێمو کڕاسی نەک تەنیا دەبێ بەڕاددەی پێویست هەبێ، بەڵکو دەبێ وەسیع بێ، کێشی هەبێ و بتوانی کۆمپرۆمی بکا. لەپێناوی ئامانجەگشتیەکان دا دەبێ بتوانێ ڕێگا چارەی درێژ خایەن بدۆزێتەوە. ئەوانەی سەر کردایەتی پرۆسەیەکی دێموکڕاتیک دەکەن، پێویستەزانا، لەسەرخۆ، پشو درێژ و بەڕاستی دێموکڕات بن، دەبێ لە دیتنەوەی ڕێگاچارەکاندا، خۆ لەگرژی بپارێزن.

- هیچ کەس و هیچ ئۆرگانێک نابێ پیرۆز و موتڵەق بکرێ، بەتایبەت دێموکڕاسی مۆدێرن بەتەواوی دژی دروستکردنی کاریسما وهەڵوێستی موتڵەق گەرا و نەگۆڕە. دیارەئەوەبەو مانایەنیە کە هەمو ڕۆژێ هەڵوێست بگۆڕدرێ، بەلام ئەگەر بەقازانجی گشتی بو، دەبێ ئیمکانی گۆڕینی هەبێ، دیارەئەویش نەک لە سەرەوەڕا، بەڵکو بەپێی میکانیزمێکی دێموکڕاتیک.

- شەفافیەت لەکار و پڕۆگرامەکان دا، ڕاپۆرت دان بەبەدەنەی دەسەلات لەهەمو بوارەکانی ماڵی، ئابوری، سیاسی، ئۆرگانی و،هتد تا ئەو جێگایەی کەلەتمەلەئاسایشی گشتی نەدا.

- هەڵبژاردنی بەرەی دێموکڕاسخوازی لەپەیوەندیەکانی نێو نەتەوەیی دا وەک هاو پەیمان، دیارە ئەوە ڕێگا لەوە ناگرێ کەلەسەر بناغەی قازانجی نەتەوەیی، پەیوەندی لەگەڵ هەر هێزێک بگیرێ، بەلام نەک وەک هاو پەیمان، لەوەش گرنگتر ئەوەیەکەنابێ هاو کاری و هاو پەیمانی لەگەڵ ئەو هێزانەدا بگیرێ کەلەڕاستی دا دژی ئامانجە گشتیەکانن.

- ئەوەگرینگترین ئەو خاڵەبناغەییانەن کەوەک لانی کەمی مەرجەکانی پیادەکردنی دێموکڕاسی دەکرێ چاویان لێ بکرێ، هەرسیستمێک لەهەر شێوەو پلەیەک دا، چ سیستمی دەوڵەتی و چ سیستمی حیزبی یا ڕێکخراوەی مەدەنی، ئەگەر لە پراکتیک دا ئەو مەرجانەی سەرەوە ڕیعایەت نەکا، ناکرێ وەک سیستمێکی دێموکڕاتیک چاوی لێ بکرێ،

- دێموکڕاسی تەنیا بەوەکۆتایی نایە کە هەڵبژاردنێک بکرێ و لەوێدا، کۆمەڵێک کەسایەتی دەسەلاتیان بدرێتێ، دوایی لەناوەند دانیشن و هەرچی بۆخۆیان پێیان خۆش بو تا هەڵبژاردنێکی دیکە بیکەن و بەپێویستیشی نەزانن گوێ لەهیچ کەس بگرن، لەڕاستی دا هەمو هەڵبژاردنێک بۆ پیادەکردنی چەند ئامانجێکی دیاریکراوە. ئەوانەی ڕەئی دەدەن بۆیەنوێنەر بۆ خۆیان دیاری دەکەن تا لەچوارچێوەی ئەو ئامانجانەدا کار بکەن، ئەگەر بەپێچەوانەبجو ڵێنەوە، سەلاحییەتیشیان لە دەست دەدەن، لەولاتانی بەڕاستی دێمو کڕاتیک دا بەر پرسەکان وەلامدەرن لەبەرامبەر بەدەنەیان دا، زۆر جار ڕێبەری حیزبێکی دیاریکراو خۆی لەکار کشاوەتەوە چونکە حیزبەکەی لەهەڵبژاردنێکی گشتی دا، یەک یا چەند کورسیەکی

پارلـەمانی  لەدەسـت داوە . ڕێبەرەکـە ئـەوەی وەک هەڵەیـەک لەسـەر خـۆی قـەبوڵ کـردوەو بـەوەلاچونی خـۆی دانـی بەوەداناوەکەبەباشی کاری نەکردووە.

لەبەشەکانی داهاتو دا هەو ڵ دەدەین، یەک یەکی ئەو مەرجانەی پیادەکردنی دێموکڕاسی شی بکەینەوەو لەگەڵ شێوەی کـار کردنی حیزبەکان لەکوردستان بەراوردیان بکەین و دەستنیشـان بکـەین کەبۆئەوەی کەبناغەکانی دێموکڕاسی لەپڕاکتیک دا لەبەر چاو بگیرێ چ ڕیفۆرمێک لەنیو حیزبەکوردستانییەکاندا بەگشتی و لەنێو حیزبـی دێموکڕاتی کوردستان دا بەتایبـەتی پێویستە.

### ئایا دێموکڕاسی تەنیا مافی ڕەئی دانە؟

(بەشی دووهەم)

١- دەسەڵاتی نەتەوە دەبێ بە دەست تاکەکانی نەتەوەوە بێ، نەک کەسانێک خۆ بکەنە نوێنەری نەتـەوە و بە نـاوی نوێنـەر دەسەڵات لە دەست خۆیان دا قەبزە بکەن . بە واتایەکی دیکە دەسەڵات ئاسۆیی دابەش دەکرێ، نەک لە ناوەند کۆ بکرێتەوە و هیچ کۆنترۆڵێکی ئاسۆیی لە سەر نەبێ . کۆمەڵگا هی هەمو تاکەکانیەتی، نەک هی ژمارەیەکی دیـاری کراو ـ دیـارە گەل نوێنـەرانی خـۆی هەڵـدەبژێرێ، بـەڵام دەبـێ میکـانیزمی کـۆنترۆڵ هـەبێ و ئەگـەر ئـەو نوێنەرانـە خـەتایان کـرد، هـەر بـەو هاسانیەی کە هەڵبژێردراون، بەو هاسانیەش بتوانرێ وە لا بنرێن.

کاکڵەی ئەو بەندەی سەرەوە ئەوەیە کە دەسەڵات لە ڕاستی دا هی کۆی ئەو تاکانەیە کە یەکە یەکی گەورەتریان پێک هێنـاوە و بە ڕێگـای هەڵبژاردن دا بـۆ کـاتێکی دیـاریکراو دەسەڵاتیان داوە بـە هێنـدێک نوێنـەری خۆیـان، ئەگەربـە قـەوارە گەورەکەی بیپێوین، لە بەڕێوەبەری دا خـۆی دەنـوێنێ، وەک بەڕێوەبـەری حیزبێـک، ڕێکخراوێـک یـا بەڕێوەبـەریی دەوڵـەتێک، دەوڵەت دەبێ لە بەرامبـەر نەتـەوە دا وەڵامدەر بێ، کە دیـارە نوێنـەرانی گـەل کە لـە پارلەمانـدا خۆیـان دەبیننـەوە، لێـی دەپرسنەوە، ڕێبەرایەتی حیزبێک کە خـۆی بـە ئـاڵا هـەڵگری دیفـاع لـە مـافی نەتەوەیـەک دەزانـێ، دەبـێ هـەم لـە بەرامبـەر نەتەوەکەی و هەم لـە بەرامبـەر بەدەنـەی حیزبەکـەی دا وەڵامـدەر بـێ، هـەڵبژاردنی کۆمـەڵـە خـەڵکێک لـە لایـەن کۆمـەڵێکی گەورەترەوە لە سیستمی بە ڕاستی دێموکڕاتیک دا، لە ڕاستی دا دەسەڵات پێدان نییە، بەڵکو ئەرک پێسپاردنە، بە داخێکی گرانەوە تـا ئێستا لە نێو پارت و ڕێکخراوە کوردیەکان دا ئـەوە بـە دەسەڵات وەر گرتن لـە قـەڵـەم دراوە، ئـەوەش لـە خۆڕا نەهاتووە بەڵکو لە نێو پەیڕەوی نێوخۆی ئەو حیزبانە دا جێی گرتوە، بناغەی تیۆریکی ئەم شێوە بۆچونە لـە دێموکڕاسـی،

سانترالیزمی دێموکراتیکە کە میراتی سیستمی سۆڤیەتی کۆنە و لە پرۆسەیەکی مێژوویی ٧٠ ساڵە دا زیانەکانی دەرکەوتون، بە پێی ئەو سیستمە رێبەران کارێکی وا دەکەن کە هەمو جارێ لە لایەن کۆمەڵگاوە، یا لە لایەن بەدەنەی رێکخراوەکەیانەوە هەڵبژێردرێنەوە، کاکڵەی وتەی ئەوان بۆ کۆمەڵگا یا بۆ بەدەنە ئەوەیە کە ئێستا کاری ئێوە هەتا هەڵبژاردنێکی دیکە تەواو بو، ئێمەتان دیاری کردووە کە لە جیاتی ئێوە بیر بکەینەوە و چیمان بە باش زانی بیکەین، ئەگەر ببێین و ))*حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران 'کە یە کێک لە حیزبە کوردیە هەرە دێموکراتەکانە، پێش لەتبونی بکەینە وێنە لە ماددەی حەوتەم: قەوارەی حیزب پەسند کراوی کۆنگرەی ١٣ دا هاتوە:

“بڕیاری ئۆرگانی سەرەوەتر لەلایەن ئۆرگانی خوارەوەترەوە جێبەجی دەکرێ”

ئەو برگەیە لە ماددەی حەوتەم ئەگەر بە بۆچونی سانترالیستی هەڵنەسەنگێنرێ و ئۆرگانەکان پاش و پێش نەکرێن و ئەرک و دەسەڵاتی هەر ئۆرگانە، بە شێوەیەکی دێموکراتیک دیاری کرابن، زۆر بە جێیە، چونکە بێگومان بۆ بەرێوەبردنی کارەکانی رێکخراوەیی پێویستە دیسیپلین هەبێ، بەڵام لە سیستمی ئەو رێکخراوانە دا کە لە سەر بناغەی سانترالیزمی دێموکراتیک کار دەکەن، دەسەڵات بە شێوەی ئاسۆیی دابەش نەکراوە، تا ئۆرگانەکان لە سەرەوە بۆ خوارێ بەم جۆرە ریز بکرێن:

یەکەم کۆمەڵگا، یا بەدەنەی حیزب، دوایە پارلەمان، کۆنگرە، کۆنفرانس، پلینۆم، کۆمیتەی ناوەندی، دەفتەری سیاسی و سکرتێر، بەڵکو لە سانترالیزمی دێموکراتیک دا لە سکرتێرەوە دەست پێ دەکا وپاشان دەفتەری سیاسی، کومیتەی ناوەندی و تا ئۆرگان گەورەتر دەبێتەوە لە پراکتیک دا لە دەسەڵاتی کەم دەبێتەوە، هیچ هەل‌ومەرجێک و سنورێکیشی بۆ دانەنراوە، دیاری نەکراوە سنوری دەسەڵاتی ئەو ئۆرگانانە تا کوێیە، واتە هیچ کۆنترۆڵێکیان بە سەرەوە نیە، بۆ وێنە نەگوتراوە کە ئەگەر ئەو بڕیارە بۆنی ئەو ی لێ بێ کە دژی پەیرەوی نێوخۆیە، یا لە گەڵ بەرژەوندیەکانی نەتەوە دا یەک ناگرێتەوە چی؟

ئایا بە راستی دێموکراتیکە کە لە سەر مەسەلەیەکی گرنگی وەک لەت بونی حیزبی دێمو کرات، کە لە ڕاستی دا پەیوەندی بە ئەمنییەت و دوارۆژی نەتەوەی کورد بە گشتی و گەلی کوردەوە لە رۆژهەڵاتی کوردستان بە تایبەتی هەیە، رێبەرایەتی ئەو حیزبە نە تەنیا بە پێویستی نەزانێ موراجەعە بە رەئی گەلی کورد، یا لانی کەم بە بەدەنەی حیزب بکا، بەڵکو هەر بە پێویستیشی نەزانێ ریفراندۆمێک لە نێو ئەندامانی تەواو وەختی حیزبیش دا بکا؟ ئەوە لە کوێ را دێ؟ بێگومان لەوە رادێ کە وا بیر دەکرێتەوە کە بەدەنەی حیزب لە کۆنگرە دا رەئی خۆی داوە و هەتا کۆنگرەیەکی دیکە دەبێ هەر بڕیاری

ئۆرگانی سەرەوەتری خۆی جێبەجێ بکا، بێگومان ئەم شێوە کار کردنە وەڵامدەری ئەو خاڵەی سەرەوە کە مەرجی پیادە بونی دێموکڕاسی لە پڕاکتیک دایە، نییە، ڕێگا چارەی ئەم وەزعە چییە؟

ڕێگا چارە تەنیا ئەوەیە کە مەرجەکەی سەرەوە لە بەرچاو بگیرێ، دەسەڵات لە نێو ڕێکخراو دا ئاسۆیی دابەش بکرێ و دەسەڵاتی ناوەند سنوردار بێ، بۆ ئەوەش بە شێوەیەکی ڕوون دەبێ بڵێین، ئیسلاحات پێویستە.

٢- هاونیشتمانی دەبێ بتوانێ لە کار و باری ڕۆژانەش دا، کاریگەری هەبێ لە سەر دەسەڵاتی دیاریکراو لە لایەن خۆیەوە. ئەو کاریگەریە دەکرێ لە چەند ڕێگاوە دیاری بکرێ، لە ڕێگای دەربڕینی نەزەر لە سەر کردەوەکانی ڕۆژانەی دەسەڵات و لە ڕێگای بەشداری ڕاستەوخۆ لە دەسەڵات دا، بەشداری ڕاستەوخۆ بە دەبێ کە دەسەڵات دابەش کرابێ و هەر کە لە حەوزەی کاری خۆی دا دەسەڵاتی هەبێ و ناوەند دەخالەت لە هەمو کارو بارەکان دا نەکا، لە وەڵاتانی ئوروپایی ئەم کارە بەوە جێبەجێ کراوە کە دەسەڵاتی تەواو دراوە بە ئەنجومەنەکانی شار و پارێزگاکان و دەوڵەت لە کاروباری ناوچەیی ئەوان دا هیچ دەخالەت ناکا، حیزبەکانیش هەر بەم شێوەیە بەڕێوە دەچن، لە ڕاستی دا ڕێکخراوی فیدڕاتیوین و هەر کومیتەیەی بۆ خۆی کاری خۆی دەکا و ناوەند تەنیا خەریکی تەبلیغاتی سەراسەری، دانانی پلانی چوار ساڵە بۆ کاتی هەڵبژاردن، پەیوەندیە سەراسەریەکان و دیاری کردنی ستراتیژی حیزبەکەیە، کاریگەری نا ڕاستەوخۆ بەو شێوەیە دەبێ کە هەمو کەس دەتوانێ چ بە شێوەی دەستە جەمعی و چ بە شێوەی تاکە کەسی کاروبارەکانی دەسەڵات ڕەخنە بکا و پێشنیاری تایبەت بۆ چاکسازی بدا، لە نێو حیزبەکانیش دا هەر وایە، ئەندام بۆی هەیە بە ئازادی ڕەخنە لە ڕێبەرانی بگرێ و تەنانەت بڵاویشی بکاتەوە، ئەندامی حیزبێکی دیاری کراو دەتوانێ لە مەسەلەیەکی دیاری کراوی ڕۆژانە دا، تەنانەت پشتیوانی لە سیاسەتی حیزبێکی دیکە بک، هیچ شوێنێکیش لە سەر جایەگای ئەو لە نێو حیزبەکەی خۆی دانانێ، بە داخەوە تا ئێستاش لە مەیدانی سیاسەتی کوردی دا، ڕەخنە بە هیچ شێوەیەک ئازاد نییە ـ زۆر بە شێوەیەکی بەر تەسک مۆڵەت دراوە ڕەخنە بگیرێ، تەنانەت ڕەخنە تا ئێستاش بە باشی پێناسە نەکراوە، زۆر جار تێکەڵ بە ڕقی شەخسی دەبێ و فڕی بە ڕەخنەی دروستکەرەوە نییە و زۆرتر بۆ شکاندنی کەسایەتیە، کە ئەمجۆرە ڕەخنانە بە هیچ شێوەیەک فریان بە دێموکڕاسیەوە نییە و تەنانەت دژی دێموکڕاسیشن، چونکە دێموکڕاسی مافی ئەوەی بە کەس نەداوە کە کەسایەتی نەفەرێکی دیکە ورد کا، لە نێو ڕێکخراوەکانیش دا نەک تەنیا گوێ بە ڕەخنە نادرێ، بەڵکو سەزاشی لە سەرە و ڕەخنەگر دەکەوێتە بەر ڕق کینەی کاربەدەستان و تۆڵەی لێ دەکرێتەوە.

٣- یەکسانی تەواو بۆ هەمو تاکەکان، چ ژن چ پیاو لە بەرامبەر قانون و قەراردادەکاندا، هەروەها گاڕانتی کردنی شانسی وەک یەک بۆ وەدەست گرتنی کاروبار لە هەمو پلەکان لە کۆمەڵگا دا بۆ ژن و پیاو.

یەکسانی لە سیستمی دێموکڕاتی دا بە مانای خولْقاندنی شانسی وەک یەکە، جگە لەوە هەمو کە سێک لە بەرامبەر قانون و قەرار داد و بڕیارەکان دا دەبێ وەک یەک چاوی لێبکرێ، بە تایبەت لە نێو کۆمەڵگای ئێمە دا ژن کە نیوەی کۆمەڵە هیچ کاتێک مافی یەکسانی لە گەڵ پیاوان نەبوە، جیگای داخە کە لە نێو حیزب و ڕێکخراوە سیاسیەکانیش دا کە ئەو هەموە باسی ئازادی، دێموکڕاسی و یەکسانییش دەکەن، هیچ ئاوڕێک لەو مەسەلەیە نەدراوەتەوە، دەبێ ئەوەش لە بەرچاو بگیرێ کە هیچ مەرجێک نابێ دابنرێ بۆ مەسەلەی یەکسانی، جیاوازی سیاسی، نەتەوەیی، دینی، چینایەتی و فەرهەنگی بە هیچ شێوەیەک نابێ ببنە هۆی جیاوازی لە مافی وەک یەک دا، لە ڕۆژهەلاتی نێوەڕاست دا بە داخێکی گرانەوە تا ئێستا نمونەی پیادە کردنی دێموکڕاسییەکی ڕاستەقینەمان لە لایەن دەوڵەتەکانەوە نییە، ئەو هەوڵە ساوایانەش کە لە گۆڕێ دان، بۆ وێنە دەسەلاتی کوردی لە باشوری کوردستان، لە گەڵ گیروگرفتی زۆر بەرەو ڕوون، ئەگەر چاو لە حیزب و ڕێکخراوە سیاسیەکانیش بکەین، مەسەلەی یەکسانی بە هیچ شێوەیەک لە بەرچاو نەگیراوە، حیزب و ڕێکخراوەکان لە نێوان ئەندامان و لایەنگرانی خۆیان لە گەڵ خەڵکی دیکە جیاوازی دادەنێن هیچ، تەنانەت جاری وایە لە نێو ڕێکخراوەکەی خۆشیان دا لە سەر بۆچوونی جیاواز، خۆیی و ناخۆیی دەکەن، ژن لە زۆر پرۆسەی سیاسی دا بێبەش دەکەن و ئەو هەلە کە بۆ پیاوێک ڕەخساوە، بە تایبەت لە ڕاددەی ڕێبەریی دا بۆ ژنێک نە ڕەخساوە، ڕەنگە لە نێو پەیڕەو و پرۆگرامی حیزبەکان دا مەسەلەی یەکسانی ژن و پیاو باس کرابێ، بەلام لە پراکتیک دا تەنانەت لە لایەن کادرە هەرە پێشکەوتووەکانیشەوە ڕیعایەت نەکراوە، ئەم گرفتە زۆرتر گرفتێکی فەرهەنگییە و پێویستیشی بە کاری فەرهەنگی لە سەر بەدەنەی حیزبەکان و کۆمەڵگا هەیە.

٤- ئە قانونانەی کە بە زیانی گشتی و بە قازانجی هێندێک ئۆرگان یا کەسایەتی تایبەتی دادە نرێن، دێموکڕاتیک نین و پێویستە هەڵبوەشێنەوە.

ڕاستە لە ڕێگای هەڵبژاردنەوە گەل نوێنەرانی خۆی بۆ قانون دانان دیاری دەکا و لە نێو ڕێکخراوێکی سیاسیش دا ئەندامان نوێنەرانی خۆیان دیاری دەکەن تا ئەوانیش بتوانن یاسا و ڕێساکانی پێویست بۆ بەڕێوەبردنی کاری ڕۆژانە دیاری بکەن، بەلام ئەوە بەو مانایە نییە کە هەڵبژێردراوان بە کەیفی خۆیان بتوان یاسا دانێن و خەڵکیش مەجبور بێ بەڕێوەیان بەرێ. قانونەکانی ولاتێک دەبێ لە بەر ڕووناکی قانونی بناغەیی ئەو ولاتە، کە لە لایەن خەڵکی ولاتەکەوە دیاری کرابێ دابنرێن و لە ناو ڕێکخراوی سیاسیش دا پەیڕەو وپرۆگرام و قازانجی گشتی دیاری دەکەن چ قانونێک پەسندە، یا ڕەت دەکرێتەوە، ئەگەر مەسەلەیەک بێتە پێش کە خەتە گشتییەکانی لە قانونی بناغەیی، یا لە پەیڕەو و پرۆگرام دا نەهاتبێ، دەبێ دیسان بگەڕێنرێتەوە بۆ ڕەئی خەڵک یا لە حالەتی حیزبی دا بۆ بەدەنەی حیزب ـ ئەگەر قانونێک لە یاسای مافی مرۆڤ، یاسای بناغەیی، پەیڕەو و پرۆگرام یا قازانجی گشتی نا تەبایی هەبێ، بۆ پیادە کردن نابێ و

کۆمەڵگا یا بەدەنەی حیزب دەتوانێ ڕەتی بکاتەوە، یا لە لایەن نوێنەرانی خەڵک یا نوێنەرانی ئەندامان و ئۆرگانی سەرەوەش بڕیاری لە سەر درابێ.

٥- ئەوپەڕی لە ماوەی شەش ساڵ دا پێویستە ئاڵوگۆڕ لە دەسەڵاتی سیاسی دا پێک بێ. ئاڵوگۆڕ لە دەسەڵاتی سیاسی دا، تەنیا گۆڕینی کادیری سیاسی ناگرێتەوە، دیارە زۆر ئێدەئاڵە کە دەسەڵاتی سیاسی هەر شەش ساڵ جارێک بە کادر و بە بەرنامەوە بگۆڕدرێ، بەڵام هەر خودی دێموکڕاسی جاری وایە لەمپەرە لە بەر دەم گۆڕینی کادری ڕێبەری یا گۆڕینی کادری دەوڵەتی دا، چونکە هەڵبژاردنی سەراسەری جاری وایە بۆ چەند جار متمانە دەداتەوە بە حیزبێکی تایبەتی یا کەسێکی تایبەتی، ئەوەی لێرە دا گرنگە لە ڕاستی دا ئاڵوگۆڕ لە سیستمی بەڕێوەبەری و گونجاندنی لە گەڵ سەردەم دایە، چونکە شەپۆلی گەورەی ئاڵوگۆڕ لە دنیای پێشکەوتوی ئەم سەردەمە دا لانی کەم لە شەش ساڵ جارێک دا ڕوو دەدا و پێویستە بەرنامە سیاسی، ئابوری، کۆمەڵایەتی، زانستی و تکنیکیەکان چاویان پێدا بخشێنرێتەوە، دەسەڵاتی سیاسی بۆ ئەوەی نوێنەرێکی باش بێ بۆ گەل و نیشتمانەکەی پێویستە لە ڕەوتی پێشکەوتن لە جیهان دا دوا نەکەوێ و هەردەم بە دوای ئاڵوگۆڕەکانەوە بێ، ئەم ڕەوتە بۆ حیزبە سیاسیەکانیش ڕاستە، حیزبێکی سیاسی ناتوانێ ئیددیعا بکا کە پێشکەوتو و دێموکڕاتیکە ئەگەر بە دایم ئاڵوگۆڕ بە سەر خۆی دا نەهێنێ و خۆی لە گەڵ سەردەم نەگونجێنێ، حیزبێکی سیاسی ناتوانێ بە خۆی بڵێ دێموکڕاتم ئەگەر خۆی لە نێو هێندێک دۆگمی سیاسی و ئیدەئۆلۆژیک دا قەتیس بکا، هێندێک بیروبۆچون وەک پیرۆز ڕاگەیەنێ و هەر جۆرە پێداچونەوەیەک بە وان دا لە ئاستی خەیانەت دانێ، ڕاستە زۆر بیروبۆچونی وا هەن کە قەت کۆن نابن و هەر دەم جێگای کەڵک لێوەر گرتنن، بەڵام لێوردبونەوە و هەڵسەنگاندنیان لە هەر سەردەمێک دا پێویستە و ئەگەر لە هێندێک جێگا دا یا بە گشتی پێویستیان بە گۆڕین هەبێ، دەبێ ئەو دەرگایە ئاواڵە بێ.

٦- بەشێکی بەرچاو لە بەرپرسیاریە گشتی کان پێویستە ڕاستەوخۆ لە لایەن خەڵکەوە هەڵبژێردرێن. هێندێک بەرپرسایەتی چ لە ئاستی نەتەوەیی و چ لە ئاستی حیزبی دا، کە پەیوەندی ڕاستە وخۆیان بە کۆمەڵانی خەڵکەوە یا بەدەنەی حیزبەوە هەیە، باشتر وایە بە ڕێگای هەڵبژاردنی ڕاستەوخۆ دیاری بکرێن، دەبێ ئەوە بڵێین کە تەنانەت لە وڵاتانی هەرە دێموکڕاتیش دا تاکو ئێستا ئەم بڕگەیە بە تەواوەتی جێبەجێ نەکراوە، لە وڵاتێکی پێشکەوتوی وەک هولەند دا تازە باس لەوە دەکرێ کە قانونێک دانێن بۆ هەڵبژاردنی سەرۆکی شارەوانیەکان و ئوستاندارەکان، بەڵام لە ئاستی حیزبەکان دا زۆر بەرپرسایەتی هەر ئێستا لە نێو ڕێکخراو دا ڕاستەوخۆ هەڵدەبژێدرێن، بۆ وێنە بۆ سەرۆکی حیزب دوو کەس یا زیاترە بە شێوەیەکی ئازاد لە نێو بەدەنە دا ڕەقابەت دەکەن و هەڵدەبژێردرێ، یا بەرپرسی کومیتە ناوچەکان لە لایەن ئەندامانی ناوچەوە هەڵدەبژێردرێن، تەنانەت لە هێندێک حیزب دا سکرتێری کومیتەی ناوەندی، کە دیارە جیایە لە کەسی یەکەمی حیزب بە هەڵبژاردن دیاری دەکرێ، سەرەڕای ئەوانەش کاتێک باس لە دێموکڕاتیزە کردنی دێموکڕاسی

دەکرێ یەکێک لە ئامانجەکان بەڕێوەچونی ئەم بڕگەیە.

بەڵام لە نێو حیزبە کوردستانیەکان دا وا باوە کە دەفتەری سیاسی ئەم حیزبانە بەرپرسانی هەمو جێگاکان بە شێوەی ئینتیسابی دیاری دەکات، تەنانەت بۆ بەڕێوەبردنی کومیتەکانی دەرەوە، لە کوردستانەوە بەرپرس دەنێرن، زۆر جار بۆ ئەوەی هەمو ئەندامانی کومیتەی ناوەندی و دەفتەری سیاسی نۆرەی دەرەوەیان بەر کەوێ و مەغدور نەبن، زوو زوو ئەو بەرپرسانە دەگۆڕن . کە دیارە تا ئەو شەخسە کەمێک لە وڵاتە کە شارەزا دەبێ، نۆرەکەی بە سەر دەچێ، ئایە باشتر نییە هەر لە کۆنفرانسی دەرەوە دا کومیتە بەڕێوەبەری هەڵبژێردرێ و ئەویش بەرپرسی خۆی دیاری بکا ـ دیارە بۆ کار و باری دیپلۆماسی دەکرێ لە ناوەندە بۆ چەند ناوەندێکی سیاسی گرنگی دنیا چەند کەسێک دیاری بکرێن بە پێی پسپۆڕی.

سەرچاوە: ماڵپەڕی گیارەنگ - ڕێکەوتی: ١٥ی فێبریویری ٢٠٠٧

---

## بانگەوازێکی هاوڕێیانە بۆ ڕێبەرایەتی حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی ئێران

### خوێنەرانی بەڕێز

ئەم بانگەوازەی کە لەبەر دەستتان دایە. پێشتر لە لایەن منەوە ئامادە کرابوو بۆ ئەوەی کە ببێتە پێشنیاری کۆمەڵێک کەسایەتی کە ئەندام یا لایەنگری حیزبی دێموکراتن، بەڵام بە هەر هۆیەکەوە بێ ئێستا لە نێو ڕێکخراویی حیزب دا چالاک نین. پاش کۆبوونەوەیەک لە هولەند و پەیوەندی گرتن لە گەڵ چەند برادەرێک لە دەرەوەی هولەند، دەرکەوت کە ڕێککەوتن لە سەر بانگەوازێکی ئەوتۆ گەلێک دژوارە. بۆیە بڕیارم دا ئەم داواکاریە تەنیا بە شێوەی شیفاهی بە ڕێبەرایەتی حیزب بگەیەنم و نووسراوەکە جاڕێ ڕابگرم. لە کاتی گەڕانەوەم دا بۆ کوردستان، نێوەرۆکی ئەم نووسینەم لە گەڵ هەر دووک باڵی نێو ڕێبەرایەتی باس کرد، کە لە لایەن ئۆپۆزیسیۆنەوە پێشوازی لێ کرا. بەڵام بەداخەوە لە لایەن باڵی زۆرینەوە ئینکاری ئەوە دەکرا کە ناکۆکییەک لە گۆڕێ دابێ و بۆیە هەنگرتنی ئەو هەنگاوانەشیان بە پێویست نەدەزانی. بۆیە منیش چیدی بە پێویستم نەزانی وەدوای ئەم بانگەوازە کەوم. هەر چەند هەستم بە خەتەری تەقینەوەی ناکۆکییەکان دەکرد.

ئێستا کە ناکۆکییەکە ئاشکرا بووە و ئۆپۆزیسیۆن بە هێنانە گۆڕی هێندێک داخوازی پێشنیاری کۆتایی هێنان بە ناکۆکییەکانی کردووە، بەڵام میکانیزمێکی ڕوونی بۆ جێبەجێ کردنی پێکهاتنەکە پێشنیار نە کردووە و لەم بانگەوازەش دا هێندێک میکانیزمی دێموکڕاتێکی گرنگ پێشنیار کراون، من بە پێویستی دەزانم، ئەو بانگەوازە بڵاو بکەمەوە و داوا لە هەموو دڵسۆزانی نەتەوەکەمان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بکەم کە پشتی بانگەوازەکەم بگرن، تا گوشار بخرێتە سەر ڕێبەرایەتی حیزب بۆ ئەوەی کێشەکان بە شێوەی برایانە چارەسەر بکا و لەو هەلومەرجە ناسکە دا ڕێگا نەدا دووبەرەکی لە نێو ڕیزەکانی حیزب دا سەر هەڵدا.

داوا لە هەموو دڵسۆزانی گەلەکەشمان دەکەم کە لەم هەلومەرجە دژوارە دا بێدەنگ دا نەنیشن و گوشار بێنن بۆ سەپاندنی یەکیەتی.

### ئەمەش دەقی بانگەوازەکەیە

### بانگەوازێکی هاوڕێیانە بۆ ڕێبەرایەتی حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی ئێران

ئاڵوگۆڕەکانی دوو دەهەی ڕابردوو لە سەرانسەری دنیا دا بە گشتی و ڕۆژهەڵاتی نێوڕاست بە تایبەتی هەلومەرجێکی تازەی خەباتیان هێناوەتە گۆڕێ. ئەو ئاڵوگۆڕانە کاریگەریەکی ڕاستە و خۆیان هەیە لەسەر خەباتی ڕزگاریخوازی گەلی کوردیش لە هەموو پارچەکانی کوردستان. هەڵوەشانەوەی بلۆکی وڵاتانی ئوروپای ڕۆژهەڵات و پێکهاتنی چەندین دەوڵەتی سەربەخۆی نەتەوەیی لەو بەشەی جیهان، کۆتایی هاتنی شەڕی سارد و نەمانی کێ بەرکێی دوو جەمسەری، هێرشە تیرۆریستییە گەورەکەی ١١ی سێپتامبر لە ئەمریکا و بە دوای دا زەقبوونەوەی خەتەری تیرۆریزم لە جیهاندا، خێرا بوونی پرۆسەی بە جیهانی بوون، ئاڵوگۆڕەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و بە تایبەت ڕزگار بوونی دوو وڵاتی وەک عێراق و ئەفغانستان لە دوو ڕژیمی سەرەڕۆ و دواکەوتوو، شاڵاوی تیرۆریزمی نێونەتەوەیی و دروست بوونی بەرەیەکی بە هێزی دژی تیرۆر لە جیهاندا و هەروەها هاتنە گۆڕی پرۆسەی دێموکڕاتیزە کردن و لە ناویدا پرۆسەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی گەورە و ئاڵوگۆڕکانی نێوخۆی ئەو وڵاتانەی کە کوردستانیان بە سەر دا دابەش کراوە، بە تایبەت ئێران بە خۆی قەیرانی چەکی ئەتۆمیەوە، هەموویان لەسەر جووڵانەوەی ڕزگاریخوازیی گەلی کورد شوێنکارێکی گەورەیان هەیە و میتۆد و بەرنامەی تازەی خەبات دەخوازن.

لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش ئەو ئاڵوگورانە ڕەنگدانەوەی خۆیان هەیە و هەلێکی مێژوویی لە باریان خۆڵقاندووە. دیارە دەبێ ئەوەشمان لەبەرچاو بێ کە بە خوڵقانی ئەو هەلە ئەرکێکی مێژوویی زۆر گەورەش کەوتووەتە سەرشانی ڕێبوارانی ڕێگای ڕزگاری گەلی کورد. دەبێ ئەوە بزانین کە هەلومەرجی تازە، شێوەی کارو مێتۆدی تازە دەخوازێ. سوننەتە کۆنەکان و مێتۆدەکانی سەردەمی لاسایی کردنەوەی سیستمە کۆنەکانی تەشکیلاتی، سوننەت گەرایی و شانازی کردن بە فەرهەنگی نەگۆری سیاسی، لە دنیای ئەورووادا دەردێک لە ئێمە درمان ناکەن. ئەو هەلومەرجە تازەیەی کە ئاڵوگۆڕەکانی نێونەتەوەیی و ناوچەیی خۆڵقاندوویانە لە ڕێبوارانی ڕێگای ئازادی دەخوازێ کە بە ڕێگا چارەی تازە و بەرنامەی تازە بێنە مەیدان. بە تایبەت هێزە سیاسیەکان بەرپرسن لەوەی کە خۆ لەگەڵ هەلومەرجی تازە دا بگونجێنن. یەکێک لە خۆ گونجاندنە هەرە گرینگەکانیش قەبوڵ کردنی بنەماکانی دێموکڕاسییە چ لە ناو کۆمەڵ و چ نێو ڕێکخراو دا.

یەکێک لە هێزە هەرە سەرەکیەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە نەخشێکی گەورەی لە خەباتی گەلی کورد لەو پارچە لە

کوردستان دا هەیە، حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی ئێرانە. بۆ سەرکەوتنی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان زۆر پێویستە کە حیزبی دێموکڕات خۆی لە گەڵ هەلومەرجی تازە بگونجێنێ و کەڵکی تەواو لەو گۆڕانکاریە گەورانە وەربگرێ. کە چی بە داخێکی گرانەوە شوێنەواری ئەو خۆگونجاندنە لە ریزەکانی حیزبی دێموکڕات دا بە هیچ شێوەیەک بە ڕاددەی بەرپرسایەتی ئەو حیزبە خۆی نانوێنێ، بە پێچەوانەوە ئەوەی زۆرتر بەرچاو دەکەوێ مێتۆدە کۆنەکان و ڕەقابەتە غەیرە دێموکڕاتیەکانی سەردەمی کۆنن، کە سەرنەکەوتوویی خۆیان لە زۆر وڵاتان دا نیشان داوە. هەم لە بواری ڕەقابەتی سیاسی نێو ڕێکخراو دا و هەم لە بواری ڕەقابەتی دەرەوەی ڕێکخراو دا مێتۆدی زۆر ناسالمی یەکتر کوتان و دووبەرەکی بەڕێوەچووە کە زۆر زەرەبەی لە قازانجەکانی حیزب و گەل داوە.

لە کاتێک دا کە زۆر پێویستە ڕەقابەتی شەخسی سیاسی برەوی پێ بدرێ، واتە لە جیاتی ئەوەی کە لە نێو کادر و ئەندامەکانی حیزب دا ڕەقابەتی شەخسی سیاسی پەیرێسیپی دێموکڕاتی و بە پارامیتری زانست، لێوەشاوەیی، دڵسۆزی، تێکۆشان و بەردەوامیەوە برەوی پێ بدرێ، دژایەتی یەکتر و دوو بەرەکیان بۆ دەکرێتە خۆراکی سیاسی ڕۆژانە. ئیدی کاتی ئەوە هاتووە کە لە نێو حیزبی دێموکڕات دا میعیار دڵسۆزی و لێوەشاوەیی شەخسی بێ نەک بەشداریکردن لە دووبەرەکی لە سەربناغەی قازانجی تاکە کەسی.

بە داخێکی گەرانەوە بە هۆی درێژەدان بە شێوە کاری سوننەتیەوە، دووبەرەکی و دژایەتی کردنی یەکتر بوونە مۆد و کارێکی ئەوتۆیان کردووە کە هێزی تەشکیلاتی حیزب پارچە پارچە بێ. ئەم دیاردەیە زەربەیەکی زۆری لە حیزب و جووڵانەوە داوە و حیزبی دێموکڕاتی ئەوەندە بە هێندێک مەسەلەی لاوەکییەوە گرفتار کردووە، کە خەریکە ئاڵوگۆڕە گەورەکانی لێ وون بێ و لە پرۆسەی خۆ ئامادە کردن وەدواکەوێ. ئەو کێشە و دووبەرەکیانە هیچ بناغەیەکی تیۆری و سیاسیان نییە و تەنیا دەبنە هۆی دواکەوتنی حیزب لە تەواوی بوارەکان دا، بە شێوەیەک کە ناپرژێتە سەر مەسەلە گرنگەکانی وەک ڕاگەیاندن، دیپلۆماسیی، هەڵسەنگاندنی سیاسی، بەرنامەدانان، مەسەلەی ژنان، هاندانی لاوان، کار لەسەر کۆمەڵگای مەدەنی، ڕێکخستنی خەباتی جەماوەری لەناوخۆی وڵات و ڕێکستنی تەشکیلاتی دەرەوە، پەروەردە کردنی کادر و خۆ ئامادەکردن بۆ ئیدارەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە هاوکاری هێزە سیاسییەکانی دیکە لە داهاتوو دا.

ڕاستیەکەی ئەوەیە کە بە داخەوە لە نێو هێزە تەشکیلاتیەکانی حیزب دا یەکگرتوویی و هاوڕییەتی بەدی ناکرێ و بە پێچەوانەوە یەکتر کوتان و دووبەرەکی بووتە دیاردەیەکی ترسێنەر. بەشێکی گەورە و زۆر لێهاتوو لە کادرەکان، پێشمەرگەکان، ئەندامان و لایەنگرانی حیزب بێ لایەنن و خەتاکەی هی هەر لایەنێک بێ هیچ شوێنکارێکیان لەسەر ڕەوتی ڕووداوەکان نییە. بەشەکەی تریش کە لە نێو ڕێکخراوی حیزب دایە، بووتە دوو بەش. ئەو دووبەرەکیە کارێکی ئەوتۆی

کردووە کە مەسەلەی ئەسڵی لە بیر بچێتەوە بە جۆرێک کە وەختی بیر کردنەوە لە خۆ ئامادە کردن بۆ هەلومەرجی تازە نەمێنێ. بەرپرسی ئەو وەزعە هەر کەس بێ، هەموو ڕێبوارانی ڕێگای دێموکڕات پێیەوە دەناڵێنن و بە ڕادەی توانای خۆشیان بەرپرسیارن لە درێژە کیشانی ئەم وەزعە نابەسامانە.

ئێمە ئیمزا کەرانی ئەم نووسراوەیە داوا لە ڕێبەرایەتی حیزب دەکەین بە جیددی بیر لە ڕێگای چارەسەریی ئەم کێشە گەورە بکاتەوە و چ ڕەخنەکان و چ پێشنیارەکانی ئێمە بە چاوی هاوڕێیانە تەماشا بکا و دڵنیا بێ لەوەی کە ئامانجی ئێمە تەنیا و تەنیا چارەسەری کێشەکانی حیزب، یەکیەتی ڕیزەکانی حیزب، توندو تۆڵکردنەوەی تەشکیلاتی حیزب، جێ بە جێ کردنی ئەرکی سەرشانمان و بەهێز کردنی ڕێبەرایەتی حیزبە.

بۆ چارەسەر کردنی ئەو گیروگرفتانە ئەو پێشنیارانەی خوارەوە دەکەین و بەڵێن دەدەین کە ئەگەر ڕێبەرایەتی حیزب ئەو پێشنیارانە بە شێوەیەکی هاوڕێیانە وەربگرێ و بۆ جێ بەجێ کردنیان هەنگاو هەڵێنێ، ئێمەش پشتیوانی لە ڕێبەرایەتی حیزب بکەین و هەموو توانای خۆمان بە کار بێنین بۆ بەرێوە بردنی ئەرکەکانمان لە ڕیزەکانی حیزب دا.

**پێشنیارەکانی ئێمە ئەمانەن:**

١- ڕێبەرایەتی حیزب بۆ هەموو ڕێبوارانی ڕێگای حیزبی دێموکڕات، چ ئێستا لە نێو تەشکیلات دابن و چ لە دەرەوەی تەشکیلات و بەڵام خۆیان بە حیزبی دەزانن، هەلی یەکسان برەخسێنێ بۆ تێکۆشان و بەشداری لە چالاکییەکانی حیزبی دا.
٢- هەموو ئەندامان و لایەنگرانی حیزب بە دڵسۆزیەوە و برایانە هاوکاری یەکتر بکەن و پشتیوانی لە ڕێبەرایەتی بکەن لە ڕێگای چالاک کردنەوەی ڕێکخراوەکانی حیزب و کار کردن لە ڕیزەکانی یەکگرتووی حیزب دا بۆ ئەوەی بە هەمووان ڕێگا خۆش کەن تا کۆنگرەی داهاتوو ڕەنگدانەوەیەکی تەواو بێ لە هەموو لایەنەکانی حیزب و بتوانێ ڕێبەرایەتیەکی یەکگرتوو کە لە عەینی وەختیش دا ڕەنگدانەوەیەکی تەواو لە ڕێکخراوەکانی حیزب بێ هەڵبژێرێ.

٣- کۆنفرانسێک بگیرێ لە نوێنەرانی هەموو ئەندامانی حیزب، کە لەو کۆنفرانسە دا هۆیەکانی گیروگرفتەکانی تەشکیلاتی بە شێوەیەکی هاوڕێیانە هەڵسەنگێندرێن و بە هیچ شێوەیەک باس لە دووبەرەکی و دژایەتی نەکرێ و بە پێچەوانەوە باس لە هەنگاوەکانی داهاتوو بکرێ بۆ ڕامالینی ئەو ناکۆکیانە و بەڵێنی برایەتی و هاوکاریش بە یەکتر بدرێ.

٤- بڕیار بدرێ کە هێرشێکی تازەی سیاسی، تەبلیغاتی، تەشکیلاتی، دیپلۆماسی و پەروەردەیی چ لە نێوخۆی وڵات و چ لە

دەرەوەی وڵات دەست پێبکرێ و لە هەموو تواناکان بۆ ئەم هەنگاوە گەورانە کەڵک وەرگیرێ و هەر کەس کارێکی پێ بسپێردرێ کە توانای بەڕێوە بردنی هەبێ.

٥- کۆمیسیۆنێکی ڕاوێژکاری لە ئینسانی لێزان، خاوەن تاقیکردنەوەی سیاسی و پسپۆر لە بوارە جیاجیاکان دا پێک بهێنرێ تا لە کاری لێکۆڵینەوە، سیاسەت سازی و پلان دانان دا هاوکاری و ئامۆژگاری ڕێبەرایەتی بکا.

ئێمەش ئیمزا کەرانی ئەم نووسراوەیە دەمانهەوێ بە ڕادەی بەرپرسیاریەکی کە لەسەرشانمان هەست پێ دەکەین هەنگاو بۆ چارەسەر کردنی گیرو گرفتەکان هەڵێنین و یارمەتی بکەین بە خۆ ئامادە کردن بۆ هەلومەرجی تازە. بۆ جێ بە جێ کردنی ئەو خاڵانەی سەرەوە پێویستە ئەم هەنگاوانەی خوارەوە هەڵگرێن.

**ئێمەش بە نۆبەی خۆمان بە هەموو تواناوە هاوکاری تێدا دەکەین.**

١- لە لایەن هەموانەوە گلەیی و گازندە و تەبلیغاتی دژی یەکتر ڕابگیرێ.

٢- هەموو بە تێکڕا پشتیوانی لە ڕێبەرایەتی حیزب بکەن و هەوڵ بدرێ پەیوەندیەکی پتەو لە نێوان ڕێبەرایەتی و ئەندامانی حیزب پێک بێ.

٣- ڕێبەرایەتی حیزب هەنگاوی ئەوتۆ هەڵێنێ کە نیشاندەری یەکیەتی ڕیزەکانی حیزب بێ.

٤- بۆ نێوخۆی وڵات پلانی چالاکی ڕێکخراوەیی، تەبلیغاتی، کارکردن لە بواری ڕێکخراوە مەدەنیەکان، کاری فێرکردن و کاری کۆمەڵایەتی دایرێژرێ.

٥- کۆمیتەیەکی ڕاوێژکاری لە کەسانی پسپۆر لە بواری دیپلۆماسی دا و زمان زان، لە دەرەوەی وڵات پێک بێ بۆ بەهێز کردنی نوێنەرایەتی حیزب لە دەرەوە.

٦- لە هەموو وڵاتەکانی دەرەوە کۆنفرانسی گشتی بگیرێ بە بەشداری هەموو ئەندامانی حیزب لە هەر سێک بەشەکەی کە سەرەوە باسمان کردووە و کۆمیتەکانی حیزبی لە هەموو وڵاتەکان بە هێز بکرێن و کەڵک لە هەموو ئەو کەسانە وەبگیرێ کە ئامادەیی هاوکاریان هەیە.

٧- لە هەموو وڵاتەکان دەست بکرێ بە چالاکییەکی تەبلیغاتی بۆ ئەوەی چالاکییەکان لە دەرەوەی وڵات بە ڕادەی بەرپرسیایەتی سەرشانی حیزب بن.

٨- دەست بکرێ بە کاری هاوبەش لە هەموو بوارەکان دا. بەرپرسایەتیەکان بە جۆرێک دیاری بکرێن کە ڕەنگدانەوەیەکی باش بن لە یەکیەتی ڕیزەکانی حیزب.

٩- ئەندامە لێوەشاوە و چالاکەکانی حیزب بەشدار بکرێن لە بڕیاردانە سیاسیە گرنگەکاندا لە ڕێگای مەشوەرەت لە گەڵ

کردن و پێکهێنانی کۆنفرانس و سیمینارەوە.

١٠- پەیوەندیەکانی تەشکیلاتی لە هەموو ڕاددەکانی تەشکیلات دا زۆرتر دێموکڕاتیزە بکرێن.

١١- لە بنکەکانی حیزب لە باشووری کوردستان بەرنامەیەکی فێر کردنی و بارهێنانی چڕو پڕ داڕێژری و ئەندامان و پێشمەرگەکانی حیزب لەو بنکانە دا سەر گەرم بکرێن بە فێر بوون و خۆ پێگەیاندن، تا لە داهاتوو دا حیزب لە بواری کادر دا کەمایەتی نەبێ.

١٢- تێبینی. پێشنیارەکانی ئۆپۆزیسیۆن بە چاوێکی برایانە هەڵسەنگێنرێن و هەوڵ بدرێ تەوافوقیان لە سەر بکرێ و زەمینەی پێکەوە هاوکاری کردن بە بەشێوەی سەرەوە پێک بهێنرێ.

ئەو کەسانەی لە گەڵ نێوەرۆکی ئەم بانگەوازە دا موافیقن، تکایە بە هۆی ئەم email ی خوارەوە پشتیوانی خۆیان ڕاگەیەنن تا لیستی هەموو ئەوانەی بانگەوازەکە پەسند دەکەن بۆ ڕێبەرایەتی حیزب بنێرین.

**بە هیوای کۆتایی هاتن بە ناکۆکیەکانی و سەرکەوتنی گەلەکەمان.**

مستەفا شڵماشی – هولەند ٢٧ی ٨ی ٢٠٠ی

ئیمەیل: m.shalmashi@gmail.com

**کۆمەڵانی دڵسۆزی خەڵکی کورد لەرۆژهەڵاتی کوردستان!**
**پێشمەرگەگیان لەسەر دەستەکانی حیزبی دێموکرات!**

ئەندامان و لایەنگرانی حیزب لەهەر جێگایەک کەهەن، ئەمرۆ رۆژی ئەوەیەکە بە هەموومان فشار بێنین بۆ پاراستنی ریزەکانی حیزب و گەل. نەک بەزمانی هەڕەشە، نەک بەیەکتر سوک کردن و دابەزاندنی نرخی شۆڕشگێران، نەبەبوختان هەڵبەستن و یەکتر شکاندن، نەبەچەواشەکاری و شاردنەوەی ڕاستیەکان، نەبەیەکتر بوغزاندن و کەلێن خستنەناو ڕیزەکانمان، بەڵکوو بەگوێ گرتن لەیەکتر و دانوساندنی سەردەمیانەلەگەڵ یەکتر. بەپێداچوونە وەبەرابردوومان‌دا و بیر کردنەوەلەو ساتە وەختانەی کەلەدژوارترین کاتەکانی ژیانماندا لەپەنا یەک بووین و هاوسەنگەر بووین. بەهێنانەبەر چاوی ئەو ساتەوەختانەی کەدوژمن بۆ سەی بۆ دانابوین و ئێمەپشتمان تەنیا و تەنیا بەیەکتر گەرم بوو، بەووەبەرچاوگرتنی ئەو ڕاستیەی کەئێستاش لەرۆژی تەنگانەدا تەنیا یەکترمان هەیە.

من بەناوی هەموو ئەم کەسانەی کەتا ئێستا ئەو بانگەوازەیان ئیمزا (واژو) کردووەو بەناوی ئەو کەسانەش کەلەداهاتوو دا واژوی دەکەن، داوا لەهەر دوو باڵی ڕێبەرایەتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران دەکەم کەبەشێوەیەکی شارستانیانەپێکەوەدانیشن و بەرەچاو گرتنی هەلو مەرجی چارەنووس سازی ئەمڕۆ هەرچی زووتر ڕێگا چارەیەکی گونجاو بۆ گیرو گرفتەکانی حیزب بدۆزنەوە.

ئەو گەلاڵە پێشنیارانەی ئەو بانگەوازەدا هاتوون لەداوا ٢٠ خاڵی یەکەی ئۆپۆزیسیۆن دەکرێ ببنەکەرەسەی دیالۆگێکی سەردەمیانە.

هەر لایەنێک دەنگی ئەو هەموو دڵسۆزانەی گەل کەبەشێوەی جۆربەجۆری وەک بانگەواز، نامەی سەرئاواڵە، هەڵسەنگاندنی کێشەکەو داوای ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ خوازیاری پاراستنی یەکگرتوویی نێو ڕیزەکانی حیزب بوون، نەبیسێ و بەمەعزوریەوە، هەموان نادیدە بگرێ، بەرامبەر هەر ڕوداوێکی دڵتەزێن کە ببێتە هۆی پەرش و بڵاوی هێزەکانمان، لەمێژودا! بەرپرسە.

دیسان داوا لەڕێبەرایەتی حیزب دەکەین بانگەوازەکەمان لەبەرچاو بگرێ و داواش لەهەر دوو باڵی نێو ڕێبەرایەتی دەکەین، هەڵوێستی خۆیانمان لەبەرابەر ئەم داخوازانەدا پێڕابگەیەنن.

**هەروەها داوا لەهەموو دڵسۆزانی حیزب و گەل دەکەین پشتیوانی خۆیان ڕابگەیەنن**

**مستەفا شەڵماشی**



سەرچاوە
Serchawe

## لیستی پشتوانی دڵسۆزانی حیزب و گەل لەم بانگەوازە

| ریز | ناو | ناوبانگ (شۆرەت) | شوێنی دانیشتن |
|---|---|---|---|
| ١ | تاهیر | قاسمی | فینلاند |
| ٢ | حەمەرەسووڵ | کەریمی | سوئید. بەرێوەبەری ماڵپەری گیارەنگ |
| ٣ | سەلاح | عەبدڵڵاپوور | سوئد. بەرپرسی گشتی دەستەی نوێنەرایەتی یەکیەتی لاوانی دێموکرات لەدەرەوە. |
| ٤ | عەبدولقادر | فاتحیان (قالەشۆڕش) | سوئید |
| ٥ | جەماڵ | فاتحیان | سوئید |
| ٦ | فاتمە | سەدری | سوئید |
| ٧ | مستەفا | فاتحیان | سوئید |
| ٨ | ئەحمەد | نەقشی | نۆروێژ |
| ٩ | عەبدولواحید | خەندەرەش | نیوزەیلاند |
| ١٠ | ئیسماعیل | ئیبراهیمی | کانادا |
| ١١ | نەبەز | عەلیدوست | سوئید |
| ١٢ | کامران | سوهرابی | ئۆستورالیا |
| ١٣ | کەماڵ | حەسەن پوور | سوئید |
| ١٤ | سەلاح | گادانی | سوئید |
| ١٥ | رامان | مەعرووفی | نۆروێژ |
| ١٦ | ئاسۆ | حەسەن زادە | فەرانسە |
| ١٧ | سەلاح | ئەسەدپوور | ئۆستورلیا |
| ١٨ | ئیسماعیل | سالحیان | سوئید |
| ١٩ | سەعید | باختە | نۆروێژ |
| ٢٠ | سەید ئەحمەد | حوسێنی | فینلاند |
| ٢١ | رەحیم | مەحموودوخت | نۆروێژ |
| ٢٢ | جەماڵ | یوسفی | نۆروێژ |
| ٢٣ | حەکیم | حوسێن زادە | |
| ٢٤ | حوسێن | پەیرەوان | |
| ٢٥ | مەریوان | نستانی | سوئید |
| ٢٦ | عومەر | فەرخە پوور | سوئید. بەرێوەبەری ماڵپەری سەردەشت |
| ٢٧ | ئەییوب | سووری | وڵاتی فینلاند |
| ٢٨ | ماڵپەری | بۆرۆژهەلات | دەستەی بەرێوەبەری |
| ٢٩ | عەبدوڵڵا | سەیدا | وڵاتی کانادا |
| ٣٠ | عەلی | محەممەدی | نۆروێژ |



سەرچاوە Serchawe

| ریز | ناو | ناوبانگ (شۆرەت) | شوێنی دانیشتن |
|---|---|---|---|
| ٣١ | محەممەد | عەبدوڵلاپوور | |
| ٣٢ | ئەنوەر | کەریمی | کانادا |
| ٣٣ | ئیبراهیم | خزری | کانادا |
| ٣٤ | عەلی | سوسەنی | |
| ٣٥ | شیرکۆ | فاروەرش | ئینگلستان |
| ٣٦ | رزگار | قادرزادە | ئینگلستان |
| ٣٧ | عەبباس | نامی | نۆروێژ |
| ٣٨ | فەتتاح | رەیحانی | دانمارک |
| ٣٩ | شوانە | رەزگەیی | فینلاند |
| ٤٠ | رەحمان | نەقشی | کانادا |
| ٤١ | عەلی | کوردستانی | سوئید |
| ٤٢ | مستەفا | رەستگار | سوئید |
| ٤٣ | یوسف | نایب | سوئید |
| ٤٤ | شەماڵ | رەستگار | سوئید |
| ٤٥ | شیرن | عەبباسی | سوئید |
| ٤٦ | سەید مەحموود | نیزامی | سوئید |
| ٤٧ | ئەحمەد | شاڵە | سوئید |
| ٤٨ | خالید | کاردانی | سوئید |
| ٤٩ | خالید | پەردەدار | ئۆستورلیا |
| ٥٠ | جەعفەر | رەسووڵی | تورکیە |
| ٥١ | مەحیددینخان | ئەحمەدی | |
| ٥٢ | زاهید | شاعیری | سویس |
| ٥٣ | ئاوات | حەسەن پوور | فینلاند |
| ٥٤ | محەممەد | خادمیان | کانادا |
| ٥٥ | سالح | محەممەدپوور | سویس |
| ٥٦ | مەسعوود | نادری | |
| ٥٧ | لوقمان | زەهرایی | فینلاند |
| ٥٨ | رەحمان | ئیبراهیم زادە | سویس |
| ٥٩ | ئاوات | مکوریانی | کوردستان – هەولێر |
| ٦٠ | حوسێن | پێترەوان | ئۆستورلیا |
| ٦١ | وەفا | مستەفاپوور | نۆروێژ |
| ٦٢ | ئەییوب | عەبباسی | ئینگلستان |
| ٦٣ | سولەیمان | شیخانی | فینلاند |



سەرچاوە Serchawe

بەشی دووهەم

| ریز | ناو | ناوبانگ (شورەت) | شوێنی دانیشتن |
|---|---|---|---|
| ٦٤ | قاسم | خاتەمی | ئۆتریش |
| ٦٥ | قادر | بەخشوەری | سویس |
| ٦٦ | قاسم | خاننەرزیوە | نۆروێژ |
| ٦٧ | خدر | بەرری | نۆروێژ |
| ٦٨ | عەبدوڵڵا | ریازی | سویس |
| ٦٩ | رەحیم | دەستیار | ئینگستان |
| ٧٠ | سەید محەممەد | تاهیری | |
| ٧١ | ئیبراهیمی | عەزیزی | سوئید |
| ٧٢ | کاوە | خزری | فینلاند |
| ٧٣ | ئاسۆ | مکوریانی | سوئید. بەرێوەبەری رادیۆ دەنگی کوردستان لەستوکهولم |
| ٧٤ | فاتمە | عیرفانی | سوئید دایکی کاک ئاسۆ ٨١ ساڵە |
| ٧٥ | سورەییا | قادرزادە | سوئید |
| ٧٦ | هەوار | مکوریانی | سوئید |
| ٧٧ | رزگار | بازەرگانیفەرد | کانادا |
| ٧٨ | عومەر | مەحموودیان | فینلاند |
| ٧٩ | کاوە | ئاهەنگەری | بلژیک |
| ٨٠ | محەممەد | حەسەن زادە | فەرانسە |
| ٨١ | برایم | جەهابگیری | کانادا |
| ٨٢ | هیوا | رەزایی | ئینگلیستان |
| ٨٣ | محەممەد | ئەمینی | فینلاند |
| ٨٤ | رەحیم | مەلا محەممەدی | سویس کەم ئەندامی پێشمەرگایەتی |
| ٨٥ | خوسرەو | قادری | نۆروێژ |
| ٨٦ | ئەبوبەکر | قەدیکورد | نۆروێژ |
| ٨٧ | هیوا | نوسی | نۆروێژ |
| ٨٨ | کامران | حەدداد | نۆروێژ |
| ٨٩ | تاهیر | بەهرامی | نۆروێژ |
| ٩٠ | ئاواز | خزری | نۆروێژ |
| ٩١ | قادر | خەندەرەش | نۆروێژ |
| ٩٢ | خالید | فەللاحزادە | فینلاند |
| ٩٣ | ئیدریس | ئەحمەدپوور | فینلاند |
| ٩٤ | رزگار | فەتتاحپوور | فینلاند |
| ٩٥ | خالید | ئیبراهیمی | فینلاند |
| ٩٦ | کامیل | شەخسی | فینلاند |



سەرچاوە
Serchawe

| ریز | ناو | ناوبانگ (شورەت) | شوێنی دانیشتن |
|---|---|---|---|
| ٩٧ | شەماڵ | سەدر | سوید |
| ٩٨ | رەحیم | خالیدنژاد | دانمارک |
| ٩٩ | تەها | حەسەنیان | کانادا |
| ١٠٠ | خالید | عەبدوڵلازادە | سوئید |
| ١٠١ | عومەر | شەریف زادە | ئاڵمان |
| ١٠٢ | دوکتور ئەنوەر | محەممەدی | ئۆتریش |
| ١٠٣ | کامران | حوسەینی | سوئید |
| ١٠٤ | عەلی | سیحرایی | سوئید |
| ١٠٥ | کەماڵ | گرویسی | سوئید |
| ١٠٦ | حەسەن | ئەهوەن | سوئید |
| ١٠٧ | کەریم | حوسەینی | |
| ١٠٨ | رەئوف | حەسەنی | |
| ١٠٩ | سەربەست | عەبدوڵلا | |
| ١١٠ | خالید | مستەفانژاد | |
| ١٢٠ | سەید عوسمان | تاهیری | |
| ١٢١ | مراد | ئەحمەدی | ئامریکا |
| ١٢٢ | کاوە | دەشتەبێلی | ئامریکا |
| ١٢٣ | شەهین | شەریحەتپەنا | ئۆستۆرلیا |
| ١٢٤ | حوسێن | محەممەدی | ئۆستۆرلیا |
| ١٢٥ | ئامین | عومەرزادە | ئۆستۆرلیا |
| ١٢٦ | ریبوار | محەممەدی | ئۆستۆرلیا |
| ١٢٧ | شادی | محەممەدی | ئۆستۆرلیا |
| ١٢٨ | یوسف | ئەمینی | ئۆستۆرلیا |
| ١٢٩ | محەممەد | سالحی | ئۆستۆرلیا |
| ١٣٠ | خەجیجە | شیخی | ئۆستۆرلیا |
| ١٣١ | بەهار | سالحی | ئۆستۆرلیا |
| ١٣٢ | هێرش | سالحی | ئۆستۆرلیا |
| ١٣٣ | شۆڕش | سالحی | ئۆستۆرلیا |
| ١٣٤ | رەحیم | پووزیدە | ئۆستۆرلیا |
| ١٣٥ | ئیسماعیل | رەسووڵ زادە | ئۆستۆرلیا |
| ١٣٦ | ئەحمەد | میرزایی | ئۆستورلیا |
| ١٣٧ | زیرین | بەرزنجی | ئۆستورلیا |
| ١٣٨ | سولەیمان | حەسەن زادە | ئۆستورلیا |
| ١٣٩ | هەیاس | کاردۆ | ئۆستورلیا |
| ١٤٠ | جەعفەر | مەعروفزادە | کانادا |



سەرچاوە
Serchawe

| ریز | ناو | ناوبانگ (شورەت) | شوێنی دانیشتن |
|---|---|---|---|
| ١٤١ | ئامینە | کاویان | کانادا |
| ١٤٢ | ژیلوان | کاویان | کانادا |
| ١٤٣ | کامران | کاویان | کانادا |
| ١٤٤ | حەسەن | حاتەمی | کانادا |
| ١٤٥ | فاروق | کەریمی | ئینگلستان |
| ١٤٦ | محەممەد | داودزادە | ئینگلستان |
| ١٤٧ | شێخە | شەریف زادە | ئینگلستان |
| ١٤٨ | خدر | عومەرزادە | نۆروێژ |
| ١٤٩ | ئاسۆ | عومەرزادە | نۆروێژ |
| ١٥٠ | حەسەن | ئەحمەدپوور | نۆروێژ |
| ١٥١ | مەحموود | خاس | نۆروێژ |
| ١٥٢ | محەممەد | ئەحمەدپوور | سوئید |
| ١٥٣ | ئیقباڵ | عەبدوڵلاهی | سوئید |
| ١٥٤ | توفیق | عەبدوڵلایی | سوئید |
| ١٥٥ | کەژاڵ | ئیبراهیمی | سویس |
| ١٥٦ | ئەمیر | رەسووڵی | |
| ١٥٧ | عەتا | نەسیری | ئۆتریش |
| ١٥٨ | حوسێن | رەهبەر | فینلاند |
| ١٥٩ | عەزیم | سەفەری | سوئید |
| ١٦٠ | حوسێن | سەفەری | سوئید |
| ١٦١ | دۆلان | حەدداد | سوئید |
| ١٦٢ | نازی | عەلی دوست | نۆروێژ |
| ١٦٣ | برایم | چوکەڵی | کوردستان |
| ١٦٤ | عەلی | بوداغی | کوردستان |
| ١٦٥ | ئەمیر | سوڵتانپەنا | فینلاند |
| ١٦٦ | رەحمان | نستانی | سوئید |
| ١٦٧ | رەسووڵ | مەلاپوور | فینلاند |
| ١٦٨ | شلێر | پەیرەوان | ئۆستورالیا |
| ١٦٩ | شەهلا | پەیرەوان | ئۆستورالیا |
| ١٧٠ | هەژار | پەیرەوان | ئۆستورالیا |
| ١٧١ | سەفین | پەیرەوان | ئۆستورالیا |
| ١٧٢ | زێنەب | مەولانی | ئۆستورالیا |
| ١٧٣ | ئەحمەد | مەولانا | ئۆستورالیا |
| ١٧٤ | محەممەد | ساڵح پوور | نۆروێژ |
| ١٧٥ | خدر | محەممەدی | سوئید |



سەرچاوە Serchawe

| ریز | ناو | ناوبانگ (شورەت) | شوێنی دانیشتن |
|---|---|---|---|
| ١٧٦ | تاهیر | محەممەدی | سوئید |
| ١٧٧ | سمکۆ | مەحموودزادە | سوئید |
| ١٧٨ | محەممەد | دەروێشی | سوئید |
| ریز | ناو | ناوبانگ (شورەت) | شوێنی دانیشتن |
| ١٧٩ | سەردار | مەحموودزادە | سوئید |
| ١٨٠ | محەممەد | فەقی عەلی | ئۆتریش |
| ١٨١ | یوسف | تەشکیلات | |

**تێبینی:** ناوی نەهێنی ٦٣ کەس لەتەشکیلاتی نەهێنی حیزب لەناوچەکانی: شامات، شارویران، سەهۆلان، مەهاباد گەیشتووەو پشتیوانیان کردوە. کەمن بەمەسلەحەتی نازانم تەنانەت ناوی نەهێنیشیان بڵاو بکەمەوە. هەروەها نەفەریک لەتشکیلاتی سەردەشتەوەپشتیوانی کردوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی گیارەنگ

## بیست ساڵ ئازاری ناوچە جوانەکەمان سەردەشت

رۆژی حەوتی پوشپەڕی ٢٧٠٧ی کوردی، بیست ساڵ بە سەر شیمیابارانی شارە جوانەکەی سەردەشت و چەند دێیەکی دەروبەری دا تێدەپەڕێ، شاری سەردەشت و دەوروبەری هەمیشە ناوەندی کۆبونەوەی ڕێبوارانی ڕێگای ئازادی کوردستان و سەرچاوەی بەخشینی هێزو توانا بە جووڵانەوەی ڕزگاریخوازیی گەلەکەمان لە هەموو پارچەکانی کوردستان بووە.

ئەو ناوچە خنجیلانەیە کە خاوەن جوانیەکی سیحراوی سروشتیشە، وەک دایکێکی نیشتمان پەروەر،هەزاران رۆڵەی هەڵکەوتوی لە داوێنی پاکی خۆی دا پەروەردە کردەوە و سەدان شەهیدی پایەبەرزی لە پێناوی سەرکەوتنی کورد و کوردستان دا پێشکەش کردوە. لە هەر گوندو چیاو دوندێکی ئەو ناوچە ئازادیخوازە بیر بکەیەوە، شەهیدێکی سورخەڵاتی کوردستانت وەبیر دێتەوە. شاری سەردەشت هەر لە"سەرکەنەکان" بگرە تا"گردەسور" بە خوێنی رۆڵەکانی پێشمەرگە و شیمیاباران ڕەنگاوە،ووشەی تیرباران" شەهید کردنی مەلا ئاوارە و ڕەحمان چاوشین و مەلا کەچە وەبیر دێنێتەوە کە بەدەستی ڕێژیمی چەپەلی پاشایەتی لە سەرکەنەکان ئیعدام کران و کیمیاباران هەڵوەرینی گیانی سەدان نەمامی تازە پێگەیشتوو، بە هۆی بۆمبارانی شیمیایی یەوە دەخاتەوە بیر.

ئەو ناوچەیە هەمیشە داڵدەی شۆڕشگێرانی کورد بووە، لە هەر چوارپارچەی کوردستان و هیچ ڕێکخراوێکی سیاسی کوردی نەماوە کە سەردەمێک لە ژیانی ئاوارەیی و شۆڕشگێریی خۆی لەو ناوچەیە دا بەسەر نەبردبێ و لە دەستی یارمەتیدەری خەڵکی بە وەفا و نیشتمانپەروەری ئەو ناوچەیە کەڵکی وەرنەگرتبێ. بە حەق هەڵدەگرێ لەقەبی" سەنگەرێ ئازادی کوردستان" بدرێ بە ناوچەی سەردەشت. ناوچەی سەردەشت و دەوروبەرێ تەنانەت داڵدەی شۆڕشگێری ئەوتویان داوە،کە ڕێگای سەرکەوتنیان لە چیاکانی ئەو ناوچەیەوە بەجل وبەرگی پیرۆزی پێشمەرگایەتیەوە دەست پێ کردوە و ئێستاشی لە گەڵ بێ خەڵکی سەردەشت و دەروبەری داڵدەی شۆڕشگێرانی بەشەکانی دیکەی کوردستان دەدەن و بە هەموو هێزیانەوە پشتیوانی لە دەسکەوتەکانی بەشەکانی دیکەی کوردستان دەکەن.

بە خۆڕایی نییە، کە دوژمنانی گەلەکەمان لە هەر بەهانەیەک دەگەڕێن تا ڕقی خۆیان بەو ناوچە نیشتمانپەروەرە و شارە خنجیلانەکەی سەردەشت بڕێژن. هەر بۆیە لە رۆژی ٧ی پوشپەڕی ٢٧٠٧ی کوردی دا دوژمنی سوێندخواردووی گەلەکەمان، ڕێژیمی فاشیستی بەعسی ڕووخاو، ڕقی دێرینی خۆی بە خەڵکی سەردەشت و دەوروبەری ڕشت و بە هێرشێکی دڕندانەی کیمیایی، واتە بە چەکی کۆمەڵ کوژ سەدان کەس لە ژن و منداڵی و پیرو لاوی ئەو سەنگەرە لە گیران نەهاتوەی

کوردستانی شەهید کرد و هەزاران کەسیشی گیرۆدەی مەرگێکی لە سەرخۆ کرد کە ئێستاشی لە گەڵ بێ، پاش تەحەمول کردنی دەیان ساڵ ئازار و نەخۆشی گیان دەدەن. ڕژێمی جینایەتکاری کوماری ئیسلامیش کە دەستی بە خوێنی سەدان ڕۆڵەی ئەو ناوچەیە سوورە، نەک تەنیا هەوڵی سارێژ کردنی برینی قوربانیەکانی ئەو جینایەتە سامناکەی نەداوە، بەڵکو زۆرتر هەوڵی داوە بە قازانجی ڕژیمەکەی کەڵکی تەبلیغاتی لێ وەربگرێ.

لە ئەنجامی ئەو هێرشە دڕندانەیە دا، ئێستاش تەم ومژی بۆمبارانی شیمیایی بە سەر ناوچە جوانەکەی سەردەشتەوە دیارە و هەموو ساڵێ لە بیرەوەری ئەو ڕۆژە دا خەڵکی ناوچەی سەردەشت برینیان دەکولێنەوە و لە هەر جێگایەکی ئەو دنیا پان و بەرینە دا بن، بۆنی سێویان بەبەرلوتی دا دێ و بۆ چەند سەعاتێک بەشداری لە ئازاری قربانیەکانی چەکی کۆمەڵ کوژی شیمیایی لە ناوچەکەیان دا دەکەن. قوربانیەکانی چەکی کۆمەڵ کوژی شیمیاییش لە شاری سەردەشت و دەورو بەری تا ئێستاش لە ژێر باری زۆڵمی داگیرکەرانی کوردستان و بێ دەنگی ڕێکخراوە نێونەتەوەییەکانی جیهان لە بەرامبەر ئەو تاوانە گەورەیە داچەماون و لە چاوەڕوانی دان تا ڕۆژێک لە ڕۆژان وەک قوربانی چەکی کۆمەڵکوژی بناسرێن و تاراددەیەک برینەکانیان سارێژ بکرێ و زیانەکانیان قەرەبو بکرێتەوە. بەڵام مخابن تا ئێستاش ئاورێکی پڕ بە پێستی ئەو جینایەتە لە قوربانیەکانی کیمیایی سەردەشت و دەوروبەری نەدراوەتەوە و برینەکانیان سارێژ نەکراوە.

لەوەش دڵتەزین تر ئەوەیە کە بەداخەوە حیزب و ڕێکخراوە کوردستانیەکانیش هیچ گرنگیەکی ئەوتۆیان بەو جینایەتە گەورەیە نەداوە و هەموو ئەوانەی کە ڕۆژە سەختەکانی خەباتی خۆیان لەو ناوچەیە دا بەسەر بردوە، ئەو خەڵکە لەخۆبوور دویان لە بیر بردوتەوە و هەوڵێکی ئەوتۆیان بۆ ناساندنی ئەو جینایەتە گەورەیەی دەرحەق بەو خەلکە تێکۆشەر و بەوەفایە کراوە، نەداوە. حەق وابو ئەوانەی لەبن دەوەنەکانی ئەو ناوچەیە ڕا بە لوتکەی سەرکەوتن گەیشتوون و لەسەر تەختی سەرۆکایەتی وەڵاتێک یا هەرێمێک گیرساونەوە، یا پۆستی وەزیرو پەرلەمانتار و سەفیریان بەدەست هێناوە، ئاورێک لەو قوربانیانە بدەنەوە و هەر نەبێ هەوڵ بدەن قەرەبوی زیانەکانیان بکرێتەوە، کە گیانەکانیان تازە بۆ ناگەڕێتەوە.

**هیوادارم بیرەوەری ساڵوەگەڕی بیستەمی ئەو جینایەتە سامناکە ببێتە هۆی وەخەبەر هاتنی هەموو لایەک و ئاوڕدانەوەیەکی هەموو لایەنە بەرەو قوربانیەکانی شاری سەردەشتی کوڵنەدەر و ناوچەی سەردەشتی هەمیشە سەنگەر.**

سەرچاوە: ماڵپەڕی گیارەنگ - ڕێکەوتی: ٧ی جوونی ٢٠٠٧

## هاوڕێ هەوارت بەتاڵ هێشتەوە

**هاوڕێ هەوارت بەتاڵ هێشتەوە ئەو ڕۆژەی بارگەی کۆچت تێک نابوو**
**دنیای من گشتی خەو بردبوویەوە ئەو کاتەی قەولت بە ماتەم دابوو**

ڕۆژی ٢٢ی پووشپەری هەرساڵێک بیرەوەریەکی دڵتەزێن بە مێشکی هەموو کوردێکی نیشتمانپەروەر دا ڕادەبرێ. بیرەوەریەکی هێندە جەرگ بڕ، کە بۆ چەند چرکەیەک هەست و دڵ داگیر دەکا و مرۆڤی کورد بەرەو نشێوی نائومێدی شۆڕ دەکاتەوە.

نائومێد لەوەی کە زیانی ئەو ڕۆژە تاڵەی هەرگیز پێ قەرەبوو نەکریتەوە و کەسایەتیەکی کە لەو ڕۆژە دا لە دەستی داوە هیچ کات بە دەست نەهێنێتەوە. بەراستی کەلێنی لە دەست دانی ڕێبەرێکی وەک دوکتور قاسملوو ئەوەندە گەورەیە کە هیوای پڕبوونەوەی ئەو کەلێنە بە یەکێک لە هەورازەکانی خەباتی نەتەوەیی بە تایبەت لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان حیساب دەکرێ. بەڵام تەنیا دڵ خۆشیمان ئەوەیە کە بیرۆکەکانی دوکتور قاسملوو تا ئێستاش چرای ڕێگای ڕۆژانی تاریکی خەباتمانن.

ڕەنگە هەر کەس بەجۆرێک درێژەدانی ڕێبازی قاسملوو، کە درێژەدانی ڕێگای هەموو شەهیدانی کوردستانە و لە گشتایەتی خۆی دا بەمانای هەنگاونانە بەرەو دروست کردنی کەسایەتی نەتەوەیی کورد لە هەموو پارچەکانی کوردستان، پێناسە بکا. هەیە بە باشی دەی نرخێنی و لە وەزنی ڕێگا سەرەکیەکان دا هاوکیشەی بۆدەبێنێتەوە هەشە نائاگاهانە بۆ هەموو ڕێچکەکانی ڕێگای خەبات بەکاری دێنێ و هەنگاوەکانی ڕۆژانەی تێدا دەگونجێنێ کە بە هیچ شێوەیەک ناکرێ لە تەرازوی وەزن و نەخشی شەهیدی پایە بەرزمان، دوکتور قاسملوو دا دابنرێن. هەر چۆنێک بیر بکرێتەوە و بە هەر نرخێک بە کار بهێنرێ گومان لەوە دانیە کە هەموو ئەو کەسانەی بەرەو وەدی هێنانی ئامانجە نەتەوەییەکانی دوکتور قاسملوو هەنگاو هەڵدێننەوە، لە هەر حیزب و ڕێکخراوێک دا بن، بە درێژە دەرانی ڕێگای دوکتور قاسملوو و هەموو شەهیدانی دیکەی ڕێگای ڕزگاری گەلەکەمان بە حیساب دێن. چۆنکە هەموو ئەو شەهیدانەش لە هەر حیزب و ڕێکخراوێک بوون سەرمایەی هەموو نەتەوەی کوردن و بۆ هیچ کەس و ڕێکخراوێک نەهاتووە تەنیا خۆی بە خاوەنی شانازیەکانی ئەوان بناسێنێ.

جێگای خۆیەتی لەو ڕۆژە تاڵە دا هەموومان بیر لە ڕووحی پاکی هەموو شەهیدەکانمان و بە تایبەت ڕووحی پاکی شەهیدی ڕێبەرمان دوکتور قاسملووی پایە بەرز بکەینەوە و دوور لە هەموو گرێ کوێرەکانی دڵی خۆمان، بە هەڵسەنگاندنێکی نەتەوەیی ئەو هۆکارانە بدۆزێنەوە کە ڕووحی شەهیدەکانمان شاد دەکەن، کە هۆکاری لە دەست دانی ئەوانمان بۆ دەست

نێشان دەکەن و بە یەکگرتوویی نەتەوەیی مان دەستەبەر دەکەن.
دەبێ لە بیرەوەری شەهید کرانی دوکتور قاسملووی مەزن دا بیر لە بە سەزا گەیاندنی بکوژانی ئەو ڕێبەرە مەزنەمان، واتە کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامیی جینایەتکار کە دەستیان بە خوێنی هەزاران ڕۆڵەی وەک قاسملوو و شەرەفکەندی سوورە، بکەینەوە، نەهێڵین خوێنیان بە فێڕۆ بڕوا و تاوانباران لە دەستی عەداڵەت دەرباز بن.

حەق وایە گەلی کورد بە گشتی و درێژەدەرانی ڕێگای قاسملوو بە تایبەتی، ڕۆژی ٢٢ی پووشپەڕی هەر ساڵێک، بکەنە ڕۆژی ڕاپەڕین بۆ ناساندنی ئەو جینایەتە گەورەیە و ڕۆژی چالاکی نواندن لە پێناوی وەڕێخستنێ دادگایەکی نێو نەتەوەیی، بە ئامانجی بە سەزاگەیاندنی تاوانبارانی ئەو جینایەتە، واتە کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامیی ئێران کە ئەو تاوانەیان بە بەرنامە ڕیزی کردەوە، دەستووریان داوە یا بە ئەنجامیان گەیاندووە. ئەوە ئەرکێکی نەتەوەیی یە و هەموو کوردێک بە ڕاددەی خۆی لە هەر پلە و پایەیەک دا بێ و لە هەر گۆشەیەکی ئەم دنیایە دابێ لێی بەرپرسە.
مەسەلەیەکی دیکە کە بێگومان ڕووحی دوکتور قاسملوو و هەموو شەهیدان شاد دەکا، یەکگرتن مانە. ئەگەر باوەڕمان بەوە بێ کە یەکگرتن گەورەترین هۆی سەرکەوتنمان لە خەباتی نەتەوەیی مان دایە و ئەوەش پەسند بکەین کە ڕێبازی شەهیدان واتە درێژەدان بە خەباتی نەتەوەیی، دەبێ لە پێناوی یەکگرتن دا دەست لە هەموو قازانجێکی تاکەکەسی و گروهی هەڵبگرین. دەبا ئەوانەی خۆیان بە ڕێبواری ڕێگای دوکتور قاسملووی شەهید و پایەبەرز دەزانن، قۆڵی لێ هەڵماڵن، گرێ نەفسیەکان وەلانێن و بە هەڵبژاردنی ڕێگای یەکیەتیی نەتەوەیی ڕووحی شەهید قاسملوو و هەموو شەهیدەکانی دیکەی ڕێگای ڕزگاریی کورد و کوردستان شاد کەن.

گۆمان لەوە دا نییە کە ڕۆژێک دەستی عەداڵەت دەگاتە جینایەتکارانی کۆماری ئیسلامیی و تۆڵەی هەموو شەهیدە سەر بەرزەکانیان لێ دەکرێتەوە. بەڵام تێکۆشەرانی کورد نابێ بە چاوەڕوانیی ئەو ڕۆژەوە دانیشین و بە هیوا بن کە خەڵکانی دیکە خەم خۆرییمان بۆ بکەن و داد وەریمان بۆ وەڕێ بخەن.

**سەرکەوێ خەباتی نەتەوەیی مان لە پێناوی وەدست هێنانی ئامانجی شەهیدەکانمان.**
**رووڕەشی و سەزا بۆ جینایەتکارانی کۆماری ئیسلامیی ئێران.**
**سەرکەوتن بۆ ڕێبازی شەهیدی مەزنمان، کە ڕێبازی هەموو شەهیدان و هەموو ڕێبوارانی ڕێگای قاسملوویە.**

هولەند – پووشپەڕی ٢٧٠٧ کوردی

سەرچاوە: ماڵپەڕی گیارەنگ - ڕێکەوتی: جووڵای ٢٠٠٧


سەرچاوە
Serchawe

## دیمانەیەک لە گەڵ بەرێز و تێکۆشەر کاک مستەفا شڵماشی یەکێک لە تێکۆشەران و برای شەهید مەلا ئاوارە

**دیمانەیەک لە گەڵ بەرێز و تێکۆشەر کاک مستەفا شڵماشی یەکێک لە تێکۆشەران و دڵسۆزانی سیاسی گەلی کورد لە کوردستانی ڕۆژهەڵات سەبارەت بە ژیان و بە سەرهاتی سەرکردەیەکی شەهیدی کورد مامۆستا ئەحمەد شڵماشی ناسراو بە مەلا ئاوارە.**

٣٨ ساڵ بە سەر لە سێدارەدانی ڕۆڵەی هەڵکەوتووی گەل شۆڕەسواری ڕێگای ئازادی کوردستان، یەکێک لە سەرکردە بوێرەکانی جووڵانەوەی ساڵەکانی ٤٦ – ٤٧ی هەتاویی کوردستانی ڕۆژهەڵات، بە ناوی مەلا ئەحمەد شڵماشی ناسراو بە مەلا ئاوارە تێپەری، بە پێویستم زانی بۆ ڕێز لێنان لە خزمەت و خەباتی شەهید مەلا ئاوارە و شەهیدانی ئەو جووڵانەوەیە لە نێزیکەوە کۆمەڵێک لە هاوڕێیان و کەس وکاری ئەو شەهیدە پایەبەرزەی گەلەکەمان کە لەو کات و سەردەمە دا لە گەڵی ژیاون بە سەر بکەمەوە، تا بە هیممەتی ئەو بەڕێزانە تا ڕادەیەک توانیبێتمان هێندێک تیشکمان خست بێتە سەر ژیان و تێکۆشانی شەهید مەلا ئاوارەی هەرگیز نەمر. لەو پەیوەندیە دا بە هەلم زانی چەند پرسیارێک ئاراستەی بەرێز کاک مستەفا شڵماشی برای بچووکتری شەهید مەلا ئاوارە بکەم کە ئێستا دانیشتووی وڵاتی هولەندە.

**پرسیار**: ئەو کاتە باش، زۆر سوپاس بۆ بە دەنگەوە هاتنمان، سەبارەت بە زانیاری دان لە سەر شەهید مەلا ئاوارە و یاد کردنەوە لەو تێکۆشەرە هەرگیز نەمرەی گەلەکەمان.

**وەڵام**: منیش سوپاستان دەکەم بۆ ئەو ئەرکەی خستووتانەتە ئەستۆ و هیوادارم کە لە ئەرکەکانتان دا سەرکەوتوو بن.

**پرسیار**: باسەکەمان بە پرسیارێک لە سەر دەورانی پێش تێکۆشانی مەلا ئاوارە دەست پێدەکەین، واتە بە کورتی ژیان و هەڵس وکەوتی شەهید مەلا ئاوارە لە بنەماڵە دا چۆن بوو؟

**وەڵام**: بە داخەوە شەهید مەلا ئاوارە زۆر کەم لە نێو بنەماڵەکەی دا بوو. ئەوەندەی بە بیرم بێ هەتا تەمەنی من بوو بە هەشت، نۆ ساڵ جاروبار دەهاتەوە ماڵێ. ئەو کاتەی کە دەهاتەوە ماڵێ جێژنی هەموو لایەکمان بوو. ئەوەندە ڕوو خۆش و دەم بە پێکەنین بوو کە ماڵەکەی بە تەواوی دەگەشاندەوە و خۆشی دەکرد. بە تایبەت بۆ من هێنەری خۆشی و شادی بوو.

لە بەر ئەوەی منداڵ بووم و بابم نەمابوو، ئاخری هەمووشیان بووم، خوشک و براکانم، بە تایبەت شەهید ئاوارە زۆری موحیببەت پێ دەکردم. لە بیرمە پۆلی دووی سەرەتایی بووم، ئەو کات لە گوندی شڵماش بووم، هۆنراوەیەکی بۆ نووسیم تا لە بەر دەم پشکێنەری فەرهەنگ و بارهێنان کە سەردانی قوتابخانەکەمانی دەکرد بیخوێنمەوە. ئەو کاتانەی لە ماڵ بوو هەمیشە لە گەڵ خۆی دەی گێڕام. هەموو لاوەکانی ئاوایی لێی کۆ دەبونەوە و گوێیان لە قسەکانی ڕادەگرت، دیارە ئەو کاتە من نەمدەزانی باسی چ دەکا. دوایی بۆم دەرکەوت کە هەموو جارێ باسی کوردایەتی بۆ کردوون. ئاوارە هەر ئەو کاتیش لە نێو خەڵک و لە بنەماڵەشدا زۆر خۆشەویست بوو. لە سەر فەقیر و هەژارانی دەکردەوە و هەر کەس زوڵمی لێ بکردنایە بەگژیدا دەچوو. لە بیرمە جارێک لە سەر جوتیارێکی خۆشەویستی ئاوایی کە لە لایەن ئاغاوە، زوڵمی لێ کرا بوو، بە گژ ئاغای گوندیدا چوو، لە گەڵ ئاغا بە جۆرێک تێکچون کە قەت ئاشت نەبونەوە.

**پرسیار**: بنەماڵەی بەڕێزی ئێوە تا چ ڕادەیەک کاریگەری لە سەر ژیانی شۆڕشگێرانەی شەهید مەلا ئاوارە هەبووە؟

**وەڵام**: هەر لە سەردەمی بابمەوە بنەماڵەی ئێمە لە گەڵ مەسەلەی نەتەوایەتیدا تێکەڵ بووە. باوکم یەکێک بووە لەو پیاو ماقوڵانەی ناوچەی سەردەشت کە سەردانی پێشەوا قازی محەممەدی کردووە و لە گەڵ کۆماری کوردستاندا هاوکاری کردووە. دوایەش زۆر جار کادرەکانی حیزبی دێموکڕات سەری ماڵی ئێمەیان دەدا و پەیوەندی بنەماڵەکەمان هەمیشە بەردەوام بوو. جگە لەوەش پەیوەندی بنەماڵەی ئێمە لە گەڵ شۆڕشی باشووری کوردستانیش زۆر بە هێز بوو. برا گەورەکەم کاک عەلی و شەهید ئاوارە کە هەر دووکیان بە ڕەحمەت چون، زۆر خەریکی کۆ کردنەوەی یارمەتی بوون بۆ شۆڕشی کوردستانی باشوور. هەروەها براکانی دیکەم و خزمەکانم هەمیشە پاڵپشت و یارمەتیدەری پێشمەرگە بوون. دیارە لێوەشاوەیی و لە خۆبوردوویی شەهید ئاوارە لە ڕاددەیەکیتر دا بوو. بۆیە بە باوەڕی من ئاوارە لە هەر بنەماڵەیەک بایە بەو زاتەی کە هەیبوو، بێشک هەر لە خزمەتی گەل و نیشتمانەکەی دا دەبوو.

**پرسیار**: مەلا ئاوارە زێد و ژیانی خۆی بۆ ڕزگاری گەلە بەشخوراوەکەی بە جێ هێشت و لە ماوەیەکی کورتدا بوو بە یەکێک لە ئەستێرە گەشاوەکانی شۆڕش و بەرنگاری لە کوردستان دا، ئایا لە لایەن ڕێژیمی نگریسی پەهلەویەوە زەخت و گوشار لە سەر بنەماڵەی ئێوە هەبوو، بۆ بە چۆک داهێنانی ئەو نەمرە، ئەگەر هەبوو بە چ شێوەیەک؟

**وەڵام**: فشارێکی یەکجار زۆر لە سەر بنەماڵەکەمان هەبوو. برا گەورەکانم زۆر جار لە لایەن ساواکەوە بانگ دەکران و داوایان لێدەکرا هەوڵ بدەن ئاوارە بێننەوە. کاتێک ساواکیەکان لەوە نائومێد دەبوون، فشاری زۆرتریان دێنا و هەڕەشەیان دەکرد کە دەتان گرین. زۆر جاریش بە وەلام و خەبەریی ناخۆش ئازاری ڕوحیان دەدایین. بەکرێگیراوەکانی ساواک و



سەرچاوە
Serchawe

نۆکەرە کوردەکانی بەر دەرگای تاغووتیش ئازاریان دەداین. دوکان و ماڵەکانمان لە سەردەشت هەمیشە لە ژێر چاوەدێری ساواک دا بوون. چاکم لە بیرە، کە منداڵ بووم و هاوینان لە بازاڕی سەردەشت میوەم دەفرۆشت جارێک کەسێک بە ناوی ساڵحی شافعی کە بۆ قازانجی شەخسی خۆی دەیهەویست خۆی لە لای دەوڵەت شیرن بکا، هات و یەخەی پێگرتم و پێی ووتم کە، براکەم لە دەرەوە چەتەیی دەکا و بۆ خۆشم بازاڕەکەم بە میوە فرۆشی تێکداوە و میوەکەشم گران کردووە، و پێی گووتم کە لە سپەینێ ڕا حەقم نییە بێمەوە بازاڕی. منیش زۆرم لە دڵ گران هات و گوتم کە بە تۆ هیچ مەربوت نییە و براکەشم هەر چییەک بێ، بەس نیە ساواکی نییە و جاسوسی بە سەر خەڵکەوە ناکا. کە ئەوەم پێ گوت پەلاماری دام کە لێمدا. لەو کاتە دا کاک کەریم حەدداد بەوێ دا ڕادەبری، هەر کە گوێی لە باسەکە بوو زۆر بە توندی بە گژ کابرا دا چۆوە و جنێوی پێدان و لە سەری کردمەوە. ئەو کاتیش کاک کەریم هەر ئەندامی حیزب بوو زۆریش نەترسانە جوڵایەوە. بە هەر حاڵ ئەوە وێنەیەکی زۆر چکۆڵە بوو لە چاو ئەو فشارەی کە دەوڵەت بۆ خۆی دەیهێنا. ئەو ڕووداوە زۆر ناخۆش بوو چونکە لە لایەن هاووڵاتیەکی خۆتەوە بوو. دیارە لە بەرامبەر دا زۆر کەسیش هەبوون کە بە هۆی چالاکیەکانی شەهید ئاوارەوە، زۆریان ڕێز لە بنەماڵەی ئێمە دەگرت.

**پرسیار**: دوایین جار مەلا ئاوارەت لە کوێ و لە چ ساڵێک دا چاو پێکەوتەوە، ئایا دوای ئەوە بوو بە یەکێک لە سەرکردەکانی بزووتنەوەی ساڵانی ٤٦ – ٤٧ ی هەتاوی سەردانی ئێوەی کردەوە، لە کاتی چاو پێککەوتنتان دا هەستی جەنابت چۆن بوو؟

**وەڵام**: دوای ئەوەی کە شەهید ئاوارە بوو بە یەکێک لە کادرە لێهاتوەکانی حیزب و یەکێک لە سەرکردەکانی جوڵانەوەی ٤٦ – ٤٧ ئەمن تەنیا یەکجار چاوم پێکەوتەوە، ئاخرین دیدارم لە گەڵ شەهید ئاوارە لە ساڵی ١٩٦٧ دا بوو، ئەو کاتەی کە پێشمەرگە بوو نێوبانگێکی زۆر زۆری دەر کرد بوو. ئاواتم ئەوە بوو بیبینم، هەمیشە لە بیری ئەوە دا بووم کە تەمەنم وای لێ بێ بچم لە لای ببمە پێشمەرگە. بۆ کارێکی تایبەتی لە سەردەشتەوە چوو بوومەوە شڵماش و ڕەزگە، ئەو کاتەی ماڵمان لە سەردەشت بوو. لە ڕەزگەوە دەچوومەوە بۆ شڵماش، لە مووچە و مەزرای ماڵێ خوشکم لامدا بۆ ئەوەی شەوێ لەوێ بم. بە هەورازێکی دا سەر کەوتم، هەتا چوومە بەردەمی ماڵێ خوشکم پشووم نەدا. هەر وەک دڵم خەبەری دا بێ بە پەلە بووم بگەمە ئەوێ. خوشکم باوەشی پێدا کردم و بە پێکەنینەوە گوتی، وەختێکی چاک هاتووی. کاکم لێرەیە و هەر لە بن هەورازیەوە بە دووربین چاوت لێدەکا. کاتێک چوومە لای لە قاقای پێکەنینی دا، گوتی تاوێکە چاوت لێدەکەم، هەر وەک گروێسیان١ دەڕۆیشتی.

ئەو شەوە زۆر خۆشمان گوزەراند و بەیانی داوام لێکرد ئیجازە بدا کە لە لای خۆی بمێنمەوە و ببمە پێشمەرگە، هێندێک

پێم پێکەنی و دوایەش ئیجازەی نەدام بمێنمەوە. ئەوە ئاخر جار بوو کە دیتمەوە، بەداخەوە قەت چاوم پێ نەکەوتەوە.

ساڵی ١٣٤٦ واتە ١٩٦٧ی زائینی. ئەو کات کە چاوم پێکەوت سێ هەستی گەورە و بەتین لە منی لاو دا جووڵان.

١- هەستی خۆشەویستی و ڕێزی لە ڕادە بەدەر بۆ پێشمەرگە، کە یەکێک لە ئاواتەکانم بوو بەو لیباسەوە بیبینم.

٢- هەستی خۆشەویستی و ڕێز بۆ ناوبانگەکەی چ وەک قارەمانێکی گەل و چ وەک شاعیرێکی شۆڕشگێڕ کە لە نێو هەموو چین وتوێژەکانی خەڵکی کوردستاندا بە تایبەت لە نێو زەحمەتکێشانی کوردستاندا ڕێزێکی زۆری هەبوو خەڵکی هۆنراوەکانی لە بەر دەکردن.

٣- هەستی خۆشەویستی بۆ برایێک کە پەیوەندیەکی تایبەتیی ڕوحیم لە گەڵی هەبوو چەند ساڵ بوو نەمدیبوو. ئەوانە هەموی پێکەوە هەستی خۆشیەکی زۆریان لە مندا کۆ کردەوە، هەر بۆیە هەرگیز ئەو ئاخر دیدارەم لە بیر ناچێتەوە و ئێستاش، زەردەخەنەکانی هەر لە بەر چاومن. ئێستاش قسە خۆشەکانی و شۆخیەکانی لە گوێم دا دەزرینگێنەوە.

**پرسیار**: ڕاپەڕین و جووڵانەوەی ساڵەکانی ٤٦ و ٤٧ی هەتاوی یەکێک لە لاپەرە زێرینەکانی خەباتی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێرانە و جێگای تایبەت بە خۆی لە مێژووی حیزب و گەل دا هەیە، لەو خەباتە نابەرامبەرە دا بە داخەوە ٣٨ کەس لە تێکۆشەرانی ئەو کاتی حیزب و یەک لەوان مەلا ئاوارە شەهید بوون، دەکرێ لەو پەیوەندیە دا و بە تایبەت لە سەر مەلا ئاوارە زانیاریمان پێ بدەی؟

**وەڵام**: جوڵانەوەی ٤٦ – ١٣٤٧ یەکێک لە لاپەڕە زێڕینەکانی حیزبی دێموکڕاتە. کادرە لە خۆبردووەکانی حیزبی دێموکڕات لە سەردەمێک دا دژی دەسەڵاتی ئەهریمەنیی پاشایەتی ڕاوەستان، کە لە سەرانسەری ئێراندا هیچ دەنگێکی دژایەتی لە گەڵ ڕژیم نەدەبیسترا و ساواک بە سەر هەست و نیستی خەڵکدا دەسەڵاتی هەبوو. لە هەمووی ناخۆشتر ئەوە بوو کە ڕژیم نیازی هەبوو لە سەرانسەری کوردستانی گەورەدا نفوزی خۆی بسەپێنێ و بە ناوی هاوڕەگەزی و ئێرانی گەری، هەموو گەلی کورد بکاتە داردەستی خۆی لە ناوچەدا، ئەوە لە کاتێکدا بوو کە ئامادە نەبوو بچوکترین بەش لە مافە ڕەواکانی گەلەکەمان قەبووڵ بکا. تەنیا دەیهەویست بەعینوانی پارێزەرانی سنووری دەسەڵاتەکەی و بە ناو مەرزدارانی غیور کەڵک لە کوردەکان وەر بگرێ.

ئەو جوڵانەوەیە بە جۆرێک جێگای خۆی لە نێو دڵ و دەرونی کۆمەلانی خەڵکدا کرد بوّوە، کە ئێستاش داستانی لە خۆبوردوویی و دڵسۆزی کادر و پێشمەرگەکانی حیزب لەو سەردەمیدا وێردی سەر زمانی هەمووی ئەوانەیە کە ئاگاداری شێوەی کاری تەشکیلاتی، پێشمەرگایەتی، کۆمەڵایەتی و فەرهەنگیی ئەو جوڵانەوەیە بوون. بەتایبەت جێ پێی شەهید ئاوارە بە تەواوەتی لەو جوڵانەوەیە دا دیارە و تەنانەت بە هۆنراوە شۆڕشگێڕی وکۆمەلایەتیەکانی خزمەتێکی گەورەی هونەری و فەرهەنگیشی کردووە. هەر چەندە گەلی کورد لەو جوڵانەوەیە دا ژمارەیەک قارەمانی گەورەی وەک شەهید ئاوارە، موعینیەکان، شەریفزادە، باپیر شکاک، سەید فەتاح، مینەشەم، سالّح لاجانی، مەلا کەچە، محەممەدی ڕەسوومەرە، ڕەحمان چاوشین، حوسێن خاتون و زۆر قارەمانی دیکەی لە دەستدا، بەڵام یەک بۆشایی گەورەی مێژوی خەبات و تێکۆشانی بۆ پڕ بۆوە. ئەگەر ئەو جوڵانەوەیە نەبوایە، بێ گومان مێژووی خەباتی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەر لە دوای ساڵی ١٣٣٢ هەتاوییەوە هەتا سەردەمی شۆڕشی تازە، چالاکیەکی ئەوتۆ بەرچاوی تێدا بەدی نەدەکرا. جوڵانەوەی ٤٦ ، ١٣٤٧ پێشمەرگایەتی بوژاندەوە، کاری تەشکیلاتی فێری خەڵک کرد و پەیوەندی کۆمەلانی خەڵکی بە خەباتی نەتەوەییەوە ڕاگرت و پەرەی پێدا. کاک حەسەنی شیوەسەڵی، شەهیدی زیندوی حیزب و گەلی کورد، کە بۆ خۆی یەکێک لە کادرەکانی ئەو سەردەمە بووە، زۆرجار باسی شێوەی سەرکەوتوی کاری پێشمەرگایەتی و تەشکیلاتیی ئەو سەردەمە دەکا، بە تایبەت شێوەی کاری شەهید مەلا ئاوارە بە سەرکەوتووترین شێوەی کاری تەشکیلاتی و کۆمەڵایەتی دادەنێ.

**پرسیار**: بە داخی گرانەوە مەلا ئاوارە لە بانەمەری ١٣٤٧دا بە شێوەیەکی زۆر ناجوامێرانە گیرا، و پاش چەند مانگ دواتر لە گەڵ دوو هاوڕێی دیکەی شەهید کران، دەکرێ باسێکمان بۆ بکەی؟

**وەڵام**: بەڵێ، شەهید ئاوارە لە گەڵ دوو هاوڕێی بە ناوەکانی مەلا کەچە و ڕەحمان چاوشین و ڕەحمان ناوێک کە ئەو کاتە تەمەنی نەگەیشت بوو بە ١٨ ساڵ، لە بانەمەڕی ١٣٤٧ دا لە گوندی دیواڵان گیران و لە خەرمانانی ئەو ساڵە دا لە گەڵ دوو کەس لە هاوڕێکانی، واتە مەلا کەچە و ڕەحمان چاوشین لە شاری سەردەشت، هەر لەو گەڕەکەی ماڵی خۆمانی لێ بوو واتە نیزیکەی ١٠٠ میتر لەو لای ماڵی خۆمانەوە تیرەباران کران و چوونە نێو ریزی شەهیدانی هەرگیز نەمری گەلەکەمانەوە. ئەو جینایەتەی ڕژیمی پاشایەتی نەک تەنیا زەربەیەکی گەورەی لە جوڵانەوەی گەلەکەمان دا، بەڵکوو بنەماڵەی ئێمەشی بە تەواوی لە نێو برد. بە دوای شەهید بوونی ئاوارەی نەمر دا برایەکیشمان کاک مەحموود گیرا، کاک محەممەد مەجبور بوو شوێنی ژیانی خۆی بە جێ بێڵێ و ڕابکا، دەنا ئەویش قەرار بوو بگیرێ، منیش کە تازە تەمەنم ١٥ ساڵ بوو لە گەڵ کاکە محەممەدم ڕام کرد. تەنیا برا گەورەکەمان مایەوە کە ئەویش لەو کاتە دا بۆ بازرگانی لە تاران بوو. دایکیشم کە گوێی لە تەقەکان بوو و هەروەها سووڕانەوەی هێلیکۆپتەرەکەی بە سەر ماڵی خۆماندا، دیبوو، نەخۆشیەکی کوشەندەی پێیەوە نوساو و هەتا نەیکوشت لە کۆڵی نەبۆوە.

**پرسیار**: ڕەنگدانەوە و کاریگەری گیران و شەهید کرانی مەلا ئاوارە، لە نێو خەڵک و تێکۆشەران دا و بە تایبەت لە سەر بنەماڵەی خۆتان چۆن بوو؟

**وەڵام**: شەهید کرانی مەلا ئاوارە ڕەنگدانەوەیەکی زۆری لە سەر خەڵکی کوردستان بەگشتی و ناوچەی سەردەشت و بانە دا هەبوو. دەتوانم بڵێم تەواوی خەڵکی کوردستان بۆی بە پەرۆش بوون و دەیانزانی کە ڕێبەرێکی گەورەی داهاتویان لە دەستداوە. لە سەر بنەماڵەی خۆشمان کە هەر وەک لە پرسیاری پێشودا باسم کرد، ڕووخێنەر بوو. لە سەر کادر و پێشمەرگەکانی حیزبیش بە داخەوە زۆر کاریگەریی ڕووخێنەری هەبوو.

**پرسیار**: جەنابت لە ڕێبەرایەتی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران دا چەند ساڵێک تێکۆشانت هەبووە، هۆی چیێە کە بە کەمی ئاوڕ لە تێکۆشەرانی وەک مەلا ئاوارە و شەهیدەکانی ساڵانی ٤٦ — ٤٧ی هەتاویی دەدرێتەوە و یا دراوەتەوە؟

**وەڵام**: بە داخێکی گرانەوە حیزبی دێموکڕات هیچ کاتێک نەیتوانیوە بەڕادەی پێویست، بە قەد باڵای مێژووە پڕ لە شانازیەکانی و شەهیدە سەربەرزەکانی، کەڵک لە هەموو ئەو سەروەریانە وەرگرێ و نرخی تەواو بدا بە شەهیدە سەر بەرزەکانی. دیارە ئەوە بە درێژایی مێژووی حیزبی دێموکڕات هۆی جۆربەجۆری هەبووە و بەشێکی گەورەی دەگەڕێتەوە سەر زوڵمی زۆری دوژمن لە حیزب و گەلەکەمان. بەڵام دەبێ ئەوەش قەبووڵ بکەین کە حیزبیش بۆ خۆی یەکجار زۆر کەمتەرخەم بووە. بە تایبەت سەبارەت بە جوڵانەوەی ٤٦ - ٤٧ی هەتاویی ڕێبەرایەتی حیزب یەکجار زۆر کەمتەرخەمە. هەر وابزانە دەیهەوێ، لە دوای کۆماری کوردستان هەتا کۆنفڕانسی ٣ بازێکی مێژوویی بدا و خۆی لەو هەموو شانازیانە نەکاتە خاوەن. هیچ بیرەوەریەک لە شەهیدە سەربەرزەکانی ٤٦ - ٤٧ی هەتاویی ناکرێ و دەرسێک لەو سەردەمەی کە پڕە لە ئامۆژگاری وەر ناگیرێ. هیوادارم ڕێبەرایەتی حیزب ئاوڕێک لەو مێژوە پڕ لە شانازیە بداتەوە و نرخی خۆی بدا بەو بەشە لە خەباتی حیزب و گەلەکەمان.

**پرسیار**: ڕادەی زانایی و هەڵسوکەوتی مەلا ئاوارە لە لایەن جەنابتەوە چۆن هەڵدەسەنگێندرێ؟

**وەڵام**: من بەش بە حاڵی خۆم ئەوەندە لە نیزیکەوە ئاگاداری کارەکانی شەهید ئاوارە نەبووم. بەڵام ئەوەی لە کادر و پێشمەرگەکانی سەردەمی ئەو وەک کاک حەسەنی شیوەسەڵی، مامۆستا حەسەنزادە، مەلا خدری دۆڵەگەرمی، مەلا عەزیزی ئەحمەدی و زۆر کەسی دیکەم بیستووە، تەنانەت ئەوەی لە زمانی سەرکردەیەکی وەک بەڕێز مام جەلالم بیستووە، شەهید ئاوارە ئینسانێکی لە ڕادە بەدەر تێگەیشتوو و بە توانا بووە. ئەوەش هەم لە هەڵسەنگاندنی کارەکانی دا و هەم لە

نێوەرۆکی شێعرەکانی دا دەر دەکەوێ.

**پرسیار**: شەهید مەلا ئاوارە چەندین شێعری شۆرشگێری و ئەدەبی لە دوای خۆی بە جێ هێشتوون، ئەگەر لەو بارەو تیشک بخەیە سەر بەشێک لە شێعرەکانی ئەو شەهیدە نەمرە سوپاست دەکەم و ئەگەر دیوانی شێعرەکانی پێشتر بڵاو کراونەوە، هۆی چیە ئێستا لە چاپ نادرێنەوە؟

**وەڵام**: شەهید مەلا ئاوارە شاعیرێکی زۆر پایە بەرز بووە. ئەوە لە هۆنراوەکانی وەک "توتنەوانێکی هەژارم، بەهەشتی ئالان، ڕەشبگیری، کوردم کوردستانم دەوێ و لایە لایە" دا بە تەواوەتی دەردەکەوێ. هەر چەندە هۆنراوەی کەم بڵاو بۆتەوە، بەڵام بێ شک ئەگەر تەمەن مۆڵەتی بدابایە، بەرهەمێکی چڕوپڕی پێشکەش بە خەزێنەی هونەری کوردی دەکرد. تا ئێستا دوو کەس هۆنراوەکانی شەهید ئاوارەیان لە نامیلکە دا بڵاو کردوەتەوە. کاک عەبدوڵلا مینایی و کاک حەمەڕەسوڵ حەسەنپوور کە کاری هەر دووکیان جیگای ڕێز و سوپاسە، بەڵام ئەو دوو نامیلکەیەش هەموو بەرهەمەکانی شەهید ئاوارەی تێدا نییە. هیوادارم لە داهاتویەکی نێزیکدا بە هیممەتی دڵسۆزان بتوانین تیشکێکی بەتین‌تر بخەینە سەر بەرهەمەکانی شەهید ئاوارە.

زۆر سوپاس بۆ ئەو کاتەی کە پێت داین و سەرکەوتنت بە ئاوات دەخوازم

**وەڵام**: لە کۆتایی دا داوای سەرکەوتنتان بۆ دەکەم.

١- گروێس ناوی یەکێک لە گوندە خۆش و پڕ لە میوەکانی ناوچەی ئالانی سەردەشتە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی گیارەنگ - ڕێکەوتی: سێپتەمبەری ٢٠٠٧

## بابەتی ساڵی....................... ٢٠١١

# ئێمە لە هەر تریبونێک بە قازانجی گەلەکەمان کەڵک وەردەگرین

**دیمانە: تاهیر قاسمی**

**پرسیار: لە رۆژانی ١١ تا ١٢ی ژوئەنی ٢٠١٠ ئێوە وەک نوێنەری حیزبی دێموکراتی کوردستان بەشداریتان لە کۆبوونەوەی لیبراڵ ئەنترناشناڵ دا کرد. ئامانجتان لە پێوەندی لە گەڵ لیبراڵ ئەنترناشناڵ چییە؟**

**وەڵام: لیبراڵ ئینتەرناشناڵ تریبونێکی گەورەیە کە زیاتر لە ١٢٠ حیزبی دێموکڕات، لیبراڵ – دێموکڕات و لیبراڵی تێدا کۆ بووەتەوە لە سەرانسەری دنیا دا. لە باری بڵاوبونەوەی جوغرافیایی دا، فیدراسیۆنێکە لە پانتاییەکی گەورەی دنیا دا هەیە. پێکهاتەی ئەو کۆبونەوەیەی ئێمە تێیدا بەشدار بوین، ئەوەی بە جوانی نیشان دەدا. چونکە هەر لە ئەفریقای جنوبییەوە تا ئەمریکای لاتین، نوێنەرایەتی حیزبە دێموکڕات و لیبراڵەکانی تێدا بو. ئێمە لە پێش دا وەک تێکۆشەرانی نەتەوەیی گەلی کورد و پاشانیش حیزبی دێموکڕاتی کوردستان، کاری هەرە گرنگمان لە دەرەوەی وڵات، ناساندنی مەسەلەی کورد، گەیاندنی هاواری رۆڵە ستەم لێکراوەکانی کورد بە دنیا و لە قاودانی جینایەتەکانی کۆماری ئیسلامی و دوژمنانی دیکەی گەلی کوردە. ئەوە شتێکی ئاسایییە کە بەدوای تریبونی گەورە دا بگەڕێین بۆ گەیاندنی دەنگی خۆمان. لیبراڵ ئینتەرناشناڵ تریبونێکی گەورەیە کە ئێمە هەوڵمان دا کەڵکی لێ وەرگرین و لەو هەنگاوەشمان سەرکەوتوو بوین. جگە لەوەش وەک حیزبێکی دێموکڕات پێویستە لە گەڵ حیزبە دێموکڕاتەکانی دنیا پەیوەندیمان هەبێ.**

**پرسیار: بە گشتی ئاستی پێوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە گەڵ حیزبە لیبراڵ و دێموکراتەکانی دنیا چۆنە؟**

**وەڵام: لە دوای کۆنگرەی ١٤ەوە، ئێمە هەوڵمان داوە پەیوەندییەکانمان، لە چوارچێوەی بلۆکبەندی بەرتەسک بێنینە دەرێ و بەرفرەوانی بکەینەوە. یەکەم گروهی سیاسی کە دەبو زۆرتر کاری لە سەر بکەین، حیزب و ڕێکخراوە دێموکڕات و لیبراڵەکان بوون کە پێمان وابو لە ڕابردوودا تا ڕادەیەک پشت گوێمان خستبوون. دیارە ئێمە مەیدانی پەیوەندی گرتنمان**

زۆر فراوانتر کردوەتەوە و بۆخۆتان دەزانن، ئێستا حیزبی ئێمە یەکێک لە حیزبە هەرە چالاکەکانی کوردستانە لە باری دیپلۆماسی و پەیوەندییە نێونەتەوەییەکان دا. هەر وەک لە پرسیاری پێشووتر دا ئیشارەم پێ کرد، ئێمە لە هەر تریبوونێکی بە کەڵک بە قازانجی گەلەکەمان کەڵک وەردەگرین. بە ڕەسمی داوەت کرانمان بۆ کۆبوونەوەی لیبراڵ ئینتەرناشناڵ نیشان دەدا کە توانیومانە لەو بوارە دا کار بکەین. ئاستی پەیوەندیشمان دیارە زۆرتر لە چوارچێوەی کەڵک وەرگرتن لە دەرفەت و بە کارهێنانی تریبونەکانە. لەو بارەشەوە ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتر دەچینە پێش. هەرچەند تا لابیگەرییەکی پڕ بە پێستی مەسەلەی کورد جارێ زۆرمان ماوە.

**پرسیار**: ئەو پێوەندیانە بۆ سەردەمی حیزبی دێموکراتی یەکگرتوو دەگەڕێنەوە یان دوای لەتبوونەکە ئێوە وەک حیزبی دێموکراتی کوردستان توانیوتانە پەرەی پێ بدەن؟

**وەڵام**: دیارە پەیوەندی گرتن لە گەڵ ئەحزابی دێموکڕات و لیبڕاڵ هەمیشە هەبووە. خۆ لە هێندێک وەڵات، بۆ وێنە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، تەنیا حیزبی دێموکڕات و محافزەکار تێکۆشانیان هەیە. هەمیشەش حیزبی دێموکڕات لە گەڵ حیزبەکانی ئەو وڵاتانە پەیوەندی گرتووە. جگە لەوەش لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و لە گەڵ بزوتنەوەکانی ڕزگاریخوازی وەک فەلەستین و هیتر، زۆرتر لە ڕێگای حیزب و ڕێکخراوە دێموکڕاتەکانەوە پەیوەندی هەبووە. کەوابو پێش لەتبونیش پەیوەندی هەبووە. بەڵام دوای لەتبون ئێمە بە گشتی، نەک تەنیا لەم بوارە دا، بەڵکو لە هەموو بواری پەیوەندییەکان دا، لە جاران چالاکتر بوین و پەیوەندییەکانمان بەرفرەوانتر کردووە. بەتایبەت ئەوەندەی ئەمن ئاگادار بم ئەوە یەکەمجارە کە ئێمە بۆ کۆبونەوەیەکی ئاوا گرنگی حیزب و ڕێکخراوە دێموکڕات و لیبڕاڵەکان بانگهێشت دەکرێین.

**پرسیار**: نیزیک بوونەوە لە حیزبە لیبراڵەکان بە گشتی چ قازانجێکی بۆ حیزبی دێموکراتی کوردستان و بۆ کورد بە گشتی هەیە؟

**وەڵام**: حیزبە دێموکڕات و لیبڕاڵەکان ئەمڕۆ لە دنیادا ڕۆڵێکی زۆر گرنگ دەگێڕن. لە زۆر وڵات دا دەوڵەتیان بە دەستەوەیە یا لە دەوڵەت دا بەشدارن. لە ئەمریکا هەر ئێستا دەوڵەتیان بە دەستەوەیە. لە ئوروپا لە زۆر وڵات دا لە دەوڵەت دا بە شدارن یا دەوڵەتیان بە دەستەوەیە. هەر ئەمساڵ لە وڵاتانی گرنگی وەک بەریتانیا و هولەند براوەی هەڵبژاردنەکان بوون و سەرگەرمی پێکهێنانی دەوڵەتن. ئێمە چ وەک کورد و چ وەک حیزبی دێموکڕات پێویستە بە قازانجی گەل و وڵاتەکەمان ئەو لایەنانە لە سەر مەسەلەکانی پەیوەندیدار بە ماف و ئازادیەکانمان، ئاگادار بکەینەوە و هەوڵ بدەین سەرنجی ئەوان بۆ لای مافە ڕەواکانمان ڕاکێشین. هەروەها پێویستە ئاگاداریان بکەینەوە لە سەر ئەو پێشێلکاریانەی

لە لایەن ڕژیمە دیکتاتۆر و سەرەڕۆکانەوە لە بواری مافی مرۆڤ لە وەڵاتەکەمان دا ڕوو دەدەن. ئەو حیزب و ڕێکخراوانە شوێندانەرن لە دیاری کردنی سیاسەتە نێونەتەوەیییەکان و پێویستە ئێمە کارێکی وا بکەین کە لە هەڵوێستەکانیان دا و لە داڕشتنی سیاسەتی نێونەتەوەیی‌یان دا گەلی کورد و پرسە ڕەواکەیان لە بیر نەچێ. بێگومان پەیوەندی لە گەڵ ئەوانە بۆ ڕاکێشانی سەرنجی دنیا بەرەو مەسەلەکانمان و بۆ بەدەست هێنانی هەرچی زۆرتری پشتیوانی نێونەتەوەیی کەڵکی زۆرە. هەم بۆ گەلەکەمان و هەمیش بۆ حیزبەکەمان.

**پرسیار**: باشە دوایین کۆبوونەوەی لیبراڵ ئەنترناشناڵ تا چەند و چۆن باسی پرسی کوردی بە گشتی کرد؟

**وەڵام**: یەکێک لە پانێل گێڕەکان واتە "خانمی سخاکە" لە باسەکەی خۆی دا بە تایبەتی هەڵوەستەی لە سەر مەسەلەی کورد بە گشتی، ڕوژهەڵاتی کوردستان و ئێران بە تایبەتی کرد. هەروەها کاتێک لە نێو باسەکان دا ئێمە وەک هەیئەتی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان باسی مەسەلەی کورد بە گشتی و مەسەلەی مافی مرۆڤ و پێشێلکارییەکانی ڕژیمی ئێرانمان بە تایبەتی کرد و ئەو پرسیارەمان لە بەردەم کۆبونەوەی لیبڕاڵ ئینتەرناشناڵ دانا کە ئەوان لە مەسەلەی یارمەتیدان بە گەشەی دێموکڕاسی و لە دژی ڕژیمە دیکتاتۆرەکان و پێشێلکارەکانی مافی مرۆڤ دا چ بەرنامەیەکیان هەیە، باسێکی درێژ لە سەر ئێران و کوردستان هاتە ئاراوە و تەنانەت سەرۆکی لیبڕاڵ ئینتەرناشناڵ ئاغای "ڤان باڵن" بۆخۆیشی زۆر بە باشی باسی کرد و بە ئەرکی لیبڕاڵ ئینتەر ناشناڵی دانا کە لەو بوارانە دا یارمەتیدەر بن. جگە لەوە، لە میانەی ئەو کۆبونەوەیەدا ئێمە لە گەڵ زیاتر لە ٢٠ هەیئەت دیدارمان کرد و کۆمەڵێک زانیاریمان لە سەر گەلی کورد و مافی مرۆڤ لە کوردستان و ئێران دا پێشکەش کردن کە بە شێوەی بەستەیەکی زانیاری بە زمانی ئینگلیزی ئامادەمان کردبو. بە بڕوای من تا ڕاددەیەکی باش توانرا بە قازانجی گەلی کورد لەو کۆبونەوەیە کەڵک وەربگیرێ. بۆ حیزبی دێموکراتی کوردستانیش مەیدانێکی تازەی کاری دیپلۆماسی کرایەوە.

**پرسیار**: لە بابەت پرسی کوردی رۆژهەڵات و بە تایبەت زەبروزەنگ و قەڵاچۆی کۆماری ئیسلامی لە سەر ئەو نەتەوەیە، ئایا کۆبوونەوەی لیبراڵ ئەنترناشناڵ شتێکی لە بەرنامەدا هەبوو؟

**وەڵام**: هەر وەک ئیشارەم پێکرد باسی یەکێک لە پانێلگێڕەکان "خانمی سخاکە"بە شێوەیەکی سەرەکی لە سەر مەسەلەی مافی مرۆڤ لە کوردستان و ئێران و پێشێلکارییەکانی کۆماری ئیسلامی لەو بارەیەوە بو. ناوبراو وەک ئەندامی پارلەمانی ئوروپا کار لە سەر پەروەندەی مافی مروڤ لە کوردستان و ئێران دەکا و زۆر زانیاری باشیشی هەبو. لە کۆبونەوەکە دا بە درێژی باسی زیندانییەکان، ئیعدامەکان و پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤ لە کوردستان و ئێران کرا. جگە لە پانێلەکە ئێمە بە جیا

لە گەڵ هەر هەیئەتێک کە دانیشتین، کۆمەڵێک زانیاریمان لەو بارەوە بە شێوەی دۆکومێنت پێشکەش کرد. ئەوانیش پێشوازییەکی باشیان کرد و قەرار درا لەمەودوا پەیوەندی زۆرتر و چڕترمان هەبێ. هەروەها بە دەعوەت کردنی ئێمە و گونجاندنی ئەو باسە لە بەرنامەی کار دا، دەکرێ بڵێین تا ڕاددەیەکی باش گرنگی بەو مەسەلەیە درابوو.

**پرسیار**: بە سەرنجدان بە جۆری پێوەندیەکانی تا ئیستای حدک و بە گشتی حیزبە کوردیەکان کە زیاتر لە پێوەندی لە گەڵ سوسیال دێموکراتەکان دا چر ببۆوە، نیزیک بوونەوەتان لە حیزبە لیبراڵ و دێموکراتەکان زیاتر لە راستای لابیگەری دایە یان گۆڕانە لە سیاسەتەکانی حیزبەکەتاندا؟

**وەڵام**: ئەو هەوڵانە هەروەک باسم کرد لە چوارچێوەی بەرفراوان کردنەوەی لابیگەری و چڕ کردنەوەی کاری دیپڵۆماسی دایە و هیچ پەیوەندی بە گۆڕانی سیاسییەوە نییە. ڕەنگە کرانەوەی ئێمە لە دوای کۆنگرەی چواردەشەوە لە سەر هاسانتر پەیوەندی گرتن شوێندانەر بووبێ. بەڵام ئەوە بە هیچ شێوەیەک بە مانای وەرچەرخانێک نییە لە سیاسەت دا، بەڵکو گۆڕانێکە لە شێوەی کاری دیپڵۆماسی دا. ئێستاش ڕاگرتن و پەرەپێدانی پەیوەندی لە گەڵ سۆسیال دێموکڕاتەکان بۆ ئێمە ئەولەوییەتی هەیە و ئەوان لە خۆمان بە نیزیکتر دەزانین. ئامادەشین بۆ کاری هاوبەش لە گەڵ ئەوان زۆرتر بچینە پێش و گرنگی زۆرتریان پێ بدەین. بەڵام ئەوە بەو مانایە نییە کە ئێمە تەنیا لە گەڵ سۆسیال دێموکڕاتەکان پەیوەندی دەگرین و لە تریبونەکانی دیکە کەڵک وەرناگرین. لە دنیادا سەردەمی بلۆکبەندی کۆتایی هاتووە و سۆسیال دێموکڕاتەکان بۆخۆشیان بە سەر ئەو قۆناغە دا تێپەڕیون. لە زۆر وڵات دا سۆسیال دێموکڕاتەکان لە گەڵ دێموکڕاتەکان و لیبراڵەکان دا هاوکاریان هەیە و لە دەوڵەت دا ئیئتیلافیان پێک هێناوە. هەروەها لە دنیای پێشکەوتوو دا باسی بایکۆت لە گوڕێ دا نییە. پەیوەندی لە گەڵ هەر هێزێک باشە بەو مەرجەی دژت نەبێ. بۆ پەیوەندی مەرج نییە هێزێک دەقاو دەق وەک تۆ بیر بکاتەوە. هەر بۆیە حیزب و ڕێکخراوە سۆسیال دێموکڕاتەکان و دێموکڕات و لیبراڵەکان هەر چەند ڕەقیبی یەکتریشن لە سیاسەت دا، بەڵام دژی یەکتر نین و پێکەوە پەیوەندی و جاری واشە هاوکاریان هەیە. ئێمەش دەکرێ لە گەڵ هەردووک لایان پەیوەندیمان هەبێ. جا لە گە ڵ یەکیان کەمتر و لە گەڵ ئەوی دیکە زۆرتر.

**پرسیار**: بە سپاس لەوە کە کاتی خۆتان بۆ وڵامدانەوە بە پرسیارەکانم تەرخان کرد، من پرسیارێکم نەماوە، ئەگەر ئێوە شتێکی زیاترتان هەیە لەم بارەوە، تکایە بیفەرموون.

**وەڵام**: هیوادارم ئەو هەوڵانەی دەیدەین ڕۆژێک ببنە هۆی بە دەستهێنانی پشتیوانییەکی باش بۆ گەلەکەمان و هەروەها بتوانین لە داهاتو دا ئەو پەیوەندیانە بکەینە پەیوەندی نێوان بەرەی کوردستانی و ئەو هێزانە. چونکە شک لەوە دا نییە

**بەشی دووهەم**

**که ئەگەر به یەکدەنگی بەرەو مەیدانی دیپلۆماسی بڕۆین، زۆر باشتر گوێمان لێ دەگرن و بە پیرمانەوە دێن. ئێمەش وەک حدک ئامادەین لە حاڵەتی یەکگرتنێکی کوردستانی دا پەیوەندییە کانمان بۆ ناساندنی ئەو یەکگرتنە بەکار بێنین.**

**سەرچاوە: ماڵپەڕی رۆژهەڵات تایمز - ڕێکەوتی: ١٨ی جوونی ٢٠١١**

## شوێنکاری گەمارۆ ئابورییەکان لەسەر ڕژیمی ئێران

بە پەسند کرانی بەستەی گەمارۆ ئابورییەکانی یەکیەتی ئوروپا، ڕژیمی ئێران کەوتەبەر پەلامارێکی بەربڵاوترو کاریگەرتری گەمارۆی کۆمەڵگا نێونەتەوەیی‌و چەندین هەنگاوی گەورەتر فرێدرایە گۆشەی تەریک کەوتنەوە. یەکیەتی ئوروپا کە ٢٧ وڵاتی گرنگ لە باری ئابورییەوە لەخۆ دەگرێ، بەتایبەت لەباری ئێنێرژییەوە دەتوانێ شوێنکارێکی گەورەی هەبێ. بەتایبەت کە یەکێک لە ئامانجە گرنگەکانی گەمارۆی ئابوریی ئوروپا ڕێگرتن لە چوونی بەنزین بۆ ئێران‌و هەروەها ڕێگرتن لە چوونی تکنیکو کەلوپەلی پێویست بۆ دروستکردنی پاڵاوگەی نەوتە.

بەپێی ئاماری ئوروپاییەکان زیاتر لە ٤٠% ی بەنزینی پێویست بۆ ئێران لە دەرەوە هاوردە دەکرێ‌و ڕێژەیەکی باش لەو هاوردەکردنە لە ڕێگای وڵاتانی ئەندام لە یەکیەتی ئوروپاوەیە. بەتایبەت لە بوارەکانی تکنیک، زانست و کەرەسەی دروستکردنی پاڵاوگەدا ئێران هەمیشە بەستراوە بە ئوروپا و ئەمریکا بووە و هەیە.

جێگای ئاماژەیە کە ڕووبەڕووبونەوەی کۆمەڵگای نێونەتەوەیی لە گەڵ کۆماری ئیسلامی لە باری گەمارۆ ئابورییەکانەوە هەتا دێ زۆرتر لەو ڕووبەڕوونەوەیە دەچێ کە بەرامبەر بە ڕژیمی بەعسیی ڕووخاو لە عێراق هەیان بوو. ئەو جاریش وێدەچێ ئەمریکا و ئوروپاو ئیسرائیل توانیبێتیان بە دنیا بسەلمێنن کە ڕژیمێکی خەتەر بۆ سەر ئاسایشی دنیا لە ناوچەیەکی ستراتیژی وەک ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست دا، لە حاڵی خۆ بەهێز کردن و خۆ چەکدار کردن بە چەکی ئەتۆمی دایە. ئەوەش دیارە بۆ دنیای ئەورۆ بە هیچ شێوەیەک قبوڵ ناکرێ.

مەسەلەی بەربڵاوبوونی گەمارۆکانی ئەمجارە کاتێک دەرکەوت کە ڕوسیەو چینیش پشتیوانیان لەو گەمارۆ تازەیە کرد. ئەگەر لە بەرچاو بگرین کە ئاڵو وێری بازرگانی لە روسیە لە ساڵدا زیاتر لە ٤ میلیارد دۆلارو لەگە ڵ چینیش تەنانەت لەو ڕاددەیەش زیاترە، بۆمان دەردەکەوێ کە ئەو گەمارۆیانە چەندە گرنگن. وەڵاتێکی وەک چین کە یەکێک لە گەشەدارترین ئابورییەکانی دنیای هەیە، ئێران بازارێکی گەورەیە بۆ چین بۆ ناردنی کەلوپەلی سنعەتی، بەتایبەت ماشێن ئالاتو هەروەها زیاتر لە ١١% ی نەوتو گازی خۆی لە ئێرانەوە هاوردە دەکاو بۆ شیرکەتە چینیەکان سەرمایەگوزاری لە سنعەتی نەوتو گازی ئێران دا زۆر سەرنج ڕاکێشە، هەروا بە هاسانی پشتیوانی لە گەمارۆی ئابوری دژی وڵاتێکی وەک ئێران ناکا.

لە بواری ئێنیرژی دا وادیارە گە مارۆ لەسەر دابین کردنی بەنزینی فڕۆکە خەریکە شەڕە دەندوکەی لێدەکەوێتەوە. لە حاڵی حازردا جگە لە ٣ وڵاتی ئوروپایی، هیچ وڵاتێک ڕیگا بە "ئیران ئەیر" نادا کە لە کاتی نیشتنەوە لە وڵاتەکانیان باکی بێنزینەکەی پڕ بکاتەوە. ئیران ئەیر کە لە ساڵدا زیاتر لە نیو میلیۆن کەس بۆ ئوروپاو بەپێچەوانەوە دەگوێزێتەوە، بۆ پڕکردنەوەی باکی بێنزینەکەی دەبێ بە مەجبوری وەستانێک لە وییەن پێتەختی وڵاتی ئوتریش بکا. دیارە ئەو مەسەلەیە کاردانەوەی ڕژیمی بەدواوە بووەو لە بڕیارێک دا ڕژیم ڕێگای لە "بریتیش ئەیر" گرت کە لە تاران بێنزین لێبداتەوە. هەروەها چاوەڕوان دەکرێ کە لە داهاتودا هەر ئەو بڕیارەش لە سەر ئێرفرانس، کی. ئێڵ. ئێم و لوفتانزا جێبەجێ بکرێ. بەڵام بێشک ئەو هەنگاوەش کاردانەوەیەکی دیکەی ئوروپایی بەدواوە دەبێ‌و ئەوەندەی دیکە ڕژیم بەرەو ئیزۆلە بوون پاڵ پێوە دەنێ. چونکە ئیمکانی هەیە ئەو شیرکەتە هەواییانە بڕیار بدەن بۆ ئێران هاتوچۆ نەکەن. ڕژیم دەبێ ئەوە بزانێ کە جێگای ئەو لە دنیادا بە ڕادەی جێگای وڵاتانی ئوروپایی بەهێز نیەو ئەو زۆرتر مەجبوری هاتو چۆی ئەوانە.

ڕاستییەکەی ئەوەیە کە ڕژیمی کۆماری ئیسلامی زۆر لەوە لاوازترە کە دەیهەوێ نیشان بداو گەمارۆکان زۆر لەوە کاریگەریان زیاترە کە ڕژیم ددانی پێدا دەنێ. هەروەها بەستراوەیی ڕژیم و ئەو نیمچە سەنعەتەی کە زۆری پڕوپاگەندە پێوە دەکا، زۆر لەوە زیاتر بەستراوەو لاوازن کە ڕژیم نیشانی دەدا.

ئابوریی ئێران بەگشتی ئابورییەکی لاواز لە قۆناغی گواستنەوە بۆ بە سنعەتی بوون دایە. ڕادەی بێکاری لەو ئابورییە دا زۆر لە ڕاددەی ڕاگەیەنراو لەلایەن ڕژیمەوە کە ١١ % ە، زیاترە. ئابوری زانە ڕۆژئاواییەکان ڕاددەی بێکاری لە ئێراندا بە زیاتر لە ٢٠ % دادەنێن. جگە لە هەموو ئەوانە، ساڵانە نیزیکەی نۆسەدهەزار کەس بە لەشکری ئەوانەی دەبێ کاریان بۆ دابین بکرێ (خوازیارانی کار) زیاد دەبێ. هەروەک لە حاڵی حازردا ڕاددەی ئاوسانی دراوییش دەگاتە زیاتر لە ٢٠ % لە ساڵدا.

سەنعەتی بچوکی ناوخۆیی وەک دەزگا هونەرییە کان، فەڕش، سیرامیک، شووشەو پارچەو هەروەها بەرهەمەکانی وەک خاویار، پستەو زەعفەرانیش هەم لە سایەی گوێنەدانی کاربەدەستان و هەم لە سایەی ڕەقابەتی زیاتری نێونەتەوەییدا خەریکە دەوری گرنگی خۆیان لە ئابوری ئێران دا لەدەست دەدەن. سەنعەتی پێترۆشیمی، کانزاکانو ماشێن ئالاتیش بە تەواوەتی بەستراوە بە دەرەوەن. باڵانسی هەناردنە دەرەوەی کالاکانو هێنانی کالاکان لە دەرەوە ڕا بە هیچ شێوەیەک بە قازانجی ئێران نییە. بەهۆی هاوردەکردنی هەمو جۆرە کە ل و پەلیک بە نرخێکی هەرزان لەلایەن دامەزراوە بازرگانییەکانی سەر بە ڕژیمەوە، بە جارێک سنعەتی ناوخۆیی بەرەو دوا گەڕاوەتەوە. تا ئەوەی پێشکەوتن بەخۆیەوە ببینێ. تەنیا سەرچاوەی داهاتێک کە لە ساڵەکانی دوایی دا ئێران خۆی پێ ڕاگرتووە، ناردنە دەرەوەی نەوتو گاز بووە، کە ئەویش زۆر

بەستراوەیە بە دەرەوە. هەم لەباری تکنیکیو هەم لە باری بازاڕەوە.

باشە دەکرێ لە حاڵەتێکی ئاوادا بڕوا بە قسە کانی ئەحمەدینژاد بکەین کە دەڵێ گەمارۆکان شوێنکارێکی ئەوتۆیان نییەو تەنانەت ئیددیعا دەکا کە بە قازانجی ئێرانن؟!

سەرچاوە: ماڵپەڕی گیارەنگ - ڕێکەوتی: ٢٧ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٠

## با بە هەمومان هەوڵ بدەین بەڕێز کەبودوەند خەڵاتی ئاشتیی نۆبڵ وەربگرێ

بە خۆشییەوە دەبینم کۆ دەنگییەکی بەرچاو لە سەر کادیداتۆریی تێکۆشەری بواری مافی مرۆڤ لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بەڕێز کەبودوەند بۆ وەرگرتنی خەڵاتی ئاشتیی نۆبڵ هەیە. تێکڕای حیزب و ڕێکخراوەکان پشتیوانیان لێ کردووە و تەنانەت بەشێک لە و ڕێکخراوانە لە ڕاددەی ڕێبەری ڕێکخراوەکەدا کاندیدا تۆریی بەڕێزیانی پەسند کردووە. کە بەڕێز کاک خالیدی عەزیزی سکرتێری حیزبی دێموکڕاتی کوردستان، یەکێک لە و ڕێبەرانەیە.

دیارە پشتیوانی لە بەڕێز کەبودوەند هەروا لە خۆڕا نەهاتووە. خەباتێکی ئاشتیخوازانەی دوور و درێژی لە پشتە و چەندین ساڵ لە تەمەنی لاویی بەڕێز کەبودوەند دەسمایەکەیەتی. تێکۆشەری بواری مافی مرۆڤ، بەڕێز کەبودوەند ژیان و ماڵ ومنداڵی لە پیناوی پاراستنی مافی ئینسانیی کە سانی دیکە دا کردوەتە قوربانی و بەوەش مافێکی حاشا هەڵنەگری بۆ خۆی دەستەبەر کردووە، ئەوەش مافی وەرگرتنی خەڵاتی ئاشتی نۆبڵە. بەڕاستی کێ لە و زیاتر حەقی ئەوەی هەیە کە ببێتە خاوەنی ئەو خەڵاتە؟

جگە لەوەش ئەو بەڕێزە نوێنەرایەتی گەلێک دەکا کە بە درێژایی سەدەکانی ڕابردوو مافی ئینسانی لێ زەوت کراوە و بە دڕندانەترین شێوە پێشێل کرانی مافی مرۆڤی لە سەر تاقی کراوەتەوە. بە تایبەتی لەو بەشە لە کوردستان دا کە بەڕێز کەبودوەند تێیدا چالاک بوو، پێشیکارییەکانی مافی مرۆڤ بە ئەوجی خۆی گەیشتووە، بەجۆرێک کە چالاکانی وەک بەڕێز کەبودوەند لە جیاتی ئەوەی بتوانن یارمەتی بە کە سانی دیکە بکەن، ژیانی خۆشیان کەوتوەتە مەترسییەوە.

وەرگرتنی خەڵاتی ئاشتیی نۆبڵ، مافی بێ ئەملاو ئەولای بەڕێز کەبود وەندە. وەرن با بە هەمومان تێبکۆشین ئەو مافە بە جێگای شیاوی خۆی بگا و تۆزقاڵێک لە برینەکانی جەستەی مافی مرۆڤ لە کوردستان دا سارێژ ببێ.

با لە هەمو کۆڕ و کۆمەڵە نێو نەتەوەییەکان بەرگری لەو حەقە بکەین و تێبکۆشین هەرچی زۆرتر ئە و ڕاستییە بسەلمێنین کە بەڕێز کەبودوەند موستەحەقترین کاندی خەڵاتی ئاشتی نۆبڵە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی حدک میدیا - ڕێکەوتی: ١٢ی جانێویری ٢٠١١

## باشترین هەلە بۆ کورد لە پێناو مافەکانیدا بێتە سەر شەقام

تەقینەوەی ڕق و بیزاری کۆمەڵانی خەڵک بەسەر دیکتاتۆرەکان دا لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، سەرنجی دنیای بۆ لای ڕۆڵی دیاریکەری کۆمەڵانی خەڵک ڕاکێشاوە. ئەو جوڵانەوەیەی کە لە پێناوی بەدەستهێنانی دێموکراسی و مافی ڕەوای کۆمەڵانی خەڵک لە وڵاتە عەرەبییەکان گەشەی کردووە، پشتیوانی زۆربەی نیزیک بە تەواوی وڵاتانی ئازاد و دێموکراتیکی بەدەست هێناوە. لە زۆر وڵات دا تەنانەت قازانجی ئابوری وڵاتەکەش نەی توانیوە بەسەر ئیرادەی سیاسی دا زاڵ بێ و پشت لە شەپۆلی کۆمەڵانی خەڵک بکا لە و وڵاتانەدا. تەنانەت خزم و لایەنگر و هاو کاسە و هاو بەرژەوەندی دیکتاتۆرەکانیش، بە مەجبوری بەرە بەرە لایەنی کۆمەڵانی خەڵکیان گرتوە.

ئەو یاسا و ڕێسا نێو نەتەوەییانەی کە لە زۆر شوێنی جیهان دا و بە تایبەت لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست دا کێشرابون و بە پیرۆز دادەنران و لە پەیوەندیی نێو نەتەوەیی دا بە پێی قازانجی ئابوری کەڵکیان لێ وەردەگیرا، هەمو لە هەڵوەشانەوە دان. بە خۆشییەوە خەریکە یاسا دەبێتە ویستی کۆمەڵانی خەڵک و سنورە دەسکردەکان هەڵدەوەشێنەوە. لە و ماوەیەدا کۆمەڵگای نێو نەتەوەیی و بەتایبەتی زلهێز و وڵاتە خاوەن دەسەڵاتەکان، لە زۆر وڵاتی دنیادا، مەجبور بوون کە بە سیاسەتی ڕابردووی خۆیان دا بچنەوەو بە لە بەرچاو گرتنی نەخشی کۆمەڵانی خەڵکی سەر شەقام، لە سەر ڕا موناسەبات و سیاسەتی نێونەتەوەیی خۆیان دابڕێژنەوە.

گەلانی زیان بەرکەوتو لە خەت و نیشان کێشانەکانی پاش دوو جەنگی جیهانی، خەریکن پەروەندەکان هەڵدەدەنەوە و قەرارداد و بڕیار ە زیانبەخشە نێو نەتەوەییەکان وەلا دەنێن و دیکتاتۆرەکان یەک لە دوای یەک شکست دەدەن. ئیدی بە بەهانەی پەیمانە نێو نەتەوەییەکان کە دوور لە ویست و ئیرادەی خەڵکی وڵاتەکان بەستراون و لە ڕاستی دا بۆ ژێر چەپۆک کردنی ئەوان داڕێژراون، نادیدە دەگرن و هەڵدەوەشێننەوە. کۆمەڵانی خەڵکی سەرشەقام لە وڵاتە جۆر بەجۆرەکان دا خەریکن نەخشەی سیاسی وڵاتەکەیان دادەڕێژنەوەو ئیرادەی خۆیان زاڵ دەکەن بەسەر ویستی دیکتاتۆران و قازانجی وڵاتانی بێگانەدا.

نەتەوەی کورد کە گەورەترین قوربانی موناسەبات و قەرارداده نێونەتەوەییەکانی دوای جەنگی جیهانی یەکەم و دووەمە، هەلێکی زۆر باشی بۆ ڕەخساوە کە بە تێکڕا لە هەر چوارپارچەی کوردستان بە شێوەیەکی هێمنانە بێتە سەر شەقامەکان وداوای گەڕاندنەوەی ئیرادەی خۆی بکا. داوا بکا کە ئەو قەرارداد و پەیمانە دەستکردانەی وڵاتەکەیان دابەش و

نەتەوەکەیان پارچە پارچە کردووە، هەڵ وەشێنەوە. داوا بکا کە مافی نەتەوەیی کورد لە هەر چوارپارچەی کوردستان بە ڕەسمی بناسرێ و چیدی ڕۆڵەکانی کورد تە نیا بە بە هانەی نێو هێنانی هوویەتی خۆیان ملیان بە پەتی سێدارە دانەکرێ.

کاتی ئەوەیە لە باشوری کوردستان بێنە سەر شەقام بۆ گەڕاندنەوەی ناوچە دابڕاوەکان. بۆ سەقامگیر کردنی دەسەڵاتی نەتەوەیی و دژی دەست تێوەردانی بێگانە لە کار و باری وڵاتەکەیان دا. جێگای خۆیەتی لە جیاتی قووڵکردنەوەی ناکۆکییە سیاسییەکان، هەمو پێکەوە و بە ڕوحێکی نەتەوەیییەوە لە هەوڵی پایەدار کردن و بەهێز کردنی ئەزمونەکەیان دابن و کۆمەڵانی خەڵک هانبدەن کە بێنە سەر شەقام بۆ گێڕانەوەی ناوچە دابڕاوەکان بۆ سەر هەرێمی کوردستان. حە ق وایە بەرپرسان و حیزب و ڕێکخراوەکان هەمو توانای خۆیان بەکار بێنن بۆ ڕازی کردنی کۆمەڵانی خەڵک و پێهێنانی بەرەیەکی یەکگرتو لە پێناوی وە سەریەک خستنەوەی هە مو ناوچە دابڕاوەکان. جێگای داخە کە لە جیاتی هاتنە سەرشەقام بۆ چەسپاندنی مافی نەتەوەیی و گێڕاندنەوەی ناوچە دابڕاوەکان، خەڵک بێتە سەرشەقام بۆ هێندێک ویستی بە حەق، بەڵام زۆر بچوک بە بەراورد لەگەڵ مە سەلە نەتەوەییەکە.

لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان کاتی ئەوەیە حیزبەکان یەک بگرن و هەوڵ بدەن خەباتی جەماوەری بە هێز کەن و کۆمەڵانی خەڵک بێننە سەر شەقام، لە پێناوی داوای مافە نەتەوەییەکان دا. کورد باشترین دەرفەتی بۆ هەڵکەوتووە تا شەپۆلی هێمنانەی خەباتی جەماوەریی خۆی تێکەڵ بە خەباتی جەماوەری کۆمەڵانی خەڵک لە ناوچەکە بکاو ئەو زوڵمەی بە درێژایی سەدان ساڵ لێی کراوە بێنێتە بەر باس و دەرفەتی بۆ هەڵکەوتووە تا شەپۆلی هێمنانەی خەباتی جەماوەریی خۆی تێکەڵ بە خەباتی جەماوەری کۆمەڵانی خەڵک لە ناوچەکە بکاو ئەو زوڵمەی بە درێژایی سەدان ساڵ لێی کراوە بێنێتە بەر باس و داوای مافی نەتەوەیی خۆی بکا. ئەگەر کورد یەکگرتوبێ و ئەگەر بە تێکڕا و بە یەک دروشم بێتە سەر شەقام، بێشک دەتوانێ سەرنجی دنیا بۆ لای خۆی ڕاکێشێ و دیکتاتۆرێکی خوێنخۆری وەک کۆماری ئیسلامیش ناتوانێ هیچ بکا. زۆر جێگای داخ دەبێ ئەگەر ئەو دەرفەتەش لە دەست بچێ و ئێمەی کورد نەتوانین، بەهەر بە هانەیەکەوە بێ، کەڵکی لێ وەربگرین.

هەروەها لە باکوری کوردستانیش باشترین هەلە بۆ هاتنە سەر شەقام بە شێوەیەکی هێمن و مەدەنیانە. هیچ وڵاتێک ناتوانێ هاتنە سەر شەقامی کۆمەڵانی میلیۆنی خەڵک نادیدە بگرێ لە هەل و مەرجی ئەوڕۆ دا. بە تایبەت وەزعی تورکییە زۆر گونجاوە بۆ خەباتی مەدەنی و هێمنانەی سەر شەقام و ئەگەر کورد بەتێکڕا بێتە مەیدان و داوای چارەسەری مەسەلەی نەتەوەیی بکا، سەرنجی هەمو دنیا ڕادەکێشێ.

لە باشوری ڕۆژئاوای کوردستانیش هەروا. لە وڵاتی سوریيە تەنانەت مافی شارۆوەندیش بۆ بە شێکی زۆر لە کورد تا ئێستا بە ڕەسمی نەناسراوە. ئەورۆ ڕۆژی هاتنە شەقام و داوای مافەڕەواکانە. باشترین ڕێگاش لە سەردەمی ئەمڕۆ دا هەر ئە و خەباتە جەماوەرییە یە.

بۆ هەمو کورد هەلێکی مێژوویی یە. جێگای خۆیەتی کە هەمو قازانجە، شەخسی، حیزبی، سینفی و گروهییەکان وەلا بنرێن و کورد لە هەر چوارپارچەی کوردستان بە هەمو چین و توێژەکانییەوە، بە هەمو ڕێکخراوەکانییەوە و بە کۆمەڵی میلیۆنی بێتە سەرشەقام و دژی ئەو زوڵمە نەتەوەییەی بە درێژایی سەدان ساڵ لێی کراوە و بۆ دەستەبەر کردنی مافە نەتەوەییە ڕەواکانی بە شێوەیەکی یەکگرتوو خۆپیشاندان بکا.

سەرچاوە: ماڵپەڕی گیارەنگ - ڕێکەوتی: ٢٥ی فێبریویری ٢٠١١

# بەرەو کۆنگرەی پازدەو ئاوڕێک لەکۆنگرەی چاردە

(بەشی یەکەم)

بەرەبەرە لە کۆنگرەی پانزدەی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان نیزیک دەبینەوە. خۆئامادەکردن بۆ کۆنگرەو لەبەرچاو گرتنی هەمو ئەو کەم و کوڕیانەو سەرکەوتنانەی کەلەدوای کۆنگرەی چاردەوە تا ئەمڕۆ، حیزبەکەمان لەگەڵیان ڕووبەڕوو بووە، دەتوانێ زۆر بەکەڵک بێ لە پڕۆسەی خەباتی داهاتومان دا.

هەر بۆیە بە پێویستی دەزانم هەم خاڵە بەهیز و لاوازەکانی کۆنگرەی چاردە هەڵسەنگێنم و هەم ئەو بڕیارەگرنگانەی کە لە کۆنگرەی پازدەدا دەبێ بدرێن و ئەولەوییەتیان هەیە بێنمەبەر باس. بەبێ ئەوەی بم هەوێ لەڕاددەی خۆی زیاتر گرنگی بدەم بە بڕیارەکانی کۆنگرەی چاردە، بە باوەڕی من لەو کۆنگرەیەدا حدک زۆر پرسیاری گرنگی وەڵام دانەوە کە پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆیان لەگەڵ داهاتوی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و پرسی نەتەوەیی بە گشتی هەبوو.

بۆ دەرخستنی ئەو ڕاستییە با چاوێک بە پێڕەو و پرۆگرامی پەسندکرا و لە کۆنگرەی چاردە دا بخشێنین. هەر لە سەرەتای پەیڕەو و پرۆگرام دا هێندێک پرسی مێژووی نەتەوایەتیمان ڕوون کراونەوە. پێشەکیی بەرنامە و پێڕەو بە گۆشەنیگایەکی تەواو نەتەوەیی نوسراوەو لە وێ دا تێڕوانینی کوردستانی زاڵە بەسەر تێڕوانینی ئێرانی دا. پێشەکی دەست پێ دەکا بە ڕستەی "ڕەوتی پێکهێنانی دەوڵەت- نەتەوەکان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دا بە دوای شەڕی یەکەمی جیهانی دا، ئەو ئیمکانەی بە کورد نەدا تا ئەو نەتەوە دێرینەی ناوچەکەش ببێتە خاوەن دەوڵەتی سەربەخۆ" ئەو ڕستەیە لە ڕاستی دا گەلێک مەسەلەی پەیوەندیدار بە پرسی نەتەوەیی کورد بە گشتی و پرسی نەتەوەیی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە تایبەتی ڕوون دەکاتەوە.

**یەکەم؛** ئەوەی کە کوردیش لە ناوچەکەدا " کە مەبەستی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستە" یەکێک لە دێرینەترین نەتەوەکان بووەو دەبوو ئەویش لە پێکهێنانی دەوڵەت - نەتەوەی خۆی بەهرەمەند بوایە و مافی خۆی بوو کە دەوڵەتی نەتەوەیی خۆی پێک هێنابایە.

**دووهەم؛** ئەوەی کە ڕەوتەکە ئیمکانی بە کورد نەداوە تا کەڵک لەو مافە ڕەوایەی خۆی وەربگرێ و ببێتە خاوەن دەوڵەتی خۆی، چونکە بە ناڕەوا ئەو دەرفەتە لە لایەن دەستێکی دەرەکییەوە لە کورد زەوت کراوە.سێهەم ئەوەی کە ئەو دەوڵەتانەی

لە ناوچەدا بە ناوی دەوڵەت - نەتەوە پێکهاتون، پێناسەکەیان هەڵەیە و لە ڕاستی دا دەوڵەتی هەمو پێکهاتەی قەوارە سیاسیە کە نین، بەڵکو لە لایەن یەک بەش لە دانیشتوانەوە هەوڵ دراوە وەک دەوڵەت - نەتەوە قاڵب بکرێن. بەتایبەت ئەو وەڵاتانەی کوردیان تێدا دەژی، لە نێو پێکهاتەی دەوڵەت دا هەوڵ دراوە لایەنی کورد بوونەکە بتوێنرێتەوە.

کورتەی باسی پێشەکی بەرنامە و پێڕەوی حیزب ئەوەیە کە مەسەلەی کورد لە ئێران دا، مەسەلەی نەتەوەییە. هەر چەندە تاکی کورد ڕەنگە زۆر کەم و کوڕی و پێداویستیی دیکەشی هەبێ و لە ڕێگای خەباتی سینفیەوە داوای مافەکانی خۆی وەک تاکیش بکا، بەڵام کاتێک دێتە سەر خەباتی دەستەجەمعی و حیزبایەتی، تێکۆشانەکەی لە پێناوی چارەسەرکردنی مەسەلەی نەتەوەیی دایە. دیارە هەم لە پێشەکی دا و هەم لە بەندە جیاجیاکانی پێڕەو پرۆگرامیش دا ئەو مەسەلەیە بەڕوونی دەستنیشان کراوە و زۆر پێویست بە شی کردنەوە ناکا. یەکێک لە خاڵە بەهێزەکانی پێشەکی بەرنامە و پێڕەوی پەسند کراو لە کۆنگرەی چاردەش دا هەر ئەوەیە. هەر وەکو چۆن ئەرکی حیزب کراوەتە خەباتی نەتەوەیی، پێناسەی مەسەلەکەش بە شێوەیەکی نەتەوەیی کراوە. پێشەکی خۆی بواردووە لەوەی کە تەنیا گرنگی بدا بە باری مێژوویی خەباتی حیزب و گێڕانەوەی ڕووداوەکان، بەڵکو خۆی خەریک کردووە بە ناساندن و هەڵسەنگاندنی جەوهەری مەسەلەکەوەو بە بێ گوێدان بەو تۆمەتانەی کە نەیارانی نەتەوەییمان لێمان دەدەن، واقیعبینانە باسی گرفتەکەی کردووە.

میکانیزمی جێبەجێ کردنی ئەو مافەش بەشی زۆری دەگەڕێتەوە بۆ گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان خۆی. بە واتایەکی دیکە، مافی نەتەوەیی کورد لە چوارچێوەی ئێران دا حەقێکی حاشا هەڵنەگرە و نیوەرۆکی بەرنامەی حیزبیش ڕەنگدانەوەی ئەو مافەیە و بۆ دابین کردنی ویستی نەتەوەیی خەڵکی کوردستان داڕێژراوە. کەوابو مەرجەع بۆ دیاری کردنی سنوری ئەو مافە خەڵکی کوردستان خۆیەتی. ئەو بۆچوونە ڕاست لەگەڵ گەشە کردنی هەستی نەتەوەیی لە سەراسەری کوردستان دا بە گشتی و لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دا بە تایبەتی یەک دەگرێتەوە. "مەسەلەی نەتەوایەتی کورد تەنیا کاتێک بەتەواوی چارەسەر دەکرێ کە ڕەوتیی سرووشتیی خۆی ببڕێ و ویستی داخوازانەی نەتەوەی کورد بکا بە بنچینە"

مەسەلەیەکی دیکەی کە پێشەکی بەرنامەو پێڕەو ڕوونی دەکاتەوە ئەوەیە کە حیزبی دێموکڕاتی کوردستان، حیزبێکی نەتەوەیی دێموکڕاتە و ستراتیژی ئەویش وەدیهێنانی مافی نەتەوەیی بۆ گەلی کورد لەو بەشە لە کوردستان دایە کە لێی دامەزراوە و کاری بۆ دەکا. حیزبی دێموکڕاتی کوردستان حیزبێک نییە کە تەنیا بۆ بەشداری لە دەسەڵات دا دامەزرابێ. دیارە لە چوارچێوەی ئێران و لە کوردستانیش دا هەوڵەکە بۆ ئەوەیە کە وەک ئامرازێکی نەتەوەیی لە بەڕێوەبردنی دەسەڵاتی کوردی دا بێتە مەیدان و چ لە بەڕێوەبردنی کوردستانی ئازاد دا و چ لە موشارەکەتی کورد لە دەوڵەتی ناوەندی دا وەک ئامرازێکی نەتەوەیی جێگای خۆی بگرێ. پێشەکی بەرنامە و پێڕەو ڕوونی دەکاتەوە کە "نێوەرۆکی بەرنامەی حیزبی

دێموکڕاتی کوردستان، ڕەنگدانەوەی ویستی نەتەوەیی و دێموکڕاتیکی خەڵکی کوردستانە" کە وابوو کۆنگرەی چاردەی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان بە شێوەیەکی واقیعبینانە و ڕاست چۆتە ناو گرفتی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ڕێنوێنییەکی باشە بۆ برگەکانی داهاتووی بەرنامە و پێڕەو. هەروەها لە پێشەکی دا گوتار و شێوە زمانی نەتەوەیی بە باشی خۆی دەنوێنێ. گوتارەکە ئەوەیە کە بە بێ ئەوەی هیچ پێچ و پەنایەک بەکاربێنێ، وەک مێژوو ناسێکی واقیعبین ئەو ڕاستییە باس دەکا کە کوردستان یەک وەڵاتە و کورد یەک نەتەوەیە. لە دوای شەری جیهانی یەکەم و دیاریکردنی نەخشەی سیاسی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بە هەر دەلیلێک بووبێ، کورد زوڵمی لێکراوە و وڵاتەکەی دابەشکراوە. داوای مافی دیاریکردنی چارەنووس، مافێکی ڕەوای گەلی کوردە و ناکرێ بە هیچ پاساوێک پشتگوێ بخرێ.

هەرلەو هەڵسەنگاندنە واقیع بینانەیەش ڕا پێویستە ناوی ئەو پارچە لە کوردستان دیاری بکرێ. مادام کورد یەک نەتەوەیە و کوردستان یەک وەڵاتە، کوردی ڕۆژهەڵات بەشیک لە نەتەوەی کوردەو ئەو بەشەی کوردستانیش بەشێک لە کوردستانە. بۆیە بەکارهێنانی ناوی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و کوردی ڕۆژهەڵات پڕ بە پێستی ئەو واقیعە مێژوویی‌یە کە کورد هەی بووە. ڕاستە ئێستا ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەشێک لە چوارچێوەی سیاسی ئێرانە، لە ماوەی زیاتر لە حەفتا ساڵ دابەشکرانی کوردستان دا زۆر ئاڵوگۆڕ لە ژێر کارتێکەریی هەر یەک لەو وەڵاتانە دا کە کوردستانیان بەسەر دا دابەش کراوە، لە هەریەک لە بەشەکانی کوردستان هاتوەتە ئاراوە و هەر بەشەی تایبەتمەندی خۆی هەیە. بەڵام ئەوانە هیچ شتێک لە واقیعییەتی مێژوویی کوردستان و نەتەوەی کورد کەم ناکەنەوە. دیارە دەبێ ئەوەشمان لە بەر چاو بێ کە ڕەنگە میکانیزمی بەدەستهێنانی مافی نەتەوەیی لە هەریەک لە بەشەکانی کوردستان دا جیاواز بێ. کە دیارە لە بەرنامە و پێڕەوی نێوخۆی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان پەسندکراوی کۆنگرەی چاردەدا، ئەو ڕاستییەش لە بەر چاو گیراوە. هەر بۆیە هەم لە پێشەکی داو هەم لە بەرنامە و ستراتیژی دا ئەوە ڕەنگی داوەتەوە و پەیوەندی کوردستان بە ناوەندی ئێرانەوە دیاری کراوە و میکانیزمێک هەڵبژێردراوە کە مەسەلەی مافی نەتەوایەتی کورد لە چوارچێوەی ئێران دا چارەسەر بکرێ. کە ئەوەش لە چوارچێوەی فیدراڵیزم لە سەر بناغەی پێهاتەی نەتەوەکان و سنوری جوغرافیایی ناوچەی نیشتەجێبوونی نەتەوەکانی ناو ئێران دیاری کراوە.

دیارە لە بەرنامەی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان دا زۆر بە جوانی ئەوە لە نەزەر گیراوە کە دیاریکردنی چارەسەری بۆ دابینکردنی مافی نەتەوەیی لە چوارچێوەی ئێران دا، نابێ ببێتە هۆی ئەوەی کە گەلی کورد ئیرادەی خۆی لە دەست بدا و حیزبەکان بن کە لە ڕێگای سیاسەت کردنەوە بە کەیفی خۆیان مافی نەتەوەیی بۆ بەدەستهێنانی دەسەڵات بەکار بێنن. بۆیە لە بەرنامەی حدک دا میکانیزمی پیادەکردنی فیدراڵیزم دراوەتە وە بە جەماوەری کوردستان بۆخۆی. ئەویش لە ڕێگای ئۆرگانیزەکردنی فیدراڵیزمی کوردستان لە شێوەی کۆماری دا. لێرەدایە کە ئامانجی ستراتیژیکی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان

دەبێتە: وەدیهێنانی مافی دیاریکردنی چارەنوسی نەتەوەی کوردی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ئێرانێکی دێموکڕاتیکی فیدڕاڵ و لە شێوەی کۆماری کوردستان دا.لە بەشەکانی داهاتوو لە باس لە سەر نێوەڕۆکی بەرنامە و پێڕەو دا هەوڵ دەدەم نێوەروکی ئەو دروشمە ستراتیژییەش لێک بدەمەوە.

(بەشی دووهەم)

وەدیهێنانی مافی دیاریکردنی چارەنوسی نەتەوەی کوردی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ئێرانێکی دێموکڕاتیکی فیدڕاڵ و لە شێوەی کۆماری کوردستان دا.

یەکەم پرسیار کە ئامانجی ستراتیژی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان دروستی دەکا ئەوەیە کە ئایا مەبەست لە دامەزراندنی کۆمار سەربەخۆیی یە، ئەگەر وایە چۆن لە سیستمی فیدرالی دا دەتوانێ جێ بگرێ. بۆ ڕوونبونەوەی ئەو مەسەلە یە پێویستە لە پێشدا پێناسەی کۆمار بکەین و لە مەبەستە جۆراو جۆرەکانی دا هەڵی سەنگێنین. پاشان ئە و تاقیکردنەوانەی کە لەم بوارەدا تاکو ئێستا لە دنیادا هاتونە ئاراوە باس بکەین و دواتر مەبەستی ئەو دروشمەی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لێک بدەینەوە. لە کۆتایی دا و لە ژێر ڕووناکی ئەو باسەدا قامک بۆ ئەوە ڕادێرین کە ئایا ئەو دروشمە، واقیعبینانەو قابیلی بەکردەوە کردنە لە چوارچێوەی فیدڕالیزمێک دا کە لەسەر بناغەی پێکهاتەی نەتەوەکانی نێو ئێران و سنوری جوغرافیایی شوێنی دانیشتنی ئەو نەتەوانە پێک هاتبێ. یا نا.

هەتا سەدەی نۆزدە کۆمار تەنیا وەکو شێوەیەک یا فۆرمێک لە دەوڵەت چاو لێ دەکراو لە بەرامبەر مۆنارشی، ئەرستۆکراسی ودێموکڕاسی، دا دەنرا. واتە ٤ جۆر دەوڵەت پێناسە دەکرا ن کە بریتی بوون لە مۆنارشی، ئەرستۆکڕاسی، دیموکڕاسی یان کۆماری. ئەو ناوە زۆرتر لە شێوەی دیاریکردنی سەرۆکەکان دا لیک دەدەرایەوە تا لە نێوەڕۆکی سیستم و کار کردەکانی دا. دیارە هەر لە و سەردەمیش دا هێندێک نمونەی جیاواز هەبوون وەک کۆماری حەوت وڵاتە یەکگرتووە نزمەکان(هولەندی پێشو) و سویس. بەڵام زۆر سەرنج نەدەدرایە ئەوانە.یا بە واتایەکی دیکە لە کلاسیکی کۆن دا ئەو شێوە حکومەت کردنانە پشتگوێ دەخران و بە حیساب نەدەهاتن.

وشەی کۆمار (ریپۆبلیک république بە ئەسڵ ووشەیەکی فەرانسەوی یە و بە مانای "مەسەلەی خەڵک " یا "ئیرادەی خەڵک"ە. لە فۆڕمی دەوڵەتی دا بەو مانایەیە کە لە جیاتی ئەوەی کە سەرۆکی قەوارەیەکی سیاسی بە هۆی میراتی یا خۆ سەپاندنەوە دیاری بکرێ، لە لایەن خەڵکەوە دیاری دەکرێ. کەوابو سیستمی کۆماری ئەو سیستمەیە کە سەرۆک یا

بەڕێوەبەری ئە و ئیدارەیە، یا ئەو قەوارە سیاسییە لە لایەن خەڵکەوە دیاری دەکرێ و بە میرات نەماوەتەوە، یا بەزۆر نە سە پێنراوە.

لە سەر دەمی ئەوڕۆدا کۆمار وەک سیتمی دەوڵەت چاو لێناکرێ کە بە یەک شکڵ لە دروستکردن و بە ڕێوە بردنی دەوڵەت بناسرێ، بەڵکو لە بەرامبەر شێوەی بە ڕێوەبەریی مۆنارشی دادەنرێ و واتاکەی دەبێتە دانانی دەسەڵاتدار بە ئیرادەی خەڵک. لە سەردەمی ئەوڕۆدا دوو سیستمی مۆنارشی و کۆماری لە باری نێوەرۆکە وە تەنیا بە شێوەی هەڵبژاردنی سەرۆک، یا بە ڕێوەبەرو شێوەی دابەشکردنی دەسەڵات دا لێک جیا دەکرێنەوە، سەرۆک بە ئیرادەی خەڵک دانراوە یا بە بێ ئیرادەی خەڵک و لە دابەشکردنی دەسەڵات دا چ پشکێکی بەرکەوتووە. دەنا لە سەردەمی ئەوڕۆدا لە هەردووک حاڵەتەکە دا ناوەرۆک و شێوەی دەوڵەت دەتوانن وەک یەک بن. زۆر وەڵاتی وامان هەیە کە سەرۆک بە شێوەی مۆنارشی دانراوە کەچی دەوڵەت دێموکڕاتیکە. پێچە وانەکەشی هەیە کە کۆمارییە، کەچی دێموکڕاسی وجودی نییە. ئێمە دەتوانین لە دنیادا زیاتر لە مۆدێلێک هەم بۆ سیستمی کۆماری وهەم بۆ سیستمی پاشایەتی و هەروەهاش بۆ سیستمی کۆماریی فیدراڵ یا غەیرە فیدراڵ و پاشایەتیی فیدراڵ یا غەیرە فیدراڵ بە نمونە بێنینەوە. بۆیە بێ کەڵک نابێ ئەگەر لە ووتارەکەمان دا چەند وێنە یەک لە سیستمی کۆماریی فیدراڵی و پاشایەتیی فیدراڵی باس بکەین. هەر چەند دێموکڕاسی و ئیدارە کردن بە شێوەی کۆماری ڕاست بە واتای ئەوەیە کە هیچ وڵاتێک و نەتەوەیەک نوسخە بۆ نەتەوەیەکی دیکە نە پێچێتەوە و ئێمەش دەبێ ئەوەندە باوەڕمان بە خۆمان هەبێ کە شێوەی گونجاو بۆ وەڵاتی خۆمان هەڵبژێرین. لە کۆتایی دا دێموکڕاسی بە مانای لابردنی دەبێ و نابێ یەکانە. هەر نەتەوەیەک پێویستە سەرەڕای ئەوەی کە لە تاقیکردنەوەی نەتەوەکانی دیکەی دنیا کە ڵک وەردەگرێ، بتوانێ سیستمی ئیدارەی خۆی دیاری بکا. بۆیە زۆر سەیر بو کاتیک لە ئامانجی ستراتیژیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان دا مە سەلەی کۆمار هاتە ئاراوە، تەنانەت هێدێک لەو هیزانەی کە خۆیان بە دێموکڕات دەزانن، شتەکەیان بە نامۆ باس کرد. لە بەر ئەوە من بە پێویستی دەزانم چە ند وێنەیەکی پیادەکراو لەو شێوە بە ڕێوەبردنە لە دنیا دا باس بکەم.ئەگەر لە تاقی کردنە وە مێژووییەکەی یەکیەتی سۆڤیەتیش تێپەڕین بە دەلیلی ئەوەی کە بە هۆی ئاڵ وگۆڕەوە بوونی نەماوە، دەکرێ باسی مۆدێلەکانی بلژیک، ئاڵمان، سویس،عێراق و ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بکەین.

ئێستا ئەو شکڵی کۆماریی دەسەڵات یا بە واتایەکی دیکە دیاریکردنی سەرۆکایەتی و بەڕێوە بەرایەتی کۆماری بە شێوەی جیاواز و لە فۆڕمی جیاواز دا لە وڵاتە جۆربەجۆرەکان پیادە دەکرێ. لە وڵاتە یەکرتووەکانی ئەمریکادا یەک سەرۆک بۆ ٥٢ ویلایەت یا وڵاتی جیاواز دیاری دەکرێ. ئەویش بە هەڵبژاردنی ڕاستەوخۆ نا بەڵکو بە شێوەی ناڕاستەوخۆ لە لایەن نوێنەرانی خەڵکەوە. واتە لە هەڵبژاردنی سەرۆک کۆمار دا خەڵک سەرۆک کۆمار هەڵنابژێرێ بەڵکو ٥٣٨ کەس" kiesma" هەڵدەبژێرێ. هەر کام لە کاندیدەکان زۆرینەی ئە و کیسمانانەی هەبو، هەڵبژاردنی بردوەتەوە.

وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا هەر چەندە یەک بە یەک ناوی کۆماریان لەسەر نییە، بەڵام هەرکامەشیان سەڵاحییەتی کۆمارێکی فیدراڵیان هەیە. تەنانەت ناوی کۆمار لەسەر فیدراڵەکەش نییە، بەڵکو بە ناوی هەمو وڵاتەکانە. ناگوترێ کوماری ئەمریکا، بەڵکو دەگوترێ وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا. هەرچەند سیستمەکەش کۆماری یە. مە سەلەیەکی دیکە ئەوەیە کە هەر فیدراڵەی بۆخۆی دەتوانێ قانونی جیاوازی خۆی دانێ، تەنیا بە مەرجێک تەناقوزی نەبێ لە گەڵ قانونی بنەڕەتی سەراسەری. کەوابو لێرە مۆدێلێکی تەواو جیاواز بە ڕێوە چووە و فیدرالیزم بۆ ئەو هەل و مەرجە تایبەتییە دامەزراوە.

مەسەلەیەکی دیکە لە مۆدێلی ئەمریکادا ئەوەیە کە سەرۆک کۆمار هەر چەند ڕاستەوخۆ لە لایەن خەڵکەوە هەڵنابژێردرێ و هەرچەند لە ویلایەتە کانیش دا زۆر دەخالەت لە کارو باری نێو خۆییان دا ناکا، بەڵام لە ڕاددەی سەراسەری و لە سیاسەتی دەرەوە دا دەسەڵاتێکی زۆری هەیە. ئاخرین بڕیاردەرەو تەنانەت دەتوانێ پاڕلەمانیش بنێرێتەوە ماڵێ.

مۆدێلی ئاڵمانیش بۆ وەڵاتێکی فیدراڵی داڕێژراوە کە مێژوویەکی درێژی لە سیستمی مۆنارشی هەبووە. ئەو فیدراڵەش سە ڵاحییەت و دەسەڵاتی بەتەواوی لە نێو هەرێمە فیدرڵەکان دا دابەش کردووە و ئەوەندەی دەسەڵات داوە بە هەرێمەکان کە تەنانەت ناوی کۆماری بە هەمویانەوە گرێ داوە. هەر وەک لە ناوەکەشی دا دەردەکەوێ. کۆماری ئاڵمانی فیدراڵ. سەرۆکی وڵاتەکەش هەر بەوشێوە نیسبەتی دراوە بە فیدراڵەکەوە " Bondspresident " سەرۆکی بۆند، یا فیدراڵ. هەروەها سەرۆکی سیاسی و ئیجرایی وڵاتەکەش، یا بڵێین سەرۆکی دەوڵەتیش هەروا. جگە لەوەش ئالمان هەرچەند لە بناغەدا یەک نەتەوەشە بەڵام بۆ هەمو هەرێمە فیدراڵەکان سەرۆکی هەرێم هەڵدەبژێردرێ. لە م مۆدێلە دا بە پێچەوانەی ئەمریکاوە دەسەڵات زۆرتر لە دەست سەرۆکی دەوڵەت دایە و سەرۆک کۆمار مەگەر لە کاتی قەیرانەکان دا دەنا کاری بە سیاسەت نییە.

مۆدێلی سویس شێوەیەکی تەواو جیاوازی هەیە لە هەر دووک مۆدێلەکەی دیکە. کۆمارێکی فیدڕال لەسەر بناغەی یەکگرتنی ٢٦ کانتۆن. سێ زمانی ڕەسمی و بێ زمانی سەراسەری. زمانەکانی ئاڵمانی، فەڕانسەوی. ئیتالیایی و هەروەها زمانێکی دیکەش بە ناوی ڕێتۆ – ڕۆمانس، هەر چواریان زمانی ڕەسمی ناوچەی خۆیانن. بۆ دەوڵەتی فیدڕال هەمویان ڕەسمین و لە ناوچەی هەرکام لەو زمانانەش کەس مەجبور نییە زمانی ئەوانی دیکە فێر بێ. جگە لە وە کانتۆنەکان لە ناوچەی خۆیان دەسەڵاتی تەواویان هەیە و لە زۆر باریشەوە، بەتایبەت لە بواری خوێندن، فەرهەنگ و پێکهاتەی نەتەوەییە وە، هەرسێک نەتەوە سەرەکییەکە واتە ئاڵمانی، فەڕانسەیی و ئیتالی لە ناوچەی خۆیان دا وەک سەر بەخۆ وان. مۆدێلی سویسی

کە لە بناغەدا کریستاڵێکە لە ناوچەی هۆزە کۆنەکان سادەترین شێوەی کۆماری فیدراڵە و هەموو پێکهاتەکان تێیدا سەر بەستن.

کۆماری فیدراڵی سویس ٢٦ ئاڵای هەیە، چونکە هەر کانتۆنە ئاڵای جیاوازی خۆی هەیە. فیدراڵیزمی بلژیک لە سیستمێکی پاشایەتی دا دامەزراوە و لە سەر بناغەی پێکهاتە ی نەتەوەیی. هەرچەندە وەڵاتێکی بچوکە و تەنیا لە دوو نەتەوەی سەرەکی پێکهاتووە، بەڵام سیستمی فیدراڵییەکەی زۆر لەو مۆدێلە دەچێ کە لە نێو بەرنامەی زووربەی حیزبە کوردییەکان داهەیە. لە وێش دا نەتەوە بناغەی پێکهینانی فیدراڵە و بۆیە بلژیک پێکهاتووە لە سێ ناوچەی فیدراڵ. واتە برۆکسل کە هەردووک نەتەوەی سەرەکی واتە "فلاندەرن"ی هولەندی زمان و "واڵۆنی"ی فەڕانسەوی زمانی تێدا دەژی و پایتەختی سەرانسەرییە و فیدراڵی ناوچەی هولەندی زمان و فیدراڵی ناوچەی فەڕانسەوی زمان. هەرسێک فیدراڵ پارلەمان و دەوڵەت و ئاڵای خۆیان هەیە و هەردووک زمانەکەش زمانی ڕەسمی وەڵاتن. هەر کەس لە ناوچەی خۆی زمانی خۆی دەخوێنێ و بەکار دێنێ و مەجبوریش نییە زمانی ئەوەی دی فێر بێ.بەڵام لە هەموان نیزیکتر بە ئێمە عێراقە کە تێیدا بۆ بەشێک لە کوردستان فیدراڵیزم پیادەکراوە بە دەوڵەت و سەرۆک و پارلەمان و ئاڵای خۆیەوە. جگە لە سیاسەتی خاریجی و پەیوەندییە خاریجییەکانیش هەمو سە ڵاحییەتێکی پێدراوە و تەنانەت لە و بوارەش دا خاوەنی دیپلۆماسی جیاوازی خۆشیەتی.

مەبەست لە هێنانە وەی ئەو نمونانە ئەوەیە کە فیدراڵیزم یەک مۆدێلی موتڵەقی تاک نییە. هەروەڵاتەی بە پێی هەل و مەرجی خۆی مۆدێلی خۆی دامەزراندووە. ئاڵمانی لاسای ئەمریکایی نەکردوەتەوە و سویسی، ئاڵمانی نەکردوەتە ئولگوی خۆی بلژیکی و حراقیش هەرکام بە پیی هەل و مەرجی خۆیان فیدراڵیان دامەزراندووە. هەرچەند هەمویان چەند پرێسیپێکی نە گۆڕی وەک دانی سیاسەتی دەرەوە و بەرنامەڕیزی کەلان و پاراستنی سنورەکانیان داوە بە ناوەند. یەک لە سیستمی پاشایەتی دا، واتە لە مۆنارشی دا، فیدراڵی بە ئیرادەی خەڵکی ناوچە دابەزاندووە، ئەوی دی لە سەر بناغەی دابەشبونی هۆزەکان، کانتۆنی پێکهێناوە و یەکی دیکە لە نیوکۆمارێک دا تەنیا یەک فیدراڵی بۆ چارەسەری مە سەلەی نەتەوەیی، گەلێکی بەشخوراو دامەزرادوەو لە شوێنێکی دی چەندین دەوڵەتی بە شێوەی فیدراڵ لێک گرێ داوە. لە دنیادا زۆر وێنەی دیکەمان هەن کە لەوانەش جیاوازن، بەڵام پێویست ناکا هەمویان باس بکەین. بۆ باسەکەی ئێمە ئەوەندە بەسە کە بتوانین بسەلمێنین کە گرنگ ئەوەیە میکانیزمێک بدۆزرێتەوە کە بە هۆیەوە نرخە مێژوییەکانی ئەو نەتەوە، یا نەتەوانەی کە فیدراڵیزمەکە دادەمەزرێنن بپارێزرێن و لە هەمان کاتیش دا دەسەڵات و ئیرادەی نەتەوەکە زاڵ بێ بەسەر شێوەی بەڕێوە بردن دا. چونکە هەر وەک باسمان کرد، کۆمار لە نێوەروک دا شتێک نییە جگە لە پاراستنی نرخە مێژووییەکان و دانانی دەسەڵاتدار بە ئیرادەی خەڵک.

بەشی دووهەم

بۆیە گەلی کورد لە ڕۆژهەلاتی کوردستانیش دا مافی خۆیەتی کە بە پێی هەل و مەرجی مێژوویی خۆی و بە ئیرادەی خۆی شێوەی فیدرالیزمی گونجاو لە گەڵ هەل و مەرجەکەی دامەزرێنی. بە تایبەت بە لە بەر چاو گرتنی ئەو ڕاستییەی کە چەند دەهەیەک لە مەوبەر تاقی کردنەوەی کۆماری کوردستانی هەبووە.
کە حیزبی دێموکراتی کوردستانیش بە پەسندکردنی ئەو ئامانجە ستراتیژییە هەوڵی داوە میکانیزمێکی گونجاو بۆ زیندو ڕاگرتنی دەسکەوتە مێژووییەکان، بۆ وێنە کۆماری کوردستان و گێڕانەوەی دەسەلات بۆ ئیرادەی خەڵک دەستنیشان بکا. هەروەک لە پێناسەی کۆمار دا زۆر بە جوانی دەردەکەوێ. کۆماری کوردستان پێکهاتەیەکی نەتەوەیی، دێموکراتیک و کوردستانییە.

(بەشی سێهەم)

مەسەلەیەکی دیکەی گرنگ لە بەرنامەی پەسند کراو لە کۆنگرەی ١٤ دا، "مەسەلەی موشارەکەتی بەرینی خەڵک لە دەسەلات دا"یە لە کوردستان دا. بەرینی بە و مانایەی کە هیچ تاکێک دەرگای بەشداری لەسەر هیچ کەس و لایەنێک دانەخرێ. نە بە هۆی یاسای دەست و پێ گرەوەو نە بە بەهانەی زۆرینەشەوە.

لە بەر نامەدا هێندێک میکانیزم و پرێنسیپ دیاری کراون کە دەبنە هۆی دابین کردنی مافی تاک و بە جەماوەری کردنی دەسەلات. ئەوەش بۆخۆی سیستمی دەسەلاتیی کۆماریی دیاری دەکا، کە پەیوەندی هەیە بە ناوەرۆکەوە، نەک ڕواڵەت. کە وابو ئەوەش ڕەنگدانەوەی دروشمی کۆمارە کە دەسەلات لە حیزبەوە دەگوێزێتەوە بۆ جەماوەری خەڵکی کوردستان.

ئەوەش لەو ٥ خاڵی بەرنامەیە دا بە ڕوونی دەر دەکەوێ:

١- هە مو دەسە لاتێک لە ئیرادە و دەنگی خەڵک سەرچاوە دەگرێ.
٢- هە ڵبژاردن لە سەر بنەمای هەر تاکێ یەک دەنگ دەبێ، بەبێ لە بەر چاو گرتنی هیچ جۆرە هەلاواردنێکی ئیتنیکی، ئاینی، ڕەگەزی و ئاستی کۆمەلایەتی.
٣- ئیمکانی بەشداری لە هەڵبژاردن و هە ڵبژێران دا لە ئۆرگانەکانی دەسەلات دا بە شێوەیەکی یەکسان بۆ هەمووان دابین دەکرێ.
٤- خەڵک دەبێ ئیمکانی شوێن دانان لە سەر بڕیارەکان و کۆنترۆڵ لە سەر چۆنییەتی جێ بە جێ کردنی دەسەلات و تەنانەت ئیمکانی لەسەر کار لابردنی دەسەلات دارانی هەڵبژاردەی خۆیانیان هەبێ.

٥- پرەنسیپی زۆرینەی دەنگ نابێ مافی کەمینە پێشێل بکا.

باسێکی گرنگی دیکە لە مەسەلەی دەسەڵات دا ئەوەیە کە سەرۆکی هەرێمی فیدراڵ لە لایەن خەڵکەوە هەڵدەبژێردرێ. دیارە لە پێناسە ی حکومەتی کۆماری و جیاوازی لە گەڵ حکومەتی هێرارشیش دا ئیشارە بەوە کرا کە ڕوکنی ئەسڵی بریتییە لە وەرگرتنی دەسەڵات و بەر پرسایەتی لە لایەن ئیرادەی خەڵکەوە. مادام ناوچەی فیدراڵ بە ئیرادەی خەڵک ئیدارە بکرێ و پارلەمان و سەرۆکی هەبێ، ئەوە لە شیوەی دەسەڵات دا کۆماری یە. بەو پێناسەیە ئێستا ناوچەی فیدراڵی باشوری کوردستانیش لە شێوە دا کۆماری یە با ناوەکەشی کۆمار نەبێ.

هەروەها پارلەمان وشێوەی هە ڵبژاردنەکەی بەجۆرێک پێشنیار کراوە کە قۆرغ نەکری لە لایەن هێندێک حیزبی بە هێزەوە. سنورێکی سیاسی نییە بۆ بەشداری لە دەسەڵاتی قانون دانانی کۆماری کوردستان دا. قەولی میکانیزمێکی قانونی دەدرێ کە بە هۆیە وە هەر تاکێکی کۆمەڵگا بتوانێ خۆی بۆ کاندید بکا.

پرێنسیپە گرنگە کانی دیکە ی کە بناغە دارێژی بە جەماوەری بوونی دەسەڵات و بە کۆماری بوونی سیستمی دەوڵە ت یارمەتی دەکەن، بریتین لە وەی کە: کۆمار خاوەنی ئاڵاو سرودی نەتەوەیی دەبێ،زمانی ڕەسمی زمانی کوردی دەبێ، دین لە دەوڵەت جیادەبێ و هەرسێک هێزی قانون دانان، قەزایی و ئیجرایی جیالە یەک و خاوەنی دەسەڵات لە چوارچێوەی مەیدانی کاری خۆیان دا دەبن.

بۆ ئەوانەی کە پێیان وایە سیستمی کۆماری لە چوارچێوەی ئێرانی فیدراڵ دا ناگونجێ، باشترە وەبیر یان بێنینەوە کە ناوچەی فیدراڵی کوردستان، هەرناوێکی لەسەر بێ، چ هەرێم و چ کۆمار، تەنیا چەند سەلاحییەتێکی کەلان دەدا بە دەوڵەتی فیدراڵ ئەویش بریتین لە کاروباری پەیوەندی نێو دەوڵەتی، دیفاعی میللی، بەرنامەی درێژ خایەنی ئابوری و سیستمی دراوی. جگە لەوانە هەمو کارو بارێکی دەوڵەتداری لە کوردستان دا لە ژێر دەسەڵاتی حکومەتی کوردستان دا دەبێ. باشە چ عەیبێکی هەیە ئەگەر دەسەلاتی ئەو حکومەتە بدرێ بە ئیرادەی خەڵک، بە کۆماری بکرێ و ناویشی کۆماری کۆردستان بێ. ئایا ئەوە باشتر نییە لەوەی کە حیزب ئەو حکومەتە بە دەسکەوتی خۆی بزانێ و بە دەسکەوتی خۆی تاریف کاو لە نیهایەتیش دا دەسەڵات لەوێ دا بە مافی خۆی بزانێ؟

ئەگەر بە وردی سەرنج بدەینە نێوەرۆکی بەرنامەی حکومەتکردن لە کۆماری کوردستان دا، چەند جیاوازییەکی دیکەش بەرجەستەن کە پەیوەندی زۆریان هەیە بە سیستمی دەسەلاتی خەڵک و میکانیزمی گونجاو بۆ موشارەکەتی بەر فرەوانی

خەڵک لە دەسەڵات دا. کەلێرەدا بە پێویست نازانم بە درێژی شیان بکەمەوە تەنیا ئیشارەیەکیان پێ دەکەم. مەسەلەکانی وەک ئازادییە دیموکراتی و کۆمە ڵایەتییەکان، ئازادیی تاکەکان، یەکسانی لە نێوان ژن و پیاو دا، پاراستنی مافی منداڵان، سەروەریی قانوون، دادپەروەریی کۆمەڵایەتی، گرنگی دان بە کۆمەڵگای مەدەنی ... و گەلێک میکانیزم و ڕێکاری دیکە، هەموشیان بەپێی کۆنڤاسیۆن و قەرارداده نێونەتەوەییەکان لە بەرنا مە دا هاتوون و تەزمینی بە کۆمار بوونی سیستمەکە دەکەن.

لە فەسڵی ئامانجی درێژ خایەنیش دا کە بە تێڕوانینێکی عادڵانە تەنزیم کراوە و لە وێ دا مۆدێرنترین سیستمی سۆسیالیزمی دێموکڕاتیک شی کراوەتەوە، هەوڵێکی باش دراوە کە ئاراستەی عەداڵەتەکە لەگەڵ پێداویستییەکانی سەردەم و میکانیزمەکانی گەشەی ئابوری، زانستی و کۆمەڵایەتی بگونجێ. لێرەدا زۆرتر باس لە شانسی یەکسان بۆ گە شە کردن دەکرێ، هەتا ئەوەی کە باس لە ئیمکاناتی یەکسان بکرێ. لە لایەکەوە گرووپە نەتەوەیی، ئیتنیکی، ڕەگەزی و جنسییەکان وەک یەک چاو لێ دەکا و هەوڵی دامەزراندنی موساواتی تەواو دەدا، لە لایەکی دیکە وە بایەخ بە بازاڕی ئازاد و گە شەی ئابوری دەدا. جگە لەوەش سوسیالیزم لێرەدا وەک ئیدەئۆلۆژی نەگۆڕ چاوی لێ ناکرێ، ڕێگای باس و ئاڵ و گۆڕ دێڵێتەوە. جەوهەری دێموکڕاتیک بوونی ئەم سیستمە لە وە دایە کە پێکهاتنی، لە پرۆسەی ڕیفۆڕم دا، بە شێوازێکی دێموکڕاتیک و لە ڕێگای بە شداریکردنی خەڵکەوە دێتە دی.مە سەلەیەکی گرنگی دیکە ئەوەیە کە بۆ بەڕێوەبردنی ئەو سیستمە حیزبی پێشڕەو دیاری نەکراوە. هەم دەنگی تاکی نێو کۆمەڵ و هەم حیزب و ڕێکخراوی مەدەنی و کۆمەڵایەتی، ڕێکخراوە سنفی و کلتورییە کانیش گرنگیان پێ دراوە. جگە لەوەش ڕێگا هێشتراوەتەوە کە ئەو سیستمە لە گەڵ هەل و مەرجی تایبەتیی کۆمەڵگا و سەردەمی پیادە کردنی دا خۆی بگونجێنێ و بەردەوام و بە پێی پێویست لە نێو خۆی دا ڕیفۆڕم بکا.

هەر چەند دەکرێ باسی ئەوە بکرێ کە ئایا ئەو دروشمە گونجاوە بۆ ئەوەی وەک ئامانجی درێژ خایەن باسی بکرێ و ئایا بۆ نەتەوەیەکی ژێردەست و حیزبێکی نەتەوەیی باشتر نییە کە ئامانجی دواڕۆژ پەیوەندی هەبێ بە مافی دیاریکردنی چارەنوسی نەتەوەیی یەوە، بەڵام باسی عەداڵەتی کۆمەڵایەتی، ئەگەر قەرار بێ بە شێوەیەک لە شێوەکان لە بەرنامە دا بگونجێنرێ، ئەوەی لە بەرنامەی کۆنگرەی چاردە دا هاتووە، پڕ بە پێستی ئەم سەردەمەیە. هەر چەندە هەر وەک لە پێشەوە ئیشارەی پێ کرا، کە دەکرێ باسی عەداڵەتی کۆمەڵایەتی بەشێک لە بەرنامەی کۆماری کوردستان بێ و مە سە لە نەتەوەییەکە، یا بە واتایەکی دیکە چارەسەری ئێگجاری بۆ مەسەلەی نەتەوەیی ببێتە ئامانجی درێژخایەن.

لە باسی سیستمی کۆماری دا هێڵەکانی پەیوەندیی نیوان نەتەوە جیاوازەکانی ئێرانیش ڕوونتر و باشتر دیاری دەکرێن و ڕێگای دروستی یەکییەتی نەتەوەکان لە ئێران دا نیشان دەدرێ. حاکمییەتی کۆماری فیدراڵی، کە دەسەڵات لە جەماوەری

گەلێک وەردەکرێ، پانتاییەکی دێموکڕاتیکی هەیە و لە گەڵ نەتەوەکانی دیکەدا، لە هەر سیستمێکی دیکە باشتر دەتوانێ مامەڵە بکا. بە دامەزراندنی سیستمی کۆماری فیدڕاڵ لە سەر بناغەی نەتەوەکان، پەیوەندیی ئۆرگانیکی هەمو ئەو نەتەوانە پێکە وە بۆ هەر قۆناغێک لە مێژوو ئامادە دەبێ. داوای یەکسان بۆ هەمو نە تەوەکان لە ئێران دا پەیوەندی و موناسەباتی داهاتوی ئەو نەتەوانە بە شێوەیەکی دێموکڕاتیک دیاری دەکا. هەر لەو چوارچێوەیەش دا نەتەوەکانی ناو ئێران لە جیاتی ئەوەی ببنە ڕەقیبی یەکتر و بکەونە بەربەرەکانی لە گەڵ یەکتر، دەبنە دۆست و هاو پەیمانی یەکتر و شەریکی یەکتر لە بەڕێوەبردنی هەمو ئێران دا. تەنیا ئەو کاتەشە کە دەکرێ ئیددیعا بکرێ، کە ئێران هی هەمو نەتەوەکانی نێو ئێرانە. حیزبی دێموکڕاتی کوردستان هەوڵی داوە بە دارشتنی وەها ستراتیژییەک ڕێگا خۆشبکرێ بۆ ئەوەی نەتەوەکانی نێو ئێران لە داهاتو دا هەم ئیمکانی مافی دیاریکردنی چارەنوسی خۆیان بە دەستی خۆیان هەبێ و هەم داوتەڵەبانە بۆ یەکییەتی نێوان هەمو نەتەوەکانی ئێران هەڵبژێرن.

**هەر بەو مەبەستەش لە بەرنامەی پەسندکراوی کۆنگرەی چاردە دا پێج پرێنسیپی زۆر گرنگ دیاری کراون کە بریتین لە:**

١- هەر نەتەوەیەک ئازاد و سەربەست بێ لە بەڕێوەبردنی کاروباری ئیداریی ناوچەی خۆی بە هۆی نوێنەرانی هەڵبژێراوی خۆیەوە.
٢- هە ر کام لە نەتەوەکان ئەو مافەیان هەبێ کە لە ڕێگای ڕیفڕاندۆمەوە دەنگ بە مانەوە یا هاتنەدەر لەو یەکییەتییە بدەن.
٣- هە مو نەتەوەکان بە پێی حەشیمەتیان لە بە ڕێوەبردنی کاروباری دەوڵەتی فیدڕاڵ دا بەشدار بن.
٤- ئێرانی فیدڕاڵ خاوەنی دوو ئەنجومەن بێ، ئەنجومەنی نەتەوەکان و ئەنجومەنی نوێنەران. ئەندامانی ئەنجومەنی نوێنەران بە پێی حەشیمەت دیاری بکرێن و هەڵبژێردرێن. بەڵام ئەندامانی ئەنجومەنی نەتەوەکان بۆ هەرکام لە نەتەوەکان بە قەدەر یەک بن و هیچ بڕیارێکی گرنگ، بەتایبەت ئە و بڕیارانەی کە پەیوەندییان بە چارەنوسی نەتەوەکانی ئێرانەوە هەیە، بەبێ پەسند کران لە لایەن ئەم ئەنجومەنەوە کاری پێ نەکرێ.
٥- ئەگەر بڕیارێک دژایەتی لە گەڵ بەرژەوەندیی نەتەوەیی هەریەک لە نەتەوەکان هەبێ، مافی ڤێتۆ بۆ نوێنەرانی ئەو نەتەوەیە لە ئەنجومەنی نەتەوەکان دا پارێزراو بێ.

بەم جۆرە دەبینین هە ڵویستی نەتەوەیی بە تەواوی زاڵە بەسەر بەر نامەی پەسند کراو لە کۆنگرەی چاردە دا و ئەوەش نەک تەنیا بۆ دیفاع لە مافی نەتەوەیی گەلی کورد، بەڵکو بۆ دیفاع لە مافی نەتەوەیی هەمو گەلانی ئێران. جگەلەوەش

ڕێکارێکی باش و دێموکڕاتیک پێشنیار کراوە بۆ تەنزیمی عادلانەی موناسەباتی نێوان نەتەوەکان و بۆ دابەشکردنی عادلانەی دەسەڵات لە ئێران دا، لە نێوان نەتەوەکان دا.

خاڵێکی گرنگی دیکە لە بەرنامەی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان پەسندکراوی کۆنگرەی چاردەدا، بریتی یە لە پێناسەی نەتەوەیی گەلی کورد. کوردلە هەرجێگایەک بێ وەک ئەندامی نەتەوەیەک دەناسرێ بە ناوی نەتەوەی کورد. هوویەتی تاکی کورد ڕوون دەکرێتەوەو پەیوەندیی نەتەوەیی دیاری دەکرێ. سەرەڕای ئەوەش ئەو ڕاستییە دەستنیشان دەکرێ کە نەتەوەی کورد دابەش کراوە و کەوابو پێمان خوش بێ یا ناخۆش، دەگەڵ چەندین هەل و مەرجی جیاواز بەرەو ڕووین و دەبێ لێ گەڕێین هە ر پارچەیەی کوردستان بە پێی هەل و مەرجی خۆی بڕیاربدا.

دیارە ئەو هەل و مەرجە سەپێنراوەش نابێ ببێتە هۆی ئەوەی کە چارەنوسمان بە جیاواز بزانین. بەڵکو لە مەسەلە گشتییەکەدا پێویستە یار و هاوکاری یەکتر بین و سەرکەوتن و تێشکانی یەکتر بە هی خۆمان بزانین. ئەوەش بە جوانی لە بەر نامەی حیزب دا هاتوە. کورد لە هەر جێگایەک بێ دەبێ پشت و پەنای یەکتر بێ. لە ئەزمونەکانی یەکتر فێر بێ و هەوڵ بدا یارمەتیدەر بێ بۆ هەر ئەزموونێک. لە ڕاددەی نێونەتەوەیی دا پێویستە یەک دەنگی هەبێ و بە یەکگرتوویی دەرکەوێ. سیاسەتی نەتەوەیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستانیش هەر لە بەرنامەکەیەوە هەڵ دەهێنجرێ. گرنگی دان بە مەسەلەی نەتەوەیی، زۆرجار قازانجی حیزبی پلەیەک دەباتە خوار و پێویستە ئەوەش ڕیعایەت بکرێ. زۆرجار هەڵ دەگرێ کە بە قازانجی مەسەلە نەتەوەییەکە دەست لە قازانجی کاتی و ڕەقابەتی حیزبی هەڵگیرێ. کە دیارە بە مانای ئەوە نییە کە ڕەقابەتی حیزبی خراپە، بە پێچەوانە وە، حیزبەکان بۆ ئەوە دروست دەبن کە پێکەوە ڕەقابەتی سیاسی بکەن و دەرفەتی جۆراو جۆر و ئیمکانی هەڵبژاردن بۆ کۆمەڵانی خەڵک پێک بێنن. بەڵام هێندێک هێڵی سوری نەتەوەیی هەن کە دەبێ هەمو ڕیعایەتی بکەن. ئەویش ئەو کاتەیە کە قازانجی گشتی نەتەوە دەکەوێتە بەر باس.

تا ئێستا زۆرتر باسی خاڵە بەهێزەکانی کۆنگرەی ١٤ کراو هیچ ئاوڕێکیش لە وە نەدرایەوە کە تا کوێ توانیومانە سیاسەتی ڕوژانەمان لە سەر ئەو پەسندکراوانە تەنزیم کەین و چەندە سەرکەوتوین کە ئەو نێوەروکە دەوڵەمەند و گونجاوەی پرۆگرامی حیزب بگەیەنینە نێو کۆمەڵانی خەڵک. ئەوەی ڕاستی بێ ئێمە لە ماوەی دوای کۆنگرە ی ١٤ هەتا ئێستا زۆر کەم پرژاوینە سەر ئەوەی کە پرۆگرامەتازەکەمان بناسێنین و سیاسەتەکانمان لە سەر بناغەی ئەو بەرنامە نەتەوەییە داڕێژین. یەکێک لە هۆ سەرەکییەکانی ئەو کەمتەرخەمییە ئەوە بووە، کە ئێمە هەرچەندیش خۆمان بواردبێ لە ڕەقابەتی ناسالم لەگەڵ هاوڕێیانی پێشوی خۆمان و حیزب و ڕێکخراوەکانی دیکە، بەڵام لە کردەوەدا زۆر لەگەڵ ئەو مەسەلەیە دەرگیر بووین. ڕاستە هەوڵمان داوە خۆمان لەو گێژاوە بێ ئاکامە دوور خەینەوە، بەڵام زۆرجار ئەو مەسەلەیە ئەوەندە بەسەر

هەلومەرجەکەدا زاڵ بووە، کە ڕێگای خۆدەربازکردنمان لێ گیراوە.

جگە لەوەش ڕێبەرایەتی حیزبی ئێمە لەو ماوەیەدا زۆرکەم خۆی خەریک کردووە بە ناساندن و تەبلیغ کردنی ئەو ئاڵ و گۆڕانەی بە سەر بەرنامەی حیزب دا هاتوون. دیارە ئەوەش هەروا بە بێ دەلیل نەبووە. مەسەلەی جێگیربوونی حیزب و زاڵبون بەسەر کەش و هەوای نائومێدی دوای لەتبون دا، دەرەتانی کەمی بۆ ڕێبەرانی حیزب هێشتوەتەوە تا ئاوڕێکی جیددی لە شیکردنەوەی بەرنامە و بەدەستهێنانی جێ پێ بۆ ڕیفۆرمەکان بدەنەوە. هەرچەندە ئەوە بە هیچ جۆرێک ناتوانێ پاساو بۆ کەمتەرخەمیی ڕێبەرایەتیی حیزب لەو بارەوە بێنێتەوە. هەروەها مەسەلەیەکی زۆرگرنگ لەو ماوەیەدا کە هەم وەخت و هەم زیهنی ڕێبەرایەتی بەخۆیەوە خەریک کردبو، ئاڵو گۆڕەکانی پەیوەندیدار بە هەڵبژاردنی سەرکۆماری لە ئێران دا بوو. حیزبی ئێمە هەر زۆر زوو، تەنانەت ماوەیەک پێش هەڵبژاردن لە وە تێ گەیبو کە ئەو هەڵبژاردنە دەکرێ ببێتە دەرفەتێک بۆ بە چالش کێشانی ڕژێم و هێنانەگۆڕی داخوازییەکانی گەلی کورد و گەلانی دیکەی ئێران. هەروەها حیزب لەوە گەیبو کە قەیرانی حاکمییەت بە ئەوجی خۆی گەیشتووە هەڵبژاردن دەکرێ ببێتە دەرفەتێکی باش بۆ قوڵکردنەوەی ئەو قەیرانە و ڕێگا خۆشکردن بۆ ئاڵ و گۆڕی جیددی لە ئێران دا. هەربۆیە حیزبی ئێمە ئەو جارە هەڵوێستێکی جیاوازی گرت لە سەر مەسەلەی هەڵبژاردن و بە پێچەوانەی هەڵوێستی باو لەساڵەکانی دوایی دا، ئەمجارە هەڵبژاردنی تەحریم نەکرد و ئامۆژگاری ئەوەبو کە بکرێتەدەرفەتێک بۆ هێنانە گۆڕی داخوازییەکان و بە چالشکێشانی ڕژێم. کە دیارە ئەو مەسەلەیەش دوو ئەنجامی بەدواوە بوو، لە لایەک کاتێکی زۆری ڕێبەری گرت تا بتوانری ئەو هەڵوێستە تازەیە جێبگیر بکرێ و لە لایەکیشەوە دیرایەت و وشیاریی سیاسی ڕێبەرایەتی حیزبی سەلماند و ئەنجامەکانی هەڵبژاردنیش ئەو مەسەلەیەی نیشان دا. بەڵام ئینکاری ئەوە ناکرێ کە لە سەر لادانی سەرنجی ڕێبەرایەتی بۆلای مەسەلەکانی ڕۆژ و دوورکەوتنەوە لە بیری بڵاوکردنەوەی بەرنامەی حیزب و مەسەلەی ڕیفۆڕم دا شوێنێکی بەرچاوی هەبوو.

## بەرەو کۆنگرەی پازدەو ئاوڕێک لەکۆنگرەی چاردە

(بەشی چوارەم)

لە بەشەکانی ڕابردوو دا هەوڵم دا بە پێی توانا نێوەڕۆکی بەرنامەی حیزبی دیموکڕاتی کوردستان پەسندکراوی کۆنگرەی چاردە هەڵسەنگێنم. مەبەست لەو هەڵسەنگاندنە ئەوەبو کە بزانی بەرنامەکە لە گەڵ ویست و داخوازەکانی کۆمەڵانی خەڵک لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان یەک دەگرێتەوە.

ئەو بەرنامەیە لە هەل و مەرجی جۆراوجۆر دا تاقی کراوەتەوە و بە پێی تاقیکردنەوەی خەباتی گەلی کورد، دەتوانێ وەڵامدەری ئەم قۆناغە لە خەبات بێ.

ئەو هەڵسەنگاندنە بە ڕوانینێکەوە کرابو کە بتوانین ئەنجامێک وەرگرین بۆ کۆنگرەی پازدە. ئایا پیویستە چاوێک بە نێوەرۆکی بەرنامە دا بخشێنینەوە، یا نا؟

بۆئەوەی بریارێکی باش و بە پیی ویست و داخوازییەکانی کۆمەڵانی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بدەین، پێویستە چەند مەسەلەیەک لە بەر چاو بگرین.

### فەلسەفەی دروستبونی حیزبی دیموکڕاتی کوردستان

حیزبی دێموکڕاتی کوردستان کە هەر لە سەرەتاوە لەسەر بیر و بەدەنەی کۆمەڵەی ژ.ک دامەزراوە، ئامانجەکەی بەدەستهێنانی مافی نەتەوەیی گەلی کوردبووە. حیزبێک نییە کە نوێنەرایەتی چینێک یا کۆمەڵێکی تایبەتی بکا. حیزبێکی نەتەوەییە کە تەنانەت بۆ وەدەستهێنانی دەسەڵاتیش ئامادە نییە دەست لە مافە نەتەوەییەکان هەڵبگرێ. بە واتایەکی دیکە حیزبی دێموکڕاتی کوردستان تەنیا کاتێک دەتوانێ موشارەکەت لە دەسەڵات دا بکا کە مافە تەوەییەکانی گەلی کورد بە پێی ویستی سەردەمیانەی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان دەستەبەر کرابن. کەوابو فەلسەفەی دروستبوونی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان بەدەستهێنانی مافی نەتەوەی گەلی کوردە. هەربۆیەش پێویستە ئەو ئامانجە ستراتیژیە لە بەرنامەی حیزب دا قورسایی بکا بەسەر هەمو ئامانجەکانی دیکەدا. بۆ وێنە ئەگەر باس لە دیموکڕاسی دەکرێ، بۆ حیزبی دێموکڕاتی کوردستان تەنیا کاتێک نێوەرۆک پەیدا دەکا کە تێی دا مافی نەتەوەیی گەلی کورد دەستەبەر بوبێ.

### گەشەی هەستی نەتەوەیی

بۆ حیزبێکی نەتەوەیی زۆر پیویستە میچی داخوازییەکانی نەتەوەکەی بزانێ و لە بریاراتی خۆی دا لە بەر چاوی بگرێ. هەمو نیشانەکان ئەوەمان پێ دەڵێن کە هەستی نەتەوەیی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان زۆر چوەتە سەر و گەلی کورد لە و بەشەی کوردستان دا ئامادەیی تەواوی هەیە تا لە هەر ئاڵ و گۆڕێکی دێموکڕاتیک دا هەوڵی بەکارهێنانی ئیرادەی خۆی بدا و کە سایەتی نەتەوەیی خۆی نیشان بدا. لە هەمو ئەو بۆنە و ڕووداوانەدا کە لە بواری نەتەوەیی دا هاتوونە ئاراوە،

وەک گیرانی ڕێبەرێکی کورد لە پارچەیەکی دیکەی کوردستان، وەدەستهێنانی دەسکەوتێکی گەورە لە بەشێکی کوردستان یا هەڕەشەیەک بۆ سەر قازانجەکانی گەلی کورد لە بەشێکی کوردستان دا، ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەستی نەتەوەیی خۆی نیسان داوە. هەروەها لە ئاڵ و گۆڕەکان و ڕووداوەکانی نێو ئێران دا نیشانی داوە کە دەی هەوێ بۆخۆی چارەنووسی خۆی دیاری بکا و نیشانی داوە کە ئەو قۆناغەی تێپەڕ کردووە کە داوای ماف لە ناوەندی ئێران بکا. نیشانی داوە کە بۆ دیاریکردنی مافی چارەنوسی خۆی ئامادە نییە لە گەڵ ناوەند پۆلیمیک بکاو ئەمجارەیان ئەوە ناوەندە کە دەبێ هەوڵ بدا کوردستان لەگەڵ خۆی بخا. ئەویش تەنیا بە ڕێگای سەلماندنی مافە ڕەواکانی دا دەبێ.

گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دا لە چەندین بۆنە دا نیشانی داوە کە ئامادەیە بۆ تاقیکردنەوەی دەسەڵاتی خۆی و بۆ ڕۆڵی شەڕاکەت لە چوارچێوەی ئێران دا. هەروەها بە هەمو شێوەیەک ڕای گەیاندووە کە چیدی ئامادە نییە ببێتە پاشکۆ. بەڵکو دەی هەوێ لە کوردستان دا بۆخۆی بڕیار بدا و لە چوارچێوەی ئێرانیش دا شەریکی سیاسی بێ، نەک چاولێکەری سیاسی.

ئەگەر بەرنامەی پەسندکراوی کۆنگرەی چاردە لە گەڵ ئەو گە شانەوەی نەتەوەییە بەراورد بکەین، بۆمان دەردەکەوێ کە ئەو بەرنامەیە لە ڕاستی دا تەنیا ئاستی مامناوەندیی میچی داخوازییە نەتەوەییەکانە و پڕدێکی باشە لە بەستەنەوەی ڕابردوو بە ئێستاوە. لەلایەکەوە دیاریکردن و بە ڕێوەبردنی ئامانجە نەتەوەییەکان دەداتەوە بە ئیرادەی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و لە لایەکی دیکە وە وێنای هاوکارییەکی هاوسەنگ لە گەڵ ناوەندی ئێران نیشان دەدا. هەوڵێکە بۆ گواستنەوەی خەباتی نەتەوەیی لە قۆناغی مەزلومنمایی نەتەوەییەوە بۆ قۆناغی بە خاوەنبونی نەتەوەیی. ئەو بەرنامەیە هەم دەگونجێ لە گەڵ بەرزبونەوەی ڕاددەی هەستی نەتەوەیی و هەم لەگەڵ زەرورەتی بە هێمنی و بە شێوەی دێموکڕاتیکی چارەسەریی مەسەلەی لە نەتەوەیی لە چوارچێوەی ئێران دا.

بۆیە دەتوانین ئەو ئەنجامە وەربگرین کە بە پێوانەی هەستی نەتەوەیی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دا، ئەو بەرنامەیە بە هیچ شێوەیەک پیویستی بە ئاڵ و گۆڕ نییە لەم سەردەمە دا.

### ئاڵ و گۆڕ لە ناوچە و لە دنیا دا

چ لە ڕاددەی نێونەتەوەیی و چ لە ڕاددەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، ناوچەی ئێران و کوردستانیش دا، ئاڵ و گۆڕەکان بەقازانجی ویست و داخوازییە نەتەوەییەکانی گەلانن. هەر ماوەیەک لە مەوبەر لە باشوری سوودان گەل توانی ئیرادەی

خۆی زاڵ کا و سنوری وڵاتەکە بگۆڕێ و بۆ سەر دوو وڵاتی تازە دابەشی بکا. جگە لەوە جوڵانەوەکانی عەداڵەتخوازی، دیموکراسی و ئازادیخوازی لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست دا لە ئەوجی خۆی دایە. گەلان بە شتێک کەمتر لە بەکار هێنانی ئیرادەی خۆیان ڕازی نابن. ئەگەر بەرنامەی حیزب لە گەڵ ئاستی بەرزبوونەوەی خواستی نەتەوە جۆر بەجۆرەکانی دنیا و تەنانەت ناوچەش دا هەڵسەنگێنین و لە هەمان کات دا بمان هەوێ لە چوارچێوەی ئێران دا مە سەلەکە چارەسەر بکەین، بەرنامەی حیزب تەواو لە گەڵ هەل و مەرج گونجاوە. دیارە ئە گەر بمانهەوێ قۆناغی خەبات بگوێزینەوە بۆ چارەسەری کۆتایی، ئەو کاتە مەسەلەکە جیاوازە و دەبێ بیر لە سەربەخۆیی بکەینەوە کە ئەوەش مافێکی ڕەوا و سروشتیی نەتەوەی کوردە وەک هەمو نەتەوەکانی دیکەی جیهان.

## ئاڵ و گۆڕ لە سیستمی بیرکردنەوەو بەسەرچوونی قۆناغی ئایدیۆلۆژییەکان

لە بە شی هەرەزۆری وڵاتەکانی دنیا دا ئایدیۆلۆژییە تەک ڕەوەکان لە ڕووخان دان. چۆنییەتی بیرکردنەوەی لاوان کە بەهێزترین مۆتۆڕی ئاڵ و گۆڕن، ڕووی لە مەسەلەی نەتەوەیی و کەسایەتیی نەتەوەییە. لاوان ئێستا بە دوای کەلێن و قوژبنەکانی تیۆرییە ژەنگاوییەکان دا ناگەڕێن و لە چوارچێوەی کتێبە دوکماتیستییەکان دا قەتیس نابن. لاوان بە کوڕ و کچەوە ڕوویان لە شەقامە، تا ئیرادەی خۆیان بە کار بێنن و بە هێزی خۆیان ئاڵ و گۆڕ بکەن. بۆ ئەو هاتنە مەیدانە لاوان پێویستیان بە پێناسەی خۆیان هەیە. پێناسەیەکی ئەوتۆ کە لاوانی وەڵاتێکی دیاریکراو لە دەوری یەکتر کۆ بکاتەوە. ئەو پێناسەیەشیان لە هەستی نەتەوەیی دا دیوەتەوە. لە سەرانسەری دنیادا ئەوڕۆ هەستی نەتەوەیی و نیشتمانی لە و پەڕی بە هێزی دایە. هەموان دەیان هەوێ پاریزگاری لە هووییەتی خۆیان بکەن و بە شێوەیەک لە شێوەکان ئەو هەستە دەر ببڕن. لە زۆر وڵات کە بە هەمو مافەکانی خۆیان گەیشتون، ئەوهەستە لە مەیدانەکانی کی بەرکیی فوتباڵ دا یا لە بەربەرەکانی ئابوری، سیاسی و زانستی دا نیشان دەدەن. لەو وەڵاتانە کە هیشتا بە ئازادی، سەربەخۆیی و دیموکراسی نەگەیشتوون لە شەقامەکان دا دژی دیکتاتۆرەکان خۆیان نیشان دەدەن و لە وەڵاتی نەتەوە ژێردەستەکانی وەک گەلی کوردیش دا، ڕەوشەکە بەشێوەی لێکگرێ دانی هەستی نەتەوەیی خۆی دەنوێنێ. بۆ وەڵامدانەوە بەو ئاڵ و گۆڕەش لە سیستمی بیر کردنەوە دا، لانی کەمی هەڵوێستی کۆنگرەی پازدەمان دەبێ پاراستنی ئەو دەسکەوتانەبێ کە لە کۆنگرەی چاردە دا بە دەستمان هێناون. هەرچەندە پێویستە بگوترێ کە ئەوە میچی داخوازییەکانی لاوانی ئەمڕۆشمان نییە.

## نەخش و گرنگی خەباتی جەماوەری

لە سەردەمی ئێستا دا گرنگی دان بە خەباتی جەماوەری و گوێدان بە ویست و داخوازییە کانی کۆمەڵانی خەڵک، گەورەترین

ئامڕازی سەرکەوتنی هەر حیزبێکی سیاسییە. سەردەمی مامەڵە بە داخوازییەکانی کۆمەڵانی خەڵکەوە بەسەر جووە. هەروەها سەردەمی خۆ بە پێشەنگ و قارەمان زانین بەسدەر جووە. حیزبێکی دێموکڕات و واقیعبین پێویستە لە بازنەی ڕێبەرایەتی و تەنانەت بەدەنەی خۆشی بچێتە دەر و هەوڵ بدا سیاسەتەکانی ئاوێنەی باڵانوێنی ویست و داخوازییەکانی گەلەکەی بن. هەرحیزبێک کە تەنیا سیاسەت بۆ ئەندامانی خۆی بکا، لە کاتی گەڕانەوە بۆ لای ئیرادەی خەڵک دا تووشی گرفتی بناغەیی دەبێ. بە هەمو ئەو لیکدانەوانەی کە لە نێوخۆی وڵاتەوە دێنە بەر نەزەر و بە ڕێگای نوسین و هەڵوێستگرتن دا بڵاو دەبنەوە، بەرنامەی پەسندکراوی کۆنگرەی چاردە، لە لایەن کۆمەڵانی خەڵکەوە بە گشتی و ڕووناکبیرانی کوردستانەوەبە تایبەتی باش وەرگیراوە. ئەوەش باشترین مە حەکی گونجاو بوونی هەر بەرنامەیەکە.

**سەردەمی ڕازیکردنی ناوەندی ئیران بەسەر چووە. ناوەند پێویستە نەتەوەکانی ئێران ڕازی بکا.**

بەداخیکی گرانەوە ماوەیەکی زۆر سیاسەت مەدارانی کورد و گەلانی دیکەی ئیرانیش، زۆرتر لە بیری ئەوە دابوون کە ناوەند ڕازی بکەن. سیاسەتی تواندنەوەی نەتەوەیی لە ئێران دا کە بە دوای دامەزرانی دەوڵەت - نەتەوەی سەفەت دا، لە ئێران برەوی پێ درابو، کارێکی کردبو کە نەتەوە مافخوراوەکان هەمیشە لە کورسی ئیتتیهام دا دابنرێن. کوتکی جیاوازی خوازی کە بە بەهانەی هەر داوایەکی ڕەوای مافی نەتەوەیی دادەبەزییە سەر نەتەوەکانی ئیران تەنانەت کاری لە سەر چالاکانی کوردیش کردبو. زۆرجار گوێگرتن لە سیاسەتی پان ئێرانیستی و دەسەڵاتپارێزی نەتەوەی فەرمانڕەوا بە واقیعبینی تەرجومە دەکرا و دروشمەکان لە سەر ئەو بناغەیە دادەنران. ئێستا لە و قۆناغە تێپەڕیوین، ئەوە نوێنەرانی نەتەوەی فەرمانڕەوان کە دەبێ واقیعبین بن و پێ لەو ڕاستییە بنێن کە ئیران وەڵاتێکی فرەنەتەوەیە. پێویست ناکا چیدی ئێمەی مافخوراو خۆ لەگەڵ تیورییە سەقەتەکانی ئەوان بنگونجێنین. بەڵکو پێویستە زۆر بە شەففافی باس لە واقیعییەتی ئێران و مافەکانی خۆمان بکەین. لەو ڕوەشەوە بەرنامەی پەسندکراوی کۆنگرەی چاردە، هەر لە سەرەتاکەیەوە تا هەمو بەندەکانی واقیعبینانەن.

بە پێی ئەو لێکدانەوانەی پێشەوە پیویستە کۆنگرەی پازدە زۆرتر خۆی خەریک بکا بە دەوڵەمەند کردنی بڕیارەکانی کۆنگرەی چاردەوە. لەو جێگایانە کە ڕوونتر کردنە پێویستە، چاکسازی بکاو ئەگەر لە دیاری کردنی بۆچوونە سەردەمییەکان دا کەم و کوڕییەک هەیە پێیان دا بچێتەوە. پی داگرتنەوە لەسەر هەڵوێستە نەتەوەییەکان و دەوڵەمەند کردنیان یەکێک لە ئەرکە گرنگەکانی ئە و کۆنگرەیە.

هەروەها پیویستە کۆنگرەی پازدە میکانیزمەکانی بە کردەوە کردنی بڕیارەکانی کۆنگرەی چاردە بدۆزێتەوە و بڕیاریان


سەرچاوە
Serchawe

لەسەر بدا. ئەوەش لە ژێر ڕووناکی ئەو ڕاستییە دا کە ئێمە لە بەرنامە و بڕیار دا کەم و کوڕیمان نییە، بەڵکو لە ماوەی نێوان دوو کۆنگرە دا کەم و کوڕیمان هەبووە لە باری ناساندنی بەرنامەکانمان، هەوڵ نەدان بۆ دروستکردنی فەرهەنگی گونجاوی سیاسی و تەشکیلاتی لە گەڵ ئەو ئامانجە سەردەمیانەی کە تیۆریزەمان کردوون و قەتیسمان لە فەرهەنگی سی ساڵەی کارپێکردن دا. ئێمە نەمانتوانیوە نێوەروکی بەرنامە وەرگێڕینە سەر ئایینامە و دەستوری کار و فەرهەنگی کار. کردار و ووتارمان لەو ماوەیەدا زۆر لەگەڵ بەرنامە نەگونجاوە و هەوڵمان نەداوە کە لە هەمو بوارەکان دا کەڵک لە بەرنامەی داڕێژراو لە کۆنگرەدا وەرگرین.

ئەو ئاڵ و گۆڕانەی کە قەراربو لە ژێر ڕووناکی بەرنامە و پێڕەو دا بەدیان بێنین، لە کردەوەدا زۆر بەرچاو ناکەون، هەرچەند لە تیۆری دا ڕێکمان خستوون. فەرهەنگی سیاسی، تەشکیلاتی، دیپلۆماسی و ڕاگەیاندنمان باش لە گەڵ هەل و مەرجی تازەدا نەگونجاندووە. لە کۆنگرەدا پێویستە بۆ هەمو ئەوبوارانە هەوڵ بدەین، قەراری کردەوەیی دەربکەین و بە رنامە  و پێڕەومان لە پلانی کار دا ووردکەینەوە. تا بتوانین مەیدانی خەباتی ڕۆژانەمان بۆ پیادەکردنی ئاڵ و گۆڕەکان و خۆ گونجاندن لە گەڵ سەردەم ئامادە بکەین.

## پێڕەوی نێو خۆی پەسندکراوی کۆنگرەی چاردە

مەسەلەی پێڕەو زۆرتر پەیوەندی هەیە بە تەشکیلاتی حیزب و ئەندامانی حیزبەوە، هەر بۆیە باسێکی وورد لە سەر پێڕەو لە مەقالەیەکی کراوە دا بە پێویست نازانم. هەرچەند دەبێ ئەو بڵێم کە ڕەنگە هێندێک بەندی پێڕەوی ناوخۆ بۆ پێداچونەوە ببن. ئەویش بە بڕوای من نەک لە بەر ئەوەی کە نەقسێک لەو بەندانە هەبێ، بەڵکو لە بەر ئەوەی کە بە داخەوە ئەندامانی حیزبی ئێمە لە باری فەرهەنگی سیاسی و تەشکیلاتییەوە ئاماد نین. ئێمە بۆ ماوەی چەند دەهەیەک بە شێوەیەکی دیکە کارمان کردووە و ئەوەش فەرهەنگێکی کاری بۆ درووست کردووین کە پێی دەچێ هەتا بتوانین بە شێوەیەکی دیکەی کار کردن ڕا بێین.

**هیوادارم ئەو باسەی من لانی کەم بتوانێ هێندێک پرسیار دروست کا و یارمەتی بدا بە ورووژاندنی باسێکی گەرم لەو بارەیەوە.**

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد  -  ڕێکەوتی:  ٦ی مارچی ٢٠١١

## ڕێبەرایەتی حدکا نەدەبوو ئەو مەرجە قورسە لە سیاسەتی خۆیدا جێگیر بکا"

ڕۆژهەڵات تایمز – دیمانە کۆنگرەی پازدەی حیزبی دیموکراتی کوردستان چەند ڕۆژ لەوە پێش کۆتایی بە کارەکانی هێنا و ئەوەی کە زیاتر جێی سەرنج بوو حیزبی دیموکراتی کوردستان گوتاری نەتەوەیی کردە بەرنامەی کاری خۆی و ڕاگەیەندرا کە مافی دیاریکردنی چارەنووس بۆ گەلەکەی بە ڕەوا دەزانێت و لە گەڵ هەمووو لایەنە کوردی و ئێرانییەکان گفتگۆ دەکات بۆ ئەوەی چەمکی گوتاری نەتەوەیی لە نێو ئەدەبیاتی سیاسی لایەنەکانیتر دا جێ بخات.

بۆ هەڵسەنگاندنی کۆنگرەی پازدەی حیزبی دیموکراتی کوردستان و ئاکامەکانی ئەم کۆنگرەیە و بەرنامەی داهاتووی ئەم حیزبە دیمانەیەکمان لەگەڵ بەرێز مستەفا شەڵماشی ئەندامی دەفتەری سیاسی حیزبی دیموکرات پێکهێناوە.

**سازدانی: جەمال نەجاری**

**پرسیار:** کۆنگرەی ١٥ی حیزبی دیموکراتی کوردستان کۆتایی بە کارەکانی خۆی هێنا و جەنابیشت وەک ئەندامی دەفتەری سیاسی ئەم حیزبە هەڵبژێردران، جیاوازییەکانی کۆنگرەی ١٥ لەگەڵ کۆنگرەی ١٤لە چیدا دەبینی؟

**وەڵام:** ڕێبەرایەتی حدکا هەر لە سەرەتاوە نەدەبوو ئەو مەرجە قورسە لە سیاسەتی خۆیان دا جێگیر بکا. ئەوان زۆر باش پێکهاتەی حیزبی دیموکراتی کوردستانیان دەناسی و دەبوو بزانن کە مێژوو و ناوی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لە گەڵ کەسایەتی و خوێنی خەباتکارانی حدک تێکەڵە و ئیمکانی لێک جیاکردنەوەیان نییە. جگە لەوەش ئەگەر بیانووگرتن نەبێ، ئێمە ئەو ناوەمان بەکار نەهێناوە کە لە کۆنگرەی سێزدەدا پەسند کراوەتەوە."

جیاوازییەکانی کۆنگرەی پازدە لە گەڵ کۆنگرەی چاردە لەوە دابوو کە لە کۆنگرەی چاردەدا ئێمە لە پرۆسەی ئۆرگانیزەکردنەوە دا بووین. دوای لەتبوونی حیزب هەرچەندە بەشی زۆری کادر و ئەندامە بە وەجەکانی حیزبی دێموکڕات لە گەڵ لایەنی حدک بوون، بەڵام زۆربەی نیزیک بە تەواوی ئیمکانات، دەروازەکانی ڕاگەیاندن و کاناڵەکانی پەیوەندی لە دەست لایەنی بەرامبەر دابوون. لە کۆنگرەی چواردەدا گەورەترین ئەرکی ئێمە جێگیر کردنی حیزب و ساڕێژ کردنی برینەکان بوو. هەروەها لە بواری بۆچوونەکانیشەوە یەکدەست نەبووین. پێویست بوو سیاسەت و ستراتیژی نەتەوەیی داڕێژین و خۆمان یەکدەست بکەینەوە. پێویست بوو خۆمان بناسێنین، خۆمان جێگیر بکەین و پایگایەکی شیاو بۆ حیزبەکەمان کە لایقی حیزبێکی خاوەن مێژووی وەک حیزبی دێموکڕات بێ، بە دەست بێنین.

ئەوەی حدک لە سێ ساڵی ڕابردوو دا لە هێندیک بوار دا کردی ئە گەر نەڵێم لە سەرەوەی چاوەڕوانییەکان دابوو، بێشک لە ڕادەی چاوەڕوانییەکان دابوو. لە بواری پەیوەندییەکانەوە لە زۆر کاناڵەوە سەرکەوتو بووین. ئێمە توانیمان لە دەرەوە بچینەوە نێو زۆربەی ئەو دەروازەی پەیوەندییانەوە کە حیزب بە درێژایی مێژووی خۆی توانیبوی بیانخاتە سەر پشت. جگە لەوە توانیمان تەنانەت ئەو سنوورانەش ببەزێنین و بواری دیکەش بکەینەوە. لە پێوەندی لە گەڵ هێزەکوردستانییەکان دا توانیمان وەک حیزبێکی بەهێزی نەتەوەیی دەرکەوین و کارێک بکەین کە تەواوی حیزبەکوردستانییەکان بمانناسن و قەبوڵمان بکەن. تەنانەت لەوەش زیاتر وەک هێزێکی بەرپرس بە سیاسەتێکی گونجاو و ماقوڵەوە پێناسەمان بکەن. باشترین بەڵگە بۆ ئەو بۆچوونەی من ئەو پەیامانە بوون کە بە کۆنگرەی پازدە گەیشتن. پەیامێکی زۆر لە هەموو حیزبە گرنگەکانی هەر چوار پارچەی کوردستان، لە هەموو ئەو حیزبە ئیرانیانەی کە بە شێوەی مێژوویی پەیوەندییان بە حیزبی دێموکڕاتەوە هەبووە،چەندین پەیام لە حیزب و ڕێکخراوە نێونەتەوەییەکان و دەیان پەیام لە کەسایەتیەکانی کورد، ئیرانی و خاریجییەکان بەڵگەن بۆ ئەو بۆچوونەی من. لە پێوەندی لە گەڵ هێز و ڕێکخراوە ئیرانییەکان دا ئێمە توانیمان لە بەرگی نەتەوەیی خۆمان دا پێوەندییان پێوە بگرین، لە دەرفەتەکان کەڵک وەربگرین و خۆمان وەک حیزبێکی بەرپرس پێناسە بکەین. هەروەها لە بواری تەشکیلاتییەوە توانیمان هەم لە نێوخۆی وڵات و هەم لە دەرەوەی وڵات خۆمان سازمان بدەین و تەشکیلاتێکی بەهێز ساغ بکەینەوە. لە بواری ڕاگەیاندن و تەزمینی پیداویستییەکانیش دا هەرچەند نەمانتوانیوە بە بارستایی خۆمان بچینە پێش، بەڵام توانیومانە بنکە و بەستێنی سەرەتایی بکەینەوە. هەمووی ئەوانە بوونە دەسمایەیەک بۆ کۆنگرەی پازدە کە بتوانێ بە خەیاڵی ڕاحەتەوە بیر لە ستڕاتیژی، پلانی درێژخایەن و تاکتیکی باشی کورتخایەن بکاتەوە. کۆنگرەی چاردە هەروەها چەند بڕیاریکی گرنگی دابو کە دەسمایەیەکی گەورەی ستڕاتیژی و سیاسی بوون بۆ کۆنگرەی پازدە. لە ڕاستی دا لە کۆنگرەی چاردە دا کارئاسانییەکی زۆر لە باری فکرییەوە بۆ کۆنگرەی پازدەو کۆنگرەکانی دواتر کرابو. ئەو بازەی کە دەبوو حیزبی دیموکراتی کوردستان بیدا لە کۆنگرەی چاردەدا هاویژرابو. واتە خۆنوێکردنەوە، دێموکڕاسی نێوخۆیی و چڕ کردنەوەی دروشمی نەتەوەیی. بۆیە بە باوەڕی من گرنگترین ئەرکی کۆنگرەی پازدە پێداچونەوە بە بڕیارەکانی کۆنگرەی چاردە، گونجاندنیان لە گەڵ قۆناغی تازە و بە دەستهێنانی تەئیدی پانتایی تەشکیلاتی بوو،

کە کۆنگرەش بە هەمووو ئەو چاوەڕوانیانە گەیشت. کەوابوو کۆنگرەی چاردە، کۆنگرەی خۆساغکردنەوە و جێخستنی حیزب بوو، لە کاتێک دا کۆنگرەی پازدە کۆنگرەی کۆبونەوە لە دەوری ستڕاتیژیی نەتەوەیی و دروشمەکانی خۆ نوێکردنەوە بوو.

**پرسیار**: سکرتێری حیزبی دیموکراتی کوردستان بەڕێز خالید عەزیزی لە ڕێورەسمی کۆتایی کۆنگرە ئاماژەی بەوە کرد کە کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان لە ناوخۆ بە نامە و ئیمەیل و فاکس بیر و ڕای خۆیان سەبارەت بە کۆنگرەی ١٥ ناردووە،

**کۆنگرە چەندە بە دەنگ ئەم بۆچوون و پێشنیارانەوە هات و ئاوڕی لێدانەوە؟**

**وەڵام**: بۆچوون و پێشنیارەکانی کۆمەڵانی خەڵک زۆرتر بە دەوری تەوەرەکانی یەکگرتوویی نەتەوەیی، خەباتی نەتەوەیی و کەڵک وەرگرتنی باش لە دەرفەتەکان دا دەخولانەوە. لە کۆنگرەی پازدە دا لە سەر هەموو ئەو تەوەرانە هەڵوێستە کرا و کۆنگرە بڕیاری زۆر باشی لە سەر ئەو تەوەرانە پەسند کرد. سیاسەتی نەتەوەیی کە لە کۆنگرەی چاردە دا بناغەی دانرابو، لە کۆنگرەی پازدەدا پێی لەسەر داگیرایەوەو باشتر پێناسە کرایەوە. لەوەش گرنگتر بە تێکڕای دەنگ پەسند کراو لە لایەن کۆنگرەوە بە هەموو ئۆرگانەکانی ڕێبەری و شەخسی سکرتێریش سپێردرا کە لە دوای کۆنگرە بە چڕ و پڕی بۆ ناساندن و پەرەپێدانی ستراتیژیی نەتەوەیی کار بکرێ. هەر وەک دەزانن ئەو مەسەلەیە لە یەکەمین وتاری سکرتێری حیزب دا، لە مەڕاسمی تەواوبوونی کۆنگرە دا زۆر بە جوانی ڕەنگی دابۆوە. ئەوەی پێوەندیشی هەبێ بە یەکگرتوویی نەتەوەیی، کۆنگرە بڕیاری دا کە حیزب سیاسەتی یەکیەتیخوازی درێژە بدا و بێ قەید و شەرت لەگەڵ هەموو حیزب و ڕێکخراوەکان دا وتووێژ بکا و هەموو توانای خۆی بۆ پێکهێنانی یەکیەتی نەتەوەیی بە کار بێنێ. بە خۆشییەوە حیزبەکەمان جێگایەکی باشی لە نێو حیزب و ڕێکخراوەکانی هەموو پارچەکانی کوردستان دا هەیە و ئەوەش لە و پەیامانەدا دەردەکەوت کە لە لایەن هەموو حیزبە ناسراوەکانی هەر چوارپارچەی کوردستانەوە بۆ کۆنگرە هاتبوون. کە وابوو دەتوانێ لە یەکریزکردنی جوڵانەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەی کورد دا ڕۆڵی گرنگ بگێڕێ. لە بواری کەڵک وەرگرتن لە دەرفەتەکان و سیاسەتی کراوەی واقیعبینانەش دا کە لە ماوەی دوو کۆنگرەدا پەیڕەو کراوە و هەوڵ دراوە لە دەرفەتەکان کەڵک وەرگیرێ، لە کۆنگرەدا پەسند کرایەوە و ڕێوشوێنی گونجاوی بۆ پێشنیار کرا. لەسەریەک دەتوانم بڵێم کە کۆنگرە بەشێوەیەکی باش بەدەنگ بۆچوون و پێشنیارەکانی کۆمەڵانی خەڵکەوە چووە.

**پرسیار**: **ئەو گوتارە نەتەوەییەی کە بەسەر کۆنگرەدا باڵی کیشابوو و کاریگەری لەسەر گوتاری حیزبی دیموکراتی کوردستانیش دانا لە چییەوە سەرچاوەی گرتووە؟ ئایا حیزب خۆی بڕیاری داوە گوتاری نەتەوەیی جێ بخات یان ویست و داخوازی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان بوو؟**

**وەڵام**: ئەو گوتارە هەر لە کۆنگرەی چاردەوە بە زۆربەی دەنگ پەسند کرابو. هەر ئەو کاتیش بە لە بەرچاوگرتنی ویستی کۆمەڵانی خەڵک و چوونەسەری هەستی نەتەوەیی لە نێوخۆی وڵات، ئەو بڕیارە درابوو. دیارە حیزبی دێموکراتی کوردستان هەر لە دروستبوونییەوە بۆ چارەسەری مەسەلەی نەتەوەیی دامەزراوە، بەڵام ماوەیەکی زۆر لایەنی جێخستنی گوتاری نەتەوەیی، فەرهەنگی نەتەوەیی و هەوڵدان بۆ دروستکردنی کەسایەتیی نەتەوەیی و ناسیۆنالیزمی مافخوازو دێموکراتیک، فەرامۆش کرابوو. لە کۆنگرەی چاردە دا ئاوڕی لێدرایەوە، بەڵام لەو بارەوە لە نێوخۆی حیزب و تەنانەت نێو ڕێبەری



سەرچاوە Serchawe

حیزبیش دا هەماهەنگی نەبوو. بۆیە نەمانتوانی لە ماوەی نێوان کۆنگرەی چاردە و کۆنگرەی پازدە دا لەو بارەوە هەنگاوی جیددی هەڵبگرین. لە کۆنگرەی پازدە دا بە خۆشییەوە لە سەر ئەو مەسەلەیە پێداگری کرایەوە و هەماهەنگی زیاتر پێکهات، بە شیوەیەک کە بە هەموو ئۆرگانەکان و کەسایەتییەکانی حیزب سپێردرا کە لەوبارەوە بە ئەرکی سەرشانی خۆیان هەستن.

**پرسیار**: ئایا تەنیا حیزبی دیموکراتی کوردستان لە ئێستا دا هەڵگری گوتاری نەتەوەییە یان حزبەکانیتریش خاوەنی ئەم گوتارەن؟

**وەڵام**: دیارە وەک ئیددیعا، زۆربەی حیزبەکان خۆیان بە نەتەوەیی دەزانن. قەزاوەتیش لەم بارەوە باشترە بە کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان بسپێرین. هەرچەند بە بۆچوونی من هەموو حیزبەکان پێویستە چاوێک بە گوتار و سیاسەتەکانیان دا بخشێننەوە و هەوڵ بدەن قازانجی نەتەوەیی لە پێش قازانجی حیزبی دانێن و گوتاریشیان لە گەڵ ئەو مەسەلە گرنکە رێکبخەن. هەڵگرتنی گوتاری نەتەوەیی پێویستی بەوە هەیە کە لە قاڵبی سوننەتیی پێشوودا سیاسەت نەکرێ. لە گەڵ خۆمان و نەتەوەی فەرمانڕەواش دا ڕوو ڕاست بین و بۆ ڕاکێشانی سەرنجی ناوەندی دەسەڵات لە تاران، یا بۆ رازیکردنی ئۆپۆزیسیۆنی سەراسەری، گوتاری خۆمان نەگۆڕین. لە هەمووشی خراپتر ئەوەیە کە هێزە کوردستانییەکان لەو مەیدانە دا بکەونە ڕەقابەت لە گەڵ یەکتر و هەرکام هەوڵ بدا زۆرتر خۆی لە ناوەندگەرایی نیزیک بکاتەوە. گوتاری نەتەوەیی پێویستە لە گەڵ کرداری نەتەوەیی هەماهەنگ بێ. ئەوەش بەو مانایەیە کە لە کوردستانەوە بۆ ئێران و بۆ تاران بڕوانی نەک بە پێچەوانەوە. من پێم وایە ئەگەر هەموو حیزبەکان ئەوە ڕەچاو بکەن، کۆتایی بە پرش و بڵاوی دێ و یەکییەتیی نەتەوەیی دەستەبەر دەبێ کە گەورەترین ئامڕازی سەرکەوتنی خەباتی هەمووانە.

**پرسیار**: حیزبی دیموکراتی کوردستان چ بەرنامەیەکی هەیە بۆ ئەوەی هەموو حیزبەکانی ڕۆژهەڵات لە ژێر چەتری گوتاری نەتەوەیی خۆی کۆبکاتەوە و هاودەنگییەکی سیاسی بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان دروست بێ؟

**وەڵام**: سیاسەتی کرانەوە بەڕووی هەموو حیزب و ڕێکخراوەکان دا بە بێ جیاوازی و بە بێ لە بەرچاو گرتنی بچووکی و گەورەیی و بە لەبەرچاوگرتنی نەخشی هەموو حیزبەکان هەرکام بە پێی قورسایی خۆیان، لەو ئامڕازە گرنگانەیە کە حیزبی ئێمە بەکاری دێنێ. جگە لەوە ئێمە بەرنامەی دیدار و باسمان هەیە لە گەڵ هەموو حیزبەکان بێ قەید و شەرت و بێ خۆ فەرزکردن و خۆ بە میحوەر زانین. ڕێبەرایەتیی حیزب لە بەرنامەی دایە زنجیرەیەک لە دانیشتن لە گەڵ حیزب و ڕێکخراوەکان ئەنجام بدا و هیندێک پێشنیار لەم بارەوە پێشکەش بکا بۆ باس لە سەر کردن. دیارە سیاسەتی حیزب ئەوە

نییە کە بۆخۆی بەرنامەیەک دارێژێ و داوا لە حیزب و ڕێکخراوەکانی دیکە بکا پەسندی بکەن، بەڵکو دەیهەوێ خاڵە هاوبەشەکان پێناسە بکا و پێویستییەکانی ئەمڕۆی خەبات دەسنیشان بکا، تا لە چوارچێوەی ئەو راستییانە دا حیزبەکان بتوانن پێکەوە بەرنامەیەکی تۆکمەی نەتەوەیی پەسند بکەن و هەموو پێکەوە بۆ وەدیهێنانی ئەو بەر نامەیە هەوڵ بدەن.

**پرسیار**: ئەو رەخنەیە ئاراستەی حیزبی دیموکراتی کوردستان دەکرێ کە تا ماڵی خۆی رێک نەخاتەوە ناتوانێ کار بۆ هاودەنگی و کۆکردنەوەی هێزە سیاسییەکان بکات، چۆن وەڵامی ئەو رەخنەیە دەدەنەوە؟

**وەڵام**: دەبێ مەبەستت ناوماڵی بنەماڵەی دێموکڕات بێ. چونکە ناو ماڵی حدک خۆی زۆر ڕێکە و پێم وا نییە قەت حیزبی دێموکڕات لە نێوخۆیدا ئەوەندە تەبایی هەبووبێ. دیارە ئەگەر مەبەستت بنەماڵەی گەورەی دێموکڕات بێ ئەو ڕەخنەیە دەرک دەکرێ و لە جێی خۆی دایە. بەڵام ڕووی ئەو ڕەخنەیە بە تەنیا لە حیزبی ئێمە نییە و تەنانەت دەکرێ بڵێم بەشێکی بچووکی بەر ئێمە دەکەوێ. چونکە حیزبی دێموکراتی کوردستان هەمیشە ڕایگەیاندووە کە بێ هیچ شەرتێک ئامادەیە لە گەڵ لایەنی دیکەی دێموکڕات دانیشێ بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان. لە کۆنگرەش دا پێ لەسەر ئەوە داگیرایەوە کە ڕێبەرایەتیی حیزب بە هەموو توانای خۆیەوە بۆ بە دەستهێنانی یەکڕیزی لە نێو بنەماڵەی گەورەی دیموکرات دا هەوڵ بدا. من بەش بەحاڵی خۆم پێموایە گەورەترین کۆسپی سەر ڕێگای یەکییەتیی نەتەوەیی لێکدابڕانی هێزە ڕەسەنەکانی مەیدانی خەباتە. تا ئەوان پێوەندییەکانی خۆیان ڕیکنەخەن و هەوڵ نەدەن بە شێوەیەکی دۆستانە پێکەوە هاوکاری بکەن، یەکییەتی پێک نایە و سەرکەوتنی بەرچاو بەدەست نایە. هیوادارین هاوڕێیانی دیکەش سیاسەتێکی ئاوا نەتەوەیی بگرنە پێش و لە بازنەی سەردەمی لەتبوونەکان بێنە دەر و سیاسەتی کرانەوە بەرەورووی هاوڕێیانی خۆیان و هەموو حیزبەکانی دیکە پەسند بکەن و ڕێگا بۆ یەکییەتیی نەتەوەیی خۆش بکەن. بێشک یەکڕیزی و یەکییەتیی نێوان بنەماڵەی دێموکڕات بەردی بناغەی یەکییەتیی نەتەوەیی و پێکهێنانی بەرەیەکی بەربڵاو بە پانتایی هەموو مەیدانی سیاسی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە.

**پرسیار**: لە وەڵامی ڕێبەرایەتی حدکا دا سەبارەت بە پرسی ناوگۆڕین، دەفتەری سیاسی حدک رایگەیاند: ناوی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە ئێستادا بۆتە ئەمری واقیع و وەک حیزبێکی سیاسی سەربەخۆ درێژە بە خەبات دەدا، پێت وایە لە داهاتوودا دیموکراتەکان (حدکا و حدک) بتوانن وەک دوو حزبی سیاسی بە یەکەوە دابنیشن؟ حدک چ بەرنامەیەکی بۆ نزیکبوونەوە لە حدکا هەیە؟

**وەڵام**: حیزبی دیموکڕاتی کوردستان هەمیشە ڕایگەیاندووە کە ئامادەیە بێ هیچ مەرجێک لە گەڵ حدکا دانیشێ و هاوکاری بکا. دیارە هەروەک بۆخۆی هیچ مەرجێک دانانێ هیچ مەرجێکیش لە هیچ هێزێک قەبوڵ ناکا. دانیشتن پێویستە بە

هاوسەنگی ئەنجام بدرێ و هەردووک لا یەکتر قەبووڵ بکەن. ڕێبەرایەتی حدکا هەر لە سەرەتاوە نەدەبوو ئەو مەرجە قورسە لە سیاسەتی خۆیان دا جێگیر بکا. ئەوان زۆر باش پێکهاتەی حیزبی دیموکراتی کوردستانیان دەناسی و دەبوو بزانن کە مێژوو و ناوی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لە گەڵ کەسایەتی و خوێنی خەباتکارانی حدک تێکەڵە و ئیمکانی لێک جیاکردنەوەیان نییە. جگە لەوەش ئەگەر بیانووگرتن نەبێ، ئێمە ئەو ناوەمان بەکار نەهێناوە کە لە کۆنگرەی سێزدەدا پەسند کراوەتەوە. حدک و حدکا هەم بە کورتکراوی و هەم بە درێژی دوو ناوی جیاوازن. دیارە هەروەک هەر دوولای دێموکرات مێژوویان یەکە، ئەو دوو ناوەش هەردوکیان لە مێژووی حیزبەکەدا هەبوون. هیچ کێشەیەک لە ناو دا نییە، هەردووک ناویش ناسراون و قەبوڵ کراون. ئەوە جگە لەو ڕاستییەی کە هەر حیزبەی بۆ خۆی و لە ڕێگای کۆنگرەوە کە نوینەری هەموو ئەندامانی حیزبی تیدایە، دەتوانێ ناو بۆ خۆی هەڵبژێرێ، یا ناو بگۆڕێ. ئەو مەسەلەیە تەنانەت لە دەست ڕێبەرایەتی حدکیش دا نییە، چ بگا بە حیزبێکی دیکە. لە کۆنگرەکانیش دا بۆ نوێنەرانی کۆنگرە تەنانەت ئەو مەسەلەیە هەر جێگای باسیش نەبووە.

دیارە سیاسەتی هەوڵدان بۆ لێک نیزیکبوونەوە جارێکی تر لە کۆنگرەی پازدە دا پیی لەسەر داگیراوەتەوە و ڕێبەرایەتی حیزب بێگومان ئەو سیاسەتە درێژە دەدا و هەوڵ دەدا سەرنجی لایەنی حدکا بۆ سەر میزی وتووێژ ڕاکێشێ. بەڵام ئەوەی ڕاستی بێ لەو بارەوە تۆپەکە لە دەروازەی حدکا دایە و سیاسەتی ئەوانە کە دەبێ گۆڕانی بەسەر دابێ، تا ڕێگا بۆ دانیشتن خۆش بکرێ.

**پرسیار**: بە باوەڕی حیزبی دیموکراتی کوردستان کێشەی کورد لە ئێران کێشەیەکی نەتەوەییە، تا چەند پێتان وایە گوتاری نەتەوەیی سەرکەتوو دەبێ بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی گەلی کورد لە ئێران؟

**وەڵام**: خەباتی گەلان لە سەرانسەری جیهان دا پێی ناوەتە نێو قۆناغێکی تازەوە. ئەم قۆناغە سەردەمی بڕوابەخۆبوون و پشت بە هێزی گەل بەستنە. سەردەمی ئەوە نەماوە کە دڵ بە گۆڕانی سیاسەتی دەسەڵاتدار خۆش بکەی و ملکەچی بۆچوونەکانی ناوەند بی. کاتی ئەوە هاتووە کە هێزی جەماوەریی نەتەوەی کورد کۆبکەیەوە و چیدی پشت بە موعجیزەی دیپلۆماسی یا قارەمانیەتی و بلیمەتیی چەند کەسێک نەبەستی. لە دەیان ساڵی ڕابردوو دا جوڵانەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەموو ئەو بوارانەی تاقیکردووەتەوە و بە هیچ نەگەیوە. کاتی ئەوەیە لە گەڵ نەتەوەی فەرمانڕەواو هێزی دەسەڵاتی سیاسیی ئەویش دا، کراوەو شەففاف بین. چیدی خۆمان لە کورسیی ئیتتیهامی تەجزییە تەڵەبی دا نەبینین و حاڵەتی دیفاعی بەخۆمانەوە نەگرین. دەبێ لە نەتەوەی خۆشمان بگەیەنین کە بەدەستهێنانی مافی نەتەوەیی پێویستی بە هێزی هەمو نەتەوەکە هەیە. بۆیە پیویستە تەکی تەکی کەسەکانی ئەو نەتەوەیە بەشداریی تێدا بکەن. با چاوێک لەو

نەتەوانە بکەین کە زۆر لە ئێمە بچووکترن، بەڵام بە یەکگرتوویی، باوەڕبەخۆبوون و هاتنە مەیدان، توانیویانە سەرنجی دنیا بۆ لای خۆیان ڕاکێشن و بە مافەڕەواکانیان بگەن. هەر لەو ساڵانەی دوایی دا نمونەکانی وەک تیمۆری ڕۆژهەڵات، کۆسۆڤۆ و باشوری سودانمان هەیە.

ئێمە دەبێ ئەوە بزانین کە بە پێی هێز و تواناکانی خۆمان دەتوانین ماف بەدەست بێنین. تەنانەت ئەگەر لە ئێران دا دێموکڕاسیش حاکم بێ، ئەوە فاکتۆری هێزی خۆمانە کە دیاریی دەکا چەندەمان لەو دیموکڕاسییە پێ دەبڕێ و چەندە بە مافی نەتەوەیی خۆمان دەگەین. ئەو هێزە نەتەوەییەش بەدەست نایە، مەگەر ئەوەی گوتاری نەتەوەیی و فەرهەنگی نەتەوەیی بەسەر جوڵانەوەکەمان دا زاڵ بکەین.

ئەگەر ئەو کارە نەکەین، لە هیچ دەرفەتێکیش ناتوانین کەڵک وەرگرین.

**پرسیار**: پێشبینی دەکەی حیزبی دیموکراتی کوردستان بە گرتنە بەری گوتاری نەتەوەیی لەگەڵ هێزە ئێرانییەکان تووشی گرفت ببێ و تاوانی جیابوونەوە لە ئێران بدرێتە پاڵ حیزبی دیموکراتی کوردستان؟ وەڵامی حیزبی دیموکرات بۆ ئەم قسانە چ دەبێ؟

**وەڵام**: دەبێ هەوڵ بدەین تێیان بگەیەنین کە واقیعییەتی ئیران ئەوەیە کە وەڵاتێکی فرە نەتەوەیە و واقیعبینیش ئەوەیە کە ڕێگایەکی چارەسەر بۆ ئەو مەسەلەیە بدۆزیەوە. یەکپارچەیی خاکی ئێران بەوە ناپارێزرێ کە ئینکاری ئەو واقیعیەتە بکەن. بەڵکو بەوە دەپارێزرێ کە هەوڵ بدەن ئێران بە یەکییەتییەکی داوتەڵەبانەی هەموو نەتەوەکانی ئێرانەوە بینا بکرێتەوە. ئیستا زەمینەیەکی باش بۆ ئەو یەکییەتییە هەیە. زۆربەی هێزە کاراکانی ئەو نەتەوانە داوای فیدراڵی لە سەر بناغەی نەتەوەیی و جوغرافیایی دەکەن. ئەوەش دەرفەتێکی باش دەخوڵقێنێ بۆ دروستکردنەوەی ئیران بە پێی ڕەزایەتی هەموو نەتەوەکان و دابین کردنی داهاتووی ئێرانی یەکگرتوو. بە باوەڕی من ئەگەر سیاسەتمەدارانی نەتەوەی فەرمانڕەوا دەیانهەوێ یەکپارچەیی خاکی ئێران بپارێزن، ئەوە دەرفەتێکی باشە و نەسلی ئێمە باشترین هاوپەیمان دەبێ بۆ ئەو مەسەلەیە. دەنا کێ دەڵێ نەسلەکانی داهاتوو بەوە ڕازی دەبن؟ ئێمە بۆ لە گەڵ ئەوانیش شە فقاف نەبین؟ پیویست ناکا دوو نەوع سیاسەت بکەین، لەگەڵ ئێرانییەکان جۆرێک و لە نێو خۆمان دا جۆریکی دیکە. باشترە ئەو مەسەلانە بکرێنەوە. ئێمە لە ماوەی ڕابردوو دا لە گەڵ زۆر لایەنی سەراسەری ئەو مەسەلەیەمان باس کردووە هیچ گرفتێکی واشمان نەهاتوەتە سەر ڕێ. ئێمە دەبێ دڵنیاییش بەوان بدەین کە داوای مافی چارەنوس بە شێوەی فیدراڵی باوەڕی ئێمەیە و بۆ خۆمان هەڵمانبژاردووە پێی ڕازین. ئەگەر لە لای خۆمان بە جۆرێک و لە گەڵ ئەوان بە جۆریکی دیکە قسە بکەین، قەت ئیعتیماد

پێک نایە. کاتی ئەوەش هاتووە کە بە سەراحەت پێیان بڵێین کە بەکوشتدانی لاوانی فارس لە شاخ و کێوەکانی کوردستان و ناوچە نەتەوەییەکانی دیکەی ئێران نە قازانجی بۆ ئەوان تێدایە و نە شانازیشە بۆ ئەوان. زۆر کەمایەسی‌یەکی گەورە دەبێ، نەتەوەیەکی وەک فارس کە خۆی بە پێشکەوتوو دەزانێ و خۆی بە خاوەنی شەش هەزار ساڵ شارستانیەت و فەرهەنگ دەزانێ، وەک هیچ یەک لە نەتەوەکانی ناوچە نەیەتەوە و لەو سەردەمەش دا نەتوانێ قەبوڵ بکا کە بەزۆر ناکرێ چەند نەتەوەیەکی جیاواز بە یەکەوە بلکێنی و ناوێکی تایبەتیان لەسەر دانێی. عەرەبەکان قەبوڵیان کردووە کە کورد نەتەوەیەکی جیاوازە و لە عێراق فیدراڵییەکی داوتەڵەبانەیان لە گەڵ پێکهێناوە، تورکەکان لە ئینکاری بوونی کوردەوە هاتونە سەر قەبوڵ کردن، بۆ دەبێ ڕووناکبیری ئەورۆیی فارسی خاوەن فەرهەنگ و مێژووی کۆن نەتوانێ ئەو ڕاستییە قەبوڵ بکا؟ بۆ دەبێ ئێران نەتوانێ بە ڕادەی عێراقیش هەنگاو هەڵێنێ و دیموکڕاسی دابەزێنێ.

**پرسیار**: سکرتێری حیزبی دیموکرات ڕایگەیاندووە کە پشتیوانی لە جوڵانەوەی سەوزی ئێران دەکەن بە مەرجێک ڕێبەرانی ئەم جوڵانەوەیە سەبارەت بە پرسی کورد لە ئێران بە خۆیاندا بچنەوە، پێت وانییە مەسەلەی کورد لە ئێران لە لایەن ڕێبەرانی ئەم جوڵانەوەیە وەک مەسەلەیەکی ناوچەیی سەیر دەکرێ تا مەسەلەیەکی نەتەوەیی؟

**وەڵام**: سیاسەتی کەڵک وەرگرتن لە دەرفەتەکان و هەوڵدان بۆ شوێندانان لە سەر جوڵانەوە سەراسەرییەکان، سیاسەتێکی ڕاستە و کورد پێویستە خەباتی خۆی لە چوارچێوەی کوردستان بەرێتە دەر. بەشێک لەو خەباتەش داڕشتنی پێوەندییە لە گەڵ ئازادیخوازانی ناوچەکانی دیکەی ئێران، هەم بۆ ناساندنی مەسەلەکەمان و هەم بۆ ڕاگەیاندنی ویستەکانمان. ئێمە نابێ وەک خەباتی سەردەمی پاشایەتی، خۆمان لە ئێران ئیزۆلە بکەین. گەورەترین جوڵانەوەی چەکداریمان هەبوو لە ساڵەکانی ٤٦ – ١٣٤٧ دا بەڵام خەڵکی ئێران تەنیا ئاگاداری جوڵانەوەیەکی کورتخایەنی وەک "سیاەکل" بوو. ئەمجارە پێویستە پچینە ناوەندی جوڵانەوەکانەوە، بەڵام بەڕەنگ و دروشمەکانی خۆمانەوەو پێویستە هەر لە سەرەتاوە لە گەڵ هێزەکانی ناوەند، ویستە نەتەوەییەکانی خۆمان بێنینە گۆڕێ و بەو مەرجە پشتیوانی لە هەر هێزێک بکەین کە مەسەلە نەتەوەییەکەی ئێمەی قەبوڵ بێ. خەباتی ئێمە تەنیا بۆ ئاڵوگۆڕی سیاسی لە ناوەند نییە. دیارە پێمان خۆشە ڕژیم لاواز بێ و بڕووخێ، بەڵام لە دانانی ئاڵتەرناتیف بۆ ئەو ڕژیمە دا مەرجمان هەیە. ئەویش قەبوڵکردنی مافی نەتەوەیی ئێمەیە.

کە وابو هەرچەند پشتیوانی لە هەر هەنگاوێک دەکەین کە ببێتە هۆی لاوازبوونی ڕژیم، بەڵام بۆ هاوکاری ڕاستەوخۆ لە هەر هێزێک کە نیازی ئیدارەکردنی ئێرانی داهاتووی هەبێ، مەرجی ئێمە ئەوەیە کە گرنگی بدا بە مافی نەتەوەکان لە ئێران دا بە گشتی و بە تایبەتی مافی نەتەوەیی کورد بە ڕەسمی بناسێ. ڕەنگە ئەوان مەسەلەی کورد بە مەسەلەیەکی

ناوچەیی بناسن، بەڵام ئەگەر بیانهەوێ ئێرانی داهاتوو بە سبات و دێموکرسی و ئازادی بگا، پێویستە نەزەری خۆیان بگۆڕن. ئەوان دەبێ لەوە تێبگەن کە لە گەڵ هێندێک واقیعییەت تەرەفن و دەبێ قەبوڵی بکەن و ناکرێ تەنیا ئارەزووەکانی خۆیان ببینن. ئەو ئێرانی دەوڵەت-نەتەوەیەی کە ڕەزاشا خەونی پێوە دەدی و ئێستاش بەداخەوە کەسانێک بەو خەونەوە گیرۆدە بوون، لە سەردەمی ئێستادا ئیمکانی درێژەدان بە ژیانی نییە. بۆیە چارەیەکیان نییە جگە لەوەی کە هەوڵ بدەن ئێرانی فرەنەتەوە قەبوڵ بکەن و هەر لەو چوارچێوەیەش دا ئیران بینا بکەنەوە. دەنا پاراستنی یەکپارچەیی ئیران، شتێک نابێ لە خەون و خەیاڵ زیاتر.

**پرسیار**: بڕیار وایە کۆنفرانسێکی نەتەوەیی لە باشووری کوردستان بۆ هەموو حیزبە کوردستانییەکان لە هەموو بەشەکان سازبدرێت، حیزبی دیموکراتی کوردستان چ بەرنامەیەک و چ پێشنیارێکی بۆ ئەم کۆنفرانسە دەبێت؟

**وەڵام**: بەستنی کۆنفڕانسێکی ئەوتۆ زۆر پێویستە و تەنانەت کەمێکیش درەنگ بووە. بە لەبەرچاوگرتنی ئەو ئاڵوگۆڕانەی لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەراست و باکوری ئەفریقادا هاتونە پێش و بە لە بەرچاوگرتنی ئەو ئاڵوگۆڕانەی لە سیاسەتی نیونەتەوەیی دا بەدی دەکرێن و هەروەها بەو تێبینیەوە کە مەسەلەی کورد لە دنیادا بە باشی ناسراوە، کاتی ئەوە هاتووە کە خەباتکارانی هەموو پارچەکانی کوردستان لە دەوری یەکتر کۆ بنەوەو بناغەی ستڕاتیژیەکی تازە بۆ نەتەوەی کورد دارێژن. با ئەگەر بۆ جارێکیش بووە کورد بۆخۆی بیر بکاتەوە و بەدوور لە هەر دەست تێوەردانێکی دەرەکی لە سەر چارەنووسی خۆی پلان دانێ. جیگای خۆیەتی نوێنەرایەتی هەموو کورد لە کۆنفڕانسێکی نەتەوەیی دا گرفتەکەی ڕووبەڕووی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بکاتەوەو داوای پێداچوونەوە بە و بڕیارانەدا بکا کە بە بێ ئاگاداری ئەو لە سەر دواڕۆژی ئەو نەتەوەیە گیراون. بۆچی بە بێ ئاگاداریی کورد وڵاتەکەی دابەش کراوە؟ ئەوە پرسیارێکی ڕەوایە کە نەتەوەی کورد دەتوانێ ڕووبەڕووی هەموو بنکە و ڕێکخراوە نێونەتەوەییەکانی بکاتەوە.

حیزبی دیموکڕاتی کوردستان بە چەند هۆوە دەتوانێ نەخشێکی گرنگ لەو کۆنفڕانسەدا ببینێ؛ یەکەم بەهۆی ئەوەوە کە بە خۆشییەوە پێوەندییەکی دۆستانەی لە گەڵ هەموو حیزبەکانی هەر چوارپارچەی کوردستان دا هەیە. ئەوەش ئیددیعا نییە، بگرە لە پەیامەکان بۆ کۆنگرەی پازدە دا دەردەکەوێ. جگە لەوەش حدک بڕیاری داوە کە مەسەلەی نەتەوەیی دەخاتە پێش هەر قازانجێکی حیزبی، ئەوەش بەردی بناغەی شوێندانان لە مەسەلەی نەتەوەیی دایە. دیارە حیزبی دێموکڕاتی کوردستان نایهەوێ ئامۆژگاری هێزە کوردستانییەکان بکا، یا بەرنامەیەکی یەک لایەنە پێشکەش بکا، بەڵکو ئامادەیی خۆی ڕادەگەیەنێ کە بەوپەڕی دڵسۆزییەوە لە هەر بەرنامەیەکی نەتەوەیی دا بەشداری بکا. باشترین ڕێگا ئەوەیە کە کۆنفڕانس بە ئاگاداری و بەشداری هەموو حیزب و ڕێکخراوە کاریگەرەکانی کوردستان بەرنامەیەکی تۆکمە بۆ داهاتوی نەتەوەی کورد


سەرچاوە Serchawe

داڕێـژێ. بـە بـاوەڕی مـن حیزبـی دێمـوکڕاتی کوردسـتان یـەکێک لـەو حیزبـە نەتـەوەیی و بەرپرسـانەیە کـە دەتـوانێ لـە بەرنامەیەکی ئەوتۆ دا ڕۆڵی خۆی بە شێوەیەکی شیاو بگێڕێ.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٨ی جوونی ٢٠١١

## یادێک لە بلیمەتی گەورە شەهید دوکتور سادقی شەڕەفکەندی

(٢٦ی خەرمانانی ساڵی (١٣٧١) ریکەوتی١٧ی سیپتامبری ١٩٩٢) لە ناوجەرگەی دنیای پێشکەوتو دا، واتە لە شاری بەرلین و لە کاتێک دا کە ئەو شارە میوانداری نوێنەرانی زووربەی نیزیک بەتەواوی ئەحزابی سۆسیال – دێموکراتی سەراسەری دنیا بو، دوکتور سادقی شەڕەفکەندی سکرتێری ئەوکاتی حیزبی دێموکراتی کوردستان، کاک فەتتاحی عەبدولی نوێنەری حیزب لە دەرەوەی وڵات، کاک هومایونی ئەردەڵان نوێنەری حیزب لە ئەڵمان و کاک حوسێنی دێهکردی دۆستی لە مێژینەی گەلی کورد و حیزبی دێموکرات، بەدەستی جینایەتکارانی کۆماری ئیسلامیی ئێران تیرۆر کران. ئەو تێرۆرە دەوڵەتییە هەر لەو کاتەدا کە لاپەڕەیەکی ڕەشی دیکەی خستە سەر کارنامەی دژی مرۆڤایەتی کۆماری ئیسلامی، خەسارێکی زۆر گەورەشی لە جوڵانەوەی نەتەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و حیزبی دێموکراتی کوردستان دا.

سادق کەسێکی ووردبین، تەشکیلاتی و هەتا بڵێی بە ووره و خوو ڕەوشت بەرز بو. هەرچەند لە دنیا دا هیچ ئینسانێک بێ عەیب نییە و ڕێبەرانیش هەر ئینسانێکن و ناکرێ بێ عه یب بن، بەڵام کەم کەس هەڵ دەکەون کە وەک دوکتور سادقی شەڕەفکەندی، ئەو تایبەتمەندییەی ڕێبەرایەتیان تێدا بێ.

کاتێک ئاوڕ دەدەمەوە سەر ڕابردوو ئەو ڕۆژانەم وەبیر دێتەوە کە بۆ ماوەی نیزیک ساڵێک لە شێوەجۆی ناوچەی سەردەشت پێکەوە لە ژوورێک دا بوین کە بەبەر کەندەڵانێکە وە دروست کرابوو و ئەوەندە شێدار بو کە بە ناوەڕاستی ژوورەکە دا جۆگەلە یەکمان هەڵبەستبوو کە ئاوەکەی پێدا بڕوا و ئێستاش پێم سه یره چۆن لەو ژووره دا نەخۆش نەکەوتین، چەند سیفەتێکی مەردانەم دێتەوە بیر کە بەڕاستی بۆ کەسێکی شۆڕشگێڕ لە نان و ئاو زیاتر پێویستن. دوکتور شەڕەفکەندی هەر لەو کاتە دا کە زۆر جیددی بوو لە کاری سیاسی و حیزبایەتی دا، ئەوەندەش بێ موبالات بوو نیسبەت بە ژیانی تایبەتی. هێنده نیک نەفس بو کە هەر بە نانی ویشکی ئیدارەی دەکرد و هیچ کاتێک نەمدی گلەییە کی شەخسی هەبێ. هەر لەو کاتە دا کە ساکار بوو لە هەڵس و کەوت دا و تەنانەت لە گەڵ کوڕ و کچە لاوەکانی ڕاگەیاندنی حیزب دا گاڵتەو گەپی دەکرد، لە بەر پرسایەتی دا ئەوەندە جیددی و تەنانەت توند و تیژ بوو. هەر لە و کاتە دا کە بۆ نوسین و لێکدانەوە و هەڵسەنگاندن پرس و ڕای دەکرد، لە دەربڕینی بۆچوونی خۆی دا و پێ داگری لە سەر بۆ چونەکانیشی دا بە هەڵوێست بوو. هەر لە و کاتەدا کە بە شک و گومانەوە چاوی لە هەرشتێک دەکرد و بە چاوی ڕەخنە گرانە کارەکانی خۆی و هاوڕییانی هەڵدەسەنگاند، ئەگەر گە یشتبایە کاتی بڕیار دانیش زۆر ئازایانە و بێ دوودڵی بڕیاری دەدا. جا ڕەنگە جاری وایە بڕیاری هەڵەشی دابێ.

بەشی دووهەم

دوکتور شەڕەفکەندی کەسێک بوو کە توانا و غیرەتی ڕێبەرایەتی کردنی هەبوو. دوای دوکتور قاسملو زۆر بە زوویی توانی ڕۆڵی ڕێبەرێکی مەزن بەدەستەوە بگرێ و زوو گوڵ بکا، هەر بۆیە دوژمن بە پەلە کەوتە پلان دانان تا ئەویش لە سەر ڕێگای خۆی لابەرێ و حیزبی دێموکڕات و جوڵانەوەی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، لە باری ڕێبەرییەوە لاواز بکا. هەر بۆیە بە نامەردانەترین شێوە پلانی داڕشت و ئەو ڕێبەرە گەورەیەی لە جوڵانەوەی کورد ستاند. بە شەهید بوونی دوکتور شەڕەفکەندی گەلی کورد و حیزبی یموکراتی کوردستان خەسارێکی گەورەیان لێ کەوت، بەڵا بە خوێنی کەسانی وا گەورە نەمامی لە خۆ بوردوەکان ئاو دەدرێ و دەیان گوڵی شەڕەفکەندی دەبشکون. یادی ڕێبەرانی پایەبەرزی وەک شەڕەفکەندی و هاوڕێیانی، بێگومان هەستی درێژەدەرانی ڕێگاکەیان دەجوڵێنێ و بۆ درێژەدان بە ئەرکە کانی ئەوان وورەیان پێ دەبەخشێ.

**دوکتور سادقی شەڕەفکەندی یەکێک لە و کادرە هەڵکەوتوانەی حیزبی دێموکڕات بو کە دوای شەهید بوونی دوکتور قاسملو گەورەترین چاوەڕوانی لێ دەکرا و پشت بە ڕێبەری کردنەکەی دەبەسترا.**

**بەرز و پیزۆز بێ یادی شەهیدانی میکۆنۆس**

**شەکاوە بێ ئاڵای خەباتی ڕێبازەکەیان تا وەدیهاتنی ئامانجی ئەو شەهیدە سەر بەرزانە.**

سەرچاوە: ماڵپەڕی گیارەنگ - ڕێکەوتی: ١٤ی سێپتەمبەری ٢٠١١



سەرچاوە
Serchawe

## کورد مافی خۆیەتی داوای پشتیوانیی نێونەتەوەیی لە ویست و داخوازە ڕەواکانی بکا

مستەفا شەڵماشی، ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان بە پێ داگرتنەوە لە سەر هەڵوێستی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە بارەی داوای حیزب لە کۆڕ و کۆمەڵە جیهانییەکان بۆ پشتیوانی لە بزووتنەوەی دێموکڕاسیخوازیی کورد رایگەیاند کە پێویست ناکا بکەوینە مەوزعی دیفاعییەوە، بەڵکو دەبێ شانازی بەو هەڵوێستەی حیزبەکەمانەوە بکەین.

بەدوای بڵاو بونەوەی بەیاننامەی دەفتەری سیاسیی حیزبی دیموکڕاتی کوردستان سەبارەت بەمافی ڕەوای گەلی کورد بۆ داوای یارمەتی لە هێز و ڕێکخراوە نێونەتەوەییەکان و کاردانەوە و دژایەتیی بەشێکی زۆر لە ئێرانییەکان، ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزب دەڵێ ئەوەی کە شۆوێنیستەکانی پاوانخواز چ لەڕژیمەکانی پێشودا و چ لەڕژیمی جینایەتکار و کۆنەپەرستی کۆماری ئیسلامی دا هەر داوایەکی کوردیان بەبیانوی دیفاع لەیەکییەتی خاکی ئێران بە ئاورو ئاسن وەڵام داوەتەوە، جێگای سەرسوڕمان نیەو لە ماهییەتی ئەو هێزانە دایە، بەڵام جێگای سەر سوڕمان ئەوەیە کە هیندێک کەسایەتی و حیزب و ڕێکخراوی دەرەوەی وڵات کە ئیددیعای دیموکراتبون دەکەن، هێرشیان کردۆتە سەر حیزبی دێموکراتی کوردستان، تەنیا لەبەر ئەوەی کە حیزب لەبەیانیەیەک دا ڕای گەیاندووە کە کورد مافی خۆیەتی لەبەرامبەر هێرشی ناڕەوای دوژمنەکانی دا داوای یارمەتی نێو نەتەوەیی بکا.

کاک مستەفا شەڵماشی لە درێژەی وتارەکەیدا کە لە میدیاکانی حیزبی دێموکراتی کوردستاند بڵاو بۆتەوە دەڵێ، ئایا گەلێک کە کارەساتی هەڵەبجە، ئەنفاڵ، سەردەشت، قارنێ، قەڵاتان، سنە، زەرتک، ٥٩ ئیعدامی مهاباد لەیەک ڕۆژ دا و کارەساتی ڕەشەکوژییەکانی وسوکەند، چەقەڵ مستەفا، سۆفیان، ئیندرقاش، قەڵاتان، نەغەدە، قەڵادزێ، شیرناخ، جەزیرە، ناوچەی گەوەڕ، قامیشلی و قەندیل و دەیان جێگای دیکەی تەحەممول کردبێ، مافی ئەوەی نیە داوا لە کۆڕ و کۆمەڵە نیونەتەوییەکانی جیهان بکا بەهانایەوە بێن؟

ئایا نەتەوەیەک کە تیرۆری دەوڵەتیی وەک کارەساتی ڤیەن و بیرلینی دیبێ و لە ماوەیەکی کورت دا زیاتر لە سەدان کەسی لەباشوری کوردستان تیرۆری دەوڵەتی کرابن، مافی دەنگ بەرزکردنەوەی نیە؟ جێگای سەر سوڕمانەکە ڕوناکبیرانی ئێرانی و بەتایبەت ڕووناکبیرانی فارس کە ئیددیعای فەرهەنگی شەش هەزارساڵەدەکەن و لە کۆڕ و کۆمەڵە نێو نەتەوەییەکاندا لافی لایەنگری لە مافی مرۆڤ و پێشکەوتنخوازی لێ دەدەن، ناتوانن ئەوە تەحەممول بکەن کە کورد

بەشێوەیەکی سەربەخۆ، دیفاع لە بوونی خۆی بکا و داوای ئیجرا کردنی عەداڵەتی نیو نەتەوەیی بکا.

لە درێژەی ئەو نووسینەی ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزبدا هاتوە کە من تێناگەم کە بۆ چی ڕووناکبیری فارس زمان ناتوانێ لەو مافە ڕەوایەی کورد تێ بگا. بۆچی هەمان ماف بۆ گەلی فەلەستین، باشوری سودان، کۆسۆڤۆ، تەیموری ڕۆژهەڵات و هەمو گۆشەو کەنارەکانی دنیا تێ دەگا و تەنانەت دیفاع و پڕو پاگەندەی بۆدەکا، بەڵام کە دەگاتە سەر کورد، بەتایبەتی لە ئێران دا، ڕووی لی وەر دەگیرێ و بەشێوەیەکی دیکەی دەبینێ و دژی ڕادەوەستێ.

سەرچاوە: ماڵپەڕی حدک میدیا - ڕێکەوتی: ١٠ی ئۆکتۆبەری ٢٠١١

## پێویست نییە بکەوینە مەوزعی دیفاعییەوە

### دەبێ شانازی بە هەڵوێستی حیزبەکەمانەوە بکەین

بەدوای بڵاو بونەوەی بەیانیەی زۆر بەجێی دەفتەری سیاسیی حیزبی دیموکڕاتی کوردستان سەبارەت بەمافی ڕەوای گەلی کورد بۆ داوای یارمەتی لە هێز و ڕێکخراوە نێونەتەوەییەکان، بەشێکی زۆر لە ئیرانییەکانی هەموخواز کەوتنە خۆ و حیزبی دێموکڕاتی کوردستانیان خستەبەر هێرشی خۆیان. هەر وا بزانە حەوت مێشیان لە دارێک دا دیوەتەوەو ئێستا دەتوانن بە بەڵگەوە بیسەلمێنن کە حیزبی دێموکڕاتی کوردستان جیاوازیخوازەو هەڵدەگرێ لەڕاستەوە بۆ چەپ بەرەیەکی بەرینی دژایەتی لە بەرامبەر دا دروست بکرێ. هەر بۆیە لە کۆماری ئیسلامییەوە تا دەگاتە میللی گەراکان و تەنانەت چەپەکانی کە ئیددیعا دەکەن لایەنگری مافی گەلانن، تیغی تیژی هێرشی خۆیان ئاراستەی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان کرد.

ئەوەی کە شۆوێنیستەکانی پاوانخواز چ لە ڕژیمەکانی پێشودا و چ لەڕژیمی جینایەتکار و کۆنەپەرستی کۆماری ئیسلامی دا هەر داوایەکی کوردیان بە بیانوی دیفاع لە یەکییەتی خاکی ئێران بە ئاورو ئاسن وەڵام داوەتەوە، جێگای سەرسوڕمان نیەو لە ماهییەتی ئەو هێزانە دایە. بەڵام جێگای سەر سوڕمان ئەوەیە کە هیندێک کەسایەتی و حیزب و ڕێکخراوی دەرەوەی وڵات کە ئیددیعای دیموکراتبون دەکەن، هێرشیان کردوەتە سەر حیزبی دێموکراتی کوردستان، تەنیا لەبەر ئەوەی کە حیزب لەبە یانیەیەک دا ڕایگەیاندووە کە کورد مافی خۆیەتی داوای یارمەتی نێونەتەوەیی بکا لە بەرامبەر هێرشی ناڕەوای دوژمنەکانی دا. لەوەش سەیرتر هەڵوێستی یەکیەتی فیداییەکانی گەلی ئێرانە کە حیزبی دێموکراتی کوردستانی لەسەر کورسی ئیتتیهام داناوەو محاکەمەی دەکا و پێی وایە حیزبی دێموکڕاتی کوردستان دەبێ وەڵامی ئەو خەتا گەورەیە!!! بداتەوە. یەکیەتی فیداییانی خەڵکی ئێران لەخۆی ناپرسێ کە ئەگەر باوەڕی بە مافی دیاریکردنی چارەنوس بۆ هەموو نەتەوەیەک هەبێ، چۆن دەکرێ دژی ئەوە بێ کە نەتەوەیەک بۆ پاراستنی خۆی لە قڕکردن و ژینۆساید، پەنا بەرێتە بەر کۆمەڵگای نێونەتەوەیی و داوای یارمەتی بکا. بەچ حەقێک داوا لە حیزبی دیموکراتی کوردستان دەکا وەڵام بداتەوەو بێ تاوانی خۆی بسەلمێنێ؟

لەڕاستی دا حیزبی دیموکراتی کوردستان کارێکی نەکردوە جگە لەوەی کە هەڵوێستێکی نەتەوەیی گرتووە لە بەرامبەر هێرشێکی ناڕەوای دوو هێزی دژە کورد دا کە بە شێوەیەکی بەردەوام لە ناوچە سنورییەکانی باشوری کوردستان هێرش دەکەنە سەر خەڵکی بێتاوان و لەپێناوی درێژەدان بە دەسەڵاتی ناڕەوای خۆیان بەسەر کوردستان دا، جینایەتی دژی

مرۆڤایەتی دەخوڵقێنن. لەناوبردنی بنەماڵەیەکی ٧ کەسی لە هێرشێکی هەوایی لە لایەن دەوڵەتی تورکیەوە یەکێک لەوێنە هەرە ڤێزەوەنەکانی ئەو پەلامارە بوو.

مەسەلەیەکی دیکە کە حیزبی دیموکراتی کوردستان وروژاندویەتی و رەنگە زگی دوژمنانی کوردی زۆر وەژان هێنابێ، ئەوەیە کە بەراست دوای ئەو هەموو جینایەتەی کە دژی کورد کراوە، حەقی ئەو نەتەوەیە نییە مەسەلەکەی بگەیەنێتە لای ڕێکخراوەو دام و دەزگا نێونەتەوەییە قەزاییەکان؟ ئایا گەلێک کە کارەساتی هەڵەبجە، ئەنفال، سەردەشت، قاڕنێ، قەلاتان، سنە، زەردە، ئیعدامی ٥٩ لاوی مهاباد لەیەک ڕۆژ دا، وسوکەند، چەقەڵ مستەفا، سۆفیان، ئیندرقاش، قەلاتان، نەغەدە، قەلادزێ، شیرناخ، جەزیرە، ناوچەی گەوەڕ، قامیشلی و قەندیل و دەیان جێگای دیکەی تەحەممول کردبێ، مافی ئەوەی نییە داوا لەکۆڕ و کۆمەڵە نێونەتەوەییەکانی جیهان بکا بەهانایەوە بێن؟!

ئایا نەتەوەیەک کە تیرۆڕی دەوڵەتیی بێ چاوەڕوانەی وەک کارەساتی وییەن و بیرلینی دیبێ و لە ماوەیەکی کورت دا سەدان کەسی لە باشوری کوردستان تیرۆری دەوڵەتی کرابن، مافی دەنگ بەرزکردنەوەی نییە؟! جێگای سەرسوڕمانە کە ڕوناکبیرانی ئێرانی و بەتایبەت ڕووناکبیرانی فارس کە ئیددیعای فەرهەنگی شەش هەزارساڵە دەکەن و لەکۆڕ و کۆمەڵە نێونەتەوەییەکان دا لافی لایەنگری لە مافی مرۆڤ و پێشکەوتنخوازی لێ دەدەن، ناتوانن ئەوە تەحەممول بکەن کەکورد بەشێوەیەکی سەربەخۆ، دیفاع لە بوونی خۆی بکاو داوای ئیجرا کردنی عەدالەتی نێونەتەوەیی بکا، لە مەسەلەی مافی ڕەوای پاراستنی خۆی دا؟! من تێناگەم کە بۆچی ڕووناکبیری فارس زمان، ناتوانێ لەو مافە ڕەوایەی کورد تێبگا. بۆچی هەمان ماف بۆ گەلی فەلەستین، باشوری سودان، کۆسۆڤۆ، تیمۆری ڕۆژهەلات و هەمو گۆشەو کەنارەکانی دنیا تیدەگا و تەنانەت دیفاعی لێدەکا و پروپاگەندەی ب ۆدەکا، بەڵام کە دەگاتە سەر پرسی کورد، بەتایبەتی لە ئێران دا، ڕووی لێ وەردەگیرێ و بەشێوەیەکی دیکەی دەبینێ و دژی ڕادەوەستێ. ئەو شارستانییە شەش هەزار ساڵەی ئیدیعای دەکا چی بەسەر دێ؟! من تێناگەم بۆچی لە ئێران دا ئیسماعیل بێشکچییەک دروست نابێ و نازم حیکمەتێک لە دایک نابێ.

بەڵام ئەوان هەر چۆنێک بیر دەکەنەوە با بیکەنەوە. من شانازی بە حیزبەکەمەوە دەکەم کە لەگەڵ خەتی نەتەوەیی خۆی ڕاستگۆیەو بڕیارەکانی کۆنگرەی چاردەو بە دوای ئەودا پەسندکراوەکانی کۆنگرەی پازدە بە هێند دەگرێ و کاریان پێ دەکا. دەرکردنی ئەو بەیاننییە شتێک نییە جگە لە کارکردن بە پەسندکراوەکانی کۆنگرەو بێگومان هەڵویستێکی زۆر بچوکی نەتەوەییە. ئێمە زۆر لەوە زیاتر ئەرکمان لەسەر شانەو پیویستە زۆر لەوە زیاتر لە نەتەوەکەمان بە خاوەن دەرکەوین. بۆیە هیچ بەپیویست نازانم بکەوینە مەوزعی بەرگری کردنەوەو پێموایە جێگای ئێمە لە لوتکەی بەهێزی هێرشبردن دایە بۆ سەر هەموو ئەوانەی دەیانهەوێ مافی ئینسانی ئێمە ئینکار بکەن و بە گژی دا بچنەوە.

حیزبی دیموکراتی کوردستان لەو مەسەلەیەدا نەک تەنیا لە کورسی ئیتتیهام دا نییە، بەڵکو هەڵوێستەکەی جێگای شانازیە. ئەرکی سەر شانی هەر حیزبێک، هەر لایەنگرێک و تەنانەت هەر بێ لایەنێکە بەرگری لەو هەڵوێستە بوێرانەیە بکا. حیزبی دێموکراتی کوردستان مەسەلەیەکی وروژاندووە کە دەبوایە چەند ساڵ لەمەوبەر، وروژێندرابایە. ئێستا ڕاست کاتی هێنانە گۆڕی ئەو مەسەلەیە. حیزبەکەمان لەو مەسەلەیەدا جێگای پاراستن و پشتیوانی کردنە. ئەرکی سەرشانی هەر کوردێکە لێرەدا پشتیوانی لە هەڵوێستیی نەتەوەیی حیزبی دێموکراتی کوردستان بکا. کات کاتی هێنانەگۆڕی ئەو مەسەلە گرنگەیە. دەبێ بە هەمومان هەوڵ بدەین مەسەلەی کورد بگاتە نێو ڕاوێژکردنەکانی میللەتانی دیاریکەر. هیچ پاساوێک بۆ دژایەتیکردن لەگەڵ ئەو هەڵوێستە بوێرانەیە نییە. من نەک بە پێویست نازانم حدک خۆی لە کورسی ئیتتیهام و وەڵامدانەوەدا ببینێ، بەڵکو پێموایە گەورەترین ئەرکی نیشتمانی هەر کەسیکە پشتیوانی لەم هەڵوێستە بوێرانەیە بکا.

جێگای خۆیەتی ڕوناکبیرانی گەلەکەمان لەسەر ئەو مەسەلەیە هەڵوێست بگرن و بەر پەرچی ئیدیعاکانی تەواوخوازان لە ئێران بدەنەوە کە تەنانەت مافی ئەوەش بۆ کورد قایل نین کە بتوانێ بەرگری لە خۆی بکا، یا ئەگەر بۆ خۆی نەیتوانی و ئامرازی ئەوەی بەدەستەوە نەبو کە بەرپەرچی پەلامارەدران بداتەوە، پەنا بۆ کۆڕ و کۆمەڵە نێونەتەوەییەکان بەرێ. لە بەیانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان دا تەنیا ئەوەندە گوتراوە کە کوردیش دەتوانێ داوا بکا کە نێوەرۆکی بڕیاری ژمارە ١٩٧٣ی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ پاراستنی ئەویش بەکار بهێنرێ. لەو بڕیارنامەیەدا هاتووە کە بۆ پاراستنی گیانی مرۆڤە مەدەنی و بێ دەسەڵاتەکان، کۆمەڵگای نێونەتەوەیی دەتوانێ دەخالەت بکا. باشە بۆ کورد ناتوانێ لە حاڵەتێک دا کە بە بۆمباران و تۆپبارانی ئێران و تورکییە دەیان کەسی مەدەنیی بێتاوانی لێ دەکوژرێ،

داوای ئەو یارمەتییە بکا. ئایا کوژرانی ڕۆژانە دەیان کەس کۆڵبەری ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە سەر سنوورەکان و بە دەستی جینایەتکارانی ئیسلامی ئێران، کە تەنیا تاوانیان ئەوەیە مەجبورن بە زەحمەت و کارێکی زۆر دژوار قوتی منداڵەکانیان دابین بکەن، بۆ ئەوە نابێ هاواری نێودەوڵەتیی بۆ بکرێ.

دەستدرێژی لەوە گەورەتر دەبێ چ بێ کە ئینسانێکی بێ چەکی کۆڵکێش بە ڕەگبارى چەکدارانی ئەو حکومەتە بکوژرێ، کە لە ڕاستی دا بەرپرسە لەوەی کە لە جیاتی کوشتنیان کار و نانیان بۆ دابین بکا. کورد لە هەموو لایەکەوە و بە شێوەی جۆراوجۆر دەکوژرێ و مافی ئەوەشی نەبێ هاوار بکا؟! ئەوە چ مەنتیقێکی ئیسانییە؟! ئەو داوایە چ پەیوەندییەکی بە دابەشبون یا نەبوونی ئێرانەوە هەیە؟!

سەرچاوە: ماڵپەڕی حدک میدیا - ڕێکەوتی: ١١ی ئۆکتۆبەری ٢٠١١

## وێنەیەکی دیار لە دڵسۆزی

لەیادی ١٥ ساڵەی کۆچی دوایی تێکۆشەری دێموکڕات کاک نەبی قادری دا، وێنەیەکی بەرجەستە لە دڵسۆزی و فیداکاریم دێتەوە بەرچاو. لە بزافی ڕزگاریخوازانەی گەلانی ژێردەست دا سێ دەستە لە مەیدان دا سەرهەڵدەدەن. ئەوانەی بەدوای خۆدەرخستن و پلە و پایە بەدەستهێنان دێنە مەیدانەکە، ئەوانەی بۆ ماوەیەکی کاتی نیازی یارمەتی دانیان هەیە و ئەوانە بە دڵ و گیان هەتا سەر لە گەڵ بزافە کە دەڕۆن و ئامانجیان تەنیا خزمەتکردن بە ڕێبازەکەیە. من هیچ گومانم تێدا نییە کە تێکۆشەری مەزنی دێموکڕات، کاک نەبی قادری سەر بە دەستەی سێهەم بوو.

من کاک نەبیم لە ڕۆژە سەختەکانی خەبات دا دیوە. لە نێو ڕیزی پێشمەرگە و کادرەکان دا و لە نێو جەرگەی خەباتی دژواری حیزبی دێموکڕات لە ناوچەکان دا، بە تایبەت لە ناوچەی شنۆ و پیرانشار. ئەو کادرێکی بەوەج، ئینسانێکی دڵسۆز و کەسێکی کۆمەڵایەتی و خۆشەویست بوو لە نێو کۆمەڵانی خەڵک دا. هەرلە و کاتەش دا هەمیشە ئامادە بو بۆ ڕاپەڕاندنی کارەکان لە هەر گۆشە و کەنارێکی کوردستان بوایە. کاک نەبی لە ڕۆژە دژوارەکان دا بەشی زۆری ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانی بە پێیان پێواو لە گەڵ ئەوەی کەسێکی فەرهەنگی و شارستانی بوو، بەڵام بە لێبوردوییەکی بێ وێنەوە، خەباتی سەختی شاخی بەڕێوە دەبرد.

بەڕاستی کەسانی وەک کاک نەبی قادری بە دەگمەن هەڵدەکەون و پڕبوونەوەی جێگاکەیان زۆر بە زەحمەتە. ئەوانە سەرمایەی نەتەوەیین و لە مەیدانی خەباتی دژوار و بی وچان دا هێندە ڕۆڵیان هەیە کە دوای چەندین ساڵیش کەلێنیان هەر دیارە. هەربۆیە جێگای خۆیەتی گەلی ئێمە، ڕێکخراوە سیاسییەکان و تەک تەکی کەسەکان نرخی ئەو ڕۆڵە هەڵکەوتوانە بزانن کە ژیانی خۆیان بۆ وەدی هێنانی بەختەوەری بۆ گەلەکەیان تەرخان کردووە.

حەق وایە لە کاک نەبیەکان لە کاتی ژیان دا ڕێز بگیرێ و ماف و جێگای خۆیان پێ بدرێ. لە دوای بە جێ هێشتنی گەلەکەشیان یادیان بکرێتەوە، نرخ بۆ دڵسۆزییەکەیان دابنرێ و کەڵک لە تاقی کردنەوەکەیان وەربگیرێ. لەوەش گرنگتر ئەوەیە کە ڕێبازەکەیان درێژە بدرێ و ئامانجەکانیان بەدی بهێنرێن.

با لەیادی پازدە ساڵەی کاک نەبی قادری دا، جارێکی دیکە هەستی نەتەوەیی و گیانبازی ئەو کەڵە پیاوە بێنینەوە بیرخۆمان و بە ورەیەکی پۆڵایین و هەستێکی بەتینەوە درێژە بە ڕێگاکەی بدەین. گومان لەوە دا نییە کە بەدرێژەدانی ڕێگاکەی ڕووحی ئەو شاد دەبێ و بە دڵنیاییەوە ئارام دەگرێ.

سەرچاوە: ماڵپەڕی گیارەنگ - ڕێکەوتی: ٢ی دێسەمبەری ٢٠١١

## بابەتەکانی ساڵی: ٢٠١٢

## کات، کاتی چییە؟

خەریکە کێشەکانی نێو دو جەمسەری توندڕۆی دەسەلات لە ئێران دا دەتەقێتەوە. ڕژیمی کۆنە پەرست و نوێنگەی چەرخەکانی نێوەڕاست ئەوەندە بە شێوەیەکی ناشیانەو ڕوو هەڵماڵاو ڕوومەتی ڕاستەقینەی خۆی نیشان داوە کە تەنانەت پینە چییە هەمیشەییەکانی نیزامیش وەک ڕەفسەنجانی و خاتەمی ناتوانن چارەیەک بۆ ئەو هەل و مەرجە دژوارەی بۆ ڕێژیم هاتوەتە پێش بدۆزنەوە. کێشەکان چ لە ڕاددەی نێونەتەوەیی، چ لە ناوچە و چ لە نێوخۆی ئێران دا بەتوندی گرژ بوون وبۆنی تەقینەوەیان لێدێ. ڕاستیەکی حاشا هەڵنەگرە کە ئەو ڕێژیمە لە ژێر هەر ناو وپاساوێک دا هەوڵی خۆ شیرن کردن و بەدەستهێنانەوەی نفووز و ئیعتیباری خۆی بدا، سەرکەوتوو نابێ و هەر هەنگاوێک کە دەهاوێژێ زۆرتر بە زەلکاوەکەدا ڕۆ دەچێ. بەرنامە ئەتۆمییەکەشی خەریکە دەبێتە تۆقێک لە گەردنی دەهاڵێ، بە جۆرێک کە تاخنکانی فشاری دەدا. باری گرانی گەمارۆ نێو دەوڵەتییەکان، بودجەی سەرسوڕهێنەری ماجەڕاجویی ئەتۆمی و خەرجی لەبن نەهاتوی دەست تێوەردان لە کاروباری وەلاتان دا، پشتی ئابووریی ئێرانی شکاندوە و بەجۆرێک پەردەی لەسەر ڕاستییەکان لاداوە کە دراوی ئێرانی لە ماوەی مانگێک دا ٥٠% نرخی خۆی لە دەست داوە. پەلەقاژەی ڕیژیم بۆ چارەسەری ئەو هەل و مەرجە، زەلکاوێکی لەوەش قوڕاوترە، واتە بردنە سەری نرخی قازانج بۆ ٢١% تەنانەت لە بانکەکانی دەوڵەت دا. وڵاتان بە چوونەسەری نرخی قازانج تا ٧% زەنگی خەتەر لێدەدەن و خێرا بە دوای چارەسەر دا دەگەڕێن. کە چی دەوڵەتی کۆماری ئیسلامی نرخی ٢١% یی قازانج بە ڕێگاچارە دەبینێ بۆ زاڵبوون بەسەر قەیرانی ئابووری دا. گومان لەوە دا نییە کە ئەو هەل ومەرجە قەیراناوییە لە سەر ناڕەزایەتی خەڵک شوێن دادەنێ و کۆمەلانی خەڵکی ئێران ئەوەندەی دیکەش پشت لە کۆماری ئیسلامی دەکەن. ئیتر نە پروپاگەندەی عەداڵەتخوازیی ئەحمەدی نەژاد لە ژێر پەردەی داسەپاندنی یارانەکان و نە بە نیشتمانی کردنی پرۆژەی ئینێرژیی ئەتۆمی و لە ژێر سایەی ئەوەدا وەڕێ خستنی بەرنامەی چەکی ئەتۆمی فریای ئەو ڕێژیمە ناکەوێ. کە وابوو مان و نەمانی ڕیژیم لە ڕاستی دا لە لایەکەوە بەستراوەتەوە بە دروستکردنی قەیرانەوە و لە لایەکی دیکەشەوە بەستراوەتەوە بە شێوەی هەڵسوکەوتی نەیارانی ڕێژیم و فاکتۆرە دەرەکییەکانە وە.

## قەیرانی ڕێژیم و هەڵوێستی ئۆپۆزیسیۆن

هەروەک پێشتر ئاماژەم پێدا ڕژیم لە گەڵ قەیرانێکی مەرگ هێنەر دا دەست و پەنجە نەرم دەکا. کەچی ئۆپۆزیسیۆنی ڕێژیم چ لە دەرەوە و چ لە ناوخۆ پاڵی لێداوەتەوە و بە هیچ شێوەیەک هەوڵ نادا کەڵک لەو قەیرانە گەورەیە وەربگرێ و ئێران لە و تاریکە شەوە ئەنگوستەچاوەی کە بەسەری دا سەپێنراوە ڕزگار کا و بە تیشکی دێموکراسیی وەلات ڕووناک کاتەوە. زیاتر لە ٨٠% ی وەلاتانی دنیا بە جۆرێک لە جۆرەکان دژی ئەو ڕێژیمە ڕاوەستاون، کەچی ئۆپۆزیسیۆنی ئەو ڕێژیمە ناڕاستەوخۆ پچکی خۆ گرتنەوەی بۆ داوێ و لە لافاو ڕزگاری دەکا. ئۆپۆزیسیۆنی ناوخۆ بە ئومێد بەستن بە ئاڵوگۆڕی نەرم و بێ خەرج خۆی بێ دەنگ کردوە و ئۆپۆزیسیۆنی دەرەوە ش بە ناوی پاراستنی ئێرانی گەورە لەدەست هێرشی بێگانە، لە ڕاستی دا لە قەیرانی نێوان دنیای دەرەوە و ڕیژیم دا، بەناوی بەرگری لە ئەمنییەتی کۆمە لانی خەڵک و پاراستنی یەکپارچەیی ئێران، نا ڕاستەوخۆ یارمەتی بە مانەوەی ڕژیم دەدا.

بە شێک لە ئۆپۆزیسیۆنی سەراسەری بەتایبەت فارس زمانەکان، ئەوەندەی سەرقاڵی بە قەولی خۆیان پاراستنی یەکپارچەیی خاکی ئێران لە دژی هێزە وەهمییەکانی جیاوازیخوازن، ئەوەندە لە بیری ڕزگار کردنی ئێران لەو قەیرانە هەموو لایەنەدا نین. ئەوان لەترسی دابەشبوونی دەسەڵات بەسەر خاوەنانی ئەسڵیی خۆی دا، واتە نەتەوە جیاوازەکانی ئێران، ئامادەن تەنانەت خەبات لە دژی ڕێژیمێک ڕابگرن کە خەریکە هەمو شانازییە فەرهەنگی و مێژوویەکانی خۆشیان لەناو بەرێ. ئەوان نەک تەنیا لە بیری ئەوە دا نین کە هێزی خۆیان کۆ کەنەوە و لە گەڵ هێزی گەلانی دیکەی ئێران پەیوەندی بدەن و ئاڵتەرناتیڤێکی دێموکراتیک بۆ ڕێژیمی دیکتاتۆر و سەرەڕۆی کۆماری ئیسلامی پێک بێنن، بەڵکو بە ئینکاری جیاوازییە نەتەوەیی، مەزهەبی و ئایینییەکانی ئێران و بڵاو کردنەوەی ڕووحی ناسیۆنالیزمی پاوانخوازی ئێرانی، پێشی وەدیهاتنی بەرەی یەکگرتووی دیموکراتیک و ئازادیخوازی ئێران دەگرن و لە زۆر بواردا ئاو لە جۆگەی ئاشی کۆماری ئیسلامی دەکەن. ئەوانە بە بیری ژەنگاویی سەردەمی ڕەزاخانەوە نووساون و ئێستاش پێیان وایە پرۆژەی دەوڵەت- نەتەوەی ئێران بە لوتکەی سەرکەوتن بگەیەنن و بۆ هەتاهەتایە نەتەوەکانی ئێران لە مافەکانیان بێ بەش بکەن. ئەوان غافڵن لەوەی کە ئەو پرۆسەیە لە وڵاتانی پێشکەوتوو دا هەرگیز بەو شیوەیە نەبووە کە ئەوان بیری لی دەکەنەوە. لە هیچ وڵاتێکی دنیادا دەوڵەتێک دروست نەکراوە کە دواتر نەتەوەیەکی بۆ دروست کرابێ. دەوڵەت – نەتەوەکان، هی ئەو وڵاتانەن کە نەتەوەیەک لە پێشدا هەبووە و پاشان دەوڵەتی خۆی پێک هێناوە، وەک دەوڵەتی فەڕانسە، دەوڵەتی ئاڵمان، دەوڵەتی ئیسپانیا، دەوڵەتی ئیتالیا....هتد. بەڵام لە وڵاتانی فرە نەتەوە دا هەرگیز دەوڵەت - نەتەوە، کە بەمانای یەک دەوڵەت، یەک نەتەوە دێ، پێک نەهاتوە. نەتەوەیەک دەتوانێ دەوڵەتی خۆی پێک بێنێ، بەڵام دەوڵەتێک ناتوانێ نەتەوە یەک دروست بکا، یا چەند نەتەوە تێکەڵ بکا و بیکاتە نەتەوەیەکی تازە. وڵاتانی فرە نەتەوەی

ئوروپایی وەک بلژیک، سویس..هتد دەوڵەتی فیدرالیان پێک هێناوە لە سەر بناغەی پێکهاتەی نەتەوەکان. لەو وڵاتانەدا دەسەڵات و ئیدارە بەسەر نەتەوەکانی دانیشتووی ئەو وڵاتەدا دابەش کراوە. بۆ وێنە لە بلژیک ٣ دەوڵەت و سێ پارلەمان هەیە. لە هەرێمی فلامانی هولەندی زمان، لە هەرێمی والۆنی فەڕانسەوی زمان و لە بڕۆکسل کە تێکەڵاوە، حکومەتی هەرێمی خۆیان هەیە، دەوڵەتی فیدرالیش هی هەمووانە وحکوومەتی خۆی هەیە. لەو وڵاتەدا تەنانەت یەک زمانی سەراسەرییش وجوودی نییە، بەڵکوو لە ئیدارات دا هەردووک زمان واتە هولەندی و فەڕانسەوی سەراسەرین و لە هەرێمەکانیش دا هەر هەرێمەو زمانی خۆی دەخوێنێ و فەرهەنگی خۆی پەرە پێ دەدا. هولەندیزمانێک مەجبوور نییە فەڕانسەوی فێر بێ و فەڕانسەوی زمانێکیش مەجبوور نییە هولەندی فێر بێ. لە سویسیش کە ئاڵمانی، فەڕانسەوی و ئیتالیایی تێیدا دەژین بە هەمان شێوە. هەر هەرێمەی خۆی بە ڕێوە دەبا و هەر هەرێمەش زمان و فەرهەنگی خۆی پەرە پێ دەدا. بەمجۆرە هیچ دەوڵەتێک نەی توانیوە لە چەند نەتەوەی جیاواز نەتەوەیەکی تازە پێک بێنێ و پرۆژەی دەوڵەت-نەتەوە بە سەرکەوتن بگەیەنێ، وەک بەشێک لە نەتەوەی فەرمانڕەوا لە ئێران دەیهەوێ بە زۆر بیسەپێنێ.

بەشێکی دیکە ی ئۆپۆزیسیۆنی سەراسەرییش سەرقاڵی کاری حیزبی و گرووهی خۆیەتی و هەر حیزب و گرووهە پێی وایە بەتەنیا بۆخۆی دەتوانێ داهاتووی ئێران بەدەستەوە بگرێ و جێی ڕژیمی ئاخوندی بگرێتەوە. هەرحیزب و ڕێکخراوە پێی وایە ئیدەئالەکانی ئەو، ئیدەئالەکانی هەمو دانیشتووانی ئێرانە و لە قۆناغی دوای ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی دا هەلی بۆ ڕێ دەکەوێ تا ئیدەکانی خۆی بەسەر گەلانی ئێران دا بسەپێنێ.

مێژووی مامەڵەکردنی ئەو بەشە لە ئۆپۆزیسیۆن کە لە سەرووی هەموویانە وە ڕێکخراوی موجاهیدینی خەڵکی ئێران دێ لە گەڵ باقی حیزب و ڕێکخراوەکان، مامەڵەی دەسەڵاتدار لە گەڵ ژێر دەستەیە. پێشمەرجی ئەوان بۆ هاوکاریان لەگەڵ هەر ڕێکخراوێک، قەبووڵکردنی سیاسەتەکانیانە بە بی ئەملاو ئەولا. هەروابزانە لەسەرکارن و ئازادی بە نرخی تەسلیم بوون دەبەشنەوە.

وەڵامی هەمووی ئەوانەش بۆ داوای ڕەوای گەلی کورد و گەلانی ژێردەستەی دیکەی ئێران، کە بریتی یە لە وەدی هێنانی سیستمێکی سیاسی لە ئێران کە وەڵامدەری مافە ڕەواکانی هەموو نەتەوەکانی ئێران بێ، کە ئەوەیە کە لەو حاڵە ئێران پارچە، پارچە دەبێ و بۆیە ئەوان موخالیفن. بۆیە ساکارترین شێوەی سیستمێکی ئەوتۆ کە فیدراڵییە لەسەر بناغەی پێکهاتەی نەتەوەیی، ڕەت دەکەنەوە بە بەهانەی ئەوەی کە دەبێتە هۆی لێکترازانی ئێران و هەر لە و کاتەش دا تۆمەتی جیاوازیخواز لە لایەنگرانی فیدراڵی نەتەوەیی - جوغرافییایی دەدەن. ئەوان غافڵن لەوەی کە ڕاست سیاسەتی ئینکاری نەتەوەکان ڕۆژێک دەبێتە هۆی لێکترازانی ئێران و بەو هۆیەوە لە ڕاستی دا فیدراڵیخوازەکان لایەنگری مانەوەی ئێران

بەسەریەکەوەن و ئەوانەی دژی مافی نەتەوەکانن، جیاوازییخوازن. ئەوانەی ئامادە نین لە ئێران دا بە شێوەیەکی عادڵانە دەسەڵات و ئیمکانات بەسەر نەتەوە جیاوازەکانی ئێران دا دابەش بکەن، پاڵ بەو نەتەوانەوە دەنێن کە بەرەو سەربەخۆیی هەنگاو بنێن، چونکە هیچ ڕێگایەکیان بۆ ناهێڵنەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی حدک میدیا - ڕێکەوتی: ٢٧ی جانێویری ٢٠١٢

## ئاڵوگۆڕ لە ئێران دا نیزیکە، ئێمە چی بکەین؟

ئێمەی کورد و نەتەوەکانی دیکەی ئێران ڕووبەڕووی هەل و مەرجێکی تازە دەبینەوە. ئەو هەلومەرجە تازەیە هەم دەرفەتی تازە لەگەڵ خۆی دێنێ و هەم ڕیسکی تازە. دەرفەتی تازە ئەوەیە کە ئیمکانی لاوازبوونی ناوەندگەرایی و دابەشکردنی دەسەڵات لە ئێران دا دێتە ئاراوە. ئێمەی کورد و نەتەوەکانی دیکەی ئێران ئەگەر وریا بین، یەکگرتوو بین و بە بەرنامە بچینە پێش، دەرفەتی ئەوەمان بۆ دێتە پێش کە وابکەن ئێرانی تازە بە جۆرێک ئۆرگانیزە بکرێتەوە کە مافی ئەوانی تێدا وەدی بێ. ئەو ئامانجە تەنیا بەوە دێتە دی کە هەموویان پێکەوە هاوکاری بکەن و بە گەلاڵەیەکی هاوبەشەوە بچنە سەر مێزی وتووێژ لە گەڵ نوێنەرانی نەتەوەی فەرمانڕەوا، یا بە زمانێکی ساکارتر حیزب و ڕێکخراوەکانی سەر بە نەتەوەی فەرمانڕەوا. نەتەوەکانی ئێران ئەگەر بیانهەوێ لە چوارچێوەی ئێران دا بە مافی ڕەوای خۆیان بگەن، چارێکی تریان نییە جگە لەوەی کە بە هێز و توانا و یەکگرتوویی خۆیان مافەکانی خۆیان بسەپێنن و لە گەڵ حیزب و ڕێکخراوەکانی سەر بە نەتەوەی فارس لەم بارەوە بە ڕێککەوتنێک بگەن. هەروەک چۆن حیزب و ڕێکخراوەکانی نەتەوەی فارسیش، ئەوانەی بە پەرۆشن بۆ پاراستنی یەکیەتیی نەتەوەکانی ئێران و لە ئەنجام دا پاراستنی یەکیەتیی جۆغرافیای ئێران، پێویستە لە گەڵ نوێنەرانی نەتەوەکانی دیکەی ئێران بە ڕێککەوتن بگەن و لە دانانی بەردی بناغەی ئێرانی فیدراڵ و دێموکراتیک دا هاوکاری بکەن. ئێرانی داهاتوو، پێویستی بە سیستمی تەوافوقی هەیە و تەنانەت دێموکراسیی فەردییش ناتوانێ کێشەی نەتەوەکان چارەسەر بکا. ئەو کێشەیە تەنانەت بە هەڵبژاردنی سەراسەری، یا ڕیفراندۆمی سەراسەرییش جێ بەجێ نابێ.

دەستوری هەمیشەیی ئێرانی داهاتوو پیویستە لە پیش دا ڕێککەوتنی نەتەوەکانی لە سەر بێ. ئاڵوگۆڕی سیستم لە ئێران دا ئەو دەرفەتە دەدا بە ماف زەوت کراوەکان کە بۆ وەدەست هێنانی مافەکانی خۆیان کەڵک لە هەلومەرجەکە وەربگرن. ئەگەر لە چاوەڕوانی دابن و بە تەمای ئەوەی کە بە پیادەبوونی دێموکڕاسی و قەول و بەڵێنی سیاسی لە داهاتوودا ناوەندی دەسەڵات ئاوڕ لە مافەکانی ئەوان بداتە وە، دانیشن، دەرفەت لە دەست دەدەن و هیچ دەسکەوتێکیان نابێ. بەڵکو ڕیسکی توانەوە و ژێر چەپۆک بوونیان زۆرتر دەبێ. چونکە دەوڵەتی ناوەندیی تازە هەر نەبێ بۆ جیگیربوونی دەسەڵاتی خۆی و بە کەڵک وەرگرتن لە هەڵەکانی کۆماری ئیسلامی، هەوڵ دەدا لە گەڵ دنیای دەرەوە مەلەسەلەکانی خۆی چارەسەر بکا و ڕواڵەتێکی دنیا پەسند لە خۆی نیشان بدا، ئەوکاتە گەلانی ژێردەستی ئێران زۆر لە ئێستا کەمتر دەنگیان بە دنیا دەگا و سکالایان گوێی لێ دەگیرێ.



سەرچاوە
Serchawe

بەشی دووهەم

## کورد دوای ئەو هەمو قوربانی دانە چی پێ دەبڕێ؟

کورد وەک بەشێک لە نەتەوەیەک لە ئێران دا کە هەر لە سەرەتای دروستبوونی دەوڵەتە نەتەوەییە تازەکان لە جیهان دا

بۆ مافی نەتەوەیی خۆی هەوڵی داوە و بە توندی لە بەرامبەر ئاسیمیلاسیۆن کردن دا بەربەرەکانی کردوە، لە دوای دامەزرانی کۆماری ئیسلامییش دا بە نرخێکی زۆرگران بوونی خۆی پاراستوە و سەلماندوە. لە ڕاستی دا تەنیا دوو نەتەوە لە ئێران دا تا ئەمڕۆ بە پانتایی نەتەوە نیشانیان داوە کە چیان دەوێ. یەکەم نەتەوەی فارس کە لە تەواوی پانتایی خۆی دا بە دوای پاراستنی دەسەڵات و باڵادەستیی خۆیەوەیە و دوەم گەلی کورد کە بە قوربانی دانێکی زۆر سەلماندویەتی کە بە کەمتر لە وەرگرتنی مافی نەتەوەیی خۆی، لانی کەم بە شێوەی فیدراڵی ڕازی نابێ. کورد لەگەڵ ئەوەی کە لە باری چەندایەتییەوە دوای نەتەوەی ئازەری دێ، بەڵام لە باری خەبات و تیکۆشان و خۆ ڕێکخستنی سیاسییە وە لە سەفی پێشەوەی هەموو نەتەوەکانی ئێرانەوەیە. گەلی کورد تەنانەت پێشەنگی هەموو نەتەوەکانی ئێرانە لە باری دەرکی مافی مرۆڤ، دیموکراسی، پەیوەندییە نێونەتەوەییەکان و تیگەیشتن لە پەیوەندییە نێو نەتەوەییەکانەوە. ئەوە تەنیا گەلی کورد و حیزبی دێموکراتی کوردستان بوون کە بە ماوەیەکی کورت لە دوای شۆڕشی گەلانی ئێرانەوە دەرکیان بەوە دەکرد کە بارمتە گرتنی سەفارەتی ئەمریکا لە ئێران کارێکی هەڵەیە. ئەوە تەنیا کورد و ڕێکخراوە سیاسییەکانی کورد بوون کە دەرکیان بەوە کرد کە نابێ ڕەئی بدەن بە قانوونی ئەساسیی دواکەوتووی کۆماری ئیسلامی و بە دامەزراندنی کۆماری ئیسلامی. ئەوە تەنیا گەلی کورد و ڕێکخراوە سیاسییەکانی بوون کە هەر لە سەرەتاوە داوای جیایی دین لە دەوڵەتیان کرد و زۆر مەسەلەی گرنگی دیکەیان هەر لە سەرەتاوە هەست پێ کرد. کەوابوو گەلی کورد و ڕێکخراوە سیاسییەکانی پێویستە ئەو قورساییە ڕابگرن و لە سبەینێی ئازادیی ئێران دا بە قازانجی خۆیان کەڵکی لێ وەربگرن. ئێستاشی لەگەڵ بێ گەلی کورد ڕێکخراوترین گەلە لە ئێران دا. زۆر جێگای داخ دەبێ ئەگەر ئێمە بە هۆی کەمتەرخەمیی خۆمانەوە لە داهاتووی ئێران دا کەمترین دەسکەوتمان هەبێ. تەنیا هۆیەکیش بۆ ئەوەی کە سەربەرز بیینەدەر و بتوانین لە دەرفەتەکان بەباشی کەڵک وەرگرین، ئەوەیە کە یەک بگرین و دووبەرەکی و ناکۆکی وەلانێین. با چیدی قازانجی تاکەکەسی و حیزبی نەکەینە مەرج و بیر لە قازانجی نەتەوەیی بکەینەوە. ئەگەر وابکەین بێگومان ئاسۆ ڕوونە و نەتەوەی کورد لە هەمونەتەوەکانی دیکەی ئێران زیاتر دەتوانێ کەڵک لە ئاڵوگۆڕەکان وەربگرێ. چونکە هەم مێژوویەکی خەباتی دەوڵەمەندی هەیە، هەم لە ڕاددەی نیو نەتەوەیی دا ناسراوە و هەم لە هەمو نەتەوەکان باشتر ڕێکخراوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی حدک میدیا - ڕێکەوتی: ٢٧ی جانێویری ٢٠١٢



سەرچاوە
Serchawe

## مەژی بۆ مردن، بمرە بۆ ژیان.

**مەژی بۆ مردن، بمرە بۆ ژیان.**
**چۆن قازانج ئەکەی تا نەکەی زیان**

ئەو هۆنراوەیە کە دەکرێ بڵێین داهێنانێکی هونەرییە بە شێوەی هۆنراوە، وێدەچی لە وەسیەتنامەی سەرقافڵەی شەهیدانی کوردستان، پێشەوا قازی محەممەد وەرگیرابێ.

خاوەنی ئەم هۆنراوەیەش، واتە نەمر مامۆستا برایم ئەحمەد بۆخۆی هەریەکێک لە رێبوارانی رێگای پێشەوا بووە. پێشەوا لە وەسیەتنامەکەی دا نێوەرۆکی ئەم هۆنراوەیە بە هەمو لاوانی کوردستان ڕادەگەیەنێ و داوایان لێ دەکا بۆ ژیان بمرن، نەک بژین بۆ مردن.

پێشەوای مەزنی گەلەکەمان بۆ خۆی وەک سەردارێک دەچێتە سەردار و بۆ ژیان دەمرێ و ژیانی ژێر چەپۆکی و خۆ بەدەستەوەدان قەبوڵ ناکا. ئەو لە دادگای بێ دادگایی حەمەڕەزاشادا لە جیاتی پاڕانەوە بۆ درێژەدانی ژیان، بە گژ داگیر کەران دا دەچێتەوە و لە ڕاستی دا موحاکەمەیان دەکا. بە دەنگێکی بەرز بەسەریان دا دەگوڕێنێ و لە جیاتی ترسان، ئەوان دەترسێنێ. هەر لە سەرەتای بەناو داگایی کردنەکەی دا بێباکی خۆی لە بەرامبەر مردن دا ڕادەگەیەنێ و جا ئەو کاتەیە کە لە لوتکەی بەرزی سەرفرازی ڕا پە یامی عەداڵەتخوازیی خۆی بە هەمو دنیا ڕادەگەیەنێ.

پەیامی لێبڕاوانەی پێشەوا ئەوەندە بە بڕشت و بە هێزبووە کە تەنانەت دیواری نەهێنیکاری و پەردەپۆشی دام و دەزگای حەمەڕەزاشادەبڕێ و هەر لە زمان بەکرێگیراوانی خۆیەوە بەرەو دنیای ئازاد باڵە فڕکێ دەکا. بەخۆڕایی نییە کە سەروان کەیومەرسی ساڵحی ویژدانی دەجوڵێ و ناتوانێ لەخۆبوردوویی و ئازایەتی پێشەوا پەردەپۆش بکا و تەنانەت لە لیباسی ئەرتەشیی هەمان ڕژیم دا کە بێ تاوان پێشەوا شەهید دەکا، پەردە لەسەر جینایەتی ڕژیمەکەی و ئازایەتی و لە خۆ بوردویی پێشەوای مەزنی کورد هەڵدەداتەوە. ئەو ئەفسەرەی ڕژیم دەڵێ:

من لە زۆر مەحکەمە دا بەشدار بووم، بەڵام کەسی ئاوا بەجەرگ و ڕووڕاستم نەدیوە، هەر ئەو لەخۆبوردوویی ونەترسیەش

بوو کە کاتی ئێعدام کردن نەیهێشت چاوی ببەستن و فەرمووی حەزدەکەم لە دوایین لەحزەی ژیانم دا بە سەربەرزی و پڕ بە چاوەکانم لە نێشتیمانەکەی خۆم بڕوانم.

گەورەیی پێشەوا لەوە دا دەردەکەوێ کە تەنیا گەلەکەی خۆی ئیقرار بە دڵسۆزی و بە جەرگی ئەو ناکا، بەڵکو دوژمنەکانی و خەڵکی بێگانەش مەجبورن سەری تەسلیم لە بەر دەم ئەو ڕوحە گەورەیە دانەوێنن. هەروەکو ئارچی ڕۆزوێڵتی ئەمریکاییش کە بۆ خۆی هاتوەتە مهاباد و چاوی بە پێشەوا کەوتوە دەڵێ:

وا دەردەکەوێ کە قازی محەممەد بیرو باوەڕێکی زۆر پتەوی هەیە و ئامادەیە خۆی لە پێناوی دا فیدا بکا، ئە وڕووناکبیرێکی لەسەر خۆو زانایە بە بیرێکی نێونەتەوەیی و کراوەوە.

پێشەواقازی محەممەد لەو پەڕی دەستڕۆیشتویی و ژیانی خۆشەوە ڕێگای گیانبازی و لە خۆ بوردوویی هەڵبژارد. ئەو ڕێبەرەمەزنە لە یەکێک لە بنەماڵە بە ئیمکاناتەکانی ناوچەی خۆی بو. هیچ کەم و کوڕییەکی لە ژیان دا نەبوو دەیتوانی لە چاوەڕوانی مردن دا خۆشترین ژیانی سەردەمی خۆی بەسەر بەرێ. بەڵام بەڕاستی نەژیا بۆ مردن، بەڵکو ئامادەبو بمرێ بۆ ژیانی گەلەکەی و مانەوەی ئەبەدیی خۆی. کەوابو لە مەیدانی تاقیکاری دا پێشەوای سەروەر نێوەرۆکی ئەو هۆنراوە پڕ نێوەرۆکەی بە نمایش داناو بیگومان ئەو هۆنراوە داستانی لەخۆ بوردویی پێشەوا نەخشاندویەتی.

لە دەی خاکەلێوەی هەرساڵێک دا پێویستە سەری نەوازش بۆ ئەو قارەمانە ئاشتیخواز و لە خۆ بوردویە دانەوێنین و پەیمان لە گەڵ ئەو بلیمەتە و هەمو ڕێبوارانی شەهیدی تازە بکەینەوە کە بە ڕێبازەکەی وەفادار دەبین و تا بەدەستهێنانی ئامانجە پیرۆزەکانیان درێژە دەری ڕێگایان دەبین.

سەرچاوە: ماڵپەڕی حدک میدیا - ڕێکەوتی: ٥ی ئەپریلی ٢٠١٢



سەرچاوە
Serchawe

## دیپلۆماسیی کوردی لە چ حاڵدایە و چۆن دەتوانێ گەشە بکا ؟

### بەشی یەکەم

بە شێوەیەکی زانستی و گشتی دیپلۆماسی بە هونەر و پڕاکتیکی بەڕێوەبردنی وتووێژەکانی نێوان نوێنەرانی گرووپەکان یا وڵاتەکان دەگوترێ. نوکی ڕمبی چالاکییە دیپلۆماتییەکان بەرەو پەیوەندییە نێونەتەوەییەکانە و ئامانجی هەر دیپلۆماسییەکی تایبەتیش بردنە پێشی پرۆژەیەکی تایبەتییە. ئەگەر ئەو پرۆژەیە ڕووکاری نەتەوەیی، ئابووری، بازرگانی یا سیاسیی هەبێ لە پڕاکتیک و هونەری کارەکەدا جیاوازییەکی ئەوتۆ بەدی ناکرێ.

بۆ هەر دیپلۆماسییەک پێویستە وگرنگ ئەوەیە کە دوو تایبەتمەندیی سەرەکی تێدا کۆ بووبێتەوە: یەکەم، خاوەنی پرۆژەی ستراتیژیکی خۆی بێ و دووەم، ئامرازەکانی بەکار بردنی هونەری دیپلۆماسیی لە دەست دابێ.

لەو وتارەدا هەوڵ دەدەم ڕوونی بکەمەوە کە ئەو دوو خاڵە گرنکە چۆن بەدەست دێن، ڕەوش و مێتۆدی باو بۆ ئامادە کردنی زەمینە و بەدەستهێنانی ئەو دوو خاڵانە و هەوڵدان بۆ وەدیهێنانی ئامانجە ستراتیژییەکان بە ڕێگای دیپلۆماسی دا لەلایەن وەڵاتانی دنیا و هێزە کاریگەرەکانەوە چۆن بووە. بۆ ئەو مەبەستەش ئاوڕدانەوەیەکی کورت لە مێژووی دیپلۆماسی بە پێویست دەزانم. هەروەها ئاوڕێک لە دیپلۆماسیی سەر کەوتووی نەتەوە بەشخوراوەکان دەدەمەوە. ئەو دیپلۆماسییانەی کە توانیویانە مەبەستی خۆیان بە شێوەیەکی باش بە گوێی جیهانیان بگەیەنن و ئەنجامی باش بۆ ئامانجی ستراتیژیی خۆیان بەدەست بێنن. پاشان لە بەر ڕووناکیی ئەوڕاستییانەدا ئاوڕ لەو بوارە دەدەمەوە کە ئایا کورد لە دیپلۆماسیی خۆیدا تا ئێستا چی بۆ ئەوخاڵە گرنگانە کردووە، دیپلۆماسیی کوردی لە چ حاڵدایە و پێداویستییەکانی دیپلوماسیی کوردی لە سەردەمی ئەوڕۆدا چین.

یەکەم شوێنکارەکانی دیپلۆماسیی مۆدێرن لە دەوڵەتانی باکووری ئیتالیا دەرکەوت. ئەوەش لە سەدەی ١٦ دا بوو کە میلان ڕۆڵێکی یەکجار گرنگی دەگێڕا لە دانانی بناغەی دیپلۆماسیی مۆدێرندا. لەوکاتەدا دیپلۆماسی ڕۆڵێکی مەزنی گێڕا لە دیاری کردنی سنووری دەسەڵاتەکانی پاپ (ڕێبەری مەسیحییەکان) و کایزەر (ئیمپڕاتۆڕی سەردەم) دا. دیارە ئەو دەورە گرنگەی ئیتالیا لە باری پراکتیکییەوە گوێزرایەوە بۆ باقیی وڵاتانی ئوروپایی. بەتایبەتی وڵاتانی وەک ئیسپانیا و ئیتالیا بەشی باشیان لەو ئاڵوگۆڕەی مەیدانی دیپلۆماسی دا بەر کەوت.

هەر لەو کاتەشەوە بوو کە گرنگییەکی زۆر درا بە مەسەلەی ناردنی نوێنەر لەلایەن وڵاتانەوە بۆ وڵاتانی دیکە و دواتر ئەو مەسەلەیە بوو بە دامەزرانی سەفارەتی هە ر وەڵاتێک لە وڵاتەکەی دیکەدا. لەو کاتەوە هەڵسوکەوتی نێوان دەوڵەتان و هێزە نێودەوڵەتییەکان، پەیوەندییە سیاسی، بازرگانی، ئەمنییەتی و ڕێککەوتنە نێودەوڵەتییەکان لە پێشدا لە نێوان دیپلۆماتە لێهاتووەکانی وڵاتاندا ڕێک دەخران و پاشان دەبوونە سیاسەتی نێودەوڵەتی یا نێو نەتەوەیی هەر وڵاتێک.

هەر لە سەرەتای کاری دیپلۆماسییەوە لەنێوان وڵاتاندا گرینگییەکی تایبەتی دراوە بە دڵسۆزی بۆ ئامانج و لێوەشاوەیی لەو کارەدا. لە دیپلۆماسیی مۆدێرن دا کە بە دانانی سەفیر لە سەدەی سێزدەوە دەست پێ دەکا سەرنجێکی تایبەت دەدرێ بە پێکانی ئامانج و بەدەست هێنانی دەسکەوتەکان. میلان یەکەم دەسەڵات بوو کە نوێنەرێکی خۆی نارد بۆ فەڕانسە لە ساڵی ١٤٥٥ دا. بەڵام ڕەتی کردەوە کە نوێنەری فەڕانسە بچێ بۆ ئەوێ چونکە ترسی ئەوەی هەبوو فەڕانسە لە وێ کاروباری جاسووسی لەژێر پەردەی کاری دیپلۆماسیدا ئەنجام بدا. لەو سەردەمەدا میلان ترسێکی زۆری لە دەستێوەردانی فەڕانسە و ئیسپانیا هەبوو. هەرچەندە زۆری نەخایاند کە زۆربەی وەڵاتانی ئورووپایی گرنگی و پێویستیی کاری دیپلۆماسییان بۆ دەرکەوت و لەنێوان زۆربەیاندا سەفیر گۆڕدرانەوە. ئیسپانیا یەکەم وەڵات بوو کە سەفیرێکی دایمیی نارد بۆ وڵاتی فەڕانسە لە ساڵی ١٤٨٧ دا.

لەو قۆناغەدا پرنسیپ و ڕێوشوێنەکانی کاری دیپلۆماسی و تکنیک و زانستی ئەو کارە بەرە بەرە پەرەیان گرت و ڕێکارەکان پێش کەوتن. تایبەتمەندییەکانی نوێنەران دیاری کران و بەتایبەت گرنگیی زۆر درا بە نەخش و پێناسەکانی سەفیر. نوێنەری هەر وڵاتێک بە ڕووکاری ئەو وڵاتە دانرا و دەبوو ڕووەو دنیای دەرەوە تیشکێکی ئەرێنی لە وڵاتەکەی بڵاو بکاتەوە. نوێنەر یا سەفیر دەبوو نیشان بدا کە وڵاتەکەی بە فەرهەنگ، ئاشتیخواز، میواندار و دڵفرەوانە و دەتوانێ ڕۆڵێکی باش لە پەیوەندییەکانی نێونەتەوەیی دا یاری بکا.

لەو سەردەمەدا پلە و تایبەتمەندییەکانی دیپلۆماتەکان بە پێی نوێنەرایەتییەکەیان دەگۆڕان. نوێنەرایەتیی هەر دەوڵەتێک و هەر گرووپێکی ئاینی پلە و پایە و تایبەتمەندیی خۆی هەبوو. بۆوێنە نوێنەرانی وڵاتانی کاتۆلیک، وڵاتانی پرۆتستان، وڵاتە پاشایەتییەکان، وڵاتانی موستەعمەرە...هتد کە هەر کامیان ڕێزی تایبەت بە خۆی لێ دەگیرا. تەنانەت لەنێوان یەک جۆر نوێنەرایەتیشدا بە پێی گەورەیی و بچووکی، دەوڵەمەندی و هەژاری و بەهێزی و لاوازی جیاوازی دادەنرا لە ڕێزلێنان دا. خوێندەواری و بەتایبەت بوونی دیپلۆمی بەرز لە ڕادەی زانستگادا گرنگییەکی تایبەتی پێ دەدرا. هەربۆیەش بۆ پڕکردنەوەی پێداویستییەکان لەو ڕادەیەدا لە زانستگاکانی ئورووپا خوێندن لە بواری پەیوەندییە نێونەتەوەیی‌یەکان و زمانە مۆدێرنەکاندا زۆر پەرەی گرت. هەر لەو کاتەڕا دیپلۆماسیی مۆدێرن بوو بە کارێکی پسپۆڕی و لە دەست پلە و پایەی

دینی، ئێلیتی، ئیدەئۆلۆژی و سیاسی هاتە دەر.

بەو مانایەی کە هەرچەند نوێنەر دەبوو دڵسۆز بۆ ئەو تەیفە یا نەتەوەیە بێ کە نوێنەرایەتیی دەکا، بەڵام پێویستە پسپۆڕیش بێ. هەر لەو کاتەش دا ئۆرگانێکی دیکە بە ئۆرگانەکانی دەوڵەت یا دەسەڵات لە هەر وڵاتێک زیاد بوو. بڵاو کردنەوەی سەفیر بە وەڵاتان دا و دانانی سەفارەت و کارمەند لە وڵاتانی جۆربەجۆری دنیا، پێویستیی بەوە هەبوو کە لە نێوخۆی وڵاتیش ڕا ئیدارە بکرێن و کارەکەیان لە ژێر چاوەدێری دابێ. هەربۆیە پێویست بەوە بوو کە وەزارەتخانەی تایبەت بە خۆی هەبێ. واتە وەزارەتی کاروباری دەرەوە پەیدا بوو. لە سەرەتادا کاری ئەو وەزارەتخانانە زۆر ڕوون نەبوو؛ لە هەر وەڵاتەی بە جۆرێک ڕێک خرابوو و ئەرکی جیاواز و جۆراوجۆریان بەڕێوە دەبرد. بۆوێنە لە بەریتانیای گەورە وەزارەتی دەرەوە دوو بەش بوو کە زۆرجار کارەکانیان تێکەڵ دەبوو، تا ساڵی ١٧٨٢ کە ڕیفۆڕمیان تێدا کرد. دیارە لەو سەردەمەدا لە باری پێرسۆنێلەوە هێندەش بەر بڵاو نەبوون. فەڕانسە کە ئەودەم گەورەترین وەزارەتی دەرەوەی هەبوو، تا ساڵی ١٧٨٠ ژمارەی هەموو ئەو کەسانەی بۆ ئەو وەزارەتخانەیە کاریان دەکرد لە ٧٠ کەس تێنەدەپەڕین.

لە ئاخرەکانی سەدەی ١٨ دا کاری دیپلۆماسی پەرەی گرت و باڵی هاویشت بۆ وەڵاتانی ئورووپای ڕۆژهەڵات و ڕوسیە. هەر لە دوای ئەوە ئاڵوگۆڕێکی گرنگ بە سەر پلە و پایەی دیپلۆماتەکان دا هات. ئەویش بەهۆی شۆڕشی فەڕانسەوە بوو. نوێنەر لە پلە و پایە چینایەتییەکانی دامالرا. یەکسانی زۆرتر درا بە پلەکان و هەتا دەهات جیاوازی دانان لە نێوان دیپلۆماتەکان دا کەمتر دەبۆوە.

ئاڵوگۆڕیکی دیکەش هاتە نێو کاری دیپلۆماتییە وە، ئەویش بەهۆی سەرهەڵدانی شەڕی جیهانییەوە بوو. بەشی سەربازی نەخشی گرنگی گێڕا لە دیاری کردنی دیپلۆماتەکان دا و لە سەردەمی شەڕی جیهانی دا مەسونییەتی دیپلۆماسی نەما و لە زۆر جێگادا تەنانەت دیپلۆماتەکان گیران و خرانە زیندانەوە. ناپلیۆن یەکەم ڕێبەر بوو کە ئەو مە سونییەتەی هەڵگرت و چەند دیپلۆماتێکی بەریتانیی گرت بە تاوانی هەوڵدان لەدژی دەوڵەتی فەڕانسە.

دوای تێکشکانی ناپلیۆن و بە تایبەت پاش کۆنگرەی نێونەتەوەیی ویەن لە ساڵی ١٨١٥ دا هەوڵ درا سیستمێکی نێونەتەوەیی بۆ ئەو مەسەلەیە دابنرێ و بە یەک چاو سەیری هەموو نوێنەرایەتییەکان بکرێ لە دنیادا. بەڵام لە ڕاستی دا ئەو یەکسانی دروستکردنە بە هاسانی جێبەجێ نەبوو و نیزیکەی سەدەیەکی پێ چوو تا سیستمی پێ درا. بۆیە تەنیا دوای شەڕی جیهانیی دووەم بوو کە دنیا توانی تا ڕاددەیەک سیستم بە کاری نوێنەرایەتی بدا و پلە و پایەی نوێنەرایەتییەکان لەبەر ڕووناکیی ڕێککەوتن و ستانداردە نێونەتەوەییەکاندا بپارێزرێن و بە چاوێک سەیری هەموویان بکرێ.

دیاره له دەورانی پێش شەڕی جیهانی دووەم دا له ئاسیاش سیستمی نوێنەرایەتی و کاری دیپلۆماسی هەبووە. چەند دەوڵەتێکی گەورەی وەک چین، دەوڵەتی عوسمانی، دەسەڵاتەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و میسر گرنگیی تایبەتیان پێ داوە. لەو سیستمانەدا کاری دیپلۆماسی سپێردراوە بە کوڕە خاوەن دەسەڵاتەکان و نەجیبزادەکان. پێوانەی سەربەخۆیی لەو کاتەدا زۆرتر دەسەڵات و زانایی له کاری دیپلۆماسی دا بووە. هەر بۆیەش ئەوانەی کە بەو کارەوە خەریک بوون پلەیەکی بەرزی کۆمەڵایەتی و سیاسیان هەبووە.

ئەوەی تا ئێستا باس کرا شێمایەکی کورت و سەرپێیی بوو له چۆنیەتیی پێکهاتن و گەشە کردنی کاری پەیوەندییە نێونەتەوەییەکان. له بەشەکانی داهاتوودا دێینە سەر هەڵسەنگاندنی چۆنیەتیی کاری دیپلۆماسی و شیکردنەوەی ئامانج و ستراتیژیی ئەو چالاکییە نێونەتەوەییە. پاشان هەوڵ دەدەین له سەر بناغەی ئەو پێناسانە چاوێک به هەڵسوڕان و چالاکی کوردەکان له و بوارە دا بخشێنین و بەو تەرازووەی له جیهاندا باوە ئەو چالاکییانە بپێوین. تا بزانین تا ئێستا چ کراوە، کەموکوڕی لە کوێ دایە و ڕێگاچارەی ئەو کەموکوڕیانە چییە.

## (بەشی دووەم)

له دنیای ئەوڕۆدا کاری دیپلۆماسی مەودایەکی بەرینی هەیە و لە بواری جۆربەجۆردا بەڕێوە دەچێ. هەروەک هێز و گرووپی جیاوازیش لەو مەیدانەدا کار دەکەن. ئامانج و ستراتیژیی کاری دیپلۆماسی دەتوانێ سیاسی، ئابووری، نیزامی، نەتەوەیی یا ئیدئۆلۆژی بێ. هەر لەو ڕوانگانەیەشەوە گرووپە دیپلۆماتییەکان دیاری دەکرێن. بۆیە لەو مەیدانەدا نوێنەرانی دەوڵەتان، حیزب و ڕێکخراوەکان، شیرکەتە گەورەکان، ناوەندە بازرگانییەکان، هێزە نیزامییەکان، نەتەوەکان و تەنانەت فەرهەنگ و کلتووره جیاوازەکانی دنیاش لە کێبەرکێ دان.

هەموو ئەو گرووپ و نوێنەرایەتییانە هەوڵ دەدەن لە مامەڵە لەگەڵ یەکتردا، دەلیل بۆ ڕاستیی هەڵوێستی خۆیان بێننەوە و هێز و توانای خۆیان نیشانی بەرامبەری مامە ڵەکەیان بدەن. هەرچەند پرێنسیپ و بناغەکانی کاری دیپلۆماسی لەسەر پایەی لێکتێگەیشتن و یەکتر قەبووڵ کردن دامەزراوە و لیبرالیزم نەخشی بەرچاوی هەیە، بەڵام زۆرجار هێز و توانا قسەی ئاخر دەکا. جا ئەو هێز و توانایە سیاسی، ئابوری، نیزامی یا کلتوری بێ، هەرکام لە مەیدانی خۆیدا باڵادەستی هەبێ دەتوانێ ئەنجامی وتووێژەکان دیاری بکا.

زۆرجاریش دەوڵەتەکان و نەتەوەکان هەوڵ دەدەن پرۆسێسی تایبەتی بۆ چارەسەری مەسەلەیەکی تایبەتی دابنێن و هەموو

لایەنەکانی ئەو مەسەلەیە ڕازی بکەن بە قەبووڵکردن و بەکارهێنانی ئەو پرۆسێسە. لە ڕاستیدا باشترین ڕێگای دیپلۆماسی بۆ چارەسەری کێشەیەک ئەوەیە کە ڕێگاچارەیەک بدۆزرێتەوە کە هەموو لایەنەکان پێی ڕازی بن. دەنا هەرچەند کاریش لەسەر پەیوەندییەکان بکرێ، ئەنجام زۆرتر دەبێتە شەڕە دەندووکە و دیپلۆماسی جێگای خۆی دەدا بە هونەری پۆلیمیک. گرنگترین بەشی کاری دیپلۆماسی ئەوەیە کە بتوانی پرۆژەکەت یا ئامانجەکەت و ئەو مەسەلەیەی کە نوێنەرایەتیی دەکەی لە ڕادەیەکی بەربڵاودا بناسێنی. تەنانەت وڵاتانی دنیاش کاتێک دەتوانن باس لە سەربەخۆیی بکەن کە لە ڕادەی نێونەتەوەییدا بە ڕەسمی ناسرابن. بە دەستهێنانی دانپێدانان و ناسران دژوارترین بەشی ئەو کارە گرنگەیە. جاری وایە چەندین ساڵی پێ دەچێ تا مەسەلەیەک لە دنیا دا قەبووڵ بکرێ و سەمپاتیی چارەسەری بە دەست بێنێ. چونکە لە کاری دیپلۆماسیدا هەر لایەنە تەنیا بە یەک ئاراستەدا دەڕوانێ، ئەویش ئاراستەی قازانجەکانی خۆیەتی. چۆن دەتوانی نیشان بدەی کە چارەسەری کێشەکەی تۆ نەک تەنیا زیان بە لایەنی بەرامبەرت ناگەیەنێ، بەڵکوو قازانجیشی پێ دەگەیەنێ، ئەوە کارێکی دژوارە. ئەگەر سەرنج بدەینە ئەو ڕاستییە کە وڵاتێکی گەورە و ئابورییەکی لە حاڵی هێرش کردندا وەک وڵاتی چین ئێستاش بە تەواوی بە ڕەسمی نەناسراوە لە نێو دەوڵەتەکانی دنیادا، ئەو جار دژواریی ئەو مە سەلەیەمان بۆ دەردەکەوێ.

بۆیە گرنگترین کاری دیپلۆماسی بۆ هەر هێزێک زەمینەسازی و ڕێخۆشکردنە بۆ ناساندنی مەسەلەکەی و قەبووڵاندنی داخوازییەکانی. ناساندنی مەسەلەیەک و قەبووڵاندنی لە ڕادەی نێونەتەوەییدا کارێکی هاسان نییە. هەم کاتی زۆری دەوێ وهەم ئیمکاناتی زۆر. چونکە کار بۆ ناساندن و قەبووڵاندن پێویستە زۆر بەوردی و بە بەرنامە بچێتە پێش و هەموو قۆناغە پێویستەکان تێپەڕێکا و خاوەنی ستڕاتیژی، پرۆژە، بەرنامە، پلانی درێژخایەن و پلانی کورتخایەن بێ.

داڕشتنی ستراتیژیەکی باش بۆ کاری دیپلۆماسی لەسەر مەسەلەیەکی تایبەتی لە پێشدا دەبێ زانیاری بۆ کۆبکرێتەوە و زەمینەی بۆ ئامادە بکرێ. کەوابوو لە کاری پەیوەندییەکاندا پێویستە هەوڵ بدرێ زەمینەی نێونەتەوەیی بناسرێ، جێ پێی پشتیوانی پەیدا بکرێ و لە بواری قەبووڵاندندا هەڵسەنگاندن بکرێ. دوای ئەوە و بە پشت بەستن بەو زانیارییانە ستڕاتیژی دابڕێژرێ. چونکە ستڕاتیژی تەنیا لەسەر ویست دانارێژرێ، بەڵکوو زەمینەی وەدیهاتنی ویست و ڕادەی وەدیهاتنی ویستیش دەبێ لەبەرچاو بگیردرێ. هەروەها لە داڕشتنی ستڕاتیژییەکی سەرکەوتوودا پێویستە ئەو لایەنانەی کە دواتر پەیوەندییان لەگەڵ دەگیرێ، لەبەر چاو بگیرێن و بەڵگەی وا نیشان بدرێ کە ئەوانیش قازانجیان لە وەدیهاتنی ئامانجی ئەو ستڕاتیژییەدا هەیە.

دوای داڕشتنی ستڕاتیژی پێویستە لە بوارە جۆراوجۆرەکانی ئەو ستڕاتیژییەدا پرۆژە دابنرێ و پێداویستییەکانی ئەو

پرۆژانە، چ لە بواری ئینسانی و چ لە بواری ئیمکانات و میکانیزمەکانی بەڕێوەبەری و بەدیهێناندا دیاری بکرێن. هەر پرۆژەیەی پێویستە بەرنامەی بۆ دابنرێ و هەر بەرنامەیەش پێویستە لە پلانی درێژخایەندا بگونجێندرێ. پاشان بەپێی قۆناغەکان ئەو پلانە درێژخایەنانە ورد بکرێنەوە و ببنە پلانی کورتخایەن، یا پلانی ساڵانە.

بۆ ئەوەی ستراتیژی، پرۆژە، بەرنامە و پلان بە شێوەیەکی باش و گونجاو دابرێژرێن و بەڕێوە ببرێن، پێویستە زانیاریی باش هەبێ لەسەر یاسا و رێککەوتنە نێو نەتەوەیی‌یەکان. مەرج نییە ستراتیژی، پرۆژە و بەرنامەکان تەواو لە چوارچێوەی ئەو یاسا ورێککەوتنانەدابن، بەڵام پێویستە بە شێوەیەک دابرێژرێن کە دژایەتییان لە گەڵیاندا نەبێ. ئەگەر ئاگاداریت لە سەر نەبن و پشت گوێیان بخەی، هیچ دوور نییە لە کاتی زۆر هەستیاردا ببنە کۆسپ لەبەر دەمت دا. چونکە هەموو ئەو هێز و لایەنانەی ڕوو بەڕوویان دەبییەوە چاوەڕوانن کە ئاگاداریت هەبێ لەسەر ئەو یاسا ورێککەوتنانە و لە ستراتیژی، پرۆژە و بەرنامەکانت دا لە بەرچاوت گرتبن.

گرنگترین یاسا و رێککەوتنە نێونەتەوەیی‌یەکان بریتین لە : قانوونی گشتیی نێونەتەوەیی، قانوونی تاکەکەسیی نێونەتەوەیی، قانوونەکانی سەروو نەتەوەیی. دیارە باسی هەریەک لەو قانوونانە دەیان لاپەڕە پڕدەکاتەوە و بەو هەموو بەند و لکەی لێیان دەبێتەوە جێگای باسی ئێمە نییە. ناوهێنانیان لێرەدا تەنیا بۆ ئەوەیە کە لە کاتی پێویست دا چاویان لێ بکرێ و کە ڵکیان لێ وەر بگیردرێ. رێککەوتنە نێونەتەوەییەکانیش زۆرتر لە بۆند و یەکییەتییەکانی نێونەتەوەیی (وەک نەتەوە یەکگرتووەکان، یەکییەتیی ئورووپا، یەکییەتیی وڵاتانی رۆژهەڵاتی ئەفریقا، رێکخراوی بانکی جیهانی، رێکخراوی بازرگانیی نێونەتەوەیی، یەکییەتی نەتەوەکانی باشووری ئەمریکا، ئەنجومەنی وڵاتانی باشووری ئاسیا بۆ هاوکاری و...هتد) بەرهەم هێنراون کە جێگای سەرنج و تێڕامانن.

گرنگترین ئەو رێککەوتنانەی لەو بۆند و یەکیەتییانە هاتوونە دەر بریتین لە: ئاییننامەی نەتەوە یەکگرتووەکان، رێککەوتنی ڕۆم، پرۆتۆکۆڵی کیۆتۆ، رێککەوتنەکانی یەکییەتیی ئورووپا، قانوونەکانی یەکییەتی ئوروپا و ...هتد. هەروەها کۆمەڵێک نیهاد و رێکخراوەی حقووقی لە دنیادا هەن کە پێویستە هەم وەک ئامرازێک و هەم وەک رێگرێک چاویان لێ بکرێ، بناسرێن و حیسابیان بۆ بکرێ. بۆ وێنە: دیوانی نێونەتەوەیی جینایی، ناوەندی نێونەتەوەیی قەزایی، دیوانی لاهە، کۆمیتەی مافی مرۆڤی نەتەوەیەکگرتووەکان، دادگای مافی مرۆڤی ئوروپا، ناوەندی قەزایی ئورووپا و زۆری دیکە.

ئە گەر بتهەوێ دیپلۆماسییەکی سەر کەوتوو بەڕێوە بەری، پێویستە هەموو ئەو دامودەزگا و ناوەندانە بناسی و لە کاتی دارشتنی ستراتیژی، پرۆژە و بەرنامەدا لەبەر چاویان بگری.



سەرچاوە
Serchawe

دەبێ قانوون و قەراردادەکانیان بزانی و لە بڕیارەکانت دا لەبەرچاویان بگری و زۆر جار وەک فاکت و پەنای قانوونی ئیشارەیان پێ بکەی. بەتایبەت دیپلۆماسیی ئەو نەتەوانەی هەوڵ دەدەن مافی خۆیان لەنێو کۆڕ و کۆمەڵە نێونەتەوەیی‌یەکاندا بسەلمێنن، زۆر کاری بەو ڕێوشوێن وچوارچێوانە دەبێ.

لە بەشی داهاتوودا هەوڵ دەدەین چەند وێنەیەک لەو دیپلۆماسییە سەرکەوتووانە باس بکەین کە بە داڕشتنی ستراتیژییەکی باش، دانانی پرۆژە و پلان، لە سەر بناغەی زانیاریی تەواو لەبارەی دامودەزگا نێونەتەوەییەکانەوە توانیویانە مەسەلەکەی خۆیان بقەبووڵێنن و بە ئامانج بگەن.

## (بەشی سێهەم)

لە بەشی دووەم دا گە یشتینە ئەو جێگایەی کە هێندێک نمونەی دیپلۆماسی سەرکەوتوی گەلانی بن دەست و ئازادیخواز باس بکەین. هۆی سەر کەوتنی ئەو گەلانە لە گەیاندنی پە یامی خۆیان بە گە لانی دنیا و لەو ڕێگایە وە دەستەبەرکردنی داخوازییەکانیان هەڵسەنگێنین و هە وڵ بدەین ئەو خاڵانە دەستنیشان بکەین کە بۆ گە لە کەمان دەکرێ ببنە وانە.

لە مێژووی تازەدا دەتوانین 3 وێنەی باشوری ئەفریقا، تیمۆری ڕۆژهەڵات و کۆسۆڤۆ بە وێنە بێنینەوە، کە هەرکامیان لە کەرتێکی دنیا داهەڵکەوتوون و لە هەل و مەرجی جیاوازدا هەوڵیان بۆ بەدەستهێنانی مافەکانی خۆیان داوە.

### ١- باشوری ئەفریقا

مێژووی باشوری ئەفریقا زۆر کۆنە. مێژووی جەنگەڵییەکان لانی کەم دەگەڕێتەوە بۆ ٢٥٠٠٠ ساڵ پێش و دانیشتوانی مێژووی تازەی ئەو وەڵاتە واتە (Bantoe) دەگەڕێتەوە بۆ ٢٥٠٠ ساڵ پێش ئێستا. بەڵام مێژووی نوسراو لە کاتی هاتنی ئوروپاییەکانەوە دەست پێ دەکا. پورتوگالییەکان و هولەندیەکان هەر لە سەدەی شازدەوە لە و وەڵاتە دا بە دوای دەرهێنانی زێڕ دا وێڵ بوون. بەتایبەت لە لایەن هولەندییەکانەوە یەکەم کۆڵۆنی لە ٦ی ئاوریلی ١٦٥٢ دا دامەزرا، کە لە باری ئیدارییەوە سەر بەخۆ بوو. بە درێژایی سەدەکانی ١٧ و ١٨ هولەندییەکان لەوێ دەستیان کرد بە دروستکردنی شاری تایبەت بە خۆیان و بڵاو کردنەوەی دەسەڵاتی خۆیان. ئەو شارانە پر بوون لە دانیشتوی ئوروپایی بە تایبەت هولەندی. تازە هاتوەکان هەوڵیان دا کلتوری دانیشتوانی ئەسڵی لە نێو بەرن و لە هەمو بارێکەوە خۆیان بەسەر ئەو وەڵاتانەدا بسەپێنن. ئەوان کۆیلە یان لە وەڵاتانی دیکەی وەک ئەندۆنزی، ماداگاشکار و هیندەوە دێنا و لە کان و کێڵگەکان دا کاریان

پێ دەکردن.

بەدوای دیتنەوەی پلاتین لە ١٨٦٧ و ڕیشەکانی بەرپلاوی زێڕ لە ١٨٨٦ دا و دەرکەوتنی سامانێکی بێ سنور لەو وڵاتە، تازە هاتووەکان کە هەمو ئیمکاناتی ئابوری و گە شە کردن و زانستی یان لە دەست دابو، دەستیان کرد بە پاکتاوی ڕەگەزی و هەوڵیان دا دەست بەسەر هەمو سەروەت و سامانی ئەو وەڵاتەدا بگرن و دانیشتوانی ئەسڵیش وەک کۆیلە چاو لێ بکەن. ئەوەش سیستمی جیاوازی ڕەگەزی لێ کەوتەوە کە بۆ دەیان ساڵ بەردەوام بوو. بەڵام دانیشتوانی ئەسڵی قەت کۆڵیان نەدا و تەسلیمی ئەو ناعەداڵەتییە نەبوون. بە شێوەی جۆراوجۆر بەربەرەکانیان کرد و لەو پیناوەدا قوربانیان دا. لە ساڵی ١٩١٢ دا کۆنگرەی نەتەوەیی ANC ی و دواتر بەرەی یەکگرتووی دێموکڕاتی یان پێکهێنا و نەیان هێشت سیاسەتی جیاوازی ڕەگەزی بە ڕاحەتی باڵ بکێشێ و کارێکیان کرد کە ڕژیمی جیاوازی ڕەگەزی ( apartheid)وا لە فشار بکەوێ کە بۆ دەربازبوون لە و قەیرانەی بەسەری دا سەپابوو، بیر لە ئاڵ و گۆڕێکی ڕووکەش بکاتەوە.

یەکەمین ئاڵ و گۆڕەکان لە باشوری ئەفریقادا لە ساڵی ١٩٧٧ دا دەستی پێ کرد. ئەوەش کاتێک بو کە Pieter Willem Botha ڕێبەرایەتی پارتی نەتەوەیی دەسەڵاتداری بە دەستەوە گرت. ئەو دەرکی بەو ڕاستییە کرد کە سپی پێستەکانی ئەو وڵاتە ناتوانن درێژە بە ژیانی ئاسایی خۆیان بدەن، ئەگەر ئامادە نەبن ئاڵ و گۆڕ بەسەر جیاوازی دانانی ڕەگەزی «apartheid»دا بێنن. ناو براو شادروشمێکی «motto» گرنگی هێنایە گۆڕێ، ئەویش ئەوە بو «die or t adap» بمرە یا ئاڵ و گۆڕ بکە. هەر ئەو ئاڵ و گۆڕە بچوکانە بوونە هۆی ئەوەی کە ڕەشەکانی ئەو وڵاتە کە زووربەی دانشتوان پێک دێنن، بە باشترین شێوە کەڵک وەرگرن و لە ڕێکخستنێکی هەمو لایەنەدا بۆ سەر یەکخستنەوەی هێزەکانی خۆیان بە رەی یەکگرتوی دێموکڕاتی «UDF ed Democratic FrontitUn» پێک بێنن.

ئەوبەرەیە پێک هاتبو لە یەکگرتنی زیاتر لە ٦٠٠ ڕێکخراوی ڕەش پێستەکانی ئەو وڵاتە، کە دژی سیاسەتی جیاوازیی ڕەگەزی خەباتیان دەکرد. بە یەکگرتنی ئەو ڕێکخراوانە لە ناو خۆی وڵاتەکەدا، هەوڵەکانی دیپلۆماتیک لە دەرەوەی وڵات بە مە بەستی فشارهێنان بۆ سەر دەوڵەتی ڕەگەز پەرست بە خێراییەکی بێ وێنە پێشکەوت. لە ئەنجامی ئەو تێکۆشانە هە مەلایەنە دا، وەڵاتانی ڕۆژئاوایی هە ستیان بە ڕاددەی چەوساندنەوەی ڕەشپێستەکان و بەر فراوانی و دژی ئینسانی بوونی سیاسەتی جیاوازی دانانی ڕەگەزی کرد و لە هەمولایەکەوە دەستیان دایە گەمارۆ دانی ڕەگەزپەرستان.

هەر چەند بۆتا دەی هەویست بە ئاڵ و گۆڕێکی کەم ڕژیمەکەی ڕزگار بکا و نەهێلی فەرمانی دەسەڵات و ئیمکانات لە دەست سپی پێستەکان دەربچێ، بەڵام ڕەشپێستەکان توانیان لە ژێر ڕێبەرایەتی خەباتکارانی وەک نیلسۆن ماندێلا دا لە و

دەرفەتە بە تەواوی کەڵک وەرگرن. خۆ ڕێکخەن، یەکبگرن و لە ڕێگای پێکهێنانی کۆنگرەی نەتەوەیی ئەفریقا« ANC » ، و ە و بە هێرشێکی دیپلۆماسی بەر بڵاو دنیا لە دژی سیاسەتی جیاوازیی ڕەگەزی هان بدەن. بۆ یە کاتێک کە «بۆ تا» لە نێوەڕاستی ساڵەکانی هەشتادا ویستی بە زەبر و زەنگ چەرخی ڕەوڕەوەی مێژوو بەرەو دواوە بگێڕێتەوە و چالاکی ڕەشپێستەکان ڕابگرێ. لە گە ڵ بەرەنگاربونەوەیەکی بەهێزی نێوخۆیی و نێو نەتەوەیی بەرەو ڕوو بوو. لە و بەرەنگاربوونەوەیەدا هێزیی ڕگەزپەرستی شکستێکی گەورەی خوارد، چوونکە لە ڕوو بەڕووی دا دیوارێکی پوڵایین لە چالاکیی نێونەتەوەیی هەبوو. بە شێوەیەک کە لە وەڵاتی دایکی سپی پێستەکانی باشوری ئەفریقا(واتە هولەند) چالاکی دژی جیاوازیی ڕەگەزی لە هەمو وەڵاتێک بەهێزتر بوو.

هەرچەندە کۆنگرەی نەتەوەیی ئەفریقا «ANC» هەر لە ساڵی ١٩١٢ەوە پێکهاتبو، بەڵام دەکرێ بڵێین لە دوای ئە و یەکگرتنە مەزنەوە بو کە خۆی گرت و بوو بە هێز. کۆنگرەی نەتەوەیی ئە فریقا«ANC» توانی ڕاپەڕینی نەتەوەیی ڕابگەیەنێ و لافاوی ڕەشپێستەکان بێنێتە سەر شەقامەکان و هەر لەو کاتەش دا سەرنجی هەمو دنیا بۆ لای ئەو ڕاپەڕینە ڕاکێشێ. یەکگرتنی ڕەشپێستەکان ئەوەندە کاریگەر و لۆبی سیاسیان لە دەرەوە ئەوەندە بەهێز بو کە تەنانەت ئەو بەشە لە ڕەشپێستەکان کە لە گەڵ ڕەگەزپەرستی گونجابوون ڕاستبونەوە و جوڵانەوەی کۆساتۆ«Cosatu» یان پێکهێنا کە ئەوەندەی دیکە کۆنگرەی نەتەوەیی پێ بە هێز بوو. لۆبیی دیپلۆماتیک کە بە هاوکاری سیاسییەکان، وەرزشکارەکان، هونەرمەندەکان و ڕووناکبیرەکان لە دەرەوە بە گشتی بە ڕێوە دەچو کارێکی کرد کە نەک تەنیا جووڵانەوە بەرێتە ئاستێکی زۆر بەهێز، بگرە داوای ئازادکرانی نێلسۆن ماندێلاش بکەن کە لەو کاتەدا ببو بە سیمبۆلی سەربەخۆیی باشوری ئەفریقا.

فشارەکان لە ڕاستی دا ڕژیمی جیاوازیی ڕەگەزییان بە چۆک داهێنابو. بۆتا بە تەواوی بێ تاقەت ببو. ئاڵ و گۆڕگە پشتبۆ بن گوێی ئەپارتاید. ڕێبەریی حیزبی نەتەوەیی سپی پێستەکان دەسەڵاتی تەسلیم بە کەسێکی دیکە کرد واتە «Frederik Willem de Klerk » فریدریک ویلم د کلێرک.

ئەویش چارەیەکی نەبو جگە لە وەی لە بەرامبەر هێزی لە بن نە هاتوی یەکگرتن و دیپلۆماسی باش دا تەسلیم بێ و بۆ پاراستنی خۆیان لە تۆڵە کردنەوە بە خێراییەکی زۆر ڕیفۆرم بکا. لە ١٩٩٠ دا نیلسۆن ماندێلا ئازاد کرا . دەوڵەتی ڕەگەز پەرستان مەجبور بو بناغەکانی خۆی هەڵوەشێنێ، «PAC»، ANC و گرووپەکانی دیکە بوونە قانونی و لە ساڵی ١٩٩١ دا ماندێلا و د. کلێرک و گرووپەکانی دیکە پەیماننامەی ئاشتیان ئیمزا کرد و ڕێگای هەڵبژاردنی دێموکراتیکیان ئامادە کرد. بەم جۆرە هەل ڕەخسا بۆ زۆرینەی ڕەشپێست کە بە ڕێگای هەڵبژاردن دا دەسەڵاتی وڵات بە دەستەوە بگرێ.



سەرچاوە Serchawe

لە و پڕۆسەیە دەکرێ سێ وانەی سیاسی زۆر گرنگ وەربگرین. یەکەم شوێنکاری یەکگرتنە لە سەر پڕۆسەی سیاسی و کاری دیپلۆماتیک. دووەم بەرفراوانبونی دیپلۆماسییە و گواستنەوەیەتی بۆ قۆناغی لۆبیگەری کە تێیدا هەمو هێزی نەتەوە کۆ دەبێتەوە، بە سیاسەتمەدار و وەرزشکارو هونەرمەندەوە. سێهەم قۆستنەوەی دەرفەت و گەیاندنی دەنگی نەتەوەیە لە دەرفەتێکی کەم دا بە گوێی جیهانیان و فۆرمۆلە کردنی داخوازییەکان و قەبوڵاندنیانە.

## ٢- تیمۆری ڕۆژهەڵات:

مێژووی ژیانی ئادەمیزاد لە تیمۆر دا تا ٢٠٠٠٠ ساڵ پێش زایین ناسراوە. هەوەڵین گروپەکانی مرۆڤ لە ئوستورالیاوە هاتونە ئەو جەزیرەیە و دواتر ئەندۆنزی و مالیزییە کان هاتوون و دواترین گروپیش لە باشوری چینەوە گە یشتونە ئە و جەزیرەیە. مێژووناسان دەڵێن خەڵکی ئەو و لاتە لە جیاتی ڕوو لە کەنارەکانی دەریا بکەن، بە پێچەوانەی زووربەی گەلانی دیکە ڕوویان لە نێوخۆی وڵاتەکە و چیاکان کردووە. ئاڵ و وێری بازرگانی بەدەست هیندی و چینییەکانەوە بووە کە دەریاوانیی ئەو ناوچەیان لە دەست دابووە. دواتر لە سەدەی ١٦ دا ئوروپاییەکان ڕوویان لەو وڵاتە کردووە و قۆناغێکی تازەی مێژوییان لەو وڵاتەدا تۆمار کردووە. بە پێی سەر چاوە ئوروپاییەکان لە و سەردەمەدا هیچ دەوڵەتێکی ناوەندیی بە هێز لە و وڵاتەدا فەرمانڕەوا نەبووە، بەڵکو سەرۆک هۆزەکان دەسەڵاتیان بەدەستەوە بووە و هەروەک وڵاتی چکۆلەی سیستمی پاشایەتی خۆیان بەڕێوە بردووە.سەرەتای سەدەی ١٦ پورتوگالییەکان گەیشتونە ئەوێ و پاشانیش هولەندییە کان لە کۆتایی ئەو سەدەیەدا پەلیان بۆ ئەوێ ڕاهاویشتووە.

لە دوای سەدەی شازدەوە هولەندییەکان دەستیان بەسەر ئەندۆنزی و باشوری تیمۆرداگرت و بە شی ڕۆژهەڵاتی تیمۆریش کەوتە دەست پورتوگالییەکان. بەم جۆرە ساڵی ١٧٠٢ ڕۆژهەڵاتی تیمۆر بوبە موستەعمەرەی پورتوگاڵ. دیارە پورتوگاڵییەکان ئەو وەڵاتەیان سەرتاپا کردە کێڵگەی قاوە و گەنمە شامی. یە کەم دەسەڵاتداری تیمۆری ڕۆژهەڵات لە لایەن پورتوگالییەکانەوە (António Coelho Guerreiro) بوو کە دەسەڵاتی خۆی بە ڕێگای سەرۆک هۆزەکان دا بەڕێوە دەبرد. دوای ئەوەش کە دەسەڵاتی بەربڵاوی هولەندییە کان لە وڵاتانی ئەندۆنزی دا ساڵی ١٨٥٩ لە قەراردادی لیزابۆن دا لە گەڵ پورتوگالییەکان ڕیک کەوتن، ئەو بەشە لە تیمۆر هەر لە ژێر دەسەڵاتی پورتوگالییەکان دا مایەوە. بەڵام سنوری ڕەسمی ئەو وڵاتە لە ساڵی ١٩١٦ دا لە(Den Haa) ، یا شاری «لاهای»هولەند دیاری کرا. تا سەرەتاکانی سەدەی ٢٠ پورتوگالییەکان تەنیا وەک ناوەندێکی بازرگانی چاویان لە موستەعمەرەکانیان دەکرد و بۆیەش نێوانیان زۆر ناخۆش نەبو لە گەڵ گە لانی ئەو وڵاتانە. بەڵام لە سەرەتای سەدەی ٢٠ دا کە ئابوری وەڵاتی خۆیان تێک چوو، هێزێکی نیزامی زۆریان بردە ئەوێ تا داهاتەکانی وەڵاتانی موستەعمەرە بگوێزنەوە بۆ وەڵاتی خۆیان. لە تیمۆری ڕۆژهەڵات دا لە

گەڵ بەرەنگاربونەوەیەکی بەهیزی خەڵک رووبەڕوو بونەوە و لەو سەردەمەدا زیاتر لە ٣٠٠٠ پارتیزانی تیمۆرییە کان کوژران. ئەوە سەرەتای دەست پیکردنی خەباتی تیمۆری ڕۆژهەڵات بو لە پێناوی سەربەخۆیی دا. دوای ئەو کاتە لە ژێر هیچ فشارێک دا دەستیان لە داوای سەربەخۆیی هەڵنەگرت و تەواوی ئەو هۆزانەش کە بە شێوەی نیمچە پاشایەتی لە هۆزە جیاوازەکان دا دەژیان یەکیان گرت و نوێنەرایەتییەکی پەیوەندی هاوبەشیان دامەزراند.

لە شەڕی جیهانی دووەم دا تیمۆری ڕۆژهەڵات دەستاو دەستێکی زۆری کرد. ساڵی ١٩٤١ لە لایەن هولەندی و ئوستوراڵییەکانەوە داگیر کرا بۆ ئەوەی ریگا لە هاتنی ژاپۆنییەکان بۆ ئەوێ بگرن. بە وحاڵەش لە فەورییەی ١٩٤٢ دا ژاپۆن هێرشی بۆ کرد و لە دەست هولەندی و ئوستوراڵییەکانی دەرهێنا. بە و جۆرە هەمو تیمۆر بوبە بەشێک لە ژاپۆن. هێندێک لە هولەندی و ئوستوراڵییەکان شەڕی پارتیزانیان دژی ژاپۆن دەست پێ کرد و تیمۆرییەکانیش هاوکارییان کردن. ئاخرەکەشی سەربازەکانی هولەندی و ئوستوراڵی ڕۆیشتن و تیمۆرییەکانیان بە بێ پشتیوان بە جێ هێشت. ژاپۆن لەو دەرفەتە کەڵکی وەرگرت و خەڵکی تیمۆری بە توندی سزا دا.

بە لام دوای کۆتایی هاتنی شەڕی جیهانی دووەم و شکانی ئاڵمان و ژاپۆن لەو شەڕە دا، ساڵی ١٩٤٨ سەر و کە لەی پورتوگالییەکان دیسان لە تیمۆری ڕۆژهەڵات پەیدا بۆوە. پورتوگاڵ هەوڵی دا وەزعی نابە سامانی ئابوری باشتر بکا، بەڵام تیمۆرییەکان بڕیاریان دابو سەر بەخۆیی بەدەست بێنن. هەربۆیە بە هیچ شێوەیەک تەسلیمی دەسەڵاتی پورتوگاڵ نە بوون و لە دەرەوە و ناوەوە ی وڵات دەستیان بە خەبات و خۆ ڕێکخستن کرد.

ساڵی ١٩٧٤ لە پورتوگاڵ شۆڕشی دێموکڕاتیک کراو دیکتاتۆری جێگای خۆی دا بە دێموکراسی. ئەنجام ئەوە بو کە پورتوگاڵ دەستی لە ئیستیعمارگەری هەڵگرت و بەم جۆرە تیمۆری ڕۆژهەڵات توانی بە بەشداری ٣ حیزب یەکەم هەنگاو بەرەو دێموکڕاسی هەڵگرێ و هەڵبژاردن بکا، کە لەو هەڵبژاردنەدا حیزبی سەربەخۆیی تیمۆری ڕۆژهەڵات توانی زۆرینەی دەنگەکان بەدەست بێنێ و لە ٢٨ی نووامبری ١٩٧٥ دا سەربەخۆیی ڕاگەیەنێ.

بەڵام یەک حەوتوو دوای ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی، ئەندۆنزی هێرشی بۆ کرد و داگیری کرد. ئەو داگیر کردنە شەڕێکی خوێناوی بە دواوە بو کە لە ١٩٧٦ دا بە قازانجی ئەندۆنزی کۆتایی پێهات و ئەندۆنزی کردی بە ٢٧ مین ئوستانی خۆی. بە هۆ خەباتی دیپلۆماتیکی سیاسەتوانانی تیمۆری لە سەرانسەری دنیادا لۆبی تیمۆری ڕۆژهەڵات دەستی پێ کرد. تیمۆرییەکان بە هیچ شێوەیەک تەسلیمی داگیرکاریی ئەندۆنزی نەبوون و کارێکیان کرد کە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان و وەڵاتانی جیهان ئەو داگیرکارییەی ئەندۆنزی قەبوڵ نەکەن. دوای داگیر کران لە لایەن ئەندۆنزیەوە دەیان ساڵ تیمۆری

ڕۆژهەڵات شانۆی شەر و توندو تیژی و ئیعدام و زیندان بو کە خوێناویترین کاتی ئەو شەڕە حەمامی خوێنی سانتاکروز بو لە ساڵی ١٩٩١ دا، کە لە خۆپیشاندانێکی هێمنانەو مەدەنی دا ٢٥٠ کە س لە لاوانی ئەو وڵاتە کوژران. وێنەی ئەو بە کۆمەڵ کوشتنە گەیشتە سەر تەلەفیزیۆنەکانی هەمو دنیا.

سیاسی – دیپلۆماتەکانی تیمۆری بە باشی دەنگی گەلەکەیان قۆستەوە و لە سەراسەری دنیادا بە یەکگرتوویی مافی ڕەوای وڵاتەکەیان هێنایە گۆڕێ. لە ١٩٩٨ دا سەرۆکی ئەندۆنزی سۆهارتۆ مەجبور بە ئیستیعفا بوو. جێگری ئەو حەبیبی لە ژێر فشاری دیپلۆماسی بەهێزی چالاکانی تیمۆری و هێزە دەرەکییە کان دا مەجبور بوو ڕیفراندۆم لە و وەڵاتەدا قەبوڵ بکا و تیمۆرییەکان دەیان توانی هەڵبژێرن بۆ ئۆتۆنۆمی یا سەربەخۆیی. کە دیارە لە ئەنجامی یەکگرتوویی و بە جەماوەری بوونی خەبات دا، تیمۆرییەکان سەرەڕای ترساندن و فشاری سەربازانی ئەندۆنزی و لە زۆر جێگا دا فرت و فێڵ کردن، بە زۆرایەتی ٧٨،٥% دەنگیان دا بە سەربەخۆیی.

بەم جۆرە تیمۆری ڕۆژهەڵات وێنەیەکی دیکەی لە دیپلۆماسی سەرکەوتو نیشان دا کە تەنیا بە یەکگرتوویی، بەردەوامی و لێبڕاوی دەی توانی بەدەستی بێنێ. دەرسێک کە لە و مەسەلەیەش دەست دەکەوێ ئەوەیە کە گەلێک ئەگەر بیهەوێ ڕزگار بێ پێویستە ٣ مەرج لە خۆی دا پێک بێنێ:

١- یەکگرتوو بێ.
٢- لە ویستی ڕزگاری دا لێبڕاو بێ
٣- لە دیپلۆماسی دا ئیمانی بەخۆی هەبێ و چالاک بێ.

### ٣- کۆسۆڤۆ:

کۆنترین دانیشتوانی کۆسۆڤۆ ئیلیرییەکان بوون. لە ١٠٠٠ ساڵ پێش زاییەنەوە ئەوان لە کەنارەکانی دەریای ئەو وەڵاتە دا نیشتەجێ بوون. لە سەدەی ٥ دا سڵاوییەکانیش چۆمی داناو یان تێپەڕاند و گەیشتنە ئەو ناوچەیە. ئەوان لە هۆزی جیاواز دا دەژیان کە بەتەواوی لە دنیای دەرەوەی خۆیان دابڕابوون. لە ژێر شوێنکاری کلتوری ڕۆمی – بیزانتینی دا هاتبون، بەڵام لێرە کلتوری مەسیحی یان دەناسی. هەر بۆیەش بە شی زۆریان هەر بە مەسیحی ئۆرتۆدۆکس مانەوە. لە سەرەتای سەدەی ١٤ دا عوسمانییەکانیش چاوی تەماعیان بڕیە ئەو ناوچانە. بەڵام ئەلبانییەکان کە پاشماوەی ئیلیریەکان بوون هیچ کاتێک وەدوای کلتوری ڕۆمانییەکان یا تورکەکان نەکەوتن و خۆیان پاراست. هەرچەندە زمانەکەیان زۆر لە ژێر کاریگەریی

یونانییەکان دابو، بەڵام هەر پاراستبویان. دیارە لە کێشە کانی نێوان دانیشتوانی ئەو ناوچەیە دا ئاخرەکەی ساڵی ١٣٨٩ شەڕ هەڵایسا لە نێوان تورکەکان(عوسمانییەکان) و سێرڤە کان دا کە لە شەری(Merelveld) مێرێلفێڵد دا سێرڤەکان سەرکەوتن و ناوچەی کۆسۆڤۆیان داگیر کرد.

لە سێهەمین هێرشی عوسمانییەکان دا لە ساڵەکانی ١٦٨٣- ١٦٩٩ کە بە شەڕی پیرۆزیان ناودێر کردبو، ئەلبانییەکان بە سەر پەرستی بیسکۆپ (Pjetër Bogdani )و بە هاوکاری لشکری ئوتریش کۆسۆڤۆیان لە تورکەکان پاراست، بەڵام کەوتە دەست ئوتریشییەکان. دوای ئەوە چەند جارێک کۆسۆڤۆ دەستاو دەستی کرد لە نێوان، ئوتریشییەکان، عوسمانییەکان و سێرڤەکان دا. دوای دامەزرانی دەوڵەتی پاشایەتی لە سێرڤییە، بە شێک لە ئەوانەی بە ڕەگەز سێرڤ نە بوون نیردرانە کۆسۆڤۆ. لە سەدەی نۆزدە دا ئەلبانییەکانی کۆسۆڤۆ بە ناسیۆنالیزمی سێرڤی، بولگاری و یونانی دەورەدرابون. ئەوانیش وەک کاردانەوەیەک لە بەرامبەر ئەوە دا بەرەیەکی ناسیۆنالیستی خۆیان پێک هێنا لە پریزرێن ( Prizren )لە ساڵی ١٨٧٨ دا. دیارە لەو کاتەوە ئەلبانییەکانی کۆسۆڤۆش لە بیری پاراستنی مافە نەتەوەییەکانی خۆیان کەوتن. هە ر ئەوەش بیرۆکەی تێکەڵ بوونی کۆسۆڤبۆ لە گەڵ ئەلبانیای هێنایە گۆڕێ. بەڵام هەر ئەوکاتەش دانیشتوانی سێرڤی کۆسۆڤۆ کە یەک چوارومی ژمارەی دانیشتوانی کۆسۆڤۆیان پێک دەهێنا، دژی ئەوە راوەستان . ئاخرەکەی لە دوو شەڕی باڵکان دا لە ساڵەکانی ١٩١٢ و ١٩١٣ دا سێرڤییە کۆسۆڤۆی خستە سەر خاکی خۆی.

لە شەڕی جیهانی دووەم دا کۆسۆڤۆ بۆ ماوەیەک کەوتە دەست ئەڵمانییەکان، بە ڵام بە سەرکەوتنی تیتۆ Josip Broz ) Tito ) کە بە ڕەگەز کرۆواتی بوو دەورانێکی سەباتی ئیتنیکی لە و ناوچەیەدا هاتە ئاراوە. تیتۆ هەوڵی ئەوەی دا کە نەتەوە جیاجیاکانی ئەو وڵاتە پێکەوە سازش بدا و یەکییەتیەکی سیاسی پێک بێنێ.. ئەو قەولی دا یوگوسلاوی بە شێوەی بۆندێک پێک بێنێ و لە چوار چێوەی ئەو بۆندەدا نەتەوە جیاوازەکان مافی تەواویان هەبێ. ئەو توانی بەو قەولانەی هێزەچەپەکان، ناسیۆنالیستەکان و تەنانەت دێموکڕاتەکانیش بێ دەنگ بکا. لە ساڵی ١٩٧٤ دا کۆسۆڤۆش بو بە پارێزگایەکی ئۆتۆنۆم و بە کردەوە بە ئەندازەی ناوچەکانی دیکە دەسەڵاتی نێوخۆیی هەبو. لە ژێر سەرۆکایەتی تیتۆ دا ئەلبانییەکانی کۆسۆڤۆ لە ئاسایش دا دەژیان. دوای مردنی تیتۆ لە ساڵی ١٩٨١ دا ئەلبانییەکانی کۆسۆڤۆ هاتنە سەر جادە و داوای مافی سەربەخۆییان هێنایە گۆڕێ.

هەرچەند ئەو ڕاپەڕینە بە شێوەیەکی خوێناوی لە لایەن سێرڤە کانەوە سەرکوت کرا، بەڵام لە ساڵی ١٩٨٦ دا بە شێوەیەکی پان و بەرین تر هاتەوە مەیدان. هەر لەو کاتە دا ویستەکانی نەتەوەیی و دێموکڕاسی بە شێوەیەکی باشتر فۆرمولە کران و خەبات بۆ بەدەستهێنانی پشتیوانیی نێونەتەوەییش دەستی پێ کرد. لە هەموی گرنگتر ئەوە بو کە

جوڵانەوەی کۆسۆڤۆ توانی خۆی پێناسە بکا وەک جوڵانەوەیەکئی دیموکراتیخواز و لە و ڕێگایە وە توانی سۆزی وڵاتانی ئوروپایی و ئەمریکا بۆ لای خۆی ڕاکێشێ.

لە بەرامبەر ئەوە دا سێربەکان کۆسۆڤۆ یان بە ناوەندی فەرهەنگیی سێربییە پێناسە دەکرد و ڕایان دەگەیاند کە لە هیچ هەل و مەرجێک دا ئامادە نین کۆسۆڤۆ بدەن بە ئەلبانییەکان. بەم جۆرە ساڵی ١٩٨٩ میلۆسۆفیچ، سەرۆککۆماری یوگوسلاوی، کۆتایی بە ئۆتۆنۆمی کۆسۆڤۆ هێنا، بۆ ئەوەی ئامرازەکانی سەربەخۆیی لە دەست ئەلبانییەکان دەربێنێ. ناوچەکە جارێکی دیکە بە تەواوی کەوتەوە ژێر دەسەڵاتی سێربەکان. پارلەمانی ناوچەیی ئەلبانییەکان نێردرایەوە ماڵەوەو سەدان هەزار ئەلبانی بێکار کران. ئەلبانییەکان بە سەرۆکایەتی ئیبراهیم ڕوگۆڤا توانیان بە شێوەیەکی ژێرزەمینی خۆیان ئۆرگانیزە بکەن. لە هەموی گرنگتر ئەوە بو کە دەسەڵاتێکی سێبەریی ژێر زەمینی یان بۆ خۆیان دروست کرد و تەسلیمی دەسەڵاتی سێربەکان نەبوون. هەروەها دەوڵەت و پارلەمانی خۆیان دروست کرد و هەوڵیان دا لە ناوەندە نێو دەوڵەتییەکان خۆیان وەک حکومەتی قانوونی کۆسۆڤۆ بناسێنن. هەرلەو کاتەدا دەستیان کرد بە دامەزراندنی موئەسسەساتی فەرهەنگی و نەتەوەیی وەک مەدرەسەکان، دانشگا، نەخۆشخانە و تەنانەت سیستمی پاراستنی کۆمەڵایەتی. هەموی ئەو دام و دەزگایانە لە باری ماڵییەوە ئیدارەدەکران بە سیستمێکی ماڵیاتی و بە یارمەتی ئە و ئەلبانیانەی لە وڵاتانی دەرەوە کاریان دەکرد.

هەر چەند لە سەرەتادا کۆمەڵگای نیو نەتەوەیی سەرنجێکی ئەوتۆی نەدەدایە مەسەلەی ئەلبانییەکانی کۆسۆڤۆ، بەڵام بە هەوڵی دیپلۆماتیکی خۆیان ئەو کەش و هەوایەیان گۆڕی و تاڕاددەیەکی باش توانیان پشتیوانی نێونەتەوەیی بۆ لای خۆیان ڕاکێشن. لەگەڵ ئەوەش مەسەلەی کۆسۆڤۆ بە چارەسەر نەکراوی مایەوە. بەڵام لە ١٩٩٦ دا سەبری ئەلبانییەکانی کۆسۆڤۆ بەسەرچوو بۆ سەپاندنی مافەکانی خۆیان دەستیان دایە چەک. کە تا ١٩٩٩ شەڕێکی خوێناوی لێ کەوتەوە. ئاخرەکەی کۆمەڵگای نێو نەتەوەیی هاتە نێو مەسەلەکە و تەنانەت ناتۆ و ئەمریکا چ بە چەک و چ بە شێوەی دیپلۆماتیک پشتیوانیان لە کۆسۆڤۆ کرد تا لە ساڵی ١٩٩٨ دا ئاگر بەستێک ئیمزا کرا، کەدواتر لە لایەن سێربەکانەوە شکێنرا و شەڕ بەردەوام بو. لە گەڵ ئەوەش کۆسۆڤۆییەکان توانیان لە ڕێگای دیپلۆماسییەوە کارێک بکەن کە کۆنفرانسی کۆسۆڤۆ لە فەڕانسە پێک بێ و لە و کۆنفرانسەدا بڕیار بدرێ کە بۆ ماوەی ٣ ساڵ حەقی خۆ بەڕێوە بردن بدرێ بە خەڵکی کۆسۆڤۆ. لەو ڕێگایەوە کۆسۆڤۆ خرایە ژێر دەسەڵاتی نەتەوە یەکگرتووەکان. ڕێگا خۆش کرا کە پارلەمان و دەوڵەت پێک بێ و لە ئاخرەکەی دا بە پشتیوانی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لە ١٧ی فەورییەی ٢٠٠٨ دا بە تێکڕای دەنگ لە پارلەمانەکەیان دا سەبەخۆیی کۆسۆڤۆیان ڕاگەیاند.

**ئەنجام ئەوەیە کە کۆسۆڤۆکان بە چەند هۆیەک توانیان ئەو قۆناغانە ببڕن:**



سەرچاوە
Serchawe

بەشی دووهەم

١- ستراتیژی نەتەوەییان هەبوو هەموشیان لە سەری کۆک بوون. ٢- یەکگرتوو بوون. ٣- ڕوومەتێکی دیموکراتیکیان لە خۆیان نیشان دا بە سەرۆکایەتی ئیبراهیم ڕوگۆڤا. ٤- توانیان بە کاری دیپلۆماتیک پشتیوانی دەرەوە بەدەست بێنن.

(بەشی چوارەم)

لە بە شەکانی پێشوو دا ئەوەم هێنایە بەر باس کە:

کار بۆ ناساندن و قەبوڵاندن پێویستە زۆر بەوردی و بە بەرنامە بچێتە پێش و هەموو قۆناغە پێویستەکان تێپەڕبکا و خاوەنی ستراتیژی، پڕۆژە، بەرنامە، پلانی درێژخایەن و پلانی کورت خایەن بێ.

هەروەها باسی ئەوەم کرد کە:

ئەگەر بتهە وێ دیپلۆماسییەکی سەرکەوتو بەڕێوەبەری، پێویستە هەموو دام و دەزگاو ناوەندە نێونەتەوەییەکان بناسی و لە کاتی دارشتنی ستراتیژی، پڕۆژە و بەرنامەدا لە بەر چاویان بگری. دەبێ قانوون و قەراردادەکانیان بزانی و لە بڕیارەکانت دا لە بەر چاویان بگری و زۆر جار وەک فاکت و پەنای قانوونی ئیشارەیان پێ بکەی. بە تایبەت دیپلۆماسی ئەو نەتەوانەی هەوڵدەدەن مافی خۆیان لە نێو کۆڕ و کۆمەڵە نێونەتەوەییەکان بسەلمێنن، زۆر کاری بەو قانوون و قەراردادانە دەبێ.

لە و بەشەدا هەوڵ دەدەم کاری دیپلۆماسی کورد لە دەرەوەی وڵات بە پێی ئەو تایبەتمەندیانەی لە سەرەوە باس کران هەڵسەنگێنم. ئێمە باسی دیپلۆماسی نەتەوەی کورد دەکەین و ئەگەر بە مانا بەر فرەوانەکەی چاوی لێ بکەین، بەو ئەنجامە دەگەین کە کورد وەک نەتەوە تائێستاش لە کاری دیپلۆماسی دا زۆر لە دوایە و تەنانەت لە بەشێک لە کاری دیپلۆماسی دا کە لابی گەرییە، هەر بە تەواوی لە مەیدان بەجێ ماوە. ئەوەی وەک دیپلۆماسی کوردی دەکرێ باسی بکەین زۆرتر دیپلۆماسی حیزبییە، نەک نەتەوەیی. ئەگەر هەوڵەکانی نوێنەرانی حکوومەتی هەرێمی کوردستانی لێ دەرکەین، کە ئەویش زۆر سنوردارە و تەنیا بۆ باشوری کوردستان کار دەکا، جگە لە پەیوەندییە کانی حیزبە کوردستانییەکان شتێکی ئەوتۆ بە ناوی نەتەوەی کوردەوە لە ئارا دانییە.

ئەو هەوڵانەش کە نوێنەرانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان دەی دەن زۆرتر لە چوارچێوەی پەیوەندی دەوڵەتی هەرێم دا بۆ

ڕاکێشانی سەرنجی ناوەندە نێونەتەوەییەکان، دەوڵەتان و شیرکەتە نێونەتەوەییەکانە لە باری ئابووری و بازرگانییەوە و پشت بە پرۆژەیەکی نەتەوەیی نابەستێ بۆ وورووژاندنی باس لە سەر داخوازییە نەتەوەییەکانی گەلی کورد لە هەموو کوردستان. دیارە ئەو هەوڵانەی حکوومەتی هەرێمی باشوری کوردستان بە کەڵک و پیرۆزن، بەڵام بە دوای مەسەلە گشتییەکەوە نین و لەو بارەوە پرۆژەیەکی تایبەتیشیان نییە.

هەوڵی حیزب و ڕێکخراوە جۆراو جۆرەکانیش زۆرتر پشت دەبەستنن بە هەل و مەرجی ڕۆژ و بە پێی ئیمکاناتی خۆیان و کەش و هەوای سیاسی دەجوڵێنەوە. ستراتیژیی نەتەوەیی، پلان و بەرنامە و لە کۆتایی دا پرۆژەی نەتەوەیی لە و هەوڵانەدا بەدی ناکرێ. هیچ کام لە حیزبەکان بە تەنیا ناتوانێ ئیددیعا بکا کە نوێنەری نەتەوەی کوردە، یا تەنانەت نوێنەری ئەو بەشە لە کوردستانە کە چالاکیی سیاسی تێدا ئەنجام دەدا.

بۆیە بەداخەوە دەبێ بڵێم کە لە کۆڕ و کۆمەڵە نێونەتەوەییە کان و لە لای دام و دەزگا نێودەوڵەتییەکان هیچ نوێنەرێکی هەموو نەتەوەی کورد چالاک نییە. کوردستانیانی دەرەوەی وڵات بەسەر کۆمەڵێک حیزب و لایەن دا بەش بوون و زۆرتر خەریکی ناساندنی حیزب و ڕێکخراوەکانیانن تا ناساندنی گەلی کورد و مافە پێشێلکراوەکانی. ئەگەر وەزعی کوردەکانی هەر وەڵاتەش بە جیا چاو لێ بکەین مەسەلەکە فەرقێکی ئەوتۆ ناکا. ئەوەندە جیاوازییە نەبێ کە سەبارەت بە باشووری کوردستان ئیشارەمان پێ کرد.

دیارە دەبێ ئیشارە بەوە بکەم کە ئەگەر لە ئاستی حیزبی دا چاوی لێ بکەین، زۆر کار کراوە. بۆ وێنە کوردەکانی باشوری کوردستان هەر لە شەستەکانەوە، لە ڕێگای نوێنەرایەتیی شۆڕشی ئەیلوول، سەرۆک مستەفا بارزانی و پارتی دێموکراتەوە چالاکیان هەبووە. یەکیەتی نیشتمانیی کوردستان لە حەفتاکانەوە بەرێبەرایەتی بە ڕێز مام جەلال چالاک بووە. کوردەکانی ڕۆهەڵاتی کوردستان هەر لە حەفتاکانەوە لە ڕێگای نوێنەرایەتی حیزبی دێموکراتی کوردستان و بە پێشەنگی شەهید دوکتور قاسملوو زۆر چالاک بوون و لە نەوەدەکانیشەوە پارتی کرێکارانی کوردستان و دام و دەزگاکانی سەر بەو پارتە بۆ باکووری کوردستان زۆر چالاک بوون. ئێستاش کە خەڵکێکی زۆری کورد لە هەموو پارچەکانی کوردستان لە تاراوگە دا دەژین، هەرچەند بە ناوی حیزب و ڕێکخراویشەوە بێ، بەڵام چالاکیی بەرچاویان هەیە. لەو ساڵانەی دوایی دا کوردەکانی باشووری بچوکیش واتە کوردستانی سوریە لە زۆر مەیدان دا چالاکن.

هەرچەند ئێستاشی لە گەڵ بێ کوردەکان هەوڵیان نەداوە سەر بە هەموو ئەو دام و دەزگا و ناوەندە نێو نەتەوەییانە دا بکەن کە بۆ دەنگدانەوەی مەسەلەکەیان زۆر گرنگن. بۆ وێنە دیپلۆماسی و لابی گەریی کورد لە مێدیای دەرەوە دا لاوازە.

هەروەها لە ڕێکخراوەکانی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان، گەلانی دنیادا و لە بۆند یەکییەتییەکان دا جێ پێی کورد زۆر دیار نییە. دیارە پێویستە ئەوە بڵێین کە حیزبی دێموکرات لەو بارەوە دەکرێ بە پێشەنگ دابنرێ. بە هەوڵ و تێکۆشانی ڕێبەری شەهید دوکتور قاسملوو و بە درێژەدانی ڕێگای ئەو توانراوە لە زۆر کۆڕ و کۆمەڵی نێو نەتەوەیی دا کار بکرێ و تا ئێستا هەنگاوی باش هە لێنراوە. لە دوای لەتبوونیشەوە حیزبی دێموکراتی کوردستان(حدک) هەوڵی زۆری داوە کە ئەو حزوور و پەیوەندییانە درێژە پێ بدا، باشتر ئۆرگانیزەیان بکاو تەنانەت بەر بڵاوتریشیان بکا. دەکرێ بڵێین کە لە زۆر بواردا سەرکەوتووش بووە و ئەنجامی باشی بە دەست هێناوە. هەرچەند بەداخەوە لە تبونیش لە هێندێک بواردا شوێنەواری نامەتلۆبی خۆی نیشان داوە و کاری دیپلۆماسیی دژوارتر کردووە.

کارێکی زۆر گرنگ کە حیزبی دێموکراتی کوردستان توانیویەتی بیکا ئەوەیە کە خەباتی حیزب و جووڵانەوەی کوردی لە ڕوژهەڵاتی کوردستان، وەک خەباتێکی دێموکراتیخوازانە و جووڵانەوەیەکی ئاشتیخوازانە ناساندوە، کە پشت بە کۆنوانسیۆن و قەرارداده نێو نەتەوەییەکان دەبەستێ لە بەرخورد لەگەڵ مافی مرۆڤ دا. زۆربەی کۆڕ و کۆمەڵە نێو نەتەوەییەکانی وەک ئەمنێستی ئینتەرناشناڵ، ڕیکخراوی مافی مرۆڤی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان، ئینتەرناشیۆناڵی سۆسیالیست، یەکیەتی ئورووپا، لیبرال ئینتەرناشناڵ، ڕێکخراوی ژنێفا کاڵ و... هتد و تەنانەت دەوڵەتە کانیش ئەو ڕاستییە یان نیسبەت بە خەباتی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و حیزبی دێموکراتی کوردستان قەبووڵ کردووە.

حدک لەو ماوەیە دا هەوڵی داوە پەیوەندییە دیپلۆماتییەکان بەر فرەوانتر، کانالیزە و بەردەوامتر بکا. بەتایبەت کە زۆرتر بەشیوەی ئۆرگان کار کراوە تا فەردی و پەیوەندییەکان بەو ئاراستەیەدا تەنزیم کراون کە ببنە پەیوەندیی نێوان ئۆرگان و ئۆرگان. لە هەموو ئەو وڵاتانەی کە ڕێکخراوی حیزبی لێیە کارکراوە بۆ ئەوەی پەیوەندیی نێوان ڕێکخراوی حیزبی و ڕێکخراوە سیاسییەکان پێک بێ. هەروەها گرنگیی تایبەت دراوە و دەدرێ بە هێندێک ناوەندی وەک پارلەمانی ئورووپا، ڕێکخراوی مافی مرۆڤی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان(ژنێڤ)، لەندەن و ئەمریکا وەک دوو ناوەندی گرنگ.

لە ڕێکخراوەکانی باشووری کوردستانیش دا یە کیەتیی نیشتمانیی کوردستان و پارتی دێموکراتی کوردستان توانیویانە زۆر باش جێگای خۆیان وەک دوو ڕێکخراوی کوردی کە دەسەڵاتی بەشێک لە کوردستانیان بەدەستەوەیە و لە ڕاددەی عێراقیش دا نفووز و شوێنکارێکی گەورەیان هەیە. یەکیەتیی نیشتمانی کوردستان تەنانەت ئەندامی ڕەسمی ئینتەرناسیۆناڵی سۆسیالیستیشە.

بەڵام هەموو ئەو هەوڵ و چالاکییانەش نەیان توانیوە نرخی تەواوی خۆی بە دیپلۆماسی نەتەوەی کورد وەک نەتەوە بدەن.



سەرچاوە
Serchawe

کورد ئەگەر بیهەوێ مەسەلەکەی خۆی بە جیهانی بکا و لە دەرفەتێکی گونجاو دا مافی نەتەوەیی خۆی بە جیهانیان بقەبوڵێنێ، پێویستە نوێنەرایەتی نەتەوەیی هەبێ و هەر بەو ناوەشەوە خۆی بە کۆڕ و کۆمەڵە نێو نەتەوەییەکان و هەروەها ناوەند و دام و دەزگا نێو نەتەوەییەکان بناسێنێ.

جێگای خۆیەتی بە کەڵک وەرگرتن لە تاقیکردنەوەو سەرکەوتنەکانی گەلانی دیکە ئێمەی کوردیش لە مەسەلەکەمان ببینە خاوەن و خۆ دەرباز کەین لە چوارچێوەی تەسکی بۆچوونی حیزبایەتی. هەوڵەکان چڕ کەینەوە لە سەر ناساندنی مەسەلەی کورد بە جێگای ناساندنی حیزب و ڕەقابەتی حیزبی لە و بوارەدا.

لە و ۳ نموونەیەی کە لە بە شەکانی پێشودا باسیان کرا کەڵک وەرگرین و هەنگاوەکانی ئەو نەتەوانە ی کە سەرکەوتنیان بەدەست هێناوە بکەینە دەرس بۆ تێکۆشانی خۆمان. ئەوەش تەنیا بەوە دەکری کە: حیزب و ڕێکخراوە کوردستانییەکان هەرنەبێ لە دەرەوەی وڵات یەکبگرن و نوێنەرایەتییەکی کوردستانی پێکبێنن. لابی گەری نەتەوەیی دەست پێ بکەن و مەسەلەی کورد بخەنە ڕۆژەوی ناوەندە بڕیاردەرەکانی جیهانەوە.

دیارە ئەوەش هێچ ڕێگا لەوە ناگرێ کە هەر حیزبەش بە جیا خەباتی دیپلۆماسی و سیاسیی خۆی درێژە پێ بدا و لە کۆڕو کۆمەڵە و بۆندە نێونەتەوەییەکان دا جێگای خۆی بکاتەوە. ئەوە نەک تەنیا بەزیانی مەسەلە گشتییەکە نییە، بەڵکو زۆر یارمەتیش دەکا بە کاراتر بوون و بەهێزتر بوونی مەسەلە گشتی یەکە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی گیارەنگ - ڕێکەوتی: ۲۰۱۲



سەرچاوە
Serchawe

## سیاسەتی باراک ئۆباما کاندیدای دێموکراتەکان لەسەر ئەو خۆشبینییە داڕێژراوە کە کۆماری ئیسلامیی ئێران باوەڕیبە وتوویژەو بۆ ئیمتیاز دەگەڕێ.

**(دوایین گۆڕانکارییەکانی کێشەی ناوکیی ئێران و داهاتووی ململانەی کۆماری ئیسلامی لەگەڵ ڕۆژئاوا لە دیمانەیەکدا لەگەڵ مستەفا شڵماشی ئەندامی دەفتەری سیاسی و بەرپرسی کۆمیتەی کاروباری دەرەوەی وڵاتی حیزبی دێموکراتی کوردستان)**

**دیمانە: "کوردستان"**

**کوردستان**: ڕێبەرانی ڕێژیمی ئیسلامی هەروا درێژە بە سەرکێشییەکانیان دەدەن و هیچ کام لە بڕیارنامەکانی ئەنجوومەنی تەناهیی نەتەوەیەکگرتووەکانیان جێبەجێ نەکردووە تەنانەت گاڵتە بە کۆمەڵگەی نێونەتەوەییش دەکەن. بە بڕوای بەڕێزت گەمارۆکانی ئەنجوومەنی تەناهی و ئەمریکاو ئورووپا کاریگەرییەکی ئەوتۆی لە سەر ئێران دانەناوە کە ئەوان ئاوا سەرکێشانە درێژە بە پیتاندنی یورانیۆم دەدەن؟

**مستەفا شڵماشی**: ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێران تا ئێستا نیشانی داوە کە بچووکترین گرنگی نادا بە هەلومەرجی گشتیی ئابووریی ئێران و ژیان و گوزەرانی خەڵکی ئێران. هەموو بەرنامە سیاسی، ئابووری و نیزامییەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران بە دەوری ئەو ئامانجە دا دەخولێنەوە کە چۆن درێژە بە دەسەڵاتی نگریسی خۆی بدات. زۆربەی هەڵسەنگێنەرانی نێونەتەوەیی و دامودەزگا نێونەتەوەییەکانی پەیوەندیدار بە کێشەی ئەتۆمیی کۆماری ئیسلامیی ئێرانەوە لەو باوەڕە دان کە گەمارۆی ئابووری لە سەر ئێران شوێنکاری گەورەی هەیە و تا ئێستاش زەرەیەکی گەورەی لە ئابووریی ئێران داوە. هەمووامان دەزانین کە نرخی پێداویستیەکانی ژیان لە ئێران دا بە شێوەیەکی سەرسوڕهێنە بەرز بۆتەوە، بێکاری بێداد دەکا، داهاتی سەرانە هەتا دێ زۆرتر دێتە خوار و لەشکری بێکاران تەنانەت لە نێو توێژی دەرس خوێندوو پسپۆڕیش دا هەتا دێ گەورەتر دەبێ. دیارە هۆی سەرەکیی ئەو هەموو گیرو گرفتە ئابووریە بێ بەرنامەیی و نەزانیی کۆماری ئیسلامی بە گشتی و دەوڵەتی ئەحمەدی نژاد بە تایبەتیە، بەڵام گەمارۆکانیش شوێنەواری زۆر گەورەیان داناوە، هەرچەند گەمارۆکان تا ئێستا زۆر سنوردار بوون و بەشێکی بچووک لە بنکە ئابوورییەکانی ئێران کەوتونە ژێر گەمارۆ. لە دوایین راپۆرتی ئاژانسی نێونەتەوەیی وزە ی ئەتۆمیدا هاتووە: گەمارۆی ئابووریی وڵاتانی ڕۆژئاوا لە سەر ئێران دەتوانێ کاریگەر بێ چونکە ئابووریی ئێران لە باری تکنیکییەوە زۆر بە وڵاتانی ڕۆژئاواییەوە بەستراوەتەوە.

کەوابوو شک لەوە دا نیە کە گەمارۆی ئابووری لە سەر ئێران کاریگەریی هەیە. بەڵام ئەو کایگەرییە زۆرتر ئێخەی خەڵکی ئێران دەگرێ تا ڕێژیم. هەتا ئەو کاتەی کە ڕێژیم بتوانێ لە داهاتی نەوت پێداویستییە کانی دام و دەزگاسەرکوتکەرەکانی خۆی دابین کا، درێژە بە پیتاندنی ئۆرانیۆمیش دەداو هیچ ئامانجێکیشی نیە جگە لە هەوڵدان بۆ بەدەستهێنانی چەکی ئەتۆمی.ڕێژیم لە دوو بارەوە پێویستی بەو کارە هەیە یەکەم ئەوە کە زۆر باش دەزانێ کە بەبێ لە دەست دا بوونی چەکێکی ئەوتۆ ناتوانێ بۆ ماوەیەکی زۆر درێژە بە ژیانی خۆی بدا و دووەم بە دەستی خۆی کردوویەتی بەشتێکی پرێستیژی و بە هاسانی ناتوانێ دە ستی لێ هەڵبگرێ. مەسەلەیەکی دیکەش کە زۆر لە هاندانی ڕێژیم دا شوێنی هەیە کە درێژە بەو سیاسەتەی خۆی بدا ئەوەیە کە سیاسەتی ڕۆژئاوا بەگشتی و ئورووپا بەتایبەتی، زۆر لاواز، بێ بەرنامە و لەرزۆکە و هەموو جارێ تەسلیمی دیپلۆماسیی کۆماری ئیسلامی ئێران دەبێ کە لەسەر بناغەی" بە دەستهێنانی کات تا گەیشتن بە چەکی ئەتۆمی" دامەزراوە. هەروەها هەڵوێستی دوو وڵاتی گەورەی وەکوو چین و ڕووسیەش دیارە شوێنی خۆی هەیە.

**کوردستان**: ئەگەر رووسیەو چین کە هەردووکیان مافی ویتۆیان هەیە لە داهاتوودا ڕێگە لە پەسندکرانی گەمارۆی قورستر دژی ئێران بگرن، چ ڕێگەیەک بۆ ئەمریکاو هاوپەیمانە ئورووپاییەکانی دەمێنێتەوە؟

**مستەفا شەڵماشی**: لە ڕاستی دا دوایین بڕیاری ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتوەکان لە ڕۆژی ٢٧ی سیپتامبری ٢٠٠٨ دا هیچ گەمارۆیەکی ئابووری تازەی تێدا نییە و ئەمەش ئەنجامی دژایەتیی رووسیە و چینە لەگەڵ گەمارۆی تازەی ئابووری لە دژی کۆماری ئیسلامی. هەر بۆیە دوایین بڕیار تەنیا پێداگرتنەوەیە لەسەر بڕیارەکانی پێشوو، بەڵام ئەوەی تێدایە کە کۆماری ئیسلامیی ئێران دەبێ لەگەڵ کۆمەڵگای نێونەتەوەیی هاوکاری بکا، بۆ چارەسەری ئەو مەسەلەیە. کەوابوو، نە فشاری زۆرتر خراوەتە سەر ڕێژیمی ئێران و نە فشاریشی لەسەر کەم کراوەتەوە، یا وەکو ڕێژیم دەخوازێ، پەروەندەکەی داخراوە.

هەرچەند رووسیە و چین لەبەر خاتری قازانجە ئابوورییەکانی خۆیان بە تەواوی نەکەوتونە بەرەی دژی کۆماری ئیسلامی، بەڵام بەو رادەیەش لەگەڵ کۆماری ئیسلامی کۆک نین کە دیفاع لە داخستنی پەروەندەی ئەتۆمیی کۆماری ئیسلامی بکەن. کەوابو ئێستاش ئیمکانی ئەوە هەیە کە لە سات و سەودای ڕۆژئاوا لەگەڵ ئەوان دا، ئاخرەکەی بەو ئیمتیازانەی پێیان دە درێ رازی بن و بکەونە بەرەی دژی کۆماری ئیسلامی. بەڵام ئەگەر ئەوە روو نەداو نەکرێ لەلایە ئەنجومەنی ئاسایشەوە گەمارۆ و فشاری زۆرتر بخرێتە سەر کۆماری ئیسلامی، ئەوا بۆ ڕۆژئاوا لە ٣ گوزینە زیاتر نامێنێتەوە. بۆخۆیان گەمارۆی ئابووری و گوشاری زۆرتر بخەنە سەر کۆماری ئیسلامی(چە ندە دە توانێ بە چۆکی دابێنێ، ئاشکرا نیە)، هێزی نیزامی

بەکار بێنن یا دەستی لێ هەڵگرن تا بە کەیفی خۆی رمبازێن بکاو خەتەری خۆی بۆ ڕوسیا و چینیش دەرخا. کە رەنگە ئەو کاتە تازە درە نگ بوبێ.

**کوردستان**: لە نوێترین راپۆرتی ئاژانسی نێونەتەوەیی وزەی ناوکی و دوایین لێدوانی محەمەد ئەلبەرادعی دا باس لە هاوکاری نەکردنی ئێران لەگەڵ ئاژانس و نیگەرانیی ئاژانس سەبارەت بە پێشکەوتنەکانی بەرنامە ناوکییەکانی ئێران کراوە. کاریگەریی ئەم راپۆرتە لە سەر هەڵوێستی ئەمریکاو هاوپەیمانانی چ دەبێ؟ ئایا ئەم راپۆرتە دەتوانێ رێگە بۆ گەمارۆی زیاترو توندتری ئێران خۆش بکا؟

**مستەفا شەڵماشی**: راپۆرتی ئاژانسی نێونەتەوەیی وزەی ئەتۆمی ئەوە دەگەیەنێ کە "نیشاندەری کاتژمێرەکە لەسە ر سەعات ٥ دە قیقە بۆ ١٢ راوەستاوە" کۆمەڵگای جیهانی ئێستاش رەنگە بە سیاسەتێکی گورج و گۆڵی فشارو بە گەمارۆیەکی هەموو لایەنەی ئابووری، بەتایبە ت لەلایەن وڵاتەکانی ئورووپای رۆژئاواوە بتوانێ پێشی چەکداربوونی کۆماری ئیسلامی بە چەکی ئەتۆمی بگرێ. ئەوە هەڵسەنگاندنێکە، کە لەلایە ن زۆر ناوەندیی ستراتیژی و لێکۆڵەرەوەی سیاسی و ئابوورییەوە دووپات کراوەتەوە.

بە بڕوای من بۆچوونی ئەمریکا و هاوپەیمانەکانیشی لە دوای ئەم راپۆرتە هەر ئەوەیە. بۆیە من پێم وایە ئەو راپۆرتە کاریگەرییەکی زۆری لەسەر ئەوان دەبێ و هەوڵ دەدەن فشارەکانی خۆیان بۆ سەر کۆماری ئیسلامی زیاتر بکەن، هەم لە باری ئابووری و هەم لە باری سیاسییەوە. هەر وەکوو زۆرجاریش رایان گەیاندوە، بێشک گوزینەی نیزامییش وەلا نانێن و ئەگەر بە رێگاکانی دیکەدا بە ئامانجی خۆیان نەگەن، پەنا بۆ ئەویش دەبەن. هەرچەند دیارە هەموو لایەک گوزینەی نیزامی بە ریسکێکی گەورە لە قەڵەم دەدەن، بەڵام هەموو ڕیسکێک دەتوانن قەبووڵ کەن جگەلە ڕیسکی ئەوە ی کە کۆماری ئیسلامی ببێتە خاوەن چەکی ئەتۆمی.

**کوردستان**: پێت وایە چ جۆرە گەمارۆیەک دەتوانێ رێژیمی تاران بە چۆک دابێنێ؟

**مستەفا شەڵماشی**: بە باوەڕی من گرنگترین مەسەلەیەک کە شوێن دانانی گەمارۆکان مسۆگەر دەکا، کۆدەنگیی کۆمەڵگای نێونەتەوەییە بەگشتی و وڵاتانی ئورووپای رۆژئاواو ئەمریکایە بە شێوەیەکی تایبەتی. با نەوعی گەمارۆکانیش زۆر توندو بەربڵاو بێ، ئەگەر وڵاتێک لە بەرچاوی بگرێ و یەکی دیکە دژی ڕاوەستێ، کاریگەرییەکی ئەوتۆی نابێ. دیارە نەوعی گەمارۆکەش زۆر گرنگە. ئەگەر ئەوان بتوانن، وڵاتانی دیکەی خاوەن نەوت وگاز قانیع کەن بە ناردنە دەرەوە ی نەوت

وگازی زۆرتر و گەمارۆ بخەنە سەر نەوت وگازی ئێران و کۆماری ئیسلامی لە داهاتەکانی نەوت و گاز بێبەش بکەن، کۆماری ئیسلامی زۆر زوو بە چۆک دادێ. بەڵام تا نەوت و گازی بۆ بفرۆشرێ و پشتوانێ پێداویستیەکانی رێژیمەکەی، با بە نرخێکی گرانتریش بێ بکرێ، وەک پێویستە کاریگەریی لە سەر رێژیم نابێ و زۆرتر فشار بۆ سەر کۆمەڵانی خەڵکی ئێران دێ تا رێژیم. دیارە ئەگەر لە ئەنجامی فشاری ئابووریی زۆردا کۆمەڵانی خەڵکی وەزاڵەهاتوو ڕاپەڕن ئەوە مەسەلەیەکی دیکەیە.

**کوردستان**: هەڵبژاردنی سەرکۆماری لە ئەمریکا نزیک بۆتەوە، سیاسەتی هەرکام لە کاندیداکانی دیموکراتەکان و کۆماریخوازەکان سەبارەت بە کێشەی ناوکیی ئێران چۆن دەبینی؟

**مستەفا شەڵماشی**: سیاسەتی باراک ئۆباما کاندیدای دێموکڕاتەکان لەسەر ئەو خۆشبینیە دارێژراوە کە کۆماری ئیسلامی ئێران باوەڕی بە وتووێژەو بۆ ئیمتیاز دەگەڕێ، دەنا دەکرێ چاوەڕوان بی کە دە ست لە دروست کردنی چەکی ئەتۆمی هەڵگرێ. ئەو سیاسەتە، بە باوەڕی من سیاسەتێکی هەڵەیە. چونکە کۆماری ئیسلامی، وەدەست خستنی چەکی ئەتۆمی بە ئامرازێکی گرنگ بۆ پاراستنی رێژیمەکەی دە زانێ و ئەگەر بۆی بکرێ بە دەست هێنانی ئەو چەکە بە هیچ ئیمتیازێکی دیکە ناگۆڕێتەوە. وتووێژیش تەنیا بۆ بەدەستهێنانی کات بەکار دێنێ و جگە لەوە هیچ ئامانجێکی دیکەی لە پشتەوە نیە. خۆ تائێستا زۆر ئیمتیازیان بە کۆماری ئیسلامی پێشنیار کردوە، وەک ئۆرانیۆمی پیتێنراوی خۆڕایی، وەک ڕێگادان بە رێژیم بۆ هاتنە نێو سیستمی تیجارە تی ڕۆژئاوا. هەر تا ئێستاش زۆر ئیمتیازیان پێ داوە. ئەو هەموو جینایەتە دژی بەشەرییەت دەکا، جگە لە هێندێک رەخنەی سەر کاغەز هیچ کاریان پێ نیە.

بەڵام لەو بارەوە سیاسەتی کاندیدای کۆماریخوازەکان مەککە ین، زۆرتر لە ڕاستیەوە نیزیکە. ئەو دەیهەوێ چاو لە رابردووی وتووێژەکان بکاو لە وتووێژدا بە شکەوە بۆ مەبەستەکانی کۆماری ئیسلامی دەڕوانێ. جگە لەوە مەککە ین ئامادە نیە پێش ئەوەی کە وتووێژەکان بە جێگایەک بگەن لە رادەیەکی باڵادا لەگەڵ کۆماری ئیسلامی دانیشێ. لە کاتێک دا ئۆباما رادەگەیەنێ کە ئامادەیە لەگەڵ ئەحمەدی نژاد دانیشێ. ئەوەش هێندەی دیکە کۆماری ئیسلامی هان دەدا کە لەسەر سیاسەتەکانی سوور بێ.

**کوردستان**: ئەگەر ئەمریکاو هاوپەیمانە ئوروپاییەکانی نەتوانن گەمارۆیەکی قورسترو توندتر بخەنە سەر ئێران پێت وایە ڕێگە بۆ بژیرە (گزینە)ی نیزامی خۆشتر دەبێ؟

**مستەفا شەڵماشی**: بێگومان دووركەوتنەوە لە ڕێگاچارەی سیاسی کێشەکە، دەبێتە هۆی بیرکردنەوە لە ڕێگاچارە ی دیکە و یەک لەوانە ڕێگاچارەی نیزامی. ئەگەر ئەو ڕاستییەشی لە پەنا دانێین کە تا ئێستا نە ئەمریکا و نە هاوپەیمانەکانی، ڕێگاچارەی نیزامییان وەک ئامرازێک رەت نەکردوەتەوە، هەرچەندە بە ئاخرین گوزینەیان داناوە. کەوابوو تا هەنگاوێک لە ڕێگاکانی دیکە دوور کەونەوە، هەنگاوێکیش لە دوایین ریگاچارە نیزیک دەبنەوە. دیارە بە دەستهێنانی کۆدەنگی لەسەر گرتنە پێشی ڕێگاچارەی نیزامی لە بەدەستهێنانی کۆدەنگێ لەسەر گەمارۆ ئابوورییەکانیش دژوارترە. هەر بۆیە لە هەلومەرجێکی ئاوادا، هاوپەیمانەتیەکەش بچووکتر دەبێتەوە و ئیمکانی ئەوە هەیە بەشێک لە هاوپەیمانەکانی ئەمریکا بکشێنەوەو لە پەلاماری سەربازی دا بەشداری نەکەن. بۆیە بە باوەڕی من ئەوان بە پلەی یەکەم هەوڵ دەدەن بە ڕێگای گەماروی ئابوورییەوە کۆماری ئیسلامی بە چۆک دابێنن. بەتایبەت لە هەلومەرجی ئێستادا کە قەیرانێکی ئابووریی گەورە باڵی بە سەر وڵاتانی رۆژئاواو ئەمریکادا کێشاوە.

**کوردستان**: ئەگەری هێرشی هەوایی ئیسرائیل - کە بە پلەی یەکەم دەتوانێ لە ژێر هەڕەشەی ئێرانی تەیار بە چەکی ناوکی دا بێ — بۆ سەر دامەزراوە ئەتۆمی و نیزامییەکانی ئێران چۆن دەبینی؟

**مستەفا شەڵماشی**: بە باوەڕی من ئەو ئەگەرە هەیە و زۆرێش جیددییە. بەڵام ئەوەش دوای نائومێد بوونێکی تەواوە بە ڕێگاچارەکانی دیکە و دوای ئەوەش کە ئیسرائیل هیچ هاوپەیمانێکی دیکە نەتوانێ پەیدا بکا. دیارە ئیسرائیل لە هەموو وڵاتان زیاتر بە کۆماری ئیسلامییەکی خاوەن چەکی ئەتۆمی قەڵسە، چونکە بە ئاشکراش لەلایەن کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامییەوە هەڕەشەی لەنێوبردنی لێکراوە. بێشک ئیسرائیل ناتوانێ بێدەنگ دانیشێ و ئەگەر ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی بەتەواوی بکشێنەوە و کۆماری ئیسلامی هەر بەردە وام بێ لە سەر بەرنامە ئەتۆمییەکانی، شیمانەی ئەوە دەکرێ کە بە تەنیاش هەنگاوێک هەڵێنێتەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی:

# نەتەوەی کورد و باری مێژوویی بە کورتی

## بەشی یەکەم.

نەتەوەی کورد دەچێتەوە سەر کۆنترین نەتەوەکانی رۆژهەڵاتی نێوەراست، کە بەلانکی شارستانیەتی کۆن دەناسرێ. کورد لە تۆرمەی عەشیرەتەکانی زاگروسە، وەک : گۆتی، لۆلۆبی و کوردخۆیی.

ئەمانە لە هەزارەی دووهەمی پێش زایینەوە واتە نیزیکەی چوار هەزار ساڵ لە مەو بەر لەم ناوچەیە ژیاون. گۆتیەکان لە ناوچەیەکی بەرینی نێوان دوو چۆمی فرات و دیجلە دا بەهێز بوون و ماوەی سەد ساڵ فەرمانڕەوایی ئەو ناوچەیان تا نیزیک بەغدای ئێستا بە دەستەوە بووە. بە پێی بەڵگە مێژووییەکان قەڵای سەرەکی ئەوان، شاری رانیەی ئێستا بووە لە باشووری کوردستان. ئەوانە پەیوەندیان لە گەڵ ئاکادیەکان گرتووە و تەنانەت چەند کەسێک لەو عەشیرەتە لە دەوڵەتی ئاکادی دا فەرمانرەواییان کردوە.

لەسەر ناوی کورد گەلێک بیرو را هەیە. لە هەموویان وێچوتر دەکرێ بە کورد خۆیی یەکان نیسبەت بدرێ. لە کتێبە مێژووییە گرنگەکەی گەزەنفون دا کە ساڵی ٤٠٠ی پێش زایین نووسیوەتی باسی کوردخۆیی یەکان کراوە. جگە لە مە گۆتی، کوردۆخی،حەکرکوفی کە نیزیکەی ٣٥٠٠ ساڵ لەمەو بەر قەڵای کەرکوکیان دروست کردوە و ناوی ئەو کاتی حەکرکوف بووە، هەموویان دەکرێ ئاڵ وگۆریان بەسەر دا هاتبێ و بووبیتە کورد. جگە لەمانە باسی کرتیەکانیش لە مێژوو دا هەیە کە لە ناوچەی گۆلی ورمێ ژیاون.

کوردەکان پێک هێنەرانی ئیمپراتۆری ماد بوون کە بە گرتنی شاری نەینەوا" موسڵی ئێستا" گەورە بوو پەرەی گرت. بە پێی بەڵگە مێژوویی یەکان وا دیارە لە رۆژگاری ساسانیەکانەوە کورد هەر بەناوی(کورد) ناو براوە و ناوچەی نیشتەجی بوونیشی هەر کوردستانی ئێستا بووە. مێژووی تازەی نەتەوەی کورد،بەتایبەتی پاش گە شە کردنی ئیسلام لەو ناوچەیە گەلێک ئاڵ و گۆڕی بە سەر داهاتووە. ئەوەی زۆر جێگای باسە ئەوەیە کە لە سەدەی حەوتەوە نووسین بە زمانی کوردی لە کوردستان دا دەستی پێ کردوە و یەکەم نووسێنیک کە لە دەست درێژیی عەرەبە موسولمانە هێرش کەرەکان پارێزراوە، نووسینیکە کە باسی ئەو زۆڵم و زۆرە دەکا کە موسولمانەکان لە مازدیەکانیان کردوە.

پاش بڵاو بوونەوەی ئیسلام لە کوردستان دا، کوردەکان نەخشی زۆر گرنگی فەرهەنگی، مەزهەبی، سیاسی و نیزامیان لە دەسەڵاتی تازە دا وەئەستۆ گرتووە. سەدەی حەوتە م هەتا سەدەی نۆهەم سەردەمی خۆ بردنە پێش لە نێو دین و دەسەڵاتی تازە دا بووە. گەلێک زاناو پیاوی هەڵکەوتووی کوردی توانیویانە خۆیان بگەیننە دە ورو بەری بنکەکانی دەسەڵات. هونەرمەندە کانیش لەو بارەوە زۆر چوونە پێش. بۆ وێنە ☹برایمی موسڵی) یەکێک لە موسیقارە کوردە بە ناوبانگەکانە کە لە ساڵەکانی (٧٠٦- ٧٤٣) دا ژیاوە، توانیویەتی خۆی بگەیەنێتە دەرباری خەلیفە هارون الرەشید و هەوەڵین کونسێرت لە حکوومەتی ئیسلامی دا دامەزرێنێ.

سەدەی دەهەم هەتا دوازدەهەم سەردەمی بووژانەوەی دووبارەی عەشیرەتە کوردەکان بووە. بەخۆ دا هاتوونەوە و دەستیان کردوتەوە بە دامەزراندنی دەسەڵاتی بچوک، لە ناوچە جۆر بە جۆرەکانی کوردستان دا. هەر وەک لەو سەردەمە دا شوێنەوار لە زمان و فەرهەنگی کوردیش بە جێ ماوە. وەک هۆنراوە کانی بابا تاهیری هەمەدانی لە سەرەتاکانی سەدەی یازدەهەم. بۆ وێنە وەک شەددادیەکان لە ساڵەکانی ١١٧٤) (٩٥١ - کە پێتەختەکەیان ناوی نماندکا بووە. حەسنەویەکان ساڵەکانی(٩٥٩ - ١٠١٥) لە باشووری کوردستان و مەردۆنیەکان ساڵەکانی (٩٩٠ - ١٠٩٦) لە رۆژئاوای کوردستان کە پێتەختەکەیان دیاربەکر بوو. ساڵە کانی(١١٦٩ - ١٢٥٠) سەردەمی دەسەڵاتی ئەیوبیەکان بووە بە رێبەرایەتی سولتان سەلاحەددین، کە دەسەڵاتی بە سەر تەواوی رۆژهەڵاتی نێوەراست دا رۆیشتووە.

سەدەی چاردەهەم و پازدەهەم، پاش هێرشی مەغولەکان، جارێکی دی ئیمارەتە کوردەکان سەریان هەڵداوەتەوە. لەو ماوەدا فەرهەنگی کوردیش بەرەو پێش چووە و برەوی پێ دراوە. ئیمارەتەکانی بتلیس،حەکاری و بۆتان هەر کامیان ناوەندێکی بووژانەوەی فەرهەنگی بوون.

ساڵی ١٥١٤ ئیمارەتە کوردەکان لە گەڵ ئیمپراتۆری عوسمانی بە سەرۆکایەتی سوڵتان سەلیم یەکیان گرتووە و بوونە هۆی تێکشکانی ئەرتەشی سەفەویەکان... لە شەڕی چاڵدێران دا نیزیک شاری تەوریز. دیارە ئەم یەکگرتنە ئاکامی گەلێک وادە و بەڵێنی سولتانی عوسمانی بوون، کە بەڵێنی دابوو بۆ دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردی یارمەتیان بدا و دەست لە کارو باری نێوخۆی کوردستان وەرنەدا، کە دیارە ئەو بەڵێنیانە قەت وەدی نەهێنران.

لە ساڵەکانی ١٥٩٥ و دواتر دا گەلێک زانای کورد هەڵکەوتوون و تا رادەیەک دۆخی ژیان وکەلەپوری کوردەکانیان نێشان داوە. نووسرانی کتێبی شەرەفنامە، گەورەترین سەرچاوەی مێژووی کورد، لە لایەن شەرەفخانی بتلیسی یەوە، لە ساڵی ١٥٩٥ دا بە رووداوێکی گەورەی مێژوویی و نوختە گۆرانیک لە قەلەم دەدرێ. پاشان پەیدا بوونی ئەدیبی گەورەی وەک ئەحمەدی

خانی کە لە ساڵی ١٦٥١ لە دایک بووە و چەندین بەرهەمی بە نرخی وەک مەم و زینی لە پاش خۆی بەجێ هێشتووە، بۆتە هۆی گەشە کردنیکی بەر چاو لەو سەردەمە دا.

سەدەی نوزدەهەم بە سەرەتای دەست پێ کردنی جۆولانەوەکانی نەتەوەیی کورد حیساب دەکرێ. بەکورتی ساڵی ١٨٠٦ شۆرشی عەبدولرەحمان پاشای بابان لە سلیمانی، ١٨١٨ راپەرینی بلباسەکان، ١٨٣٢ شۆرشی میرمحەممەدی رواندزی، ١٨٤٣-١٨٤٦ شۆرشی بەدرخان، ١٨٥٣ – ١٨٥٥ شۆرشی یەزدان شێر و ١٨٨٠ شۆرشی شێخ عوبەیدوڵلای نەهری، ئەمانە هەموویان بەتێکرایی لەسەر هەستی نەتەوەیی کورد شوێنەواریان هەبووە. دیارە رەنگدانەوەی ئەو شوێنەوارە لە دەرچوونی یەکەمین رۆژنامەی کوردی بە ناوی کوردستان لە ساڵی ١٨٩٨ دەردەکەوێ. ئەو رۆژنامەیە هەوەڵین هەنگاوی بە نوسراوە بۆ ئورگانیزە کردنی بیرو باوەری نەتەوەیی لە کوردستان دا...

بەشی دووهەم.

لە بەشی یەکەم دا زۆر بە کورتی چاوێکمان بە گەورەترین ڕوداوە مێژووییەکانی کوردستان دا خشاند تا ساڵی ١٨٩٨ی میلادی. لەبەر ئەوەی هەڵسەنگاندنی میژوویی نەتەوەیەک هەرگیز لە توانای وتاریک و تەنانەت کتێبیک دا نییە. نەچوومە نێو ئەو دەریا گەورەیەوە. ووتاریک تەنیا و تەنیا باری وەبیر هێنانەوەی ڕووداوەکانی هەیە. جا ئەگەر قەڵەم بەدەستێکی بە توانا قۆڵی لێ هەڵماڵێ و یەک بە یەکی ئەو ڕوداوانە شی بکاتەوە کارێکی گەورە دەبێت. لەم بەشە دا هەروک ڕەوتی پێشوو، ئەم جارەیان لە دوای ساڵی ١٨٩٨ وە دەست پێ دەکەین. لە ساڵی ١٩٠٨ دا کە شۆرشی تورکیای لاو سەرکەوت، بڵاوی کردەوە، کە یاسای یەکسان بۆ هەموو نەتەوەکانی دانیشتوانی تورکیە پەسند دەکا. دیارە هەر وەک لە دوایی دا دەرکەوت، مەبەستی کارگێرانی تورکیای لاو تەنیا فریودانی نەتەوە ژێردەستەکانی تورکیا بوو. بە تایبەتی نەتەوەی کورد کە لەو کاتە دا هێزێکی گەورەی نیزامی بە حیساب دەهات و تەنانەت لە نێو ئەفسەرە لاوەکانی سەر بە شۆرشی تورکیای لاو دا، گەلیک ئەفسەری کوردی هەڵکەوتوو هەبوون، زۆر جێگای سەرنج راکیشانی بەرێوە بەرانی شۆرشی تورکیای لاو بوو. ئەوان دەیان هەویست بە نرخی هەر بەڵێنێک بێ ئەو هێزە بۆ لای خۆیان راکێشن و لە کێ بەرکێیی بەدەست هێنانی دەسەڵاتدا کەڵکی لێوەربگرن. هەروەک لەو تاکتیکە شیاندا بە تەواوی سەرکەوتن. بەڵام تەنیا ساڵیکی پێ نەچوو تا ئەوانیش ڕوی ڕاستەقینەی خۆیان دەرخەن.

لە سالی ١٩٠٩ دا دیسان لە جاران خراپتر سەرکوت کردنی نەتەوە ژێر دەستەکان دەستی پێ کردەوە. ساڵی ١٩١٨ کاتێک لە مودوروس تەقەوەستاندنی گشتی ڕاگەیاندرا، ئیمپراتۆریەتی عوسمانی کە لە شەڕی جیهانیی یەکەمدا پشتیوانی لە ئەلمانەکان کرد بوو، رووخا. ساڵی ١٩٢٠ کۆنگرەی سان ڕیمۆ گیرا. لەو کۆنگرەیە دا جارێکی تر سنورەکانی ناوچەی

ڕۆژهەڵاتی نێوە ڕاست گۆران. عێراق کەوتە بن دەستی ئیستعماری بەریتانی و هەروەها ویلایەتی موسڵیشی خرایە سەر، کە زۆربەی دانیشتوانی کورد بوون. بەڵام هەر لەو کۆنگرەیە دا ڕێگا درابوو کە دوو دەوڵەتی کوردی و ئەرمەنی لەو ناوچەیە دامەزرێن، کە لە پەیمانی سایکس پیکو دا بۆ ڕوسیا دانرابوو. کە دیارە هەرلەو سەرو بەندە دا لە باشووری کوردستان شۆرشی کورد بە سەرۆکایەتی شێخ مەحموودی نەمر دەستی پێ کرد بوو. ویستی شێخ مەحموود دامەزراندنی حکوومەتێکی کوردی لە باشووری کوردستان بوو. خەباتی شێخ مەحموود دژی ئینگستان بوو، چونکە ئەو ناوچەیە لە ژێر دەسەڵاتی ئەو وەڵاتە ئیستعماریە دا بوو. شۆرشی شێخ مەحموود، جووڵانەوەکانی تری کوردستان و هەندیک مەسەلەی نێونەتەوەیی دیکە، بوونە هۆی ئەوەی لە ١٠ی ئاگۆستی ١٩٢٠ دا لە پەیمانی سێور، بەندی ٣، مادەی ٦٢ — ٦٤ دا، دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردی لە بەشێک لە کوردستان پەسەند بکرێ. کەچی قازانجی وەڵاتە گەورەکان جارێکی تر سەناریۆی تازە دێنێتە کایەوە. ساڵی ١٩٢١ پەیمانیک لە نیوان تورکیە و فەرانسە دا دەبەسترێ و بە پێی ئەو پەیمانە بەشێک لە کوردستان، واتە جەزیرە و کورداغ دەخرێنە سەر سوریا کە موستەعمەرەی فەرانسە بوو. ڕێگا بۆ دابەش بوونی کوردستان بەوجۆرەی کە ئێستا هەیە خۆش دەکرێ. ساڵی ١٩٢٣ شۆرشی شێخ مەحموود بە ئەو پەری خۆی دەگا. شێخ نازناوی " شای کوردستان" وەردەگرێ. پەیوەندی لە نێو ڕێبەرانی ئەو کاتی کورد بەهێز دەبێ، سمایل خانی سمکو کە لە ڕۆژهە ڵاتی کوردستان ڕێبەریی شۆرشێکی بەهێز بوو، سەر لە شێخ مەحموود دەدا بەم جۆرە ڕێگا بۆ پێک هێنانی کوردستانی ئازاد و سەربەخۆ پێک دێ. بەڵام ئیستعماری ئینگلیز کێچی لە کەوڵی دەکەوێ و لە ترسی کوردستانێکی سەربەخۆ دەکەوێتە هەوڵ و تەقەلا و لە دژی شێخ مەحموود شەڕ دەکات. شەڕێکی خوێناوی. فرۆکەکانی بریتانیا شاری سلێمانی بۆردومان دەکەن.

لە کۆتایی شەڕی گەورەی نێوان شێخ مەحموود و بریتانیا دا، لە دەربەندی بازیان، شێخ مەحموودی نەمر بە برینداری دەگیرێ و دوور دەخرێتەوە بۆ هیندوستان. هەر ئەو ساڵە واتە ١٩٢٣، پەیمانی لۆزان لە نێوان حکوومەتی کەمالی تورکیا و هێزەکانی هاوپەیمان دا دەبەسترێ، کە بریتانیا، فەرانسە، ئەمریکا و هێندێک وەڵاتی تری ئوروپایی تێدا بەشدار بوون. ئەو پەیمانە نێوە رۆکی پەیمانی سێور دەشواتەوە و کوردستان بەو شێوەیەی ئێستا هەیە دابەش دەکا. کوردستان دابەش کراو بەڵێنەکان ژێر پێ خران. ڕێبەرانی کورد بەفێڵ و تەڵەکە شەهید کران وەک(سمکو کە لە ساڵی ١٩٣٠ لە ڕێگای شنویە لە لایەن سەربازانی ئێرانیەوە کەمینی بۆ دانرا و شەهید کرا) یا گیران و ڕەوانەی سیا چاڵەکان کران. دیارە هیچ کام لەو دەست درێژیانە نەیان توانی گەلی کورد بە چۆک دابێنن و دەستی پێ لە خەبات هەڵگرن. بە پێچەوانەوە هاوکات لە گەڵ زۆرتر بوونی دوژمنان و دژوار تر بوونی ڕیگای تێکۆشان، گەلی کوردیش هەنگاوی تازە و گونجاوتری هەڵ هێنایەوە. خەباتی گەلی بەشکراوی کورد، پێی نایە نێو قوناغێکی تازە وە، قوناغی خۆڕێک خستن و نەزم دان بە خەبات. ساڵی ١٩٢٧ (کۆمەڵەی خۆیی بوون) لە باکوری کوردستان دامەزرا. هەروەک لە ناوەکەی دەردەکەوێ ئامانجی ئەو کۆمەڵەیە سەربەخۆیی کوردستان بوو. لە ماوەیەکی کورت دا توانی لە ناوچەیەکی پان بەرێنەی باکوری کوردستان دا پەرە بگرێ و

بەهێز بێ. ئەو کۆمەڵە لە کۆنگرەیەک دا پێک هات، کە نوێنەرانی چەندین کۆمەڵەی جیاوازی تێدا بەشدار بوون. کۆمەڵەی تەعالی کوردستان، حیزبی میللەتی کورد، کۆمیتەی ئیستقلالی کوردستان و کۆمیتەی ئیجتماعی کوردستان، لەو کۆنگرەیە دا بەشداریان کرد. هەولێکی گەورە بوو بۆ خڕ کردنەوەی هێزە پرش و بڵاوەکانی گەلی کورد. لەو کۆنگرەیە دا توانرا ڕێککەوتنێکی گەورە بەدەست بهێنرێ و هەموو ئەو کۆمەڵ و حیزبانە لە ژێر ناوی کۆمەڵەی خۆیبوون دا لێک خڕبنەوە. کە ئامانجی ئازاد کردنی کوردستان بوو. لە ڕێبەرایەتی ئەو کۆمەڵەیە دا ئینسانە هەڵکەوتوو بە ناو بانگەکانی ئەو سەردەمە وەک جەلادەت بەدرخان، قودرەت بەگ، ئەکرەم بەگ، جەمیل پاشازادە، نوری پاشا، شاهین بەگ، حەسەن ئاغای جاجو و عارف بەگ بەشدار بوون. ئەو ڕێکخراوە سیاسیە لە ماوەیەکی زۆر کورت دا زۆر بەهێز بوو لە ساڵی ١٩٣٠ دا ڕاپەرینی ئاراراتی وەڕێ خست کە زۆر بەتوند و خێرایی پەرەی گرت. دەوڵەتی تورکیە بە جارێک لەو هیز گرتنەی ڕاپەرین ترسا و تەواوی توانا نیزامیە کانی خۆی خستە کار بۆ تێکشاندنی ئەو ڕاپەڕینە. لە ئەنجام دا ڕاپەڕین سەرکوت کرا و ڕێبەرانی ئاوارەی هەندەران بوون یا شەهید کران. گەورەترین ڕێبەری ئەو ڕاپەرینە، ئیحسان نوری پاشا رای کردە خاکی ئێران و هەتا وەفاتی کرد لەساڵی ١٩٧٦ هەر لەوێ مایەوە.

لە ڕۆژهەلاتی کوردستان ساڵی ١٩٣١ ڕاپەرینێک سەری هەڵدا بە ڕێبەری جەعفەر سوڵتان،ئەوڕاپەرینە پاشماوەی هێندێک گوێنەدانی (سەرپیچی) سەرۆک عەشیرەتەکان بە حکوومەتی ناوەندی بوو نێوەرۆکی سیاسی زۆر روونی نەبوو. کە دیارە هەر لەو ساڵە دا لە لایەن ئەرتەشی ئێرانەوە سەرکوت کرا. ساڵی ١٩٣٣ ڕاپەڕینی بارزان لە باشوری کوردستان بەو پەری خۆی گەیشت. ئەو ڕاپەڕینە لە راستی دا ساڵی ١٩٣١ دەستی پێ کرد بوو. لەو ساڵە دا حکوومەتی عێراق بە بەبیانووی ناکۆکی نێوان بارزانیەکان و هەرکیەکان، هێرشی کردە سەر بارزانیەکان. دیارە پشتوانی لە هەرکیەکان لە بەرامبەر بارزانیەکان دا لە بەر ئەوە بوو کە بارزانیەکان وەک کوردێک خۆیان دێنایە گۆڕێ و دەوڵەت زۆر چاک لە مەبەستی نەهێنی ئەوان ئاگادار بوو. هەر چەندە کێشەی نێوان بارزانیەکان و هەرکیەکان لە سەرە تا دا لایەنی مەزهەبی و شێخایەتی هەبوو،چونکە هەرکیەکان بە سەرۆکایەتی شێخ ڕەشیدی لۆلان بە بیانووی ئەوە ی شەڕیان بە شێخ ئەحمەدی بارزان فرۆشت، کە گۆیا شێخی بارزان بۆتە مەسیحی و لە گەڵ ئاشووریەکان دەستی تێکەڵ کردوە. دیارە ئەوە درۆیەکی بێ ئەم لاو ئەلا بوو کە لە لایەن دەوڵەتی عێراق و ئاغا ئینگلیزەکانیانەوە بڵاو کرا بۆوە. تا بەم جۆرە دووبەرەکی لە نێوان عەشیرەتە کوردەکان پێک بینن و شەڕی عەشیرەیی و برا کوژی خۆش کەن و عەشیرەتی بارزان کە بیرو باوەری کوردایەتی لە نێودا بوو، بە عەشیرەتی هەرکی کە لە باری مەزهەبیەوە زۆر ووشک بوون،تەمبێ کەن. دوژمن کاتێک کە دیتی هەرکیەکان نەیان توانی بارزانیەکان تێک بشکێنن، بۆ خۆی هاتە مەیدان و پاییزی ١٩٣١ هێرشی کردە سەر بارزان، بەڵام ئەم هێرشەش بە توندی تێک شکاو ژمارەیەکی زۆر لە سەربازەکانی عێراقی بەدیل گیران. دوو مانگ پاش هێرشی یەکەم، لە نێوە راستی زستان دا حکوومە تی عێراق هێرشێکی توند و تیژی دیکەی کردە بارزان، کە ئەویش بە توندی تێک شکا.

حکوومەتی عێراق ناچار بوو تا بەهار چاوەروانی بکا. لە بەهار دا دیسان بە دام و دەزگایەکی گەورەی نیزامیەوە و بە پشتیوانی هێزی هەوایی بریتانیا هێرشی کردەوە و ناوچەی شێروانی گرت. بارزانیەکان زۆر قارەمانانە شەڕیان کرد و زە ڕەی زۆریان لە دوژمن دا، بەڵام نە یان توانی پێشی پێ بگرن و لە مانگی خاکەلێوە دا گوندی بارزان گیرا. لە گەڵ ئەوە ش شەڕی پارتیزانی هەر درێژەی کێشا، تا بەهۆی کەوتنی فرۆکەیەکی بریتانیایی و بە دیل گیرانی سەر نشینەکانی ئەو فرۆکەیەوە، ووت و وێژ لە نێوان بارزانیەکان وبریتانیا دەستی پێ کرد و شەڕ ڕاگیرا. ئاخرەکەشی شێخ ئەحمەد ناچار بە چوار سەد کەسەوە پەنای بردە بەر تورکیە. تورکیە ئەوانی بۆ سنوری بۆلغارستان دورخستەوە، بەڵام ساڵی ١٩٣٢ ئازادی کردن. شێخ ئەحمەد و شێخ محەممەد سەدیق و مەلا مستەفا بەپەلە گەڕانەوە بارزان و شەڕێکی پارتیزانی تازەیان دەست پێ کرد کە لە ساڵی ١٩٣٣ بە ئەو پەری خۆی گەیشت و فشاری بۆ حکوومە تی عێراق هێنا. ئەو ڕاپەرینە ساڵی ١٩٣٤ تێک شکا و براکانی بارزانی بە دیل گیران. لە سەرەتا دا لە ناسریە و پاشان لە سلیمانی زیندانی کران، هاوینی ئە و ساڵە مەلا مستەفا لە زیندانی سلیمانی ڕای کرد.

ساڵی ١٩٣٦ تا ١٩٣٨ ڕاپەرینێکی دیکە لە باکووری کوردستان لە دەرسیم سەری هەڵ دا. دەرسیم هەر لە ساڵی ١٩٢٥ەوە یەکێک لە ناوەندەکانی ڕاپەرین لە تورکیە بوو. ساڵی ١٩٣٢ یاسایەک لە تورکیە دەرچوو کە بە پێی ئەو یاسایە دەرسیم بەشێک بوو لە ناوچەی (٤)، واتە ناوچەیەک کە دەبوو بە تەواوی وێران بکرێ و دانیشتوانی ڕاگوێزرێن. ساڵی ١٩٣٦ ناوچەی دەرسیم گەمارۆی نیزامی دراو، فەرماندراری نیزامی"ژینەراڵ ئالیدوغان" دەستی کرد بە لێدانی ڕێگای نیزامی و دانانی پادگان و پایەگا لەو ناوچەیە. پاشان ئاگادارییەکی بڵاو کردەوە کە خەڵکی ناوچە، چەکەکانیان تە سلیم بە حکوومەت بکە نە وە. خەڵکی ناوچەش کە بە باشی ئاگادار بوون کە چ بەسەر ناوچەکانی دیکەی کوردستان هاتبوو، بریاریان دا بەربەرەکانی بکەن. ڕێبەری جووڵانەوە سە ید رەزا، سەرۆک عەشیرەتی "شێخ هەسنان" بوو کە کوریکی بەناوی " برایم" لە گەڕانەوە لە وتو و وێژیک دا، بەدەستی هێزەکانی تورک کوژرا.

بەهاری ١٩٣٧ شەڕێکی توند و تیژ دەستی پێ کرد. حکوومەتی تورکیە ئیمکاناتێکی یەکجار زۆری نیزامی بۆ ئەو سەرکوتکردنە تەرخان کرد بوو. بەڵام خەڵکی ناوچەی دەرسیم هەموو بن دار و بەردێکی ئەو ناوچەیان لە دوژمن کرد بوو بە ئاگر. بەربەرەکانیەک کە لە دەرسیم کرا لە مێژووی پێشووی کوردستان دا وێنەی نەبوو. تەنانەت لەو بەربەرەکانییە دا ژن و منداڵیش بەشدار بوون. دوژمن لە ناکۆکی نێوان عەشیرەتە کوردەکان کەڵکی وەرگرت و بە دەستی خائینێک کە برازای سە ید رەزا بوو بە ناوی "رەهبەر" یەکێک لە گەورەترین ڕێبەرانی جووڵانەوەی بە ناوی (عەلی شێر) کوشت. عەلی شێر سیاسی، ئەدیب، شاعیر و مێشکی نیزامی جووڵانەوە بوو. دیسان شەڕ درێژەی هەر کێشا تا لە ئاخری هاوین دا سەید رەزا بەدیل گیرا. ئێستاش شێوەی بەدیل گیرانەکەی نادیارە. هەر ئەو ساڵە لە مانگی خەزەڵوەردا سەید رەزا لە گەڵ پێنج

کەسی دیکە لە سەرۆک عەشیرەتەکان لە سێدارە دران. دیسانیش شەڕ هەر درێژەی کێشا تا ساڵی ١٩٣٨، تا خەڵکی ناوچەکە چەک و تەقەمەنی یان تەواو بوو.

کوشتاری بە کۆمەڵی خەڵک بە شێوەیەکی زۆر درندانە و بێ بەزەییانە لە لایەن هێزەکانی تورکەوە دەستی پێ کرد. زیاتر لە (٥٠٠٠) کەس ژن و کچی لاو خۆیان لە چۆمی (مونزور) هاویشت تا سەربازانی تورک دەست ڕێژیان پێ نەکەن، بەگشتی زیاتر لە (٤٠) هەزار کەس لە گەلی کورد لەو ناوچەیە دا کوژران و بەم جۆرە جووڵانەوەی دەرسیم سەرکوت کرا.

جینایەتی سەربازانی تورک پاش تێک شکانی جووڵانەوە لە دنیا دا بێ وێنە بوو. خەڵکی ناوچەی دەرسیمیان بە ورد و درشتەوە لە ئەشکەوتەکان دا زیندانی کرد. پاشان ڕێگای هەڵاتنیان لێ گرتن. بەشی هەرە زۆریان بە زێندویی سوتاند، تەواوی ئەو دارستانەی کە خەڵک پەنای بۆ برد بوون، بەخەڵکەکەوە سوتاندیان. بۆ ئەوەی چوار چێوەی جینایەتەکان دەرنەکەوێ، حکوومەتی تورکیە تا ساڵی ١٩٥٠ لە سەرانسەری کوردستان حکوومەتی نیزامی درێژە دا، بۆ بیگانەکان هەتا ساڵی ١٩٦٥چوون بۆ کوردستان قەدەغە بوو. حکوومەتی تورکیە بە شێوەیەکی وەحشیانە لە گەڵ کورد هەڵس وکەوتی کردووە کە بە پێی هەڵسەنگاندنی حیزبی کومونیستی تورکیە لە ساڵی ١٩٢٥ تا ساڵی ١٩٣٨ نزیکەی یەک ملیون و نیو کورد کوژراون یا زیندانی و یان لە زێدی خۆیان دوور خراونەوە.

## بەشی سێهەم

لە وتاری پێشوو دا گەیشتینە ئەو جێگایەی کە لە باکووری کوردستان جووڵانەوەی "دەرسیم" سەرکوت کرا. هەر وەک کوتمان ئەو سەرکوت کردنە حاڵەتێکی زۆر خوێناوی هەبوو.

تا ساڵی ١٩٣٨ نزیکەی یەک ملیون و نیو لە گەلی کورد، زیندانی کران، کوژران، یا لە وڵاتی خۆیان دوور خرانەوە. بەڵام هەموو ئەو جینایەتانە بەکردەوە دژی داگیرکەرانی کوردستان هەڵگەڕانەوە. گەلی کورد بۆ ڕزگاری نیشتمان و گەیشتن بە ئازادی ڕێگای خەباتی درێژە پێدا. بیر و باوەڕی ئازادی خوازانە لە کوردستان پەرەی ئەستاند. لە هەمووی گرنگ تر تا دەهات جووڵانەوەی گەلی کورد زۆرتر ڕەنگی سیاسی بەخۆیەوە دەگرت و بەرنامەی ڕێک و پێک تری بڵاو دەکردەوە. یەکێک لە خاڵە سەرەکیەکانی ئاڵ و گۆڕ لە خەباتی گەلی کورد دا، هەوڵ دان بوو بۆ پێک هێنانی ڕێبەرایەتی بەکۆمەڵ. پێک هێنانی حیزب و ڕێکخراوی سیاسی ئەوتۆ کە ڕێگایان خۆش دەکرد بۆ بەشدار بوونی ڕاستە و خۆی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان لە سیاسەت دا. دیارە پێشتریش ڕێکخراویی سیاسی هەبوون، هەر وەک لە وتارەکانی پێشوو دا باسمان کرد. بۆ

وێنە کۆمەڵەی(خۆیی بوون) بەڵام لەوێدا زۆرتر سەرۆک عەشیرەت، شێخ و کەسایەتیە بەناو بانگەکان دەوریان هەبوو. جگە لەوە لە نێو کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان دا تەشکیلاتیان نەبوو. خرپونەوەی خەڵک لە دەوری ئەو کۆمەڵانە زۆرتر شێوەی تەزاهوری هەبوو. ساڵی ١٩٣٩ لە باشووری کوردستان حیزبی هیوا دامەزرا، رێبەرانی حیزبی هیوا زۆرتر روناکبیرانی کورد بوون. بۆ وێنە (رەفیق حیلمی و مەحموود جەودەت). دیارە ئەو حیزبە لەبەر چەند هۆیەک نەیتوانی گەشە بکا، یەکێک لەوانە هاتنە گۆری کۆمەڵ و حیزبی بەهێزتر و خاوەن بەرنامەتر بوون، کە زۆربەی رێبەرانی حیزبی هیواشیان بۆ لای خۆیان ڕاکێشا.

ڕودانی شەڕی دووهەمی جیهانی هەلێکی تازە بوو بۆ سەرهەڵدانی خەباتی ئاشکرای سیاسی لە کوردستان دا، هەروەها بۆ پەرەگرتنی خەباتی چەکدارانە. دیارە پێش ئەوەش خەباتی سیاسی و چەکداری هەر درێژەی هەبوو. هەر لەو سەرو بەندە دا خەباتی تێکۆشەری مەزن مەلا مستەفا بارزانی لە باشووری کوردستان نەپسا بۆوە. شەڕی پارتیزانی تا ساڵی ١٩٤٥ هەتاهاتە رۆژهەڵاتی کوردستان هەر بەردەوام بوو. بەڵام هەل ومەرجێکی تازە بە هۆی شەڕی جیهانی دووهەمەوە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان هاتە کایەوە، کە بوو بە هۆی ئەوەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ببێتە ناوەندی جووڵانەوەی گەلی کورد. کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان کە بەتەواوی لە رێژیمی ڕەزا شا بێزار ببوون لە ماوەی چەند رۆژ دا هەزاران سەرباز و ئەمنییە یان چەک کرد. لە زۆربەی ناوچەکانی کوردستان دا، بە تایبەتی لە دێهات بە کردەوە کۆتاییان بە دەسەڵاتی دەوڵەتی ناوەندی هێنا بوو. ئەو ئاڵ وگۆڕانە هۆکاری سیاسیشیان بەدواوە بوو. لە ساڵی ١٩٤٢ی زایینی دا کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان (ژ- ک) دامەزرا. یەکەمین کۆبوونەوەی دامەزرێنەری کۆمەڵەی(ژ- ک) لە یازدە کەس پێک هاتبوو، کە یەکێک لەوانە نوێنەری حیزبی هیوا میرحاج ئەحمەد ئەفسەرێکی خەڵکی باشووری کوردستان بوو. پێک هێنانی کۆمەڵەی ژ-ک لەوبارەوە گرنگ بوو کە بۆ یەکەم جار لە لایەن خەڵکی ئاساییەوە، نەک شێخ، سەرۆک عەشیرەت، یا دەرەبەگ، هەنگاو بۆ پێک هێنانی کۆمەڵێکی کوردی هەڵ دەگیرا. کۆمەڵە بیرو باوەرێکی ئازادیخوازانەی کوردایەتی هەبوو. بەرنامەیەکی رێک و پێک کە بتوانی وەڵامدەری هەموو گیرو گرفتەکانی ژیانی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان بێ نەی بوو. بەڵام چەند ئامانجێکی بۆخۆی دیاری کردبوو، کە لە هەموویان گرنگتر وەدی هێنانی مافی نەتەوەیی گەلی کورد بوو. کۆمەڵەی ژ-ک تا رادەیەکێش داخراو بوو. هەر کەس دەبوو بە ئەندام دەبوو سوێندی وەفاداری بخوا، دەبوو نهێنیەکانی کۆمەڵە بپارێزی و لە گەڵ هێچ رێکخراوێکی سیاسی دیکە پەیوەندی نەگرێ.

کۆمەڵە رێگای خەباتی نهێنی بۆ خۆی هەڵبژاردبوو هەر بۆیەش کادرەکانی بە ئاشکرا نەیان دەتوانی بچنە نێو کۆمەڵانی خەڵکەوە و زۆربەی ئەوان بۆ لای خۆیان رابکێشن. کۆمەڵە گۆڤارێکی دەردە کرد بە ناوی "نیشتمان" کە لە وێدا باسی مافەکانی گەلی کورد دەکرا. هێندێک هەڵسەنگاندن لە سەر هێزەکانی جیهان و بارودوخی ئێران و کوردستان دەهاتە گۆرێ.

کە دیارە هەندێ هەڵوێستیان هەڵەی تێدا بوو. بەتایبەتی ئەوەی کە پێیان وابوو بریتانیا دۆستی کوردە و ڕێگای ڕزگار بوون ڕێگای دۆستایەتی لە گەڵ ئەو وەڵاتەیە. چونکە بریتانیا هەر لەو کاتە دا نیشانی دا بوو کە نەک دۆستی کورد، بەڵکوو کۆسپی سەرەکیە لە ڕێگای ڕزگار بوونی کوردستان دا. بۆ وێنە بریتانیا نەخشێکی بەرچاوی هەبوو لە هەڵوەشاندنەوەی پەیمانی سێور کە هێندێک مافی نەتەوەی کوردی سەلماند بوو و پەسند کردنی پەیمانی لۆزان کە بە تەواوەتی مافەکانی گەلی کوردی ژێر پێ خست.

ناتەواوی لە بەرنامە دا، بۆ چوونی هەڵە سەبارەت بە هێزەکانی دەوروبەرو دورە پەرێزی لە کۆمەڵانی خەڵک بوونە هۆی ئەوەی کۆمەڵەی ژ – ک زۆر نەخایەنی و جیگا بۆ پێک هێنانی ڕێکخراوێکی دیکە چۆڵ بکا بە ناوی حیزبی دێموکراتی کوردستان...
ڕۆژی ٢٥ی گەلاوێژ, ١٦ی ئاگوستی ١٩٤٥ی زایینی لە شاری مەهاباد حیزبی دێموکرات کوردستان دامەزرا و بەرنامەی خۆی بڵاو کردەوە.حیزبی دێموکرات هەر لە سەرەتاوە جیاوازی زۆری بوو لە گەڵ کۆمەڵەی ژ – ک. دیارە ئەبێ ئەوەمان لە بیر نەچێ کە زۆربەی ئەندامانی کۆمەڵەی ناوبراو چوونە نێو حیزبی دێموکرات. یا بە واتەیەکی تر حیزبی دێموکرات هەر لە سەر بناغەی کۆمەڵەی ژ – ک دامەزرا.

ڕاست یەک ساڵ دوای دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، واتە لە ١٦ی ئاگوستی ١٩٤٦ دا پارتی دێموکراتی کوردستان لە باشووری کوردستان دامەزرا. کە ئەویش توانی جێگای هەموو ڕێکخراوەکانی پێشووی باشووری کوردستان (دیارە قوناغی تازە) بگرێتەوە. حیزبی دێموکرات هەر لە سەرەتاوە بەرنامەیەکی ڕۆنی بۆ خۆی دیاری کرد بوو. کە یەکەم جار زۆر ساکار و لە چەند خاڵ دا بڵاوی کردنەوە. گرنگترین دیاردەی ئەو حیزبە لە باری سیاسیەوە ئەوە بوو کە شێوەی دابین کردنی مافی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانی باس کرد بوو. شێوەی خودموختاری. دووهەم دیاردەی ئەوە بوو کە حیزبیکی ئاشکرا بوو. لە نێو کۆمەڵانی خەڵک دا بوو. بۆچوونە سیاسیەکانی ئاوێنەیەکی باڵانوێن بوون لە هەل و مەرجی ئەو سەردەمە دا. خەباتی ئەو سەردەمە لە دژی فاشیزم،کە گەلانی دنیای لە یەک نیزیک دەکردەوە، لە بریارەکانی ئەو حیزبە دا بە تەواوی دەردەکەوت.هەروەها بڵاو بوونەوەی بیروباوەری سوسیالیستی و بروا بە هاوکاری گەلان و هێزی کرێکاری وەڵاتە جۆربەجۆرەکانی دنیا،لە بەرنامە و هەڵوێستە سیاسیەکانی ئەو حیزبە دا دەردەکەوتن.

دیاری کردنی مافی گەلی کورد بە شێوەی خودموختاری لەو بۆچوونانەوە سەرچاوە دەگرێ.

با ئاورێک لە یەکەم ڕاگەیەنراوی ئەو حیزبە بدەینەوە:

بەیاننامەی حیزبی دێموکراتی کوردستان:

هاونیشتمانان، برایان:

ئاگری شەڕی جیهانگیر کە بە هۆی دوژمنانی ئازادی و لە ژێر پێنەرانی دێموکراسی هەڵگیرسا بوو،بە باسکی بەهێزی سەربازانی ئازادی و هاوپەیمانانی گەورەی ئێمە کوژایەوە. دینای فاشیستی کە هەوڵی دەدا گەلان و نەتەوەکانی جیهان لە ژێردەستی چەند مل هوڕ و سەرەڕۆ دا یەخسیر بکا، بەشێوەیەکی قەتعی تێک شکا و لێک بڵاو بوو، هەروەها کە چاوەروان دەکرا بۆ ئازادی گەلان و نەتەوەکانی جیهان ڕێگا خۆش کرا.

ئەمڕۆ گەلانی جیهان لە گەورە و بچوک دەیانهەوێ لەو ڕێگایەی کە بەرە و ئازادی خۆش کراوە کەڵک وەربگرن و لەو بەڵێنیانەی کە بە هۆی مەنشوری مێژوویی ئاتلانتیکەوە دراوە سود ببینن و هەڵسوڕاندنی کارو باری خۆیان بەدەستەوە بگرن و چارەنووسی خۆیان دیاری بکەن. ئێمەی کورد کە لە ئێران دەژین ساڵەها و بەڵکو چەندین سەد ساڵە لە پێناوی ماف و دەسەڵاتی مەحەلی خەباتمان کردوە و قوربانیمان داوە. بەداخەوە کاربەدەستانی سەرەڕۆی ئێران بە هیچ جۆرێک حازر نەبوون قسەی حیسیبی ئێمە قەبوڵ بکەن. تەنانەت نەیان هێشتووە ئێمە لەو مافانەش کەڵک وەربگرین کە قانونی ئەساسی بۆ ویلایەتەکانی ئێران دای ناوە و بەردەوام وەڵامی ئێمە گولە و بۆمب و تۆپ و زیندان و تەبعید و یەخسیری بووە. بە تایبەتی لە سەردەمی بیست ساڵەی رەزاخان دا، تەنانەت لە لەبەرکردنی جل و بەرگیش ئازاد نەبوین. بە زۆری سەرە نێزە بە هۆی ئەفسەرانی دزو خائن و تاڵانکەر هەموو ژیان و دارایی ئێمەیان تەفرو تونا کردوە ونەزەریان لە ناموس و شەرەفی ئێمە بووە و لە هیچ سپڵەیی و درندەییەک خۆیان نەپاراستووە. ئاخر ئێمەش ئینسانین، ئێمەش مێژوو، زمان و شوێنەواری خۆمان هەیە، کە لامان خۆشەویستن. بۆچێ ناتوانین لە مالی خۆمان دا ئازاد و مختاربین؟ بۆچێ ڕێگا نادرێ منداڵانی خۆمان بەزمانی کوردی پەروەردە بکەین؟ بۆچێ نایەڵن کوردستان ولایەتێکی خودمختار بێ و لە لایەن ئەنجومەنی ویلایەتیەوە ئیدارە بکرێ کە قانونی ئەساسی دیاری کردوە؟.

هاونیشتمانانی بەرێز دەبێ بزانن حەق نادرێ، حەق وەردەگیرێ. ئێمە دەبێ بۆ وەرگرتنی ماف و دەسەڵاتی نەتەوەیی و مەحەلی خۆمان خەبات بکەین. ئەو خەباتە یەکیتی و یەکڕەنگی پێویستە. بۆ ئەم مەبەستە پیرۆزەیە حیزبی دێموکراتی

کوردستان دامەزراوە و دەستی بەکار کردوە. ئێوە هاونیشتمانانی خۆشەویست دەبێ چاو و گوێی خۆتـان بکەنـەوە و لـە دەوری حیزبی نەتەوەیی خۆتان کۆببنەوە و لە پێناوی وەرگرتنی مافی ڕەوای نەتەوەیی خۆتان فیداکاری بکەن. حیزبـی دێموکراتی کوردستان ڕێبەرو نوێنەری ئێوەیە. تەنیا لە ژێر ئاڵای ئەوە کە نەتەوەی کورد لـە مەترسی تـەفرو تونـابوون رزگـار دەبـێ و هەبوون و نامووس و شەرەفی نەتەوەیی خۆی دەپارێزێ و دەتوانی لە نێو سنوری دەوڵـەتی ئێـران دا خودمختـاری نەتـەوەیی خۆێ وەدەست بێنێ.

هاونیشتمانان، ئێمە بێجگە لـە مـافی ڕەوا و ئینسـانی خۆمـان هیچمـان نـاوێ. دروشمەکانی ئێمـە لـە بەنـدەکانی خـوارەوە دا خۆلاسە کراون. بیان خوێننەوە و هەموو گەلی کورد فەرد فەریان تێ بگەیەنن. ئەوە

**دروشمەکانی ئێمەن:**

١- نەتەوەی کـورد لـە نێـو خـۆی ئێـران دا بـۆ هەڵسـوراندنی کـار و بـاری مـەحلی خـۆی سەربەسـت و- ئـازاد بـێ و لـە سـنوری دەوڵەتی ئێران دا خودمختاری خۆی وەدەست بێنێ.
٢- مافی خوێندنی بەزمانی زکماکی خـۆی هـەبێ و تـەواوی کـار و بـارە ئێداریـەکان بـە هـۆی زمـانی کوردیـەوە بـەڕێوە بچـن. لەسەر بناغەی قانونی ئەساسی، ئەنجومەنی ویلایەتی کوردستان بەزوویی هەڵبژێردرێ و بە هەموو کاروباری کۆمەڵایـەتی و دەوڵەتی ڕابگا و چاودێریان بەسەر دا بکا.
٤- کاربەدەستانی دەوڵەت دەبێ بەبێ قسە لە خەڵکی ناوچەکان بن.
٥- دەبێ لە سەر ئەساسی قانونێکی گشتی لە نێوان لادێیی و خاوەن ملک دا ڕێک کەوتنێک پێک بهێنرێ و دوارۆژی هـەر دوو لا دابین بکرێ.
٦- حیزبی دێموکراتی کوردستان تێدەکۆشێ کە لە خەبات دا بە تـایبەتی لە گەڵ نەتەوەی ئـازەری و کەمایەتیـەکانی تـر دا کە لە ئازەربایجان دەژین، ئاسۆریەکان و ئەرمەنیەکان و هی دیکە، یەکیتی و برایەتیەکی تەواو پێک بهێنی.
٧- حیزبی دێموکراتی کوردستان، بە ئامانجی بەرە و پێش بردنی کشت و کاڵ و بازرگـانی و پەرەپێـدانی فەرهـەنگ و لـەش ساغی و باشتر کردنـی ژیـانی ئـابوری و مەعنـەوی گـەلی کـورد، دەست دەکـا بـە سـوود وەرگـرتن لـە سامانەکانی سروشـتی و کانگاکانی کوردستان. وە لەم ڕێگایەوە تێدە کۆشێ.
٨- ئێمە دەمانەوێ بە تەواوی گەلەکانی ئیران هەلی تێکۆشانی بە ئازادیان بدرێتێ بۆ بەختەوەری و پێشکەوتنی نیشتمانی خۆیان.



سەرچاوە
Serchawe

**بەشی دووهەم**

ئەو بەیاننامە کە برنامەی حیزبی دێموکرات بووە لەوسەردەمە دا، پێشکەوتنێکی زۆری تێدایە بە نیسبەت بەرنامە و ویستەکانی رێکخراوەکانی پێش خۆی. لە چاو سەردەمی خۆی دا بەباشی فورمولە کراوە و داخوازە بناغەییەکانی گەلی کورد و گەلانی دیکەی ئێرانی تێدایە. دیارە بەرنامەکە زۆر بە کورتی ئامادە کراوە، نەچۆتە نێو وردەکاری لە شێوەی بەرێوەبردنی دا و هەروەها چارەسەری زۆر گیرو گرفتی کۆمەڵایەتیشیٚ تێدانیە. زۆر بە کورتی ئیشارە بە مەسەلەی زەوی و زار، بە چۆنیەتی گەشە کردنی فەرهەنگ، بەچۆنیەتی دابەش بوونی داهات و شێوەی بەرەو رووبون لە گەڵ کەمە نەتەوەییەکانی کوردستان دەکا.

بەڵام لەو سەردەمیش دا زۆر گران بوو باس لەوانە بە وردی بکرێ. ئەوکاتی هێشتا دەرەبەگایەتی لە کوردستان دا بە هێز بوو، هێشتا کادر و ئیمکاناتی فەرهەنگی زۆر کەم بوو و هێشتا زۆر مەسەلەی کۆمەڵایەتی نەدەکرا باسیان لێ بکرێ.

دیارە ئەو حیزبە لە کۆنگرەکانی دوایی دا بە پێی بیرو باوەڕی خۆی وەڵامی ئەو شتانەی داوەتوە. بەرنامەی ئەو حیزبە لە کۆنفرانسی سێ دا جارێکی دیکە لە ژێر رێبەری دوکتورقاسملوو دا دارێژرایەوە کە خودمختاری بۆ کوردستان و دێمۆکراسی بۆ ئێران دیسان وەک دروشمی ستراتیژیک لە بەرنامە دا هێنایەوە. دیارە لە کۆنگرەی ١٣ی ئەو حیزبە دروشمی خودمختاری گۆڕاوە بە فیدراڵی، هەر چەند رۆحی بەرنامەکە گۆڕانێکی ئەوتۆی بە سەر دا نەهاتووە.

بەهەر حاڵ خەباتی سیاسی گەلی کورد پێی نایە نێو قۆناغێکی تازەوە. قۆناغێک کە ویستی فورمولە کراوی تیدا بوو کە هەڵویستی خۆی بەرامبەر وەڵاتانی دراوسێی کوردستان و بەرامبەر جیهان دەربڕی .

**بەشی چوارەم**

دروست بوونی حیزبی دێموکراتی کوردستان، کە بەرنامەیەکی ڕوونی سیاسی هەبوو، پاک کرانەوەی بە شێک لە رۆژهەڵاتی کوردستان لە هێزەکانی حکوومەتی و هەل و مەرجی نێو خۆیی و نێونەتەوەیی،

ئەو هەلەیان رەخساند کە لە رۆژی ٢٢ی ژانویەی ١٩٤٦دا کۆمارێکی نیشتمانی کورد، بە سەرۆکایەتی پێشەوا قازی محەممەد لە رۆژهەڵاتی کوردستان دامەزرێ.

کۆماری کوردستان لە راستی دا یەکەمین حکوومەتی چەرخی تازە بوو،جیاوازی لە گەڵ دەسەڵاتە ناوچەییەکانی کوردیی

پێشوو ئەوە بوو کەلە سەر بناغەی سیستمێکی دێموکراتی دامەزرا بوو لە لایەن حیزبێکەوە نەک یەک کەس، بەرێوە دەچوو . بە پیچەوانەی ئیمارەتە کوردیەکان و حکوومەتە کوردیەکانی پێشوو. کۆماری نیشتمانی کوردستان هەر چەندە تەمەنی کورت بوو، بەڵام لەو کاتە دا گەڵێک دەسکەوتی بە نرخی بۆ گەلی کورد بە دەست هێنا.

بۆ یەکەمین جار لە مێژووی تازە دا گەلی کورد هەستی بە رزگاری دەکرد و لە مافە ڕەواکانی نەتەوەیی خۆی کەڵکی وەر دەگرت. زمانی کوردی بوو بە زمانی فەرمی خوێندن و نوسین لە کوردستان دا. قوتابخانەی کوردی لە سەرانسەری ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی کۆمار دا کرا نەوە. گۆڤار و رۆژنامەی کوردی دەرچون، و فەرهەنگی کوردی گەشەی پێ درا. کۆماری کوردستان بوو بەهۆی دەرکەوتنی چەندین ڕوناکبیر وئەدیبی کورد بە بیر و باوە ڕی پێشکە وتنخوازانە و گەڵێک لەو کەسانە تا ئەم ساڵانەی دواییش، وەک ئەستێرەیەک لە ئاسمانی ئەدەبی کوردی دا دەدرەوشانەوە و زۆر ڕێبەری سیاسیش لە قوتابیەکانی کۆماری نیشتمانی کوردستان هەڵکەوتن. بۆ یەکەم جار بە هۆی کۆماری نیشتمانی کوردستانەوە، پەیوەندی ئابووری و بازرگانی لە گەڵ دەرەوە گیرا و کوردستان ڕاستە و خۆ لە گەڵ بازاری دەرەوە دا ئاڵ وگۆڕی کرد. سوپای نیشتمانی کوردستان دامەزرا و پێشمەرگە وەک پارێزەری هەتا هەتایەی گەلی کورد لە توانەوە، لەو سەردەمە دا لە دایک بوو. جگە لە هەموو ئەوانە، گەلی کورد نیشانی دا کە بە پێچەوانەی پروپاگەندەی دوژمنان، توانای بەرێوەبردنی کار و بارەکانی خۆی هەیە و کوردستان زۆر باش دەتوانی لە سەر پێی خۆی راوەستێ، ئەگەر ئازادی بە دەست بێنێ. چونکە لەو سەردەمە دا بە ئاسایش ترین ناوچەی ئێران ئەو ناوچەیەی کوردستان بوو کەلە ژێر دەسەڵاتی کۆمارە ساواکەمان دا بوو. هەر چەندە لە بەشەکانی دیکەی ئێران دابڕا بوو لە ڕاستی دا کۆمارێکی بێ بودجە و ئیمکاناتی ئابووری بوو. دزی و تاڵان لە ناوچەکانی دیکەی ئێران ببوو بە شتێکی ئاسایی رۆژانە، بەڵام لە ناوچەی ژێر دەسەڵاتی کۆمار دا ئەمنیەتێکی تەواو هەبوو. خەڵک زۆرتر خەرێکی خۆپەروەردە کردن بوو، گەلێکی تینو بەسەر کانیاوێکی روون دا کەوت بوو، دەیویست بە باشی کەڵکی لێوەر بگرێ.

## کابینەی کۆماری کوردستان لەو کەسانە ی خوارەوە پێک هاتبوو:

١- پێشەوا قازی محەممەد سەرۆک کۆمار

٢- حاجی بابە شێخ سەرۆک وەزیران.

٣- محەممەد حوسینی سەیفی قازی وەزیری بەرگری و جێگری سەرۆک کۆمار.

٤- مەلا حوسینی مەجدی وەزیری داد پەروەری

٥- ئەحمەد ئیلاهی وەزیری بازرگانی.



سەرچاوە
Serchawe

| | |
|---|---|
| ٦- محەممەد ئەمین موعینی | وەزیری ناوخۆ. |
| ٧- کەریم ئەحمەدیان | وەزیری پۆست و تێلگراف. |
| ٨- عەبدولرەحمان ئیلخانی زادە | وەزیری دەرەوە. |
| ٩- مەناف کەریمی | وەزیری فەرهەنگ. |
| ١٠- سەدیق حەیدەری | وەزیری تەبلیغات. |
| ١١- خەلیل خوسرەوی | وەزیری کار. |
| ١٢- حاجی مستەفا داودی | وەزیری ئابووری |
| ١٣- سمایل ئیلخانی زادە | وەزیری ڕێگاوبان. |
| ١٤- مەحموود وەلی زادە | وەزیری کشت و کاڵ |
| ١٥- سەید محەممەد ئەیبوبیان | وەزیری تەندروستیِ |

مەبەستە بوو کە بۆ گەلانی ئێران کۆماری جیاوازی نەتەوەیی پێک بێ و هەمووشیان پێکەوە ئێرانێکی دێموکراتی و پێشکەوتوو پێک بێنن. بە پێچەوانەی بۆچوونی شوڤێنیستەکانی ئێرانی کە بە زۆر دەیان هەویَ گەلی کورد بە جیاوازی خوازپێناسە بکەن، و بە پێچەوانەی ئەو کوردانەی شەو و ڕۆژ پاکانە دەکەن بۆ ئەوەی ئەو تاوانە!! گەورەیە لە سەر گەلی کورد بشۆنەوە، کۆماری نیشتمانی کوردستان، نە حکوومەتێکی تەواو سەربەخۆ بوو، نە ئۆرگانێکی خودمختار. کۆماری نیشتمانی کوردستان، لە گەڵ کۆماری ئازەربایجان دوو کۆڵەکەی دەوڵەتی یەکیەتی گەلانی ئێران بوون کە بە دەستی ڕێژیمی کۆنەپەرست و دژی گەلیی پاشایەتی لە نێو بران وخەونی ئێرانێکی دێموکراتی بە یەکیەتی ئارەزوومەندانە ی گەلانی جۆربەجۆری ئێرانەوە، لە خاک و خوێن دا کۆتایی هات. ئێستاش سوڤێنیزمی ئێرانی بە هەموو توانایەوە هەوڵ دەدا بوونی گەلانی جۆربەجۆر لە ئێران دا ئینکار بکا. چ دارو دەستەی دەسەڵاتدار بە نێوی ئیسلامەوە بێ و چ ئەوانەی بەخاتری شەڕی دەسەڵاتەوە خۆیان لە نێو هێزەکانی ئۆپوزیسیون چەپاندووە، لە سەر مەسەلەی گەلانی ژێر دەست لە ئێران دا یەک ئامانج و یەک بۆچوونیان هەیە. تەنیا ئامرازێک کە کەڵکی لێوەردەگرن جیاوازە. بەشێک دەی هەویَ بوونی گەلانی جیاواز لە ژێر پەردەی ئیسلام دا بشارێتەوە، بەشێکی تر بەناوی میللەتی ئێران!! ئەو ڕاستیە زەقە دەشارێتەوە، بۆ وێنە ئاغای "حاجی سید جوادی" کە خویَ کرد بوو بە ئاڵا هەڵگری داکۆکی لە "میللەتی ئێران"، بۆ سەلماندنی بیرو رای خۆی پەنای بۆ دەلیل و بەڵگەی زۆر سەیر و سەمەرە بردووە ئەو لە ژمارەی ١١ی" راه ازادی ئۆرگانی حزب دموکراتیک مردم ایران"دا دەڵێ :"ئەگەر بوونی قەوم و نەتەوە جیاوازەکانی ئێران پەسند بکەین و بەراستی بزانین، بەبێ شاردنەوە دەبێ بی سەلمینین کە شتێک بە ناوی میللەتی ئێران لە گۆڕێ دا نیە." ئەو شۆڤێنێستە ئێرانیانە هاتوون لە نەبوونی شتێکیان دروست کردووە، نەتەوەی ئێران. پاشان ئەوەیان کردۆتە بناغە بۆ ڕەت کردنەوەی راستیەکی ئاشکرا "نەتەوەکانی ئێران".

دیارە درۆ و ڕاستی پێکەوە یەک ناگرنەوە. ئێران یا لە چەند نەتەوە پێک هاتووە، یا تەنیا یەک نەتەوە . ئەو شۆڤێنیستانە دەیان هەوێ لە بەرامبەر دوو مەسەلەی ڕوون و ئاشکرا دا، خۆیان گێل کەن و چاو بنوقێنن. یەکەم ئەوەی کە ئێران وەڵاتێکی فرە نەتەوەیە، فارس،تورکی ئازەری،کورد، بلوچ، تورکەمەن و عەرب و هێندێک کەمایەتی تر لە ئێران دا دەژین. دووهەم ئەو نەتەوانە هەر کام بەشێکیان کەوتوونەتە نێو وڵاتی دیکەوە. لە ڕاستی دا زۆربەی نەتەوەکانی ئێران خاکەکەیان دابەش کراوە و تەنیا بەشێکی بەر ئێران کەوتووە. کە وابوو تۆ بەچ پێنەو پەرۆیەک دەتوانی لە چەند نەتەوەی جیاواز هەر یەکەی بەشێکیان لێ هەڵگری** بەتایبەت ئەگەر هەر کام لەو نەتەوانە تایبەتمەندی خۆیان پاراستبی. بەکۆرتی زۆرجار ڕووداوەکانی وەک دامەزرانی کۆماری نیشتمانی کوردستان، لە ژێر هێندێک بیرو رای جیاواز دا لێڵ دەکرین. بۆیە بە پێویست زانرا زۆر بە کورتی چاوێک لەو جۆرە بیرورایانە بکرێ. ڕووداوی مێژوویی وەک دامەزرانی کۆماری کوردستان پێویستە چۆن بووە، وا هەڵسەنگێنرێ. بە خاتری بۆچوونی تایبەتی، ڕاستی نەشاردرێتەوە. بۆ وێنە ئەگەر کوردێک لایەنگری سەربەخۆیی کوردستانە و پێی خۆش بوو کۆماری کوردستان، کۆمارێکی سەربەخۆ بووایە، نابێ ئێستا ڕوی راستەقینەی مێژوو بشارێتەوە. هەروەها ئەگەر بەخاتری ڕێبازی سیاسی خودمختاری خوازە، نابێ کۆماری نیشتمانی بکاتە وێنەیەک بۆ هەڵوێستە سیاسیەکەی خۆی.

بەهەرحاڵ بۆچوون و هەڵوێستی جۆراوجۆر هیچ لە نرخی کۆماری نیشتمانی کوردستان کەم یا زیاد ناکەن. ئەوەی جێگای باس کردنە ئەوەیە کە بەداخەوە ئەو دەسکەوتە گەورەیەی گەلەکەمان تەمەنی زۆر کورت بوو. ڕەنگە ئەگەر تا ئێستا بمابایە کلیلی چارەسەری مەسەلەی نەتەوەی کوردی بەدەستەوە بوایە. رەنگە لە مێژ بوایە گیروگرفتی گەلەکەمان چارەسەر بکرایە و کوردستان ئێستا یەکێک لە وڵاتە پێشکەوتوو، خۆش بەختەکان بووایە. بەڵام دوژمنی سوێندخۆری گەلی کورد،نوێنەری شۆڤێنیزمی پاوان خواز، ڕیژیمی پاشایەتی نەی هێشت گەلەکەمان بە ئاواتی لە مێژینەی بگات و بەهاوکاری ئاغاکانی دەرەوە. ڕۆژی ٢٦ی سەرماوەز، ٦ی ژانویەی ١٩٤٧ی زایینی، بەداگیر کردنی شاری مەهاباد کۆتایی بەتەمەنی ئەو کۆمارە ساوایە هێنا. ڕۆژی ١٠ی خاکەلێوە، ٣٠ی مارسی ١٩٤٧ی زایینی، پێشەوا قازی محەممەد سەرۆک کۆماری کوردستان، بە دەستی دوژمنانی گەلی کورد، داخ لەدڵان و دوژمنانی سوێند خواردوی نەتەوەی کورد لە گەڵ سەیفی قازی و سەدری قازی لە مەیدانی چوار چرای مەهاباد لە سێدارە دران.

### هۆیەکانی روخانی کۆماری نیشتمانی کوردستان گەلێکن. بەڵام گرنگترینیان:

#### ١- هۆی ناوخۆیی:

کۆمارەکە هێشتا بەباشی خۆی نەگرت بوو و لاواز بوو کە هەل ومەرجی نێو نەتەوەیی بە زیانی ئەو گۆڕا. زۆربەی



سەرچاوە
Serchawe

ڕۆژهەڵاتی کوردستان هێشتا هەر لە ژێر دەسەڵاتی دەوڵەتی ناوەندی دا بوو. خەڵکی کوردستان بە گشتی لە باری فەرهەنگی و کۆمەڵایەتییەوە لە دووا بوون. گرنگی کۆمار بۆ زۆربەی خەڵک ڕوون نەبوو، سەرۆک عەشیرەت و دەرەبەگەکان زۆربەیان بە دڵ دژی کۆمارەکە بوون. ئەوان لەوە دەترسان بە جێگیر بوونی کۆماری نیشتمانی کوردستان، ملک و دەسەڵاتی بنەماڵەیان بکەوێتە مەترسیەوە. بە تایبەت کە کۆماری کوردستان پەیوەندی لە گەڵ دنیای سۆسیالیستی باش بوو. کاربەدەستانی کۆمار بێ تاقی کردنەوە بوون، بەتایبەت لە کاری بەرگری و نیزامی دا، هەر چەندە لەو کاتی دا بەڕێز و خوالێخوش بوو سەرۆک بارزانی، سەرۆکی بەشی پێشمەرگە بوو. بەڵام ئەویش نەیتوانی سەرنجی هەمووان بۆ لای بەرگری ڕاکێشێ. دەبێ ئەوەمان لەبەر چاو بێ کە بارزانیەکان لەژێر ڕێبەرایەتی سەرۆک بارزانی دا زۆر قارەمانانە شەڕیان کرد و خۆشیان هەربەدەستەوە نەدا. جگە لەمانە کۆمارەکە لە باری ئابوورییەوە زۆر لاواز بوو، هێشتا نەیتوانیبوو سیستمی ئابووری دامەزرێنی و سەر و سامان بە دوخی کوردستان بدا. لە سە ر هێندێک لە کار بەدە ستانی کۆماریش ڕە خنە گیراوە، کە دیارە پێویستی بە لێکۆڵینە وە ی زیاتر هە یە و لە چوارچێوە ی ئەم وتارە کورتە دا ناگونجێ .هەروەها دواکە وتویی باری کۆمەڵایەتی و ساویلکە یی خەڵک لەو سەردە مە دا بە هۆکاری زۆر گرنگ دە ژمێردرێن.

**٢- هۆیەکانی دەرەوە:**

گرنگترین هۆیەکانی دەرەوە بریتین لە: چوونە دەری هێزە هاوپەیمانەکان لە ئێران، بەدوای کۆتایی هاتنی شەڕی جیهانی دووهەم دا. پشتیوانی کردنی ئامریکا و بریتانیا و فەرانسە لە دەوڵەتی ناوەندی و پەیمانی نێوان سوڤیەت و ئێران لە باری ئابوورییەوە. سوڤیەت وەک وەڵاتێکی سوسیالیستی، و داکۆک و لایەنگری گەلانی ژێر دەست لە قەڵەم دەدرا و حیسابێکی زۆری لە سەر دەکرا،کە چی بەخاتری بە دەست هێنانی ئیمتیازی نەوت، پشتی لە جووڵانەوەی گەلی کورد و گەلانی دیکەی ئێران کرد.

دیارە دەبێ ئەوەش لەبەر چاو بێ کە دوژمنانی کورد لە وڵاتانی تورکیە، سوریا و عێراق دامەزرانی کۆمارێکی کوردیان بە دڕکی چاوی خۆیان دەزانی و هەمیشە هەوڵیان بۆ لە نێوچوونی دەدا. بەم جۆرە کۆماری نیشتمانی کوردستان تەنیا یازدە مانگی خایاند و بە جوانە مەرگی سەری نایەوە. بەڵام ڕیشەی لە دڵی هەر کوردێکی دڵسۆزدا داکوتا و بوو بە سەرەتای دەست پێ کردنی قۆناغێکی تازەی خەبات بۆ ڕزگاری. قۆناغێک کە جووڵانەوەی گەلی کوردی بەرە و ڕێرەوێکی سیاسی تر، دێموکراتی تر و تەشکیلاتی تر هاندا. بەڵام بە ڕوخانی کۆماری نیشتمانی کوردستان بارزانیەکان بە سەرۆکایەتی مستەفا بارزانی نەمر،نەتەنیا ڕادەستی دوژمن نەبوون بەڵکو درێژەیان بە شەڕ دا و لە گەڵ هێزەکانی ئێرانی کەوتنە شەڕێکی خەست و نابەرابەرەوە. ئامریکا لەو شەڕە دا بە دانی چەک و کارناسی نیزامی یارمەتی هێزەکانی ئێرانی دا و تەنانەت



سەرچاوە
Serchawe

باڵوێزی ئامریکا "ژۆرژ ئالین" بۆ خۆی لە گەڵ " رەزم ئارا " سەرۆکی ستادی ئەرتەشی ئێران سەری لە بەرەکانی شەڕی کوردستان دا.*

بارزانیەکان بەربەرەکانی یەکی قارەمانانەیان کرد. تەنانەت سەرۆکی ستادی ئەرتەشی ئێران گووتی کە لەشکری تازەی ئێران تا ئێستا لە گەڵ دوژمنی هێندە بەهێز شەڕی نە کردووە. شا فەرمانی دا کە بە هەموو هێزێکەوە لە بارزانیەکان بدرێ، لە فرمانی رۆژی ٢٩ی رەشەمە، ٢٠ی مارسی ١٩٤٧ی زایینی دا دەڵێ: " بەفرۆکە تەواوی بنکەکان و رێبازی کۆچی ماڵە بارزانیەکان (یانی ژن و منداڵ...) و هەروەها توپخانەکەیان بۆمباران بکەن. دەبێ تا ١٥ی خاکەلێوە، ٤ی ئاوریلی ١٩٤٧ی زایینی شەڕ کۆتایی بێ و کارێکی وا بکەن کە بارزانیەکان نەتوانن دەربازبن، ولەوە زیاتر ئابڕوی لەشکر بچێ. "**

بارزانیە قارەمانەکان پاش ئەوەی زیانێکی باشیان لە لەشکری ئێران دا، گەرانەوە باشووری کوردستان ، کە لەویش نوری سەعید بە ئاگر و ئاسن پێشوازی لێ کردن. ئەوانیش ناچار پیر و پەککەوتە و ژن و منداڵیان لە ناوچەی بارزان بەجێ هێشت و بۆ خۆیان کە نزیکەی (٥٠٠) پێشمەرگە دەبوون لە ژێر سەرکردایەتی مستەفا بارزانی دا بە سنوری تورکیە دا دیسان هاتنەوە رۆژهەلاتی کوردستان. حکوومەتی ئێران لەشکرێکی دە هەزار کەسی و توپ و فرۆکە بە هەموو جورە چەکێکەوە، بۆ شەڕ لە گەڵ بارزانیەکان تەرخان کرد. لە گەڵ ئەوەش بارزانیەکان بە یارمەتی گەلی کورد زۆر مەردانە خۆیان راگرت وتوانیان ماوەی(٣٠٠) کیلومەتربەشەڕی سەرکەوتوانەوە، رێگا ببڕن. پاش چەندین شەڕی سەرکەوتوانە و قارەمانانە لە گەڵ لەشکری ئێران، توانیان خۆیان بگەیەننە چۆمی (ئاراز)، لەوێ بپەرنەوە و ببنە پەنابەری دەوڵەتی یەکیەتی سۆڤیەت. بارزانی نەمر بەو بەربەرەکانیەی لە گەڵ لەشکری ئێران، نەخشەی رێبەریی داهاتووی خۆی بۆ جووڵانەوەی گەلی کورد کێشا.

هەرچەندە بۆ ماوەیەک ناچار بوون لە یەکیەتی سوڤیەت دا بە پەنابەری بژین و چەک دانێن، بەڵام شوێنێکی گەورەیان لە سەر دڵ و دەرونی هەر کوردێکی دڵسۆز دانا. بە جۆرێک کە بچوکترین هەلی سیاسی لە کوردستان دەی توانی بارزانی بکاتە رێبەرێکی گەورە و بەرێز لە لای گەلی کورد. بارزانیەکان تا شۆرشی ١٤ی تەموزی ١٩٥٨ لە یەکیەتی سوڤیەت مانەوە. پاش شۆرشی ١٤ی تەموز بارزانیەکان گەڕانەوە عێراق. پارتی دێموکراتی کوردستانی عێراق کە لە ١٦ی ئاگوستی ١٩٤٦ دا دامەزرا بوو، بەرێبەری چەند کەسێکی وەک هەمزە عەبدوڵڵا و برایم ئەحمەد، هەر لە چالاکی دا بوو. کە لە دوایی دا سەرۆکایەتی پارتی درا بە بارزانی و سەرەتای قۆناغێکی تازە لە خەباتی گەکی کورد لە باشووری کوردستان دەستی پێ کرد. لە بەشەکانی داهاتوو دا بە درێژی باسی ئەو قۆناغە تازەیە دەکەین.



سەرچاوە
Serchawe

بەشی دووهەم

* کوردستان و کورد لاپەرە ٩٢ دوکتور قاسملو. ئەویش بە نەقڵ لە ف.ستیپیانوف" گۆڤاری رۆژگاری تازە ژمارە ٣٤، ٨ی ژوئیەی ١٩٤٩.

** هەمان سەرچاوە بە نەقڵ لە ن.پیسان " ازمهاباد خونین تا کرانەی رود ارس" لاپەرە ١٠٣

بەشی پێنجەم:

هەر وەک لە بەشی پێشوو دا باس لە سەر هەڵدانی شۆرشی ١٤ی تەموز لە عێراق ساڵی ١٩٥٨ کرا. جووڵانەوەی رزگاریخوازی گەلی کورد، بە تایبەت لە باشووری کوردستان پێی نایە قۆناغێکی تازەوە. پارتی دێموکراتی کوردستان کە پێشتریش بە نەهێنی چالاک بوو، لە سەردەمی شۆرش دا بە جارێک پەرەی گرت. بە تایبەت بە گەرانەوەی خوالێخۆشبوو مەلا مستەفا لە یەکیەتی سوڤیەت و یەکگرتنی ئەو لە گەڵ حیزب و تەنانەت وەئەستۆ گرتنی رێبەری حیزب، هێزێکی تازە هاتە بەر ئەو پارتە و بە تەواوی خۆی گرت.

ساڵی ١٩٥٨ تا ساڵی ١٩٦١ زۆربەی کۆمەڵانی خەڵک لە عێراق بە کورد و عەرەب و کەمایەتیەکانی دیکەوە، بە خەیاڵی دنیایەک بەڵێنی خۆشەوە سەریان گەرم بوو. هەر چەند بچوکترین دەسکەوتی شۆرشی ١٩٥٨ ئەوە بوو کە رۆحێکی تازەی سیاسی وەبەر عێراق هاتەوە و حیزب و رێکخراوەی سیاسی بوژانەوە و دامەزران و یەکیەتیو سەندیکای سینفی سەریان هەڵ دا، بەڵام بەڵێنە گەورە گەورەکان جێ بە جێ نەکران و زۆر مەسەلەی سیاسی و کۆمەڵایەتی هەر وەک خۆیان مانەوە. مەسەلەی کوردیش وەکو یەکێک لە مەسەلە گرنگەکانی عێراق هەر بە چارە سەر نەکراوی مایەوە. دیارە هێندێک هەنگاوی چکۆلەی باش بەرەو چارەسەری ئەو مەسەلەیە هەلێنرانەوە. بۆ وێنە بەندی ٣ لە قانوونی ئەساسی کاتی کە رایگەیاند " عەرەب و کورد لەم وەڵاتە دا شەریکن " یا هەڵوەشاندنەوەی پەیمانی بەغدا و رێگا دان بە گەرانەوەی ئاوارە کوردەکان، بە تایبەت بارزانیەکان لە سوڤیەت.

بەڵام بەرە بەرە رێگای توند و تیژ دەگیرا و تەنانەت دەست درێژی دەکرایە سەر ئازادی کاری سیاسی. رۆژنامە و گۆڤارە عەرەبیەکان، کوردیان بە جیاوازیخواز تاوانبار دەکرد. بورژوازی عەرەب لە ترسی لە دەست دانی ئیمتیازاتی بازرگانی خۆی هێرشی دەکردە سەر کورد. ئەگەر کورد و عەرەب بە راستی لە بەرێوە بردن و خێر و بەرەکەتەکانی عێراق دا شەرێک بونایە، بێگومان بورژوازی کوردیش بەشی خۆی لە داهاتی عێراق پێ دەبرا و ئەوەش بۆ بوروژازی و شوونیزمی عەرەب قوت نەدەدرا. لەو سەردەمە دا گەورەترین تاوان ئەوە بوو کە گەلێکی ژێردەست خەبات بکا بۆ بەدەست هێنانی مافی دیاری کردنی چارە نووسی خۆی. بە تایبەت ئەگەر ئەو گەلە چارە نووسی خۆی لە جیابوونەوە و پێک هێنانی دەوڵەتی سەربەخۆ



سەرچاوە
Serchawe

دا بدبایە. بیرو بۆچوونێکی ئەوتو لە لایەن ڕاستەکانەوە بە بەهانەی دابەش بوونی نیشتمان! ولە لایەن چەپەکانەوە بە بەهانەی پارچە بوونی هێزی کرێکار!! بە توندی رەت دەکرایەوە. هەر بۆیە بورژوازی و شووینیزمی عەرە ب ڕاست ئەو چەکەیان دژی کورد بە کار هێنا. ئەو هێرشانە بۆ سەر جووڵانەوەی گەلی کورد لە عێراق، بەهانەیەکی باشیان دایە دەست کاربەدەستان کە بە بیانوی (جیاوازی خۆازی) لە بەهاری ١٩٦١ دا بەرە بەرە رۆژنامە و گۆڤارە کوردیەکان قەدەغە بکەن.

ئەو هەنگاوانەی حکوومەتی عێراق لە دژی گەلی کورد، زۆرجار بەنارەزایی دەربڕین و خۆپیشاندان وەڵامیان درایەوە. تا لە یەکی ئەیلولی ١٩٦١ دا هەوەڵین بڵێسەی شۆرشی چەکداری سەری هەڵ دا، وبە جۆرێک پەرەیٚ ستاند کە لەو سەردەمی دا بو بە شۆرشی زۆربەی نیزیک بە تەواوی کۆمەلانی خەڵکی باشووری کوردستان.

ئەو شۆرشە چەکداریە کە وەختێک بۆ سەرانسەری کوردستانی داگیرکراو تیشکی داویشت، بە زۆر هەوراز و نشێو دا تێپەری و گەلێک چاک و خەارپی تێکەڵ کردن، تائاخرەکەی بە داخێکی گرانەوە بە تراژیدیایەکی زۆر دڵ تەزێن دوایی هات و چرای تەمەنی کوژایەوە. بە پێویستی دەزانم لێکولێنەوەیەکی هەر چەند لاواز وکورتیش بێ لەو شۆرشە مەزن و بێ ئاکامەی بکەم. لەم لێکۆڵێنەوەیە دا لایەنە بەهێزو لاوازەکان دەخرێنە بەر چاو تەنیا بە مەبەستی دەرس لێ وەرگرتن. دیارە زۆر نەهێنی گەورە لە سەر شۆرشی ئەیلولی ١٩٦١ لە سینگی مێژوو دا نێژراون و لانی کەم لە توانای کەسێکی وەک من دانین باسیان لە سەر بکا. چونکە نەڕاستەو خۆ لە نێو دەریای رووداوەکان دا مەلەم کردەوە و نە بەداخەوە بەڵگە و سەنەدی مێژوویی لە دەست دایە، تا مرۆڤ بتوانی پشتیان پێ ببەستێ. ئەو شتانەی لێرە دا باسیان لە سەر دەکرێ، زۆرتر رووی دەرەوەی شۆرشەکەن و تەنیا پشت ئەستورن بە هێندێک نووسین زۆر کە تاک و تە را وەدەست کەوتن. لە گەڵ هێندی رووداوی حاشا هەڵنەگر کە زۆر کەس لێیان ئاگادارە و باس کردنیان تەنیا بە مەبەستی جار و بار وەبیرهێنانەوەیە، بۆ ئەوەی لە جووڵانەوەی ئێستا دا دەرسیان لێ وەرگیرێ.

هەر وەک باس کرا، شۆرشی چەکداری لە ای ئەیلولی ١٩٦١ لە ناوچەی سلێمانی یەوە دەستی پێ کرد ولە ماوەیەکی کورت دا سەرانسەری باشووری کوردستانی گرتەوە. بەر بڵاو بونەوەی ئەو شۆرشە هەر وا لەخۆڕانەبوو. هێندێک هۆی وا هەبوون کەبەڕاستی یارمەتی دەربوون بۆ سەرهەڵدانی شۆرشێکی گەورە لە کوردستان، بە کورتی بۆ هەل مەرجی پەرەگرتنی شۆرش دەتوانین چەند خالێک ناو بەرین.

١- تینویی گەلی کورد بۆ ئازادی و دێمۆکراسی و بۆ بەدست هێنانی مافی دیارکردنی چارە نوسی خۆی.لەکوردستانی ژێر دەستی عێراق هەر لە سەردەمی عوسمانیەوە تۆوی بیری رزگاریخوازی چێنرابوو. لە خەباتی دژی ئیستیعماری دا، ساڵەکانی

١٩٢٠ و دواتر گەلی کورد نەخشێکی بەر چاوی هەبوو. جووڵانەوەکانی ئازادیخوازی وەک سەردەمی شێخ مەحموودی نەمر، و ڕاپەرینی بارزانی لە دوو قۆناغی جیاواز دا هێشتا شوێنەواری هەر مابوو. لە هەموشیان گرنگتر شوێنەواری شۆرشی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان و دامەزرانی پارتی دێموکراتی کوردستان لە باشووری کوردستان کە تا ئەو کاتیش بە تەشکیلاتێکی رێک و پێکەوە خەریکی خەبات بوو. لە سەر هەستی نەتەوەیی کورد شوێنەوارێکی باشیان هەبوو.

٢- گەڕانەوەی مەلا مستەفا بارزانی کە لەو کاتی دا وەک قارەمانێکی سەرکەوتوو گەڕابۆوە بۆ کوردستانێکی راپەریو، هەر وەک لە وتارەکانی پێشوو دا باسمان لە سەر کرد، بارزانی لە خۆرا نەبوو بە سەرۆکی پارتی و تەنانەت لە ماوەیەک دا هەموو گەلی کورد. ئەو لە دوو راپەرینی ناوچەی بارزان دا کە پێشتر باسیان لە سەر کراوە خۆی نیشان دا بوو کە شیاوی رێبەربوونی تێدایە. جگە لەوە لە سەردەمی جووڵانەوەی رۆژهەڵاتی کوردستان دا وەک بەرپرسی بەشی پێشمەرگە لێوەشاوەیی خۆی دەر خستبوو، لە هەمووشیان گرنگتر سەر دانەنواندن بۆ ئەرتەشی ئێران و کۆچێکی ٣٠٠ کیلومتری هەتا سنوری سۆڤیەت بە شەرەوە ئیعتیبارێکی گەورەیان دا بوو بە بارزانی.

٣- بوونی رێکخراوێکی سیاسی بە پیرەو پرۆگرامی سیاسی تایبەتیەوە، هەر وەک پێشتر باس کرا پارتی دێموکراتی کوردستان چالاکی سیاسی هەبوو، گەلێک رووناکبیری هەڵکەوتووی وەک برایم ئەحمەد و هەمزە عەبدوڵلا و لەو کاتە دا زۆر لاوی خوێندەوار و خوێنگەرمی وەک مام جەلالی تێدا بوون.

٤- لە ماوەی شۆرشی ١٩٥٨وە تا ئێستا خەڵکی فێری ئازادیەکی نیسبی ببوون. بەشداری کردن لە رێکخراوی سیاسی و سینفی دا ببوو بە عادەت، خەڵکێکی زۆر دڵ گەرمیان بە کاری سیاسی و بەربەرەکانی پەیدا کرد بوو. بە جۆرێک کە تەنانەت لە حیزبی کومونیستی عێراقیش دا خەڵکێکی زۆر ببوونە ئەندام کە بایی تورێکیان لە کومونیزم نەدەزانی. جووڵانەوەی سیاسی پەرەیەکی باشی گرتبوو و ئێستا کە بەرە بەرە دەرکەوت کە ریژیمی قاسمیش بەڵێنەکانی خۆی بەدی ناهێنی،خەڵک ئامادەیی هەبوو تەنانەت بۆ وەدەست هێنانی ئامانجەکانی دەست بۆ چەکیش بەرێ.

٥- شۆرشی کورد هێشتا ئالودە نە ببوو بە دەست تێوەردانی بێگانە، شۆرشێکی رەسەن بوو کە لە نێو جەرگەی کۆمەڵانی خەڵکی زەحمەتکێشی کوردستان هەڵقوڵا بوو. سەرانسەری کوردستان چاوی تێوە بڕیبوو و پێی هیوادار بوو. لە سەرانسەری کوردستانی گەورەوە یارمەتی کۆ دەکرایەوە بۆ باشووری کوردستان. بە تایبەت لە رۆژهەڵاتی کوردستانەوە بە کاروان یارمەتی دەرۆیشت. بە شێوەیەک کە رێکخراوە سیاسیەکانی پارچەکانی دیکەی کوردستان ببوونە بەشێک لە شۆڕشی باشووری کوردستان و لەو سەردەمە دا هەموو تێکۆشانی ئەوان تەرخان کرا بوو بۆ یارمەتی گەیاندن بە شۆرشی باشووری کوردستان.

شۆرش بە راستی تا ساڵی ١٩٦٤ کە دوو بەرەکیە دڵتەزێنەکەی تێکەوت و بو بە هۆی پەرش و بڵاوی و ئالودە بوونی شۆرشەکە، لەسەر پێی خۆی راوەستا بوو.

ئەو خاوێنیە لە شۆڕش لە سەرەتا دا خەڵکێکی زۆری هان دەدا، بەتایبەت لە پارچەکانی دیکەی کوردستانەوە. ئەگەر سەرکردایەتی شۆرش بە پێویستی بزانی بایە و بانگەوازی بکرد بایە، بە هەزاران لاوی کورد ئامادە دەبوون بچنە باشووری کوردستان و ببنە پێشمەرگە.

٦- شۆرشەکە باشی دەست پێ کرد بوو. هەر چەند بەداخەوە بەخراپی کۆتایی پێ هات. باش لەم ڕووەوە کە لە کەمەوە بۆ زۆر دەچوو. لە پێش دا بە چەند پێشمەرگەیەک دەستی پێ کرد و پاشان بەرە بەرە زیادی کرد، بەم جۆرە دەکرا رێک بخرێ و سەرپەرستی بکرێ، هەر وەک شێوەی شەڕەکانیش زۆرتر پارتیزانی بوون لە پێش دا زیانی ماڵ وێرانکەر و چاوترسێنی بە دواوە نەبوو، کەدیارە دوای چەند ساڵێک هەموو شتێک کۆڕا.

ئەوە بوون گرنگترین هۆیەکانی پەرەگرتنی شۆرش لە سەرەتا دا، کە دواتر بە هۆی ئاڵ وگۆڕەکانی نێو عێراق و نێو جووڵانەوەی گەلی کوردەوە هەموو شتێک بەر ئاوەژوو بۆوە.
رۆژی ٨ی رێبەندانی ١٩٦٣ی زایینی کودیتایەکی نیزامی لە عەبدولکەریم قاسم کرا لە لایەن (بەعسی یەکان- قەومی یەکان)ەوە کە کەریم قاسمی تێدا چوو، لاپەرەیەکی تەواو جیاواز لە مێژووی عێراق دەستی پێ کرد. لاپەرەیەک کە هەر چەند لە سەرەتا دا وای نەدەنواند، لە کۆتایی دا بە زاڵبونی شوونێزمی کوێری عەرەب، بەرەو ڕەشترین لاپەرەکانی مێژووی عیراق روێشت.

لەسەرەتای ئەو کودیتایە دا لە کوردستان بۆ ماوەیەکی کاتی شەڕ ڕاگیرا. گۆیا پێشتر بە هۆی نامەیەکەوە لە لایەن" تاهیریحیٚ"وە ساڵی ١٩٦٢ داوا لە شۆرشی کورد کرابوو، کە بۆ رووخاندنی رێژیمی قاسم هاوکاری بکات، وسکرتێری پارتی دێموکراتی کوردستانیش لە رۆژی ٢ - ٤ - ١٩٦٢ دا وەڵامێکی بەو نامەیە داوەتەوە و ئامادەیی دەربرێوە. بەو مەرجەی کە پاش رووخانی قاسم ئوتونومی کوردستان ڕاگەیەندرێ، کە دیارە هیچ وەڵامێک لە تاهیر یحی وە نەگەیشتووەتەوە.(١)

هەر چۆنێک بووبێ، پیشتر پەیوەندی بووبێ یا نا، پاش کودیتا بۆ ماوەیەک شەڕی راگرت و رێگای ووت و وێژی کردەوە. هەر چەند لە لایەکی ترەوە کەوتە قەڵاچۆ کردنی پارتەکانی تر، بە تایبەت ئەندامانی حیزبی کومونیست و یەکەم لەسێدارە دانی ئەو سەردەمە ئەفسەرێکی کومونیست بوو بە ناوی(جەلال الاوفاتی) کە فەرماندەیەکی هێزی هەوایی بوو.

هەر بۆیە ژمارەیەکی زۆر لە ئەندامانی حیزبی کومونیست و چەپەکانی دیکە پەنایان بردە بەر شۆڕشی کوردستان. هەر چەند لە سەردەمێک دا کە عێراق سەرۆک کۆمارەکەی ' عبدالسلام محمد عارف " و سەرۆک وەزیرانی " احمد حسن البکر "بوو، لە باری سیاسی زۆرتر بەلای راست دا دەڕۆیٚ، کەچی خۆشیان بە دۆستی "جمال عبدالناسر " دەزانی کە سیاسەتێکی تا رادەیەک چەپی هەبوو. ڕاستی یەکەی ئەوە بوو کە هەر دووک لایان لە بۆاری ناسیونالیزمی عەرەب دا یەکتریان دەگرتەوە. بە هەر حاڵ ئەو ڕیژیمە تازەیە بۆ ئەوەی بتوانی پاشماوە و لایەنگرانی قاسم و هیزە چەپەکانی دیکە بە تەواوی خاشە بڕ بکا، لە گەڵ شۆڕشی کوردستان لە سەرەتاوە رووی خۆشی نیشان دەدا.

بە پێی ئەو باسانەی کە لە سەر کوردستان کراون، لەو کاتی دا دوو بۆچوونی جیاواز بەرامبەر بە هەڵوێستی حکوومەت هەبووە، سەرۆک بارزانی زۆرتر لایەنگری درێژە دانی شەر بووە چونکە باوەری وا بووە کە حکوومەت کات کوژیی دەکا، و مەکتەبی سیاسی لەو باوەرە دا بووە کە درێژەدانی شەڕ بەرەو رووی هەموو نەتەوەی عەرەب یان دەکاتەوە. لەو سەردەمەی دا تا رادەیەکیش وێ دەچوو، چونکە کار بەدەستانی تازە لە گەڵ "جمال عبدالناسر" نیزیک بوون، کە ئەویش بە ڕێبەرێکی گەورەی نەتەوەی عەرەب و پارێزەری قازانجەکانی عەرەب دەناسرا.

لەو لاشەوە بارزانی لەو سەردەمەی دا زۆرتر باوەری بە رۆژهەڵات بوو هەتا رۆژئاوا. لە گەڵ ئەوەش کە حیزبی کومونیست بە خاتری هەڵوێستی پێشووی لە بەرامبەر حکوومەتی قاسم دا، لە کوردستان خۆشەویست نەبوو،بارزانی دەی هەویست بە هاوکاری ئەوان سەرنجی رۆژهەڵات بۆ لای خۆی راکێشی و مەجال بە حکوومەت نەدا بحەسێتەوە. سەرەرای هەموو ئەوانەش رۆژی ١٨- ٢ – ١٩٦٣ شاندێک لە شۆڕشی کوردستان بە سەرۆکایەتی "جەلال تالەبانی" بۆ ووت و وێژ گەیشتە بەغدا. کە چی حکوومەتی عێراق بەرە بەرە لە ووت و وێژ دەکشایەوە و روویەکی ئەوتۆی بە نوێنەرانی کورد نیشان نەدا.

گۆیا لەو سەردەمە دا مام جەلال سەری لە"عبدالناسر"و "بن بلا" داوە، بەڵکوو بتوانی ئەوان رازی بکا کە فشار بۆ حکوومەتی عێراق بێنن تا ئۆتونۆمی کوردستان راگەیەنی و کۆتایی بە شەڕ لە کوردستان بێنیٚ. بەڵام دەرکەوت کە ئەوەش شوێنەوارێکی وای دا نەنابوو. چونکە لە لایەن حکوومەتەوە هیچ هەنگاوێکی ئەوتۆ هە ڵ نەهێنرا، و "بارزانی" رایگە یاند کە حکوومەت تا رۆژی ١- ٣- ١٩٦٣ کاتی هەیە بریاری خۆی بدا و ددان بە مافەکانی کورد دا بێنیٚ، دەنا شەڕ دەست پیٚ دەکەینەوە. حکوومەت چاوەروانی هەڵویستیکی وا زووی نەبوو. چونکە هێشتا بە نیازەکانی خۆی نەگەیشت بوو، هەر بۆیە راست رۆژی ١- ٣ – ١٩٦٣ تەلگرافێکی بۆ بارزانی لێدا و چەند رۆژێک دواتر" تاهیر یحی " هاتە سەردانی بارزانی لە کوردستان.

ڕۆژی ٨ – ٣ – ١٩٦٣ لایەنی "حیزبی بەعس" لە نێو دەسەڵات دا کودیتایان لەوانی تر کرد و هەر بە زویی ڕاگەیاندراویکیان بڵاو کردەوە کە تێی دا " بۆ چارە سە ری مە سە لە ی کورد" سیستمی لا مە رکە ز ی یان پێشنیار کرد بوو.

لامەرکەزی بە کورتی شێوەیەک دەسەڵاتی ناوچەیی ئیداری بوو کە دەدرا بە دانیشتوانی کوردستان. دیارە لە ڕوانگەی حکوومەتەوە بۆ ئەوەی کێشەی کوردستان ببڕێتەوە و دەستی بەتاڵ بێ بۆ بەرەنگار بۆنەوەی هێزەکانی دیکە. چونکە لە ڕاستی دا ئەو کات "حیزبی بەعس" هێندە شوینەوارێکی زۆری نەبوو و لە نێو کۆمەڵانی خەڵکی عیراق دا پایەیەکی نەبوو. تەنانەت تەشکیلاتی گەلێک لاواز بوو.

لە بەهاری ١٩٦٣ی زایینی لە شاری کۆیە کۆنگرەیەک لە لایەن پارتیەوە گیرا، لەو کۆنگرەیە دا لە باری ووت و وێژەوە زۆر باسێکی دوور و درێژ کرا. هەر چەند بارزانی زۆر مەیلی بە درێژەدانی ووت و وێژ نەبوو. بەڵام لەو کۆنگرەیە دا هەر بڕیار دڕا کە لە سەر "لامەرکەزی " لە گەڵ حکوومەت قسە بکرێ و شاندێکی تازە دیاری کرا بۆ ووت و وێژ بە سەرۆکایەتی " مام جەلال سەرەرای هەموو ئەو ووت و وێژ و بەڵێنانەش ڕۆژی ٩ - ٦ - ١٩٦٣ حکوومەت هێرشێکی تازەی کردە سەر کوردستان. ڕۆژی دواتر داوای لە شۆرشی کوردستان کرد کە بێ قەید و شەرت تا ٢٤ کاتژمێر تەسلیم بێ. هەر لەو پەیوەندیە دا بە پێی قانونی ژمارە ١٨ی ساڵی ١٩٣٥، هەموو دەسەڵاتێکی دا بە هێزی نیزامی کە بە هەر شێوەیەک بۆی دەکرێ شۆرشی کوردستان سەرکوت کا. هێرشێکی دڕندانەی بەربڵاو کرایە سەر شۆرش و تەنانەت حکوومەتی عێراق پەنای بۆ حکوومەتەکانی سووریە، ئێران و تورکیە برد، کە لە باری هەوایی یەوە، هاوکاری بکەن بۆ لە نێو بردنی کورد. دوژمنانی سوێند خواردوی گەلی کورد لە هەموو شتێک دا دژی یەک بن، لە دژایەتی لە گەڵ گەلی چەوساوەی کورد دا یەکن. هەر بۆیە لە بۆمبارانی ناوچەی ژێر دەسەڵاتی شۆرش دا، هەر چوار حکوومەتی ،ئێران، عێراق، سووریە و تورکیە بەشداریان کرد. لەوەش زیاتر بە هاوکاری سەنتۆ نەخشەیەکیان کێشا بە ناوی "دجلە" کە تورکیە لە لای خۆیەوە و ئێران و عێراق و سووریەش لەو لاوە هێرش بکەنە سەر کوردستان و ئاواتی لە مێژینەی گەلی کورد لە فرمێسک و خوێن دا بخنکێنن.

لەم کاتە پڕ مەترسیە دا بوو کە حکوومەتی "مەغۆلستانی گەلی" داوای کرد مەسەلەی کورد لە باشووری کوردستان لە کۆنگرەی نەتەوە یەکگرتووەکان دا باس بکرێ. هەروەها" ئەندرێ گرۆمیگۆ" بانگی باڵویزەکانی عێراق، ئێران، تورکیە و سوریەی کرد و بە ڕاشکاوی پێی ڕاگەیاندن کە سۆڤیەت لە بەرامبەر گەلە کۆمەکی لە کوردەکانی عێراق دا ناتوانی بێ دەنگ دانیشێ. دیارە ئەو هەڕەشەیەی سۆڤیەت نەخشێکی زۆر گرنگی هەبوو لە پوچەڵ بۆنەوەی هێرشی هاو بەشی ئەو چوار وڵاتە دا و لە هەڵوەشاندنەوەی پیلانی "دجلە" دا. هەرچەند بە داخەوە باسەکەی نێو کۆنگرەی نەتەوە یەکگرتووەکان بە

گوشاری وەلاتانی عەرەبی وەلا نرا، و دیسان مەسەلەی کورد لە باری نێو نەتەوەیی یەوە پشت گوێ خرا.

دیسان لە حکوومەتی عێراق دا ئاڵ و گۆڕ هاتە کایەوە. عبدالسلام محمد عارف رۆژی ١٨ - ١١ - ١٩٦٣ کودیتای لە بەعسیەکان کرد و احمدحسن البکر'ی لە زیندان کرد. بۆ ئەوەی جێگای خۆی قایم کا، دیسان رووی لە شۆرشی کورد کردەوە، و رۆژی ٣١ - ١- ١٩٦٣ پارێزگاری سلێمانی " عبدالرزاق محمد'ی بۆ ووت و وێژ نارده لای بارزانی.

## بەشی شەشەم:

هەر وەک لە بەشی پێشوو دا باسمان کرد،حکوومەتی عبدالسلام عارف، کە بە کودیتایەک هاتبوو سەرکار. پیویستی بە حەسانەوە و خۆ قایم کردن بوو. بۆئەم مەبەستەش لە پێش هەموو شتێک دا دەبوو کوردستان ئارام بکاتەوە. پاش ئەوەی شاندیکی بۆ ووت و وێژ نارده لای بارزانی، رۆژی ١٠ - ٢ - ١٩٦٤ ئاگاداریەکی گشتی بلاو کردەوە کە لەوێدا شەڕی کوردستانی بە کۆتایی هاتوو راگەیاند و باسی مافە نەتەوایەتیەکانی کوردی کرد. رێبەریی شۆڕشی باشووری کوردستان دەسبەجی پشتیوانی لە راگرتنی شەڕ کرد و ئامادەیی خۆی بۆ رێگای چارەسەری سیاسی ڕاگەیاند*.

لایەنگری ووت و ویژ لە گەڵ دەوڵەتی عبدالسلام محمد عارف سەرۆک بارزانی بوو. بە پێچەوانە لایەنی مەکتەبی سیاسی کە برایم ئەحمەد سکرتێری بوو. لە دژی ووت و وێژ ڕاوەستا. دیارە کە بەداخێکی گرانەوە ناکۆکی و دووبەرەکی لە ریزەکانی شۆڕش دا، هەر زۆر لە پێش ئەو کاتەوە سەری هەڵدا بوو. جیاوازی هەڵویست و بیرورا لە نێو سەرکردایەتی بارزانی و مەکتەبی سیاسی دا شتێکی ئاشکرا بوو. بەلام لە سەردەمی ئەو ووت و وێژە دا زۆرتر خۆی دەرخست. لە راستی دا تەواوی دوژمنانی گەلی کورد(ئێران،تورکیە،عیراق، سوریە) و گەلێک هێزی دیکەی دەرەوە پیلانیان بۆ شۆڕشی کورد دەگێرا. لە ژێرەوە لایەنە جیاوازەکانی شۆڕشیان دژی یەکتر هان دەدا. ناخۆش ئەوە بوو کە سەرکردەکانی کورد هەمیشە گۆییان بۆ چەواشە کاریەکانی دوژمنان شل بوو. کە چی لە ڕاست یە کتر دردۆنگ و بێ باوەر بوون.

هەر ئەوەش کارێکی وای کرد کە دوو بەرەکیەکی گەورە بکەوێتە نێو ریزەکانی شۆڕشەوە و بۆ دەیان ساڵ کێشە و شەڕی براکوژی بەدواوە بێ. بەکورتی لە کاتێک دا کە بارزانی ئامادەیی خۆی بۆ ووت و وێژ ڕاگەیاند بوو،مەکتەبی سیاسی ئاگاداریەکی بە زمانی عەرەبی بلاو کردەوە بە ناوی"اتفاقیە المشیر- بارزانی، سلام. ام استسلام "واتە"رێک کەوتنی بارزانی، ئاشتی یە، یا تەسلیم بوون."

مەکتەبی سیاسی بە دەرکردنی ئەم راگەیاندراوە، دژایەتی ئاشکرای خۆی لە گەڵ ووت و وێژ راگەیاند. دیارە هۆی ئەم کارەیان بەوە شی دەکردەوە کە حکوومەت دەی هەوی وەخت بەدەست بێنێ تا خۆی قایم کاتەوە و لە گەڵ ووت سەرۆک بارزانی- عبدالسلام محمد عارف و وێژ راست ناکا. شۆڕش نابێ موڵەت بە حکوومەتی عێراق بدا، خۆی بەهێز بکات.

هەڵویستی بارزانی بەرامبەر، بەبڕوای ئەو" لادانەکەی" مەکتەبی سیاسی ئەوە بوو کە لە کۆنگرەی پارتی لە ڕانیە دا بە ئاشکرایی دژی بەشی سیاسی ڕاوەستی و بە زۆری ١٤ ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی لە پارتی دەرکا، بە تاوانی لادان لە ڕێگای شۆڕش. جگە لەوە بە شێوەی چەکداری هێرشی کردە سەر بارەگای مەکتەبی سیاسی لە ماوەت، بە شەڕ لایەنگرانی مەکتەبی سیاسی دە نێو خاکی ئێران کرد. دیارە لە بەرامبەریش دا هێزەکانی سەر بە مەکتەبی سیاسی ڕوویان کردە ئێران و بە کورتی هەر دووک لا پشتیان لە یەکتر کرد و ڕوویان لە دوژمنانی ئەم دیوو ئەودیوی کوردستان کرد. حکوومەتی ئێران لەو سەردەمە دا بە قازانجی خۆی نەدەزانی لەو دووبەرەکیە دا بەئاشکرایی دەست تێوەردا. هەر ئەوەندەی کە هێزەکانی شۆڕش دووبەرەکیان تێکەوتبوو بۆخۆێ گەورەترین سەرکەوتن بوو بۆ دوژمنان. بۆیە بەرپرسانی مەکتەبی سیاسی گواستەوە بۆ تاران و ئەوانی تریشی لە هەمەدان بەشێوەی دەست بەسەرڕاگرت. ئەم کردەوەیەی کار بەدەستانی ڕێژیمی شا بەمەبەستی ئەوە بوو کە لە نێو لایەنی بارزانی دا نفوز بکا و شۆڕشی باشووری کوردستان بخاتە ژێر ڕکێفی خۆی.

لەو سەردەمە دا کە شۆڕشی کورد دوو پارچە، لاواز و تووشی برا کوژی ببوو، سەرۆکەکانی زۆرتر لە بیری بەدەست هێنانی پشتیوانی دەرەوە بە قازانجی پتەو کردنی دەسەڵاتی خۆیان بوون. ئێران کە دڵنیا بوو لە نێوخۆی باشووری کوردستان دا سەرۆکایەتی بارزانی لە هەموان بە دەسەڵات ترە، خۆی لەوە خۆش کرد کە بە تەواوی نفوز بکاتە نێو ئەو سەرۆکایەتیەوە. بارزانیش کە لە ڕیککەوتن لە گەڵ حکوومەتی عێراق ناهومێد بوو لە گەڵ مەکتەبی سیاسیش بەجورە تێک چوو بوو، بە دوو ئامانج دەستی پەیوەندی بۆ لای حکوومەتی شا درێژ کرد. یەکەم بۆ ئەوەی نەهێڵێ لایەنی مەکتەبی سیاسی لە یارمەتی ئێران لە دژی ئەو کەڵک وەرگرن. دووهەم بۆ ئەوەی بە پشتیوانی ئێران دژی مەکتەبی سیاسی و عێراق خۆی بەهێز بکات. نیزیک بوونەوەی بارزانی لە ئێران بە مانای دوورکەوتنەوەی مەکتەبی سیاسی لەو وەڵاتە بوو. ئەوانیش گەرانەوە عێراق و بە هاوکاری دەوڵەت دژی بارزانی وەخۆ کەوتن. بەم جۆرە دوو بەشی شۆڕشی کوردستان هەر یەکەیان پاڵیان وە دوژمنێک دا و بناغەی شەڕێکی براکوژی دڵتەزێنیان دارشت. شەڕێک کە تەنیا بە قازانجی دوژمنانی گەلی کورد بوو. شەڕێک کە خوێنی سەدان ڕۆڵەی کوردی تێدا ڕژا و لە ئاکام دا شای ئێران و سەدام حوسێن کەڵکیان لێ وەرگرت. ئاگری ئەو شەڕی براکوژییە دامێنی شۆڕشگێرانی کوردی لە وەڵاتەکانی دیکەش گرتەوە. بە تایبەت لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان. دەزگای پاراستنی سەر بەو بەشەی کە سەر بە بارزانی بوو، بە جۆرێک نێوانی لە گەڵ حکوومەتی شا خۆش کرد



سەرچاوە
Serchawe

کە تەنانەت حازر بوو دە ست بە خوێنی کادر و پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان سوور کا.

چەندین رۆڵەی دڵسۆزی حیزبی دێموکرات وەک سولیمان موعینی، مەلا رەحیم وێردی، خەلیل شەوباش،سەدیق ئەنجیری و هی تر بەدەستی ئەوان شەهید کران و تەنانەت تەرمەکەیان تەسلیمی رێژیمی ئێران کرایەوە. چەندین کادر و پێشمەرگە لە باشووری کوردستان ڕاونران و بە ناچاری لە رۆژهەڵاتی کوردستان شەڕێکی نابەرامبەریان بە سەر دا سەپا کە زۆربەیانی تێدا شەهید بوون. ئەو تاوانە دەرحەق بە رۆڵە فیداکارەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان لە ناڕەواترین ئەنجامەکانی دروست بوونی دووبەرەکی لە نێو شۆڕشی باشووری کوردستان بوو.

شەڕی براکوژی لە نێو ریزەکانی شۆڕشی باشووری کوردستان دا، لە ڕاستی دا بەدەستی ناسیونالیزمی عەرەب و فارس هەڵگیرسا بوو. رێژیمی عێراق و رێژیمی ئێران کە ئەو ئاگرەیان خۆش دەکرد. هەرکام ئامانجێکیان هەبوو، بەڵام لە سەر لە نێو بردنی جووڵانەوەی گەلی کورد هەر دووکیان یەک بوون. هەر چەند لە سەرگێرانی نەخشی کوێخایەتی لە ناوچەی رۆژهەڵاتی نێوە راست دا رەکەبەریان هەبوو.

هەروەها لە رێگا ئاویەکانی کەنداو دا کێشە و دووبەرەکیان لە نێو دا بوو. رێژیمی تازە بە دەسەڵات گەیشتووی حیزبی بەعس لە عێراق بەرژەوەندی خۆی لەوە دادی کە هەوڵ بدا لە گەڵ رێبەرایەتی بارزانی رێک کەوێ. دیارە سەنەدی ڕەسمی کە ئامانجی ئەو رێک کەوتنە نیشان بدا، بەداخەوە لە دەست دا نین. بەڵام واوێ دەچێ کە بەعسییەکان بەو ئەنجامە گەیشتبن کە درێژەی ئەو شەڕە زۆرتر بە قازانجی شای ئێرانە، بۆیە زۆر بە ئاواڵەیی بانگەوازی ئاشتیان دا و سەدام حوسێن کە ئەو کاتی جێگری سەرۆک کۆمار بوو،بەلام لە راستی دا هەرخۆی خاوەن دەسەڵاتی سەرەکی بوو. بۆخۆی گەیشتە لای بارزانی. لەو کاتە دا ڕەنگە مەسەلەیەکی دیکەش دەوری هەبوو بێ. بەعسیەکانی ئەو سەردەمە خۆیان بە هێزی پێشکەوتووی ناوچە نیشان دەدا. لە گەڵ وڵاتانی ئوروپای رۆژهەڵاتیش دا کە خۆیان بە سوسیالیست دەزانی نێوانیان زۆر خۆش بوو. لە بەرامبەر شای ئێران دا کە بەئاشکرا داردەستی ئامریکا بوو. دیارە دەبوو هەڵویستێکی جیاواز لە خۆیان نیشان بدەن. بۆ ئەوەی ڕابگەیەنی کە بڕوای بە پێشکەوتن و دێمۆکراسی هەیە، دەبوو شەڕ لە گەڵ گەلی کورد ڕابگرێ. هەر چەند لە دڵ دا بڕوای بە مافی ڕاستەقینەی گەلی کورد نەبێ. هێچ دوور نییە لەو سەردەمەدا سۆڤیەتیش شوێنی لە سەر دانابێ.

بەهەر حاڵ رێژیمی عێراق داوای ووت و وێژی لە گەڵ سەرکردایەتی شۆڕش(بارزانی) کرد و ئەویش قەبووڵی کرد. لە ١١ی

ئازاری ١٩٧٥ دا ڕاگەیەندراوێک بە ئیمزای هەر دووک لا بڵاوکرایەوە کە تێیّ دا ددان بە مافەڕەواکانی گەکی کورد دانرا بوو. خاڵە سەرەکیەکانی خودموختاری کوردستانی تێدا بوو لە راستی دا نێوەڕۆکی راگەیاندراوەکەی ١١ی ئازار تا ڕادەیەک مافی خودموختاری دیاری دەکرد. بەڵام کێشەی سنوورەکانی کوردستان بە تەواوی نەبرا بووە. لە سەر هێندیک ناوچەی زۆر گرنگی وەک کەرکوک،خانەقین،ژەنگار و هیّ تر باس و لیکۆلینەوە هەر مابوو. قوناغی ئەم ووت و وێژە زۆر درێژ بوو. چوار ساڵی خایاند، لەم ماوەیە دا گەلێک لە بناغەکانی خودموختاری کوردستان دامەزران، بەڵام کێشە لە سەر ناوچەی خودموختار هەر درێژەیّ ن هەبوو. دوژمنانی گەلی کوردیش : بە تایبەت رێژیمی پاشایەتی لە ئێران هەر وا لە پیلان گێران دا بوون و هەر خەرێکی تێک دانی بوون. بە جوریک کە هەتا دەهات مەترسی دەست پیّ کردنەوەی شەڕ نیزیکتر دەبۆوە. گەورەترین دەسکەوتی بەیاننامەی یازدەی ئازار ئەوە بوو کە شەڕی برا کوژی لە نێوان سەرکردایەتی بارزانی و مەکتەبی سیاسی دا بڕایەوە. بەخۆشیەوە لە سەر ئەوە ڕێک کەوتن کە ببنەوە یەک حێزب و مەکتەبی سیاسی سەرۆکایەتی بارزانی قەبوڵ بکا و ئەوانیش لە لایەن بارزانیەوە قەبوڵ کرێن. بەم جۆرە ڕێکخراوی خۆیان هەڵوەشاندەوە و تیکەڵ بە پارتی دێموکراتی کوردستان بە سەرۆکایەتی بارزانی بوونەوە.

جێگای داخ بوو کە ئاشتی و ئاسایشێک کە راگەیاندراوی ١١ی ئازار لە گەڵ خۆی هێنابوو، لە چوار ساڵی زیاتر درێژە نەکێشا. هەر چەند هەموو لایەنەکان بە کورد و عەرەب، بە پارتی و بەعسییەوە بەرهەمی ئەو ئاشتی یەیان لە گەشە کردنی ئابووری سەرانسەری عێراق دا دەدی،نەیان توانی بیپارێزن. رێژیمی عێراق لەبەر ئەوەی لە دڵ دا ئیمانی بە مافەڕەواکانی گەلی کورد نەبوو، ئامادە نە بو کەرکوک،خانەقین، شە نگار و هێندێک ناوچەی تر کە نەوتیانتێدا بوو، بخرێنە سەر کوردستان، شۆڕشی کوردیش هەم لە سە ر ئەو ناوچانە وهە م لە بەر ئەوەی لە لای ئێرانەوە قەول و بەڵێنی درۆی پیّ دەدرا هەڵوێستی گرت و لە ئاکام دا لە نەورۆزی ١٩٧٤ه وە، دیسان شەڕ دە ستی پیّ کردە وە . کە دەست پیّ کردنەوەی ئەم جارەی شەڕ بەتەواوی بە زیانی گەلی کورد تەواو بوو چونکە رێژیمی بەعس بۆ لە نێو بردنی جووڵانەوە تەنانەت حازر بوو لە گەڵ دوژمنی هەمیشەیی خۆی، واتە شای ئێران رێک کەویّ و تەنانەت لە کەنداو ئیمتیازیشی بداتی. بە نێو بژێکردنی سەرۆکی ئەلجەزایر شای ئێران و سەدام حوسێن رێک کەوتن و بۆنێو لە بردنی جووڵانەوەی گەلی کورد بوونە یەک. کە دیارە لە سەر ئەم مەبەستە هەمیشە ئامادەن یەکبگرن، هەر چەند هەرکامیان بۆ ئیمتیازی زۆرتر دەگەڕان، سەرۆک بارزانی- سەدام حوسێن شۆڕشی کورد ئاشبەتاڵی پیّ کرا، و خوێنی هەزاران رۆڵەی کورد بەفیرۆ چوو. ئاشبەتاڵی ساڵی ١٩٧٥ بەیەکێک لەتاڵترین و ناخۆشترین تێک چوونەکانی جووڵانەوەی رزگاریخوازی گەلی کورد بە حیساب دیّ.

**ئەو دەرسانەی لە شۆڕشی ١٩٦١ تا ١٩٧٥ی باشووری کوردستان وەردەگیرین ئەمانەن:**

١- هیچ بە هانەیەک، تەنانەت بە دەستەوە بوونی رێبەرایەتی لە حیزبێک دا یا تەنانەت بەهانەی دیکتاتۆر بوونی

سەرۆک، یا جیاوازی زۆر گەورەی سیاسی نابێبێتە هۆی دووبەرەکیەکی ئەوتۆ کەشەڕی براکوژی لێ ساز بکرێ.

٢- تەنیا و تەنیا رۆڵەکانی گەلی کورد بە دۆستی راستەقینەی یەکتر، و بە دڵسۆزی مافەڕەواکانی گەلی کورد دەناسرێن. هیچ کەس ناتوانی لە خۆت بۆ خۆت دڵسۆزتر بێ. بۆیە قەت نابێ برایەکی خراپ بە بێگانەیەکی چاک بگۆڕیەوە.

٣- ئەو وڵاتانەی بەشێک لە کوردستانیان داگیر کردووە، ناتوانن دۆستی ئیستراتیژیکی بەشێکی تر لەکوردستان بن.

٤- پشتت بە خۆت و نەتەوەکەی خۆت قایم بێ، بێگانەش ناچارە هاوکاریت بکا. لە گەڵ برای خۆت دووبەرەکیت هەبێ، بێگانەش تەماعی تێک شکاندنت تێ دەکا.

------------------------------------------

* گۆیا لەو سەردەمە دا بارزانی نێوانی لە گەڵ سوڤیەت خۆش بووە. حیزبی کومونیست و حیزبی نیشتمانی دێموکراتی(کامل چادرچی) داوایان لە بارزانی کردوە، ووت و وێژ پەسەند بکا. پاشان یەکەم بەرپرسی دەرەوە کە بروسکەی پیرۆزبایی لێداوە بەو بۆنەیەوە (خروشچوف) بووە. د.هوشیار

"دەربارەی نێوانی بارزانی و"...

بەشی حەوتەم:

لەم بەشە لە ووتارەکە دا، ئاورێک وەسەر قوناغی تازەی جوولانەوەی گەلی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان دەدەینەوە. بەتایبەت بە هێزبوونی جووڵانەوە لە سەردەمی پاش شۆڕشی گەلانی ئێران لە ساڵی ١٩٧٩ دا جێگای سەرنج دانێکی تایبەتیە. هەرچەند بۆ ئەوەی بە باشی پەرەگرتنی ئەو جووڵانەوە دەرک بکەین، پیویستە بە درێژی باسی خەباتی کادر و پێشمەرگەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستان بکەین لە دوای کۆماری نیشتمانی کوردستانەوە.

بە لە نێو چوونی کۆماری کوردستان و شەهید کرانی رێبەرانی حیزب، تەشکیلاتی حیزبی دێموکرات زۆر لاواز بوو، بەڵام لە نێو نەچوو. کادر و ئەندامەکانی بە نەهێنی دەستیان بە کار کردەوە و دڵسۆزانە رێبازی شەهیدەکانیان درێژە دا. مەسەلەیەکی زۆر سەرنج ڕاکێش لە زیندو بوونەوەی تەشکیلاتی حیزبی دێموکرات دا، نەخشی یەکیەتی لاوانی دێموکرات بۆ بەرێوەبردنی داهاتووی کە لەهەرجووڵانەوەیەکی حیزبی دا دەردەکەوێ. لە سەردەمی ژیانی کورت، بەڵام پر بەهرەی کۆماری کوردستان دا گەلیک کار بۆ لاوان کران. یەکیەتی لاوان دامەزرا، گۆڤار و رۆژنامەی لاوان دەرچون، قوتابخانەی کوردی دانران و گەڵێک لاوی کورد بۆ درێژەدانی خوێندن نێردرانە وەڵاتانی دەرەوە. ئەو کارانە بناغەی پێک هێنانی کەرەسەی

تەشکیلاتی داهاتووی حیزبی دێموکرات یان دارِشت. هیچ کام لەو لاوانە نەبوون کە لە ساڵەکانی داهاتوو دا بە جۆرێک، لە جۆرەکان نەخشی سیاسیان نەبێ. کاتێک ئینسان لە هەرەتی لاوی دا بۆرێبازێک پەروەردە دەکرێ، بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ مۆری ئەو ریبازەی پێوە دەمێنی ولە هەر دەرفەتێک بۆ خزمەت بەو رێبازە کەڵک وەردەگرێ. تەنیا خاڵی لاوازی ئەو لاوانە ئەوە بوو کە خۆراکی سیاسیان لە دەرەوەی کوردستانەوە پێ دەگەیی کە دوایەش هێندێک گیروگرفتی بۆ خەباتی رِزگاریخوازانەی گەلی کورد هێنایە پێش. دواتر باسی ئەو خاڵە گرینگە دەکەین.

تەشکیلاتی حیزبی دێموکراتی کوردستان هەرلە ساڵەکانی دوای کۆمارەوە دەستی بەکارکردەوەولەزەمانی ئاڵ وگۆرِە سیاسیەکانی ناوەندی ئێران دا،بەتایبەت لەسەردەمی دوکتور موسەددیق دا بەچالاکی هاتەوە مەیدان.

دیارە دەبێ ئەوەمان لە بەرچاوبێ کە هەلی زیندو بونەوەی جووڵانەوە لە کوردستان دا پەیوە ندی هەبوو بە وەزعی گشتی ئێرانەوە. ئێران لەو سەردەمە دا بە قۆناغی بێ سەباتی سیاسی داتێپەرِی دەکرد.هەرلە ساڵی ١٩٤١وە دەسەڵاتی حکوومەتی رەزاشایی لەق ببوو. ئەولەق بوونە تا ساڵی ١٣٣٢ی ئێرانی و رووداني كودیتای ٢٨ی گەلاوێژ درێژەی هەبوو، هەرچەند ئەو قۆناغە دوازدە سالەییە بە دوو قوناغی جیاواز دابەش دەکرێ. واتە قوناغی یەکەم لە ١٩٤١ کەوە هەتا رووخانی حکوومەتەکانی ئازربایجان و کوردستان و قوناغی دووهەم لەو رۆژەوە تا کودیتای ٢٨ی گەلاوێژ لە ووتارەکانی پێشوودا بە کورتی باسی قوناغی یەکەمی ئەم سەردەمە کراوە،جگە لەوە باسی ئەم جارەشمان زۆرتر پەیوەندی بە قوناغی دووهەوە هەیە، بۆیە تەنیا چاوێک لە قوناغی دووهەمی ئەو سەردەمە دەکەین و هەل ومەرجی گشتی ئەو سەردەمی ئێران بەکورتی هەڵدەسەنگێنین.

بە کۆتایی هاتنی شەرِی جیهانی دووهەم و پێک هاتنی ئیمکان بۆ بەکارهێنانی ئێران وەک بازارێکی باش بۆ وەڵاتانی پیشەسازی، لەنێوچوونی سەددی گومرگی، هاتنە خوارەوەی نرخی بەرهەمە کشت و کاڵیەکان و گورینەوەی بورس لە نێوان ئێران و وەڵاتانی دەرەوە دا، ئاڵ وگۆرِیکی زۆربەسەر ئێران دا هات.بازاریەکان کەبەکەڵک وەرگرتن لەو هەل و مەرجە لەبارەی سەردەمی شەرِ بۆیان پیک هاتبوو سەرمایەیەکی زۆریان پێکەوە نابوو، پێویستیان بەوە هەبوو کە ئەو سەرمایە زۆرە وەجووڵە خەن و گەشەی پێ بدەن.

بەو مەبەستە لەلایەک بەشێوەیەکی بێ نەزم کەل وپەلی بێگانەیان رِشتە بازارەکانی ئێرانەوە، کە تەنیا یارمەتی دەکرد بە مەسرەفی بوونی وەڵات ولە لایەکی ترەوە پیشەسازی ووردەکەل وپەلی مەسرەفیەکانیان پەرەپێدا. دەسکەوتی ئەوجۆرەسەرمایە دانانە،توندو تیژتر بوونی قەیرانی ئابووری و سیاسی لە ئێران دابوو.چونکە ئێران زۆرتر دەبوو

بەوەڵاتێکی مەسرەفی بەستراوە بەوەڵاتانی پیشەسازییەوە.بەتایبەت ئوروپا و ئامریکا. هۆیەکی ئەوە بووکە پیشەسازی ووردەڵەی ئێران نەی دەتوانی رەکەبەرکیی لە گەڵ وەڵاتە پێشکەوتووەکان بکا. ئەو ووردە شتەی دروست دەکرا هەر دەبوو لە بازاری نێوخۆیی دا بتۆیتەوە.جگە لەوە بۆ بچکوکترین کەل وپەلی تکنیکی دەبوو دەستەو دامێنی وەڵاتانی پیشەسازی بێ. دەوڵەت، کە دەوڵەتێکی بەستراوە بە بیگانە بوو نە ئەو دەسەڵاتەی هەبوو نەدەیتوانی رێگایەکی ئوسوڵی بەرەو پێش چون بگرێتە بەر. سەرمایەکانی ئێران کە زۆرتر بریتی بوون لە کەرەسەی خاو بەتایبەت نەوت بە نرخێکی زۆر هەرزان دەکەوتنە دەست مونۆپۆلەکانی بێگانە و تەنانەت لە بەرامبەر دا تەنیا هێندێک شتوومەکی مەسرەفی بی نرخ دەست گەلانی ئێران دەکەوت.

بەم جۆرە ئابووری ئێران هەرچەند لە شێوەیەکەوە بەرەو شێوەیەکی دیکە دەگۆراو رەنگە لە باری گەشە کردنی کۆمەڵایەتیەوە بەهەنگاوێکی بەرەو پێش لە قەڵەم بدرێ، چونکە لە قۆناغی دەرەبەگایەتی تێپەڕ دەبوو هەنگاوی دەنایە قۆناغی ئابووریەوە, بەڵام تووشی قەیرانێکی تەواو ببوو.

جگە لە گیروگرفتی ئابووری لەباری سیاسی و کۆمەڵایەتیشەوە لە دەورانی قەیران دابوو. مەسەلەی نەتەوە ژێردەستەکانی ئێران نەک تەنیا چارەسەر نەکرابوو. بەڵکو تازە بەشێوەیەکی زۆردڕندانە و بەهاوکاری بێگانە سەرکوت کرابوو. هێزی دەسەڵات دار لە ناوەندی دەوڵەت داکێشەی لە نێوان دا بوو. بورژوازی بورۆکراتیک، بەتایبەت بەشە نیزامیەکەی، بەهاوکاری بێگانە توانیبووی شۆڕشی نەتەوەکانی کورد و ئازەری تێک بشکێنی و هێندێک پاشەکشە بە هێزە دێموکراتیەکان بکا، بەڵام بە هۆی گیروگرفتی زۆری ئابووری و سیاسیەوە نەی توانیبوو بە تەواوی ئەو هێزانە لە مەیدان وەدەرنێ. دەرباری شا بۆ جارێکی تر ببوو بەناوەندی هێز لە ئێران دا،بەڵام لایەنێکی بەهێزی نیزامی لێ قۆت ببووە، بە سەرۆکایەتی "رەزم ئارا" کە هەر چەند بەرواڵەت بۆ زیندو کردنەوەی دەسەڵاتی پاشایەتی هەوڵی دەدا،لەراستی دا خەریک بوو بۆخۆی ببێتە مەترسیەک لەسەر ئەو رێژیمە. شا تەنیا کاتێک توانی نەفەسێکی ڕاحەت بکێشی کە خەبەری تیرۆر کردنی "رەزم ئارا"ی بیست. جگە لە مەسەلەکانی نێوخۆیی، کارتێلە ئابوریەکانی بریتانیا و ئامریکاش لە سەر وەدەست گرتنی ئیمکاناتەکانی ئێران کێ بەرکێیەکی گەورەیان لە نێوان دابوو.

جگە لەمانەش بەشێک لە بورژوازی، وردە بورژوازی شاری، کارمەندەکانی خوارەوەی حکوومەت و زەحمەتکێشانی شارودێ بەگشتی دژی رێژیمی پاشایەتی بوون. هەمووی ئەوانە ببوونە هۆی ئەوەی کەدەسەڵاتی حاکم نەتوانی بەیەکگرتوویی دژی هێزەکانی ئوپوزیسیون ڕاوەستی وئیمکانی چالاکیان لێ وەرگرێتەوە. لەو سەرو بەندە دا هێزەکانی چەپ، بورژوازی میللی لە ریزەکانی جەبهەی میللی دا وهێزی نەتەوە ژێردەستەکان دیسان هێندێک سەریان هەڵدایەوە و چالاک بوون. لەم چوارچێوەیە

دا پاشماوەکانی تەشکیلاتی حیزبی دێموکرات و بە تایبەت لایەنگر و ئەندامە لاوەکانی چالاک بوونەوە. بڵاو کردنەوەی چەند ژمارەیەک لە ڕۆژنامەی کوردستان و هێندێک ڕاگەیاندن و بڵاوکراوەی دیکە بەشێک لەو چالاکیانە بوون. تەنانەت دوایین چالاکی کۆمەڵایەتی ئەو سەردەمی ڕێکخراوەکانی حیزب زۆر بەرچاو بوو. ڕێکخستنی ڕاپەڕینی جوتیاران لە ناوچەکانی بۆکان، بەشێک لە میاندواو مەهاباد یەکێک لە کارە بەر بڵاوەکانی تەشکیلاتی حیزبی دێموکرات بوو. ئەو ڕاپەڕینەکە لە دژی دەرەبەگە خۆین مژەکان و دەست و پێوەندەکانی حکوومەت پێک هاتبوو،بەهاوکاری ئاشکرای کاربەدەستانی حکوومەت لە ناوچە، لە خوێن دا گەوزا. بەڵام خەباتی پێشووی زەحمەتکێشانی کوردستانی بە داهاتووەوە گرێ دا. دەکرێ وەک ئاڵقەیەکی پەیوەندی لە نێوان خەباتی زەحمەتکێشانی کوردستان لە سەردەمی کۆماری کوردستان و سەردەمی جووڵانەوەی چەکداری ساڵەکانی ١٩٦٧ – ١٩٦٨ زایینی چاو لێ بکری.

ئەو دەورانی چالاکی سیاسیە لە ئێران دا بە ڕودانی کودیتای ٢٨ی گەلاوێژی ساڵی ١٣٣٢ی ئێرانی کۆتایی هات. ئەو کودیتایە بە هاوکاری ڕاستە و خۆی "سیا " ڕێک خرابوو لە پێش هەموو شتێک ئەنجامی بێ بڕیاری و لێ نەهاتوویی دوو هێزی سیاسی بەهێزی ئەو سەردەمی ئێران بوو. یەکەم حیزبی تودە کە بەکەڵک وەرگرتن لە ویستی کۆمەڵانی هەراوی زەحمەتکێشانی شار و دێی ئێران و هەروەها مەیلی ئەوکاتی روناکبیران بە لای سوسیالیزم دا،توانیبووی ببێتە گەورەترین تەشکیلاتی سیاسی لە ئێران دا، لە باری بڕیاردانەوە،بێ دەسەڵات و بەستراوە بوو. تەنیا لە نێو ئەرتەشی ئێران دا بەپێی تەواوی سەرچاوەکان زیاتر لە ٧٠٠ ئەفسەری هەبوو، تەنانەت بەرپرسی گاردی پاشایەتی ئەفسەریکی تودەیی بوو. بەجورێک کە گۆیا لە جم وجوڵی سیا و هەوڵی گەڕانەوەی دیکتاتوری ئاگادار کراوە. بەڵام لەبەر بێ دەسەڵاتی نەی توانیوە بڕیار بدا و هەلی لەدەست داوە و ڕێگای کودیتای ئاواڵە هێشتو ەتەوە. هەروەها " جەبهەی میللی " لە دوا ڕۆژەکانی حکوومەتی موسەددیق دا بەرە بەرە بی تەفاوەت و کەنارە گیر ببوو. هێزەکانی ئەو بەرەیە کە زۆرتر پێک هاتبوون لە بورژوازی بازرگانی و روناکبیری ریفۆرم خواز، بەدیتنی هێندێک ئیمتیازی شەخسی و چینایەتی لە مەیدانی خەباتی دژی کارتێلە کانی ئابوری ئامریکا و بریتانیا، لە مەیدانی سیاسی دوور دەکەوتنەوە و ئەوانیش ڕێگای کودیتا دژی حکوومەتی موسەددیقیان خۆش دەکرد. بەهەرحاڵ کودیتای ٢٨ی گەلاوێژ قەوماو شای دیکتاتور جارێکی تر دەسەڵاتی شومی خۆی قایم کردەوە و توند و تیژتر لە جاران بۆ لەناو بردنی جووڵانەوەی چەپ و جووڵانەوەی نەتەوەیی گەلانی ژێردەست هاتەوە مەیدان.

بەهاوکاری ڕێکخراوی ئەمنیەتیی ئامریکا(سیا) لە ماوەیەکی کورت دا توانی دەزگایەکی بەربڵاوی تیرۆر بە ناوی" ساواک " دامەزرێنی بۆ ڕاونان و سەرکوت کردنی شۆڕشگێرانی هەموو ئێران. لە باری ئابووری و نیزامیشەوە بەرە بەرە بناغەکانی دەسەڵاتی خۆێ قایم کرد. ئەوانە هەمووی بە هاوکاری ماددی ومەعنەوی ئامریکا کە لە یارمەتی یەک میلیارد دۆلاری و لە

هێرشی موستەشارەکانی دا بەرەو ئێران خۆی دەنواند. بۆ بەربەرەکانی جیددی لە گەڵ مەسەلەی کوردیش سێ ساڵ دوای کودیتای شومی ٢٨ی گەلاوێژ، واتە ساڵی ١٩٥٦ دا بە هاوکاری بریتانیا و ئامریکا پەیمانی بەغدای لە گەڵ تورکیە و عێراق ئیمزا کرد. لەناو خۆی کوردستان دا قۆناغێکی تازە لە هێرشی سیاسی و نیزامی دژی جووڵانەوەی کورد دەستی پێ کرد. ژمارەیەکی زۆر کادرو ئەندامەکانی حیزبی دێموکرات گیران و ڕەوانەی سیا چاڵەکانی ڕێژیمی پاشایەتی کران، کە هێندێکیان وەک غەنی بلوریان و عەزیز یوسفی هەتا ڕووخانی ئەو ڕێژیمە نەگریسە هەر لە زیندان دا مانەوە.

ئەندامانی حیزبی دێموکرات، تاکە حیزبی سیاسی لە مەیدانی خەباتی کۆمەلانی خەڵکی کوردستان دا گیران یا ئاوارەی هەندەران بوون.قوناغێکی ڕەشی سەرەڕۆیی سیاسی دەستی پێ کرد کە تێیدا هێزە سیاسیەکان گەلێک لاواز بوون، هەرچەند دیسانیش لە نێو نەچوون. لە کوردستانیش وەک هەموو جێگاکانی دیکەی ژێر دەسەڵاتی حکوومەتی پاشایەتی، سێبەری شومی ساواک لە هەموو کون وقوژبنێک دا دیار بوو.تەنانەت لە بچوکترین جووڵانەوەی تاکەکانیش دا دەست تێوەردانی دەکرد. هەرچەند کادر و ئەندامەکانی حیزبی دێموکرات لە دەرەوەی کوردستان هەر چالاک بوون و جاروبار لە گەڵ ڕێکخراوی حیزب لە نێو وەلاتیش پەیوەندیان دەگرت، بەڵام لەسەر یەک ئەو قوناغە، واتە هەتا دەست پێ کردنی جووڵانەوەی چەکداری لە ساڵی ١٩٦٦ دا، بە قۆناغێکی ڕەش و تاریک لە خەباتی گەلی کورد لە رۆژهەلاتی کوردستان دەژمێردرێ. قوناغی خەباتی دژواری ژێر زەمینی وقوناغی پرش و بلاویی تەشکیلاتی.

سەرهەڵدانی خەباتی چەکداری لە ساڵەکانی ١٩٦٧ - ١٩٦٨ دا کە زۆرتر ڕەنگ دانەوەی خەبات لە باشووری کوردستان بوو، کۆتایی بەو دەورە بێدەنگیە هێنا و زەنگی مەرگی ڕێژیمی پاشایەتی لێدا. جووڵانەوەی چەکداری ئەو سەردەمە کە بەرێبەری هێندێک لە کادرە هەڵکەوتوو شۆڕشگێڕەکانی حیزبی دێموکرات، وەک سمایل شەریف زادە، مەلا ئاوارە، سلیمان موعینی، مەلامەحموود زەنگەنە و هی تر دەستی پێ کرد هەو ەڵێن تیشکەکانی ڕاپەڕین لە دژی حکوومەتی پاشایەتی بوو، دوای کودیتای ٢٨ی گەلاوێژ. هەر چەند شۆونیستەکانی ئێرانی بە سوور و زەرد و سەوزەکانیانەوە دەدان بەو ڕاستییە دا نانێن. تەنانەت ئەوانەی هەرە پێشکەوتویان وەک بە ناو چەپەکاکانیان، ڕاپەرینی چەکداری سیاهکەل کە دوو ساڵ ونێو دوای ڕاپەرینی چەکداری کوردستان بووە،بە یەکەم بلێسەی ڕاپەرین لە دژی حکوومەتی پاشایەتی لەو سەردەمەی دا دادەنێن.

بەهەرحاڵ جووڵانەوەی چەکداری ساڵەکانی ١٩٦٧ — ١٩٦٨، لە هێندێک ناوچەی کوردستان دا، وەک سەردەشت، مەهاباد، پیرانشار و بانە تەنانەت دەکرێ بە شۆڕشێک ناو ببرێ. چالاکیەکی بەربلاوی سیاسی و نیزامی حیزبی دێموکرات بوو.

هەرچەند ئەو جووڵانەوەیە بە شێوەیەکی ئاسایی دەستی پێ نەکرد بوو ئیمکانات و هەل ومەرجی شۆڕشی بە هیچ شێوەیەک بەدەستەوە نەبوو. چوونکە ئەو جووڵانەوە چەکداریە لە پێش هەموو شتێک دا بەهۆی پەیوەندی بەهێزی سەرۆکایەتی شۆڕشی باشووری کوردستان لەگەڵ ڕێژیمی پاشایەتی لە ئێران وگوشارهێنانی ئەو سەرۆکایەتیە بۆ سەر کادرو ئەندامەکانی حیزبی دێموکرات لە باشووری کوردستان سەری هەڵدابوو. کادرو ئەندامە شۆڕشگێرەکانی حیزبی دێموکرات کەلە باشووری کوردستان گۆشاریان بۆ هاتبوو چارەیەکیان نەما، جگە لەوەی بگەڕینەوە نێوخۆی رۆژهەڵاتی کوردستان ودەست بدەنە چەک، ئەو جووڵانەوەیە هەرچەند تێک شکێنراو زۆربەی نیزیک بە تەواوی ڕێبەرەکانی شەهید کران، بەڵام شوێنەوارێکی زۆر گەورەی لە ڕێکخستن و ئاگا کردنەوەی کۆمەڵانی زەحمەتکێشی خەڵک لە کوردستان بەجێ هێشت. شۆینەوارێک کە تەنانەت نەخشێکی زۆر گەورەی لە جووڵانەوەی سەردەمی تازەی کوردستان دا هەبوو.

لە باسەکانی داهاتوو دا دیسان ئاورێک وەسەر ئەو رووداوە گەورەیە دەدەینەوە.

--------

خوێنەری بەرێز! بەشی هەشت و نوی ئەو زنجیرە وتارە، لە چلەمین ساڵ یاد و بیرەوەری خەباتی چەکدارانەی ساڵەکانی ٤٦ – ١٣٤٧ لە مانگی مەی ٢٠٠٧ دا بڵاو کرانەوە، هەر بۆیە بە پیویستم نەزانی دووبارە بڵاو یان کەمەوە.

## بەشی هەشتەم:

یەکێک لە دیاردە گرنگ و بەرچاوەکانی جووڵانەوەی ٤٦ – ١٣٤٧ تەشکیلاتی بوونی ئەو جووڵانەوەیە بوو. هەر چەند جووڵانەوە تەواوی کوردستانی ژێردەسەڵاتی ئێرانی نەدەگرتەوە،

لەو ناوچانە دا کە زۆرتر کاری دەکرد بە تەواوی چوو بوو دەنێو جەرگەی کۆمەڵانی خەڵکەوە، بە تایبەت لە دێهات. لە زۆربەی گوند و شارەکانی ناوەندی کوردستان شانە و کۆمیتەی حیزبی پێک هێنرابون.

جێگای سەرنج بوو کە دێهاتی نەخوێندەواری کوردستان، بەو پەری نەهێنی کاریەوە، تێکۆشانی سیاسی هەبوو. بناخەی ڕێکخراو بە شێوەیەک داڕێژ رابوو کە تەنانەت ئەندامانی شانەی یەک گوندیش، یەکتریان نەدەناسێ هەر ئەندامیک تەنیا ئەندامانی شانەی خۆی دەناسی. کەڵک وەرگرتن لە شێوەی زنجیرەیی ڕێکخراو، کە گۆنجاوترین شێوەی ڕێکخستنە بۆ جووڵانەوەیەکی وەک جووڵانەوەی گەلی کورد، لەو سەردەمی دا بە تەواوی بەڕێوە دەچوو.

ئەوە بەو مانایە بوو کە بۆ هەر ڕێکخراوەی تەنیا یەک پەیوەندی گر هەبوو. دیارە کلیلی پەیوەندی گرتن بە یەکێکی تری تەواو باوەڕپێکراویش دەگوترا بۆ ئەوەی بە لەنێوچونی کەسی ژمارەیەک، ئەو بتوانی پەیوەندی بگرێتەوە. کارەکانی ڕێکخراوەیی کە بە نەهێنی بەڕیوە دەچوون، بە باشی لە ژێرچاوە دێری بەرپرسی ڕێکخستن لە ناوچە دا بوون. هەم کۆنترۆلی باش لە سەر ڕێکخراو هەبوو، هەم وەک ئورگانێکی زێندو بە چالاکی دەگەرا.

زەحمەتکێشانی شار و دێ کە ئاواتەکانی خۆیان لە نێو ویستی جووڵانەوە دا دەدی بە تەواوی پشتیوانی جووڵانەوە بوون. دیارە دەبێ ئەوەمان لە بەرچاو بێ کە هەلومەرجی نیونەتەوەیی، نێو ئێران و تەنانەت نێوخۆی کوردستانیش بەتەواوی لە دژی ئەو جووڵانەوەیە بوون وهەر ئەوەش هۆی سەرەکی رووخانی جووڵانەوەی ٤٦ — ٤٧ بوون.

لە ڕادەی نێو نەتەوەیی دا جووڵانەوەی کورد بە تایبەت لە کوردستانی ژێردەسەڵاتی ئێران نەناسرابوو هیچ پشتیوانێکی ماددی یا مەعنەوی نەبوو. دەوڵەتی ئێران لە ژێر دەسەڵاتی محەممەد رەزاشا دا بە تەواوی بەستراوەی ئامریکا و وەڵاتانی ئوروپای رۆژئاوا بوو. ئەوانیش کە قازانجی سەر سوڕ هێنەریان لە ئێران دا هەبوو، بە تەواوی پشتیوانیان لە ریژیم دەکرد. وەسیلەکانی پەیوەندی گرتن، دام و دەزگای بڵاوکردنەوە و پڕوپاگاند،کە هەمیشە بە هەزار زنجیر بە هێزی دەسەڵاتداری ئەسڵی، واتە خاوەن کارتێل و کارخانە و بانک و بنکە ئابووریەکانی ترەوە بەستراونەوە، تەنیا بە پێی ئامۆژگاری سەرۆکەکانیان جار و بار ناوی ئێرانیان دێنا. ئەویش زۆرتر بەمەبەستی نیشاندانی هێزی بە درۆی ریژیمی پاشایەتی. بۆ وێنە ڕێ و رەسمی جێژنی دوو هەزار و پێنج سەد ساڵەی ریژیمی پاشایەتی، لە تەلەویزیونەکانی ئامریکا و ئوروپاوە ڕاستە و خۆ بڵاو دەبۆوە. لە کاتێک دا هیچ وەخت باسی وەزعی زیندانیانی سیاسی، مافی مرۆڤ، وەزعی نەتەوە ژێردەستەکانی ئێران یا جووڵانەوەکانی ڕزگاریخوازی، وەک جووڵانەوەی کوردستان نەدەکرا.

لە نێوخۆی ئێرانیش دا جووڵانەوەی کوردستان هیچ پشتیوانێکی نەبوو. دەنگ و باسی ئەو جووڵانەوەیە لە ڕێگایی دام و دەزگا دەوڵەتیەکانەوە بوو، کە بەچەتە و ڕێگریان ناو دەبردۆ تەرمی کادر و پێشمەرگە شەهیدەکانیان بە ناوی یاغی و ڕێگر بە شارەکانی ئێران دا بۆ چاوترسێن کردنی خەڵک دەگێرا.

بەداخێکی گرانەوە لەو سەردەمی دا ڕێکخراوێکی دیکەی سیاسی کە لە نێوخۆی ئێران نفوزی هەبێ، نەبو تا درۆکانی دام و دەزگای ساواک لە قاو بدا. ڕێکخراویک کە ناوێکی گەورە و شارێکی وێرانی بە دەستەوە بوو، حیزبی توودە بوو.

ئەویش لە جیاتی ئەوی لانی کەم لە دەرەوە پشتیوانی لەوجووڵانەوە بکا. خۆی لێ کرد بوو بە باپیریکی تەسلیم تەڵەب،

کە فرمێسکی بۆ نەوەکەی هەڵدەڕشت و داوای تەسلیمی لێ دەکرد. یا ئامۆژگاری دەکرد کە بە ناو پەیوەندی بگرێ بە ڕێکخراوەکانی ئەوەوە لە نێوخۆی وەڵات. ڕێکخراوێک کە بە هیچ جۆروجودی نەبوو. لە دەرەوەی وەڵات ڕێکخراوێکی خوێندکاران هەبوو کە جار وبار هەڵۆیستێکی دەگرت. کونفدراسیونی خوێندکارانی ئێران ئەوەندەی من بیستبم، چەند پۆستەرێکی لە شەهیدەکان بڵاو کرد بۆوە و لەیەک دوو جێگا خۆپیشاندان و ڕێ پێوانی کردبوو.

هەروەها ڕێکخراوی روناکبیرانی کورد لە دەرەوە و یەکیەتی قوتابیانی کوردیش چەند هەنگاوێکی چکۆڵەیان هەڵێنابوو، بە تایبەت بە مەبەستی ئەوەی کە شورشی کورد لە کوردستانی ژێردەسەڵاتی عێراق رازی بکەن کەلە دژی ئەو جووڵانەوەیە رانەوەستی، بەڵام ئەو ڕێکخراوانە لە باری دیپلوماسی یەوە زۆر لاواز بوون و نەیان دەتوانی شۆین لە سەر سیاسەتی ئەو وەڵاتانەی کە تێی دا دەژیان دا بنێن یا تەنانەت لە سەر هێزی سەرەکی سیاسی ئەو سەردەمی کوردستانیش، جگە لەوانە نەتەوە ژێردەستەکانی دیکەی ئێران هیچ جم و جووڵێکیان نەبوو.

ڕیژیمی پاشایەتی کە تازە"شورشی سپی شای" بە مەبەستی پەیدا کردنی بنکەی کۆمەڵایەتی بۆ خۆی، هێنابوو گوڕێ لە بە هێزترین سەردەمەکانی ژیانی خۆی دابوو. دەزگای جاسوسی ڕیژیم کە لە ژێر چاوەدێری پسپۆڕەکانی سیای ئەمریکاو موسادی ئیسرائیل دا دەگەڕا، لانی کەم لە باری تەبلیغاتی و ترسانی خەڵکەوە زۆر بە هیز بوو. هەموو کەس وای دەزانی لە نێو دیوارەکانی ماڵەکەی دا دەزگایەکی کونترولی ساواک هەیە. هێزی نیزامی ڕیژیم لە بەر چاو کۆمەڵانی خەڵکی ئێران ئەوەندە ترسینەر و بەسام بوو، کە ئیستیوارێکی ژاندارمەری حوکمی ناوچەیەکی پان و بەرینی دەکرد و تەنانەت بۆ خۆی سەڵتەنەتی ناوچەیی هەبوو.

جگە لە کوردستان کە سوننەتی دژایەتی لە گەڵ ڕیژیم و دریژدانی خەباتی نەتەوەیی تێدا بوو، لە ناوچەکانی دیکەی ئێران ڕیژیم توانیبوی تارادەیەک بنکەی کۆمەڵایەتیش بۆ خۆی پێک بێنێ. بە بەریوەبردنی ئیسلاحاتی ئەرزی نێوەچڵ و بە سەرگەرم کردنی بورژوازی میللی بە کار و باری بازرگانی پوڵ دەرهێنانەوە، نفوزێکی هەر چەند کەمی لە نێو نەخوێندەواری دیهاتی و بازرگانی شاری بۆ خۆی پێک هێنا بوو.

بەڵێنە گەورەکانی لاسا کردنەوەی ژاپۆن و ڕۆیشتن بەرەو دەروازەکانی تەمەدوونی گەورە لانی کەم زاری هێندێک لە خەڵکی ئێرانی ئاودار دەکرد و بەتەمای ئەو رۆژە خۆشانە بێ دەسەڵات بە دوای ڕیژیم دا دەکشان.

دیارە دەبێ ئەوەشمان لە بەر چاو بێ کە لە ئاخری دا هەر ئەو بەڵێنانە بوونە مار و لە گەردنی ڕیژیم هاڵان. چونکە

ئاغاکانی لە دەرەوە بەو لافانە زۆر قەڵس بوون لە ناو خۆی ئێرانیش کاتێک دیتیان ئەو بەڵێنیانە بلقی سەر ئاون و بەهۆی ڕیژیمیکی بەستراوە ناکرێ بەدی بێن، کۆمەڵانی خەڵک ڕاپەڕین. بەکورتی هەل و مەرجی نێو خۆی ئێران لە ساڵەکانی ٤٦ -٤٧ دا، بەقازانجی جووڵانەوەی گەلی کورد نەبوو. بەڵکوو بە پێچەوانەوەلە دژی بوو.

لە نێوخۆی کوردستانیش هەل ومەرج لە بار نەبوو. لە ڕادەی کوردستانی گەورە دا بەگشتی جووڵانەوەی گەلی کورد لە ژێر نفوزی جووڵانەوەی کوردستانی ژێر دەسەڵاتی ئێراق دا بوو. ئەویش نەک تەنیا نەی دەتوانی یارمەتی بە جووڵانەوەی کوردستانی ژێر دەسەڵاتی ئێران بکا. بەڵکو هەروەک لە بەشەکانی پێشوو دا باسمان کرد، لە بەر گیروگرفتی لە ڕادە بەدەری خۆی پەیوەندیەکەی لە گەڵ ڕیژیمی پاشایەتی بە جۆرێک پتەو بوو کە بە کردەوە مەجبور بوو، لە دژی جووڵانەوەی ٤٦ – ١٣٤٧ ڕاوەستێ. لە کوردستانی ژێر دەسەڵاتی ئێرانیش خودی حیزبی دێموکرات بە دووبەش، دابەش ببوو. بەشێکی پاسیفیست کە حازر نەبوو بەشداری لە جووڵانەوە دا بکا و چاوە ڕوان بوو دوای سەرکەوتنی کوردستانی ژێر دەسەڵاتی عێراق، نۆرەی ئەویش بێ. بەشەکەی تریشی کە دیارە پێک هێنەری جووڵانەوەی ٤٦ – ١٣٤٧ بوو. جووڵانەوەش بۆ خۆی تەنیا لە ناوەندی کوردستانی ژێر دەسەڵاتی ئێران، پەرەی سەند بوو. لە باکووری کوردستان زۆر لاواز بوو، لە جنوبی کوردستانیش کە بەشی دەوڵەمەند و پڕ دانیشتووی کوردستانی دەگرتەوە، بە ناوەندی فەرهەنگی گەورە و شاری زۆر پڕ دانیشتووەوە، زۆر بەکەمی لەم جووڵانەوەیەدا بەشدار بوو.

روناکبیرانی کوردستان زۆر بە کەمی بەشداریان تێدا دەکرد، یا ئەگەر بەشداریش بونایە،لە سەرەتایی ترین پلەی بەرپرسایەتی دا دەمانەوە و حازر نەبوون بۆ بردنە پێشی جووڵانەوە دەست لە ژیانی ئاسایی خۆیانهەڵگرن. هەڵبەت دەبێ ئەوەشمان لە بەرچاو بێ کە بەشی زۆری خەڵک، بە رووناکبیرو نەخوێندەوارەوە، چاوەڕوانی ئەنجامی شورشی کوردستانی ژێر دەسەڵاتی عێراق بوون.

جووڵانەوەی ٤٦ – ١٣٤٧ لە بەر هۆیەکانی سەرەوە نەی دەتوانی بە لوتکەی سەرکەوتن بگا. بەڵام ڕێبەرانی ئەو جووڵانەوەیە ئەوەندە بۆ مەسەلەی کورد دڵسۆز بوون، کە بیریان لە سەرکەوتنی یەکجاری نەدەکردەوە بەکورتی ئەوان حازر بوون گیانی خۆیان بەخت بکەن بۆ ئەوی نەهێڵن ئاگری خەباتی ڕزگایخوازی گەلی کورد لە کوردستانی ژێردەسەڵاتی ئێران بکوژێتەوە. هەر وەک بەشی هەرە زۆریشیان لەو پێناوە دا گیانی خۆیان بەخت کرد.

بەشی زۆری وێنەو و ناوی ئەو شەهیدانە لە کتێبک دەرهێنراوە بە ناوی" شەهیدانی نەمری حیزب و گەل " کە لە لایەن (ح.د.ک.ا. ڕێبەرایەتی شۆرشگیر)ەوە بڵاو کراوەتەوە.

١- سمایلی شەریفزادە

٢- عەولا گرۆێ

٣- مەلائەحمەد شەلماشی(مەلا ئاوارە)

٤- مەلا سمایل فەقێ بیسێ

٥- سولیمانی موعینی

٦- عەوڵا موعینی

٧- ناجی

٨- باپیر شکاک(نحۆ)

٩- فەیروز(برای نحۆ)

١٠- مام رەزای مامێ

١١- سەید فەتاح نیزامی

١٢- میرزا محەممەد شادمانی

١٣- مەڵا رەحیم(میرزائەحمەد(

١٤- حوسین رەحمان رابی

١٥- مەلا مەحمود زەنگەنە

١٦- عەلی عەوڵا گوڵی

١٧- خەلیل مستەفاپور(شەوباش)

١٨- مینە شەم

١٩- محەممەد درویش ئەحمەدی

٢٠- حەسەن خورخوەیی

٢١- برایمە سوور

٢٢- محەممەد رەسوەمەرە

٢٣- عەلی رەحیم گوی ڕەش

٢٤- دەرویش عوسمان

٢٥- حوسین چل کۆچ

٢٦- فەقێ عەلی وەرگیل

٢٧- قادرە شەل



سەرچاوە
Serchawe

٢٨- عەلی یە گەلە

٢٩- قادر پەنیرە

٣٠- حاجی

٣١- حەسەنە سوور

٣٢- رەحمان وتمان چاوشین

٣٣- حەمەدەمین شیریژ

٣٤- سلیمان کەرقەشان

٣٥- رەسوول پیران

٣٦- عەوڵا بایز قنجەی

٣٧- سالح عەوڵا فەقێ

٣٨- حەمە سووری دولەتووی

٣٩- مراد شیریژ

٤٠- سەید یەعقووبی باوەلەی

٤١- ئەحمەد عەلی عەجەم

٤٢- رەشید یاوەری

٤٣- محەممەد هەمزە ریتالی

٤٤- نیکو کرماشانی

٤٥- وسین هەمزە ریتالی

٤٦- بەهمەن ئەحمەدی رەشید بەگ

٤٧- حەسەن ئەحمەدی

٤٨- ئەحمەد توفیق بەگ

٤٩- حەمەدمین سالح فەتاحی

٥٠- حاجی نیازی

٥١- محەممەد مەنگور

٥٢- عەوڵا کوری مەلا نەجمەدین

٥٣- عەبدول مەجیدئەمیرزادە

٥٤- ئالوەتان

٥٥- محەممەد حاجی رەسووی

٥٦- مەحموود کوری عەزیز کویخا

٥٧- برایم دیبوکری

٥٨- مەحموودی

٥٩- سالح لاجانی

٦٠- مەلا کەچە

بەشی نویەم:

هەر وەک لە پێشەوە باس کرا، جووڵانەوەی ساڵەکانی ٤٦ – ١٣٤٧، بوو بە دەستە چیلەی خەباتی دوا رۆژ و سێبەری تێشکانی سەردەمی کۆماری دێموکراتێکی کوردستانی هەڵگرت. حیزبی دێموکراتی کوردستانی بە زێندویی ڕاگرت و ریشەی ئەو حیزبەی لە نێو کۆمەلانی خەڵکی کوردستان دا زێندوو کردەوە. هەرچەند زۆربەی رێبەرانی جووڵانەوە شەهید بوون و هەرچەند پاشماوەی کادر و پێشمەرگەکان ناچار بوون دیسان رۆژهەڵاتی کوردستان بەجێ بێڵن و ئاوارە بن. بەڵام خەبات و تێکۆشان درێژەی کێشا و شانە و رێکخراوەکان هەڵنەوەشان.

ئەو کادر و پێشمەرگانەی ئاوارەی باشووری کوردستان ببوون، هەر بە شێوەی تەشکیلاتی لە گەڵ یەکتر پەیوەندیان هەبوو. سەرەڕای کەند و کوسپی لە ڕادە بەدەری ژیان و لە گەڵ گەلێک گیروگرفتی سیاسی کە لە هەموو لایەکەوە بۆیان دەهاتە پێش دیسانیش خەباتی سیاسیان درێژە دەدا. لە بەر ئەوەی هێندێک لەو پێشمەرگانەی کە دوای تێشکانی جووڵانەوەی رۆژهەڵاتی کوردستان. پەنایان بەردبوو بۆ شورشی کورد لە باشووری کوردستان و ئەوانیش بەداخێکی گرانەوە،چەند کەسێکیان تەحویلی ریژیمی پاشایەتی ئیران دایەوە، وەک: (ساڵح لاجانی، عەلێ گوێرەش...) کە لە سێدارە دران. دەستەیەک لە کادر و پێشمەرگەکان کە لە شارەکان و گوندەکانی باشووری کوردستان دا بڵاو بوونەوە جگە لەو دوو دەستە پێشمەرگە و کادرانە، ژمارەیەکی زۆر کادری حیزبی، هەر بەشداری نەببوون لە جووڵانەوەی چەکداری دا و لە گەڵ شورشی باشووری کوردستان کاریان دەکرد یا لە وڵاتانی ئوروپایی بوون.

کادر و پێشمەرگە ئاوارەکان، دیسان چەند کارەساتی دڵتەزێنی دیکەیان بە سەرهات. کاک هاشمی حەق تەڵەب کە بە قادر شەریف بە ناوبانگ بوو، بە دەستی ساواک و بە هاوکاری نۆکەرانی ساواک لە نێو کوردستانی عێراق دا لە مزگەوتێکی شاری سلیمانی دا نامەردانە کەوتە بەر هێرشی نارنجۆک و شەهید کرا. هەروەها " کاوە" مەلا حوسینی مارەغانی لە نێو مەقەری خۆی دا بەدەستی نۆکەرێکی ساواک کە وەک عامیلی نفوزی نارد بوویە نێو پێشمەرگەکان، بە ناوی" محەممەد ئەمین

جوانمردی" خەڵکی ناوچەی سەقز لە شیرین خەودا کەوتە بەردەستریژ و شەهید کرا. ئەو جینایەتە لە شاری قەلادزێ ڕووی دا و بەداخەوە ئەو جینایەتکارە گۆیا بە هاوکاری نۆکەرانی ساواک لە باشووری کوردستان بە هاسانی توانی بگاتەوە ئێران. ئەو خۆفرۆشە(محەممەد ئەمین جوانمردی) کە گۆیا لە نێو حوجرەی فەقێیان ڕاهات بۆ نێو مەقەری پێشمەرگە و ئاگرێ کوردایەتی هەڵی گرتبوو. ئینسانێکی زۆر خەتەر و خۆ ڕێکخەر بوو. لە پێشدا بە شێوەیەکی گەلێک ماهیر خۆی لە گەڵ پێشمەرگەکان ڕێک خستبوو کارێکی وای کرد بوو کە هەموویان ئیمانیان پێ بێ، تەنانەت "کاوە" کە ئەوکاتی بەرپرسی ئەو پێشمەرگانە بوو، بە جۆرێک باوەڕیی بەو ئینسانە فێڵبازە کرد بوو، کە کرد بوویە ئیشکدەری سەر سەری خۆی.

ئەو کابرایە دوای شورشی گەلانی ئێران و ڕووخانی ڕیژیمی ئەگریسی پاشایەتی خۆی وون کرد و ئێستاش دەستی عەدالەتی نەگەیوەتێ و بە سزای کردەوەی خۆی نەگەیشتووە. دیارە ئەرکی سەرشانی هەموو شۆرشگێرانی ڕێگای کوردایەتیە کە ئەو خائینە بدوزنەوە و بە سەزای کردەوە و خیانەتەکانی بگەیەنن.

سەرەڕای ئەو زەربەیەش کادر و پیشمەرگەکان لێک بڵاو نەبون و درێژەیان بەکاری حیزبی دا. ساڵی ١٩٦٩ دەستەیەک لە کادرە هەڵکەوتووەکانی حیزب و لە پێش هەمویانەوە شەهید دوکتورقاسملو لە گەڵ کادر و پێشمەرگەکانی کە لە کوردستانی ژێردەسەلاتی عێراق بوون ، چ ئەوانەی لە نێو شارەکان بوون و چ ئەوانەی لە دەرەوە بوون،پەیوەندیان گرت و توانیان بەشی زۆری ئەوان لە دەوری یەک کۆبکەنەوە و تەکانێک بە تەشکیلات بدەن و حیزبی دێموکرات بەرەو قۆناغێکی تازە ڕێبەری بکەن، ئەو یەکگرتنەوەیە دەکرێ بە بەردی بناغەی ڕێکخستنەوەی تەشکیلاتی حیزبی دێموکرات لە قەلەم بدرێ.

بە تایبەت کاتێک وتوویژ لە نێوان شورشی باشووری کوردستان بە سەرۆکایەتی بارزانی و دەوڵەتی عێراق دەستی پێ کرد، هەلێکی باش ڕێ کەوت کە زۆربەی کادر و پێشمەرگە ئاوارەکان لە دەوری یەکتر کۆبنەوە، ئەو لێک خڕبوونەوەیە بوو بە هۆی پێک هێنانی کونفرانسی سێهەمی حیزبی دێموکرات کە لە وێ دا بەرنامە و پێرەوی ناوخۆی ئەو حیزبە بە شێوەیەکی زانستیانە دارێژراو و پەسند کرا. پاشان لە ماوەیەکی کورت دوای کۆنفرانسی سێهەم، کۆنگرەی سێهەم پێک هات، کە ئەویش بە نۆبەی خۆی لە تەواو کردنی ئۆرگانەکانی ڕێبەریی حیزبی و پێک هێنانی تەشکیلاتی تازە دا، نەخشێکی زۆر گەورەی هەبوو.

بەرهەمی ئەو تەکانە تازیە ئەوە بوو، کە ڕۆژنامەی کوردستان، ئورگانی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی دێموکراتی کوردستان بە شێوەیەکی ڕێک و پێک دەستی بە بڵاو کردنەوە کرد. ڕۆژنامەی کوردستان نەک بڵاوکراوەیەکی سیاسی ڕێک و پێک بوو لە

کوردستان. بەڵکوو سەرچاوەیەکی بە نرخیش بوو، بۆ گەشەپێدانی زمان و فەرهەنگی کوردی. تەنانەت نەخشی باشی هەبوو، لە جێگیر بوونی نووسینی یەکگرتوی کوردی دا بە تایبەت بە زاراوەی سۆرانی. کە ئەو سەردەمی بە هۆی پرۆسەی ئاشتی یەوە لە باشووری کوردستان نەخشیکی زۆر گەورەی هەبوو. لە رۆژنامەی کوردستانی ئەو سەردەمی دا زۆر ووتاری سیاسی، ئابوری، زمانەوانی هونەری، تەشکیلاتی و رێکخراوەیی بە نرخ بڵاو دەبوونەوە. بە تایبەت بە هەڵسەنگاندنەکانی شەهید دوکتور قاسملو لە باری سیاسی و ئابوریەوە، بە نووسینە پڕ نیوەرۆکەکانی مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەن زادە کە بەزمانێکی کوردی پاراو دەینووسی، بە شێعرو ووتاری هونەری و فەرهەنگیەکانی مامۆستا هێمن و زۆر نوسەری دیکەی وەک کاک کەریم حیسامی و هیَ تر ببوو بە رۆژنامەیەکی دەوڵەمەندی کوردی و خزمەتیکی باشی بە فەرهەنگی نەتەوەیی دەکرد.
لە باری چالاکی سیاسی و تەشکیلاتیشەوە ئەو حیزبە پییَ نایە نێو قۆناغیکی تازەوە. قوناغێک کە پڕ بوو لە پەیوەندی گرتنی دیپلۆماسی و چالاکی رێکخراوەیی. حیزبی دێموکرات دوای ئەو هەنگاوە گەورەیە خاوەنی رێبەریەکی تارادەیەک رێک و پێک، جووڵانەوەیەکی بە دیسپیلین و سیاسەتێکی ماقوڵ بوو، هەر بۆیە توانی تەنانەت لە نێو خۆی رۆژهەڵاتی کوردستانیش دا دیسان بە شێوەی نەهێنی چالاک بێتەوە. هەر چەند دیارە لە رادەیەکی بەرتەسک دا. یەکێک لە هەنگاوە باشەکان ئەوە بوو کە دەست کرا بە پێگەیاندن و پەروەردە کردنی کادر بۆ داهاتوو. دیارە دەبیَ ئەوە بزانن کە لەو سەردەمی دا ئەو حیزبە ئەفرادی خۆێندوار و لاوی زۆر کەمی لە گەڵ دا بوو تا پەروەردەیان بکا. ئەوەی هەبوو زۆرتر کادرە کۆنەکانی ئاوارە بوون،لە گەڵ پاشماوەی پێشمەرگەکانی جووڵانەوەی ساڵەکانی ٤٦ — ١٣٤٧، کە بە داخەوە زۆریان نەخوێندەوار بوون.

لە گەڵ ئەوەش هەوڵی زۆر باشی رێبەرایەتی ئەو کاتی حیزبی دێموکرات بوو بە هۆی خوێندەوار بوونی هێندیک لەو پێشمەرگانە و بەشداری بەشێک لە کادرەکان لە دەورەی جۆار وجۆری کادر دا. تەنانەت چەند کەسێک نێردرانە یەمەنی جنووبی بۆ دیتنی دەورەی نیزامی و چریکی.

دەبیَ ئەوە بە راشکراوی بگوتریَ کە زۆربەی کادر و پێشمەرگەکانی ئەو سەردەمە بە رەنجی شانی خۆیان دەژیان و کار و باری حیزبیشیان بەرێوە دەبرد. تەنانەت موشاویر یا ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی هەبوو. کە بە زەحمەت و تێکۆشان ژیانی رۆژانەی خۆی دابین دەکرد. هێندێک لە کادر و پێشمەرگەکان لە ناوچەکانی قەڵادزیَ و رانیە لە باشووری کوردستان زۆربەیان ناچار بوون کۆڵ کێشی بکەن و رۆژ تا ئێوارە ئارەق برێژن، ئێوارەش کە گەرانەوە کۆبوونەوەی حیزبی بکەن و یان چەند رۆژ وەدوای مەئموریەتی حیزبی بکەون. لە نێو خۆی رۆژهەڵاتی کوردستانیش دا، تارِادەیەک چالاکی هەبوو. بەتایبەت کادر و پێشمەرگەکان بە نەهێنی، لە دەستەی چوار- پێنج کەسی دا سەریان لە نێو خۆی وڵات دەدا و لە گەڵ ئەندامانی حیزب پەیوەندیان دەگرت. بڵاوکراوەکانی حیزبیان بەوان دەگەیاند کە لە نێو کۆڕی زۆر بچوکی ڕوناکبیری دا

دەخوێنرانەوە.

یەکێک لە کادرە هەرە چالاکەکانی ئەو سەردەمە، شەهیدی پایەبەرز ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی شەهید مەلا قادری ویردی بوو. شەهید مەلا قادر بە شێوەیەک دڵسۆزی ڕێگای کوردایەتی بوو، کە سەرەڕای کەند و کۆسپی زۆر و خەتەری بەچاوی ئەو سەردەمە، هیچ کاتێک لە سەفەر بۆ نێو خۆی وڵات سڵی نە کردەوە. شەهید مەلا قادر کە لە بنەماڵەیەکی حیزبی لە دایک ببوو کوڕی شەهیدی پایە بەرز،ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی،مەلا رەحیمی ویردی بوو، تەواوی دام دەزگای جاسوسی و نیزامی ڕێژیمی پاشایەتی بە هیچ دەزانی و بۆ کاری حیزبی، هەتا قوڵایی کوردستان دەرۆیی.

ساڵی ١٣٥٣، دوای پێک هاتنی کۆنگرەی سێهەم، کە لەوێ دا پێ داگیرا بوو لە سەر گرنگی چالاکی سیاسی لە نێو خۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دا، شەهید ویردی لە هەوەڵین کەسانێک بوو، کە بۆ بەرێوە بردنی ئەو ئەرکە گرنگە، ئامادەیی خۆی ڕاگەیاند. دوای کۆنگرە کە لەوێ دا بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی هەڵبژێردرا، بە خۆی وتیمێکی سێ کەسی یەوە ، بەرەو نێو خۆی کوردستان وەڕێ کەوت. بە داخێکی گەرانەوە ئەو کادرە هەڵکەوتووە لەو سەفەرە پڕ مەترسیە نەگەڕایەوە. لە شاری بانە کەوتە نێو داوی جاسوس و چەکدارەکانی ڕێژیمی پاشایەتیەوە و لە شەرێکی قارەمانانە دا، کە بە تەنیا دەمانچەیەک تا فیشەکی ئاخری شەڕی کرد، شەهید کرا. هەر لەو شەڕە دا لاوێکی هەڵکەوتووی دیکە بە ناوی محەممەد سەدیق بە برینداری گیرا، کە دوایی لە شاری سنە تیرەباران کرا و بەدەستی ڕێژیمی پاشایەتی شەهید کرا. هەر لەو پەیوەندیە دا مستەفا عەزیز زادە و محەممەد رەمەزانی، ئەندامانی حیزب لە نێو خۆی شاری بانە گیران و دوای چەند مانگ لە سنە تیرە باران کران. جگە لەوە هێندێک ئەندامی زۆر چالاک و بە کەڵکی حیزبی مەجبوور بوون وڵات بە جێ بێڵن و ئاوارە بن.

بە کورتی حیزبی دێموکرات بە شێوەیەکی ئورگانیک ڕێکخراو بوو و ئامادەیی ئەوەی هەبوو. کە لە ئاڵ وگۆڕێکی مێژوویی گرینگ دا، وەک شورشەکەی ساڵی ١٩٧٩، نەشی شیاوی خۆی ببینی و لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، نەخشی بەرێوەبەری جووڵانەوەیەکی بەرین تر وەئەستۆ بگرێ.کە دیارە لە قۆناغی تازەی جووڵانەوەی ڕزگاریخوازی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دا گەورەترین نەخشی وەئەستۆ گرت.

بەشی دەهەم:

ڕاپەڕینە مەزنەکەی ساڵی ١٩٧٩ی گەلانی ئێران، گەلێک ئاڵ و گۆڕی بە سەر هەل ومەرجی سیاسی هەموو ئێران بە گشتی

و کوردستان بە تایبەتی دا هێنا. ئەنجامی ئەو ڕاپەرینە کە دەکرێ بە شۆڕشێکی تێشکاو ناوببرێ، بۆ گەلی کورد لە کوردستانی ژێردەسەڵاتی ئێران، هەم پر دەسکەوت بوو، هەم پڕ دەرد و مەینەت.

لەم وتارە دا جێگای ئەوە نیە باسی چۆنیەتی دروست بوونی ئەو ڕووداوە گەورەیە و ئەنجامەکانی بۆ دنیا، بۆ ناوچەی رۆژهەڵاتی نێوەڕاست، بۆ ئێران و کوردستان بکرێ. هەڵسەنگاندنێکی ئەوتۆ بەفرەوان، تەنانەت لە کتێبێکیش دا جێگای نابێتەوە. بۆیە ئەمن تەنیا بە کورتی باسی هەل و مەرجی کوردستان و هەڵس و کەوتی ڕێکخراوە سیاسیەکان و کۆماری ئیسلامی لە کوردستان دا دەکەم. دیارە هێشتا ئەو هەویرەش زۆر ئاو دەکێشی و خوێنەر نابێ چاوەڕوانی باسێکی تێر و تەسەل بێ.

لە گەڵ دەست پێ کردنی خۆپیشاندان و نارەزایەتی لە دژی ڕێژیمی نگریسی پەهلەوی، گەلی کوردیش بە تێکرایی هاتە مەیدان. ڕق و تووڕەیی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان لە ڕێژیمی حەمە ڕەزاشا بە جۆرێک بوو، کە تەنیا هەلیک پێویست بوو، تا سەرجەم کۆمەڵانی خەڵک ڕاپەڕن. بە تایبەت کە کوردستان بێ پسانەوە لە دژی ڕێژیم خەباتی سیاسی کرد بوو،خاوەنی ڕێکخراوی سیاسی و هەستی نەتەوەیی بوو. لە سەرەتا دا ڕاپەرینەکە بە گشتی وەک هەموو بەشەکانی دیکەی ئێران زۆرتر خۆبە خۆیی و گشتی بوو. کۆمەڵانی خەڵک بێ ئەوەی دروشمێکی تایبەتیان بۆ داهاتوو هەبێ دروشمی رووخانی ڕێژیمی حەمەڕزاشایان دەدا.

کەس بە وردی بیری لە داهاتوو نەدەکردەوە. هەموو کەس لە هەل ومەرجی سەردەم بێزار بوو. بە بڕوای زۆربەی کۆمەڵانی خەڵک هەر کەس هاتبایە سەرکار لە ڕێژیمی پاشایەتی و بە تایبەت لە ڕێژیمی پەهلەوی باشتر بوو.

ئەو ڕیژیمە گەندەڵە بەدرێژایی سەدان ساڵ ئەوەندەی زوڵم و زۆر لە خەڵکی ئێران بە گشتی و لە خەڵکی کوردستان بە تایبەتی کرد بوو، کە هیچ بیری بۆ ئەوە نەدەچوو کە ڕەنگە لەوەش خراپتر ببینێ. هەر بۆیە بە دڵ و گیان بەشداریان لە خەباتی دژی ئەو ڕێژیمە دا کرد و خۆ بە خۆ لە تەواوی شارەکان بنکەی ڕاپەرینیان دامەزراند. لە زۆربەی شارەکانی کوردستان دەستەیەک خوێندەوار و ڕوناکبیری کوردستان، بەشێوەی ناڕاستە وخۆ ڕێبەریی ڕاپەرینیان دەکرد. ڕێکخراوە سیاسیەکان یا لە مەیدان دا نەبوون، یا ئەوەندە بە هێز نەبوون کە بتوانن وەپێش کۆمەڵانی خەڵک بکەون. بەڵام هەل ومەرجەکە هەر دەهات ئاڵ وگۆڕی بە سەر دەهات.

حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ماوەیەکی زۆر کورت دا توانی وەپێش کۆمەڵانی خەڵک کەوێ و نوێنەرایەتی زۆربەی خەڵکی

کوردستان بە دەستەوە بگرێ. لەو نێوە دا هێندیک کەس و ڕێکخراوی تریش ناویان هاتە نێو ناوانەوە. مامۆستا شێخ عزالدین حۆسینی، کە لە سەردەمی شا دا ڕێزی خۆی لە نێو خەڵکدا پاراستبوو.

جگە لەوانە زۆربەی ڕێکخراوە سەرانسەریەکان وەک چریکی فیدایی، حیزبی توودە، موجاهیدین، پەیکار، ڕەنجبەران، یەکیەتی کۆمۆنیستان، ڕێگای کرێکار، چریکی ئەشرەف و هێ تر لە کوردستان بنکەیان هەبوو، لە نێو لاوان دا لایەنگرێکی کەمیان هەبوو. کێ بەرکێی ئەو ڕێکخراوانە، لە دانی دروشمی توند و تیژ ولە ڕێگا پێوانی شۆڕشگێرانەی خەیاڵی دا، هەل و مەرجێکی سەیری لە کوردستان پێک هێنا بوو. حیزبی دێموکراتی کوردستان بە پێێ خەباتی نیزیک بەچل ساڵەی و بە گوێرەی کاریگەری لە نێو کۆمەلانی خەڵکی کوردستان دا، کە بە ڕاستی زۆربایەتی هەبوو، خۆی بەدەسەلاتداری یاسایی خەڵکی کوردستان دەزانی. دیارە تا کاتی هەڵبژاردنی گشتی ئەو پێوانەی حیزبی دێموکرات لە ڕاستی دا بە شێوەی دێموکراتیک نەکرابوو. بەلام لەو هەڵبژاردنە دا دەرکەوت کە حیزبی دێموکرات بە شێوەی دێموکراتێکیش دەتوانێ ئیددیعا بکا کە زۆربەی خەڵکی کوردستانی لە گەڵە و دەتوانی دەسەلاتی کوردستان وەئەستۆ بگرێ. چونکە تەواوی ئەو کاندیدایانەی لە دەوەری یەکەم دا لە کوردستان ڕەئی پێویستیان هێنایەوە، نوێنەرانی حیزبی دێموکرات بوون. تەنانەت لە ناوچەکانی ناوەندی کوردستان، وەک (سەردەشت، پیرانشار نەغدە،شنو)و مەهاباد زۆربەیەکی زۆر بەرچاویان هێنابووە. لە بۆکان، سەقز،بانە و مەریوان زۆربەیان، هێنابووە. لە جێگاکانی تریش هەر لە پێشەوەی هەموو کاندیداکان بوون، بەلام لە دەوری یەکەم دا دەر نەچوو بوون.

بە پێچەوانەی ویستی حیزبی دێموکرات. مامۆستا شێخ عزالدینیش کە تەنیا دەفتەری هەبوون و هیچ ڕێکخراویکی بەڕاستی لە پشت نەبوو،ئیددیعای ڕێبەرایەتی خەڵکی کوردستانی دەکرد و پێێ وابوو دەبێ لە بریاردان دا بۆ چارەنووسی کوردستان ڕەئی وەک حیزبی دێموکرات بێ. جگە لەوە کۆمەڵە زۆرتریش دەچۆ پێش. بۆ کۆمەڵە پێشرەو بوون بەوە نەبوو کە زۆربەت لە گەڵ بێ یانا. بۆ ئەو مەسەلەی ڕێبەربون لە هاوکێشەیەکی ئیدەئولۆژیک دا حەل دەبوو.

هاوکێشەکەش بەو جۆرە بوو: لە کوردستان سێ هێزی سەرەکی پێکەوە لە سەر دەسەلات لە کێشە دابوون. هێزی کۆماری ئیسلامی،هێزی بورژوازی کورد و هێزی کرێکاران و زەحمەتکێشانی کوردستان. کۆمەڵە بێ ئەوەی بە پێویست بزانێ لە کردەوە دا نیشان بدا، خۆی بە نوێنەری کرێکاران و زەحمەتکێشانی کوردستان دەزانی، حیزبی دێموکراتی بە نوێنەری بورژوازی کوردستان لە قەڵەم دەدا و کۆماری ئیسلامیش کە جێگای خۆی دیار بوو. کۆمەڵە تیوریەکانی پێشڕەوانی کومونیزمی جیهانی دەکردە بەڵگەی بە حەق بوونی خۆی و بە پێێ ئەوان خۆی بە حاکمی بێ ئەم لاو ئەولای کوردستان لە قەڵەم دەدا. بە پێێ ئەو تیوریانە ڕێبەری بۆ حیزبی نوێنەری هێزی کرێکارە. بورژوازی، ئەویش ئەگەر میللی بێ، لە

سەردەمێک دا، لە دژی کۆنەپەرستی و ئیمپریالیزم دەکرێ کەڵک لە هێزەکەی وەربگیرێ، بەڵام بە هیچ شێوەیەک نابێ نەخشی ڕێبەریی یا دەسەڵاتداری پێ بدرێ. حیزبی دێموکرات کە نوێنەری بورژوازی بوو، تا ئێستاش لە لایەن کۆمەڵەوە لوتفی لە گەڵ نەکرابوو بە بورژوازی میللی لە قەڵەم نەدرابوو، لە باشترین حاڵەت دا، تەنیا دەی توانی خەباتی سیاسی ئاشکرا بکا. ئەویش جارێ چونکە هێزی کرێکارانی کوردستان بەو ڕادەیە خۆی ڕێک نەخستبوو، کە بتوانێ بەربەرەکانی لە گەڵ بورژوازی بکا و لە مەیدانی وەدەرنێ. جگە لەوەش مەترسی ئەرتەش و پاسداری کۆماری ئیسلامی لە سەر کوردستانی ئازاد هەبوو.

کۆمەڵە توانیبووی سەرنجی مامۆستا شێخ عزالدین بۆ لای خۆی ڕاکێشێ. هەر چەند نەخش و کەسایەتی مامۆستا زۆرتر لە گەڵ نیزێکی لە حیزبی دێموکرات دەهاتەوە و بەڕاستیش ئەگەر لە حیزب نیزیک بایە داهاتووی ڕوونتر بوو، بەڵام لە بەر دوو هۆ، مامۆستا لە کۆمەڵە نیزیک کەوتەوە. یەکەم چونکە کۆمەڵە ئەوی بە ناوی ڕێبەری سیاسی - ئایینی، دیارە" تەنیا لە سەرو بەندێک دا کە کاری پێ بوو"، ناودەبرد و حیزبی دێموکرات ئەوی تەنیا وەک کەسایەتیەکی سیاسی - ئایینی دەناسی. دووهەم لەو سەردەمی دا مامۆستا زۆری پێ خۆش بوو وەک ڕێبەرێکی پێشکەوتووی لایەنگری کرێکاران و جوتیاران بناسرێ و کەسێکیش هەبێ لەو بارەوە پروپاگەندەی بۆ بکا. زۆر لەو لاوە خوێندەوارانەی کە وەدوای مارکسیزم- لینینیزم کەوتبوون، دەچوونە لای و ئەویان بە ڕێبەری پێشکەوتوو و مامۆستای سوور ناودە برد.

ڕێکخراوەکانی دیکەی سەرانسەری، کە هەمویان بنکەیان لە کوردستان کرد بووە. هەموو بە تێکڕا،زۆرتر نەخشی تێک دەریان هەبوو. باشترین ڕێکخراویان کە ماوەیەک بە شێوەی چەکدار لە کوردستان دا، بە ناو هاوکاری لە خەبات دا دەکرد، لە ئاخری دا گەورەترین زەربەی لە جووڵانەوەی کوردستان دا. بۆ وێنە ڕێکخراوی چریکە فیداییەکان کە لە سەرەتاوە بەشداری لە جووڵانەوەی چەکداری دا دەکرد، ئاخرەکەی بەشی هەرە زۆری بوو بە داردەستی کۆماری ئیسلامی و حیزبی توودە.

تەواوی ڕێکخراوەکانی دیکەش کە بەناو هاتبوونە کوردستان وەک لایەنگری جووڵانەوەی خەڵکی کوردستان، لە کردەوە دا زەربەیان لەو جووڵانەوەیە دەدا. لانی کەم ژمارەیەک لە لاوانی خوێندەواری کوردستانی بۆ ڕێبازێکی ئیدەئۆلۆژی چەوت دەکێشا و لە خەباتی نەتەوەیی، کە لەم سەردەمە دا لە هەموو خەباتێک لە پێشتر بوو، هان دەدا. جگە لەوە لە خۆش کردنی ئاگری دوو بەرەکی لە نێو دوو هێزی جووڵانەوەی کوردستان دا، واتە حیزبی دێموکرات و کۆمەڵە، بەڕاستی زۆر جار نەخشی تێک دەرییان هەبوو. دیارە هێندێک لە وانیش جار و بار نیگەرانی خۆیان لەو دوو بەرکیە دەردەبڕێ، بەڵام بە گشتی دەیان ویست لەو قوڕاوە ماسی بگرن، و زۆر جار پڕوپاگەندەی خۆیان بە حیزب یا کۆمەڵە دەفرۆشت. ئەگەر حیزبی



سەرچاوە
Serchawe

دێموکرات یارمەتی بدانایە دژی کۆمەڵە دەدوان و ئەگەر کۆمەڵە یارمەتی بدانایە بە دژی حیزبی دێموکرات.

دیارە دەبێ ئەوەمان لە بەرچاو بێ کە جاری واش هەبوو بە حەق ڕەخنەیان لە کردوەیەکی حیزب، یا کۆمەڵە دەگرت. بەڵام با بە کورتی هێندێک وێنەی کردەوەی نیگەتیڤی ئەو ڕێکخراوانە باس بکەین. حیزبی توودە هەر لە سەرەتاوە نەخشی تێکدەری هەبوو لە کوردستان دا. چ لە خۆش کردنی ئاوری دووبەرەکی نێوان ڕێکخراوە کوردستانیەکان و چ لە شێوەی جاسوسی و تەشکیلات هەڵوەشێن دا دەستێکی باڵای هەبوو. بە تایبەت بە هۆی رابردووی دوور و درێژی پەیوەندی لە گەڵ حیزبی دێموکرات، لە نێو حیزب دا هەمیشە دەستی هەبوو. نەخشی حیزبی توودە لە نێو ڕێکخراوەکانی حیزبی دێموکرات دا بەڕاستی تێکدەر بوو. وەک سەرەتانێک دەچوو کە لەو سەردەمی دا ڕۆژ بە ڕۆژ گەشەی دەکرد و تەنانەت لە یەک زەمان دا گەیشتە مێشکی حیزب.

توودەییەکان لە فریودانی لاوان و خوێندەوارانی نێو حیزبی دێموکرات و ڕێکخراوەکانی دیکە دا ئوستادێکی خاوەن توانا بوون. زۆر نادیار، بە تاکتیک و فێڵبازانە دەچوونە پێش. لە هەوەڵەوە دەستیان دەکرد بەخاڵی کردنەوەی ئینسانەکان لەباری ئیدەئۆلۆژی و تیۆریەوە. پێش هەموو شتێک دەهاتن هاوکێشەیەکی بە تیۆری جوانیان بۆ ڕاست بوونی نەزەرەکانی خۆیان و هەڵە بوونی نەزەری لایەنەکەی تر دا دەڕشت. بە شێوەی فەردی لە گەڵ ئەفرادی ڕێکخراوەکانیان دێنایە گۆڕ و بەرەبەرە بن پێی تەرەفیان لە باری تیوریەوە خاڵی دەکرد. جا لە نکاو کابرا بێ ئەوەی هەست بکا هەڵ دەخلیسکا. زۆر لە کادر و لاوەکانی نێو حیزبی دێموکرات فریوی ئەو فێڵبازی و زمان درێژیەی حیزبی توودەیان خوارد و گەورەترین زەڕبەی حیزبی توودە لە جوێ بوونەوەی تاقمی حەوت کەسی دا خۆی نواند.

حیزبی توودە لەو کاتی دا بەبیانوی دژی ئیمپریالیست بوونی کۆماری ئیسلامی، نەخشی خۆرەی تەشکیلاتی لە نێو ئۆپۆزیسیونی ئەو ڕێژیمە دا دەدی. هەل و مەرجی ئەوکاتی نێونەتەوەیی و ئازاد بوونی لەنکاوی بیروڕای گشتی لە ئێران دا. زۆر یارمەتی دوو ڕوویی و نەخشی خەیانەتکارانەی حیزبی توودەیان دەدا. هەروەها سیاسەتی فێڵبازانەی کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامیش، هەر جارەی بە جۆرێک خۆیان دەنواند، پشتیوانیان بوو.

لە نێو لاوانی خوێندەواری کوردستانیش دا، زەمینەی ئەو جۆرە بۆچوونانە هەبوو. لەو سەردەمی دا کێ بەرکێێ ئەوە بوو کە هەرچی زۆرتر خۆت بە ئیدەئۆلۆژی مارکسیزم – لینینیزم تەیار بکەی و لە کردوە دا نیشانی بدەیْ. زۆر کەس تەنانەت بۆ نیشاندانی توند و تیژی خۆی لە باری تیدەئۆلۆژیەوە، کاری منداڵانەی دەکرد. بۆ وێنە کابرای زۆر دەوڵەمەند، لیباسی کۆنی لە بەر دەکرد. ڕێبەری ڕێکخراوێک بە کەوشی کۆنی دڕاوەوە، دەچۆ کۆبوونەوەی گشتی لە مزگەوتان، یا لە ماڵان

فروجاوی ڕەت دەکردەوە و نان و دۆی دەخوارد. ئەوە لە کاتێک دا کە میراتی باب و باپیرانی سەری لە میلیاردان دەدا و حازریش نەبوو دەستی لێ هەڵگرێ.

هێندێک لاوی توند وتیژ لە خۆڕا دەبوونە دارۆغە و مڵک و ماڵی خەڵکیان دابەش دەکرد. بە پێی بۆچوونی ئەوان هەر کەس دوو دوکانی هەبایە یەکێکیانی لێ زیاد بوو، دەبوو بدرێ بە کەسێکی دیکە. جاری وابوو لە خۆڕا دوکانێک مۆر دەکرا و تا شورای شار، کە لە لایەن حیزب و ڕێکخراوەکان و خەڵکەوە داندرابوو، فریا دەکەوت، هەرایەک ساز کرا بوو.

سەرچاوە: ماڵپەڕی گیارەنگ

## بەجیهانی بوون چییە ( Globalisation Guide)

## نێوەڕۆک

١- بەجیهانی بوون چییە؟
٢- یاریکەرەکانی مەیدانی بەجیهانی بوون کێن؟ .
٣- پرۆسەی بەجیهانی بوون بۆچی هاتۆتەگۆڕێوپارامیترەکانی چین؟ .
٤- قازانجوخەرجەکانی بازاری ئازاد چین؟ .
٥- ڕۆڵی ئینتەرنێت وئامرازەکانی پێوەندی چییە؟ .
٦- ئایا بەجیهانی بوون گوێزرانەوەی هێزە لە گەلانەوە بۆ ڕێکخراوە غەیرە دێموکراتیەکان؟ .
٧- تایبەتمەندیەکانی بە جیهانی بوون چین ؟ .
٨- بە جیهانی بوون چ شوێنکارێکی لە سەر کولتوری گەلان هەیە؟ .
٩- ئایا بە جیهانی بوون ئەنجامی پێشکەوتنی پیشەسازییە؟ .
١٠- ئایا هیچ ئاڵتەرناتیڤێکی دیکە بۆ بە جیهانی بوون هەیە؟ .
١١- واتای بە جیهانی بوون بۆ وەڵاتانی لە حاڵی گەشەدا؟ .
١٢- شوێنکاری بە جیهانی بوون لە سەر ڕۆژهەڵاتی‌نێوەڕاست؟ .
١٣- ڕەنگدانەوەی بە جیهانی بوون لە سەر جووڵانەوەی ڕزگاریخوازی گەلان؟ .
١٤- گرنگی بەجیهانی بوون بۆ مەسەلەی کورد؟ .
١٥- چۆن دەتوانین کەڵک لە پرۆسەی بە جیهانی‌بوون وەربگرین؟

### ١- بە جیهانی بوون چییە؟ (Globalisation Guide)

لە سەر پرۆسەی بە جیهانی بوون گەلێک لێکۆڵینەوە کراون ولە ڕاددەبەدەر زۆر بیرورای جیاواز هاتوونە نێو رووپەری کتێبەکان،ڕۆژنامەکان و لاپەڕەئەلکترۆنیەکانی ئینتەرنێت."تەنیالە ساڵی ١٩٩٨ دا ٢٨٢٢ ووتار و ٥٩٨ کتێب لە سەربە جیهانی بوون نووسراون، کە هەر کام بە شێوەیەک پێناسەیان کردوە.

هێندێک کەس بە جیهانی بوون زۆرتر وەک پرۆسەیەکی بناغەیی بۆ گەشەکردنی ئابووری دەبینن، چونکە دەبێتە هۆی گەشەکردنی ئابوری نەتەوەیی لە نێو ئابوری نێونەتەوەییدا. تێکەڵ بوونی ئابوریش دیارە کاردانەوەی هەیە لە سەر باری سیاسی، کۆمەڵایەتی، تکنیکی و کلتوریی گەلان بەجۆرێک کە بەشێوەیتێکداچالاک کار لە سەر یەکتر دەکەن. کۆمەڵناسی بەناوبانگ ئەنتۆنی گیدنیس (Antoni Gidens) بەجیهانی بوون وەک لێکدابرانی خێراییو کات چاولێدەکا، بەو مانایە کە پەیوەندیەکانی نێونەتەوەیی بە جۆرێک خێرا لە هەموو دنیادا جێبەجێ دەکرێن، کە زانیاریوکلتوریە بێ کات گرتن بە هەموو جیهاندا بڵاو دەبنەوە. زانایەکی هولەندی بە ناوی روودلوبەرس (Ruud Lubers) کە سایتێکی باشی هەیە لە سەر مەسەلە جۆربەجۆرەکان، www.Globalize.nl

بەجیهانی بوون بە یەکبونێکی گەورە دەبینێ و دووری جوغرافیایی تەنیابە فاکتەرێکی نواندن دەزانێ لە پەیوەندیەکانیئابوری، سیاسی، فەرهەنگی وکۆمەڵایەتیلە سەرانسەری دنیادا. واتا تەنیا پێویستە تۆری نواندن بۆ پرۆسەیەکی تایبەتی جیهانگیر بێ، تا ئەو پروسەیەش جیهانی ببێ.

زۆر لە پسپۆڕەکانو رەخنەگرەکانی پرۆسەی بەجیهانی بوون بیروبۆچوونی جیاوازیان هەیە لە سەر پرۆسەگشتیەکە، هەر چەند هەموویان بە تێکرا بە هاندەرێک و بەرێوەبەرێکی سەرەکی ئابوریگەورەی جیهانی دەزانن. ئەوان دەسەلمێنن کە ئەم پرۆژەیە لە لایەن بانک وکارتێلە گەورەکان و دەوڵەتە زلهێزەکانەوە بەرێوە دەچێ، هەموو وەڵاتانی جیهان بەشداری تێدا دەکەن و شوێنکاری هەیە لە سەر هەموو لایەنەکانی ژیان.

بەجیهانی بوون پرۆژەیەکی مەهارنەکراوی سەرمایەدارییە،کە لە سەر ئابوری جیهان شوێنکارێکیگەورەی هەیە ، هەر کۆمەڵگایەی بە گوێرەی رادەی گەشەکردنی خۆی دەتوانێ کەڵکی لێوەرگرێ و هەموو چینوتوێژەکانی کۆمەڵ دەگرێتەوە.سیمۆنرەیچ (Simon reich) لە ئەنستیتۆی زانیاریەنێونەتەوەییەکان لە زانستگایئۆتردام لە ساڵی١٩٩٨دالێکۆڵینەوەیەکی گشتی کردوە لە سەر بەجیهانی بوون. دۆگلاس نێڵسن (Douglas Nelsen) یش لە ئەنستیتۆی زانستە سیاسیو ئابوریەکانی زانستگای تولەین Tulane University " هەوڵی داوە کە پرۆسەی بەجیهانی بوون بناسێنێ.

ئەوەی ئەم دوو زانایە بە کورتی بە دەستیەوە دەدەن ئەوەیە کە ئەم پرۆسەیە لە کۆمەڵێک فاکتەری جیهانی پێک دێ کە لە سەر گەشەکردنی ئابوری، سیاسی، فەرهەنگی و کۆمەڵایەتی کاریگەریان هەیە و دینامیکێک دروست دەکەن کە لە ڕێگای راگەیەنەرە گشتیەکانەوە خۆ دەگەیەنێتە هەموو کەلێنوقوژبنەکانی جیهان.

ئەم دینامیکە بووردی نێوقارەیی هەیەو لە تۆڕێکی تێکدا چالاکی نێونەتەوەیی‌دا کارتێکەری دوو لایەن درووست دەکا و هێزێکی تازە پێک دێنێ کە ئەویش دوو لایەنەیە، واتا هەموو هێزەکانی دنیا بە هاوکێشەیەکی دوو لایەنە کەڵک لە یەکتر وەردەگرن.

یەکێک لە بناغەکانی ناساندنێکی باش بۆ ئەم www.globalisationguid.org پرۆسەیە ئەوەیە کە بزانین لە چ کاتێکەوە دەستی پێکردووە و ئەو قۆناغانەی کە تا ئێستا بریونی کامانەن. راستییەکەی ئەوەیە کە تا ئێستا نوختەیەکی دەست پێک بۆ ئەو پرۆسەیە دیاری نەکراوە. بەڵام ئەگەر شارەزاییەکی تەواو لە سەر نێوەرۆکی بەجیهانی‌بوون هەبێ، دەکرێ خاڵی دەست پێک و گەشەکردنی بە شێوەیەکی تەخمینی دیاری بکرێ.ئوروپاییەکان لە ساڵەکانی ١٥١٩ هەتا ١٥٢١ توانیان بازنە یە کی سەفەریی زانیاری، بە دەوری دنیا دا بکەن. ئەمە تەقینەوەیەکی گەورەی بازرگانی و سەرمایەگوزاری بە دواوەبو لە ئاخرین ساڵەکانی سەدەی نۆزدە دا. ئەم گەشەکردنە خێرایە بوو بە هۆی بەرهەم هێنانی کەرەسەکانی شەری جیهانی یەکەم و هەستیار بوونی پەیوەندیەکانی نێو نەتەوەیی لە ١٩٣٠ دا.

هیندێک کەس ئەم قۆناغە بە قۆناغی سەرەتایی دەستپێکردنی پرۆسە ی بەجیهانی بوون دەزانن، کە لە ئاخرین ساڵەکانی سەدەی نۆزدە دا گەرای نایەوە.

ئەوەی بە خاڵی سەرەکی لە رووی زانیاریەوە چاوی لێ دەکرێ ئەوەیە کە بە هۆی دیاریکردنی هێڵەکانی کات و قۆناغەکانی ساڵ هاوکات لە گەڵ قەبوڵ کردنی ساڵنامەی گریگۆرلە نێوان ساڵەکانی ١٨٧٥ و ١٩٢٥دا.

هەر لەو سەردەمەدا ستانداردەکانی نێونەتەوەیی بۆ تێلگراف و هێماکانی ئەو ئامرازەی پەیوەندی گرتنە قبووڵ کران.

کۆتایی هاتنی شەری جیهانی دووە م تەقینەوەیەکی گەورەی دیکەی سەرمایەداری بەدواوە بو. ئەو تەقینەوەیە بوو بە هۆی دروست بوونی کۆمپانیای گەورەی چەند نەتەوەیی لە رادەی نێونەتەوەیی‌دا، کە توانیان باڵ باوێژن بۆ بازارەکانی هەموو جیهان . بەڵام بە سەربەخۆبونی وەڵاتە کۆلۆنیەکان نەزمێکی‌تری جیهانی هاتە ئاراوە. سەفەری هەوایی و بەهێزکردنی پەیوەندیەکانی نێونەتەوەیی، پێشکەوتنی باری بازەرگانی نێونەتەوەیی بە دواوە بو. رووداوێکی گەورەی دیکەی جیهان رووخانی دیواری بێرلین و هەڵوەشانی بلۆکی وەڵاتانی‌سۆسیالیستی بو کە بو بە هۆی لە نێو چوونی شەری سارد لە نێوان دوو بلۆکی گەورەی جیهاندا.

لەوانەش گەورەتر پەیدابوونی کامپیۆتەرە، تەلەفونی موبایل و لە هەمووشیان گرینگتر تۆری ئینتەرنێت ئیمکانی پەیوەندی

زۆر خێرایان لە نێوان ناوچە جیاجیاکانی دنیادا پێک هێناو کارێکی ئەو تۆیان کرد کە دنیای پەیوەندی گرتن زۆر بچوک دەبێتەوە، بە جۆرێک کە باس لە دروستبونی گوندی جیهانی بکرێ. کورت بونەوەی ڕێگای پەیوەندیگرتن یارمەتیدەدا بە هەموو پرێسەکانی دیکەی وەک سیاسی، ئابوری،بازەرگانی،زانیاری و کلتوری کە بە شێوەیەکی بەربڵاو و خێرا لە وەڵاتێکەوە بگوێزرێنەوە بۆ وەڵاتێکی دیکە. ئەم ئامرازانەی پەیوەندی گرتن لە راستیدا شۆرشێکی پەیوەندیگرتنیان لە هەموو جیهان وەرێخست کە بە پرۆسەی بەجیهانیبوون نێو بانگی دەر کردوە. مۆرۆ کۆلین Mauro Colin لە زانستگای پێنسلڤانیا کتێبێکی زۆر بە سودی لە سەر چۆنیەتی گۆرانی میکانیزمەکانی تازەی پەیوەندیگرتن و سەرهەڵدانی پەۆسەی بەجیهانیبوون نوسیوە کە زۆر جێگای کەڵک لێوەرگرتنە.

بە گشتی دەکرێ بەجیهانیبوون وەک "گەورەبونەوەی مەیدانی بوردی زانیاری و کورت بونەوەی ڕێگای گەیشتن" چاو لێبکرێ.

### ٢- یاری کەرەکانی مەیدانی بەجیهانی بوون کێن؟

١٠٢- گەورەترین یاریکەری ئەو مەیدانە ڕێکخراوی بازەرگانی نێونەتەوەیی یە کە لە ساڵی ١٩٩٥ دا دامەزرا. ئەم ڕێکخراوەیە قانونەکانی بازەرگانی نێونەتەوەیی دارشت کە لە لایەن پارلمانەکانی ١٢٣ وەڵاتەوە کە لەو ڕێکخراوەیە دا بەشدارن پەسەند کران. قانونەکانی ڕێکخراوی بازەرگانی نێونەتەوەیی (Organisation World Trade) ڕێگا نادەن بە هیچ وەڵاتێک کە تەنیا سنعەتی خۆی پێشکەش بە بازارەکانی خۆی بکا ڕێگا لە هاتنەژوورەوەی کاڵاکانی وەڵاتانی دیکە بۆ نێو بازارەکانی خۆی بگرێ. ڕێکخراوی نێونەتەوەیی بازەرگانی لەو باوەرەدایە کە ئاڵو وێری ئازاد لە نێو هەموو وەڵاتانی دنیادا ڕێگا خۆشکەر دەبێ بۆ پێشکەوتنی هەموو وەڵاتەکان و تەنانەت راددەی ژیان و باری لەشساغی تاکەکانی ناو کۆمەڵگا جیاوازەکانیش دەباتە سەر.

هەر وەها شتومەکی پێویست دەگاتە هەموو وەڵاتێک و رەقابەتی سالم پێک دێنێ، کە ئەویش بە نۆبەی خۆی یارمەتی دەدا بە هاتنەخوارەوەی نەرخی شتومەک و دەبێتە هۆی ئەوەی خێزانە کەم داهاتەکانیش بتوانن شتومەکی پیویست بکرن.

٢٠٢ سندوقی پوولی نێودەوڵەتی (International Monetary Fund)لە ساڵی ١٩٤٦ لە کۆتاییەکانی شەری جیهانی دووەم دا دامەزرا. ئامانجی ئەو سندوقە بەدیهێنانی جێگیریی لە سیستمی گۆرینەوەی پووڵەکان لە رادەی نێونەتەوەییدایە. هەر چەند پێکهێنانی هەڵومەرجێکی ئەوتۆ بۆ گۆرینەوەی دراوی گەلێک دژوارە چونکە بە زۆر فاکتەری نێونەتەوەیی و ناوچەییەوە گرێدراوە. بەڵام هەوڵەکانی ئەم سندوقە بۆتە هۆی وەرێخستنی پرۆسەی ئاڵوگۆری دراوی و

ڕخساندنی هەڵ بۆ وەڵاتان لە دانانی باڵانسی دراویدا. ئەم سندوقە هەر وەها یارمەتیدەرە لە بواری ڕێکخستنی پرۆسەی ئیعتیبار و چۆنیەتی دانەوەی قەرزە نێودەوڵەتیەکاندا. بە تایبەت فرەوان بونی مەیدانی چالاکی ئەم دامەزراوە نێو نەتەوەییە، کە تا ئێستا ١٨٢ وەڵات تێیدا بەشدارن، یارمەتیەکی گەورە دەدا بە پێکهێنانی سیستمێکی هاوکاری ماڵی لە سەرانسەری جیهاندا و پرۆسەی بەجیهانیبوون خێراتر دەکا. سەرەرای ئەمانە یارمەتیەکی گەورەی کردوە بە دروستبونی بانکی جیهانی کە ئەویش یارمەتیەکی گەورەدەکا بە وەڵاتانی هەژار و لە حاڵی گەشەکردندا کە پرۆژەکانی لەشساغی، ئاوی خواردنەوە، پەروەردەیی و خزمەتگوزاری دیکە جێبەجێ بکەن. هەر وەک یارمەتی بە ریفۆرمە ئابوریەکانی دەوڵەتیو گەشەکردنی کەرتی تایبەت لە بواری ئابوریدا.

٣٠٢- ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتوەکان ئەم ڕێکخراوە بە نفوزە نێو نەتەوەییە لە راستی دا بو بەهۆی چالاک کردنی پەیوەندیەکانی نێو نەتەوەیی و مۆتۆری پرۆسەی بەجیهانیبوون. لەم ڕێکخراوەدا بریار درا کە دەوڵەتان پێویستە بەرپرسایەتی دوولایەنەیان هەبێ. یەکیان بۆ پاراستنی قازانجەکانی دانیشتوانی وەڵاتی خۆیان و ئەویتر لە بەرانبەر دانیشتوانی وەڵاتانی دیکە لە کۆمەڵگای نێونەتەوەییدا.

ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتوەکان رۆلێکی جیهانی بەر چاوی هەیە لە دارشتنی قانونە نێودەوڵەتیەکاندا و لە پیادەکردنی ئەو قانونانە بە ڕێگای ئەنستیتوتە نێودەوڵەتیەکانی خۆی لە رادەی نێونەتەوەییدا.

٤٠٢- ڕێکخراوی ئابوری و بنیات نان Corporation and Development Organisation for Econemics ئەم ڕێکخراوە سیاسەتەکانی ئابوری و گەشەکردنی کۆمەڵایەتی بۆ ٢٩ ئەندامی خۆی ریکدەخا لە ئەمریکای شیمالی و ئۆروپای رۆژئاوا. هەر وەها لەگەڵ دەوڵەتەکانی چێک، لەهستان، مەجارستان، ژاپۆن، کورەیباشور، ئۆستراليا و نیوزەلاند هاوکاری هەیە.یەکێک لە کارە گرینگەکانی ئەو ڕێکخراوەیە لە بواری بەجیهانیبوندا بریتییە لە کۆکردنەوەی بەڵگە ئابوریە جیهانیەکان.

٥٠٢- کۆنفرانسی نەتەوەیەکگرتووەکان بۆ بازەرگانی وبنیانان Conference on Trade and Development United Nation ئۆرگانێکی هەمیشەیی نێودەوڵەتیە کە لەلایەن نەتەوەیەکگرتوەکانەوەبەرێوەدەچێ و ئامانجی ئەوەیە کە پەیوەندیە بازەرگانیەکان چالاک بکا و کار ئاسانی بۆ سەرمایەگوزاری نێودەوڵەتی بکا تا لەو رێگایەوە یارمەتی گەشەکردنی ئابوری وەڵاتانبدات.

٦٠٢- فۆرومی ئابوری جیهانی The World Economic Forum فۆندێکی سەربەخۆی جیهانی‌یەکە کۆنفرانسی جیهانی ڕێکدەخا بۆ کەسایەتیە لێوەشاوەکانی بواری سیاسی، ئابوری، ڕووناکبیری و کۆمەڵایەتی. ئەم ڕێکخراوە کۆنفرانسێکی ساڵانەیٚ لە شاری "دافوسی"ی سویس کە بنکەی ڕێکخراوەکەش لەوێیە. زۆرجاریش کۆنفراسی نێونەتەوەیی پێک دێنیٚ لە سەر مەسەلە جیهانییەکان.

دیارە ئەم ڕێکخراوەیە هێزی بریاردانی نییە، بەڵام کۆنفرانسەکانی زۆر بەوزنن. چونکە ڕێبەرەکانی دنیای ئابوری وسیاست بەشداری تێدا دەکەن و لە وێدا مەسەلە گرنگەکانی جیهانی هەڵدەسەنگێنن سایتی www.worldgrouwth.org توێژینەوەی زۆر بە کەڵک لە بواری بازەرگانی، ئابوری و بازاری نێونەتەوەیی و بەجیهانیبونەوە پێشکەش دەکا. چ لە وەڵاتانی پێشکەوتو چ لە وەڵاتانی لە حاڵی گەشەکردن دا.

٧٠٢- ئەنستیتۆی مەسەلە ئابوریەکان The Institutet of Economic Affairs دامەزراوەیەکی سەر بەخۆی بەریتانی‌یە کە لە سەر بازاری ئازاد لێکۆڵینەوەدەکا و قازانجەکانی بەجیهانیبون دەناسێنیٚ. بۆ زانیاری زۆرتر لە سەر نابەتەکانی ئەم ڕێکخراوەیە سەردانێکی سایتی www.iea.org.uk دەتوانیٚ بەکەڵک بیٚ.

٨٠٢- تۆری پەیوەندیەسیاسیە نێونەتەوەیەکان International Policy Network و ئەنستیتۆی نەرخە نەتەوەییەکان Competitive Enterprise Institutet دوو دامەزراوی سەربەخۆن کە ئیدەکان پرۆسەکانی بەجیهانیبون و گەشەکردنی گشتی جیهانی لێکدەدەنەوە. زۆربەی ئەو ڕێکخراونە پەیوەندیەکانی بازەرگانی و بەجیهانیبونی سەرمایەگوزاری و گەشەکردنی پەیوەندیە نێو نەتەوەیەکان نیشان دەدەن. یەکێک لەو بیرۆکانەی کە ئەو دامەزراوانە دەری دەبرن ئەوەیە کە "لە کاتێکدا کە ستانداردەکانی ژیان لە هەمو جیهان خەریکە وەک یەکیان لێبیٚ گەشەکردنی ئابوری بۆ هەمو وەڵاتێک پێویستە. بۆ زانیاری زۆرتر چاوێک لە سایتی www.iccwbo.org بکە.

٩٠٢- یەکێکی دیکە لە ڕێکخراوە بازەرگانیە نێونەتەوەیەکان Development World Business Concil for Sustainable ە کە سیستمی پشتیوانی بۆ هەوڵەکانی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتوەکان لە مەیدانی گەشەکردن و پێشکەوتنی وەڵاتان دا پێک دێنیٚ . کاری ئەم ڕێکخراوەیە بریتی‌یە لە یارمەتی‌دانی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتوەکان بۆ بەجیهانی کردنی پرۆسەی گەشەکردن.

١٠٠٢- ڕێکخراوی ئوستورالیایی Auturaian Chamber of Commerce and Industrie یش پلان و

بەرنامەکانی بە شێوەیەکی چالاک لە گەڵ پرۆسەی بەجیهانیبون دا ڕێکدەخا سیاسەتی بازەرگانی ئەو ڕێکخراوەیەش پشتیوانی دەکا لە بەرەو پێش چوونی پرۆسەی بەجیهانیبون. بڕوانە سایتی www.acci.asn.au

١١٠٢- بەشی هەرە زۆری دەولەتەکان وپارلمانەکانی دنیاش پەیوەندی ڕاستەوخۆیان هەیە بە پرۆسەی بەجیهانیبونەوە، لەڕێگای دروست کردنیهیندێک فۆندی گەورەی سەرمایەی نێونەتەوەیەوە، سەرمایەگوزاریەکی زۆر لە سەر بەجیهانی کردنی هەمو سیستمەکانی ماڵی دەکەن.

١٢٠٢- هیندێک لە کارتێلە گەورەکانی دنیای سەرمایەداریش وەکو شێڵ، ئاکسۆ نۆبڵ، میکدوناڵد، تۆتاڵ، نێدلۆید، کۆکاکۆلا، بۆینگ، ئێرباس، مایکرۆسۆفت، ئایبیئێم – دەیانیتریش بە قازانجی خۆیان خەریکی بەجیهانی کردنی مەیدانی چالاکیەکانی خۆیانن.

١٣٠٢- بەڵام لە هەمویان گەورەتر و بە دەسەڵاتتر لەم مەیدانە دا سنعەتی پەیوەندیەگشتیەکانە:

کە لە پێشبرکێ دا لە ریزی پێشەوەدایە و گرەوی لە هەمو مەیدانەکانی تر بردووەتەوە. رادیۆ، تەلەفیزیۆن، ساتەلیت، تەلەفۆن، فاکس، موبایل، کۆمپیوتەر، چاپەمەنیەکان لە هەمویان کاریگەرتر ئینتەرنێت، دەتوانرێ وەک شادەمارەکانی خوێن بەر خوێن هێنەر بۆ پرۆسەیبەجیهانیبون چاولێبکرێن. تەکنۆلۆژ ی لە بواری ڕاگەیاندن دا دەکرێ بە گەورەترین دەسکەوتی مرۆڤایەتی دابنرێ کە توانیویەتی سنورەکان تێپەڕێنێوڕێگا دورەکان کورت بکاتەوە، ئەویش بە نەرخێکی ئەو تۆ کە تەنانەت وەڵاتە هەژارەکانیش تا ڕادەیەک دەستیان پێڕابگا.

یەکیەتی نێونەتەوەیی تەلە پەیوەندی International Telecommunication Union بەجیهانی کردنی هەمو خزمەتگوزاریە مرۆڤایەتیەکان بە خۆراکیکی گشتی بۆ هەمو ئینسانەکانی سەر زەوی دەزانێ، کە یارمەتی دەدەن بە گەشەکردنی تاکەکان لە هەمو دێهات و شارەکان دا و لە ئاکامدا گەشەی هەمو نەتەوەکان بە هەر پێشینەیەکەوە لە نێو کۆمەڵگای جیهانی دا.

١٤٠٢- دیارە ڕێکخراوی تەوتۆش هەن کە دژی پرۆژی بەجیهانی بوونن وەکو ئەو ڕێکخراو و گروپانەی بۆ پاراستنی ژینگە خەبات دەکەن بۆ وێنە گروپی هاریکاری زەوی Friends of the Earth گروپی سیرا The Sierra Club گرین پیس Green Peas گروپی نێو نەتەوەیی پاراستنی حەیوانات The World Wild life Fund و گروپی پاندا.

ئەوانە هەمویان دژی پرۆسەی بەجیهانیبون دەوەستن و هەوڵ دەدەن لانی كەم هێندێک ناوچەی جیهان لە هێرشی سنعەت و تكنۆلۆژی بپارێزن كە بە بۆچوونی ئەوان خەریكە سروشت و ژینگە بە تەواوی لە بەین دەبا. هەر وەها پاراستنی زیندەوەرە كێویەكانیش بە ئەركی خۆیان دەزانن و دژی هەر پرۆژەیەک رادەوەستن كە پێیان وابێ رێگا لە بەردوام بوونی ژیانی زیندەوەرە كێویەكان دەگرێ. لە شاری ژێنێف لە وەڵاتی سویس ناوەندێكی نێونەتەوەیی هەیە بۆ دانانی یاساكانی پاراستنی ژینگە. The Center For International Environmental Law كە زۆر هاوكاریەكی نێزیكی هەیە لە گەڵ رێكخراوەكانی تری پاراستنی ژینگە، وەک گرین پیس و هیتر. ئەوانە بە تێكرایی خەبات دەكەن لە دژی دروست كردنی شیمیایی و لە نێو بردنی سەرچاوە سروشتیەكان.

ئەوان بە تایبەت رەخنەیەكی زۆریان هەیە لە سەر بەجیهانی كردنی سەرمایەگوزاری چونكە پێیان وایە ئەوە بە زیانی گەشەكردنی وەڵاتە هەژارەكان تەواو دەبێ.بە تایبەت زۆر دژی ئەوەرادەوەستن كە وەڵاتە دەوڵەمەندەكان ئەو سنعەتانەی كە زیان بەژینگەدەگەینن بگوێزنەوە بۆ وەڵاتە هەژارەكان. ئەوان خەباتێكی زۆر دەكەن دژی ئەوەی كە وەڵاتە زلهێزەكان سنعەتی شیمیایی، پاشماوەی سنعەتی ئەتۆمی، خواردەمە نی گۆڕاو بە رێگای ژینەتیكیدا لەوەڵاتەهەژارەكان بەرهەم بێنن. رێكخراوەكانی پاراستنی ژینگە هەر وەها دژی یاساكانی نێونەتەوەیی بۆ بازەرگانی جیهانین. چونكە بە گشتی بە دژی وەڵاتانی هەژار و بە دژی ژینگەی دەزانن. دوكتور دیڤید سوزوكی كە ژینە تیستێكی بە ناوبانگە، پێی وایە دەبێ هاوكاریەكی جیهانی هەبێ بۆ پێشگرتن لە زیانەكانی پرۆسەی بەجیهانی بوون  بە تایبەت لە بواری ژینگەدا.
www.davidsuzuki.org

هەروەها ئاژانسەكانی گەشەی كۆمەڵایەتی Social Development Agencies، ریكخراوەكانی نێو نەتەوەیی خەبات بۆ ریشەكێش كردنی ئەیدز وەكو ئۆكس فام Oxfam رێكخروەی وەڵاتانی لە حاڵی گەشەكردن دا، رێكخراوەی وەڵاتانی دنیای سێهەم وەک ناوەندی باشور و گروپیVV و گروپەچەپەكانی نێونەتەوەیی، ئەمانە هەمویان دژی زۆربەی شوێنكارەكانی پرۆسەی بەجیهانیبوونن. نەزەری گشتی ئەو رێكخراوانەئەوەیە كە كارتێلەكانی دنیای سەرمایەداری وەكو بانكی جیهانی، رێكخراوی بازەرگانیجیهانیوفۆندی پوڵی نێونەتەوەیی هەوڵی تەواویان نەداوە كە زیانەكانی پرۆسەی بەجیهانیبوون بۆ وەڵاتە هەژارەكان روون بكەنەوە. WWW.Southcentre.org
ئەوان دەڵێن ئەو ستاندارادانەی كە رێكخراوە نێونەتەوەیەكان دایان ناون رێگا دەگرن لە وەڵاتە هەژارەكان كە سنعەتی خۆماڵی پێش بخەن.

تیۆریسینە چەپەكانیش هێرشی بازەرگانی دنیایسەرمایەداری بۆ سەر وڵاتانی دینا لە پرۆسەی بەجیهانیبووندا رەخنە دەكەن. ئەوانیش زۆر جار هەوڵ دەدەن خەونەكانیخۆیان لەو پرۆسەدا وەدی بێنن و مۆدێلی خۆیان بۆ بەجیهانیبوون

پێشکەش بکەن، هەر چەند کەرەسەی هێزپێدان بە تێوریەکانیان بە دەستەوە نییە.
WWW.Forumsosialmundial.org

مارکستستەکان بەجیهانیبون وەک بڵاوبونەوەی دەسەڵاتی سەرمایەداری دەبینن. کە لەوێدا هەژارەکان دەبێ کار بکەن بە قازابجی کەڵەکەبونی سەرمایەی زۆرتر لە دەستی سەرمایەدارەکاندا. ئەوان بە فێڵی تازەی بانکی جیهانی و سەنتەری بازەرگانی جیهانی دەزانن کە لە ساڵی ١٩٩٩وە هێرشێکی تازەیان بۆ سەر بازارەکانی جیهان هێناوە وبە پێکهێنانی کۆنفرانس و کۆنگرەی بازەرگانی نێونەتەوەیی بە هاوکاری ڕێکخراوە سەرمایەداریەکانی دیکەی جیهان هەوڵ دەدەن ڕوومەتێکی جوانتر بە پرۆسەی بەجیهانیبون بدەن و تا قازانجەکانی خۆیانی تێدا مسۆگەر بکەن.

لە بەرانبەر ئەم هێرشەدا چەندین سایت و ڕیکخراوەی چەپەکانیش وەخۆکەوتوون و چالاکیەکانی لایەنگرانی بەجیهانیبوون هەڵدەسەنگێنن‌و دەیانناسێنن. سایتەکانی وەک www.coporatewach.org و www.ifg.org وێنەیە کی باش لەو سایتانەن. هەر وەها Globalpolicy forum یەکێک لەو ڕێکخراوانەیە کە زۆر پێشنیاری چاکسازی بۆ پرۆسەی بەجیهانیبون پێشکەش بە ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتوەکان دەکا. تەنانەت هێندێک لە کۆمپانیە گەورە نێو نەتەوەیەکانیش دژی پرۆسەی بەجیهانیبون رادەوەستن، چونکە بە لێکدانەوەی خۆیان وارید بونی کاڵای وڵاتانی دیکەی جیهان بۆ وەڵاتانی ئەوان لەتمە لە قازانجەکانیان دەدا و کێبەرکێی بازەرگانی بۆ ئەوان دژوارتر دەکا. زۆر بە ی ئەو کۆمپانیانە لە بەشی پارچەسازی و کەرەسەی خواردەمەنی دا کار دەکەن.بە تایبەت کە وەڵاتانی هەژار و لە حاڵی گەشەکردنیش دا لەم جۆرە سنعەتەیان هەیە و کاڵاکانیان بە نەرخێکی کەمتر بەرهەم دێن و بە هەرزانترپێشکەشی بازارەکانی بکەن. هەر لە چوارچێوەی ئەم بۆچونانەدایە کە کۆمپانیەکانی پارچە دروستکردن لە ئامریکا دژی هاتنی چین بۆ نێو ڕێکخراوی بازەرگانی جیهانین. www.atmi.org

زۆر لە کۆمپانیە گەورەکان هەر چەند بەگشتی لایەنگری بازاری ئازادو بەجیهانی کردنی بازەرگانین کەچی لە هێندێک حاڵەتی تایبەتدا دژی ئەو پرۆسەیە رادەوەستن و زۆر جار بەهانەیان ئەوەیە کە لە هێندێک وەڵاتی سنعەتی‌و لە چەند بوارێکی تایبەتی‌دا دەبێتە هۆیَ زۆربونی رادەی بێکاری. چونکە لە زۆر حاڵت دا کارخانەکان مەجبور دەبن بەشی بەرهەمهێنان بگوێزنەوە بۆ ئەو وڵاتانەی هێزی کاریان تێدا هەرزانترە و بەم جۆرە کرێکارانی خۆیان بێکار دەبن. لە گەڵ ئەوەش‌لە هێندێک وڵاتدا بۆ وێنە ئۆستوڕالیا لە هیچ کان لە هەل‌ومەرجەکاندا دژی پرۆسەی بە جیهانیبون راناوەستن.
www.actu.asn.au

ناسۆنالیستە کۆلتوریەکان بەتایبەت لە وەڵاتە پێشکەوتووەکان و هێندێک وەڵاتی توندڕۆ لە باری مەزهەبی یان

کۆلتوریەوە وەک ئاڵمان، فەرانسە، وەلاتە عەرەبیەکان‌وئێران ترسی ئەوەیان هەیە کە لە نێو پرۆسەی بەجیهانیبون دا کۆلتوری ئامریکاییزاڵ ببێ و پرێنسیپە کۆلتوریەکانی ئەوان بکەونە مەترسییەوە. بۆیە هێندێکیان وەک ئاڵمان و فەرانسە لایەنگریئەوەن لە دژی هێرشی کۆلتوری خەبات بکرێ و هێندێکی‌تر وەکو وڵاتە عەرەبیەکان و ئێران لەو پرۆسەیە بە تەواوی دەترسێن و هەوڵدەدەن خۆیانی لێ بپارێزن.

John Lioyd لە گۆڤاری Prospect دیسامبری ٢٠٠١ دا ئیشارە بەوە دەکا کە هەڵەیە تەنیا هێرش بکرێتەسەر ئینستیتیۆتەکانی وەک رێکخراوی بازەرگانیی جیهانی و بانکی جیهانی بەڵکو پیویستە زۆرتر لایەنە کۆلتوریەکان هەڵسەنگێندرێن تا ئەو پرۆسەیە نەبێتە هۆی زاڵبونی کۆلتورێکی تایبەتی بەسەر جیهاندا.

www.prospect.magazine.co.uk

لە پاش تەقینەوەکانی ١١ی سیپتامبری ٢٠٠١ فاینەنشیەڵ‌تایمز شەش لێکۆڵینەوەی بڵاو کردنەوە لە سەر سەر هەڵدانێکی تازەلە دژی پرۆسەی بەجیهانیبون. لەو لێکۆلینەوانەدا پرسیار دەکرێ ئەو تیرۆریستانە لە کوێڕاهاتن، ئەوان کێن؟چۆن ئۆرگانیزە کراون؟ چۆن شەر دەکەن و بۆ شەر دەکەن؟ ئایا بەشێک لە وان زۆرتر لە سەرشوێندانانی پرۆسەی بەجیهانیبون لە سەر کۆلتورە جیاوازەکان نەهاتونەمەیدان؟

بێهومان پرۆسەکەش زۆرجار پێویستە خۆی لەگەڵ دەوروبەر و کۆلتورە جیاوازە کان بگونجێنێ و رادەی ئامادەیی گەلان بۆ قەبوڵکردنی ئەو پرۆسەیە هەڵسەنگێنێ. تۆ ناتوانی کۆمەڵگایەکی نوێ دامەزرێنی بە چەقویەکی تیژ. مککۆلن بیل لە گۆڤاری لەندەن ریفیودا www.specials.ft.com

ئەو رەخنە دەگرێ لە بۆچوونی چەپ بە دوای ١١ی سپتامبر دا و بەوەتاونباریان دەکا کە زۆر بە توندی بەگژ ئاڵوگۆرەکاندا دەچنەوە و هەڵوێستێکی ئانارشیستی دەگرن.

گۆڤاری "ریزن" یش پشتیوانی لەو بۆچونەی بێل دەکا وهەوڵ دەدا ئاڵتەرناتیوێکی مامناوەندی بێنێتەوە بۆ چەپ و راست. کە لە سەر پرێنسیپی ئازادیی فەردی لە هەمو بوارەکاندا دامەزرابێ . یەک دانە ژمارەی ئەم گۆڤارە تەنیا تەرخان کراوە بۆ پرۆسەی بەجیهانیبون و رەنگدانەوەی ئەو لە رادەی نێونەتەوەییدا.www.reason.com

هەر لەم بوارەدا بیاتریس پۆلیگنی Beatrice poligny هەڵسەنگاندنێکی چەپی ئەکادێمیکی کردووە لە بواری پەیوەندیەکانی نێونەتەوەیی بەجیهانیبوندا و زۆرتر باسی ئەوە دەکا کە چ لایەنێکی بەجیهانیبون باش و چ لایەنێکی

خەراپە. کورتەی ووتەکانیشی ئەوەیە کە کۆمەڵگای نێونەتەوەیی نابێ بەبێ هەڵسەنگاندن بەجیهانیبونی هەمو شتێک تەشویق بکا و پێویستە بۆ هەر کۆمەڵگایەک تێروانینێکی تایبەتی هەبێ www.ceri-Sciences-po.org .

## پرۆسەی بەجیهانیبون و شوێنکارەکانی بەشی دووەم

١- ٣ بەجیهانیبون بۆچی هاتۆتەگۆڕێ و ئایا بۆتە هۆی گەشەکردن؟
لێکۆڵینەوەیەکی زۆر هەیە لە سەر هۆیەکانی بەجیهانیبونی هەمو لایەنەکانی ژیان.

لەو لێکۆڵینەوانە را دەردەکەوێ کە کۆمەڵگای نێونەتەوەیی بە شێوەیەکی گشتی پێویستی بەوە هەبوە کە بەرەو بەجیهانیکردنی پرۆسەکانی بەرهەم هێنان، ئابوری، سیاسی، زانستی و بازەرگانی هەنگاو هەڵێنێ. ئەگەر ئەو پرۆسانە بە شێوەیەکی ئوسولی هیدایەت بکرێن وهەلومەرجی هەر وڵاتەی بە باشی لە بەر چاو بگیرێ، بێگومان دەستکەوتی زۆر گەورەیان بۆ مرۆڤایەتی لێ دەکەوێتەوە. چین یەکێک لە وێنە هەرە بەر چاوەکانە. لەو کاتەوە کە بازارەکانی چین بەرەو بازارەکانی جیهان کراونەوە، داهاتی ئەو وڵاتە بە شێوەیەکی بەرچاو بەرزبۆتەوە.

داهاتی سەرانەی ئەو وڵاتە لە ساڵی ١٩٨٠ وە تا ١٩٩٩ لە ١٤٦٠ وە بەرز بۆتەوە بۆ ٤١٢٠ دۆلار. لە ساڵی ١٩٨٠ دا تێکرای داهاتی ئامریکاییەک ١٢ و نیو بەرابەری چینیەک بو بەڵام لە ساڵی ١٩٩٩ دا ئەو هاوکێشەیە گۆرا بۆ ٧ و چوار لە دەی. لە لایەکی دیکەوە هاوکێشەیەکیتریش لە دنیا دا هاتۆتە کایەوە. ئەو وڵاتانەی کە نەهاتونە نێو بسزاری نێونەتەوەیی بازەرگانی و سیاسەتێکی داخراوی ئابوریان هەیە، بەرەو هەژاری رۆیشتون و بە پێچەوانەشەوە ئەوانەی دەروازەکانیان کردۆتەوە دەوڵەمەندتر بون، هەر بۆیەش جیاوازی لەنێوان وڵاتە ئازادەکان و وڵاتە داخراوەکان دا گەورتر بووە. ئەم دیاردەیە لە وڵاتەکانی ئەمریکای لاتین، ئاسیا و ئەفریقا دا زۆر بە جوانی خۆی نیشان دەدا.

وڵاتانی داخراو و ئیزۆلە لە بواری ئابوری دا دوا دەکەون، چونکە بێبەش دەبن لەو سەرمایەگوزاریەی کە پرۆسەی بەجیهانیبون لە گەڵ خۆی دێنێ. راستە سەرمایەدارەکان سودێکی زۆر گەورە دەبینن لە هەر سەرمایەگوزاریەک کە دەیکەن، بەڵام لە عەینی کاتیش دا دەبنە هۆی دروستبونی ناوەندەکانی کار و ئاوەدان بونەوەی ئەو ناوچانەی کە روی تێدەکەن. جگە لەوە لە سەردەمی ئەمرۆ دا هیچ وڵاتێک نییە کە بۆ سەر خستنی بەرنامە ئابوری، سنعەتی و زانستییەکانی خۆی پێویستی بە شەریک و یارمەتیدەر نەبێ. تەنانەت وڵاتانی زۆر دەوڵەمەند و سنعەتیش پێویستیان بە هاوپەیمان ویارمەتیدەر هەیە، هەر نەبێ بۆ هێنانی کەرەسەی خاو، ئێنێرژی و دۆزینەوەی بازار بۆ ساغکردنەوەی کاڵاکانیان. هەر

وەک وڵاتە هەژارەکانیش پێویستیان بە سەرمایەو فرسەتی کار هەیە. ڕاپۆرتەکانی بانکی جیهانی لە سەر گەشەکردنی ئابوری ئەوە نیشان دەدەن کە پەیوەندیەکی راستەوخۆ هەیە لە نێوان پرۆسەی بەجیهانیبون و گەشەکردن دا. "هەر وەڵاتێک هەوڵیدابێ بێتە نێو پرۆسەکەوە، گەشەیەکی باشی بەخۆوە دیوە ئەوی دووریشی لێکردبێ بە پێچەوانەوە زیانیان دیوە". www.worldbank.org لە نێو ئەو ڕاپۆرتانە دا پلانی گەشەکردن دیاری کراوە و دەکرێ لە هەمو وەڵاتانی لە حاڵی گەشە کردن دا کەڵکی باشیان لێوەر بگیری . بە تایبەت ئەو هەلانەی کە لە سەدەی بیستەمەوە هاتوونەتە گۆرێ و ئەو دەست کەوتانەی کە نسیبی وڵاتانی ئازاد وکراوە بووە، وەک بناغەیەکی ئابوری بۆ داهاتو چاوی لێدەکرێ. پرۆسەی بە جیهانیبون هۆیەکی گەورەیە بۆ گەشەکردن و دامەزراندنی بنکە ئابوریەکان ، بەڵام ئەویش نکرێ وەک پرۆسەیەکی تەنیا ببینرێ وبە تەنیا هۆ دابنرێ، بەڵکو "سیاسەتی ئابوری نەتەوەیی، دامەزراندنی بنکە نەتەوەیەکان، گرنگی دان بە کەرتی تایبەتی و پێکهێنانی ئەمنیەتی نەتەوەییش بە نۆبەی خۆیان زۆر گرنگن، ئەگەر تێکەڵ بکرێن بە پرۆسەی بەجیهانیبون ". www.treasury.gov.au

لێکۆڵینەوەکانی ڕێکخراوی بازەرگانی جیهانی Wto لە مەر شوێنکارەکانی بە جیهانیبون لە وڵاتانی لە حاڵی گەشەکردن دا ئەوە دەردەخەن کە بازەرگانی ئازاد یارمەتی دەدا بە بە وڵاتە هەژارەکان بۆ کێشانی سەرمایە و پەرەپێدانی بواری ئابوری. هەر وەها پێشکەوتی زۆریشی بەدواوەیە چونکە لە گەڵ خۆیدا گەلێک زانیاری تازەش دێنێ. خاویار سالای مارتین Xavier Salae Martin لێکۆڵینەوەیەکی باشی کردووە لە سەر بازاری ئازاد، بەجیهانیبون و شوێنکارەکانی لە سەر هەژاری. هەروەها پەیوەندیەکانی نێوان بازاری ئازاد، گەشەی ئابوری، سەر هەڵدانی دێموکراسی و کەم بونەوەی هەژاری بەجوانی دیاری دەکا. کورتەی بۆ چونەکانی ئەم زانایە ئەوەیە کە ' هەتا زۆرتر لە قازانجەکانی پرۆسەی بەجیهانیبون تێبگەین، زیاتر دەتوانین کەڵکیان لێ وەر گرین و شانسەکانمان لە ئابوری جیهانی دا بە تاقی بکەینەوە.

www.papers.nbr.org

### ٢-٣- هێندێک داستانی سەرکەوتو لە وڵاتە هەژارەکان:

مۆدێلی گراوین بانک لە بەنگلادیش: یەکێک لە بە ناوبانگترین ئەنستیتیۆکانی مێکرۆئێکۆنۆمی وردە ئابوریە کە ساڵانە زیاتر لە ٤ میلیون کەس هاوکاری تێدا دەکەن و یارمەتی نێزیکەی ١٠هەزار خێزان دەدا و لە هەژاری رزگاریان دەکا.

ئەوەی جێگای سەرنجە ئەوەیە کە ئەم بانکە لە ڕێگای سەرمایەگوزاری جیهانیەوە دامەزراوە و یەکێک لە کارە ئینسانیەکانی وەکار خستنی ژنە هەژارەکانە. ئەوەی کە بەم ڕێگایە دا پێشکەش کراوە زۆر زیاتر بووە لە کار و بگرە گەلێک باری فەرهەنگی و کۆمەڵایەتیشی گرتۆتەوە. گروپی IS and L بۆ منداڵانی زیمبابوێ: پرۆژەیەکە بۆ باشکردنی ژیانی منداڵان

کە دەزگای بنیات نان و گەشەکردنی RUDO کە ڕێکخراوێکی کاتۆلیکی‌یە لە زیمبابوێ دای ناوە.ئەو ڕێکخراوەیە خەرجی قوتانخانەی منداڵانی بێسەرپەرست و هەژار دابین دەکا. زۆر لەو منداڵانە توانای دابینکردنی دەفتەر و قەڵەمیشیان نەبو، بەڵام دوای یارمەتی کران لە لایەن ئەم ڕێکخراوەیە وەزعێکی باشیان بۆ هاتەدی بە جۆرێک کە گۆرانی جە سەر ڕێکخراوەکە هەڵبڵێن و بە دەستەجەمعی هاوار بکەن لە سایەی چالاکیەکانی SL and L ە وە پێ لە سەر پوڵ دادەنێین.

## ناوەندی کۆکردنەوەی شیر لە کۆسۆڤو:

لە شەری باڵکان دا ساڵی ١٩٩٠ خەڵکێکی زۆر بێماڵ و حاڵ بون و زەرەر و زیانێکی زۆریان پێگەیشت. دانانی ناوەندی کۆکردنەوەی شیر یارمەتیەکی زۆری بەو خەڵکە کرد و بو بە هۆی ئەوەی کە سەر چاوەی داهاتیان بۆ دابین کا. لە بەر ئەوەی کە گەورەترین سەرچاوەی ئابوری ئەو دەوەرە بەخێو کردنی مەر وماڵات و بەرهەمهێنانی شیرەمەنی بوو. بە هۆی ئاڵۆزی ناوچەکەشیانەوە لە مانگەکانی هاویندا شیرەکەیان بۆ نەدەفرۆشرا و دەمایەوە. بۆ چارەسەر کردنی ئەم وەزعە ڕێکخراوی خێرخوازی مێرسی گرووپ بیری لەوە کردەوە کە ئەو شیرە کۆبکرێتەوە و بە هاوکاری ڕێکخراوە نێونەتەوەییەکان بکرێتە سەرچاوەیەکی داهات بۆ خەڵکی وڵاتەکە، ئەم بەرنامەیەش سەرکەوتنێکی باشی بەدەست هێنا.

## بەرنامەی تۆری جیهانی بۆ گەشەکردنی سنعەتە ناوچەییەکان:

پرۆگرامی تۆری پەیوەندی و گەشەکردنی تکنیکی Technical Upgradation and Networking Program لە هیندستان کارێکی ئەوتۆی کرد کە ژمارەیەکی زۆر لە هەژارانی ئەو وڵاتە لە گوندە دوورە دەستەکانەوە سەبەتەو قەرتاڵەکانی خۆیان بگەینە بازارەکانی جیهان و کەڵکی ئابوری زۆریان لێوەربگرن. ئەو بەرهەمانە زۆرتر لە لایەن ژنەکانی ئەو ناوچەیەوە بەرهەم دەهاتن و تەنیا نەرخێکی ناوچەیان هەبوو.

ئێستا لە سایەی تۆری سیستمی بەجیهانیبونەوە بونە بەرهەمێک بۆ بازارەکانی نێونەتەوەیی و فرسەتێکی گەورەی کرییان بۆ خەڵکی ئەو ناوچانە بەدی هێناوە.

## گروهی خزمەتگوزاری ئاریانا لە ئەفغانستان:

ئەو گروهە توانیویەتی ژمارەیەکی زۆر ژنی هەژار وەرێخا لە بواری بازەرگانی بچوک دا. ئەوانە لە مانگ دا لە ٥٠ دۆلارەوە

تا ٥٠٠ دۆلاریان دەست دەکەوێ و بۆەتە سەرچاوەیەکی گرنگی داهات بۆیان. بە هۆی پەیوەندیە نێونەتەوەییەکان و پەیدا بونی ئەوفرسەتە جیهانیەوە رادەی داهاتی ئەو بازەرگانە تا پەنجا لە سەد زیادی کردوە.

www.globalenvision.org

لە گەڵ هەموی ئەوانەش دا جیاوازی لە نێوان نەتەوە هەژارەکان و نەتەوە دەوڵەمەندەکاندا هەر دێت و گەورەتر دەبێ. راپۆرتی رێکخراوی گەشەکردنی جیهانی نیشان دەدا کە ژمارەی ئەو کەسانەی کە لە رۆژێک دا یەک دۆلاری ئەمریکایی داهاتیان بوە لە چەند ساڵی رابردوو دا کەم بۆتەوە. ئەوانەی بە چاوی رەخنەگرانە چاو کە پرۆسەی بەجیهانیبون دە کەن لەو باوەڕە دان کە هێزە سەرەکیەکانی بازار واتە سەرمایەدارەکان نفوز دەکەنە نێو هەمو وڵاتان و بە قازانجی خۆیان کەڵک لەو پەیوەندیە نێونەتەوەییە وەردەگرن. هەم بازاری ئازاد و هەم سەرمایەگوزاری وەسیلەن بۆ پڕ بونی گیرفانی ئەوان تا باشتر بونی وەزعی وڵاتە هەژارەکان.

### ٤- قازانج و زیانەکانی بازاری ئازاد:

لە پەنجا ساڵی رابردو دا قەبارەیبازەرگانی جیهانی بە جارێک گۆڕاوە، بە جۆرێک کە قەبارەی ئەو کاڵایانەی کە لە دنیا دا گۆێزراونەوە لە ساڵی ١٩٥٠وە تا ئێستا شازدە جارزیادی کردوە. لەم نێوانە دا قازانجەکانی ئەو پرۆسەیە بە تەواوی دەر کەوتون و ئەوەش روون بۆتەوە کە ئەو وڵاتانەی کە لەم ماوەیە دا هەژارتر بوون ، ئەو وڵاتانەن کە دەروازەکانی خۆیان بە رووی پرۆسەی بەجیهانیبون دا داخستوە.گەورترین وێنە بۆ ئەو وڵاتانەی کە دەرگایان بەرەو رووی ئەو پرۆسەیە کردۆتەوە و سودێکی زۆریان لێ وەرگرتوە "چێن" ە و هێندێک وڵاتیش لە ئەفریقاو ئاسیا دەرگایان بە رووی ئەو پرۆسەیە دا داخستووە کە بۆتە هۆی دواکەوتنیان.

زۆر ئابوریزان لەو باوەرەدان کە ناردنە دەرەوەی کاڵا دەبێتە هۆی دروستکردنی فرسەتی کار و بە پێچەوانەشەوە هێنانی کاڵا لە دەرەوە فرسەتی کار کەم دەکاتەوە.

بۆیە هەوڵ دەدەن پێش لە واریدکردنی کاڵا بۆ وڵاتەکەیان بگرن. ئەم بۆچونە بە هۆی چونەسەری فشاری نێونەتەوەیی لە ساڵی ١٩٣٠ دا چونکە ژمارەیەکی زۆر لە وڵاتان دژی واریدکردنی کاڵا راوەستان ئەوەش قەیرانی بازەرگانی جیهانی خوڵقاند.

چونکە گەلێک وڵاتی ئەوتوش هەن کە هەر چەند بۆخۆیان زۆر کاڵا دەنێرنە دەرەوە،

بەڵام زۆر شتیش مەجبورن لە دەرەوە را بێنن. هەمو وڵاتێک هەم پێویستی بە هێنانی شتومەک هەیە و هەم بە ناردنە دەرەوەی شتومەک. گرنگ ئەوەیە کە بتوانێ باڵانسێک دروست بکا لە نێوان ناردنە دەرەوە و هێنانی شتومەک دا.

ئەو وڵاتانەش کە تەنیا دەیان هەوێ بنێرنە دەرەوە و نایان هەوێ وارید بکەن لە ئاخری دا توشی قەیرانی سنعەتی دەبن. چونکە لە لایەکەوە لە کێبەرکێی جیهانیدا بەشداری ناکەن و لە لایەکی تریشەوە توشی ئاوسانی دراوی دەبن، چونکە نرخی شتەکانیان زۆر دەچێتە سەر. کەوابو باشترین حاڵەت بەشداربونە لە پرۆسەی بەجیهانیبوون و هاتنە نێو بازاری ئازاد.

کۆمپانیەکان قەوارەیان هەر چەند گەورەش بێ، قازانجیان لەوە دایە کە بەشداری بکەن لە بازەرگانی جیهانی دا. ئەوە راست نییە کە تەنیا کۆمپانیە گەورە چەند نەتەوەییەکان لە بازاری ئازاد و پرۆسەی بەجیهانیبون قازانج دەکەن .راستیەکەی ئەوەیە کە گەورە و بچوک لەو پرۆسەیە کەڵک وردەگرن. بە پانایی هەمو رووبەری ئەو بەشە گەورەیەی جیهان کە بەشداری لە پرۆسەکەدا دەکەن، هەر لە تایلاندەوە هەتا فەڕانسە دەرکەوتوە کە ئەو کۆمپانیانەی کە ژمارەی کارمەندانیان لە ٢٠٠ کەس کەمترە، لە سەدی ١٠ هەتا ٢٥ی بازرگانیی جیهانی بۆ خۆیان قۆرغ دەکەن.

هەم رێکخراوی بازرگانیی جیهانی و هەم بانکی جیهانی لەو بارەیەوە بەڵگەی زۆر بە دەستەوە دەدەن.

www.worldgrowth.org

ئەنستیتیۆی کاتۆ Cato Institut ئامارێکی باش بە دەستەوە دەدا لە سەر پرۆسەی بەجیهانیبوون. بە پێی هەلسەنگاندنی ئەو ئەنیستیتیۆیە ریکخراوی بازەرگانیی جیهانی گەلێک قەراردادی بەستوە کە بازاری ئازاد هان دەدن و ئابوریەکانی جیهان چ نەتەوەیی و چ نێونەتەوەیی پەرە پێدەدەن. www.cato.org

ئەم رێکخراوە نێونەتەوەییانە نەک تەنیا چالاکی بازەرگانی دەکەن، بەڵکو یارمەتیش دەکەن بە بەرێوەچونی قەراردادەکانی مافی مرۆڤ، مافی کرێکاران و پاراستنی ژینگە. هەر وەها یارمەتی دەدەن بە دەخالەتی رێکخراوە مەدەنیەکان لە بەرێوەبردنی کاروباری وڵاتاندا.بە جۆرێک کە دەوڵەت سەرچاوەی دەسەڵات نەبێ.لە بارەی یارمەتیدانی کۆمەڵایەتیەوە

دەتوانین ئیشارە بەوە بکەین کە لە وڵاتانی بەشدار لەو پرۆسەیە دا هەم ژنان زۆرتر بەشداری دەکەن لە کار و باری وڵات دا وهەم چینە هەژارەکان فرسەتی کار و بەرهەمهێنانیان زۆرتر بۆ دەرەخسێ و ژینگەس باشتر دەپارێزرێ.

## ٥- ڕۆڵی ئینتەرنێت و تکنیکی پەیوەندیەکان لە نێو پرۆسەی بەجیهانیبون دا:

زانای بەنێوبانگ مارشاڵ مەکلۆهان Marshall Mclohan هەر لە شەستەکان را دنیای تازە بە گوندیی جیهانی ناو دەبا.ئەو پێ دادەگرێ لە سەر ئەو راستیەی کە ئامرازەکانی پەیوەندیگرتن بە جۆرێک وڵاتان لێک نیزیک دەکەنەوە کە دنیا وەک گوندێک لێدەکەن. شوێنکاری ئینتەرنێت لە دەساڵی رابردوو دا، هاوتەریب لە گەڵ پرۆسەی بەجیهانیبون، کارێکی ئەوتۆی کردوە کە هیچ بەڵگەیەکی بۆ دژەکانی بەجیهانیبون نەهێشتوەتەوە. ڕاستیەکەی ئەوەیە کە ئەوانەی دژی ئەو پرۆسەیەشن، ناتوانن خۆیانی لێدەرباز بکەن و بەشداری تێدا نەکەن. تەنانەت هێزە هەرە دواکەوتوەکانی جیهانیش،هەر چەند دژی پرۆسەی بەجیهانیبونن، لەو ئامرازانەی ئەو پرۆسەیە هێناونیە ئاراوە کەڵک وەردەگرن بۆ بڵاو کردنەوەی بیر و راکانی خۆیان.بۆ وێنە تیرۆریستە خوێنمژەکان کە لە راستی لە دژی پرۆسەی بەجیهانیبون و بۆ پێشگیری لەو پرۆسەیە بە کۆمەڵ خەڵک دەکوژن و سەران دەبڕن ،لە هێڵەکانی ئینتەرنێت کەڵک وەردەگرن بۆ بڵاوکردنەوەی کردەوە دژی مرۆڤیەکانی خۆیان. هێڵەکانی ئینتەرنێت بوونە گەورەترین ناوەندی گواستنەوەی زانیاری لە سەرانسەری دنیا دا و بەتایبەت وڵاتانی لە حاڵی گەشەکردندا زۆر سود لەو ڕێگایەوە دەبینن. ئەمرۆ پۆستی ئەلەکترۆنیکی یەکێک لە ڕێگا هەرە گرنگەکانی پەیوەندیکردنە لە جیهاندا. جگە لەوەش ڕادیۆ، تەلەفیزیۆن، ساتەلایت، تەلەفون، فاکس، مۆبایل چاپەمەنی بە خێراییەکی ئەوتۆ زانیاری دەگوێزنەوە و پەیوەندی پێک دێنن کە ڕیگایان بەراستی نیزیک کردوەتەوە. مرۆڤ دەتوانێ لە سەرانسەری دنیا دا لە چرکەساتێکدا پەیوەندی بگرێ، پەیام بنێرێ، پەیام وەرگرێ، زانیاری کۆبکاتەوە و کاری راگەیاندن ئەنجام بدا. ئەم تکنیکانە پرۆسەی کاریان بە هەزاران کەڕەت خێراتر کردووە. هەم هێڵی ئینتەرنێت و هەم تەلەفۆنی جێگۆر یارمەتی وڵاتەکانی لە حاڵی گەشەکردن دەدەن کە خێراتر هەنگاوی ئاوەدانکردنەوە و پێشکەوتن هەڵێنن وزووتر بەرەو گەشەکردنی ئابوری و کۆمەڵایەتی بڕۆن. هەروەک چۆن بەجیهانبون یارمەتی بە بڵاوبونەوەی ئەو تکنیکانە لە هەمو جیهان دەدا، ئەو تکنیکانەش دەبنە هۆی گواستنەوەی پرۆسەی بەجیهانیبون بە شێوەیەکی خێراتر لە هەمو جیهاندا.

پرۆسەی بەجیهانیبون یارمەتی داوە بە وڵاتە دواکەوتووەکان تا تکنیکی خۆیان تازە بکەنەوە و هەنگاوی ئابوری و زانستی گەورە هەڵێننەوە و بەرەوپێش بچن. ئەگەر چاوێک لە وڵاتە بچوکەکانی ناوچەی خلیج بەشەکانیتری دنیا بکەین بۆمان دەر دەکەوێ کە تەنیا لەڕێگای پرۆسەی بەجیهانیبونەوە دەیانتوانی بەو رادەیە پێشبکەون لە تکنیکوزانستی جیهان کەڵک وەربگرن.

ستیفن کۆربین Stephen Korbin لە زانستگای پێنسیلڤانیا ئابوری ئەم سەردەمە بە ئابوری جیهانی ناو دەبا



سەرچاوە
Serchawe

www.management.wharton.upenn.eud

پێشکەوتنی ئابوری لە جیهاندا دەبێتە هۆی لە نێو بردنی هەژاری و تەنیا لە ڕێگای پرۆسەی بەجیهانیبونیشەوە داهاتی دنیا بە شیوەیەکی عادلانە بلاو دەبێتەوە و دەگاتە ولاتە هەژارەکان. لە درێژەی ئەو پرۆژەیەدا وا چاوەرواندەکرێ کە لە ٣٠ی سالی داهاتوو دا زیاتر لە ٢ میلیۆن ئینسان لە هەژاری رزگاریان بێت. لە نێو بردنی کۆسپەکانی بازەرگانی، هاسانکردنی ڕیگای هاتوچۆ، کەم بونەوەی خەرجی پەیوەندیگرتن بە هۆی پێشکەوتنی تکنیکی ئەلکترۆنیک، یارمەتی دەکەن بە هاتنی هەرچی زۆرتری ولاتان بۆ نێو ئهەو پرۆسەیەو گەشەکردنی هەرچی زۆرتر ولات.

هێڵی ئینتەرنێت لەراستیدا یەکەم جار بۆ ئەوە دامەزرا کە زاناکان زانیاری بگوێزنەوە لە نێوان خۆیان دا، بەلام ئێستا جگە لەوەی کە گەورەترین ڕێگای گواستنەوەی زانیاریە لە جیهاندا بوشەتە هۆی خێرابوونی پەیوەندی گرتن بە شێوەیەکی گشتی.

ئالفرێد کاگان Alfred Kagan لە ڕاپۆرتێکدا کە بۆ فیدراسیۆنی نێونەتەوەیی کۆمەڵە ئازادەکانی ئامادەکردووە زۆر بە جوانی باس لە لاوازی باری زانیاری و دەوڵەمەندی باری زانیاری ولاتان دەکا. ئەو باس لەوە دەکا کە زانیاری لە ولاتە دەڵەمەندەکان دا بە دەستی زۆربەی دانیشتوان دەگا چ بە هۆی ئینتەرنێت و چ بە هۆی کاناڵەکانی دیکەی راگەیاندنەوە، بەلام لە ولاتە هەژارەکاندا زانیاری تەنیا بە دەستی گروپێکی بچوک لە خەڵک دەگا بە شێوەی ئێلیتە دەستیان بەسەر هەمو شتێکی ئەو ولاتانە دا گرتوە. ئەگەر لە ولاتە هەژارەکان و دیکتاتۆری لێدراوەکان دا زانیاری ئازاد بکرێ، یارمەتیەکی گەورە دەبێ بە ئازادیی هەمو مرۆڤەکانی ئەو ولاتانە و پرۆسەی پێشکەوتن و دێموکراتیزە بون خێراتر دەکا.
www.ifla.org

بەشی سێهەم

### ٦- ئایا بەجیهانیبون گواستنەوەی هێزە، لە دەوڵەتە نەتەوەییەکانەوە بۆ هێندێک ڕێکخراوی غەیرە دێموکراتیک؟

زۆربەی ئەنیستیتیوتە نێو نەتەوەییەکان داوای ئەوە دەکەن کە پێویستە شەفافییەت و کرانەوە هەبێ هەم لە گەیانانی زانیاری وهەم لە بریادان دا، تا کۆمەلانی خەڵک زیاتر ئاگاداروبەشداربن لە دیاریکردنی چارەنوسی خۆیاندا. دیارە ڕێکخراو و ئەنستیتیوتەکانیش گەلێک جیاوازیان لە نێو دا هەیە. بۆ وێنە ڕێکخراوی بازرگانی جیهانی هیچ بریارێک نادا کە ناتەبایی هەبێ لە گەڵ سیاسەتی دەوڵەتەکانی بەشادار تێیدا. ئەگەر کارێک بێتە بەر باس بۆ پەسەند کردن لە

لایەن نەتەوەیەکگرتووەکان و بخرێتە نێو پرۆسەی بەجیهانیبون، هەتا لایەنە بەشدار بووەکان بە هێزتر بن ئیمکانی سەر کەوتنی ئەو کارە نیزیکترە. قازانجەکانی بەجیهانیبون هەم بە دامەزراوە بچوکەکان و هەم بە دامەزراوە بازرگانییە گەورەکان دەگەن. هیچ بەڵگەیەکی ئەوتۆش بە دەستەوە نییە کە کۆمپانیە گەورەکان و ڕێکخراوە بازەرگانیە نێو دەوڵەتیەکان لە دەسەڵاتی دەوڵەتەکان کەم بکەنەوە. بەڵکوو بە پێچەوانەوە هەر دەوڵەتێک کە کۆمپانیای گەورەو دەوڵەمەندی لە وەڵاتەکەی داهە بێ، لە باری ئابوریەوە بەهێزتر دەبێ، چونکە ماڵیاتێکی زۆری پێ دەگا. دیارە مەرجی خۆراگری دەوڵەت لە بەرامبەر دەسەڵاتی کۆمپانیە گەورەکان ئەوەیە کە بە میعیاری دێموکراتی کار بکا و دەسەڵاتەکەی لە خەڵک وەربگرێ. گرنگیی ڕیکخراوی گەورەی بازەرگانی وئابوری لەوە دایە کە زۆر باشتر دەتوانێ لە کێ بەر کێی بازرگانی دا سەر کەوێ. هەر بۆیە سەردەمی بەجیهانیبون سەردەمی تێکەڵبونی کۆمپانیە بچوکەکان و پێکهێنانی بۆندی بەهێزی بازەرگانییە. سەرمایەداری ئاڵو گۆڕێکی زۆر گەورەی بە سەر ستانداردی ژیان دا هێناوە. هەر چەندە بی عەداڵەتیی زۆر گەورەی کۆمەڵایەتیشی بەدواوە بوە، بەڵام بە گشتی بۆتە هۆی چونەسەری ڕاددەی ژیانی هەمو چین و توێژەکانی کۆمەڵ. نوسەری بەناوبانگی لیبرڕاڵ جۆن گرەی John Gray دەی هەوێ وەڵامی ئەو پرسیارە بداتەوە کە ئایا دەکرێ پرۆسەی بەجیهانیبون بە هێندێک نرخی سیاسی بزانین؟ وەڵامی ئەو بەم پرسیارە ئەوەیە کە ناکرێ نرخێکی وەک یەک بۆ پرۆسەی بەجیهانیبون لە هەمو وڵاتان دابنرێ. چونکە رایمە سیاسیەکانی دنیا هەمویان وەک یەک نین. جیاوازیەکی ڕێژەییش هەمیشە دەمێنێ، چونکە کولتورەکان، مێتۆدەکان وسیاسەت سازەکان لێک جیاوازن.

www.prospect.magazine.co.uk

لە گەڵ هەمو ئەو راستیانەش دا بە دوو ڕێگا دا هەوڵ دەدرێ دەستی دەوڵەتەکان لە سەر پرۆسەی بەجیهانبون کورت بکرێتەوە. یەکێک لە ڕێگاکان ئەوەیە کە هێزێکی گەورەی کۆئۆپراتەکان (کۆمپانیا نێو دەوڵەتیەکانی کە پێکەوە هاوکاری دەکەن) بە تەریبی لە گەڵ هێزی دەوڵەتە کان پێک هاتووە. دووەم گەلێک ئەنستیتۆی نێو دەوڵەتی وەک ڕێکخراوی بازرگانیی جیهانی و بانکی جیهانی خاوەنی دەسەڵاتی خۆیانن و هێندە کاریگەریی دەوڵەتەکانیان لە سەر نییە. لێرەدا ئاڵوگۆڕێکی نەوعی گرنگ پێکهاتوە کە بریتییە لە گەورە بونەوەی قەبارە. ئێستا زۆر کۆئۆپراسیۆنی نێودەوڵەتی هەن کە لە هێندێک دەوڵەت گەورەتر وبەهێزترن. ڕاستیەکیتریش ئەوەیە کە زیاتر لە ١٠٠ ئابوریە هەرە گەورەکانی جیهان، بە شێوەی کۆئۆپراتیک کار دەکەن. بۆ وێنە شەش دانە لە گەورەترین کۆمپانیەکانی ژاپۆن لە باری توانای ماڵیەوە بەهێزترن لە هەمو وەڵاتەکانی ئەمریکای لاتین پێکەوە. ئەوانەی کە بە چاوێکی ڕەخنەگرانە چاو لە ئابوری سەردەمی بەجیهانبون و سەرمایەداری ئەم سەردەمە دەکەن، ئاماژە بۆ ناعەداڵەتیی ئەو یاسایانە دەکەن کە لە سەرەتای سەدەی نۆزدەوە دانراون و بە هیچ شێوەیەک وڵامدەری هەڵومەرجەکانی ئەم سەردەمە نین .ئەو قانونانە زۆر پشتیوانی لە بەرێوەبەرانی کۆمپانیە گەورەکان دەکەن. ڕەخنەگران ئاماژە بەوە دەکەن کە کۆمپانیە گەورەکانی وەک شێل، مایکرۆسۆفت، ئاگسۆ نۆبڵ و تۆتاڵ لەو

قانونانە کەڵک وەر دەگرن و رۆژ بە رۆژ خۆیان گەورەتر دەکەن. بەشێک لە کارەکانی ڕێکخراوە نێو نەتەوەییەکانی وەک ڕێکخراوی‌بازرگانیی جیهانی و بانکی جیهانی ئەوەیە کە ڕێگا خۆشکا بۆ ئەوەی کە نەتەوە جۆر بەجۆرەکانی جیهان بێنە نێو بازاری بازرگانیی جیهانی و هێندێک نفوز پەیدابکەن بە سەر کۆمپانیە گەورە کۆمپرادۆرەکاندا. ڕۆڵیIMF فۆندیی پۆڵیی نێونەتەوەییش ئەوەیە کە پێش بە یاری کردنی کۆمپانیە گەورەکان بە بازرگانی و بازاڕی جیهانی بگرێ. تەنیا عەیبی ئەو ڕێکخراوە نێو نەتەوەییانە ئەوەیە کە بە شێوەیەکی دێموکراتی ئیدارە ناکرێن و بریارەکانیان لە پشت دەرگا داخراوەکانەوە دەدەن. بۆ زانیاری زیاترلەم بارەیەوە تەماشای سایتی www.opendemocracy.net بکە.

### ٧- ئایا بەجیهانیبون چ شوێنکارێکی لە سەر کلتوری گەلان هەیە؟ ئایا کلتوری ئەمریکایی بڵاو دەکاتەوە؟

جیهانێک کە نیزیکەی ٧ میلیارد کەسی تێدا دەژی و سەدان کلتوری جیاوازی تێدایە، بە وهاسانیە نابێتە تەک کلتوری، بەڵام گومان لەوە دا کە پرۆسەی بەجیهانیبون بگاتە هەر وڵاتێک ئاڵوگۆری کلتوری لە گەڵ خۆی دێنێ. دیارە دەبێ ئەوەمان لە بەر چاو بێ کە گۆران یەکێک لە دیاردە هەرە سروشتییەکانی ژیانە. تەنانەت ئەگەر پرۆسەی بەجیهانیبونیش لە گۆڕێ‌دا نەبوایە گۆڕان هەر دەبو. بەڵام ئاڵ و گۆر بە واتای لە نێو چونی کلتورە جیاوازەکان نییە، بەلکو بە واتای هێنانی هێندێک نرخی تازەیە کە خوێندنەوە و پێوانەکان دەگۆڕن. ئامڕازە تازەکانی پێوەندی گرتن وەک ئینتەرنێت، ساتەلایت،تەلەفیزیۆن فیلم و تەلەفون شوێنکارێکی زۆریان لە سەر کلتوری کۆمەڵگا جۆربەجۆرەکانی جیهان هەیە. ئاشنابونی تاکەکانی کۆمەڵ بە کلتوری گەلانی دیکەی جیهان و بەراورد کردنی لەگەڵ کلتوری کۆمەڵگای خۆیان بێ‌گومان هێندێک پرسیار لە سەر بەشێک لە کلتوری خۆیی دروست دەکا و ئیمکانی ئەوەش پێک دێنێ کە چاکسازی لە کۆمەڵێک هەڵسوکەوت دا بکرێ، یا هێندێک رەوشی تازە بێنە ناو کلتوری تاکەکانەوە و لە وانیشەوە بگوێزرێنەوە بۆ ناو کلتوری کۆمەڵگا. بەو شێوەیە بەجیهانیبونی پێوەندی‌گرتن دەبێتە هۆی گۆڕینی هێندێک نرخی کلتوری، بەڵام مەرج نییە ببێتە هۆی توانەوەی کلتورە جیاوازەکان.

لە سیستمی سەرمایەداری ئەم سەردەمەدا بێشک گاریگەری کلتوری‌بالا دەستەکان لە سەر هەمو جیهان زۆرە و لە ڕێگای بازرگانی و پێوەندیە نێونەتەوەییەکانەوە پەل داوێژێ بەرەو هەمو گۆشەو کەنارەکانی جیهان. ئەوە راستییەکی حاشا هەڵنەگرە کە کلتوری ئەمریکا لە رۆژگاری ئەمرۆدا بالادەستە و بەرهەمە کلتورییەکانی ئەو وڵاتە سەرکەوتوترن لە بەرهەمە کلتوریەکانی وڵاتانی دیکەی جیهان. لە سەردەمی ئیستادا هێرشی سینەمای ئەمریکا، جلوبەرگی ئەمریکا، خواردەمەنی ئەمریکایی بۆ وێنە "مەک دۆناڵد" و زۆر شتی تر دەی هەوێ خۆی فەرز بکا بە سەر هەمو کۆمەڵگاکانی دنیا دا، بەڵام ئەوەش بە هاسانی ناتوانێ کلتورەکانی‌تر بتوێنێتەوە.

زۆر جاریش ڕاست دوای ئاشنابون خەڵک دوور دەکەونەوە لە هێندێک پێوانە وکلتوریی ئەمریکایی. "بە هۆی کۆنڤانسیۆنی پەسەند کراو لە لایەن یۆنسکۆشەوە هەوڵ دەدەرێ شوێنکاری پرۆسەی بەجیهانیبون لە سەر بناغە سەرەکیەکانی کلتوریی گەلان کەم بکرێتەوە. www.cultuur.paginablog.nl هێنانی ئاڵوگۆری کلتوریش مەرج نییە هەمیشە خەراپ بێ، زۆرجار تاکەکانی کۆمەڵ ئیمکانی هەڵبژاردنی زۆرتریان بۆ دەرەخسێ و دەتوانن لە ناو هێندێک پیوانەی تازە دا خوو و ڕەوشتی جوانتر هەڵبژێرن و کلتوریی خۆیانی پێ دەوڵەمەند بکەن. بە تایبەت کلتوریی سیاسی بەردەوام پێوستی بە تازەبونەوەو بە خۆداچونەوە هەیە.سیستمە سیاسیەکان ویەک لەوان دیمۆکراسی هەتا نەچنە نێو کلتوریی گەلانەوە ناکرێ بە تەواوی پیادە بکرێن. هەر بۆیە پرۆسەی بەجیهانیبون دەتوانێ ڕۆڵێکی هەبێ لە سەقامگیر بونی دیمۆکراسی لە وەلاتان دا.

تێکەڵ بونی کلتورەکان و قەبوڵ کردنی یەکتر زۆر یارمەتی بە ئاشتی و ئاسایش و نێو نەتەوەیی دەکا. تریبالیزم و فۆندامێنتالیزم "بیناگەرایی و ووشکی " لە مێژوو دا زۆر ئاڵۆزیان لە نێوان مروڤەکان دا پێک هێناوە و بونە هۆی شەری زۆر گەورە و زیانیان بە مروڤایەتی گەیاندووە. لەم بارەیەوە گەلێک لێکۆڵینەوە کراون و زۆر بەڵگەی حاشا هەڵنەگر بە دەستەوە دراون. بۆ زانیاری زۆرتر دەکرێ کەڵک لەم سایتانە وەر بگیرێ.

www.economist.com , www.policyreview.org
www.humanities.mcmasrter.ca , www.globalpolicy.org

داوند ڕۆتکۆپ لە وتارێک دا بە ناوی "ئیمپریالیزمی کلتوری و شوێنکارەکانی لە سەر بەجیهانیبونی کلتور " دەنوسێ " بەجیهانیبون شوێنکاری هەیە لە سەر ئابوری و سیاسەتی نەتەوەیی، هەر وەها هێزی کلتوریش کە هەم هێزی پێگەوە گرێدان و هەم هێزی لێکدابرانە، نیشان دەدا. ئەوەش زۆرتر بە قۆناغیی مێژوویەوە پێوەندی هەیە. لە کاتێک دا باس لە سەر جێگیر بون یان فەوتانی کلتورێک دەکرێ بێشک کاریگەری دەبێ لە سەر پرۆسەی بەجیهانیبون لەو کۆمەڵگایەدا.هەم کاریگەری کلتور لە سەر بەجیهانیبون وهەم کاریگەری پرۆسەی بەجیهانیبون لەسەر کلتور زۆر لێکۆڵینەوە هەڵدەگرن". ڕاپۆرتێک لە لایەن ڕێکخراوی 'پەروەردە، زانست و کلتوری سەر بە نەتەوەیەکگرتوەکان UNESCO وە بڵاو کراوەتەوە نیشان دەدا کە لە نێوان ساڵەکانی ١٩٨٠ تا ١٩٩١ لە بواری بەرهەمە کلتوریەکاندا بازەرگانی زیادی کردوە لە ٦٧ ترئلیۆن دۆلارەوە بۆ ٢٠٠ تریلیۆن دۆلار. لەو بازەرگانیە دا ئینتەرتەینمێنت "فیلم،تەلەفیزیۆن، موزیک "پلەی یەکەمی بۆ خۆی تەرخان کردووە کە ڕۆلی باڵا دەستیش بە وەڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکایە. ڕەخنەگرە چەپەکان وای هەڵدەسەنگێنن کە باڵادەستیی ئەمریکا لەو بارەیەوە دەبێتە هۆی زاڵ بونی کلتوری ئەمریکا لە جیهان دا. هەمو جیهان کۆکاکۆلا دەخواتەوە، چاو لە سێریالە ئەمریکاییەکان دەکا و فێری خواردنی مەکدۆناڵد دەبێ. ئەمریکا لە باری ماڵیشەوە باڵا دەستی هەیە، کە

ئەمەش ئیمکانی مانۆر ودەست تێوەردانی ئەو زیاتر دەکا.لە کلتوری تازە پێگەیشتو دا نرخە بازرگانیەکان جێگای نرخە کۆمەڵایەتی، پەیوەندیەکان و خێزانیە کانیان گرتوەتەوە. ئەمانە هەمویان بە تێکرا دیاردەی وڵاتانی باڵادەست بە تایبەتی ئەمریکا و وڵاتانی رۆژئاوان و لە نێو پرۆسەی بەجیهانیبون دا نەخشیان هەیە. کەوا بو بە شێوەیەکی گشتی ناتوانین بڵێین پرۆسەی بەجیهانیبون هیچ شوێنکاری لە سەر کلتوری گەلان نییە. بەڵام ئەوە بەو مانایەش نییە لە کلتورەکانی لە ژێر ئەو کاریگەریەدا لە نێو دەچن، بگرە ئەوانیش کار لە سەر کلتوری رۆژئاوا و ئەمریکا دەکەن. بۆ وێنە ئەوەندەی کۆکاکۆلا و مەکدۆناڵد لە لە وڵاتانی دیکە دا جێگای خۆیان کردۆیەوە، ئەوەندەش بامی و ناسی چینی، پیتزای ئیتالی و پستەوخاویاری ئێرانی و بەهاراتی هیندی جێگای خۆیان لە ئەمریکا کردۆتەوە. کە وابو کارتێکردنەکە دوو لایەنەیە، بەڵام هەر وڵاتێک بەرنامەی باشتری بۆ رووبەروو بوون لە گەڵ ئەو هێرشە جیهانیە هەبێ کەڵکی زۆرتری لێ وەر دەگرێ و باشتریش دەتوانی بەرگری لە نرخە نەتەوایەتیەکانی خۆی بکا. بۆ وێنە یەکێک لەو وڵاتانەی کە بە شێوەیەکی باش توانیویەتی نرخە نەتەوەیەکانی خۆی بپارێزێ و کەڵکی زۆریش لە بە جیهانیبون وەربگرێ دەتوانین ژاپۆن ناو بەرین. بە پێچەوانەوە ئیسلامی توندرۆ لە وڵاتە ئیسلامیەکاندا خەریکە بە بەهانەی پێشگرتن لە کاریگەری ئەو پرۆسەیە و بەقە ولی خۆیان پاراستنی ئیسلام ڕەوشێک بە کار دێنێ کە هەمو نرخ وپرەنسیپە ئیسلامیەکانیش خەوشدار دەکا. پاوڵ لۆبێک **Paul Lubeck** و بریانا بریتس **Bryana Brits** لە وتارێک دا لە ژێر ناوی کۆمەڵگای ئیسلامی لە ژێر گوشاری نەخشەی ئاوەدانی لە کۆمەلگا دا هەڵسەنگاندنێکیان کردووە کە جێگای سەرنجە. پرۆسەی بە جیهانیبون بە هەڵبژاردن نییە، پێت خۆش بێ یان پێت ناخۆش بێ روو لە هەر وڵاتێک دەکا، جا باشتر وایە خۆی بۆ ئامادە بکەی و کەڵکی لێوەر بگری.

## ٨- بەرئەنجامەکانی ژینگەی بە جیهانیبون چین؟

تێکەڵ بون و بەجیهانیبونی ئابوری بۆیە شوێنی زۆر لەسەر ژینگە دادەنێ، چونکە دەبێتە هۆی زۆر بونی داهات. حەقی بەرهەمهێنان و کەڵک وەرگرتن لە کانگاکان دەدا بە خاوەنەکانیان وە لەو ڕێگەیەوە وڵاتەکە بەرەو سنعەتی بون دەروا، ئەوەش دەبێتە هۆی کەڵک وەرگرتنێکی چالاک لە سەرچاوەکانی دارایی. هەر وڵاتێکیش کە گەیشتە ئەم قۆناغە دەبێتە بازارێکی باش بۆ ساغکردنەوەی کالا تێیدا. کە بە نۆبەی خۆی بە کارهێنانی کاڵای زۆر بە هەمو جۆرەکانیەوە، چ ئینێرژی و چ شتیتر، دەبێتە هۆی پیس کردنی ژینگە. ئەگەر بەرنامەیە کی باش بۆ سوتاندن و دوو بارە بە کار هێنانەوەی پاشماوەکان نەبێ. هەر وەها بەهۆی زۆر بونی کارخانە، ماشێن، قەتار،فرۆکە و کەشتیەکانەوە پاشماوەیەکی زۆر بە شێوەی گازی لە هەوا دا بڵاو دەبێتەوە و ژینگە پیس دەکا. بە هۆی بەجیهانیبونی بازرگانیەوە دنیا هەموی بۆتە بازارێکی گەورە

کە دەستی هەمو بەرهەمهێنەرەکانی دەگاتێ و ئەمەش بۆتە هۆی ئەوەی کە جیهان بە گشتی بەرەو مەسرەفی بون بروا و بەرهەم هێنان و مەسرەف کردن بە شێوەیەکی سەر سورهێنەر زیادبکەن.

هەردووک حاڵەتەکە بە زیانی پاراستنی ژینگەن. وڵاتە هەژارەکانیش لەم دیاردەیە دەرباز نابن لە بەر دووهۆی سەرەکی: یەکەم وڵاتانی سنعەتی هەوڵ دەدەن بەشی بەرهەم هێنانی کارخانەکانیان بگوێزنەوە بۆ وڵاتە هەژارەکان، چونکە هەم هێزی کار هەرزانترە و هەم پاشماوەی کارخانەکانیان لە کۆڵ دەبێتەوە. سنعەتەکەش هەر هی خۆیانەو بەشی هەرە زۆری داهاتەکە دەگوێزنەوە بۆ وڵاتەکانی خۆیان. چ کارێک پێویستە بکرێ بۆ ئەوەی دەرئەنجامی دەسکەوتە پیشەسازییەکان ژینگە لە بەین نەبات و پاش ئەو هەمو ماندو بونەی مروڤایەتی دیویەتی بۆ گونجاندنی خڕۆکەی زەوی بۆ ژیان، وەرچەرخانێکی پێچەوانەیی روو نەداو دەسکەوتەکانی مروڤایەتی لە ناو نەچن. ڕێکخراوی بازرگانی جیهانی زۆر هەوڵ دەدابە لێکۆڵینەوە لە سەر وەزعی ژینگە هێندێک لە تەبلیغاتی ژینگە پارێزان بەرپەرچ بداتەوە و بیسەلمێنی کە ژینگە ئەوەندەش لە ژێر پاڵەپەستۆ دا نییە وەک باسی دەکەن. ئەوان لە راپۆرتەکانیان دا نیشان دەدەن کە لە زۆر وڵات دا پرۆسەی بەجیهانیبون بە پێچەوانەوە یارمەتی دەکا بە پاراستنی ژینگە. ئەو راپۆرتانە دردەخەن کە ژمارەی ئەو کۆمپانیانەی کە لە بوارە هەستیارەکانی ژینگە وەک کانەکان، پێترۆشیمی و مادده خۆراکیەکان دا کار دەکەن و شوێنکاری خۆیان لە سەر ژینگە بڵاودەکەنەوە، هەر دێن و زۆر دەبن. ئەوان ئەو بۆچونە رەتدەکەنەوە کە کۆمپانیە جیهانیەکان داگیر کراون لە لایەن پیشەسازی خاوێن کردنەوەی ژینگەوە و رادەگەینن کە بەشێکی کەم لە بودجەی ئەوان تەرخانکراوە بۆ ئەو پیشەسازیە.
دیارە لە وڵاتە دێموکراتەکاندا گوشارێکی سیاسی زۆر هەیە تا ئەو بودجەیە زیاد بکرێ.

جۆرم لۆمبۆرگ Bjorm Lomborg دەڵێ ژینگە تاکو ئیستاش لە حالەتێکی باش دایە و دەکرێ باشتریش بکرێ.
www.lomborg.com

بەڵام دژەکانی پرۆسەی بەجیهانیبون پەیوەندیەکی راستەوخۆ دەبینن لە نێوان پەرەسەندنی بازەرگانی، سنعەت، ئابوری وتێکچونی باری ژینگە دا. ئەوان وای بۆ دەچن کە کۆمپانیە گەورەکان تەنیا بەو ئامانجە پرۆسەی بەرهەمهێنانی خۆیان بەجیهانی دەکەن، تا پاشماوەی سنعەتی خۆیان بگوێزنەوە بۆ ئەو وڵاتانەی کە کۆنترۆڵ بۆ پاراستنی ژینگەی تێدابونی نییە. مەسەلەیەکی تر کە ژینگە پارێزان زۆر ئاماژەی پێ دەکەن، بریتیە لە بەکار هێنانی مادده کیمیاییەکان بۆ زۆر کردنی بەرهەم لە کشت وکاڵ دا. کۆمپانیە گەورەکانی کشت و کاڵ جیاوازیە سروشتییەکان تێک دەدەن بە بەکارهێنانی تکنیکی تازەی بیۆلۆژی بۆ تێکەڵ کردنی رەگەزە جۆراوجۆرەکان. هەروەها جوتیارەکان مەجبور دەکەن کە دژی ژینگەی خۆیان



سەرچاوە
Serchawe

کار بکەن لە پێناوی زۆرکردنی بەرهەم دا.هەر وەها پرۆسەکانی بە سنعەتی کردن دەبنە هۆی چونە سەری پلەی گەرما، کە ئەوەش دەبێتە هۆی تێکچونی کەش و هەوا و تێکدانی بالآنسە سروشتیەکان. بە تایبەت وڵاتە هەژارەکان و وڵاتانی لە حالی گەشەکردن دا بە دور راگیراون لەو مەسەلانەی پەیوەندیان بە ژینگەوە هەیە، تەنانەت لە نێو ئەو پرۆتۆکۆلەش دا کە لە کیۆتۆ Kyoto protocol کە بۆ پاراستنی ژینگە ئیمزا کراوە نەگونجێنراون، بەو ئامانجەی کە ناوچەیەک لە جیهان بێڵنەوە بۆ شاردنەوەی پاشماوەی کارخانەکان . بۆ زانیاری زیاتر لەم بارەوە براونە سایتەکانی
www.greenpeace.org , www.panda.org

## بەشی چوارەم

### ٩- تایبەتمەندیەکانی بەجیهانیبون:

١-٩- ئازادی دێنێ: یەکێک لە دیارە بەر چاوەکانی پرۆسەی بەجیهانیبون سەقامگیر بونی ئازادی فەردی و کۆمەڵایەتیە. بەجیهانیبون دەبێتە هۆی ئەوەی کە مروڤەکان باشتر لە یەکتر بگەن و بۆ هەڵوێست و بۆ چونی یەکتر نرخ دابنێن، دوڵەتەکان زۆر گوێراگرنو کەمتر خەڵکی دەمبەست بکەن. ئەمەش بەنۆرەی خۆی شوێنکاری هەیە لە سەر ئازادی دەربڕین کە دەبێتە هۆی جێگیر بونی ئازادیە فەردی و کۆمەڵایەتیەکان.

٢-٩- لە نێو ژیانی رۆژانە دایە: لە زۆر بارەوە ئێمە هەمومان لە نێو پرۆسەی بەجیهانیبون دا دەژین. ئەو جلوبەرگەی لە بەری دەکەین، ئەو خواردنەی دەیخۆین، ئەو شتانەی دەیخوێنینەوە، ئەو زانیاریانەی لە هێڵەکانی ئینتەرنێت دا وە دەستی دێنین و بڵاوی دەکەینەوە، ئەو موزیکەی گوێی لێدەگرین و تەنانەت ئەو پەیوەندیانەی لە گەڵ دەوروبەری خۆمان هەمانە، هەمویان مۆری بەجیهانیبونی پێوەیە.

٣-٩- جیهانی بچوک کردۆتەوە: بەجیهانیبون نەک تەنیا جیهانی بچوک کردۆتەوە، بگرە بەشە جیاوازەکانی جیهانیشی بەشێوەیەکی بەربڵاو بەیەکەوە گرێداوە. بریارێکی ئابوری یان سیاسی لە ئەمریکا دەتوانێ کاریگەریەکی گەورەی هەبێ لەسەر رەوشی ئابوری یان سیاسی لە رۆژهەڵاتی ناوەراست. خەونی دیکتاتۆرێک لە ئێران شوێنکاری هەیە لە سەر بازاری بورسی ئەمریکا. هاتنە سەرکاری هێزێکی توندرۆ لە فەلەستین، پرۆسەی ئاشتی جیهانی لاواز دەکا. یەک بریاری بازەرگانی لە تۆکیۆ دەتوانێ ببێتە هۆی دروستکردنی فرسەتی کار لە بریتانیا و....هتد.



سەرچاوە
Serchawe

٤-٩- بێ سنورە: پرۆسەی بەجیهانیبون سنوردار نییە. لە هەمو گۆشەیەکی جیهان شوێنکاری دیارە و خەریکی دروستکردنی مێژوویەکی جیهانی تایبەت بە خۆیەتی. هۆکاری باش وخەراپ بە بێسنور دەخوڵقێنێ. ئەگەر بارێکی خەراپی ئابوری یان سیاسی لە وڵاتێک دا بێتە دی، لە هەمو وڵاتان دا کەم یان زۆر تیشک دەداتەوە. ئەگەر شەڕێک بقەومێ و قەیرانێک بێتەدی پرێشکی وەبەر زۆربەی وڵاتانی جیهان دەکەوێ.

٥-٩- زانست هێنەرە: لە ڕێگای ئەم پرۆسەیەوە هەتا دێ زانیاریی تاکەکان زۆرتر دەچێتە سەرێ، هەر باسێکی گرێنگ لە جیهان دا هەبێ، بە چەندین ڕێگادا کە هەمویان شادەمارەکانی پرۆسەی بەجیهانیبونن بڵاو دەبێتەوە. ئەگەر مرۆڤێک بیهەوێ ئاگاداری وەزعی جیهان بێ زۆر بە ئاسانی زانیاریی دەست دەکەوێ. دەتوانین بڵێین کە دنیا هەموی بە شەپۆلی زانیاری داپۆشراوە. تەنیا کێشەی ئەم سەردەمە لە باری زانیاریەوە، بریتیە لە هەڵبژاردنی زانیاری لە ناو ئەو هەمو سەرچاوە زانیاریە جۆراوجۆرانە دا.بە تایبەت لێک جیا کردنەوەی باش لە خەراپ و درۆ لە راستی، پێویستی بە پسپۆر هەیە.

٦-٩- ڕەنگی جۆراوجۆری هەیە: لەو پرۆسەیە دا تەواوی نەتەوە و کلتورەکانی جیهان بەشدارن، بۆیە ڕەنگی جۆراوجۆری هەیە. هەم هێزەکانی پشتیوان وهەم هێزەکانی دژی پرۆسەی بەجیهانیبون پێکەوە خەریکن و هەوڵ دەدەن جێ پەنجەیان دیار بێ. هەر بۆیەش ئەم پرۆسەیە هەمو لایەنەکانی ژیانی مرۆڤ دەگرێتەوە و بە رادەی ئەو هەمو بەشدارە ڤۆراوجۆرە، بۆ خۆشی ڕەنگاورەنگە.

٧-٩- ئابوری لە نێو ئەم پرۆسەیە دا مۆرکی سەرمایەگوزاری پێوەیە: گەشە کردنی ئابوری لە هەر وڵاتێک دا لە ژێر کارتێکردنی پرۆسەی بەجیهانیبون دایە. لە سەردەمی پرۆسەی بەجیهانیبون دا هیچ ئابوریەک بە بێ هاندانی سەرمایەگوزاری و دانانی بناغەکانی ژێرخانەکانی ئابوری بە شێوەیەکی ستراتیژیک و بە هێز ناتوانێ گەشە بکا. بۆیە هەمو وڵاتان هەوڵ دەدەن پێش لە هەڵاتنی سەرمایە بگرن و هاتنی سەرمایە بۆ نێو وڵاتەکەیان هان بدەن. ئەوە یەکێک لە گەورەترین تایبەتمەندیەکانی پرۆسەی بەجیهانیبونە کە ئابوریەکان گەورەتر دەکا و لە ناوچەیی بون دەربازیان دەکا. ئابوریەک کە تەنیا لە سەر پاڕامیتر و میکانیزمەکانی ناوچەیی دامەزرابێ سەرکەوتو نابێ.

### ١٠- ئایا هیچ ئاڵترناتیڤێک بۆ پرۆسەی بەجیهانیبون هەیە:

لایەنگرانی پرۆسەی بەجیهانیبون ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کە دەکرێ قۆناغی مێژوویی نێوان شەڕی جیهانی یەکەم و شەڕی جیهانی دووەم وەک بەڵگەیەک چاولێ بکرێ بۆ پەسەند کردنی ئەم پرۆسەیە. بەرز بونەوەی رادەی بازەرگانی لە نێوان

ساڵەکانی ١٨٧٠ بۆ ١٩١٤ دا بە شێوەیەکی ڕێژیی بەرزتر بو لەو قوناغەی کە لە ساڵی ١٩٧٥ە دەست پێ دەکا. تەقینەوەی بازەرگانی لە راستی دا وەستا، نە تەنیا لە دوای شەری جیهانی یەکەم، بەڵکو لە دوای شەری جیهانی دووەمیش. لە هەمو دنیای پێشکەوتو دا نرخ و کۆنترۆڵ لە سەر شتومەک دانرا. ئەم دیاردەیە راستەو خۆ شوێنکاری هەبو لە سەر فشارێک کە لە ١٩٣٠ دا هاتە سەر بازەرگانی و ناراستەوخۆ لە شوێنکاری هەبوو لە سەر دروست بونی شەری جیهانی دووەم.

تێگەیشتن لە هۆیەکانی هاتنە گۆری ئەم پرۆسەیە و ئەنجامەکانی دژایەتی کردن لە گەڵی، دەری دەخا لە بەربەرەکانی کردن لە گەڵ ئەم پرۆسەیە بێفایدەیە، چونکە ڕاگرتن یان لاواز کردنی ئەم پرۆسەیە دە بێتە هۆی کەم بونەوەی فرسەتی کار. ئەگەر ئەم پرۆسەیە بوەستێنرێ، لە زۆربەی وڵاتانی دنیا بێکاری هێرش دێنێ وقەیرانێکی گەورەی ئابوری دروست دەکا. تەنانەت ئەو وڵاتانەش کە بە ئاشکرا دژی پرۆسەی بەجیهانی بونن زیانێکی گەورە دەبینن لە ڕاوەستانی ئەو پرۆسەیە. ئەگەر بۆ وێنە چاو لە وڵاتێکی وەک ئێران بکەین، پرۆسەی بەجیهانیبون زۆر بە قازانجیەتی، چونکە ژمارەیەکی زۆر لە دانیشتوانی ئەو وڵاتە لاون و هێزێکی گەورەی کاری تێدایە.بەجیهانیبوبیش فرسەتی کار دەخوڵقێنێ.

ئەوە مەسەلەیەکی‌ترە کە رژێمی ئێران دژی ئەو پرۆسەیە دەوەستێتەوە چونکەلە هاتنی ئازادی و دێموکراسی دەترسێ. هەمو رژێمە دیکتاتۆر وتۆتالیتێرەکان دژی پرۆسەی بەجیهانیبونن. چونکە لە کارتێکردنی ئەو پرۆسەیە لە سەر وشیاری گشتی دەترسن. زیانێکی دیکەی لاواز بونی پرۆسەی بەجیهانیبون ئەوەیە کە دەسەڵاتی ئەنستیتیوتە جیهانیەکانی وەک ڕێکخراوی بازەرگانی جیهانی و بانکی جیهانی کەم دەبێتەوە و ڕۆڵی دەوڵەتە بە هێزەکان لە مەیدانی بازەرگانی دا زۆرتر دەبێ کە ئەوەش بە نۆبەی خۆی شوێنکاری دەبێ لە سەر دابەشکردنی عادڵانەی ڕۆڵی بازەرگانی لە جیهان دا. قەیرانەکانی ساڵەکانی ١٩٣٠ تا ١٩٤٠ بە جوانی نیشان دەدەن کە خەتەری لاواز بونی ئەنستیتۆ جیهانیەکان چەند گەورەیە. پێوانەی ئەو خەتەرەی کە لە ئەنجامی سەرنەکەوتنی پرۆسەی بەجیهانیبون دا دێتە پێشێ زۆر دژوارە. بە هەرحال تا ئێستا لە مێژوو دا زۆر جار خەتەری هاوکاری نەکردنی وڵاتانی جیهان لە گەڵ یەکتر تاقی کراوەتەوە، کە شەر و پێکدادانی گەورەی لێکەوتۆتەوە. بەجیهانی بون لە راستیدا هیچ ئاڵترناتیڤێکی دیکەی نییە و وڵاتانی دنیا چارەیەکیان نییە جگە لەوەی لە نیهایەت دا قازانجەکانی ئابوری، کۆمەڵایەتی، سیاسی، فەرهەنگی، زانستی، گەشەکردن پێشکەووتنی باری لەشساغی بۆ هەمو مرۆڤایەتی وەک یەک ببینن. ڕاستەکی‌ترش ئەوەیە کە راگرتنی ئەو پرۆسە جیهانیە خەیاڵێکی خاوە.

ڕژێمە تۆتالیتێر و دیکتاتۆرەکان و کۆنەپەرستان زۆر خەریکن ئەو پرۆسەیە ڕابگرن، بەڵام پێشکەوتنی باری ڕاگەیاندن بە تایبەت پێشکەوتنی ئەلکترۆنیکی لە بواری پەیوەندیەکان دا کارێکی کردوە کە هیچ هێزێک لە دنیا دا ناتوانێ پێش بەو پرۆسەیە بگرێ یان لە خۆی دوور خاتەوە. بۆ سەلماندنی ئەو راستییە هەر ئەوەندە بەسە کە چاو لە کاریگەری

ئینتەرنێت، موبایل، تەلەفیزیون و سینەما بکەین لە سەر ژیانی ئینسانەکان. لە سەرەتا و ناوەراستی سەدەی بیستەم دا کەمتر مەسەلەی پرۆسەی بەجیهانیبون زەق دەکرایەوە چونکە شێوەی میلیتاریزمی ئەو پرۆسەیە لە جیهاندا خۆی سەپاند بوو. ئامانجەکانی ئەو نیزامیگەریە نە بە قازانجی خەڵکی ولاتانی جیهان بون نە وەلاتەکان و نەتەوەکانیش بە هاتنی پرۆژەیەکی ئەوتۆ دڵخۆش بون.

دەنا شەری جیهانی یەکەم ودووەمیش دەکرێ وەک بەرئەنجامەکانی پرۆسەی بەجیهانی کردنی ئامانجە نیزامیەکان چاو لێبکرێن. "شەرێکی جیهانی چییە جگە لە پرۆسەی بەجیهانیبون، کاتێک ئینانسەکان لە ئاسیا، ئەمریکا، ئەفریقاو ئوروپا لە یەک کاتداپێکەوە شەر دەکەن، بێشک ئەوە بەشێک لە پرۆسەی بەجیهانیبونە.www.asiacosietty.org "

ئەو شەرانەش بە شێوەیەکی گشتی بەرئەنجامی قەیرانە ئابوریەکان بوون، کە تەنانەت وای لە ئاوری زانەکان کرد کە بە شەری ئابوریان ناو بەرن. دیارە لەو سەردەمەدا بەجیهانیبون لە سەرەتان گەشەکردنیی خۆی دابوو هێشتا رێگای پەیوەندی گرتن بەم شێوەیە خێرا وئاسان نەببو. هەر بۆیەش بیر لەوە نەدەکرایەوە کە مرۆڤایەتی بەم جۆرە لێک نێزیک بێتەوە، شوێنکاری باش وخەراپ لە سەر یەکتر دانێن و رادەی تێکەڵیەکە بگاتە ئەو پلەیەی ئێستا کە هیچ وەلاتێک و گەلێک نەتوانێ خۆی لێ دەر باز بکا و بێتە ئاڵترناتیڤی رێکخستنی پەیوەندی نێوان وەلاتان و گەلانی جیهان. ئایا ئیمکانی ئەوە هەیە کە بەجیهانیبون بگەرێتەوە دواوە و لە کۆتایی‌دا خۆی بخواتەوە، بە واتایەکی دیکە ئەگەر بەجیهانیبونی ئابوری لە سەدەی نۆزدە دا بەرەو گەشەکردن دەروا و تا ١٩١٤ درێژەی دەبێ و گەرانەوە دەبینرێ و قەیرانی ئابوری دەخوڵقێ و لە جێگای ئەو بەجیهانیبونی نیزامی دەست پێدەکا و دوو شەری جیهانی دێنێتە کایەوە، هەموی ئەوانە نیشانەی بەردەوامیی ئەو پرۆسەیەیە. ئایا لە سەردەمی ئێستا دا بەو هەمو ئیمکاناتەوە کە بۆ درێژەدان بە پرۆسەکە لە دەست دایە ئیمکانی گەرانەوە هەیە؟ بێگومان ئەگەر هەش بێت زۆر لاوازە. یەکێک لە جیاوازیەکانی ئەم سەردەمە لە گەڵ سەرەتاکانی سەدەی بیستەم ئەوەیە کە ولاتە پێشکەوتوەکان کۆمەڵێک تۆری خۆ پاراستنیان دروست کردووە کە قەیرانەکان بە شێوەی پێشوو نەتوانن بە تەواوی بیان روخێنن. دیارە بە جیهانی بونی ئابوری لە هێندێک جێگا دا دەبێتە هۆی گەورە بونەوەی جیاوازی لە نێوان دەوڵەمەند و هەژارەکان دا، هەر چەند داهاتی سەرانەی هەردووک لایان هەر دێت و زۆرتر دەبێ. ئەوش بۆ خۆی پرسیارێکە کە ئایا گەورەبونەوەی نایەکسانی دەبێتە هۆی قەیرانێکی ئەو تۆ کە مەرگی پرۆسەی بەجیهانیبونی بە دواوە بێ؟ لە حاڵێکدا کە راددەی ژیانی هەمو کەس دەچێتە سەرێ. هەر چەند شەرێک بە پانتایی هەمو جیهان و بە شێوەی جۆراوجۆر لە نێوان پێشکەوتن خوازو کۆنە پارێز دا درێژەی هەیە،بەڵام بە هیچ شێوەیەک وا دەر ناکەوێ کە کۆنە پارێزان بتوانن پرۆسەکە لە ناو بەرن یان رایبگرن. هەر چەندە رەنگە بتوانن کۆسپی بۆ دروست بکەن. پرۆسەی بەجیهانیبون جارێکی‌تر ناگەرێتەوە دواوە، چونکە زۆربەی وڵاتانیی گەشە کردوو، هەر لە دوای قەیرانەکانی ١٩٤٥ه وە دەستیان کردوە بە

دروست کردنی  تۆرێکی خۆپارێزی لە بەرامبەر ئەو جۆرە قەیرانانە"

**Joseph Nye Dean Jan F . Kennedy School of Government and Harvard University) Globalisation and iets Dscontants**

پایەکانی پرۆسەی بەجیهانیبون ئەو کۆمەڵگایانەن کە بە شێوەیەکی باش گەشەیان کردووە، بازەرگانیان ئازادەو ئابوریەکەیان لە سەر بناغەی بازاری کراوە دامەزراوە. ئەمانە قازانجێکی زۆر لە بازاری کراوە دەکەن و ئیمکانی نییە بێڵن ئەو پرۆسەیە بەرەو دواوە بگەرێتەوە. ئەگەر سەرنج بدەینە ئەو کۆمەڵگایانەی کە هەر لە سەرەتاوە لە گەڵ ئەم پرۆسەیە خۆیان گونجاندوە، دەبینین ئابوریەکی ساغ و ژیانێکی سەر کەوتویان هەیە. دەتوانین وەک وێنە ناوی وڵاتانی ئوروپای رۆژئاو، ئەمریکا و ژاپۆن بێنین. دیارە ئەو بۆچونەی سەرەوە تەنیا لە سەر وڵاتە دەوڵەمەندەکان ڕاستە و زۆر وڵاتی هەژار هەن کە هیچ تۆرێکی پارستنیان نییە وهەتا ماوە نێوان ئەوان و وڵاتە دەوڵەمەندکان لە باری ئابوریەوە گەورەتر دەبێ. لەم روە وە کەس ناتوانێ پێشبینی بکا کە پرۆسەی بەجیهانیبون لە وڵاتە هەژارەکاندا بە چ خێراییەک دەچێتە پێش و ئایا توشی گەرانەوەی قۆناغی دەبێ یان نا. تەنیا لە پەیوەندیگرتن دا هیچ گەرانەوەیەک بە بیر دا نایە. پێشکەوتن گەشەکردنی ئامرازەکانی پەیوەندیگرتن بە شێوەیەک خێران کە رۆژ بە رۆژ زۆرتر وهەرزانتر دەگەنە دەست هەمو کەس لە هەمو وڵاتێک. شتێکی دیکەی بەرچاو لە مەسەلەی بەجیهانیبون دا ئەوەیە کە هەتا دێ زۆرتر ئاڵۆز دەبێ و ئەوانەی گەمەی تێدا دەکەن زۆرتردەبن. بەرەبەرە زۆربەی وڵاتان وکۆمەڵگاکان و تەنانەت تاکەکانیش ،ڕەنگە بێ ئەوەی هەستی پێبکەن، بە جۆرێک لە جۆرەکان لە نێو  ئەو گەمەیە دا جێگیر بن. هەمو ئەو راستیانە دەسەلمێنن کە پرۆسەی بەجیهانیبون هیچ ئاڵترناتیڤێکی بۆ نییە" دیارە لە باری ئابوریەوە هێندێک وڵات کێشەیان هەیە لە گەڵ ئەو پرۆسەیە و دەڵێن کە هەژار، هەژارتر و دەوڵەمەند، دەوڵەمەندتر دەکا. بەڵام ئەگەر ئەو وڵاتانە بەراوەرد بکەین لەگەڵ ئەو وڵاتەی کە هاتونە نێو پرۆسەکەوە بۆمان دەردەکەوێ کە زۆر درنگتر ڕێگای گەشە کردن دەبرن. بۆ وێنە لە ساڵی ١٩٩٠ەوە کە پرۆسەی بەجیهانیبون بەرەو سەرکەوتن ڕۆیشتوە، ٥٥ وڵاتی وا هەن کە دەوڵەمەندتر نەبون و وەک خۆیان ماونەوە، دژەکانی ئەم پرۆسەیە ئەم وێنە یە بەکار دێنن وەک بەڵگەیەک دژی پرۆسەکە. بەڵام پرسیار ئەوەیە کە ئایا بە هەژاری مانەوەی ئەو وڵاتانە لە ئەنجانی پرۆسەی بەجیهانیبونە یان گەندەڵی ئیداری، بی بەرنامەیی ئابوری، شەری ناوچەیی، دواکەوتویی فەرهەنگی، سیاسەتی هەڵە، دیکتاتۆری و نەبونی ئازادی. ئەگەر دوو وڵاتی تەواو وێکچو لە باری ئابوریەوە هەڵسەنگێنین کە یەکێکیان بەشداری کردوە لە پرۆسەکەدا وئەویتریان لێی دوور بووە، دەر دەکەوێ کە ئەوەی بەشداری کردووە زۆر پێشکەوتوو ترە. غانا و کۆریای باشورو لە ساڵی ١٩٦٠دا داهاتی سەرانەیان وەکو یەک بوە، کە چی ئێستا کۆریای باشور داهاتی سەرانەی ٣٠جار لە غانا زۆرترە. دەوڵەتانی هەژار تەنیا لە کاتێک دا دەتوانن کەڵک لە پرۆسەی بەجیهانیبون وەربگرن کە دامەزراوەی ئیداریی قەوی و سیاسەتی شەففافیان هەبێ.



سەرچاوە
Serchawe

مارلەی ئیس گریندێل Mrliee S Grindle لە کتێبی Government inTthe Globalazing World وێنەیەکی دیکەی بەر چاو چینە. بەجیهانیبون کاریگەریەکی زۆر گەورەی لە سەر چین هەبوە، کاتێک چین دەروازەکانی خۆی بەرەو بازاری ئازاد کردەوە، لە ماوەیەکی کەم دا پێشکەوتنێکی باشی بە خۆیەوە بینی. چین لە ماوەی نێزیک بە دوو دەهە دا کارێکی ئەوتۆی کرد کە ژیان و گوزەرانی دەیان میلیون کەس روو لە باشی بکاو داهاتی سەرانەی ئەو ولاتە بە شێوەیەکی بەر چاو بچێتە سەرێ. ئەو ناوچانەی جیهان کە نەیەنە نێو پرۆسەکەوە هەرچەند ڕەنگە بەرەو دوا نەگەرێنەوە، بەڵام بێشک لە کاروان بەجێ دەمێنن و ماوەی نێوان ئەوان و ولاتە پێشکەوتوەکان گەورەتریش دەبێ. گرنگ ئەوەیە خۆی بۆ ئامادە بکەی تا لە شتە باشەکانی کەڵک وەرگری و لە شتە خراپەکانیشی خۆ بپارێزی. ئەگەر بتهەوێ کە خۆراکەکانی مەکدۆنالد نەبنە خۆراکی نەوەکانی داهاتوت، پێویستە ئاڵوگۆر بەسەر خۆراکەکانی خۆت دابێنی بە جۆرێک کە لە گەڵ سەردەمی تکنۆلۆژی دا بگونجێن. بە واتایەکی دیکە خۆ رێکخستن لە گەڵ پرۆسەی بەجیهانیبون بریتییە لە خۆپێشخستن ومۆدرنیتە. ئەگەر تۆ ئابوری، سیاست،کلتور، باری کۆمەڵایەتی و ژیانی خۆت بە پێی هەڵومەرجی ناوچەی خۆت و ولاتی خۆت پێش بخەی، هەم دەتوانی کەڵک لە قازانجەکانی بەجیهانیبون وەرگری و هەم لە بەرامبەر هێرشی کلتوریی ولاتانی دیکە خۆت بپارێزی. هەر ولاتەی پێویستە بەپێی هەلومەرجی خۆی کەڵک لەو پرۆسەیە وەربگرێ و هەوڵ بدا خۆی لە گەڵ بگونجێنێ. هەڵسەنگاندنێکی سەر پێی ژاپۆن ڕەنگە یارمەتیدەر بێ بۆ ئەو مەسەلەیە. ژاپۆن لە راستیدا لە ١٥٠ساڵ لە مەوبەر وە هەوڵی داوە هەمو دەسکەوتە زانستی وتکنیکیەکانی خۆی بە جیهانی بکا. هەوڵی داوە جیهان بناسێ و بە قازانجی خۆی کەڵکی لێوەر بگرێ، هەر ئەو هەوڵانەش بونە هۆی ئەوەی کە بە شێوەیەکی باش کەڵک لە ئاڵوگۆرە جیهانیەکان وەرگرن و لە ماوەی نیو سەدەدا بە سەر ئابوری ئوروپاش دا زاڵ بن. دیارە شەری دووەمیی جیهانیان دۆراند، بەڵام چونکە بە باشی خۆیان بۆ پرۆسەی بەجیهانیبون ئامادە کردبوو، توانیان ببنە دووەم هێزی ئابوری جیهان.

"ولاتەکان دەتوانن خۆ بە جیهانی بکەن،ئەوان دەتوانن لە باری ئابوریەوە بە جیهانی ببن،بەڵام لایەنی کۆمەڵایەتی خۆیان بپارێزن، مەسەلەی خەتەری کلتوری لە بەر دوو هۆ هەڵەیە، یەکیان ئەویە کە هێندێک ئاڵوگۆری کلتوری هەر دەبێ، چونکە پێوەندی بە مۆدێرنیتەوە هەیە. دووەم هەرچەند ولاتەکان بەرەو مۆدێرنیتەش بچن، هێندە لێک نێزیک نابن کە وەک یەک بیر بکەنەوە"

**Joseph Nye Dean Jan F . Kennedy School of Government and Harvard University) Globalisation and iets Dscontants**
**www.asiacosietty.org**

هەوڵدانیی خۆیی لە نێو پرۆسەی بەجیهانیبون دا ئەو خەتەرەس لا دەبا کە رەنگە بە دەست تێوەردانی سیستمە ئابوریە بە هێزەکانی جیهان، دێموکراسی ناوچەیی لاواز بکرێ وکارتێلە سنعەتیەکان بە کەیفی خۆیان لێرەو لەوێ سەرمایە گوهزاری بکەن و پرۆسەی سیاسی ئەو ولاتانە وە دەست بگرن.هەر چەند Loni Walach وای بۆ دەچی کە رێکخراویی‌بازەرگانی

بەشی دووهەم

جیهانی یارمەتی دەدا بە هێزە ئابوریە نێو دەوڵەتیەکان کە بە کەیفی خۆیان سیاسەتی ئابوری دیاری بکەن وهێزە ناوچەییە دێموکراتەکان بخەنە ژێر رکێفی خۆیانەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی گیارەنگ

## وتوویژێکی تایبەت لە گەڵ رۆژنامەی «کوردستان»

**مستەفا شەلماشی: بەشداریی ئەمجارمان لە کۆنگرەی سۆسیالیست ئینتەرناسیۆناڵ دا، سەرکەوتووترین بەشداریی ئێمە بوو**

**مستەفا شەلماشی، بەرپرسی نوێنەرایەتیی دەرەوەی ولاتی حیزبی دیموکراتی کوردستان، لە وتوویژێکی تایبەت لە گەڵ رۆژنامەی «کوردستان»دا:**
**بەشداریی ئەمجارمان لە کۆنگرەی سۆسیالیست ئینتەرناسیۆناڵ دا،**
**سەرکەوتووترین بەشداریی ئێمە بوو**

**کوردستان**: بەڕێز کاک مستەفا شەڵماشی! وەک کەسایەتییەکی سیاسی و وەک ئەندامی هەیئەتێکی پایەبەرزی حیزبی دیموکراتی کوردستان، چ هەلسەنگاندنێکت بۆ بیست و چوارەمین کۆنگرەی ئەنترناسیۆناڵ هەیە؟ ئایا ئەم ئۆرگانیزاسیۆنە جیهانییە لەم کۆنگرەیەدا بایەخدانی پیویستی بەپرسەگرنگە جیهانییەکان هەبوو؟ ئەم پرسانەچ بوون و روانین و راسپاردە و بڕیاری کۆنگرە لەبارەیانەوە چ بوو؟

**مستەفا شەڵماشی**: بیست و چوارەمین کۆنگرەی سۆسیالیست ئینتەرناسیۆناڵ لە چەند ڕوویەکەوە لە گەڵ کۆنگرەکانی دیکە دا جیاوازیی هەبوو. هەر دەسپێکی کۆنگرە بە دروشمێک بوو کە لە ڕاستی دا دەکرا ببێتە ڕێگا خۆشکەری تێڕوانینێکی تازەی سۆسیالیست ئینتەرناسیۆناڵ بۆ جیهان بە گشتی. «لە پێناوی ئینتەرناسیۆنالیزمێکی تازە و کلتوورێکی تازەی هاوکاریی نێونەتەوەیی دا»ئەوە کورتکراوەی ئامانجەکانی ئەو کۆنگرەیە بوو.

لە کۆنگرە دا چەندین باسی گرنگی جیهانی لە چەند پانێلی دەوڵەمەند بە باسی جۆراو جۆر و بۆچوونی جۆراوجۆر دا هاتنە گۆڕێ. لە سەر ئابووری و دروستکردنی دەرفەتی کار، گەشەی کۆمەڵایەتی و بە کار هێنانی پتانسیەلەکان، هەڵوێستی سۆسیالیست ئینتەرناسیۆناڵ لە سەر قەیرانی ئابووریی جیهانی، خەبات لە پێناوی ئازادی دا، پشتیوانی لە گەشەکردنی دێموکڕاسی لە دنیادا و پشتگیریی دێموکڕاسییە تازەکان، دیتنەوەی ڕێگا چارەی ئاشتیی نێو نەتەوەیی، هاوکاریی نێونەتەوەیی و پێداویستیی دابینکردنی ئەمنییەتی نێونەتەوەیی و بەرگری لە مافی مرۆڤ بە گشتی. ئەنجامی ئەو باس و پانێلانە لە بڕیارەکانی کۆتایی کۆنگرە دا دیار بوون. لە سەر زووربەی ئەو باسانە هەڵوێستی سۆسیالیست ئینتەرناسیۆناڵ هاتبوو، چ لەبواری ئابووری، چ لە بواری ئەمنییەتی نێو نەتەوەیی و چ لە بواری ماڤی مرۆڤ و مافی

گەلان لە ناوچە جیاجیاکانی جیهان، پاراگرافی تایبەتی هەبوو. گرنگترینیشی بۆ ئێمە ی کورد ئەوە بوو کە لە بڕیارەکان دا پاراگرافێک بۆ پشتیوانی لە ماف و ئازادییەکانی گەلی کورد هاتبوو.

لە پەیوەندیی لەگەڵ شوێنی گرتنی کۆنگرە و ئۆرگانیزاسیۆنی گۆنگرەش دا جیاوازی هەبوو. بۆ یەکەم جار بوو کۆنگرەی سۆسیالیست ئینتەرناسیۆناڵ لە وڵاتێکی ئەفریقایی دەگیرا. هەروەها ئاڵوگۆڕێکی بە نیسبەت زۆر لە هەڵبژاردن و ئۆرگانیزاسیۆنی کۆنگرە دا کرا. دوو کاندیدای بە هێزی وەک مۆنا سالین سەرۆکی پێشووی حیزبی سۆسیال دێموکراتی سوید و لویس ئەیالا سکرتێری پێشووی سۆسیالیست ئینتەرناسیۆناڵ هەبون بۆ پۆستی سکرتێری گشتی، کە ڕەقابەتێکی توندیان لە نێو دا هەبوو و بە چەند دەنگێکی زیاتر، لویس ئەیالا جارێکی دیکە وەک سکرتێری گشتی دیاری کرایەوە. ئەوەی بۆ حیزبی ئێمەش گرنگ بێ ئەوە بوو کە بۆ یەکەم جار دوای لەتبوونی حیزبی دێموکرات، ئیمکانی قسە کردن لە کۆنگرەدا درا بە سکرتێری گشتیی حیزبمان کاک خالیدی عەزیزی، وەک تەنیا قسەکەر لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە.

**کوردستان**: ئەگەرچی حیزبی دیموکراتی کوردستان لەزۆربەی کۆبوونەوەکانی شوورا و کۆنگرەکانی ئەنترناسیۆناڵی سۆسیالیست دا بەشداریی چالاکانەی هەبووە، بەڵام دەتوانم بڵێم لەم کۆنگرەیەدا لەئاستێکی زۆر بەرز دا بەشدار بوو.هەلسەنگاندنی خۆت لە کارو چالاکییەکانی هەیئەتی حیزب لەم کۆنگرەیەدا چییە؟ ئەو دیدار و چاوپێکەوتنانەی کردتان، لێیان رازی بووی؟ پێت وایە توانیوتانەکەسایەتی ولایەنەکانی بەشداری کۆنگرە تا رادەیەک لە پرسی کورد بەگشتی و لەرۆژهەلاتی کوردستان، هەروەها لەبارودۆخی ئێران و سیاسەتەکانی کۆماری ئیسلامی، ئاگادار بکەن؟

**مستەفا شەڵماشی**: بەشداریی ئەمجارەمان لە کۆنگرەی سۆسیالیست ئینتەرناسیۆناڵ دا لە گەڵ جارەکانی دیکە هەم جیاوازی پێکهاتەیی هەبوو، هەم جیاوازیی لە چالاکبوون دا. لە باری پێکهاتەییەوە هەیئەتیکی بەهێز بوو. سکرتێری حیزب، بەرپرسی دەرەوە و بەرپرسی پەیوەندییەکان و دوو ئەندامی دیکەی ڕێبەری کە یەکێکیان نوێنەری یەکییەتی ژنانی حیزب بۆ سۆسیالیست ئینتەرناسیۆنال و ئەوی دیکەیان بەرپرسی پەیوەندی لە گەڵ سۆسیالیست ئینتەر ناسیۆناڵ بوو.

لە باری چالاکییەوە زۆر بە بەرنامە دەستمان پێ کرد و تەنانەت بۆ دیدارەکانیش ئەولەوییەتمان دانا. هەوڵمان دا هەموومان بە شێوەیەکی چالاک کار بکەین. لەبواری دانی زانیارییەوە، بە دۆکومێنت کراوی(بە تایبەت لە سەر پێشیلکردنی مافی مرۆڤ لە کوردستان و ئێران دا) و تەنانەت بە پێشکەش کردنی کتێبی ڕەحمانی کوردان، لە هێندێک لە دیدارە گرنگە کان دا، زانیاریی باشمان گەیاند. جگە لەوە بۆ پێوەندییەکانی داهاتوو گەلێک زانیاریی بە کەڵکمان وەرگرت و ئادرەس و زانیاریمان لە سەر زۆر حیزب و ڕێکخراوی جیهانی گرنگ کۆ کردەوە کە پێویستە بۆ بەردەوامی لە پێوەندییەکانمان دا بە

کاریان بێنین و بە بەردەوامی زانیاریان بۆ بنێرین. ئەوەش کە توانیمان وتاری بەڕێز سکرتێری گشتیمان لە بەرنامە دا بگونجێنین، بەسەرکەوتنێکی هەیئەتی ئەوجارەمان دەزانم، چونکە ڕاستییەکەی ئەوەیە کە پێویست بوو کاری بۆ بکەین تا دەرفەت بدرێ کاک خالید وتار پێشکەش بکا. دیارە بە جێی دەزانم کە ئیشارە بەوە بکەم کە هەم تەرکیبی هەیئەتەکەمان و هەم چالاکیمان یارمەتیدەری ئەوە بوون کە لە ڕاستی دا ئێمە وەک چالاکترین هەیئەتی کوردی لە ڕۆژهەلاتی کوردستانەوە دەرکەوین. ئەوەندەی ئەمن ئاگاداری بەشداریمان لە کۆنگرەی سۆسیالیست ئینتەر ناسیۆناڵ دابم، پێموایە سەرکەوتووترین بەشداریی ئێمە بوو.

**کوردستان**: ئێوە بە گشتی لە دیدار و چاوپێکەوتنەکانتاندا، چ لەگەڵ گەورەبەرپرسانی ئەنترناسیۆناڵ و چ لەگەڵ سەرۆکان و نوێنەرانی ولاتان و حیزب و ڕێکخراوەکانی بەشدار لەئەنترناسیۆنالی سۆسیالیست دا، گرنگی بەچ پرس و بابەتێک دەدەن؟ لەم کۆنگرەیەدا زۆرتر بایەختان بەکام پرس و بابەت دا؟

**مستەفا شەڵماشی**: لە پێوەندییەکانمان دا زۆر ئەولەوییەت دەدەین بە سێ مەسەلەی گرنگ. یەکەم مەسەلە دۆخی نەتەوەی کورد و بە چارەسەرنەکراوی مانەوەی ئەو مەسەلەیە، لە کاتێک دا کە نەتەوەی کورد گەورەترین نەتەوەی بێ دەوڵەتە کە تەنانەت لەو ولاتانەش دا کە بەسەریان دا دابەش کراوە، هیچ چارەسەرێکی بۆ نەکراوە(دیارە جگە لە باشووری کوردستان کە بە خۆشییەوە لە هەلومەرجێکی باشتر دایە و تا ڕادەیەک چارەنووسی خۆی بە دەستەوەیە). لەوەش خراپتر سەرکوتی نەتەوەی کورد لە لایەن هەموو زەوتکەرانی مافەکەیەوە بە شێوەیەکی نا ئینسانی درێژەی هەیە. تەوەری دووەمی باسەکانمان پێشێلکرانی بەردەوامی مافی مرۆڤە لە لایەن ڕێژیمە سەرکوتکەرەکانی حاکم بەسەر کوردستان دا. لەو بارەیەوە کۆماری ئیسلامی کە ئێمە کوردی ڕۆژهەلات لە گەڵی تەرەفین، گرەوی لە هەموو دوژمنانی دیکەی کورد بردوەتەوە و دەست لە هیچ جینایەتێک ناپارێزێ. تەنانەت زۆرجار پەنای بۆ تیرۆری دەوڵەتی بردوە و سەدان ئەندامی حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکانی کوردی تیرۆر کردوە. بە تایبەت تیرۆری ڕێبەرانی حیزب لە نێوەندی دنیای ئازاد، واتە ئورووپا دا، پەڵەیەکی ڕەشە بە نێو چاوانی کۆماری ئیسلامییەوە. بە تایبەت کە لە داگایەکی سەربەخۆی ئاڵمان دا سەلمێنراوە کە دەستی کاربەدەستانی هەرە بالای کۆماری ئیسلامی لە پشت ئەو تیرۆرەوە بووە کە لە ڕێستوڕانی میکۆنووس لە بەرلین کردیان و ڕێبەری حیزبی دێموکڕاتی کوردستان دوکتور شەرەفکەندی و هاوڕێیانیان شەهید کرد. تەوەری گرنگی دیکە ناساندنی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان و پەیدا کردنی دۆستی سیاسی بۆ حیزب لە ڕادەی نێونەتەوەیی دایە. هەموو ڕێکخراوێکی سیاسی کە نیازی هەبێ لە داهاتوی ولاتەکەی دا نەخشی هەبێ، پیویستی بە دۆستایەتی و پەیوەندیی نێونەتەوەیی هەیە. تا هەم لە تاقیکردنەوەی گەلانی دنیا کەڵک وەرگرێ و هەم تاقیکردنەوەکانی خۆی بگوێزێتەوە بۆ گۆڕەپانی خەباتی سیاسی لە دنیا دا.

جگە لەو مەسەلانەش دیارە لە باری وەزعی ئێرانەوە، داهاتووی ئێران کە بە ئێمەش مەربووت دەبێ. سیاسەتەکانی ڕۆژ و نەخشی وڵاتە جۆربەجۆرەکانی دنیا لە ناوچەی ئێمە و لە وڵاتی ئێمە دەبێ ئاگادار بین و هەوڵ بدەین بچینە نێو ناوەند و کۆڕ و کۆمەڵە نێو نەتەوەییەکان، تا وەک ساڵانی ڕابردو بە بێ ئاگاداریی خۆمان بڕیارمان لە سەر نەدەن و بازرگانیمان پێوە نەکەن.

**کوردستان**: چەند لایەنێکی دیکەی کوردیش لەبەشە جۆراوجۆرەکانی کوردستان، لەم کۆنگرەیەدا بەشدار بوون. یەکێک لەو بابەتانەش کەحیزبی ئێمە لە کۆبوونەوەکانی پێشووەوەگرنگیی پێداوە، چالاککردنەوەی گرووپی کاری کوردان لەئەنترناسیۆنالی سۆسیالیست دا بووە. لەم بارەیەوەهاوکاری و هەماهەنگیی لایەنەکوردییەکان لەم کۆنگرەیەدا چۆن بوو و ئایا ئەم گرووپە دەست بەکار بۆتەوە؟

**مستەفا شەڵماشی**: گرووپی کاری کوردان پێشتر هەبووە، بەڵام بەداخەوە کارێکی ئەوتۆی نەکردوە. لە و کۆنگرەیەدا کۆبوونەوەیەک پێکهات کە هەموو حیزبەکانی کوردی تێدا بەشدار بوون. تەنانەت هەموو ئەندامانی هەیئەتەکانی کوردیش بەشدار بوون. لەو کۆبوونەوەیە دا بە درێژی باسی گرووپی کاری کوردان کراو بڕیاردرا کە داوا بکرێ سۆسیالیست ئینتەرناسیۆناڵ کەسێکی تازە کە یەکێک لە جێگرەکانی سەرۆکی سۆسیالیست ئینەرناسیۆناڵ بێ، بۆ بەرپرسی ئەو گرووپە دیاری بکا. داواش لە یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان وەک ئەندامی فەرمیی سۆسیالیست ئینتەرناسیۆناڵ، کرا کە تا دیاریکردنی بەرپرس و چالاکبونی گرووپەکە بە دواداچوون بۆ ئەو مەسەلەیە بکا. هاوکاری و هەماهەنگی لە نێو کوردەکان دا زۆر باش بوو. جگە لەوەی کە هەر حیزبە دیارە بە جیا هەوڵی داوە خۆی بناسێنێ و پێوەندی بگرێ لە سەر مەسەلەکانی پێوەندیدار بەخۆیەوە، بەڵام بۆ مەسەلەی کورد بە گشتی، ئەوەی باس کرابێ، بە هاوکاری و ڕەزامەندیی هەمووان بووە. لە ناو باسەکانیش دا، لە جەوهەر دا هیچ جیاوازییەکم لە هەڵوێستەکان دا بەدی نەکرد. کەوابوو دەتوانم بڵێم لە و کۆنگرەیەدا بە خۆشییەوە کوردەکان پێکەوە تەبا بوون.

**کوردستان**: سکرتێری گشتیی حیزب لە وتارەکەی خۆی کە لەم کۆنگرەیەدا پێشکەشی کرد، باسی چەند خاڵی گرنگی کرد، یەکیان ئەوەبوو کەکورد دەتوانێ فاکتەرێکی گرنگ و بەهێز بێ بۆ گەشەپیدانی سەقامگیری، ئەمنییەت، ئاشتی، ئازادی و دیموکراسی نەک تەنیا لەناوچەی ڕۆژهەڵاتی نیوەڕاست بەڵکوو لەرادەی نیونەتەوەییش دا. دەکرێ پتر تیشک بخەیە سەر ئەو پەیامەی حیزبی دیموکراتی کوردستان بۆ ئەنترناسیۆنالی سۆسیالیست؟

**مستەفا شەڵماشی**: لە ڕاستی دا لە مێژە ئێمە لە دەرەوە و لە پێوەندییەکانمان دا هەوڵ دەدەین ئەو پەیامە بگەیەنین کە

جیهان نابێ چیدیکە وەک پەنابەر و لێقەوماو بۆ کورد بڕوانێ. بۆخۆشمان پێویست ناکا هەر باسی ماڵوێرانی و لێقەوماویی خۆمان بکەین و ئەو هەموو توانا ماددی و مەعنەوییەی بەدەستمانەوەیە نادیدە بگرین و وەکو کارتێکی بە هێز بەکاری نەهێنین. ڕاستە زوڵمەان زۆر لێکراوە و قوربانیی زۆرمان داوە، ئەوەش ئێستا بۆ هەموو دنیا ڕوونە. بۆیە ئێستا کاتی ئەوەیە کە کورد تواناکانی خۆی لە وڵاتەکەی دا، لە ناوچەی ستراتیژی و گرنگی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و لە دنیاش دا بێنێتە بەرباس و لە هاوکێشەی هێزەکان دا بە کاری بێنێ. پێوەندییە نێونەتەوەییەکان هەروەک دەزانن لە سەر بناغەی قازانجی هاوبەش دروست دەبن. ئەمڕۆ لە دنیا دا هیچ لایەنێک بەبی لە بەر چاو گرتنی قازانجی وڵاتی خۆی، ئامادەنییە دۆستایەتی لە گەڵ هیچ لایەنێکی دیکە بکا. کەوابوو کوردیش لە دیپلۆماسیی خۆی دا دەبێ بیسەلمێنێ کە پێوەندی وهاوکاری لە گەڵ کورد تەنیا بە قازانجی کوردەکە نییە، بەڵکو زیاتر قازانجی ئەوانی تێدایە. کورد لە ئەزموونی باشووریش دا سەلماندی کە توانا، ئیمکانات و لێوەشاوەیی ئەوەی هەیە کە ببێتە هاوپەیمان و فاکتەرێکی بەهێز بۆگەشەی ئابووری، دابین بوونی دێموکڕاسی، گەشەی کۆمەڵایەتی، سەباتی سیاسی و ئاسایشی ناوچە و لەو ڕێگایەشەوە دەتوانێ یارمەتیدەرێکی باش بێ بۆ ئەمنییەتی جیهانی. بە گشتی حیزبی ئێمە پێی وایە کە پێویستە دنیا لەوە تێ بگەیەنین کە نابێ تەنیا لە گۆشە نیگای مافی مرۆڤەوە بۆ کوردستان بڕوانن و پێویستە فایلێکی تازە بۆ کوردستان بکەنەوە، وەک وڵاتێک و نەتەوەیەک کە هەم دەیهەوێ و هەم دەتوانێ یارمەتیدەر بێ لە دامەزراندنی پێوەندییەکی ئینسانیی نێونەتەوەیی دا کە هەموو نەتەوەکانی جیهان لە سایەی دا لە ئاشتی و ئاسایش دا بژین. بەتایبەت کە کوردستان لە نێوجەرگەی ناوچەی دەوڵەمەند و ستراتیژیی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دا هەڵکەوتوە و بۆ خۆشی یەکێک لە وڵاتە هەرە دەوڵەمەندەکانی جیهانە، ئەگەر بێت و ئیمکانی ئەوەی پێ بدرێ کە لە سەرمایە ماددی و مەعنەوییەکانی خۆی کەڵک وەرگرێ.

**کوردستان**: لە بڕیار و ڕاسپاردەکانی ئەم کۆنگرەیەدا بەندێک یا پاراگرافێک لەبارەی پرسی کوردەوە هەیە. پێمان خۆشە باسی چۆنیەتیی ڕەنگدانەوەی ئەم پرسە لە بەڵگەنامەکانی کۆنگرەمان دا بۆ بکەی، هەر وەها هاوکاریی لایەنە کوردییەکانی بەشداری کۆنگرە لەم پێوەندییەدا و ئەو تێگەیشتنە کە لە ئەنتێرناسیۆنالی سۆسیالیست لەبارەی پرسی کوردەوە هەیە؟

**مستەفا شەڵماشی**: بەڵێ هەروەک ئیشارەت پێ کرد پاڕاگرافێک لەسەر مەسەلەی کورد لە بڕیاراتی ڕەسمیی کۆنگرە دا هەیە بەم جۆرە:

پرسی کورد هەروەک پرسی ئیسرائیل و فەلەستین پێویستی بە ئاوڕدانەوە یەکی هەمەلایەنە هەیە. حیزبەکانی نوێنەری

بەشی عیراق، ئێران، تورکیە و سوریە کە نوێنەری خەڵکی کوردن پێویستە بە هاوکاریی نەتەوە یەکگرتووەکان و دامەزراوە نێونەتەوەییەکان لە چوارچێوەیەکی هەمەلایەنەدا چالاک بن و کار بکەن، بە مەبەستی پشتگیری لە مافی کورد، سەقامگیریی ئاشتی و گەشە کردنی باری ژیان و مافەکانی خەڵکی کورد بە پێی یاسا نێودەوڵەتییەکان. کۆنگرەی سۆسیالیست ئینتەرناسیۆناڵ بریاری داوە گرووپێکی کاریی تایبەت بۆ پرسی کورد دووبارە دابمەزرێنێتەوە و چالاک بکاتەوە.»

دیارە هەروەک لە وەڵامی پرسیارەکانی پێشووش دا ئیشارەم پێکرد هاوکاریی حیزبە کوردییەکان پێکەوە زۆر باش بوو. من پێموایە لە هێنانی پرسی کوردیش لە بڕیاراتی کۆنگرەدا نەخشی هەبوو. لە کۆبوونەوەی هەمو حیزبە کوردییەکان دا کۆمیتەیەک دیاری کرا کە نوێنەری هەموو حیزبەکانی تێدا بوو بۆ ئەوەی کە مەتنێک ئامادە بکا تا کۆنگرە بڕیاری لەسەر بدا. لە مەتنەکەدا هەم داوا کرابوو کە گرووپی کاری کوردان دامەزرێتەوەو چالاک بکرێ و هەم پشتیوانی لە مەسەلەی کورد بکرێ. ئەو بڕیارەی دەرچووە، هەرچەند دەقاودەق ئەوە نییە کە داوا کرابوو، بەڵام لە جەوهەر دا یەکە و شوێنکاری داوای حیزبەکانی پێوە دیارە. دیارە پێویستە لێرەدا ئاماژە بەوە بکەم کە هەوڵەکانی بەڕێز مەلا بەختیارلێپرسراوی دەستەی کارگێڕیی مەکتەبی سیاسی وسەرپەرستی هەیئەتی یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان وەک ئەندامی ڕەسمیی سۆسیالیست ئینتەرناسیۆنال هەم لە وتارەکەی دا و هەم دواتر، داوای بەڕێز خالیدی عەزیزی سەرپەرستی هەیئەتی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە وتارەکەی داو هەروەها داوای بەڕێز گوڵتان کیساناک سەر پەرستی هەیئەتی ب.د.پ لە وتارەکەی دا بەرز بنرخێنین کە هەوڵی خۆیان دا و شوێن دانەر بوون.

**کوردستان**: حیزبی دیموکراتی کوردستان، جگە لە کۆبوونەوە و کۆنگرەکانی ئەنترناسیۆناڵی سۆسیالیست، لەگەڵ ئۆرگانیزاسیۆنی دیکەش کە جیهانی و نیونەتەوەیین، بۆ وینە لیبرالەکان، هاوکاری و بەشداریی هەیە. دەکرێ وەک بەرپرسی دیپلۆماسیی حیزبی دیموکراتی کوردستان لەدەرەوەی وڵات لەم بارەیەوە بۆمان بدوێی؟

**مستەفا شەڵماشی**: سیاسەتی دیپلۆماسیی ئێمە لەو ساڵانەی دوایی دا ئەوە بووە کە لە هەر دەرفەتێک و هەر تریبوونێکی دێموکڕاتیک و مەعقوول بۆ گەیاندنی پەیامی خۆمان و ناساندنی پرسی نەتەوەکەمان کەڵک وەرگرین. دیارە لەو بارەشەوە تا ڕاددەیەک سەرکەوتوو بووین و پێوەندییەکانی خۆمان لە جاران بەرفراوانتر کردوەتەوە و هەوڵمان داوە لە گەڵ حیزب و ڕێکخراوە جۆربەجۆرەکان، ڕێکخراوە نێونەتەوەییەکان، دەوڵەتەکان و دامەزراوە نێو نەتەوەییەکان پێوەندی بگرین. هەر لەو چوارچێوەیەش دا پێوەندیمان پێک هێناوە لە گەڵ لیبراڵ ئینتەرناشناڵ دا و بۆ کۆنگرەکەیان دەعوەت کرابووین و یەک جار بەشداریمان کردوە. دیارە ئەو پێوەندیانە نەگەیشتوونە ڕاددەی هاوکاری، بەڵام توانیومانە لە پانتاییەکی بەرینتر دا بۆ

ناساندنی پرسی نەتەوەکەمان کار بکەین. هەروەک دەزانن سەردەمی شەڕی سارد بەسەر چووە و چیدی دنیا بە سەر دوو قوتب دا دابەش نەکراوە تا مەجبور بی یەکێکیان هەڵبژێری، بە تایبەت تا ئەوکاتەی کە ئامانجت تە نیا زانیاری دان و ناساندنی پرسە کەتە، دەتوانی لە ناوەندی جۆراوجۆردا ئامادە بی.

**کوردستان**: بە پیی ئەزموونەکانی خۆت و دیپلۆماسیی حیزبی دیموکراتی کوردستان، لایەنەکوردییەکانی بەشدار لەکۆر و کۆبوونەوەکانی ئەنترناسیۆنالی سۆسیالیست، لەداهاتوو دا بەچ میکانیزمێکی هاوکاری و هاوهەنگاوی، دەتوانن کاریگەریی زیاتریان لە کۆبوونەوە وکۆنگرەکانی ئەنترناسیۆنالی سۆسیالیست دا هەبێ؟

**مستەفا شەڵماشی**: ئەوەی لە کۆنگرەی ئەمجارەش دا کرا شتێکی باش بوو، بەڵام دەکرێ زۆر زیاتر لەوە کار بکرێ. بە تایبەت ئەگەر لە نێوان ئەو حیزبانەدا کە بەشداری لەو کۆنگرە و کۆبوونەوانە دا دەکەن، پەیوەندیی بەردەوام هەبێ و بیر لە داڕشتنی پرۆژەی هاوبەش بکرێتەوە. بۆ وێنە دەکرێ هەوڵ بدرێ جارێک کۆبوونەوە، یا کۆنگرەی سۆسیالیست ئینتەرناسیۆنال بێتە کوردستان و هەمووشیان پێکەوە پێشوازی لێ بکەن. جا ڕەنگە بە پیی توانای ماددی و مەعنەوی هەر حیزبە، ئەرکیش دیاری بکرێ، بەڵام گرنگ ئەوەیە کە یەک دەنگ بن. خۆزگە ڕێکخراوە کوردستانییەکان بەو نەتیجەیە گەیشتبان کە بۆ لابیگەری و هێنانە گۆڕی پرسی کورد لە دەرەوە یەک ڕێکخراویان دروست کردبا کە هەموویان پشتیوانیان لێ کردبا و هەمو هەوڵەکان بە یەکەوە لە لایەن یەک ڕێکخراوی نەتەوەیی کە بیتوانیایە ئیددیعا بکا کە نوێنەری نەتەوەی کوردە درابان. من شکم لەوە دانییە کە لە حاڵەتی ئاوا دا کورد نەک تەنیا دەی توانی دەنگی خۆی بگەیەنێتە هە موو جێگایەک و هەموو تریبونەکان، بکرە دەشیتوانی پرسی خۆی بەرێتە سەر میزی هەموو ناوەندە بڕیار دەرەکان.

هیوادارم لانیکەم ئەو حیزبانەی کە پێکەوە لەو کۆنگرە و کۆڕ و کۆمەڵانە دا بەشداری دەکەن، ئۆرگانێک پێک بێنن کە نوێنەری هەموویانی تێدابێ و هەر بە یەک دەنگ و بە یەک نوێنەرایەتی بەشداری بکەن و لانی کەم هەمیشە پێشەکی داواکانیان کۆکەنەوە، لە سەری ڕێک کەون و پێکەوە بیگەیەنن. کارێکی دیکەش کە زۆر گرنگە و بە داخەوە تا ئێستا زۆر کەم کاری بۆ کراوە، وەڕێخستنی لابیگەرییەکی کوردییە کە هەموو حیزبەکان پشتیوانیی لێ بکەن و تەنانەت بە ناوی سیاسیش نەبێ. هەم بۆ ئەوەی بتوانێ دیاسپۆڕای کوردی لە دەرەوە کۆ بکاتەوە، هەم بتوانێ لەو هێزەی کە لە و ساڵانەی دوایی دا ڕووی لە هەندەران کردوە بۆ ناساندنی پرسی نەتەوەیی کەڵک وەرگرێ و هەم بشتوانێ بە یەکگرتوویی دەنگ و هێزی کورد بە وڵاتان نیشان بدا و بۆ مەسەلەی کورد لابیگەری بکا.

**کوردستان**: ئیدە و بەرنامەیەکی تایبەتیتان بۆ پەرەپیدانی پیوەندییەکانی حیزب لەگەڵ ئەنترناسیۆنالی سۆسیالیست و

**بایەخدانی زیاتری ئەو ئۆرگانیزاسیۆنەجیهانییە بە پرسی کورد، هەیە؟**

**مستەفا شەڵماشی**: یەکێک لە قازانجەکانی بەشداریی ئێمە لە کۆنگرە وکۆبوونەوەکانیان دا ئەوەیە کە لەگەڵ ژمارەیەکی زۆر لە سەران و بەرپرسانی حیزب و ڕێکخراوە جیهانییەکان دەتوانین پەیوەندی بگرین. بێشک نابێ ئەو پەیوەندییانە هەر بەوە ببڕێنەوە کە لەوێ دوو قسەیان لە گەڵ بکەین. ئەو حیزب و ڕێکخراوانە لە زۆر وڵات دا دەسەڵاتدارن، یا زۆر شوێن دانەرن. پێویستە ئەو دیدارانە بەکار بێنین بۆ ئەوەی پێوەندییەکی بەردەوامیان لە گەڵ دروست کەین و بە بەردەوامی پرسی نەتەوەکەمان و ئەو گیروگرفتانە ی بۆ گەلەکەمان دێنە پێش بە وان ڕابگەیەنین. ئێمە لەو بارەوە ئیدە و بەرنامەی زۆرمان هەیە ئەگەر ئیمکانات و کات ڕێگامان پێ بدەن. جگە لەوە پێویستە لە کۆتایی دا پەیوەندییەکان بگەیەنینە ئاستێک کە ئەوانیش سەردانی بنکە و جێگاکانی ئێمە، یا وڵاتی ئێمە بکەن، تا لە نیزیکەوە ببینن کە کوردستان خاوەنی چ هێزێکی بالقوە یە، ئەگەر ئەوان یارمەتیمان بدەن کە ئەو هێزە ببێتە هێزێکی بالفعل.

لە ژمارە ٥٩٢ی ڕۆژنامەی "کوردستان" دا بڵاو بۆتەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٤ی سێپتەمبەری ٢٠١٢



سەرچاوە
Serchawe

## گفتوگۆ لە گەڵ ماڵپەڕی "کوردستان و کورد"

### لە وڵاتێکی فرەنەتەوەی وەک ئێران دا ناکرێ لە ژێر دروشمی هەڵبژاردنی ئازاد دا هەموو مەسەلەکانی دیکە بشاریەوە

**دیمانە یەک لە پێوەندی لە گەڵ کۆبوونەوەی بەرینی ئۆپۆزیسیۆنی کۆماری ئیسلامی لە بروکسێل بە دەسپێشخەریی حیزبی دیموکراتی کوردستان**

**لە رۆژانی ٧ - ٩ی دیسامبر لە بروکسێل کۆبوونەوەیەکی بەرین بە بەشداریی لایەن و کەسایەتییە جۆراوجۆرەکانی ئۆپۆزیسیۆنی کۆماری ئیسلامی پێک دێت. ئەم کۆبوونەوە بەرینە بە دەستپێشخەریی حیزبی دیموکراتی کوردستان رێک خراوە. بۆ تیشک خستنە سەر ئامانجەکانی کۆبوونەوە بەرینەکە،ماڵپەڕی "کوردستان و کورد" هەر جارەی لە گەڵ یەکێک لە بەرپرسانی حیزبی دیموکراتی کوردستان کە ریکخەر و بەڕیوەبەری ئەم کۆبوونەوە بەرینەن،وتووێژ پێک دێنێ. یەکەم گفتوگۆ کە "کوردستان و کورد" لەم پیوەندییە دا پێکی هێناوە، لە گەڵ رێزدار مستەفا شەڵماشی، ئەندامی دەفتەری سیاسی و بەرپرسی کۆمیتەی دەرەوەی ولاتی حیزبی دیموکراتی کوردستانە. سەرنجتان بۆ خوێندنەوەی ئەم وتووێژە رادەکێشین:**

**پرسیار**: بەڕێز کاک مستەفا شەڵماشی! ئەمە یەکەم کۆبوونەوەی لایەنەکانی ئۆپۆزیسیۆنی کۆماری ئیسلامییە کە بە شوێن کۆنفرانسی پراگ دا پێک دێت؟ لەوانەشە هێندێک کەس وا تیگەیشتبن ئەم کۆبوونەوە بەرینە، لە درێژەی هەمان کۆنفرانس دایە. ئایا هیچ پێوەندییەک لە نیوان ئەم دوو کۆبوونەوەی ئۆپۆزیسیۆنی کۆماری ئیسلامی دا هەیە؟

**وەڵام**: پێکهێنانی ئەم کۆبوونەوە بەرینەی برۆکسێل کە بە ئیبتیکاری حیزبی دێموکڕاتی کوردستان بەڕێوە دەچێ، لە مێژە لە لایەن حیزبەوە بڕیاری لەسەر دراوە و تە نانەت لە پلانی کاریی ٢٠١٢ ی بەشی پەیوەندییە ئێرانییەکانی کومیتەی دەرەوەی وڵاتی حیزب دا هاتوە، کە پلانی کاری ٢٠١٢ لە راستی دا لە کۆتایی ساڵی ٢٠١١ دا نووسراوە. کە وابوو هیچ پێوەندیی بە کۆبوونەوەی پراگەوە نییە. ئێمە بۆخۆمان بە پێویستی دەزانین کە هەر چی زۆرتر لە مەیدانی دیالۆگ و بیر و ڕا گۆڕینەوە دا لە گەڵ ئێرانییەکان چالاک بین و هەرچی باشتر مەسەلەی نەتەوەکەمان لە کۆڕ و کۆمەڵە ئێرانییەکان دا بناسێنین. جگە لەوە پێویستە بۆچوونی حیزب و لایەن و کەسایەتییە ئێرانییەکان سەبارەت بە مەسەلەی نەتەوەکەمان بزانین، تەنانەت ئەگەر دژیش بن. بوونی ئەو زانیارییە ئیمکانی ئەوەمان دەداتێ کە لە قۆناغەکانی داهاتوودا دۆستان و دژبەرانی خۆمان بناسین، تا بتوانین بە باشی هاوپەیمانەکانمان دیاری بکەین.

**پرسیار**: حیزبی دیموکراتی کوردستان، لە پێکهێنانی ئەم کۆبوونەوە بەرینەی ئۆپۆزیسیۆنی کۆماری ئیسلامی بە شوێن چ

ئامانجێکەوەیە؟ ئامانجەکانی ئەم کۆبوونەوە بەرینە چن؟

وەڵام: ستراتیژی حیزبی دێموکراتی کوردستان ئەوەیە کە مەسەلەی نەتەوەیی کورد لە چوارچێوەی ئێرانێکی فیدراڵی، دێموکراتیک و لە سەر بناغەی موشارەکەتی هەمو نەتەوەکانی ئێران لە دەسەڵاتی ناوەندی دا چارەسەر بکرێ. ڕێژیمە دیکتاتۆرەکانی ئێران تا ئێستاشی لەگەڵ بێ مەیدانیان نەداوە بە گەلی کورد و ڕێکخراوە سیاسییەکانی تا بتوانن لە ڕێگای دیالۆگەوە ویستەکانی خۆیان لە گەڵ باقی نەتەوەکانی ئێران و بەتایبەت نەتەوەی دەسەڵاتدار لە ئێران دا بێننە بەر باس. تا ئێستاش لێک تێنەگەیشتنێکی زۆر هەیە لە نێوان پێکهاتە جۆراوجۆرەکانی ئێران دا و هەر ئەوەش کارێکی وای کردوە کە ئۆپۆزیسیۆنی ئێران پرش و بڵاو بێ و نەتوانێ ئاڵتەرناتیوێکی جێگای باوەڕ بۆ نەتەوەکانی ئێران و تەنانەت لایەنە دەرەکیە کانیش پێشنیار بکا. ئەوە بووەتە هۆی درێژ بوونەوەی تەمەنی کۆماری ئیسلامی لە لایەک و دروست بوونی لێک تێنە گەیشتنی زۆرتر لە نێو ئۆپۆزیسیۆن دا لە لایەکی دیکەوە. هەروەها بووەتە هۆی دروستبوونی نا ئومێدی لە نێو کۆمەڵانی خەڵکی ئێران دا. تە نانەت بێ ئومێدی لە نێو هێندێک لایەنی ئۆپۆزیسیۆنیش دا کە تا ئێستاش جار وبار بیر لە ئاڵوگۆڕ لە نێو خودی سیستمی کۆماری ئیسلامی دا دەکەنەوە و کۆمەڵانی خەڵک تووشی سەر لێشێواوی دەکەن، بەدی دەکرێ. ئامانجی ئەو کۆبوونەوەیە ئەوەیە کە باسێکی چڕ و پڕ لە سەر شێوەی تێپەڕین لە کۆماری ئیسلامی وسیستمی گونجاوی داهاتوو بۆ ئێران لە سەر بناغەی پێکهاتەی نەتەوەکان بکرێ. ئێمە لەو کۆبوونەوەیە دا دەمانهەوێ بە شێوەیەکی شە فڤاف داخوازە نەتەوەییەکانی خۆمان لە گەڵ پێکهاتە جۆراوجۆرەکانی ئێران باس بکەین. لە لایەکی دیکەشەوە ئەو ڕاستییە بخەینە بەر چاو کە کۆماری ئیسلامیی ئێران لە دوا قۆناغەکانی تەمەنی خۆی دایە، دەڕوا و هەر لە ئێستاوە پێویستە کار بکرێ و بۆ دروستبونی ئاڵتەرناتیو لە سەر بناغەی پێکهاتەی نەتەوەیی کۆمەڵانی خەڵکی ئێران و بە شێوەی تەوافوقی بڕیار لە سەر داهاتووی ئێران بدرێ.

پرسیار: هەر لە جێ دا کۆنفرانس و کۆبوونەوەی بەرینی هاوبەش لە گەڵ لایەن و کەسایەتییەکانی ئۆپۆزیسیۆنی ئێران، بۆ حیزبی دیموکراتی کوردستان و هەر هێزێکی دیکەی نەتەوە بندەستەکانی ئێران چ زەروورەتێکی هەیە؟

وەڵام: هەم بۆ حیزبی دێموکراتی کوردستان و هەم بۆ ئەو حیزب و ڕێکخراوانەی دیکە کە خەبات دەکەن بۆ وەدیهێنانی مافە نەتەوەییەکانی گەلانی ئێران و دەیانهەوێ لە چوارچێوەی ئێران دا چارەسەرێک بۆ ئەو مەسەلەیە بدۆزنەوە،گرنگە کە بەردەوام لەگەل حیزب و ڕێکخراو و کەسایەتییەکانی سیاسیی گۆڕەپانی سیاسەت لە ئێران دا گفتوگۆ بکەن و داخوازییەکانیان باس بکەن. لە کۆتایی دا یا دەبێ بتوانن قەناعەت بەو هێزانە بێنن کە لە ئێرانی داهاتوودا ناکرێ مەسەلەی نەتەوەکان پشتگوێ بخرێ و ئیمکانی نییە دێموکڕاسی پیادە بکرێ بەبێ چارەسەری مەسەلەی نەتەوەکان لە

ئێران دا، یا دەبێ بە ستراتیژی و سیاسەتی خۆیان دا بچنەوە و ڕێگایەکی دیکە بگرنە بەر. دووری کردن و خۆ ئیزۆلە کردن بە بەهانەی ئەوەی کە زەمینەی قەبووڵکردنی ویستەکانمان کەمە، هیچ دەسکەوتێکی نابێ. جگە لەوە حیزب و ڕێکخراوە نەتەوەییە کان دەبێ لە مەیدان دابن و جێگای خاڵی نەدەن. پێویستە ئیبتیکاری هێنانە بەر باسی ئەو مەسەلە گرنگە بە دەستەوە بگرن و سەرنجی لایەن و کەسایەتی دیکە ی گۆڕەپانی سیاسی لە ئێران و لە دەرەوەی ئێرانیش ڕاکێشن. تا لە پشت سەری ئەوان لە سەر داهاتووی ئێران بڕیار نەدرێ.

هەروەها زۆر گرنگە کە ناوەندگەراکان تێبگەیەنن کە چیدی ناکرێ هەموو دەسەڵات لە ناوەند دا کۆ بکرێتەوە، تەواوی ئیمکاناتی ئابووری، سیاسی، فەرهەنگی وکۆمەڵایەتی لە ناوەند دا بە کار بهێنرێ و هە موو دەسەڵاتەکانیش هەر لە لایەن یەک پێکهاتەوە قۆرغ بکرێن. پێویستە لە ئێرانی داهاتوودا دەسەڵات لە نێوان هەموو پێکهاتە کانی ئێران دا دابەش بکرێ. لە وەڵاتێکی فرە نەتەوەی وەک ئێران دا دەسەڵات دەبێ بە شێوەی تەوافوقی دابەش بکرێ و تەنانە ت بە بەهانەی دێموکراسییش نابێ چارەسەری مەسەلەی نەتەوەکان و دابەشکردنی دەسەڵات فەرامۆش بکرێن. لە لایەکی دیکە وە پێویستە ئیعتیماد سازی بکرێ تا ترسی ئەوانیش سەبارەت بە دابەشبوونی ئێران بڕەوێتەوە، کە دیارە تەنیا زامن بۆ ئەو مەسەلەیە، چارەسەری مەسەلەی نەتەوەکان و دابەشکردنی دەسەڵاتە.

**پرسیار**: حیزبی دیموکراتی کوردستان لە کۆنفرانسی پراگ دائەم پەیامەی دا بە لایەنە ئێرانییەکان کە "ئێران وڵاتی هاوبەشی هەمووانە و دەبێ بە هاوبەشیی هەمووان، بەڕیوە بچێت". بەڵام لە بەیاننامەیەک دا کە وەک بەیاننامەی کۆتایی کۆنفرانسەکە بڵاو بۆوە، ڕەنگدانەوەی ئەو پەیامەمان نەبینی. ئاکامی ئەم کۆبوونەوە بەرینە بە تایبەتی لەم پێوەندییەدا چۆن دەبینی؟

**وەڵام**: هەر لە سەرەتاشەوە ئێمە کۆبوونەوەی پڕاگمان تەنیا وەک تریبونێک دەبینی کە دەکرا ویستەکانی خۆتی تێدا بێنیە بەر باس و بۆ کۆمەڵێک لە هەڵسووڕاوانی سیاسیی ئێرانی کە سەبارەت بە داهاتووی ئێران لە هەڵە دان، ڕاستییەکان باس بکەی. نوێنەرانی ئێمە لەو کۆبوونەوەیەدا باسێکی چڕ و پڕیان سەبارەت بە مەسەلەی نەتەوەکان و گرفتەکانی دیکە باس کردوە و هەروەها زۆر بە ڕوونی ڕایان گەیاندوە کە لە وڵاتێکی فرەنەتەوەی وەک ئێران دا ناکرێ لە ژێر دروشمی هەڵبژاردنی ئازاد دا هەموو مەسەلەکانی دیکە بشاریەوە. زۆر لایەنی دیکەش بە تایبەت کوردەکان لەو کۆبونەوەیەدا باسی سەرنجڕاکێشیان کردوە و دەستیان لە سەر خاڵی زۆر گرنگ داناوە. دیارە ئەو بەیاننامەیەی کە بڵاو کرایەوە ئەنجامی بیر و بۆچوونی بەشداران بە گشتی نەبوو. بیری چەند کەسێک لە بەرێوەبەرانی ئەو کۆبوونەوەیە بوو کە لە دوایین چرکە کانی کۆبوونەوە دا هێناویانەتە گۆڕێ. نوێنەرانی ئێمە هەر لەوێ ئەو بەیاننامەیەیان ڕەد کردووەتەوە و دوایەش ڕایانگەیاندوە

کە ئەوان موافیقی بەیاننامەکە نەبوون. ئەوەی بەداخەوە لە کۆبوونەوەی پراگ دەرکەوت، ئەوە بوو کە کۆمەڵە کەس و لایەنێک لە هەوڵی ئەوەدان کە سیستمی مەرکەزییەتخواز و دەوڵەت- نەتەوە لە ئێرانی داهاتوش دا بپارێزن و بە بەهانەی هەڵبژاردنی ئازاد، مەسەلە گرنگە کانی دیکەی وەک مەسەلەی نەتەوە کان، دابەشکردنی دەسەڵات و دێموکڕاسیی ڕاستەقینە بە فەرامۆشی بسپێرن. هەوڵێکی دیکەیان ئەوەیە کە نەقشی ڕێکخراوەکان لە نێو بەرن وبەڕێوەبردنی ئێران بدەن بە دەست چەند کەسایەتییەک کە ئامادە بن لە پێناوی قازانجەکانی شەخسیی خۆیان دا، بۆ ڕاگرتنی دەسەڵاتی ناوەندی کار بکەن. لە کۆبوونەوەی برۆکسێل و هەوڵەکانی دواتر دا، ئێمە دەمانهەوێ کار بکەین بۆ وەلانانی ئەو بیرۆکەیە و پێکهێنانی زەمینەی هاوکاری لەسەر بناغەی ویستی هەموو پێکهاتەکانی ئێران.

**پرسیار**: ئاماژەت بەوە کرد کە "تێپەڕین لە کۆماری ئیسلامی" یەکێک لە تەوەرە سەرەکییەکانی باسەکانی ئەم کۆبوونەوە بەرینەیە. ئایا ئەمە بەو مانایەیە کە ئەو لایەن و کەسایەتییانەی بەشداری ئەم کۆبوونەوە بەرینە دەبن، باوەڕیان بە لە سەرکارلاچوونی کۆماری ئیسلامی هەیە؟

**وەڵام**: یەکێک لە تەوەرەکانی باسەکانی ئێمە ئەوەیە کە کۆماری ئیسلامی دەبێ بڕوا چونکە ئامادەیی ئاڵوگۆڕی تێدا نابینین و لە هەموو بوارەکانیش دا شکستی هێناوە و نەیتوانیوە گیروگرفتەکانی کۆمەڵگای ئێران چارەسەر بکا. لە بەشی هەرە زۆری ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی و کوردستانیشمان گێڕاوەتەوە کە بەشداری لە کۆبوونەوەکەدا بکەن. هەموو ئەو هێز و کەسایەتییانەش کە داوای بەشداریکردنیان لێ کراوە، داوای ئاڵوگۆڕ لە ئێران دا دەکەن و ناڕازین لە چۆنیەتیی بەڕێوە بردنی دەسەڵات لە لایەن کۆماری ئیسلامییەوە. بەڵام دیارە لە شێوەی تێپەڕین بەسەر ڕێژیم دا جیاوازی لە بۆچوون دا هەیە. ئێمە بە باشی دەزانین کە هەریەک لە بۆچوونەکان و هەر وەها هۆیەکانی ئەو بۆچوونانە باس بکرێن. تا لە ئەنجام دا دەرکەوێ کێ، چی دەوێ و لە گەڵ کام هێزانە دەکرێ هاوکاری بە کردەوە بکرێ. هەر وەهابە چ شێوەیەک دەکرێ میکانیزم و ئیمکانی تێپەڕ بوون لە ڕژیمی کۆماری ئیسلامی دەستە بەر بکرێن.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٩ی نۆڤەمبەری ٢٠١٢

## بابەتەکانی ساڵی: ۲۰۱۳ و ۲۰۱٤

### بیرەوەریی من لە گەڵ ڕۆژنامەی «کوردستان»دا

سەرەتای سۆز و خۆشەوستیی من بۆ ڕۆژنامەی «کوردستان» دەگەڕێتەوە بۆ زیاتر لە چل ساڵ لەمەوبەر. ئەو کاتەی کە وەک لاوێکی تەمەن ۱۵ ساڵ تازە لە گەڵ براگەورەکەم ڕام کردبوو بۆ باشووری کوردستان و لە سلێمانی، خوێندکاری ناوەندی بووم. ساڵی ۱۹۷۰ی میلادی دوای ئەوەی لە کۆنفرانسی سێ دا بە ڕێبەرایەتیی شەهیدی سەرکردە دوکتور قاسملوو، حیزبی دیموکراتی کوردستان، گوڕ و تینێکی بە هێزی هاتەوە بەر و ڕۆژنامەی «کوردستان» بە ڕێک و پێکی دەستی بە بڵاوبوونەوە کردەوە. ڕاستییەکەی ئەوەیە کە ڕۆژنامەی کوردستان لەو سەردەمەدا نەک تەنیا لە چوار چێوەی ڕێکخراوەیی حیزبی دێموکرات دا، بەڵکوو لە نێو ڕووناکبیران و خوێندەوارانی هەموو کوردستان دا جێگایەکی تایبەتی هەبوو. بەتایبەت لە باشووری کوردستان کە هەر ئەوکاتیش، تەنیا بەشی کوردستان بوو کە زمانی کوردی بە فەرمی تێیدا دەخوێندرا و بە مەڵبەندی فەرهەنگیی کورد بۆ هەمو کوردستان بە ئەژمار دەهات، ڕۆژنامەی «کوردستان» سەنگی مەحەک بوو بۆ پاراوی زمانی کوردی و بۆ بە پێزیی نووسینی کوردی. ڕووناکبیرانی ئەو سەردەمە قاڵب و ڕێنوسی ڕۆژنامەی «کوردستان» و نێوەرۆکی بە پێزی ڕۆژنامەی «کوردستان»یان بە چرای ڕێبازی فەرهەنگیی خۆیان دەزانی و لە کۆڕ و کۆبوونەوە فەرهەنگییەکان دا ئیشارەیان پێ دەکرد.

ئەو کاتە من وەک لاوێکی لایەنگری حیزب لە بنەماڵەیەکی سەر بە حیزب دا پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆم لە گەڵ ڕۆژنامەی «کوردستان» هەبوو. هەم وەک خوێنەرێکی بە وەفا کە ڕۆژەکانم دەژمارد تا ژمارەی تازەی ڕۆژنامەم بە دەست بگا و هەم وەک یارمەتیدەرێک لە بڵاو کردنەوەی دا، کە زۆر جاران ئەرکی گەیاندنی بە کتێبخانەکانی سلێمانیم وە عۆدە دەگرت، پەیوەندییەکی بەهێز لە نیوان من و ڕۆژنامەی «کوردستان» دا هەبوو. تەنانەت لەو سەردەمەدا چەندین جار تینم وەبەر خۆ دەنا و نووسراوێکم ئامادە دەکرد و دەیان جار دەمخوێندەوەو بەراوردم دەکرد لە گەڵ نووسینەکانی ڕۆژنامەی «کوردستان» دا، بەڵام جورئەتم نەدەکرد بینێرم بۆ ڕۆژنامە، چونکە هەرچی بەراوردم دەکرد، بە تایبەت لە باری ناوەرۆکەوە، تۆزی پێی نووسراوەکانی نێو ڕۆژنامەی «کوردستان»یان نەدەشکاند و ئاخرەکەی گرۆڵەم دەکردن و فڕێم دەدان

تا کەس نەیان بینێ. ئەوەندەی لە بیرم بێ ئاخرەکەی پۆلی شەشی زانستی بووم کە وێرام وتارێکی کورت بە ناوی (خەونی لاوان) بنێرم بۆ ئەو رۆژنامە خۆشەویستە.

بەرپرس و هاوکارە دیارەکانی ئەو سەردەمەی رۆژنامەی «کوردستان» ئەوەندەی ئەمن بزانم و لە بیرم مابێ، شەهید دوکتور قاسملو، بەڕێز مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزادە، مامۆستا هێمن، شەهید جەلال میراوەیی(مەلا عوسمان میراوەیی)، کاک کەریمی حیسامی، کاک هاشمی کەریمی، کاک حەمەدەمینی سیراجی و چەند کەسی دیکە بوون. کە دیارە بێشک نووسەرەکانی زۆر لەوە زیاتر بوون، بەڵام ئەو کاتە ئەمن زۆرتر لە دوورەوە ئاگاداری کارەکانی رۆژنامە بووم و نەخشی هەمووان بە تەواوی نازانم. لە گەڵ داوای لێبوردن لەوانەی ناوم نەهێناون.

لە دوای گەڕانەوەمان بۆ رۆژهەڵاتی کوردستان لە ساڵی ١٩٧٩ دا، پەیوەندیم لە گەڵ رۆژنامەی «کوردستان» بەهێزتر بو. بە تایبەت دوای کۆنگرەی چوار کە بوومە ئەندامی کومیتەی ناوەندی و دەفتەری سیاسی، هاوکاری ڕاستەوخۆی من لە گەڵ رۆژنامە وەک نووسەرێک دەستی پێ کرد. دیارە لە هێندێک قۆناغیش دا، بە تایبەت دوای کۆنگرەی پێنج بۆ ماوەیەک و دوای کۆنگرەی شەشیش بۆ ماوەیەک، یا وەک بەرپرسی ئینتیشارات و ڕادیۆ، یا وەک بەرپرسی رۆژنامە دەوری بەڕێوەبردنیشم هەبووە. ئەوانەی لەو قۆناغەدا ڕاستەوخۆ دەوریان هەبوو لە بەڕێوەبردن و نوسینی رۆژنامەی «کوردستان» دا، جگە لە وانەی لە سەرەوە ناویان هاتوە و تا ئەو کات لە چالاکیی حیزبی دا مابوون، شەهید دوکتور شەرەفکەندی، من، کاک فەتتاحی کاویان و کاک تەها عەتیقی، نەقشی زۆرمان لە بەڕێوەبردن، کاری تەرجومە و ئامادە کردنی رۆژنامەدا هەبوو. کە دیارە ژمارەیەکی زۆری دیکە لە ئەندامانی ڕێبەری و کادرەکانی حیزبی بە شێوەی نووسین لە گەڵ رۆژنامە هاوکارییان هەبووکە بە خاتری ئەوەی هەموویانم لە بیر نییە، بە باشتری دەزانم بە داوای لێبووردنەو ەناویان نەهێنم، نەبا هێندێکیانم لە بیر بچێ. بەڵام بە گشتی ئەندامانی ڕێبەری و تەنانەت کادرەکانی دیکەش کەم و زۆر دەوریان هەبووە. گرفتی ئەو کاتە ئەوە بوو کە بەداخەوە ناوی نووسەرەکان لە ژێر نووسینەکە نەدەهات. هەموومان کادری بێ ناوو نیشانی رۆژنامە و ڕادیۆ بووین. ئەو کاتە حیزبایەتی ئەوەندە وشک بوو کە تەنانەت نووسینی ناو لە ژێر بەرهەمێک دا کە خوڵقێنرابوو، بۆ نووسەرەکەی بە خۆ گەورە کردنەوە و کەڵکی خراپ وەرگرتن لە پلە و پایەی حیزبی لە قەڵەم دەدرا. ئەو کاتە کەس خاوەنی بەهرەکانی خۆی نەبوو. ئەندامی حیزب هەرچی هەی بوو، بە مڵکی حیزب دادەنرا. هەربویە ئێستاشی لەگەڵ بێ، زۆر زەحمەتە بزانرێ کێ، چی نووسیوە. هەروەها نابێ هەوڵ و تێکۆشانی کادرەکانی دیکەی دەوروبەری دەفتەری سیاسی و ئینتیشارات لە بیر بچێ کە ژمارەیەکی زۆر لە ئامادە کردنی رۆژنامەی «کوردستان» لە باری هونەری و تکنیکییەوە لەو سەردەمی دا نەخشیان هەبوو. کە بەداخەوە دیسان ناوی هەمووان بە زیهن دا نایەن لە بەر ئەوە لە ناوهێنانیان خۆ دەپارێزم وداوای لێبووردن دەکەم. هیوادارم بەڕێوەبەریی رۆژنامەی «کوردستان» و ڕێبەرایەتیی حیزب بیر

لەوە بکاتەوە کە بە ئارشیڤ کردنی کاری هەموو قۆناغەکانی ڕۆژنامە، ناوی هەموو ئەو تێکۆشەرانە تۆمار بکرێ کە بە شێوەیەک لە شێوەکان یارمەتیان بە چاپ و بڵاوکردنەوەی داوە لە قۆناغە جۆربەجۆرەکان دا.

تەنانەت بۆ نووسەرەکانی ڕۆژنامە خۆشیان زەحمەتە بزانن کام مەقالەیان نووسیوە. ئەمن بۆ خۆم ناوی چەند مەقالەیەک نەبێ لەبیرم نەماوە. بۆ وێنە وەک (من کێم، سۆسیالیزم و دێموکراسی دوو ئەسڵی گرنگ،...). دیارە جگە لە نووسین کاری تەرجومەشم بۆ ڕۆژنامە کردوە. بەتایبەت لە فارسییەوە. لە بیرمە کە زۆرم پێ خۆشبوو مەقالەکانی کاک فەتتاحی کاویان، کە لەسەرەتادا زۆرجار بە فارسیی دەنووسین تەرجومە بکەم. چونکە کاک فەتتاح یەکێک لە فارسیزانە هەرە باشەکانی حیزب بوو. زۆر پاراو، بە پێز و ڕەوانی دەنووسی. ئەویش پێی خۆش بوو نووسینە کوردییەکانی من بکاتە فارسی. زۆرجار مەجبوور دەبووم وشەی تازە بۆ وشەفارسییەکان بە کار بێنم. کە لە بیرمە بۆ ئەوەڵ جار وشەی «چەپ ئاژۆ»م بۆ (چپگرا) بە کار هێنا و کاک فەتتاح زۆری پێ جوان بوو. دوایە ئەو وشەیە بوو بە باو. دیارە چەندین وشەی دیکەشم هێنا، چونکە ئەو کاتە زۆرمان بیر لەوە دەکردەوە کە ڕۆژنامە وەک ئامرازێکیش بە کار بێنین بۆ دەوڵەمەند کردنی زمانی کوردی. پێوستە بگوترێ کە هاوڕێیانی دیکەش ئەو کارەیان دەکرد.

ڕۆژنامەی کوردستان ئۆرگانی کومیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان هەمیشە نەخشێکی گەورەی لە نێو جووڵانەوەی ڕزگاریخوازیی گەلی کورد دا گێڕاوە. بە تایبەت لە هێندێک قۆناغ دا، هەم بە هۆی ئەوەی کە حیزبی دێموکڕات ڕۆڵی گەورەی هەبووە و هەم ڕۆژنامەی «کوردستان» مەیداندارێکی بە هێزی بواری ڕۆژنامەگەری و سیاسی بووە لە کودستان دا. وەک قۆناغی دوای ساڵی ١٩٧٠ لە باشووری کوردستان و قۆناغی دوای ساڵی ١٩٧٩ لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە ڕۆژنامەی «کوردستان» هەم ڕۆڵی گەورەی هەبوو لە گەشە پێدانی فەرهەنگ و زمانی کوردی دا و هەم لە وێنا کردنی سیاسەتی جووڵانەوەی ڕزگاریخوازی کورد دا. ئێستاش سەرەڕای پەیدابوونی دەیان بواری مێدیایی دیکە و شۆڕشی سۆشیال مێدیا کە بە تورێکی دنیاگر هەموو کون و کەلەبەرەکانی دنیای زانیاری و مێدیای تەنیوە، دیسان ڕۆژنامەی «کوردستان» جێگای خۆی هەیە و بەتایبەت لە نێو ئەندامان، لایەنگران و ئۆگرانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان و دڵسۆزانی خەباتی نەتەوەیی کورد دا، بە جێگای متمانە و سەرچاوەی زانیاری حیساب دەکرێ.

پیمخۆشە لێرەدا دەستخۆشی لە هەموو ئەو کەسانە بکەم کە ساڵانێکی دوور و درێژە چرای ڕۆژنامەی کوردستان بە درەوشاوەیی ڕادەگرن. هەرچەند لە دوای ساڵی ١٩٨٦ی میلادییەوە ئەمن بە کردەوە زۆر ئاگاداری چۆنیەتیی ئامادە کردن و بەڕێوە بردنی ڕۆژنامەی «کوردستان» نەبووم، بەڵام لە دوورەوە ئاگاداری زەحمەت و تێکۆشانی ژمارەیەکی زۆر لە بەڕێوەبەر و نووسەرانی ڕۆژنامە بووم کە ئێستاشی لە گەڵ بێ لە شکڵ و نێوەرۆکێکی باش و گونجاو دا و بە پێی

پێشکەوتنەکانی بواری ڕاگەیاندن، کاریگیان کردوە کە ڕۆژنامەی کوردستان هەر بەردەوام بێ و بە ڕێکوپێکی بە دەستی خوێنەرانی بگا.

دەستخۆشی بەو کەسانە دەڵێم کە ئێستاش لە ئامادە کردنی ڕۆژنامەی "کوردستان" دا نەخشی بەرچاویان هەیە و داوای سەرکەوتنیان بۆ دەکەم. هەر وەها ڕێز و سڵاوێکی زۆرم هەیە بۆ هەموو ئەو کەسانەی کە لە قۆناغە جۆربەجۆرەکان دا نەخشیان هەبووە، لە بەڕیوەبردن، نووسین و ئامادەکردنی ئەو ئۆرگانە پڕبایەخ و گرنگە دا.

لە ژمارە ٦٠٠ی ڕۆژنامەی "کوردستان"دا (ژمارەی تایبەت) بڵاو بۆتەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ١٨ی جانێوریری ٢٠١٣

# ئۆباما لە دەوری دووهەمی سەرکۆماریی ئەمریکا دا

## (لێکدانەوەی سیاسی)

هەڵبژاردنەوەی ئۆباما سەرۆککۆماری ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بۆ جاری دووەم، چاوەدێرانی سیاسیی دنیای لە گەڵ گرفتێکی لێکدانەوەیی ڕوو بەڕوو کردەوە. بە تایبەت کە لە نوتقی ڕێ و ڕەسمی سوێندخواردنی ناو بڕاودا هیچ ئیشارەیەک بە مەسەلە و گیروگرفتە گەورەکانی وەک مەسەلەی چەکی ئەتۆمی و مافی مرۆڤ لە ئێران، مەسەلەی سورییە، مەسەلەی ئیسرائیل و فەلەستین، مەسەلەی وڵاتی مالی، مەسەلەی تیرۆریزم و بەتایبەت بارمتە گیری لە ئەلجەزایرلە لایەن تیرۆریستانی ئەلقاعیدەوە ، مەسەلەی ئەفغانستان، مەسەلەی عێراق و گەلێک مەسەلەی گرنگی دیکەی جیهانی هیچ ئاوڕیان لێ نەدرابۆوە.

نوتقی ئۆباما ئەوەی نیشان دا کە سیاسەتی نێو نەتەوەیی ناڕوونی ناوبراو کە لە دەورەی یەکەمی سەرۆک کۆماری دا بۆ زۆرێک لە چاوەدێرانی سیاسی جێگای تێڕامان بوو، دیسان لە دەورەی دووەمیش دا درێژەی دەبێ. سیاسەتێک کە زۆر بە زەحمەت دەکرێ پێشبینی درێژخایەنی لێ دەر بهێنرێ. لە دەورەی پێشوو دا سیاسەتی ئۆباما زۆرتر حاڵەتی مودیرییەتی ڕۆژانەی تێدا داڕێژراوە تا دیاریکردنی ستراتیژییەکی درێژخایەن لە بەرامبەر مەسەلە گرنگە کانی جیهان. ئەوەی کە سیاسەتی ئۆباما زۆرتر ڕووی لە مەسەلەکانی نێوخۆی ئەمریکا و بەتایبەت مەسەلە ئابورییەکانە شتێکی ڕوون و ئاشکراو لە هەمان کات دا جێگای قەبوڵ کردن و تێگەیشتنە، بەڵام بێ موبالاتیی تەواو لە بەرامبەر مەسەلە جیهانییەکانیش لە لایەکی دیکەوە بە هیچ شێوەیەک لە سەرۆک کۆماری وەڵاتێکی وەک ئەمریکا چاوەڕوان ناکرێ، چونکە مەسەلەی ئابووریی ئەمریکاش زۆر پەیوەندیی هەیە بە هەل و مەرجی نێونەتەوەییەوە و بە ڕاددەی نفوز و دەسەڵاتی ئەمریکا لە جیهان دا.

لەڕاستی دا نوتقی ئۆباما، نوتقی مودیرێکی لێهاتوو بوو کە هەوڵی ئەوەی دەدا دوو ئامانجی سەرەکی بپێکێ. یەکەم ئەوەی کە دڵی موشتەرییەکان و کارمەندەکانی ڕازی بکا و دووەم هیچ تەڕەفێک لەو دنیا پان و بەرینە دا لە خۆی نەڕەنجێنێ تا مەیدانی ئاڵو وێری کاڵاکەی بە شێوەیەکی بێ سنوور بەربڵاو بێ لە لایەکەوە و هەمو کارت و گوزینەکانیشی کراوە بن لە لایەکی دیکەوە.

ئامانجێکی دیکەی ئۆباما لەو جۆرە دەربڕینە ئەوە بو کە دەرگای وتووێژی نەهێنی و ڕێککەوتنی ژێر بە ژێر لە گەڵ هەمو تەرەفەکانی مامەڵەدا بە کراوەیی بێڵێتەوەو هەر لە سەرەتای دەستپێکردنی دەورەی دووەمی سەرۆک کۆماری دا خەتی سوور و لەمپەران بۆ خۆی و حکوومەتەکەی دروست نەکا. ئەوەی گومانی تێدا نییە ئەوەیە کە سەرۆک کۆماری ئەمریکا دەیهەوێ هەموو کارتە نێوخۆیی و دەرەکییەکان بۆ سەر و ساماندان بە وەزعی ئابووریی وڵاتەکەی بەکار بێنێ و کەمترین تێچوو بدا بۆ لایەنی پرێستیژی و قەبە کردنەوەی دەمارەکانی زلهێزیی ئەمریکا لە مەیدانە جۆربەجۆرەکانی جیهان دا.

سەرۆک کۆماری ئەمریکا لە بازاڕی نێوخۆیی دا پێویستی بەم سیاسەتەیە. هەم بۆ ئەوەی سەرکەوتنی خۆی و حیزبەکەی لە هەڵبژاردنەکانی نیوە دەوریی دا کە دووساڵی دیکە بەڕێوە دەچێ مسۆگەر بکا و هەم بۆ ئەوەی کە ئەو قەول و بەڵێنە کۆمەڵایەتیانەی کە لە باری دابین کردنی بیمەی دەرمانی و ژیانێکی سەقامگیر بە چین و توێژە کەم داهاتەکانی داوە، بەدی بێنێ. تا لە دوایین دەورەی دەسەڵاتی خۆی دا بتوانێ، وەک یەکەمین سەرۆک کۆماری ڕەش پێست مێژوویەکی بریقەدار لە دوای خۆی بەجێ بێڵێ.

دەرئەنجامی ئەو سیاسەتە کەمکردنەوەی چالاکیی ئەمریکا لە ڕاددەی نێونەتەوەیی دا نییە، وەک هێندێک لە چاوەدێران ئاماژەی پێ دەکەن. بەڵکو بەکارهێنانی هەمو فاکتەر و گوزینەکانە بە قازانجی بوژانەوەی ئابووری لە ئەمریکا دا ، بە بێ گوێدانە مەسەلە نێو خۆییەکانی وەڵاتانی دیکە. ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ناتوانێ لە مەیدانی نێونەتەوەیی دا بێ لایەن و بێ دەنگ بێ. خودی ئۆباما و موشاویرەکانیشی ئەوە باش دەزانن، بەڵام دەیانهەوێ مێتۆدی کار بە شێوەیەک بگۆڕن کە بە کەمترین تێچو گەورەترین دەسکەوتی ئابووری بە دەست بێنن. هەر چەند لەم جۆرە سیاسەتانەش دا ڕیسکی ئەوە هەیە کە زۆر دەرفەتی زێڕین لە دەست بدرێن. بەڵام دەوڵەتی ئۆباما ڕاست بەوە دەناسرێتەوە کە دەیهەوێ کەمترین ڕیسک بکا، هەر چەند ریسکی لە دەست دانی دەرفەتەکانیشی لە بەر دەم دا بێ. هەر چۆنێک بێ سیاسەت مەیدانی ئەو لەوییەت و ڕیسکەکانە. ئەولە وییەتی دەوڵەتی ئۆباما بۆ بە کار هێنانی کارتەکان لە سەرکەوتنی بواری ئابووری دایە.

هەرچەند بە خاتری سەرکەوتن لە بواری ئابووری دا زۆرجار دەبێ لە مەیدانەکانی دیکە کەڵک وەرگیرێ. لە بواری سیاسەتی نێونەتەوەیی دا و بە مەبەستی بەهیزکردنی پایەگای ئابووری و کۆمەڵایەتی لە نێوخۆی ئەمریکا، دەوڵەتی ئۆباما هەمو کارت و گوزینەکانی بۆ بەکارهێنان ئازاد هێشتوەتەوە و بێگومان هەرکات بە پێویستیش بزانێ کەڵکیان لێ وەردەگرێ. بەڵام ئەولەوییەتی ئاشکرای ئۆباما لە راددەی نێونەتەوەیی دا دیالۆگ و چارەسەری کێشەکان لە ڕێگای وتوویژەوە یە.

لە بەرامبەر کێشەکانی ئەمریکا لە گەڵ ڕژێمی کۆماری ئیسلامییش دا زاهیرەن ئەولەوییەت بۆ دیالۆگ دانراوە.هەرچەند کاربەدەستانی دەوڵەتی ئۆباما بە ئاشکرایی ڕایان گەیاند کە شکیان هەیە لەوەی کە کۆماری ئیسلامی لەو دەرفەتە کەڵک وەرگرێ و کێشەکانی لە گەڵ ئەمریکا و غەرب چارەسەر بکا. دیارە هەڵوێستی خامەنەیی ڕێبەری کۆماری ئیسلامیی ئێران ئەو گومانەیەی پشتڕاست کردەوەو ڕای گەیاند کە وتووێژی ڕاستەوخۆ لەگەڵ ئەمریکا هیچ سوودێکی نییە. هەر چەند پێش خامەنەیی، سەرکۆمار و وەزیری کاروباری دەرەوە، داوای ئەمریکا بۆ وتووێژی ڕاستەوخۆیان بە ئەرێنی هەڵسەنگاندبوو. دیارە ئەو هەڵوێست و کێشە نێو خۆییانەی کاربەدەستانی باڵای ڕێژیم بە جیا لێکدانەوەیەکی بەربڵاو هەڵدەگرێ و لێرەدا جێی نابێتەوە.

مەسەلەیەکی گرینگی دیکە لەو پەیوەندییە دا ئەوەیە کە هیچ ڕاکارێکیان ڕەت نەکردوەتەوە، بە ڕاکاری نیزامییشەوە، بەتایبەت کاتێک باس لەوە دەکرێ کە کۆماری ئیسلامی بە هیچ شێوەیەک نابێ ببێتە خاوەنی چەکی ئەتۆمی.

لێرەدا پرسیاری سەرەکی ئەوەیە کە ئایا دەوڵەتی ئۆباما دەتوانێ بەو سیاسەتە نەرمەی کە هەیەتی هەم بە ئامانجە ئابورییەکانی بگا و هەم جێگا و ئۆتۆریتەی ئەمریکا بە عینوانی تەنیا زلهێزی جیهانی کە ڕۆڵی سەرکردەیی غەربی بە دەستەوەیە، بپارێزێ؟

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٨ی فێبریوری ٢٠١٣



سەرچاوە
Serchawe

## هەرای نێو کاربەدەستە پایەبەرزەکانی ڕێژیم، شەڕی دەسەڵاتە یا شەڕی زەڕگەری؟

لە سەر و بەندی دەستپێکردنی ئامادە کارییەکان بۆ بە ناو هەڵبژاردنی سەرۆککۆماری لە ئێران دا، کێشەکانی نێو باڵە جۆراوجۆرەکانی ڕێژیم بەوپەڕی خۆیان گەیشتوون. سێ دەسەڵاتی بناغەیی نیزام کە بریتین لە هێزی ئیجرایی، هێزی قەزایی و هێزی قانووندانان کەوتونەتە نێو گێژاوێکی بەربەرەکانی توندەوە، بە جۆرێک کە تەنانەت کۆنترۆڵی خۆیان لەدەست داوە و بە شێوەیەکی "کوچە بازاڕی" هێرش بۆسەر یەکتر دەبەن. لەو بەربەرەکانییە توند وتیژە دا دوو دەسەلاتیان، واتە دەسەڵاتی قەزایی و دەسەلاتی  قانووندانان لە دژی دەسەڵاتی ئیجرایی یەکیان گرتوە و لەبەر ئەوەی ئەو دوو دەسەڵاتە لە لایەن یەک بنەماڵەوە قەبزە کراون، ئاستی بەربەرەکانیی سیاسیان تا ئاستی شەڕە گەڕەک هێناوەتە خوار.

چڵەپۆپەی ئەو بەربەرەکانییە لە کاتێک دا گواسترایەوە بۆ قۆناغی بەربەرەکانیی ئاشکرا کە ڕێژیم ویستی مۆرەیەکی سواوی خۆی بکاتە قوربانی و کۆمەڵێک لە جینایەتەکانی خۆی پێ بشارێتەوە. قازی مورتەزەوی کە یەکێک لە باوەڕپێکراوترین قازییەکانی بەیتی ڕەهبەری بوو، لە زیندانی کەهریزک، زیادەڕەوی کردبوو و تەنانەت کەس و کاری مۆرەکانی ڕێژیمیشی نەپاراستبوو. جگە لەوەی بێ پەردەیی تەواو بە جینایەتەکانەوە دیار بوو، بە ڕاددەیەک کە بۆ کوشتنی موخالیفان تەنانەت دادگای ڕواڵەتییشی بەکار نەهێنابوو. ئەوە جەنجاڵێکی زۆری لێ پەیدابوو، بەجۆرێک کە لە نێو بازنەی لایەنگرانی ئاڵقەلەگوێی نیزامیش دا ناڕەزایەتیی پێکهێنابوو. هەرچەند مۆرەکانی جینایەتکاری وەک مورتەزەوی، هەمیشە بە پشتیوانیی گەورەترین دەسەڵاتی ڕێژیم، واتە وەلیی فەقیە یا ڕوونتر بڵێین خامەنەیی، ئەسپی جینایەتیان لینگ داوە و خۆیان لە گەڵ کۆمەڵانی خەڵکی ئێران بەرەوڕوو کردوە، بەڵام ئەگەر پێویست بووبی، بۆ داپۆشینی ئەو جینایەتانە، بەر لە هەموو کەس خودی خۆیان کراونە قوربانی. ئەوە پیشەی هەموو ئەو ڕێژیمانەیە کە بناغەی دەسەڵاتیان لە سەر تۆقاندن و کوشتار و جینایەتی دژی ئینسانی داناوە. ڕێژیم لە قۆناغەکانی پێشووتریش دا کەسانی وەک مورتەزەویی کردبووە قوربانیی شاردنەوەی جینایەتەکانی، بۆ وێنە سەعیدی ئیمامی. لێرەش دا وەک هەنگاوی یەکەم مورتەزەوییان لە دەسەڵاتی قەزایی وەدەرنا و مەسونییەت(پاریزراوی)ی قەزاییان لێ وەرگرتەوە. دیارە هەنگاوی دوایی ئەگەر بە پێویستیان زانیبا، بێگومان دەگەیشتە سەر بێسەروشوێنکردنیش.

ئەحمەدینژاد کە بۆ خۆی دەستپەروەردەی ئەو سیستمە مافیاییە بوو، بە دوو هۆ ئەو هەلەی قۆستەوە و قازیی مورتەزەویی

لە بن باڵی خۆی گرت و گەورەترین و دەوڵەمەندترین دامەزراوەی دەوڵەتەکەی واتە، دامەزراوەی "دابینکردنی کۆمەڵایەتی"ی لە ئیختیار نا، کە پوڵی تەخشان پەخشانپێکراوی ئەو دامەزراوەیە خۆی لە هەزاران تریلیۆن تمەن دەدا. ئامانجی ئەحمەدی نژاد لە لایەکەوە ئەوە بوو کە تیمی کاریی خۆی بە هێز بکا و لە نێو لایەنگرانی دا ئیعتیماد دروست بکا، بە وەی کە لە کاتی تەنگانەدا پشتی لایەنگرانی بەرنادا، هەروەک چەند جاری دیکەش ئەوەی لە خۆی نیشان داوە و لە لایەکی دیکەشەوە، سیگناڵێک بدا بە لوتکەی دەسەڵات، واتە خامەنەیی کە ناکرێ مۆرەکانی ڕێژیم بەو جۆرە فڕێ درێن کاتێک کارتەکەیان دەسووتێ و دەبنە مۆرەیەکی سواو.

لە بەرامبەر دا باسکی بەهێزی ڕێبەر لە قۆڵی دەسەلاتی قانووندانان و قەزایی هاتە دەر و هەردووک دەسەڵات بەتوندی ڕەخنەیان لە دانانی مورتەزەوی لەو پۆستە گرنگە دا گرت و وەزیری کاریان بۆ مەجلیس بانگ کرد و متمانەی مەجلیسیان لێ وەرگرتەوە و لە ڕاستی دا لە پۆستەکەیان لابرد. دیارە ئەو کارە زۆرتر لەدژی سەرۆککۆمار بوو، کە لەم قۆناغەدا بڕیار ئەوەبوو تیرەکە لە باڵەکانی بدەن، نەک لە سەردڵی. ئەحمەدینژاد و مورتەزەوییش لەو نێوە دا بێکار دانەنیشتبوون. بەو پێیەی کە هەر دووکیان بەرهەمی ئەو سیستمە مافیاییەن، زۆرباش ڕۆژێکی ئەوتۆیان پێشبینی دەکرد. هەربۆیە لە ژێرەوە خەریکی کۆکردنەوەی مەدرەک لە بنەماڵەی لاریجانییەکان بوون، کە هەردووک دەسەڵاتی قەزایی و قانووندانانیان لە ژێر چەپۆکی خۆیان ناوە. تا لە هەر هێرشێکی ئەوان دا، وەک چەکێک بۆ بەرپەرچدانەوەی هێرش کەڵکی لێ وەرگرن. مورتەزەوی زۆر زیرەکانە توانیبووی برای عەلی لاریجانی سەرۆکی مەجلیس لەداو بخا و لە کاتی وتووێژ لەسەر بەکار هێنانی دەسەڵات بۆ قازانجی ئابوریی شەخسی، فیلمی لێ هەڵگرتبوو.

باسی ئەو فیلمە لە لایەن ئەحمەدینژادەوە هاتە نێو کۆبوونەوەی کراوەی مەجلیس و کەوتە سەر ئانتێنی ڕاگەیەنەکان. بەمجۆرە کێ بەرکێ لە نێوان باڵە جیاوازەکانی ڕێژیم دا بە ئەوجی خۆی گەیشت. تەقینەوەی کێشەکانی پایەبەرزترین کاربەدەستانی ڕێژیم، کە ئیفشاگەری و هێرشی لەفزی و بە کردەوەی زۆر دوژمنانەی بۆ سەر یەکتر بەدواوە بوو، وەک ئیفشاگەریی ئەحمەدینژاد دژی لاریجانییەکان، وڵامی عەلی لاریجانی بە ئەحمەدینژاد، گیرانی سەعیدی مورتەزەوی و دیسان وەجواب هاتنی ئەحمەدینژاد تەنانەت لە سەفەر و مێدیای میسری دا و دوای ٢٤ سەعات ئازاد کرانی مورتەزەوی، هەموی نیشانەی ئاڵۆزیی وەزعی دەسەڵات و قووڵبوونەوەی شەڕی دەسەڵاتن. ڕەنگدانەوەی ئەم کێشە و ناکۆکییانە لە ڕێورەسمەکانی ڕۆژی ٢٢ی ڕێبەندان، سالرۆژی هاتنە سەرکاری ئەو ڕێژیمە و دژکردەوەی لایەنگرانی ئەحمەدینژاد بەرامبەر لاریجانی لە کاتی وتاردانی لە قوم و باسکردنی ئەحمەدینەژاد لە مەترسیی موهەندیسیکردنی هەڵبژاردنی داهاتووی سەرکۆماری، نیشانەکانی ڕۆژبەرۆژ قووڵتر بوونەوەی ناکۆکییەکان و ململانییەکانن. ئەوەش نیشان دەدا کە خامەنەیی چیدیکە توانای مودیرییەت کردنی قەیرانەکانی نێو ڕێژیمی نییە ولەوەش ناچێ ئەو هەمو کێشە و یەکتر ئیفشاکردنە

موهەندیسیکراو و بە مەبەستی شەڕی زەرگەری بۆ ئامادە کردنی هەل و مەرجی هەڵبژاردن بن، بەڵکو بوومەلەرزەکانی دواقۆناغی تێکرمانی رێژیمێکن کە هەر لە سەرەتای دروستبوونییەوە لە نێو ئەو جۆرە قەیرانانە دا ژیاوە. بەڵام لە لایەن تاکە دەسەڵاتی رێژیم، واتە ویلایەتی فەقیهەوە توانراوە مودیرییەت بکرێ و بە وەدەرنانی مۆرە سواوەکان سەرپۆشێک بەسەر قەیرانەکان دا بدرێن. بەربەرەکانی و چنگ و ددان دەرخستنی ئەحمەدینژاد ئەوە دەردەخەن کە ئەمجارەیان رێبەر شیرازەی قەیرانەکەی لەدەست دەرچووبێ و چیدی نەتوانێ بە ئارەزووی خۆی پاکانە حیساب لە گەڵ کەسێک بکا کە لە نیزیکترین ئاڵقەی مافیاوە دێ و زۆرشتی ئاگا لێیە، هەر بۆیە هەڕەشە دەکاو دەڵێ ئەگەر ئەسنادی پەیوەندیدار بە رێبەری بڵاو بکەمەوە، دەبێ ئاغا عەباکەی بەسەر دادا و لەم وڵاتە بڕوا. ئەوە قسەی ئەحمەدینژادێکە کە هەر ئەو رێبەرێیە ئەو هەمو سەرمایەگوزارییە قورسەی لەسەر کرد تا بە زۆری بۆ دوو دەورەی بە دوای یەک دا جڵەوی کار و باری ئیجرایی وڵاتی بداتە دەست ڕاستییەکی دیکەش ئەوەیە کە ئەحمەدینژاد بە کەڵکوەرگرتن لە ئیمکاناتی سەرۆک کۆماری توانیویەتی ئالقەیەکی حیفازەتی بە دەوری خۆی دا دروست بکا.

با بزانین لە دواکاتەکانی پەلەقاژەی رێژیم دا، دیکتاتۆر هەتا کوێ لاقان دەبرێتەوە. دەگاتە سەر خۆشی، یا بە دارەدارە و هەستان و کەوتنەوە، دەگاتە بەر دەرگای دادگایی کۆمەڵانی خەڵکی وەزاڵە هاتوو.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ١٠ی فێبریوری ٢٠١٣

## هەڤپەیڤین دەگەڵ بەڕیز مستەفا شڵماشی ئەندامی دەفتەری سیاسی حیزبی دێموکراتی کوردستان بە بۆنەی ٨ی مارس

**هەڤپەیڤین: ڕەحمان نەقشی**

**پرسیار**: تکایە خۆتان بناسێنن و بفەرموون کە لە کەیەوە تێکەڵ بە خەبات و چالاکی سیاسی و کۆمەڵایەتی بوون؟

**مستەفا شڵماشی**: من مستەفا شڵماشی ساڵی ١٩٥٢ی میلادی لە گوندی شڵماش سەر بە ناوچەی سەردەشت لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە دایک بووم. بە هۆی چالاکبونی بنەماڵەکەم و بە تایبەت برا گەورەکانم لە چالاکی سیاسی و نەتەوەیی دا هەر لە منداڵیەوە سەروکارم لە گەڵ سیاسەت هەبووە، لانی کەم لە قاڵبە کوردایەتییەکەی دا. بەڵام لە ساڵی ١٩٧٠ی میلادییەوە بوومە ئەندامی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان. لە حیزب دا بەرپرسایەتی جۆراوجۆرم هەبوە وەک بەرپرسی کۆمیسیۆنی تەشکیلاتی گشتی، بەرپرسی کۆمیسیۆنی ئینتیشارات و تەبلیغاتی گشتی، بەرپرسی دەفتەری حیزب لە پاریس و بەرپرسی دەرەوەی وڵاتی حیزب. لەپێنج کۆنگرەی حیزب دا بوومە ئەندامی کومیتەی ناوەندی و دەفتەری سیاسی و ئێستاش ئەندامی دەفتەری سیاسی و بەرپرسی کومیتەی بە ڕێوەبەریی دەرەوەی وڵاتی حیزبم.

**پرسیار**: پرسی ژن ئەمرۆی کۆمەڵی کوردەواریدا چۆن هەڵدەسەنگێنن؟

**مستەفا شڵماشی**: پرسی ژن لە کۆمەڵگای کوردەواری دا ڕووکاری جۆراو جۆری هەیە. لە لایەکەوە هەر لە سەدان ساڵ لەمەوبەرەوە ژن لە نێو خێزانی کوردەواری دا جێگایەکی بەرزی هەبووە. لە گەڵ پیاو لە سەر مەزرا کاری کردووە. زۆر ژنی ڕێبەر و بەڕیوەبەر لە مێژووی کورد دا هەڵکەوتون، لە بواری سیاسی دا پشتیوانی پیاوەکان بووە و نەخشی بەرچاوی لە جوڵانەوە دا هەبووە. زۆر هونەرمەند و خەباتگێڕ لە نێو ژنانی کوردستان دا هەڵکەوتوون. کەچی لە هەمان کات دا لە هێندێک لایەنی دیکە وە ئەسیری پیاو بووە و پیاو سالاری بەسەر دا زاڵ بووە. بۆ وێنە تا چەند ساڵ لەمەوبەریش کچی کورد نەیتوانیوە بە ئازادی هاوسەری ژیانی هەڵبژێرێ. لە هات و چۆ دا زۆر ئازاد نەبووە. لەپلە و پایە کۆمەڵایەتییەکان دا بێ بەش بوە و لە باری ئابوریشەوە بە تەواوی بە پیاوەکەیەوە بەستراوەتەوە. ئەوانە هەموی تەناقوزی کۆمەڵگای کوردەوارین، سەبارەت بە مافی ژن و یەکسانی لە نێوان ژن و پیاو دا. لە و سەردەمەش دا هەرچەند ئاڵ و گۆڕ بەسەر

وەزعی ژنان دا بە گشتی هاتووە، بەڵام لە زۆر بواردا هەر وا بە مەحرومی و دواکەوتویی ماوەتەوە، بە تایبەت لە نێو چین وتوێژە نەخوێندەوارەکان دا. ئێستاش ڕێگایەکی دوور لە پێشە، تا یەکسانی تەواو لە نێوان ژن و پیاو دا، لە کۆمەڵگای کوردەواری دا بە دی بێ.

**پرسیار**: چ لە ڕیزی حیزبەکان دا بن و چ سەربەخۆ بن ئایا کار و چالاکی ژنان و ڕۆڵ و کارتێکەریان لە ناو حیزبە کوردیەکان چۆن هەڵدەسەنگێن؟

**مستەفا شڵماشی**: کار و چالاکی ژنان لە نێو حیزبە کوردستانییەکان دا زۆرە، بەڵام بە هیچ شێوەیەک وەڵامدەر نییە. پێویستە هەم ژنان و هەم پیاوان بۆ ئەوە کار بکەن کە دیاردەی ژن وەکو شتێکی جیاواز، بە تایبەت لە نێو حیزبەکان دا نەمێنێ. تا ئەوکاتەی کە ڕێکخراوی تایبەتی ژنان لە پەنا حیزبەکان دا هەیە، مانای ئەوەیە کە کێشەی ژنان چارەسەر نە کراوە. ئەگەر یەکسانی بە تەواوی هەبێ، چ پێویستە ژنان ڕێکخراوی تایبەتیی خۆیان هەبێ. دیارە بە خۆشیەوە تا دێ نەخشی ژنان لە نێو حیزبەکان دا زۆرتر دەبێ. بەتایبەت هێندێک لە حیزبەکان کە تەنانەت ئامادەن جیاوازی موسبەت بەکار بێنن بۆ ئەوەی نەخشی ژنان لە نێو ڕێکخراوەکەیان دا بەرنە سەرێ، زۆر شوێن دادەنێن. یەکێک لەو حیزبانە حیزبی دێموکراتی کوردستانە. لە کۆنگرە دا تەبعیضی موسبەت قایل بو، تا ڕێژەی ژنان لە ڕێبەریی حیزب دا لانی کەم ٢٥% بێ. ئەوە هەنگاوێکی باش بو. هەربۆیە لە ڕێبەرایەتی حیزبی ئێمە دا ژنان بە ڕاستی نەخشیان هەیە. لەسەر یەک لە ساڵەکانی دوایی دا ڕۆڵی ژنان زیادی کردوە، بەالام بە هیچ شێوەیەک لەو ڕاددەیە دا نییە کە بەتەواوی ماف درابێ بە ژنان. بۆیە، من پێموایە تا گەیشتن بە یەکسانی لە نێوان ژنان و پیاوان دا، لە نێو حیزباکانیش دا ڕێگایەکی درێژمان لە پێشە کە یەکەمین ڕێبوارانی ئەو ڕێگایە دەبێ ژن بۆ خۆیان بن. ئەوەی جێگای داخە ئەوەیە کە زۆرجار ژنەکان بۆخۆیان بە پێچەوانەوە هەڵس و کەوت دەکەن. گرنگی زۆرتر دەدەن بە داب و نەریتە کۆنەکان، تا ئەو ئاڵ و گۆڕانە کە بە قازانی خۆیان دێتە بەردەمیان. لە نێو حیزبەکانیش دا زۆرجار بە گومانەوە چاو لە تواناکانی خۆیان دەکەن و جاری وایە تەنانەت لەو بەرپرسایەتییەی پێیان دەسپێردرێ، کەڵکی تەواو وەرناگرن. ئەوەی ژنی کورد پێویستییەتی بەر لە هەمو شتێک، باوەڕ بەخۆبوونە. پێویستە لەباری تواناکانی خۆیانەوە، شک و گومان وەلا نێن و تەنانەت بۆ وەدەستگرتنی ڕۆڵ لە نێو حیزبەکان و لە نێو کۆمەڵگاش دا، ڕەقابەت بکەن و نیشان بدەن کە هیچیان لە پیاو کەمتر نییە بۆ وەدەستگرتنی ڕۆڵ.

**پرسیار**: زۆر جار لە زمان پیاوان و یا بەشێک لە ژنان دەبیسرێ کە ژنان خۆیان لەسەر پرسی ژنان کەم تەرخەمن و زۆر چالاک نینن، ئایا ئەم وتانە راستن؟

**مستەفا شڵماشی**: هەروەک لە وەڵامی پرسیاری یەکەم دا ئیشارەیەکی کورتم پێ کرد، ژنان لە وەدەست گرتنی ڕۆڵی شیاوی خۆیان دا زۆر جار شک و گومانیان هەیە. دیارە ئەوەش لە خۆڕا نییە. بەدرێژایی مێژوو بەکەم چاویان لێکراوە. لە قانونە ئاینیەکان دا بە نیوەی پیاو دانراون. لە نێو کۆمەڵگادا بە لاواز و بێ توانا، ناسێنراون و لە پرۆسەیەکی دوور و درێژی مێژوویی دا بە پێی کلتور و داب و نەریت ڕە فتاریان لەگەڵ کراوە. ئەوەش کارێکی وای کردوە و کە تەنانەت بۆ خۆ شیان بکەونە شک و گومان لە سەر تواناکانی خۆیان و باووەڕ بە خۆ بوونیان کەم بێتەوە. دیارە دەبێ ئیشارە بەو راستییەش بکەین کە لە دوای شەری دووەمی جیهانییەوە شەپلێکی تازە لە ئازاد بوونی ئێنیرژی ژنان لە ئوروپاوە سەری هەڵدا و شوێنەوارەکانی دەتوانم بڵێم لە دوو دەهە لەمەوبەرەوە گەیشتوەتە کوردستان. ڕەنگدانەوەی ئەو چالاک بوونەوەیە کە لە قاڵبی فیمینیزمێکی باش تەعریف نەکراو دا گەیشتوەتە وڵاتی ئێمە، لە سەر باوەڕ بە خۆ بوونی ژنانی خوێندەواری کوردستان شوێنکارێکی ئەرێنی هەبووە. هەرچەند لە بەر ئەوەی نەگونجێنراوە لە گەڵ هەل و مەرجی وڵاتی ئێمە وجارێ زۆرتر کۆپی هەڵگرتنە، نەی توانیوە بە باشی بچێتە نێو کۆمەڵگاو ئەوەندە بەر فراوان نەبوەتەوە کە لەسەر هەمو ژنانی وڵات ئەو شوێنکارە ئەرێنی یە دابنێ. زۆرجار بە شێوەیەکی خراپ وەر دەگیرێ و بەرداشتی ڕووی دووەمی پیاوسالاری، واتە خەباتی ژن لە دژی پیاوی لێ دەکرێ، نەک خەباتی ژن و پیاو پێکەوە بۆ گۆڕینی ئەو داب و نەریتە نا ڕەوایانەی کە بە زیانی ژن بوونەتە باو لە نێو کلتوری ئێمەدا.

**پرسیار**: هەر وەک ئاگادارن هەموو هێزە و ڕێکخراوە سیاسییەکانی کوردستان ڕێکخراوێکیان بۆ پرسی ژن بە ناوی جۆراوجۆر پێک هێناوە. ئایا ئەو ڕێکخراوانە تا چ رادەیەک توانیویانە سەرنجی ییروڕای گشتی و یان ڕێکخراوە نێونەتەوەییەکان کە داکۆی لە مافی ژنان دەکەن بۆ لای پرس و مافەکانی ژنان و یان ئەو زوڵم و نابەرانبەریەی کە دەرحەق بە ژنانی کورد دەکرێ ڕاکێشن؟

**مستەفا شڵماشی**: پێکهێنانی ئەو ڕێکخراوانە لە لایەن حیزبەکانەوە بە هۆی پێداویستییە کی مێژووییەوە هاتوەتە ئاراوە و تازەش نییە. حیزبی دێموکڕاتی کوردستان و ڕێبەری مەزنی حیزب و گەل پێشەوا قازی محەممەد، هەر لەگەڵ دروستبونی حیزب، یەکییەتی ژنانیشیان پێک هێناوە. هەروەک دەزانی تەنانەت لە پێشکەوتوترین وڵاتەکانیش دا ڕێکخراوی سەر بە ژنان هەیە و تەنانەت لە بۆندە نێونەتەوەییەکانیش دا بۆندی سەر بە ژنان هەیە. بۆ وێنە ڕێکخراوی سۆشیال ئینتەرناسیۆنالی ژنان. دیارە ئەو ڕێکخراوانەش کە پێک هاتون، کەم و زۆر و بە پێی توانا و گەورەیی خۆیان شوێن دانەر بوون. زۆرجاریش بوونە چەترێک تا لانی کەم لە ئاساتی جوڵانەوەی ژنان دا جۆرە یەکییە تییەک پیک بێ، کە لە نێو حیزبەکان دا ئیمکانی نەبوە. هەروەها لە بوژاندنەوەی هەستی خەباتگێڕی و چالاکتر کردنی ژنان دا شوێنکاری خۆیان هەبوە. جگە لەوەش تا ڕاددەیەک لە ڕاددەی نێونەتەوەیی دا چالاک بوون. بەتایبەت ئەگەر چاو لە چالاکییەکانی

**یەکییەتی ژنانی دێموکڕاتی کوردستان.**

**سەربە حیزبی دێموکڕاتی کوردستان بکەین، زۆر هەنگاوی گرنگیان هەڵگرتووە. ساڵانە لە زۆر وڵات دا سیمینار و کۆنفڕانس پێک دێنن. لە زۆر وڵاتی ئوروپایی دا بە ڕەسمی ناسراون. لە گەڵ ڕێکخراوەکانی دیکەی ژنانی کورد، ئێرانی و هەروەها سۆسیالیست ئینتەرناسیۆنالی ژنانی دنیا پەیوەندییان هەیە و بۆ کۆنفڕانس و کۆنگرەکانیان بانگ دەکرێن. بێگومان ئەو پەیوەندییانە شوێنکاری خۆیان دادەنێن و هەروەک ئاگادارن بوونە هۆی ئەوەی کە ڕێکخراوە نێو نەتەوەییەکانی ژنانیش سەردانی کوردستان بکەن، بەتایبەت باشور و باکوری کوردستان کە زۆرتر ئیمکانی مانۆڕ دانیان تێدا هەیە.**

**پرسیار: وەک دوا وتە چ پەیامێکتان هەیە بۆ ژنان و بۆ ئەو مرۆڤانەی داکۆکی لە مافی ژن دەکەن؟**

**مستەفا شڵماشی: پەیامی من ئەوەیە کە دواکەوتوویی نا یەکسانی ژن لە گەڵ پیاو لە کوردستان دا، وەک کردەوەیەکی دوژمنکارانەی پیاو دەرحەق بە ژن چا و لێ نەکرێ. بەڵکو وەک هێندێک کلتور و یاسای ئایینی، کۆمەڵایەتی و مەدەنیی ناعادڵانە چاو لێ بکرێ، کە وەلانان و چاکسازی لەو کلتور و یاسایانە دا ئەرکی ژن و پیاو پێکەوەیە. من پێموایە نایەکسانی ژن لەگەڵ پیاو لە دنیای مۆدێرنی وەک دنیای ئەوڕۆدا لە زۆر بواردا بە زیانی پیاویشە. وەلانانی ژن لە بواری ئابوری، لە بواری پەروەردەیی و لە بواری خەبات لە پێناوی ڕزگاری دا، قورسایی زۆرتر دەخاتە سەر پیاو. دابین کردنی ژیانی لوکس و پڕ زەرق و بەرقی ئەم سەردەمە، تێکۆشانێکی زۆری دەوێ، کە هەردەگرێ هەم ژن و هەم پیاو لە خێزان دا هەوڵی بۆ بدەن و تەنیا نەکەوێتە سەر شانی پیاو. لە لایەکی دیکەشەوە ژن پێویستی بە ئازادی هەیە تا هەم بتوانێ لە ژیان خۆشی ببینێ و هەم بتوانێ شان بەشانی پیاو لە هەمو بوارەکانی ژیان دا کار بکا و یارمەتیدەر بێ، نەک تەنیا مەسرەفکەرێکی بێ دەسەڵات و کۆیلە. لە وڵاتە پێشکەوتوەکان دا ئەو ڕۆڵە دراوە بە ژن و نیوەی کۆمەڵگا، بە بێ بەهرە لە ماڵ دا زیندانی نەکراوە.**

**سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ١٠ی مارچی ٢٠١٣**

# کێشەکانی بەردەم هەڵبژاردنی ویلایەت فەقیهی

هەل و مەرجی بەناو هەڵبژاردنەکان لە ڕژیمی ئاخوندی دا ئاڵۆزییەکی زۆری پێوە دیارە. هەڵسەنگێنەرانی کار و باری ئێران ئاماژە بەوە دەکەن کە لە سی و چوار ساڵی ڕابردو دا کەش و هەوای هەڵبژاردنە ئەندازیاری کراوەکانی کۆماری ئیسلامی بە شێوەی ئەمجارە ئاڵۆز نەبووە. ئاڵۆزییەکان تەنانەت چوونە نێو داخراوترین بازنەی دەسەڵات و هالەی دەورو بەری ڕێبەریی ڕژیمیشیان گرتوەتەوە. دەوڵەت کە تا دووساڵ لەمەوبەر لە لایەن ڕێبەرەوە بە دەوڵەتی گەلی و ڕێچکە داری عەلی ناو دەبرا، ئێستا لە لایەن نیزیکترین کەسەکانی خامەنەیی یەوە، لەقەبی لادانی پێ دراوە. کێشەی نێوان ئوسولگەراکان، سەرەڕای کێشەی نێوان بە ناو ڕیفۆڕمخوازانی دەوڵەتی، ڕیفۆڕمخوازانی ناخۆیی، کۆمەڵانی خەڵک و ئۆپۆزیسیۆنی دەرەوە، مەسەلەی هەڵبژاردنەکانی ئەمجارەی بە شێوەیەک ئاڵۆز کردوە کە ڕژیم هەر لە ئێستاوە لێی دەترسێ و لە زمانی گەورە نیزامییەکانییەوە، هەڕەشە لە نیزیکترین ئاڵقەکانی دەسەڵاتەکەی خۆشی دەکا.

کێشەکانی نێو بازنەی دەسەڵات کارێکی وای کردوە کە تا ئێستاش کاندیدای یەکەمی خودی ڕژیمیش مەعلوم نەبێ و ڕیفۆڕمخوازەکانی سەر بە ڕژیمیش نەوێرن هەڵوێستی خۆیان ئاشکرا بکەن. لە لایەک پێکهەڵپڕژانی سەرۆک کۆمار کە بە لای خۆی دەست نیشاندەی خودی ڕێبەرە و ئاڵقەی هەرە داخراوی ڕژیم لە لایەکی دیکەوە ، کارێکی وای کردوە کە بەشی زۆری ئەو کەسانەی کە نیازی خۆ کاندید کردنیان هەیە، لە چاوەڕوانی دا بمێننەوەو ئاڵۆزییەکانی نێو توندئاژۆکانی نێو دەسەڵات ڕۆژ بە ڕۆژ بەرینتر ببێتەوە.

ڕەنگە گەورەترین نیشانەی ئاڵۆزیی هەڵبژاردنی سەرۆک کۆماری لەم دەورەیەدا ئەوە بێ کە تا ئێستاش ئەو کاندیدایانە دیار نین کە زۆرترین شانسی دیاری کردنیان هەبێ. کە سانی وەک ڕەفسەنجانی، خاتەمی و مەشایی لە بەرەی پارێزەرانی ڕژیم دا، کە لە نێو ئاڵقەی تەنگی توند ئاژۆکانی سەر بە وەلی فەقیە جێگایەکیان نیە، تا ئێستاش نەوێراون هەڵوێستی خۆیان ڕوون بکەنەوە. کەسانی نیزیکتر بەدەسگا، وەکو ویلایەتی، قالیباف و حەددادی عادل هەروا خەریکی قەول و بەڵێن بە یەکترن و ئێستاش مەعلوم نییە، کامیان بۆ کامیان دەکشێتەوە و شانسی زۆرتر بە کامیان دەبێ. لەولاوە کەسانێکی وەک موحسینی ڕەزایی، مەنو چهری موتتەکی، مستەفا پور محەممەدی، محەممەد جەوادی با هونەر و یەحیا ئال ئیسحاق نێویان دێ، کە شارەزایانی بواری ڕژیم شانسێکی ئەوتۆیان نادەنێ.

لە نێو بازنەی لایەنگرانی دەوڵەتیش دا، هەرچەند ناوی ڕەحیم مەشایی دێ، بەڵام تا ئێستاش دیار نییە بە ڕاستی کێ نەفەری یەکەمی ئەوانە، یا لە بناغەدا ڕێگایان پێ دەدرێ بە شداری بکەن یا نا. جگە لەوەش وێدەچێ تەنانەت لە نێو ئەو دەستە بازییانەش دا، دیسان ناکۆکی و دەستە بازی هەبێ لە سەر دیاریکردنی کاندیدای یەکەم. بۆیە لەنێو بازنەی لایەنگرانی دەوڵەت دا جگە لە مەشایی ناوی کەسانی وەک سەعیدی جەلیلی، عەلی نیکزاد و باقری لەنکەرانیش دێ.

دەستەبەندییەکانی نێو دەسەڵاتی ئاخوندی هێندە بەربڵاون کە لانی کەم سێ لایەن هەر لە نێو بازنە ی پارێزەرانی نیزام دا بەرچاو دەکەون. لایەنی ئەحمەدی نژاد و دەور بەری، یا بە واتایەکی دیکە لایەنگرانی دەوڵەت، لایەنی ئوسولگەراکانی سوننەتی و لایەنی بە ناو ڕیفۆرمخوازانی سەر بە ڕژیم. ئەو سێ باڵەش لە نیو خۆیان دا دیسان هێندە کۆک نین. لە نێو باڵی توندڕۆ و سوننەتی دا، هێندێکیان دەیانهەوێ ڕەفسەنجانی لە مەیدان بەدەر کەن و هێندێکیان دەیان هەوێ بیپارێزن. لە نیو لایەنگرانی دەوڵەت دا بە شێکیان دەیان هەوێ لە بەرامبەر ئاخوندەکان دا ڕاوەستن، بەشێکیان دەیان هەوێ لە گەڵیان بسازێن. لە بەرەی بەناو ڕیفۆڕم خوازیش دا هێندێکیان وەک خاتەمی دەیانهەوێ داردەستی ڕێبەر بن و بەشێکیان دەیان هەوێ دوور کەونەوە لە بازنەی ڕێبەری.

لە نێو بەرەی بە قەولی خۆیان ئیسلاحات دا، جگە لە خاتەمی و ڕەفسەنجانی، ناوی کەسانی وەک مەسعود پەزشکیان، محمدعلی نجفی، و مستەفا کەواکیبیانیش دێ. دیارە بەرەی بە تەواوی پەراوێزخراوی ئیسلاح تەڵەبی لایەنگری نیزامیش کە بە جوڵانەوەی سەوز ناسران و ئێستا سەرانیان لە دەسبەسەری دا دەژین، وەک موسەوی و کەڕوبی، هەر دەنگیان لێوە نایەو زۆر مەعلوم نییە بەتەمان چ بکەن.

هەرچەند لە هەرسێک ئەو باڵانەی لایەنگری ڕژیم دا کەسانێکی زۆر هەن کە تەماعی ئەوەیان هەیە، خۆ کاندید کەن و ئەو پۆستە بەدەست بێنن، بەڵام ئاڵۆزییەکە ئەوەندە زۆرە کە تا ئێستاش نە کەس دەزانێ گەورەترین شانس بەکێ یە و تەنانەت نە کەسیش دەزانێ نیازی ڕێبەر و دەورو بەرەکەی کێیە. هەر بۆیە ئەوەی تا ئێستا ڕوونە تەنیا ئاڵۆزییەکانە. ئەوەی لە کۆتایی دا چ دەبێ، ئاڵۆزییەکان دەتەقنەوە و سەری ڕژیم دەخۆن، وەک دەورەی یەکەمی ئەحمەدینژاد نەناسراوێک سەر لە سندوقە کانی شوعبەدەبازی وەدەردەنێ، یا ڕێبەر و دەوڵەت دیسان پێکدێنەوە. دەبێ چاوەڕوان بین. بەداخێکی گرانەوە تەنیا شتێکی کە تا ئێستا ڕوونە ئەوەیە، کە خاوەنانی ئەسڵی هەڵبژاردن، واتە کۆمەڵانی خەڵکی ئێران، هەرووک هەمو دەورەکانی بە ناو هەڵبژاردن لە کۆماری ئیسلامی داو تەنانەت وەک هەمو دەورەکانی بە ناو هەڵبژاردن لە مێژووی ئێران دا، هیچ دەسەڵاتێکیان نییە و لە دیاری کردنی ڕێڕەوی هەڵبژاردن بێبەشن.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٤ی ئەپریلی ٢٠١٣

# هەڵبژاردنی سەرۆککۆماری هەم چالشێکی گەورە بۆڕژیم و هەم چالشێکی گەورە بۆ ئۆپۆزیسیۆن

لە کۆماری ئیسلامی دا و تەنانەت لە هەمو ڕژیمەکانی هاوشیوەش دا، لاف لێدان بە دێموکڕاسی و وەڕێ خستنی هەڵبژاردن، یەکێک لە چالشە گەورەکانە. هەرچەند هەمو ئەو جۆرە ڕژیمانە و بەتایبەت کۆماری ئیسلامی بۆ جیهەت دان بە هەڵژاردن و موهەندیسی کردنی پرۆسەی هەڵبژاردن، دەیان پاڵێوەر و ئامرازی کۆنترۆڵیان داناوە، بەڵام ئەو کەمترین خۆڕانانەش بە دێموکڕاسی زۆر جار سەر ئێشەی گەورەیان بۆ دێنێتە پێش و لە پرۆسەی ئیدارە کردنی هەڵبژاردن دا، بچوکترین کەلێن، دەبێتە چاڵێکی گەورە بۆیان. چاڵێک کە جاری وایە هەمو ڕیسەکەیان لێ دەکاتەوە بە خوری و لە گەڵ چالشیکی گەورە بەرەو ڕوویان دەکا. هەروەک ئەو چالشە گەورەیەی کە چوارساڵ لەمەوبەر لە پرۆسەی هەڵبژاردنی سەرۆک کۆماری دا ئێخەی گرتن.

هەڵبژاردنی ئەوساڵیش ڕژیمی لەبەردەم کۆسپێکی گەورە ڕاگرتبو. لە لایەک وەزعی ئابوری وڵات لە ژێر سایەی ئەو حکومەتە ناشەرعییە بێزراوە دا لە گەورەترین قەیران دابو. ڕژیم لە ڕاددەی نێونەتەوەیی دا ئیزۆلە و دۆڕاو بو. لە نێو خودی نیزام دا کەلێنی زۆر گەورەی دووبەرەکی و تەنانەت چەند بەرەکی هەبو.

نێوانی دەوڵەت و هێزەکانی دیکەی ڕژیم، وەک مەجلیس، هێزی قەزایی، سوپای پاسداران و تەنانەت بەیتی ڕەهبەریش لەو پەڕی خەراپی دا بو. سەرۆک کۆمارێک کە بە موهەندیسی کردنی هەڵبژاردنی پێشو و تەنانەت بە کوشتن و زیندانی کردنی موخالیفانی نێو بازنەی نیزامیش بۆ جاری دووەم سەپێنرابۆوە، ئێستا هەر ڕۆژەی لەگەڵ یەکێک لە ئەرکانەکانی ڕژیم کێشەی هەبو و تەنانەت خەتی سوریشی تێپەڕاندبو و لەگەڵ شەخسی ڕێبەری نیزام گرفتی هەبو.

لە حاڵەتێکی ئەوتۆ دا ڕژیم لە بەردەم چەند سەناریۆی نادیار دا گیری کردبو. هەر یەک لە سەناریۆکان گرفتی تایبەتی خۆیان هەبو. هەل و مەرج لەگەڵ ساڵی ٨٨ فەرقی دەکرد و زۆر فاکتۆر بە دژی ڕژیم گۆڕابوون. گرنگترینیان فاکتۆری ئابوری بو کە بە هۆی گەمارۆ بەربڵاوەکانی نێو نەتەوەیی، هاتنە خواری داهاتی نەوت و بەڕێوەبەری هەڵەوە کێشەیەکی گەورەی بۆ گەلانی ئێران و بۆ ڕژیمیش پێکهێنابو. دووەم لە ڕاددەی نێو نەتەوەیی دا ڕژیم دەرگیری چەندین کێشە بو، کێشە لە گەڵ ئەمریکا و وەڵاتانی غەربی، کێشە لە گەڵ وەڵاتانی ناوچە و کێشە لە گەڵ وەڵاتانی ئیسلامیی سوننی مەزهەب.

جگە لەوەش لە ناوخۆدا هێندەی دیکە پێگە و نفوزی ڕژێم هاتبۆ خوارێ و فاکتەرێکی گەورە بە دژی ڕژێم بو. بە هەر حیسابێک ڕژێم نەی دەتوانی ڕیسکێکی بە گەورەیی ڕیسکی ساڵی ٨٨ بکا و بە ئاشکرایی ڕەوەندی خودی هەڵبژاردن موهەندیسی بکا.

بە هەمو ئەو هۆیانەوە کە باسکران، ڕژێمی کۆماری ئیسلامی بۆ شانۆگەری ئەمجارەی هەڵبژاردن دەبو مێتۆدێکی دیکە بدۆزێتەوە و بە ماسکێکی جیاوازتر بێتە مەیدانی ڕوو بەڕوو بوونەوە لە گەڵ کۆمەڵانی خەڵک، کە تا سەر ئێسکان لەو هەل و مەرجە ناڕازی و بێزار بوون. دەبو ڕژێم شانۆگەریەک وەڕێ خا کە بەزاهیر نیشانەی ئەوەی پێوە دیاربێ کە گوێ دەداتە دەنگی ناڕازی و چارەنوسی بەڕێوە بردنی وڵات، لانی کەم لە بەشە ئیجراییەکەی دا، بۆ چوار ساڵی داهاتو، بە ڕەئی کۆمەڵانی خەڵک دەسپێرێ.

دیارە ئەو شانۆ سازییە تازەیە دەبو لە قۆناغی دوای دیاریکردنی کاندیدا کانەوە دەست پێ بکا. دوای ئەوەی کە بەدیققەتەوە تەنانەت لە نێو پارێزەران و دڵسۆزانی خودی نیزام دا، چە ند کەسێکی ئەوتۆ لە فیلتەری نیزام دێننە دەرێ، کە نەک تەنیا بە نیزام، بەڵکو بە ڕێبەر یی نیزامیش وەفادار بن و بچوکترین خەتەریان بۆ سەر بناغەکانی نیزام نەبێ، بە هەمو تواناکانی ڕژێمەوە بۆ وەڕێ خستنی شانۆگەری دەست بە کار بوون. لە حەق نەگوزەرێین، لەو مەیدانەدا بەڕاستی لیهاتوییان لە خۆیان نیشان دا.

یەکەم بەشی شانۆ ئەوە بو کە دوو کاندیدای زاهیرەن ئاڵ و گۆڕخوازیان ڕێگا دا، کە بێنە مەیدان و بە کەیفی خۆشیان ڕەخنە بگرن و قسە بکەن، ئاغایان عارف و ڕوحانی. سێ کاندیدای تاڕاددەیەک بە وەجی بەیتی ڕەهبەری هەبون، ئاغایان قالیباف، ویلایەتی و جەلیلی کە ئەوانیش لە هێندێک بواردا دەبونە ڕەقیبی یەکتر و تەنانەت ڕەخنەی توندیان لە یەکتر دەگرت. دوو کاندیداش کە زۆرتر نەخشی سەرگەرم کردنیان پێ سپێردرابو، ئاغایان حەددادی عادل و غەرەزی بوون کە جار و بار خەڵکیان وە پێکەنین دەخست.

دووەم بەشی شانۆ کەڵک وەرگرتنی زۆر بە بەرنامە لە ڕاگەیەنەرە گشتییەکان بو. تەلەفزیۆنی سەراسەری بە دانانی چەند بەرنامەیەکی تەبلیغاتی، داڕشتنی پرسیاری زۆر جێگای پرسیار و تەنانەت وە دەنگ هێنانی کاندیدا توند ڕەوەکان، هەوڵێکی سەرکەوتوانەی دا، تا وا نیشان بدەن کە بەڕاستی ڕەقابەتێک لە گۆڕێ دایە و خەڵک ئیمکانی هەڵبژاردنی هەیە.



سەرچاوە
Serchawe

**سێهەم چەک** و گەورەترین چەکی ڕژیمیش، هاتنە مەیدانی خودی ڕێبەری نیزام واتە ئاغای خامەنەیی بو، بە مێتۆدێکی تەواو جیاوازەوە لە جارەکانی دیکە. ئەگەر جاران بە ئیسرارێکی زۆرەوە و تەنانەت بە هەڕەشە کردنەوە کاندیدای خۆی دیاری دەکرد و بەرگری لێ دەکرد، ئەمجارەیان ڕایگەیاند کە هیچ کاندیدایەکی نییە و خەڵک دەبێ دیاری بکەن، کە کێ دەبێ وەڵات بەڕیوە بەرێ و چۆنی بەڕیوە بەرێ. جگە لەوە چو دەنێو پێستە ڕوحانییەکەیەوە و تەنانەت داوای لە نەیارانی ڕژیمیش کرد، کە نەک بە خاتری ڕژیم، بەڵکو بە خاتری ئێران بچنە سەر سندوقەکانی ڕەی دان و کاندیدای دڵخوازی خۆیان هەڵبژێرن.

**چوارەم تاکتیکی** ڕژیم ئەوەبو کە زاهیرەن هێزە سەرکوت کەرەکانی ڕژیم خۆیان لە مەسەلەی هەڵبژاردن هەڵنەقورتاند و لە دوورەوە چاوەدێریان دەکرد. بێگومان هەر خەتەرێکیان بۆ سەر نیزام بەدی کردبا دەهاتنە مەیدان و تەنانەت ئامادە بوون چۆمی خوێنیش وەڕێ خەن. بەڵام تا ئەو جێیەی بۆیان کرا، بێ دەنگ بوون.
هەمو ئەو تاکتیکانە بۆ ئەوە بو تا بتوانن کۆمەڵانی خەڵکی ئێران بێننە سەر سندوقەکانی ڕەئی دان و بە دنیای ڕابگەیەنن کە خەڵکی ئێران تا ئیستاش، چارەسەری گرفتەکانی خۆی لە چوارچێوەی نیزام دا دەبینێ و بە دوای ئاڵ و گۆڕی بناغەییەوە نییە و نای هەوێ لە خەباتی بەرئەندازی دا بەشداری بکا. بەڵکو هەمو ئەوەی دەی هەوێ لە کۆماری ئیسلامی دا ئیمکانی هەیە.
دیارە کۆمەڵانی خەڵکی تینوی ئاڵ و گۆڕ و لە هەمان کات دا ماندو لە شۆڕش و بەربەرەکانی گەورە، بە تایبەت ئەوانەیان کە ساغبونەوەیەکی سیاسیان نەبو، ئومێدێکیان پەیدا کرد بەوەی کە لە ئەنجامی ئەو هەمو نابەسامانییە و هەل و مەرجە دژوارەدا کە بە هۆی خودی ڕژیمەوە هاتوەتە ئاراوە، کاربە دەستان بەو قەناعەتە گەیشتبن کە وەرچەرخانێکی نەرم پێویستە و دەبێ ڕەئی خەڵک لە نەزەر بگیرێ. قەول و بەڵێنەکانی ئاغایان، ڕوحانی و عارف لە لایەکەوە و ڕەخنە توندەکانی کاندیدا توند ڕەوەکان لە سیاسەتەکانی ڕابردو لە لایەکی دیکەوە، ئەو هەستەی زۆرتریش بە هیز دەکرد. ئەلحەق ڕژیم توانی شەوق و زەوقێک بدا بە هەڵبژاردن و بەشی زۆری ئەو کەسانەی کە دەیانتوانی دەنگ بدەن، بە ئاکامی هەڵبژاردنە کە دڵ خۆش بکا. لانی کەم ئەو هەستەیان بداتێ کە ئیمکانی کرانەوەیەک لەو فەزا خنکینەرەی کە لە گۆڕێ دایە هەیە و هیوایەک بە چاکتر کردنی باری ئابوری و کۆمەڵایەتی لە گۆڕێ دایە.

هەر بۆیە زۆرینەی ئەو کەسانەی کە مەرجی ڕەئی دانیان تێدا بو بەشداریان کردو کورەی شانۆسازی هەڵبژاردنیان گەرم کرد. دیارە نەک بە تەئید و پشتیوانی لە ڕژیم، بەڵکو بە هیوای ئەوەی کە بتوانن لەو بۆشاییە کەڵک وەرگرن کە ڕژیم بە مەجبوری داویەتی و ئیمکانی ڕەتکردنەوەی سیاسەتەکانی پێشوی هێناوەتە مەیدانی هەڵبژاردن. کۆمەڵانی خەڵک زۆر بە ئاشکرا، لە سەنگەری دژایەتی لە گەڵ ڕژیمەوە، کەڵکیان لە و کەل و پەلە وەرگرت کە خودی ڕژیم دابویە دەستیان و هە ر


سەرچاوە
Serchawe

بۆ ڕاکێشانی سەرنجی ئەوان، ڕێگای دابو ئاغایان عارف و ڕوحانی قەول و بەڵێنی دڵخۆشکەر بدەن. بە کشانەوەی زۆر بە بەرنامەی عارف، ڕاوەستانی ئیسلاح تەڵەبان و ئاغای ڕەفسەنجانی لە پشتی ڕوحانی و جولانی هەستی ڕوناکبیرانی مەسلەحەت خواز و ئێران پەرست و ڕیزبوون لە پشت ڕوحانی، هیوای کۆمەڵانی خەڵکیش ئەوەندەی دیکە زۆر بو. لە ڕاستی دا کلیلی چارسەریان پەیدا کرد. ڕوحانیش زۆر زیرەکانە ئەوەی قۆستەوە و ڕایگەیاند کە ئەو لە جیاتی چەک کلیل بەکار دێنێ و دێ تا گرێ کوێرەکان بکاتەوە و ئێران لەو هەل و مەرجە دژوارە ڕزگار بکا.

بۆیە هەڵبژاردنی خەڵک ڕوون بو. ئاغای ڕووحانی هیوای ئەمجارەبو، هەم بۆ چارەسەری گرفتەکان لەگەڵ دنیای دەرەوە و هەم بۆ ئاوڕدانەوە لە ویستی کۆمەڵانی خەڵک لە نیوخۆی وڵات. تەنانەت کار گەیشتە جیگایەک کە ئاغای ڕوحانی بەڵێنی ئاوڕدانەوە لە ویستی نەتەوەکانی ئێرانیشی داو بە تایبەتی لە گەڵ چالاکانی کورد دانیشت و بەڵێنی پێدان کە سەرنج بدا بە داخوازییەکانیان، ئەگەر بێت و ڕەئیەکانی کوردستان بەدەست بێنێ.
هەمو ئەو هەولانە کارێکیان کرد کە خەڵک لە جیاتی مانەوە لە ماڵەکانیان دا و بایکۆت کردنی هەڵبژاردن، بچنە سەر سندوقەکان و لە یەکەم دەورە دا ئاغای ڕوحانی هەڵبژێرن. هەرچەندە ئەگەر نەچوبانە سەر سندوقەکانی ڕەئی دان و تەنیا لە ماڵەکانی خۆیان مابانەوە، بەڕاستی ڕژیمیان توشی شکستێکی گەورە و چالشێکی گەورەتر دەکرد. سەرەڕای ئەوەش بە بەشداریشیان ڕژیمیان توشی نەو عێکی دیکە لە چالش کردوە. لە ڕاستی دا ئەنجامی هەڵبژاردن هەم چالشە بۆ ڕژیم و هەم چالشە بۆ کۆمەڵانی خەڵکی ئێران و ئۆپۆزیسیۆنی ڕژیم.

چالشی گەورەی ڕژیم و خودی ئاغای ڕوحانی ئەوەیە کە چ دەکا لە گەڵ هەمو ئەو قەول و بەڵێنانەی کە بە کۆمەڵانی خەڵکی ئێران، بە نەتەوەکانی ئێران بە تایبەتی کوردو بە کۆمەڵگای نیونەتوەیی داوە. ئایا بەڕاستی دەتوانێ و ئامادەیە ئەو بەڵێنانە جێ بەجێ بکا؟ ڕێبەر هاوکاری دەکا و توندڕەوەکان لێی دەگەڕێن ئەو ئاڵ و گۆڕانە بکا؟

چالشی کۆمەڵانی خەڵک و ئۆپۆزیسیۆنیش ئەوەیە کە چ دەکەن لە گەڵ دەوڵەتی تازە؟ ئایا بە دوای داخوازییەکانیانەوە دەبن و تەنانەت تا ڕاددەی بەرەنگار بوونەوە، داوای ئەنجامی ڕەئیەکانیان دەکەن؟ ئۆپۆزیسیۆن لەگەڵ ئەو وەزعە تازەی هاتوەتە پێش چ دەکا. ئاڵ و گۆڕ خوازانی نێوخۆ ئەوە بەکار دێنن و دەیکەنە ئامرازی جوڵانەوەیەکی تازە. خەڵک دێننە شەقامەکان و داوای ئاڵ و گۆڕ دەکەن؟ ئۆپۆزیسیۆنی دەرەوە کەڵک لەو دەرفەتە وەردەگرێ و دەچێتە پشت داخوازییەکانی کۆمەڵانی خەڵک و دەی کاتە دینامیزمێک بۆ جوڵاندنێکی تازە. ڕێکخراوە کوردستانییەکان بەڵێنەکانی ڕوحانی دەکەنە ئامرازێک بۆ ورووژاندنی داوا ڕەواکانی خەڵکی کوردستان و مەیدانداریەکی تازە. ئەگەر هەمو ئەوانە نەکرێن، ئەوا ڕژیم سەرکەوتوە بۆ چەند ساڵێکی دیکەش بە خەیاڵی ڕاحەتەوە، مەیدان داری بکا. با ئۆپۆزیسیۆنیش هەر تەحریم بکا و با

بەشی دووهەم

کۆمەڵانی خەڵکیش لە دڵی خۆیان دا هەر ناڕازی بن.

**بۆیە بە ڕاشکاوی دەڵێم ئەنجامی هەڵبژاردن، هەم چالشە بۆ ڕژیم و هەم چالشە بۆ ئۆپۆزیسیۆن.**

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٣١ی جوولای ٢٠١٣



سەرچاوە
Serchawe

## یادێک لە شەهید ئاوارەی هەستیار و شۆڕشگێڕ

لە کاتێک دا ٤٥ ساڵ بەسەر شەهید کرانی ڕێبەر ی بەوەجی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان. شەهید مەلا ئاوارە دا ڕادەبرێ، هێشتا هاوڕێیانی و حیزبەکەی لە مەیدانی خەباتی دژوار دا، درێژە بە ڕێبازەکەی دەدەن و هۆنراوەکانی دەڵێنەوە. شەهید مەلا ئاوارە تەنیا شۆڕشگێڕ نەبوو، بەڵکوو هونەرمەند و هەستیاریش بوو. لەبەر ئەوەی کە لە بنەماڵەیەکی خوێندوار و ئایینی لە دایک بوو، زۆر زوو توانی فێری خوێندن و نووسین بێ.

هەر زوو هەستی هونەری بزووت و توانی لە نێو دڵی کۆمەڵانی خەڵک دا جێگای خۆی بکاتەوە. هێشتا تەمەنی زۆر کەم بوو کە خەڵکی پرس و ڕایان پێ دەکرد و کەڵکیان لە بیرو بۆچوونەکانی وەر دەگرت.

هەر بۆیە لەلایەن باوکیەوە خرایە بەر خوێندن و لە پێش دا هێندێک کتێبی فارسی و قورئانی لە لای باوکی خوێند. پاشان بۆ درێژەدانی خوێندن ڕووی لە حوجرەی مزگەوتەکانی کوردستان کرد، کە لەو سەردەمە دا تەنیا سەرچاوەی زانیاری لە دێهاتەکانی کوردستان بوون.

ئاوارە مرۆڤێکی بە هەست و کۆمەڵاتی بوو. زۆر زوو ئاگاداری گیرو گرفتەکانی خەڵک دەبوو، بە دیتنی زوڵم و زۆر دەڕەنجا و هەوڵی دەدا یارمەتی هەژارانی کۆمەڵگا بدا. ئاوارە ڕەنج و ئازاری هەژارانی کوردستانی بە شێعر دەردەبڕێ. ئەو بە زمانی کۆمەڵانی خەڵک هۆنراوەی دەهۆندەوە. بۆیە شێعرەکانی زمانە و زمان دەگەڕان و لە گوێی گەورە و بچوکی خەڵکی کوردستان دا دەزرینگانەوە. شێعرەکانی ئاوارە ئاوێنەیەکی باڵانوین بوون لە نیشاندانی ژیانی پڕ چەرمەسەری گەلی کورد دا. ڕێ نیشاندەر بوون بۆ بەربەرەکانی لە گەڵ زۆرداران و فێنک کەرەوەی دڵی هەژاران بوون لە کاتی تەنگانە دا.

ئەو لە (هاورای توتنەوانێکی ناوچەی سەردەشت) دا توانیویەتی دەرد و مەینەتی زەحمەتکێشانی کوردستان دەست نیشان بکا.

توتنەوانێکی هەژارم
بێ خانوو بێ زەوی و زارم
بێ پول و پارە، بزن و مەڕ
دوورم لە خێر، نیزیک لە شەڕ

**لە (کوردم کوردستانم دەوێ) دا ئامانجی گەلەکەی زۆر باش پێکاوە.**

**کوردم کوردستانم دەوێ**
**هیوای بەرزم قەت نانەوێ**
**بەرزە هیوام بۆ نیشتمان**
**پەیمان بەستم لە گەڵ یەزدان**
**دەست هەڵناگرم لە تێکۆشان**
**تاکوو دەچمە ڕیزی گەلان**

**----------------**

**لە (لایە لایەی دایکێکی دڵسۆز بۆ کورپە ساواکەی) دا بە قووڵایی دەروونی ژن و پیاوی کورد دا چووتەخوار.**

**ڕۆڵە کورپەکەم ئارامی گیانم**
**خونچەی گوڵزاری باغچەی ژیانم**
**جگەر گۆشەکەم بەرهەمی ژینم**
**سەروەت و ماڵم، ئایین و دینم**
**هێزی تەوژمم، بینای چاوانم**
**هاودەنگی بەزمی ڕۆژ و شەوانم**
**ڕۆڵە گیان مەگری، مەگرە بەهانە**
**بنوو درەنگە، بەری بەیانە**
**هەی لایە لایە ڕۆڵە لای لایە**
**کوێر بێ ئەو چاوەی بە تۆ هەڵنایە**

لە (ڕەشبگیری) دا خەباتی ساردی گەلی کورد دژی داگیرکەرانی نیشان داوە. لە (گەشتی ناوچەی ئالان) دا جوانی سروشتی کوردستان و خۆشەویستی نیشتمان لە دڵی گەلی کورد دا دێنیتە گۆڕێ و لە گەڵێک هەڵبەستی تر دا بۆ گەلەکەی دەخوێنێ.

ئاوارە هێندە زوو لە گەڵ دەرد و مەینەتی گەلەکەی دا ئاشنا بوو کە هەر لە تەمەنی لاوی دا ڕێگای سیاسەتی گرتەبەر و بوو بە ئەندامی حیزبی دێموکراتی کوردستان، ئەو لەم سەنگەر دا بە تەواوی وجودی خۆیەوە تێدە کۆشا. وێڕای دەرس خوێندن تەبلیغاتی سیاسیی بۆ خەڵک دەکرد و تەشکیلاتی نەهێنی پێک دێنا. ئەو ببوو بەیار و یاوەری هەژارانی کوردستان.

بە گوندەکان دادەگەڕا و بۆ بەرگری لە مافی خۆیان هانی خەڵکەکەی دەدا، ئەوانیش ڕێزیان دەگرت. پرس و ڕایان پێ دەکرد و وەک ڕێبەرێک چاویان لێ دەکرد. ئەو هێندە بە شێوەیەکی بەربڵاو کاری دەکرد، کە شاردنەوەی خەباتەکەی دژوار ببوو. بەخۆی وگوچانیکەوە بە گوندەکان دا دەگەڕا، بە تایبەت دوای هەڵگیرسانی شەڕ لە باشووری کوردستان، بەئاشکرا پشتیوانی لێ دەکرد و یارمەتی کۆ دەکردەوە. پاش وەڕێ خستنی کاروانی گەورەی یارمەتی بەرەو باشووری کوردستان، ڕژیمی پاشایەتی ئاگاداری هەڵس و کەوتەکانی بوو بە دوای دادەگەڕا. ئەویش بەناچاری رووی لە باشوور کرد و لە لای مەکتەبی سیاسیی پارتی دێموکراتی کوردستان لە نیزیک گوندی مالومە گیرسایەوە. چەند ساڵێک هاوڕێی خەبات بوو لە گەڵ سەرکردەی خواڵێخۆشبوو مامۆستا برایم ئەحمەد و بەرێز مام جەلال سەرۆک کۆماری عێراق.

پاش تێکۆچوونی مەکتەبی سیاسیی پارتی لە گەڵ سەرۆک بارزانی لە ساڵی ١٩٦٤ دا، ئاوارە و چەند کادریکی دیکەی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان بە ناچار گەرانەوە نێو خۆی رۆژهەڵاتی کوردستان و دیسان بە خۆ و گۆچانیکەوە، خۆی لە نێو دەریای کۆمەڵانی خەڵک هاویشتەوە. هەر لەو کاتە دا پەیوەندی گرت بە بەشێک لە ڕێبەرایەتی حیزبەوە کە لەو کاتە دا لە ناوچەی پشدەری باشووری کوردستان نیشتەجی بوون و خەباتی خۆی لە گەڵ ئەوان لێک گرێ دا. دوای ئەوەی کە کۆمەڵێک لە کادرەکانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لە ژێر ڕێبەرایەتی کۆمیتەی شۆڕشگێڕی ئەو حیزبە دا روویان لە نێو خۆی وڵات کردەوە. شەهید ئاوارە وەک یەکێک لە چالاکترین ئەندامانی ئەو کۆمیتەیە بەرپرسایەتیی ناوچەی سەردەشتی وەعودە گرت و هێندە بە رێک و پێکی کاری کرد کە تا ئەم ساڵانەی دوایش ئاسەواری ڕێکخستن و کاری تەشکیلاتی ئەو هەر ماوەتەوە وئەو پیگە گەورەیەی کە ئەو بۆ بیروباوەڕی ڕزگاریخوازیی و کوردایەتی پێکی هێنابوو، ئیستاش لەو ناوچەیە هەر ماوە.

بەداخێکی گرانەوە پاش هەژدە مانگ خەباتی قارەمانانە، بە شەهید بوونی زۆربەی ڕێبەرانی، جووڵانەوەی ساڵەکانی ٤٦ ١٣٤٧ شکستی هێنا. شەهید ئاوارەش دوای ئەوەی بەهۆی خەیانەتی چەند خۆفرۆشێکەوە لە گوندی دیوالانی ناوچەی سەردەشت لە داو خرا و لە گەڵ دوو هاوڕێی دیکە بە ناوەکانی: مەلا کەچە و رەحمانی وەتمان چاوشین، دوای چوار مانگ ئازار و ئەشکەنجەی وەحشیانە هەر سێکیان لە رۆژی ١١ی مانگی خەرمانانی ساڵی ١٣٤٧ (٢ی سیپتامبری ١٩٦٨) دا لە لایەن ڕژێمی جینایەتکاری حەمەرەزا شاوە لە شاری سەردەشت تیرەباران کران.

یادیان بەرز و ڕێگایان پڕ ڕێبوار بێ.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٣ی سێپتەمبەری ٢٠١٣



سەرچاوە
Serchawe

# ئاسۆیەکی تازە بۆ داهاتوی کورد

ئاڵو گۆڕەکانی ئەم دواییانەی جیهان بە گشتیو ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بە تایبەتی، ئاسۆیەکی تازەی بۆ بوژانەوەی کورد لە ئاستی نەتەوەییدا لە گەڵ خۆی هێناوە. هەمو ئەو ئاڵوگۆڕانەی کە لە چەند مانگی ڕابردوو دا لە پەیوەندییەکانی نێوان گەلانی جۆر بەجۆری دنیادا هاتونە ئاراوە، وێنای دەرفەتو هەلی تازە دەکێشن بۆ گەلانی ژێردەست بەگشتیو گەلی کورد وەک گەورەترین نەتەوەی ژێردەست بەتایبەتی.

ڕاپەڕینی خەڵکی دوورگەی کریمە لە ئۆکراینو سەپاندنی ئەنجامەکانی ڕیفڕاندۆم بۆ چوونەوە سەر خاکی ڕووسیا، سەرەڕای نارەزایەت وڵاتانی ئەمریکاو ئوروپا و بە خشکە قەبووڵ کردنی ئەو مەسەلەیە وەک ئەمری واقیع، ئەوەی سەلماند کە کۆمەڵە خەڵکێکی دانیشتووی سەر نیشتمانێکی دیاریکراو، هەر ئارەزوویەکیان هەبێ، دەتوانن بیسەپێنن بەو مەرجەی زۆربەی دانیشتوانی ئەو نیشتمانە هەم لە خەباتو هەم لە ویستەکانیاندا هاوبەشی بکەن. هەر گەلێک بە ڕاددەی ئەو بەشدارییە جەماوەریە دەتوانێ ویستەکانی خۆی بە دەست بێنێ کە تێیدا بەشداری دەکەن. قەرارو مەدارە نێو دەوڵەتییەکان کە لە ڕاستیدا هەروەڵاتەی لە چاویلکەی قازانجەکانی خۆیەوە بۆیان دەڕوانێ، بە هیچ شێوەیەک ناتوانن ڕێگر بن لە بەر دەم ئیرادەو ویستی گەلێکی دیاریکراو. لە ڕاستی ڕیفڕاندومی کریمە نیشانەی کاریگەریی ویستی جەماوەرە لە سەپاندنی ویستەکانی خۆی دا.

مەسەلەیەکی دیکە کە لە ماوەی ساڵی ڕابردوو دا بە تەواوی خۆی نیشاندا، ئەوەیە کە هیچ گەلێک بە ئامانجەکانی خۆی ناگا ئەگەر چاوەڕوان بێ هێزی دەرەکی بە هانایەوە بێنو ڕزگاری کەن. دیارە ئەوە مەسەلەیەک نییە کە تەنیا لە ماوەی ساڵی ڕابردودا دەرکەوتبێ، بگرە بە درێژایی مێژوو هەر وابوە. نەتەوەیەک بۆخۆی ئەگەر لە مەیدان نەبێ، هیچ هێزێک حیسابی بۆ ناکا. لە مەیدان بوونیش واتە نیشاندانی ئەو پتانسێلو هێزەی کە ئەو نەتەوە لە خۆی دا کۆ کردوەتەوە. هێزی بالقوە، پێویستە بگۆڕدرێ بە هێزی بالفعل، تا دۆست و دوژمن حیسابیان بێتە دەست. هیچ هێزێک ئامادە نییە سەرمایە گوزاری لەسەر توانایەکی نادیار بکا. چ سەرمایە گوزاریی سیاسی بێو چ سەرمایەگوزاریی ئابووری، دەبێ لە پێش دا زەمینەی دیارو لەباری بۆ برەخسێنرێو بەر لە هەمووشتێک لە لایەن خانەخوێوە دامەزراوەی بۆ دابنرێ. ئەو حیسابەی کە ئەمڕۆ بۆ باشووری کوردستان دەکرێ، بەر لە هەمووشتێک بەرهەمی ئەو سەباتو ئەمنییەتو هێزەیە کە کورد بۆ خۆی پێکی هێناوە. بوونی هێزی پێشمەرگە، حیزبە خەباتگێڕەکان و هەستی نەتەوەیی لە وڵاتەکەدا، ئیعتیبار و توانای داوە بەو بەشە لە کوردستان تا وڵاتانی دنیا هان بدا، سەرەڕای وەزعی ئاڵۆزی عێڕاق بە گشتی، حیسابێکی تایبەتی بۆ

کوردستان بکەن.

کورد پێویستە بە گشتی نرخی ئەو دەسکەوتانە بزانێ کە تا ئێستا بە خەباتێکی دژوار و قوربانیەکی بێ ئەژمار بە دەستی هێناون. هەروەها پێویستە بە ڕاددەی توانای خۆی، باوەڕبە خۆبوونیشی زیاد بێ و چیدیکە وەک قوربانی و لێقەوماو لە گەڵ دەور و بەری خۆی مامەڵە نەکا.

ئەنجامەکانی ئەو بزووتنەوانەی بە ناوی بەهاری عەرەبیەوە ناوبانگیان دەرکردو لە کۆتاییدا بە کێشەی نێوان دوو کلتووری جیاوازی کۆنە پارێزیو دێموکڕاسیخواز کۆتاییان هاتو لە زوربەی ولاتە عەرەبییەکاندا بەربەرەکانیەکی توند بەینی ئەو دوو کلتورە هاتە ئاراوە، نیشانیدا کە دەکری خەباتی کوردو مێژووی خەباتی کورد ببێتە یەکەمین تاقیکردنەوەی سیستمی دێموکڕاسی لە هەمو ڕۆژهەلاتی نێوەڕاست داو لە کۆتاییدا کورد بەرێتە ئاستی نەتەوە دێموکڕاتو پێشکەوتووەکان. هەرچەند لە ئاستی کوردستانیش دا هەر ئەو دوو کلتووریە بوونی هەیەو بەربەرەکانی لە نێوان کۆنە پارێزیو دێموکڕاسیخوازیدا لە زۆربەی ئاستەکاندا درێژەی هەیە، بەڵام نیشانەکانی زاڵبوونی ویستی دێموکڕاسیخوازی بەسەر ویستی کۆنە پارێزیدا بە تەواوی دیارن. ئەوە کارێکی کردوە کە ئەزموونی خۆبەڕێوەبەریی کورد، ببێتە تاقیکارییەکی بە نرخ بۆ سەقامگیربوونی دێموکڕاسی لە ناوچەی پڕ تەنگو چەڵەمەو دیکتاتۆری لێدراوی ڕۆژهەلاتی نێوەڕاست دا. نەتەوەی کورد بەگشتی پێویستە شانازی بەو ڕۆڵەوە بکاو بە هەموو تواناوە هەوڵ بدا تا بیسەلمێنێ کە گەلێکی دێموکڕاسیخواز، ئاشتیخوازو پێشکەوتنخوازە و دەکرێ ببێتە هاوپەیمانێکی باوەڕپێکراو لە ناوچەکەدا بۆ هەموو هێزە دیموکڕاسیخواز و ئازادی خوازەکان لە ناوچەدا.

پێویستە کورد ئەم گرنگە وەک پرۆژەیەکی نەتەوەیی ببینێو لە هەنگاوە سیاسی، ئابووری، ئەمنییەتیو کۆمەڵایەتیەکانی خۆیدا حیسابی بۆ بکا. هەربەو پێیەش دەبێ دۆستو دوژمنی خۆی بە باشی بناسێو هەڵسوکەوتو پەیوەندییەکانی خۆی لەسەر بناغەی ئەو مەسەلەیەو قازانجە نەتەوەییەکانی خۆی تەنزیم بکا. بە تایبەت کە هەروەک پێشتر ئیشارەمان کرد لە ناوچەکەدا، چەندین هێزی کۆنە پارێزو دژی کورد چالاکنو هێندێکیشیان دوژمنێکن کە کەوڵی دۆستیان بەسەر خۆیاندا داوە. لە ڕاستیدا کورد لە ناوچەکەدا دۆستی ڕاستە قینەی زۆر کەمنو ئەوانەی چاویان بە پێشکەوتن و بوژانەوەی کورد هەڵدێ زۆر دەگمەنن.

هەر بۆیە نەتەوەی کورد دەبێ وشیار بێ لە هەڵسوکەوتی لە گەڵ هێزەکانی وەک کۆماری ئیسلامی، داعش، ڕێژیمی ئەسەد، تورکیە، حکوومەتی مالکی، ولاتانی عەرەبیو تەنانەت باسکە درێژەکانی هێزە دەرەکیەکان لە ناوچەکەدا. هیچ لایەنێک

لەو لایەنانە بەدەر لە قازانجەکانی خۆی ناجووڵێتەوەو ناکرێ بێ هەڵسەنگاندن لێکدانەوە مامەڵەی لەگەڵ بکرێ. لەهەر پەیوەندییەک لەگەڵ ئەو هێزانەدا پێویستە قازانجی گشتی هەموو نەتەوەی کوردو ئەمنییەتی نەتەوەیی لەبەرچاو بگیرێ. تەنانەت دۆستایەتییەکانی ڕابردوو هاوسەنگەر بوون لە ڕابردوو دا نابێ لەم سەردەمەدا دیاریکەر بن. قۆناغێکی تازە لە مێژووی کورد دا هاتوەتە ئاراوە کە تێیدا کورد خاوەنی هێزی نیزامیی مۆدێرن، پەیوەندیی نێونەتەوەیی، دام و دەزگای خۆ بەڕێوەبەری، دامەزراوەی ئابووریو بەرهەمی خۆماڵی بەتایبەت دەرهێنانو پالاوتنی نەوتە. کورد چیدیکە لێقەوماوو دەربەدەرو پەنابەری وڵاتانی دەور و بەر و دەرەوە نییە. ڕەوا نییە ئێستاش خۆی هەر لەو چوارچێوەیەدا ببینێ و بۆ چارەسەری کێشەکانی مەزلومانە ڕوو بکاتە ئەو ناوەندانەی کە دایم خەریکی داڕشتنی گەلاڵە و پلانی لە نێو بردنی دەسکەوتەکانی ئەون.

لە هەمان کات دا حەق نییە بچێتە ژێرباری داسەپاندنی سیاسەتی هێچ وڵاتێکەوە. بۆ مەسڵەحەتی وڵاتان و بە ئامۆژگاریی وڵاتان و بە بەهانەی یارمەتیکردن بە سەقامگیری ناوچەکە، یا پاراستنی نەخشەی جوغرافی و سیاسیی ناوچەکە، دەست لە قازانجەکانی خۆی هەڵگرێو بە داهاتوویەکی نادیاریان بسپێرێ، لەسەر بناغەی قەوڵو بەڵێنی سەر کاغەز یا بەڵێنی فڵانو فیسار وڵاتی بە زاهیر دۆست. لەو پەیوەندییە دا گرنگترین مەسەلەی ڕۆژ هێنانەوەی ناوچە دابڕێنراوەکانی باشووری کوردستانە بۆ سەر هەرێمی باشووری کوردستانو لەویش گرنگتر پێکهێنانی کۆنگرەی نەتەوەیی کوردە بۆ پاراستنی هەموو دەسکەوتەکانی نەتەوەیی، بەدەستهێنانی مافی نەتەوەیی بۆ هەموو کوردستانو دابین کردنی ئەمنییەتی نەتەوەیی.

لە ژمارە ٦٣٤ی ڕۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢١ی جوونی ٢٠١٣



سەرچاوە
Serchawe

## وتار لە ڕێوڕەسمی یادی ٢٥ ساڵەی شەهیدانی ڤییەن، لە وڵاتی نۆرویژ

**بەڕێزان نوێنەرانی حیزب و ڕێکخراوە سیاسیەکان!**
**بەڕێزان کەسایەتییە سیاسی، فەرهەنگی، هونەری و کۆمەڵایەتییەکان!**
**بەڕێزان ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان!**
**بەشدار بوانی بەڕێز!**

لە دەوری یەک کۆبوینەوە تا یادی کارەساتێکی دڵتەزێن بکەینەوە کە تێیدا ڕێبەرێکی بێ هاوتای حیزبی دێموکڕاتی کوردستان و نەتەوەی کورد شەهیدی ڕێبەر دوکتور عەبدولڕەحمانی قاسملو، هاوڕێ لە گەڵ دوو کەسایەتی هەڵکەوتوی دیکەی حیزبی دێموکڕات وکورد کاک عەبدوڵڵا قادری ئازەر ئەندامی کومیتەی ناوەندی و نوێنەری حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لە دەرەوەی وڵات و دوکتور فازل ڕەسوڵ کەسایەتی سیاسی کوردی باشووری کوردستان بوونە قوربانی لە ڕێگای وەدەستهێنانی مافە ڕەواکانی گەلەکەمان و لە ڕێگای ئاشتی، ئازادی و دێموکڕاسی دا بۆ کوردستان و دەراوسێکانی کوردستان. لە لایەن حیزبی دێموکڕاتی کوردستانەوە سپاستان دەکەم کە لە یادی ٢٥ ساڵەی ئەو بیرەوەرییە تاڵە دا لە گەڵمان بەشدارن. بێگومان ئەو یادە تاڵە هەم بیرەوەریەکی ناخۆشە بۆ هەمومان و هەم ورەمان بۆ درێژەدانی ڕێگای شەهیدانی ڕێبەری وەک قاسملو پتەوتر دەکا. بە پێویستی دەزانم وێڕای ناردنی سڵاوێکی بەتین بۆ ڕوحی پاکی هەمو شەهیدانی کوردستان بەگشتی و شەهیدانی ئەو کارەساتە دڵتەزێنە بە تایبەتی، باسێکی کورد لەسەرچۆنیەتی خۆ پێگەیاندن و هەوڵ و تێکۆشانە سیاسیەکانی شەهیدی ئاشتی و شەهیدی ڕێبەر دوکتور قاسملو بکەم.

عەبدولرەحمان قاسملوو ساڵی ١٩٤٥ - ١٣٢٤ تێکۆشانی سیاسیی خۆی بە دامەزراندنی یەکیەتیی لاوانی دێموکرات لە شاری ورمێ دەست پی کرد. ساڵی ١٣٢٥ کۆماری کوردستان لە مەهاباد رووخا. بە دوای ئەو دا ئەویش بۆ خوێندن چووە تاران. ساڵی ١٣٢٧ بۆ درێژە پێدانی خوێندن چوو بۆ پاریس پایتەختی فەرانسە. گەیشتنی بە پاریس هاوکات بوو لەگەڵ تەقە کردن لە شا لە زانستگەی تاران (٢٥ی رێبەندانی ١٣٢٧) کە بوو بە هۆی لە نێو چوونی ئەو نیمچە ئازادیە دێموکراتیانەی کە هەبون لە سەرانسەری ئێراندا. بەو بۆنەیەوە کۆبوونەوەیەکی بەرینی خوێندکارە ئێرانیەکان لە پاریس پێک هات کە لەوێ دا عەبدولرەحمان قاسملوو بە درێژی لە دژی شاو رێژیمەکەی قسەی کردو لە ئاکام دا خوێندکاران پەیامێکی ئیعترازییان بۆ حەمە رەزا شا نارد. ئەم کارە بوو بە هۆی فشاری باڵیۆزخانەی ئێران لە پاریس، تەنانەت لە لایەن حکوومەتی فەرانسە وە بۆ سەر قاسملوو. سەرئەنجام ناچار بوو پاریس بە جێ بهێڵێو وەک یەکەم بوورسیەی ئێرانیی

"یەکیەتیی نێونەتەوەیی خوێندکاران" چوو بۆ پراگ پێتەختی چیکوسلۆواکی. هەر لەو ماوەیەدا کە لە فەرانسە بوو، بە هاوکاریی چەند خوێندکاری دیکەی کورد "کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئورووپا"یان دامەزراند. دوکتور قاسملو هەرچەند لە دەرەوەی وڵات بو، بەڵام هەرگیز پەیوەندی خۆی لە گەڵ جوڵانەوەی کورد و حیزبی دێموکراتی کوردستان نە پچڕاند. لە ڕێکخستنەوەی تەشکیلات حیزب دا و بە تایبەت لە بوژانەوەکانی ساڵی ١٣٣٢ دا نەخشی بەرچاوی هەبو. لە دەرەوە ڕا پەیوەندی هەبو لە گەڵ جوڵانەوەی ساڵەکانی ١٣٤٦ - ١٣٤٧ و پەیوەندی موکاتەبەیی لەگەڵ بەرپرسانی ئەو جوڵانەوەیە وەک سولەیمانی موعینی و مەلا ئاوارە و حەمەدەمینی سیراجی هەبو. لە ساڵی ١٩٦٩ی میلادیشەوە و لە کۆنفرانسی ٣ وە بە کردەوە حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی ڕێبەری کردو بە هەوڵ و تێکۆشانی ئەو حیزب هەنگاوێکی گەورەی بەرەو نوێبونەوە، پێکهێنانی تەشکیلاتێکی بەهێزو دیپلۆماسیەکی بەهێزی نێونەتەوەیی هاویشت. لە شۆڕشی گەلانی ئێران دا بە ڕێبەرایەتی دوکتورقاسملو، حیزب توانی ڕۆڵی سەرەکی لە ڕۆژهەلاتی کوردستان و تەنانەت ئێران ببینی. وەک یەکەم ڕێبەری کورد توانی کاندید بێ و هەڵبژێدرێ بۆ مەجلیسی پسپۆڕانی ئێران. توانی لە هەنگاوەکانی  وتوویژ دا نەخشی یەکەم بگێڕێ، لە کاتی شکستهێنانی وتوویژی ئاشتی و هێرشی دڕندانەی کۆماری ئیسلامیش دا وەک ڕێبەرێکی کارامە بۆ بەرگری لە گەلەکەی دەرکەوێ. دوکتور قاسملوو توانی پەیوەندییەکی دیپلۆماسی بەهێز لە گەڵ دنیای دەرەوە پێک بێنێ و لەو هەموو گرژی و ئاڵۆزیانە دا کە لە ناوچە پێکهاتن و بەو هەموو گرفتانەشەوە کە بۆ حیزبی دێموکڕاتی کوردستان و گەلی کورد هاتنە پێش، فەرمانی حیزب و شۆڕش بە جۆرێک هیدایەت بکا، کە ئێستاش ئێمە بێسڵێینەوە بتوانین شانازی بە ڕابردوی حیزبەکەمانەوە بکەین. حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لە ژێر ڕێبەرایەتی ئەودا تەنانەت یەک هەڵوێستی سیاسی ئەوتۆشی نەبوو کە مەجبوربین بیشارینەوە، یا بە حەزەرەوە باسی بکەین. دیارە دەبێ ئەوە بڵێم کە ڕەنگە تەنانەت لە ژێر ڕێبەرایەتی ئەو گەورە ڕێبەرەش دا هەڵەی تەشکیلاتی و بڕیاری هەڵە درابێ، کە ئەوەش لە کاری سیاسی دا ڕوو دەدا. بەڵام لە گەڵ هەموو هەڵەکانیش دا حیزبی دێموکڕاتی کوردستان دەتوانێ شانازی بەو سەردەمەیەوە بکا کە شەهید دوکتور قاسملو ڕێبەری بوو.

بە داخێکی گرانەوە ڕۆژی ٢٢ی پووشپەری ساڵی ١٣٦٨(١٣ی ژوئیەی ١٩٨٩) لە کاتێکدا بۆ دۆزینەوەی ڕێگای چارەسەری ئاشتیخوازانەی مەسەلەی کورد لە ئێراندا لەگەڵ چەند نوێنەری حکوومەتی کۆماری ئیسلامی لە وییەن لە سەر مێزی وتوویژ دانیشتبوون، مامۆستای ڕێبەر دوکتور قاسملوو لەگەڵ هاوڕێی تێکۆشەر کاک عبداللە قادری ئازەر ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیو نوێنەری حیزب لە ئورووپا و دوکتور فازل ڕەسووڵ کوردی باشووری کوردستان و مامۆستای زانستگە لە وییەن بە دەستی بە ناو نوێنەرانی دەوڵەت بۆ وتوویژی ئاشتی، شەهید کران.

ئەو تیرۆرە تەنیا دژی حیزبی دێموکڕات و دوکتور قاسملوو نەبوو، بەڵکو لە هەمان کات دا دژایەتییەکی کوێر و ڤین

لەدڵانە بوو لە گەڵ ئاشتی، دێموکراسی و ئازادی. ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لە چەند بواردا دوژمنی سەر سەختی دوکتور قاسملو بوو. ڕژیم دژی کەسایەتییەک بوو کە لە لایەکەوە گەورەترین هێزی نەتەوەیی، مافخواز، دێموکڕاسیخواز ، پێشکەوتوو و شۆڕشگێڕی ڕێبەری دەکرد. لە لایەکی دیکەوە دیارترین کەسایەتی سیاسی، ئاشتیخواز، دێموکڕاسیخواز، بە توانا لە بواری زانستی دا و بە ناوبانگ لە دیپلۆماسی و پەیوەندی دا بوو.

جێگای خۆیەتی ئیشارە بەوە بکەم کە زۆر کەسایەتی کورد و غەیرە کورد لە سەر دوکتور قاسملووی نەمر هەر ئەو بۆچونەیان هەبوو. کە دەتوانین لێرەدا ئیشارە بە مادام میتران کە کەسایەتیەکی گرنگی فەڕانسەیی و هاوسەری فرانسوا میتران سەرۆک کۆماری پێشوی فەرانسە، دوکتور بێرنارد کۆشنەر وەزیری دەرەوەی پێشووی وڵاتی فەڕانسە،کارڵ جێچ هاو خوێندکار و هاوکاری دوکتور لە زانستگای پراگ، تۆماس هامابێری سوئێدی، دوکتور ئیسماعیل بێشکچی، دوکتور مەحموود عوسمان کەسایەتی سیاسی باشووری کوردستان، پێیەر مۆروا، سیاسەتوانی فەڕانسەیی، دوکتور کەندال نزان کەسایەتی سیاسی باکووری کوردستان، کریس کۆچێرا ڕۆژنامەوانی بەناوبانگی فەڕانسەیی، دوکتور بێرنارد گرانژۆن فەڕانسەوی، سەلاح بەدرەددین کەسایەتی سیاسی ڕۆژئاوای کوردستان و زۆر سەرکردە و کەسایەتی دیکەی کورد و غەیرە کورد بکەین.

دوکتور قاسملو ئەو تاقیکردنەوە، زانست و پایەگا گەورەیەی لە خۆڕا بەدەست نەهێنابو. هەم لە بنەماڵەیەکی ناودارو کوردپەروەر لە دایک ببوو، هەم لە تەمەنێکی زۆر لاودا ڕێگای خەبات و تێکۆشانی گرتبۆ بەر. بۆ خۆی لەم بارەیەوە لە کتێبی "چل ساڵ خەبات لە پێناوی ئازادی"دا لە باسی سەفەری ٣٠ کەس لە کوردەکان بۆ باکۆ لە سەر بانگهێشتنی دەوڵەتی شوورەوی، دەنووسێ :"هەر چەند ئەو کاتە من تەمەنم یازدە ساڵ بوو، بەڵام وەک زۆر منداڵی ئەو سەردەمە سیاسەت سەرنجی ڕاکێشا بووم.

بابم یەکێک لە ئەندامانی ئەو هەیئەتە بوو. زۆر باشم لە بیرە کە لە باکۆ هاتەوە چەندین تاقەندی لەگەڵ خۆی هێنابوو، تا ڕڕێکی باشیشی پێ بوو. وادیارە سۆڤیەتیەکان قەندو تفەنگو شتی دیکەیان بە دیاری دابوو بە هەموو ئەندامانی هەیئەت. قەند بە تایبەتی زۆر بە نرخ بوو، چونکە ئەو کاتە لە ئێران زۆر کەم و گران بوو. من ئەو کارەم زۆر پێ سەیر بوو، چونکە لە ماڵی ئێمە براکانم و ئامۆزاکانم کە لە من گەورەتر بوون، باسی ئەوەیان دەکرد کەبابم لەگەڵ چەند کەسی دیکە چوون بۆ باکۆ حەقو ئازادیی کوردان داوا بکەن. بۆیە ڕاستو ڕەوان لە بابم پرسی: ئەدی مافی کوردان چی لێ هات؟"

هەربۆیە کۆماری ئیسلامی لە تێرۆڕی دوکتور قاسملوی نەمر دا چەندین ئامانجی تاقیب دەکرد. دیارە ئامانجی سەرەکی لە

ناوبردن، یا لاواز کردنی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان و لەو ڕێگایەشەوە بە چۆکداهێنانی جووڵانەوەی ڕزگاریخوازی خەڵکی کوردستان بوو. ئامانجێکی دیکەی کۆماری ئیسلامی لەناوبردنی کەسایەتیەکی سیاسی ئاشتیخواز و دیپلۆمات بوو کە بە شێوەیەکی زانستی، مرۆڤدۆستانە و لە چوارچێوەی مەنشور و بڕیارنامە نێودەوڵەتییەکان دا، بە چەندین زمانی زیندووی دنیا، دەیتوانی جینایەتەکانی کۆماری ئیسلامی و پێشێلکاریەکانی بواری مافی مرۆڤ لە کۆماری ئیسلامی دا، لە هەموو دنیا لە قاو بدا. لە لایەکی دیکەوە دوکتور قاسملوو و ئەو حیزبەی کە دوکتور قاسملوو ڕێبەری دەکرد، لەو سەردەمەدا ببوونە پێشەنگی جووڵانەوەی ئازادیخوازی لە سەرانسەری ئێران دا. لە هەموو پانتایی ئێرانەوە ئازادیخوازان ڕوویان لە حیزبی دێموکڕات و دوکتور قاسملوو دەکرد. لە ڕاستیدا بەرهەڵستکاری سەرەکی کۆماری ئیسلامی و نیزامە دژی مرۆییەکەی کۆماری ئیسلامی دوکتور قاسملوو و حیزبەکەی بوون. هەروەها تیرۆڕی دوکتور قاسملوو بە ئامانجی تیرۆڕی بیر و بۆچوون و هزری دوکتور قاسملوو بوو. بیر و بۆ چونێک کە بە پێچەوانەی ڕێژیم، بە شێوەیەکی مۆدێرن هەوڵی دەدا عەقڵییەتی لیبڕاڵ، فرەحیزبی و دێموکڕاتیک لە کۆمەڵگای کوردستان و ئێران دا نەهادینە بکا و پێکەوە ژیانی ئاشتیخوازانە بکاتە مۆدێلی ژیان لە ئێران و کوردستان دا. ئەوەش دیارە بە تەواوی دژی مۆدێلی ویلایەتی فەقیهی کۆماری ئیسلامی بوو کە تەواوی هەوڵی ئەوە بو کە گەلانی ئێران بە ڕێگای ژیانێکی ئاراستەکراوی خەت و نیشان بۆ کێشراو وداخراو دا هیدایەت بکا و لە کۆتایی دا کۆمەڵگایەکی موتیع بۆ وەلی فەقیە و بێ فکر و هزر لە بەڕێوەبردنی خۆی دا، بەرهەم بێنێ.

کۆماری ئیسلامی بیری لەوە کردبۆوە کە بە لە نێوبردنی ڕێبەرێکی وەک دوکتور قاسملوو جووڵانەوەی کورد و حیزبی دێموکراتی کوردستان بێ سەردەکا و بیری نەتەوەیی پێشکەوتنخواز و گرێدراو بە کۆڕ و کۆمەڵە نێونەتەوەییە مرۆڤدۆستەکانەوە، بەرەو لاوازی دەبا. ئەوە لە ڕاستی دا خەونی هەموو ڕێژیم و حکوومەتە دیکتاتۆرەکانە. ئەوان هەمیشە بۆ چونیان ئەوە بووە کە بە لە نێو بردنی ڕێبەری جوڵانەوە، خودی جوڵانەوەکە لە نێو بەرن. ئێعدامی پێشەوا قازی محەممەد لە پێش تێرۆڕی دوکتور قاسملوو دا و تیرۆڕی دوکتور شەرەفکەندیش لە دوای تێرۆڕی دوکتور قاسملوو هەر بەو ئامانجە ئەنجام دراون. ئەو جینایەتانە لە مێژووی پڕ کارەسات و قوربانی دانی نەتەوەکەمان بەتایبەت لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دا بەداخەوە لە هەموو قۆناغەکان دا ئەنجام دراون. بێگومان دەبێ ئەو ڕاستییە بزانین کە لە داهاتوش دا، هەرچەند ڕەنگە بە بەرنامەی جیاوازەوە، دژی ڕێبەرانمان و کەسایەتییە لێوەشاوەکانمان درێژەی دەبێ. بۆیە جێگای خۆیەتی ڕێبەر و کەسایەتییە شەهیدەکانمان لەبیر نەکەین و قەدری کەسایەتی و ڕێبەرە زیندووەکانیشمان بزانین.

بەڕێزان!

لە گەڵ هەمو ئەوانەشدا کە باسمان کرد، یەک پرسیار ڕەنگە لە زەینی هەمووماندا بێت و بچێ. بەڕاستی چۆن بوو کە

**دوکتور قاسملوو، لە گەڵ نوێنەرانی کۆماری ئیسلامی دانیشت و بەم شێوەیە شەهید کرا؟**

بە بڕوای من وەڵامی ئەو پرسیارە دەتوانین لە چوارچێوەی هزر و بۆ چوونی دوکتور قاسملوو دا پەیدا بکەین. ڕەوشی ئاشتیخوازانەی دوکتور قاسملوو هەر لە سەرەتای شۆڕشی گەلانی ئێران دا دەست پێ دەکا. هەر لە سەرەتای هاتنەسەرکاری حکوومەتی تازەوە هەوڵی داوە تا مەسەلەی کورد لە ئێران دا بە شێوەی وتووێژ چارەسەر بکا. لە هەر دەرفەتێک کە هاتبێتە پێش کەڵکی وەرگرتوە و هیچ پێشنیارێکی ئاشتی ڕەت نەکردوەتەوە. لە بیرمە لە دوای شەڕی سێ مانگە و بەدوای بێ ئاکام مانەوەی وتووێژی هەیئەتی نوێنەرایەتی کورد لە گەڵ حکوومەت، زۆر هەوڵی دا ڕێگایەکی دیکە بدۆزێتەوە. باسی گەلاڵەی شەش ماددەیی هێنایە گۆڕ و حیزب هەوڵی دیکەی ئاشتی دا. دوکتور قاسملوو پێی وابوو تەنانەت یەک ڕۆژ وەدوا کەوتنی شەڕیش نیعمەتە بۆ دێموکڕاسیخوازانی کوردستان و ئێران و زۆر هەوڵی دەدا شەڕ لە ناو بەرێ یا لانی کەم وەدوای بخا. هەر ئەوەش بوو کاتی خۆی زۆر لایەن بە حیزبی دێموکڕاتیان دەگوت سازشکار.

دوکتور قاسملوو نەزەری وابوو کە شۆڕشگێڕی ڕاستەقینە ئەو کەسە نییە کە شەڕ ساز دەکا، بەڵکوو ئەو کەسەیە کە بە هەموو هێزیەوە هەوڵ دەدا بۆ ئاشتی، بەڵام ئەگەر هێرش کرایە سەر گەلەکەی بەو پەڕی تواناوە بەرگری دەکا. کەوابو مێتۆدی خەباتی دوکتور قاسملوو ئەوەبو کە بەرگری بکا بۆ سەپاندنی وتووێژ و ئاشتی. هەر ڕاست بە خاتری ئەو مێتۆدە بوو کە جارێک بە گەلاڵەی ٢٦ ماددەیی، جارێکی تر بە گەلاڵەی ٦ ماددەیی هەوڵی دەدا کە نەهێڵێ وتووێژ ڕابوەستێ و شکست بخوا. جگە لەوە دوکتور قاسملوو دەیهەویست لە هەر دەرفەتێک کەڵک وەرگرێ. ئەو باوەڕی بەوە هەبوو کە سیاسەت هونەری مومکینە. ناکرێ لە سیاسەت دا یا هەزارت بوێ یا هیچ. بەڵکوو ژمارەی دیکەش لەو بەینەدا هەن. مخابن کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی هەر لە سەرەتاوە و تا ئیستاش باوەڕیان بە چارەسەری ئاشتیخوازانە بۆ مەسەلەی کورد نەبوو و نیانە.

کەوابو ئوسول و مێتۆدی دوکتور قاسملوو ئەوەبوو کە وتووێژ ڕەت نەکاتەوە. بە ئاگایی لەو ئاشتیخوازییەی دوکتور قاسملوش بوو کە کۆماری ئیسلامی پلانی تیرۆرکردنی ئەوی لە چوارچێوەی هێنانەگۆڕی وتووێژ دا داڕشت. بەڵام دەبێ ئیقرار بەوەش بکەین کە چ شەخشی شەهیدی ڕێبەرمان، چ هاوڕێیانی لەو دانیشتنەدا بەشدار بوون و چ حیزب بە گشتی و تەشکیلاتی حیزب بە تایبەتی بێ موبالاتییەکی گەورەیان کردوە، لە چۆنیەتی ئۆرگانیزەکردنی دانیشتنەکە دا. کۆماری ئیسلامی بە داڕشتن و بەڕێوەبردنی ئەو پیلانە لاپەڕەیەکی ڕەش و جینایەتکارانەی دیکەی بە مێژووی پڕ لە شورەیی خۆی زیاد کرد و دەبێ بڵێین زەربەیەکی گەورەشی لە حیزبی دێموکڕاتی کورستان و جووڵانەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە تایبەتی و لە سەرانسەری کوردستان بە گشتیدا. هەروەها خەسارێکی زۆر گەورەی بە پرۆسەی دێموکڕاسی و ئازادی لە سەرانسەری

ئێران گەیاند. بەڵام هەرگیز نەی توانی بە هەموو مەبەستە گەڵاوەکانی خۆی بگا. کە بەر لە هەمو شتێک بریتی بو لە بەچۆک داهێنانی حیزبی دێموکراتی کوردستانو جووڵانەوەی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان.

ئیستاش قوتابیانی قاسملوو درێژە بەرێگاکەی دەدەن و وەفادارن بە هزر و وتە بەنرخەکانی ئەو ڕێبەرە. ئێستاش وشەکانی ئەو ڕێبەرە کە دەیگوت: "باشترین پاداش بۆ شەهیدان درێژەدانی ڕێگایانە".

**بەڕێزان!**

پەروەندەی ئەو جینایەتە بەداخەوە هەر وا بە هەڵواسراوی ماوەتەوەو تەنانەت بە دواداچونی قەزاییشی بە تەواوی بۆ نەکراوە. حکوومەتی ئوتریش هەر لە یەکەم ڕۆژەکانی ئەو جینایەتە دا، بازرگانی بەو مەسەلەیەوە کرد و لە جیاتی تاقیبی جینایەتکاران و بەند کردنیان و سپاردنیان بە دادگا، ئەوکەسەی کە گیرابووش ڕەوانەی ئێرانی کردەوە. حیزبی دیموکڕات لە قۆناغی جیاوازدا ئەوەی لە توانای دابوێ هەوڵی داوە ئەو پەروەندەیە زیندو ڕابگرێ و لە دەرفەتێک دا بیگەیەنێتە دادگایەکی سەلاحییەتداری نێونەتەوەیی. تەنانەت دوو ساڵیش لەمەوبەر ئێمە لە دەرەوە کامپینێکمان وەڕێ خست و زۆر ئیمزامان لە کە سایەتی ناودار کۆکردەوە. سەردانی حکوومەتی ئوتریشمان کرد و لە ڕێگای حیزبەکانی ئەوێوە، بە تایبەت لە ڕێگای سەوزەکانەوە مەسەلەکەمان گەیاندە پارلەمانی ئەو وڵاتە. بەڵام تا ئێستاش مخابن بە جێگایەکی مەتڵوب نەگەیشتوین. بە باوەڕی من پێویستە هەردوک لای دێموکڕات پێکەوە بەو گرنگە هەستن و کومیتەیەکی هاوبەشی بۆ دانێن تا بە جیددییەتی زۆرترەوە بەدوای ئەو مەسەلە گرنگە دا بچن. هەر لێرەوە دەستی هاوکاری بۆ هاوڕێیانی حدکا درێژ دەکەم و هیوادارم ئەوانیش ڕازی بن تا پێکەوە لە دەرەوەی وڵات کومیتەیەک پێک بێنین و هەوڵی زۆرتر بدەین. هەروەها لەو تریبونەوە داوا لە شارەزایانی بواری قانوونی نێونەتەوەیی دەکەم کە هەر پێشنیارێکیان لەو پەیوەندیە دا بە زەین دەگا، پێمانی ڕابگەیەنن تا بەڵکوو بەهەموان بتوانین ڕێگایەک بۆ هێنانەوە بەرباسی ئەو جینایەتە لە دادگا نێو نەتەوەییەکان دا بدۆزینەوە.

باسێکی دیکە ئەوەیە کە چۆن دەتوانین قەرەبوی ئەو خەسارە بکەینەوە کە لێمان کەوتوە. بە باوەڕی من تەنیا ڕێگا بۆ قەرەبوی ئەو خەسارە درێژە دان بە ڕێبازی شەهیدان و بە ئومێدەوە هەنگاونان تا سەرکەوتنە. بە بڵاو کردنەوەی تۆوی نائومێدیو حەسرەت خواردن هیچ ناکرێ و ڕوحی شەهیدانیش بەتایبەت ڕوحی ڕێبەری مەزن شەهید دوکتور قاسملوو شاد نابێ. هەرچەندە کەلێنی ڕێبەرانی شەهید زۆر گەورەیە و بە تایبەت لە سەردەمی ئەوڕۆدا زۆر هەستی پێدەکەین، بەڵام دەبێ لە خۆ ڕاببینین و بڵێین کە نەتەوەکەمان ئەوەندە شۆڕشگێڕ و بەهێزە کە دەتوانێ بە سەر گرفتەکانی دا زاڵ بێ و

ڕێگای شەهیدان پڕ بکا لە ڕێبوار. ئەرکی سەرشانی تەک تەکی نەتەوەی کوردە کە بیر لە تێرۆڕی ڕێبەرانی بکاتەوە و ئامانجەکانیان بەدی بێنێ. نرخی خوێنی شەهیدان تەنیا ئازادی و سەربەخۆیی کوردستانە و دەسکەوتی لەوە کەمتر بایی خوێنی ئەو هەموو شەهیدە و ڕێبەرانمان نییە.

**خۆشەویستان!**

جێگای خۆشحاڵیە کە ئەمڕۆ لە هەموو کات و ساتێک زیاتر ئاسۆی گەلی کورد بە گشتی ڕوون و پڕ دەسکەوت دیارە. لە باشووری وڵاتەکەمان بەخۆشییەوە حکوومەتێکی گەلی وەک بەرهەمی خەباتێکی دوور و درێژ و پڕکارەسات، دامەزراوە. کورد لەو بەشەی کوردستان خاوەنی سەرۆک، پارلەمانو دەوڵەتی خۆیەتی. خاوەنی هێزی لشکریی پێشمەرگەو دام و دەزگای پاراستنی خۆیەتی و لە ڕووداوەکانی ئەم دواییانەی عێراقیش دا نیشانیدا کە دەتوانێ پارێزگاری لە دەسکەوتەکانی بکا لە بەرامبەر هەر هەڕەشەیەک دا و بە خۆشییەوە بۆ یەکەم جار توانی هەموو سنورەکانی باشووری کوردستان بخاتە ژێر فەرمانی حکوومەتی هەرێم و ناوچە دابڕێنراوەکان بگێڕێتەوە سەر هەرێمی کوردستان. جگە لەوە لە سیاسەتێکی حەکیمانەی سەرۆکایەتی هەرێم، پارلەمان و دەوڵەت دا ڕادەگەیەنێ کە بەدەستی خۆی نێوەرۆکی ماددەی ١٤٠ی جێ بەجێ کردوە و کێشەی ناوچە دابڕێنراوەکان کۆتایی پێ هاتوە. هەروەک لە هەڵوێستێکی نەتەوەیی و کوردستانی دیکە دا ڕایگەیاند کە هێزەکانی پێشمەرگە بە ئەرکی سەرشانی خۆیانی دەزانن پارێزگاری لە هەموو کوردستان بکەن و جارێکی دیکە هیچ بەشێک لە خاکی کوردستان بەجێ ناهێڵن و بەوپەڕی تواناوە پارێزگاری لێدەکەن. لە هەمووشیان گرنگتر داوای سەرۆکی حکوومەتی هەرێم بو لە پارلەمانی کوردستان تا مەسەلەی ڕیفراندۆم بۆ سەربەخۆیی کوردستان تاو و توێ بکا، بڕیاری لەسەر بدا و بیکاتە قانون تا گەلی کورد لە باشور بتوانێ لە ڕیفراندۆمێکی ئازاد دا چارەنوسی خۆی دیاری بکا. بێگومان بەو دەست و بردەی پێشمەرگە و بەو هەڵوێستە نەتەوەییەی حکوومەتی هەرێم، ڕوحی قاسملووی مەزن و هەمو شەهیدانی ڕێگای ڕزگاری کوردستان شاد دەبێ. بێگومان ئەو سیاسەتە ئازایانە و حەکیمانەی باشوری وڵاتەکەمان بەر لە هەموشتیک بەرهەمی یەکگرتویی هێزە خەباتگێڕەکانی و پێکهاتنی حکوومەتی نیشتمانی بنکە فراوانە کە هەموو هێزە براوەکانی هەڵبژاردنی تێدایە. هیوادارین وەک گلێنەی چاویان پارێزگاری لە و یەکیەتییە بکەن و هەرگیز و لە ژێر هیچ فشارێکی دەرەکی ، ئابووری و تەنانەت نیزامیش دا پاشەکشە لەو هەڵوێستە نەتەوەییە یان نەکەن.

هەروەها لە ڕۆژئاوای کوردستانیش کورد خەریکی پێکهێنانی بنکەکانی خۆبەڕێوەبەریە. هەڵوێستی بوێرانەی دەسەڵاتی کوردی لە و بەشەی کوردستان کە بەشداری نەکرد لە هەڵبژاردنە کارتۆنیەکەی ڕژیمی ئەسەد دا، نیشانەی ئیرادە بۆ خۆ بەڕێوەبەری یە. هیوادارین لەو بەشەش یەکیەتیەکی نەتەوەیی لە هەموو ڕێکخراوە سیاسییەکان پێک بێ و پێکەوە

حکوومەتێکی بنکە فراوانی نیشتمانی دامەزرێنن و لە و دەرفەتەی بۆیان هاتوەتە پێش ئەو پەڕی کەڵک وەرگرن و بە یەکگرتویی بەرگری لە دەسکەوتەکانی نەتەوەکەمان لەو بەشە بکەن.

بەڕێزان!

لە باکووری کوردستانیش هەتا دێ ئاسۆکە ڕونتر دەبێتەوە. حکوومەتی تورکیا هەرچەند بە هەنگاوی سست و جار و بار پاشەکشەوە، بەڵام هەتا دێ لە واقیعبینی زۆرتر نیزیک دەبێتەوە. دیارە ئەوەش لە دەرک کردنی ئەو مەسەلەیە دایە کە بۆ دەوڵەتی تورک کوردستانێکی دۆست وەک دەراوسێییەک کە دەکرێ لە باری ئابووریەوە لە ئیمکاناتە زۆرەکانی کەڵک وەرگری، زۆر باشترە لە کوردستانێکی دوژمن کە دەبێ بە ملیاردها دۆلار لە ساڵدا سەرف کەی تا بتوانی مەهاری بکەی. وێ دەچێ دەوڵەتی تورک لەوە تێگەیشتبێ کە هیچ سودێک نابینێ لەوەی کە بە هێرشی نیزامی جووڵانەوەی کورد بە چۆک دابێنێ. دەیان ساڵ ئەو سیاسەتە هەڵەیەی بەرێوە بردوە و هیچی بۆ نەکراوە. ئەگەر لە مەودواش بەو سیاسەتە هەڵەیە کار بکا، جگە لە زیان هیچی دەست ناکەوێ. دیارە دەتوانێ زیان بە کورد بگەیەنێ، بەڵام دۆڕاوی سەرەکی بۆخۆی دەبێ. کورد لە تورکیا نەک تەنیا توانیویەتی بوونی خۆی بسەپێنێ، بەڵکو خەریکە دامەزراوە پێک دێنێ و داوای شەراکەتی دەسەڵات دەکا. خۆکاندید کردنی سەلاحەددین دەمیرتاش بۆ پۆستی سەرۆک کۆماری لە تورکیا بە لانی کەمەوە نیشانەی باوەڕبەخۆبون و هەڵسوکەوتی کوردە لە ئاستێکی بەرز دا. هەروەها لەبیرمان نەچی کە عەبدوڵڵا ئۆجەلان سەرۆکی پارتی کرێکارانی کوردستان نەخشێکی زۆر کاریگەر دەگێڕێ لە سیاسەتی کورد و تەنانەت لە ڕاددەی تورکیاش دا. ڕیبەری پ.ک.ک هەرچەند لە زیندان دایە، بەڵام نەخشی ڕێبەرێک دەگێڕێ کە شوێنکاری لەسەر داهاتوی باکووری کوردستان و تورکیاش هەیە. هەر بەو پێیەش پ.ک.ک ڕۆڵی سەرەکی هەیە لە دارشتنەوەی پەیوەندییەکانی کورد و تورک لە داهاتوی ئەو وڵاتەدا. گومان لەوە دانیە بە پێشکەوتن و سەرکەوتنی پرۆسەی ئاشتی و دێموکراسی لە باکووری کوردستان و تورکیە، هەم مەسەلەی کورد چارەسەر دەبێ و هەم وڵاتی تورکیە هەنگاوی گەورەتر بەرەو پێشکەوتن داوێ.

بە لام ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەداخەوە لە هەلومەرجێکی تەواو جیاواز دا دەژی. لە لایەکەوە حکوومەتی کۆماری ئیسلامی تا ئێستاش هەر بە مێتۆدی کۆن و لە ڕێگای سەرکوت و بە ئەمنییەتی کردنی مەسەلەی کوردەوە دەڕوانێتە مەسەلەی کورد و نەتەوەکانی دیکەی نێو ئێران و تا ئێستا توانیویەتی بە ئێعدام، هێرشی نیزامی و لشکرکێشی ئاورەکە لە ژێر خۆڵەمێش دا ڕابگرێ. ڕەنگە بۆ هێندێک هێز و لایەن و بۆ هێندێک کەس ئەوە بەمانای سەرکەوتنی کۆماری ئیسلامی لە سەرکوتکردنی خەباتی گەلی کورد و گەلانی دیکەی ئێران لە قەڵەم بدرێ. بەڵام گومانم لەوە دا نییە کە دۆڕاوی سەرەکی لەو یارییە سیاسیەدا حکوومەتی کۆماری ئیسلامی و شۆوێنیزمی ئیرانییە. ئەوان خۆیان زۆر بە زیرەک دەزانن، بەڵام وەک دەڵێن دەعبای



سەرچاوە
Serchawe

زیرەک بە دەندونکێ پێوە دەبێ. زۆر دەمێکە سیاسەتوانانی ئێرانی پێیان وایە دەتوانن فێڵ لە خەڵکی خۆیان و هەموو جیهانیش بکەن. بەڵام لە ئاخری دا ئەوەی بە دوا کەوتویی ماوەتەوەو لەو سەردەمەدا نەی توانیوە ڕێگای پێشکەوتن بپێوێ، هەر ئەوانن. وەڵاتێکی بەهێز، بە ئیمکاناتێکی زۆری سروشتی وەک نەوت گازەوە و بە خەڵکێکی زیرەک و لێهاتووەوە، ئێستا چەندین هەنگاو لە دوای تورکیایەکی بێ نەوت وگازە و تەنانەت لە سیاسەتی ناوچەیی و نێونەتەوەیش دا پیێ دۆڕاندوە. لە حاڵێک دا لە ڕووی مێژوویی و فەرهەنگییەوە ئێران لە کورد نیزیکترە، بەڵام ئەوە تورکیایە کە کەڵکی زیاتری ئابووری لەو دەرفەتە وەردەگرێ کە لە باشووری کوردستان هاتوەتە ئاراوە. کاربەدەستانی ئێرانی غیرەتی گۆڕینی سیاسەتی خۆیان نییە. هەر لە مێتۆدە دواکەوتوەکەی ئەمنییەتی و نیزامی کەڵک وەردەگرن و پێیان وایە دەکرێ و دەتوانن لەم سەردەمەش دا بە ئێعدام و کوشتار و گرتن و ڕاونان دژبەرانی خۆیان لە مەیدان وەدەرخەن. ئەوان بە بیانوی پاراستنی یەکپارچەیی خاکی ئێران کە بە زۆر و ستەم پێکیانەوە لکاندوە، نەتەوەکانی ئێران سەرکوت دەکەن و ئینکاری پێکهاتەی فرەنەتەوە بوونی ئێران دەکەن. ئەوان بەداخەوە لەو ڕاستیە تێناگەن کە سەردەمی ئەو مۆدێلە بەسەر چوە و ڕاست ئەو سیاسەتە دەبێتە هۆی پارچەبوونی ئێران. چونکە چیدی نەتەوەکانی ئێران و لە پێش هەموویانەوە کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ناتوانن ئەو سیاسەتە شۆوێنیستی و دژ بە مرۆڤایەتیە قەبووڵ کەن و ئەگەر هەر بەو جۆرە ئینکار بکرێن و مەسەلەکەیان لە چوارچێوەی ئێران دا جێ بەجێ نەبێ، بێگومان بڕیار لە چارەنوسی خۆیان دەدەن و لەو مەینەتیە دێنە دەر. ڕاستیەکەی ئەوەیە کە هەل و مەرجیش بۆ ڕزگاری نەتەوە ژێر دەستەکان و بەتایبەت گەورەترین نەتەوەی بێ دەوڵەتی دنیا کە کوردە زۆر گۆنجاوە. جێگای نیگەرانیو داخە کە تەنانەت ئۆپۆزیسیۆنی سەراسەری ئێرانیش، چ لە ناوخۆی وڵات و چ لە دەرەوەی وڵات، تا ئێستاش هەرلە چوارچێوەی سیاسەتی ئینکاری دوای جەنگی جیهانی یەکەم دا قەتیس ماوەو ئێستاش پێی وایە تەنیا ڕێگای پاراستنی سنووری جوغرافیایی ئێران، ئینکاری فرەنەتەوە بوونی ئێرانە. دەنا دەبوو دەمێک بێ هەموویان فیدراڵی نەتەوەییان قەبووڵ کردبایە کە تەنیا ڕێگایە بۆ پاراستنی ئێران لە دابەش بوون و بۆ وەدی هێنانی دێموکڕاسی لە ئێران و بۆ ڕیعایەت کردنی مافی مرۆڤ و بۆ ئاوڕدانەوە لە مافەکانی ژنان و چین و توێژە جیاوازەکان و بەکورتی تەنیا ڕێگای پێشکەوتنی ئێرانە. جێگای خۆیەتی لانی کەم ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی و ڕوناکبیرانی ئێرانی هەست بەو زەرورەتە بکەن تا درەنگ نەبوە.

**بەڕێزان!**

لە لایەکی دیکەشەوە جووڵانەوەی کورد بە سەردەمێکی زۆر دژوار دا تێدەپەڕێ. زوڵم و زۆری ڕێژیم و خراپی باری ئابووری، سیاسی و کۆمەڵایەتی لە لایەک و پرش و بڵاوی نێو حیزب و ڕێکخراوە سیاسیەکان، سستبونی هیوا بە کاری سیاسی و حیزبایەتی، نا ئومێدی ڕوناکبیرانی سەربەخۆ لە لایەکی دیکەوە، تا ڕاددەیەک سستی بەسەر جووڵانەوەی گەلی کورد لەو

بەشەی کوردستان دا هێناوە. بەڵام گومانم لەوە دا نیە کە ئەو دەورانی پرش و بڵاوی و نائومێدیەش بەسەر دەچێ. ئەو هێزانەی کە هۆکاری سەرەکی بۆ پرش و بڵاوی هێزەکانن، ڕۆژێک تێدەگەن کە ئەم وەزعە بەر لە هەموو لایەک بە زیانی ئەوانە. سەهۆڵەکان دەتوێنەوە و زەرورەت یەکیەتی پێک دێنێ. بێلایەن لە مەسەلەیەکی گرنگی ئاوادا نامێنێ و هەرکەس ڕێگای خۆی دەبینێتەوە. بێگومان بۆ سەرکەوتن کاری سیاسی و حیزبایەتی پێویستە و هەموان ئاخرەکەی هەست بەوە دەکەن و ڕێگای خۆیان هەڵدەبژێرن. حیزب و ڕێکخراوەکان لێک نیزیک دەبنەوە و ئاخرەکەی تێدەگەن کە قازانجی نەتەوەکەیان و تەنانەت قازانجی خۆشیان تەنیا لە یەکگرتنیان دایە. زەمانە هەموان مەجبور دەکاو ئاسۆی ئاڵوگۆڕەکان کە وادیارە وەک دەرفەتێکی تازە بۆ نەتەوەی کورد سەر وەدەر دەنێ، هەموان لێک نیزیک دەکاتەوە. ئەوەندەی پێوەندی بە حیزبی دێموکڕاتی کوردستانەوە بێ، دەمێکە لەو ڕاستیانە گەیشتوە کە باس کران. کار کردن بۆ یەکڕیزی نەتەوەیی بە ئەرکی خۆی دەزانێ. چ لە بواری وەسەریەکخستنەوەی بنەماڵەی گەورەی دێموکڕاتەوە بێ و چ لە بواری پێکهێنانی یەکیەتیەکی نەتەوەیی بنکە فرەوان ترەوە بێ هەمو کاتێک کاری بۆ کردوە و لە مەودواش بە گوڕتر لە جاران کاری بۆ دەکا. چونکە گومانی نیە لەوە دا کە قازانجی نەتەوەکەمانی تێدایە و ڕوحی شەهیدەکانیش تە نیا بە وە شاد دەبێ.

**جارێکی دیکە سپاستان دەکەم بۆ بەشداری لە یادی شەهیدانی ویبەن دا و بۆ ڕاگەیاندنی وەفاداریتان بە ئامانجی شەهیدان بەگشتی و قاسملوی ڕێبەر بەتایبەتی.**

**هەر سەرکەوتو بن.**

**سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ١٥ی جوولای ٢٠١٤**



سەرچاوە
Serchawe

## چالاکی پارێزەرانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و پشتیوانی حدک لەو چالاکیانە

زیاتر لە مانگێکە کەش و هەوای ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ژێر تیشکی چالاکی پارێزەرانی ڕۆژهەڵات دایە. ئەوەندەی زانیاری من دەری خستبێ کاردانەوەیەکی زۆر و بەرفراوان، لە گۆشەنیگای جیاوازەوە بۆ ئەو چالاکیانە هەبووە. کۆمەڵانی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کورستان بە گشتی پێی دلخۆش بوون و هیوایەکی تازە لە دڵ و دەرونیان دا سەری هەڵداوە. کۆمەڵانی خەڵک تەنیا بە لەدەست دانی ڕۆڵەیەکی بە وەفای گەلەکەمان پێشمەرگەی قارەمانی شەهید "هەژار قاسمی" ناڕەحەت بوون و باقی هەواڵەکانی ئەو دەرکەوتنە تازەیە، زۆر دڵخۆشکەر بووە بۆ چین و توێژە جیاوازەکانی ڕۆژهەڵاتی نیشتمانی خۆشەویستمان. دیارە لەو نێوە دا لایەن وکەسانی واش هەن کە قازانجی ڕێکخراوەیی و شەخسیی خۆیان لەوەدا نابینن کە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و خەباتکارەکانی ئەو مەیدانە جموجووڵی زیاتریان هەبێ، چونکە لە گەڵ بەرژەوەندییەکانی ئەوان نایەتەوە. تا ئەو جێگایەی کە پەیوەندی هەبێ بە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی و خۆفرۆشەکانی سەر بەو ڕێژیمە، ئاساییە کە بە چالاکتر بوونی خەباتکارانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، ناڕەحەت بن و بە ڕێگای جۆراوجۆر هەوڵ بدەن لە کاریگەری ئەو جموجۆڵە شۆڕشگێڕانەیە، کەم بکەنەوە. ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بە درێژایی تەمەنی خۆی نیشانی داوە، کە لە هیچ جووڵانەوەیەک و بەرهەڵستکارییەک، بە ڕادەی جووڵانەوەی گەلی کورد ترسی نییە. هەر جووڵانەوەیەکیش کە لە کوردستان خۆی دەرخا، بەتایبەت ئەگەر سەرە هەودایەکی ئەو جووڵانەوەیە بچێتەوە لای حیزبی دێموکڕات، زراوی کاربەدەستانی ڕێژیم دەبا و بە ڕاستی بە هەڕەشەیەکی جیددی بۆ سەر نیزامەکەیانی دەزانن.

هەر چەند جووڵانەوەی گەلی کورد و حیزبی دێموکڕات بە درێژایی مێژوو خۆیان نیشانیان داوە کە جووڵانەوە و حیزبێکی ئاشتیخوازن و لە ڕابردوو و ئێستاش دا بە ڕێگای جۆراوجۆر و تەنانەت بە لە دەست دانی ڕێبەرانی گەورەی وەک پێشەوا قاسملو ڕایانگەیاندوە کە ڕێگاچارەی گونجاو بۆ چارەسەرکردنی مەسەلەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، وتووێژە، بەڵام چ ڕێژیمی پاشایەتی و چ کۆماری ئیسلامی لە هەر قۆناغێک دا، هەوڵیان داوە ئەو مەسەلەیە گرێ بدەن بە مەسەلەی ئەمنییەتیەوەو تەنیا ڕێگایەک کە تا ئێستاشی لەگەڵ بێ، لە کردەوەدا بەکاریان هێناوە، ڕێگای کوشتار، ئێعدام، تیرۆر و زەبر و زەنگ بووە. تا ئێستاش کۆماری ئیسلامی بەزاهیر ویستویەتی نیشانی بدا کە تواناى لە نێوبردنی جووڵانەوەی گەلی کورد و حیزبی دێموکڕاتی هەیە. بەڵام لە ڕاستیدا هەموو ئەو جینایەتانەی لە ترس و لاوازییەوە سەرچاوە دەگرن. ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لە لایەکەوە غیرەتی ئەوەی نییە کە چاوێک بەسەر هەڵوێستو کردەوەکانی ڕابردووی خۆیدا بخشێنێتەوەو خەسارناسییەک بۆ ئەو هەموو کردەوە دژی گەلیانەی کە هیچ چارەسەرێکیان بۆ مەسەلەکە بە دەستەوە نەداوە، بکا و

تەنانەت ئەگەر بە قازانجی مانەوەی خۆشی بووە، هەنگاوێکی جیددی بۆ گۆڕینی سیاسەتەکانی و گرتنە بەری عەقڵانیی ڕێگاچارەکان ببینێتەوە. هەرچەندە گومان لەوە دا هەیە کە ماهییەتی ئەو ڕێژیمە ڕێگا بە کاربەدەستانی بدا، وەرچەرخانێکی سیاسی ئاوا بکەن. هەربۆیە ئێستاش بە زیاتر لە ڕێگایەک دا، پڕوپاگاندە دەکا کە گۆیا حیزبی دێکوکراتی کوردستان شەڕی چەکداری دەست پێ کردوەتەوە. هەروا بزانە حیزبی دێموکرات لە سەرەتای هاتنە سەرکاری ڕێژیم دا شەڕی چەکداری دەست پێ کردبوو، دوایە بۆ چەند ساڵ ڕای گرتبو، ئێستاش دیسان دەستی پێ کردوەتەوە. ڕاستیەکەی ئەوەیە کە حیزبی دێموکرات هیچ کاتێک شەڕی چەکداری دەست پێ نەکردوە. چ لە زەمانی شاداو چ لە سەردەمی خۆمەینی دا و چ دواتر حیزبی دێموکرات و گەلی کورد لە بەرامبەر هێرشی ناڕەواو جینایەتکارانەی حکومەتە یەک لە دوای یەکەکانی ئێران، تەنیا بەرگرییان لە خۆیان کردوە کە هیچ زمانێک نازانن جگە لە کوشتار و جینایەت. ئێستاش ڕۆڵەکانی گەلی کورد لە ڕیزەکانی پارێزەرانی ڕۆژهەڵات دا، تەنیا بەرگری لەخۆیان و گەلەکەیان دەکەن و کادرو پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانیش وەک هەمیشە لە نێو خۆی وڵات دا سەرقاڵی کاری سیاسی و تەشکیلاتین و ئەگەر بۆسەشیان بۆ دابنرێ، یا هێرشیان بکرێتە سەر بێگومان تا دوا دڵۆپی خوێنیان بەرگری دەکەن.

دەستەیەکی دیکەی تەنگاو بە چالاکتر بوونی خەباتکارانی ڕۆژهەڵات، جاش و خۆفرۆش و مەواد فرۆشەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانن، کە لە ژێر سایەی حکوومەتی کۆماری ئیسلامی دا خۆیان مەڵاس داوە و بۆ قازانجی شەخسی خۆیان، ڕۆژ نییە لاوانی وڵاتەکەمان لە گەڵ مەرگ ڕوو بەڕوو نەکەن. جا چ بە بڵاو کردنەوەی ماددەی هۆشبەر، چ بە هێرش بۆ سەر کۆڵبەران و چ بە جاسوسی و بە گرت دانی ڕۆڵەکانی ئەم ئاو و خاکە بێ. ئەو خۆفرۆشانە بە چالاکتر بوونی ڕۆڵەکانی گەل تەنگاو دەبن و ترسیان وەبەر دەنیشێ. ئەوان بەڕاستی دەزانن کە خەباتکارانی گەلەکەمان چی دی ڕێگایان پێ نادەن گیان و سەر و سامانی لاوانی وڵاتەکەمان بە قازانجی خۆیان بخەنە مەترسیەوە و کوڕان و کچانی ئەم نیشتمانە بەرەو کوشتارگای ماددە هۆشبەرەکان ڕاکێشن. هەربۆیە بە هەر نرخێک بۆیان بکرێ، دەیانهەوێ مەسەلەکە ئەمنییەتی بکەن، تا لە سەنگەرەکانی هێزە سەرکوتکەرەکان دا بۆ ماوەیەک ژیانی سەرشۆڕانەی خۆیان درێژ بکەنەوە. تا ئێرە هەڵوێستی ئەو دوو دەستەیە دەرک دەکرێ و دەزانرێ بۆچی بە ئاشکرا بوق و کەڕەنای هەڵگیرساندنەوەی شەڕی چەکداری لێدەدەن.

بەڵام ئەوەی دەرک ناکرێ هەڵوێستی هێندێک کە سانی خۆ بە ڕۆژنامەنووس و ڕووناکبیر زانە، کە بە هێنانەوەی بڕ و بیانوی جۆراوجۆرەوە دەیان هەوێ سابیت بکەن کە حیزبی دێموکراتی کوردستان شەڕی چەکداری دەست پێکردوەتەوە و پاشان شێر و ڕێوی بێننەوە کە ئەوە بۆ جووڵانەوەی کورد لە پارچەکانی دیکەی کوردستان و بۆ چالاکی مەدەنی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە قازانج نییە. بەر لە هەموو شتێکیش بۆ ئەوەی بۆچونەکەی خۆیان بچەسپێنن، دوو تێرمی تەواو جیاواز لە یەکتر، تێکەڵ دەکەن و بە یەکی دادەنێن. ئەویش تێرمەکانی شەڕی چەکداری و خەباتی چەکدارییە. کورد بۆ وەدەستهێنانی

مافەڕەواکانی خۆی دەیان ساڵە خەباتی چەکداری دەکا. ئەویش بەو مانایەی کە بە خاتری دڕندەیی دژبەرەکانی، لە خەباتی سیاسی خۆی دا، ناچار بووە بۆ دیفاع لە خۆی چەک لە شانی بکا، بۆ ئەوەی خۆی و گەلەکەی لە هێرشی دوژمنان بپارێزێ‌و دیفاع بکا. بەڵام هەرگیز شەڕی دژی هیچ هێزێک دەست پێ نەکردوە و پەلاماری هیچ دراوسێیەک و وڵاتێک و گرووپێکی نەداوە. کەوابوو ئەوەی کە شەڕی چەکداری دژی گەلی کورد دەست پێ کردوە، دوژمنەکانی ئەو گەلە بوون و ئێستاش پارێزەرانی ڕۆژهەڵات و کادر و ئەندامەکانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان هەر ئەو کارە دەکەن و لە وەتەی حیزبی دێموکڕاتیش دروست بووە هەر ئەوکارەی کردوە. هیچ مەسەلەیەک نە گۆڕاوە تەنیا ئەوەندە نەبێ کە ڕەنگە لەو مانگانەی دواییدا سەرنجی زۆرتر درابێ بە چالاکی سیاسی، تەبلیغاتی‌و تەشکیلاتی لە نێو خۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دا، بە هۆی ئەوەی کە حیزبی دێموکڕاتی کوردستان مەسەلەی ڕۆژهەڵات میحوەری بۆ خەباتی کوردەکانی ڕۆژهەڵات هێناوەتە گۆڕێ و بێگومان کۆمەڵێک لاوی خوێن گەرمی ڕۆژهەڵاتی وەڵامی ئەو داوا ئوسولی و ڕەوایەی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان دەدەنەوە.

لاوانی کورد تینوی خەباتی ڕەواو و ئوسولین. جگە لەوە حیزبی دێموکراتی کوردستان جێگای متمانە و باوەڕ پێکردنی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانە. هەموو لایەک دەبێ بزانن کە حیزبی پێشەوا، قاسملو و شەرەفکەندی و دەیان ڕێبەری شەهیدی دیکە، لەسەر لاوانی ڕۆژهەڵات نفوزی زۆرەو ئەگەر بیرۆکەیەک لە شێوەی خەبات و بۆچالاکتر کردنی خەبات بێنێتە گۆڕێ، بێگومان هاندەر دەبێ بۆ لاوانی وڵات. پێویستە ئەوەش ڕوون بکرێتەوە کە چالاکتر بوونی خەبات لە هەر پارچەیەکی کوردستان دا ئەگەر نەبێتە هۆی بە هێز بوونی هێزە خەباتگێڕەکان لە پارچەکانی دیکەی کوردستان، بە هیچ جۆر نابێتە هۆی لاوازییان. هەروەک چۆن بەهێزبوونی حکوومەتی هەرێمی باشوری کوردستان، بە هێزبوونی ئیدارەی خۆ جێیی ڕۆژئاوای کوردستان و بە هێزبوونی جووڵانەوەی کورد لە باکوری کوردستان دەبنە هۆی بە هێز بوونی خەباتگێڕانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، هەر بەو جۆرەش بەهێز بوونی جووڵانەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەبێتە هۆی بە هێزبوونی جووڵانەوەی کورد لە پارچەکانی دیکە. دەبێ هەموو لایەک ئەوەیان لە بیر بێ کە جوڵانەوەی کورد لە ڕۆژهەڵات هەمیشە پشت و پەنای جووڵانەوەی کورد لە بەشەکانی دیکە بووە. ڕێبەریی جووڵانەوەی هەموو پارچەکان لە ساڵانی پێشودا لە ڕۆژهەڵات گیرساونەوە و یارمەتیان دراوە. ماوەیەکی زۆر جوڵانەوەی ڕۆژهەڵات بە خاتری باشوور دەستی لە زۆر پێداویستی خۆی هەڵگرتوە. لە هەموی گرنگتر، تا ئێستاشی لەگەڵ بێ، هەرگیز هێزە ڕۆژهەڵاتییەکان کارێکیان نەکردوە کە بە پێچەوانەی قازانجی بەشەکانی دیکەی کوردستان بێ. بەڵام ئەوانە هەمووی بەومانایە نییە، کە ڕۆژهەڵات دەست لە خەبات هەڵگرێ.

تەنانەت لە شەڕی داعش دژی باشوردا، هێزەکانی ڕۆژهەڵات زۆر نەتەوەیی جووڵانەوە و هەمویان ئامادەیی خۆیان بۆبەرگری لە باشور ڕاگەیاند. هەر بەو جۆرەش بۆ پشتیوانی لە ڕۆژئاوا هەڵوێستیان گرت. کەوابو با هیچ کەس نەتەوەیی بوون بە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و حیزبی دێموکڕات نەفرۆشێ. مێژووی حیزبی دێموکڕات و جووڵانەوەی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی

کوردستان، لە مەیدانی خەباتی نەتەوەیی و پشتیوانی نەتەوەییەوە، جێگای شانازییە و کەس ناتوانێ فەخرفرۆشی بەسەرەوە بکا.

ئەوەندەی پەیوەندیشی هەبێ بە خەباتی مەدەنی لە ڕۆژهەلاتی کوردستان، بە هیچ شێوەیەک نابێ تێکەڵ بە جوڵانەوەی سیاسی بکرێ. کۆماری ئیسلامی بە درێژایی مێژووی خۆی نیشانی داوە کە لە هەر حاڵ دا ناتوانێ هیچ جیابیرێک تەحەممول بکا. خەباتی چەکداری بەهێز بووبێ، یا لاواز کۆماری ئیسلامی هەمو ڕێگاکانی هەر داخستوە. تەنانەت زۆرجار بۆ خاتری هێورکردنەوەی خەڵک ڕاست لەو کاتەدا، بڕێک چاوپۆشی کردوە لە خەباتی مەدەنی، کە خەباتی سیاسی و چەکداری بەهێزتر دەرکەوتبێ. ئەگەر لە کوردستان تا ڕاددەیەک مەسەلەی فەرهەنگی و کۆمەلایەتی ڕێگای پێ دراوە، ڕاست بۆ ئەوە بووە کە لە کوردستان خەباتی سیاسی بە هێزتر بووە لە ناوچەکانی دیکەی ئێران.

قسەی کۆتایی ئەوەیە کە ڕۆژهەلاتییەکان بە هەموو حیزب و ڕێکخراو و کەسایەتی و ئەنجومەنەکانی دەرەوە و نێو خۆوە، تەنیا دوو ڕێگایان لە بەردەمە، یا بە یەکگرتوویی زۆر چالاکتر بێنە مەیدان، یا بە تێپەڕبوونی زەمان، بەرە بەرە شکست و تێداچوونی خۆیان قەبووڵ بکەن.

لە ژمارە ٦٤٢ی ڕۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٢ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٤

## بابەتەکانی ساڵی: ٢٠١٥ و ٢٠١٦

---

### پرسی ڕیفراندۆم لە حکومەتی ویلایەتی فەقیە دا

هەرچەندە هێنانە گۆڕی ڕیفڕاندۆم لە ڕژیمێکی تا سەر ئێسکان دیکتاتۆر وەک پەلەقاژەیەکی بێ ئاکام دیتە بەرچاو، بەڵام هێنانە بەرباسی ئەو ئامڕازە دێموکراتیکە، گرنگیی تایبەتی خۆی هەیە. دیارە ئاغای ڕوحانی بە شێوەیەکی زۆر گشتی و ناڕوون هێنایە گۆڕێ و بەستیەوە بە چەندین مەسەلەی گرنگی وەک ئابوری، کۆمەڵایەتی، سیاسی و فەرهەنگی، کە لە ڕاستی دا بۆ خۆشی باوەڕی بەوە نەبوو کە ئیمکانی جێ بەجێ کردنی هەبێ، بەڵام هەڵدانی ئەو تۆپە بۆ مەیدانی ویلایەتی فەقیە و نیزامی کۆماری ئیسلامی، خۆی لە خۆی دا چالشێکی تازەیە.

بە خۆڕایی نەبو کە ئاغای خامنەیی خۆی بۆ ڕانەگیرا و پێشنیاری ئاغای ڕوحانی بە توندی ڕەتکردەوەو بە وەسیلەیەک بۆ پێکهێنانی دوو دەستەیی، وەلانان و دووبەرەکی سازکردنی لە قەڵەم دا. هەروەها بە شێوەیەکی هەڕەشە ئامێز ئاغای ڕوحانی ئاگادار کردەوە کە باسی شتی نە گونجاو و نا پێویست نەکا. ئەو هەڵوێستە ئاشکراو بە پەلەیەی ئاغای خامەنەیی، لە بەرامبەر پرۆژەیەک دا کە بۆخۆشی دەزانێ لە چوارچێوەی نیزامە تۆتالیتێر و دیکتاتۆرەکەی ئەوان دا ئیمکانی جێ بەجێ بوونی نییە، لە ڕاستیدا شانەی ترس و دڵەراوکێی ئەوە لە هێنانە گۆڕی هەر مەسەلەیەک دا کە بە شێوەیەک لە شیوەکان ببەسترێتەوە بە دەنگی کۆمەڵانی خەڵکەوە و ئامڕازێک بێ بۆ ڕادەربڕینی کۆمەڵانی خەڵکی ئێران کە لە زیندانی گەورەی میلیۆنی دا خراونە ژێر چاوەدێری و دەرگای ڕادەربڕینیان لێ داخراوە.

خامەنەیی باش دەزانێ چ جۆرە سەفبەندییەک لە نێو کۆمەڵگای ئێران دا هەیە و بە تایبەتی پرۆژە شکستخواردووەکەی دروستکردنی چەکی ئەتۆمی، تا چەندە لە نێو کۆمەلانی خەڵکی ئێران دا بێزراو و بێ پشتیوانیە. ئەو باش دەزانێ کە لە پرۆژە ئەتۆمیەکەی دا کە کردبویە مەسەلەیەکی پریستیژی بۆ ڕژیمەکەی. پاش چەندین ساڵ لە پێداگری و پاش ئەوەی کە ئابوری ئێرانی بەرەو نابودی برد و خەڵکی ئێرانی لەگەڵ دژوارترین گەمارۆکان بەرەوڕوو کرد، ئێستا لە خوا دەخوازێ بگاتەوە ڕوژی ئەوەڵێ و بۆ لابردنی گەمارۆکان دەست لە پرۆژە مەزنخوازانە شکستخواردووەکەی هەڵبگرێ. فشاری گەمارۆکان،

هاتنەخوارەوەی نرخی نەوت و لە گەڵی دا بەرزبونەوەی ئاوسانی دراوی لە ئێران دا ڕێژیمی لە گەڵ قەیرانێکی تازەی ئابوری بەرەو ڕوو کردوە کە دەوڵەتی ڕووحانی ناکام دەکا لە وادەو بەڵێنەکانی سەردەمی هەڵبژاردن بۆ چارەسەری گرفتە ئابوریەکان. هەرچەند دەبێ بە حەق ئیشارە بەوە بکەین کە دەوڵەتی ڕووحانی، لانی کەم لە بواری ئابوری دا زۆر کارامەترە لە دەوڵەتی ئەحمەدینژاد. ئەو قەیرانە ئابوریەش بە نۆبەی خۆی زۆرتر غیرەت وەبەر ڕووحانی و تیمەکەی دەنێ کە لە سەر زەمینە سازی بۆ ڕێککەوتن لە گەڵ ڕۆژئاوا، پێ داگری بکەن و تەنانەت تۆپی پرس کردنی گشتی لە خەڵکی ئێرانیش فڕێ دەنە بەردەم دەروازەی ڕێبەریی نیزام.

ئەو یاریە دژوارە هەرچەند ئیمکانی جێ بەجێ کردنیشی کەمتر بێ، چونکە دەکرێ بڵێین بۆ نیزامی ویلایەتی فەقیە هێڵی سوور بە حیساب دێ، بەڵام دەتوانێ هاوسەنگی وەلی فەقیە تێک بدا و تەنانەت مەجبور بە ئیمتیازدانیشی بکا. چونکە ئەگەر ڕێگاش نەدا لە ڕێگای ڕێفڕاندۆمەوە کۆمەڵانی خەڵک بەشێک لە چارەنووسی خۆیان بەدەستەوە بگرن و لە سەر گرفتە کەڵەکە بوەکان بڕیار بدەن، لانی کەم مەجبورە لە جێگایەک دا تەسلیم بێ و ئەو بڕیارەی کۆمەڵانی خەڵک دەیان دا، بۆخۆی بیدا. تا دەسەڵاتەکەی نەکەوێتە ژێر پرسیار و تەنافی بەند کردنی کۆمەڵانی خەڵک بەرەبەرە شل نەبێتەوە.

هەربۆیەش ئاغای ڕووحانی بەمجۆرە ڕاشکاوانە یاری بە هێزی نوستوی کۆمەڵانی خەڵک دەکا. ئەو ڕاشکاوانە دەی هەوێ بە خامەنەیی و باندەکەی بڵێ کە ئەگەر ئێوە ڕێگای نەفەسکێشانم پێ نەدەن، پەنا دەبەمە بەر هێزی نووستوی کۆمەڵانی خەڵک و وەخەبەریان دێنم، جا بزانین کێ براوەی ئەو مەیدانە دەبێ. بەڵام ئاغای ڕووحانی بە دوو دەلیل زۆر موحتاتانە و بە تێبینی یەوە ئەو کارە دەکا. دەلیلیشی ئەوەیە کە ئەو بەڕاستی بە شێکە لە نیزام و خۆی لە نێو کەشتیە پڕ کارەساتەکەی نیزام دا دەبینێ و لە ڕۆچونی کەشتیەکەدا بۆ قووڵایی دەریا پڕ شەپۆلەکە، خۆشی دەبینێتەوە.

بەمجۆرە هێزی دام و دەزگای ڕێبەریی نیزام و ویلایەتی فەقیە لەوە دا دەەردەکەوێ کە تا چەندە و تا کەی دەتوانن هێزی شاراوەی کۆمەڵانی خەڵک لە شاراوەیی دا بێڵنەوە و دیسان وەک سی و پێنج ساڵی ڕابردوی نیزام قسەی ئاخری بکەن. بۆیە دەکرێ بڵێین کە ئاغای ڕووحانی ئەمجارەیان، دام و دەزگای ڕێبەری، ویلایەتی فەقیە و شەخسی خامەنەیی لە بەردەم هەڵبژاردنێکی چارەنوس ساز دا

داناوە، تەسلیم بوون بەو چارەنوسە و بەر بەرەکانی لەگەڵ ئەو چارەنوسە، هەر دووکیان بە یەک ڕادە دژوار و خەتەرن.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ١١ی جانێویری ٢٠١٥

## "ڕۆژهەڵات مێحوەری" ئاراستەیەکی تەواو نەتەوەیی یە

لە درێژەی هەوڵ و تێکۆشانەکانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان دا بۆ چالاکترکردنەوەی خەباتی مافخوازانەی کۆمەڵانی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، ڕۆژهەڵات تەوەرییش هاتە ئاراوە. لە دوای لەتبوونی حیزبی دێموکرات و پاش ئەوەی لە کۆنگرەی چاردە دا حیزبی دێموکراتی کوردستان بە تەواوی خۆی ئۆرگانیزە کردەوە، چەندین پرۆژەی سیاسی و جوڵانەوەی مەیدانی هێنانە ئاراوە و کاری بۆ کردن تا خەبات لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بگاتەوە ئاستی شیاوی خۆی و شانازییەکانی ڕابردووی نە چەندان دووری، دیسان سەرهەڵدەنەوە و حیزبی دێموکراتی کوردستان بتوانێ ڕیسالەتی مێژوویی خۆی بە باشترین شێوە بە ڕێوە بەرێ.

گرنگترینی ئەو پرۆژانە چڕکردنەوەی هەوڵەکان بۆ داڕشتن و ئاراستە پێدانی خەباتی نەتەوەیی بوو. لە کۆنگرەی چاردەی حیزب دا بناغەی ئەو ئاراستە کردنە داڕێژرا بە پەسند کردنی کۆمەڵێک ویست و دروشمی ستراتیژی کە لە هەمویان گرنگتر دامەزراندنەوەی کۆماری کوردستانە، کە یەکێک لە شانازییە گەورەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانە، لە سەرەتای دامەزرانییەوە تا ئەمڕۆش. جگە لەوە بەرنامەی حیزبی دێموکراتی کوردستان بە شێوەیەک داڕێژرا کە چارەسەری مەسەلەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دا لە چوارچێوەی مافی دیاری کردنی چارەنوس دا هەڵسەنگێندرێ و وەک مافێکی ڕەوا چاوی لێ بکرێ کە پیادەکردنەکەی لە سەردەمی ئازادی دا، بەدەست گەلی کورد خۆی دەبێ و ناکرێتە پرۆسەیەک لە چوارچێوەی ووتووێژ لە نێوان کورد و دەسەڵاتداران لە ناوەندی ئێران دا. بەڵکو هەر دەسەڵاتێک بیهەوێ گەلی کورد قەبوڵی بکا، دەبێ لە پێش دا ئەو دەسەڵاتە مافە ڕواکانی خەڵکی کوردستان قەبوڵ بکا. مافی دیاریکردنی چارەنوس، مافێکی سەلمێنراوی نێونەتەوەییە و جێگای موناقەشەی تێدا نییە. کۆی بڕیارەکانی کۆنگرەی چاردە ئەو ئاراستەیان تێدا بوو کە بۆ چەسپاندنی مافی نەتەوەیی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەبێ لە کوردستانەوە بڕوانرێ و زەمینە بەدەستەوە گرتنی ئەو مافە لە ناو چین و توێژە جۆراوجۆرەکانی خەلکی کوردستان دا بڕەخسێنرێ و کەسایەتی نەتەوەیی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دا بە جۆرێک دروست بکرێ و ئۆرگانیزە بکرێ، کە بتوانێ ئیرادەی نەتەوەیی لێ بێتە بەرهەم و بەو ئیرادەیە بتوانرێ چارەنوسی ئەو بەشە لە نەتەوەی کورد دیاری بکرێ.

ڕەنگە هێندێک کەسی ئەوتۆ کە قووڵایی ئاڵ و گۆڕەکانی دوای کۆنگرەی چاردەی حیزبی دێموکراتی کوردستان نابینن، یا نایانهەوێ ببینن، ئەو پرسیارە بێننە گۆڕێ کە حیزب چی بۆ ئەو دروشمانە کردوە؟!

بێگومان ئەگەر ئەو کەسانە بە ووردی سەرنج بدەنە گوتار و کردەوەکانی حیزب لە مێدیاکان و لە نێو کۆڕ و کۆمەڵە ئێرانیەکان دا، بە ڕوونی بۆیان دەردەکەوێ کە لەو مەیدانەدا چ کراوە. ئەگەر گوێ لە زمانی مێدیایی حیزبی دێموکراتی کوردستان بگرین، وەک جاران گوێت لە "کوردستانی ئێران" نابێت و "ڕۆژهەڵاتی کوردستان" جێگای گرتوەتەوە. لە نێو کۆڕ و کۆمەڵە ئێرانیەکان دا چیدی جانانە، بەرگری لە "ئێرانی بوون"ی خۆمان ناکەیەن و خۆمان لە هەموو کەس بە "ئێرانیتر" نازانین و تەنانەت مەرجمان هەیە بۆ ئەوەی لە نێو ئێران دا بمێنینەوە. ئەویش سەلماندنی مافە نەتەوەییەکانمانە. لە بواری پەیوەندییە کوردستانیەکان دا دڵفرەوانی نەتەوەیی مان نیشان داوە و تەنانەت هێزە نەیارەکانیشمان قەبوڵ کردوە بۆ بەهێزکردنی خەباتە نەتەوەییەکە و بەرە نەتەوەییەکە.

جگە لەوە پرۆژەی زیندووترکردنەوەی پەیوەندییەکان لەگەڵ نێوخۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بە ڕەسمی ناسین وهاندان و پاڵپشتی کردن لە چالاکانی مەدەنی، فەرهەنگی و کۆمەڵایەتی نێوخۆ. پەیوەندی کردن و ناسینی خەباتی ئەو کەسایەتی و ڕێکخراوانەی کە تەنانەت لە چوارچێوەی نیزامی کۆماری ئیسلامی دا و بە پێی ئەو ئیمکانە کەمانەی کە لەو چوارچێوەیەدا کاری سیاسی دەکەن و مەسەلە نەتەوەییەکە دێننە گۆڕێ. هەوڵدان بۆ بوژاندنەوەو بەهێزتر کردنی بەرگریی نەتەوەیی بە چوونەوەی کادر و پێشمەرگەکان بۆ قوڵایی ناوچەکانی کوردستان و پشتیوانی کردن لە جوڵانەوەی لاوانی نێو خۆ لە چوارچێوەی پارێزەرانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دا و دوایین پرۆژەی گرنگی ڕۆژهەڵاتمیحوەری، هەمویان لە خزمەتی ئەو ئامانجە سەرەکیەدابوون کە گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان خۆی بە خاوەن بکا لە مەسەلە نەتەوەییەکەی خۆی و ئامڕازی بەدەستەوەگرتنی چارەنووسی خۆی بەرهەم بێنێ.

بە پێچەوانەی بۆچونی هێندێک کەس و بە پێچەوانە هەڵسەنگاندنی هێندێک لایەنیش، ڕۆژهەڵات مێحوەری نەک تەنیا گەڕانەوە نییە بۆ میکانیزمەکانی ڕابردوو، بەڵکو هەڵقوڵاوی ئاراستە کردنی خەباتە بە لای ئیمان بەخۆبوون و دروستکردنی کەسایەتیەکی نەتەوەیی بە هێز لە نێو ڕۆژهەڵاتی کوردستان دا.

بەشێکی دیکە لە ئاڵوگۆڕەکان هێمایی بوون. وەک ناوی حیزب و ئارمی حیزب کە ڕەنگدانەوەی قووڵتر بوونەوەی بیری نەتەوەیی یان تێدایە. بە لابردنی وشەی ئێران لە سەر ناوی حیزب و بە نیشاندانی هێمایەک بۆ چوارپارچەی کوردستان، هەریەکەیان بە هێمای خۆیەوە، هەم دروشمی کوردستان یەک وەڵاتە ڕەنگی داوەتەوەو هەم ئەمری واقیعێک نیشان دراوە کە بە داخەوە وڵاتەکە کراوەتە چوارپارچە. ئەو هێمایە نیشان دەدا کە ئێمەی کورد پێویستە واقیعبین بین و سەرەڕای پاراستنی یەکیەتی نەتەوەییمان و سەرەڕای هاوسۆزی و هاوکاریی نەتەوەیی، نابێ لە کاروباری یەکتر دا دەخالەت بکەین و کێشە بۆ یەکتر ساز بکەین. ئەوە بێ ئەملاو ئەولا لە گەڵ پرۆژەی ڕۆژهەڵاتمێحوەری یەک دەگرێتەوە، کە بەم دواییانە

حیزبی دێموکڕاتی کوردستان هێناویەتە گۆڕێ. بە پێچەوانەی بۆچوونی هێندێک کە س و لایەن، ڕۆژهەڵات مێحوەری دەقاو دەق لە ڕاستای ئەو هێمایە دایە کە لە ئارمی حیزب دا ڕەنگی داوەتەوە. ئەویش ئەولەویەت دانە بە خەبات لەو پارچەیەی کوردستان کە حیزبی بۆ دامەزراوە و بەرپرسایەتی مێژوویی هەیە بەرامبەری. چوار شاخەکەی نێو ئارمی حیزب پێمان دەڵێن کە دەبێ غەمی سەرەکیمان مەسەلە نەتەوەییەکە بێ، دەبێ هەرچوارپارچە هاوکار و پشتیوانی یەکتر بین و هەر لەوکاتەش دا ڕێز لە هەل و مەرجی جیاوازی یەکتر بگرین. دەبێ هەر پارچەیە ئەولەوییەتی خەباتی لە نێوخۆی بێ و خۆی بە هێز بکا و خۆی لەبیر نەچێتەوە، تا ئەوەندە بەهێزبێ کە بتوانێ یارمەتیدەری پارچەکانی دیکەش بێ. بەو پێیە ڕۆژهەڵاتمێحوەری لە ڕاستای دروشمە نەتەوەییەکانی کۆنگرەی چاردەی حیزب دایە و نە تەنیا گەڕانەوە نییە بۆ دواوە، بگرە جێ بەجێ کردنی بەشێک لەو دروشمانەیە.

جێگای خۆیەتی ئیشارە بەوەش بکەین کە دروشمە نەتەوەییەکانی دوای لەتبون، لە ڕاستی دا پێویستیەکی سەردەم بوون کە دەبوا پێشتریش حیزب بیخستنایە نێو ڕۆژەڤی سیاسەتی خۆی و بۆ ئەوەی بتوانێ خۆی نۆژەن بکاتەوە و لە گەڵ سەردەم و بەرزبوونەوەی ئاستی خەباتی کورد و بەرفرەوانبونی ناساندنی مەسەلەی کورد لە ڕاددەی نێونەتەوەیی دا خۆی بگونجێنێ، ئەو دروشمانە پەسند بکا. حیزبی دێموکراتی کوردستان تەنانەت ئاسانکارییەکی زۆریشی بۆ حیزبی دێموکڕاتی یەکگرتو کردوە. بناغەی ئاڵ وگۆڕە پێویستەکانی داڕشتووە و بۆ یەکگرتنەوەیەکی ئوسولی ئامرازی زۆر پێشکەوتوو و سەردەمیانەی بەرهەم هێناوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ١٣ی جانێویری ٢٠١٥

# ڕێکەوتنی ڕۆژاوا لە گەڵ ئێران

پاش زیاتر لە ٨ ڕۆژ وت و وێژی ووزە پڕوکێن و دوور و درێژ لە نێوان هەیئەتی ئێرانی و کۆی وەزیرانی شەش زلهێزی جیهانی لە دوایین کۆبونەوەکانیان دا لە لۆزانی سویس، بە بڵاوکردنەوەی بەیانێکی هاوبەش،چوارچێوەی ڕێککەوتنی کۆتاییان ڕاگەیاند. کورتەی ئەو تەفاهومنامەیە کە لە بەیانەکەدا لە لایەن خانمی فیدریکا موگرینی بەرپرسی سیاسەتی دەرەوەی یەکیەتی ئوروپا وئاغای زەریف وەزیری دەرەوەی کۆماری ئیسلامی بە ئینگلیزی و فارسی خوێندرایەوە، ئەوەبو کە ئێران توانای غەنیسازی ئۆرانیۆمی خۆی تا ڕاددەیەکی بەرچاوکەم دەکاتەوە، تەنیا ناوەندی نەتەنزی دەمێنێ بۆ پیتاندنی ئۆرانیۆم، ناوەندی فۆردۆ ی دەگۆڕێ بۆ ناوەندێکی فیزیکی و لێکۆڵینەوەو کاری زانستی و ئەو ئۆرانیۆمەی کە کۆماری ئیسلامی زۆر غەنی کردوە دەنێردرێتە دەرەوە،ئێران ناوەندی ووزەی ئەتۆمی ئەراک و رئاکتۆری ئاوی قورس بە شێوەیەک دەگۆڕێ کە نەتوانێ لە ڕاددەی چەکی ئەتۆمی دا پلوتۆنیۆم بەرهەم بێنێ، کۆماری ئیسلامی مولزەم دەکرێ بە بەڕێوەبردنی پڕۆتۆکۆڵە ئیلحاقیەکان و هاوکاری تەواو لەگەڵ ئاژانسی نێو نەتەوەیی وزەی ئەتۆمی کە بۆ ماوەی ١٠ ساڵ چاوەدێریەکی چڕ و پڕی دەکرێ و بۆ ماوەی ١٥ ساڵانیش مافی ئەوەی نابێ کە ڕیاکتۆری تازە دروست بکا.

لە بەرامبەر دا گەمارۆ ئابورییەکانی ئەمریکا و ئوروپا لە سەر ئێران لادەچن ئەگەر کۆماری ئیسلامی پابەند بێ بە هەمو ئەو تەوافوقانەی کە لە چوارچێوەی ئەم تەفاهومنامەیەدا دەکرێن.
دیارە ئەوە تا ئێستا تەوافوق نییە و تەنیا دیاری کردنی چوارچێوەیە بۆ تەوافوقێکی گشتی کە تا سێ مانگی دیکە، واتە دوایین ڕۆژەکانی مانگی ٦ – ٢٠١٥ دەبێ بە ووردەکارییەوە تەدوین بکرێ و بە ئیمزای هەردووک لایەن بگا، تا هەردووکیان مولزەم بن بە جێ بەجێ کردنی و تا ئێرە تەنیا ئیلزاماتی ئەخلاقیان هەیە، نەک یاسایی نێونەتەوەیی.

ئەوەی جێگای سەرنجە ئەوەیە کە هەر لە ئێستاوە جیاوازی هەیە لە تەفسیر کردنی ئەو تەفاهومنامەیەدا، لە نێوان کۆماری ئیسلامی و ئەمریکاو ئوروپا دا. کۆماری ئیسلامی زۆرتر باسی هەڵگیرانی فەوری هەمو گەمارۆکان دەکا و ئەمریکا و ئوروپا زۆرتر باسی ئیلزاماتێک دەکەن کە بەسەر کۆماری ئیسلامی دا سەپێنراوەو و ڕادەگەیەنن کە هەلگرتنی گهمارۆکان قۆناغ بە قۆناغ و بە پێی هەڵس و کەوتی کۆماری ئیسلامی جێ بەجێ دەکرێ.دیارە ئەو خاڵانەی لە بەیانەکە دا هاتوون هەمو ئەو باس و ڕێککەوتنانە نین کە لە کۆبونەوەکان دا هاتونە بەرباس و بەیانەکە بە جۆرێک تەنزیم کرابو کە یارمەتی بکا بە قەبوڵ کرانی ئەو ڕێککەوتنانە لە لایەنی موخالیفانی نیوخۆیی هەردووک لاوە. چونکە لە ڕاستی دا درێژ بوونەوەی ووت و وێژەکان ئەوەی دەردەخست کە هەردووک لا لە نێو ماڵی خۆیان دا دژبەری بەهێزیان هەیە و دەبێ



سەرچاوە
Serchawe

لەبەرچاویان بگرن. هەرچەند ئەوەشی دەردەخست کە دوو لایەنی ووت و وێژ، بەتایبەتی دەوڵەتی ڕوحانی و ئیدارەی ئۆباما زۆر موشتاقی ئەوەن کە بە ڕێککەوتنێک بگەن، چونکە قورسایی ستراتیژی و پریستیژی خۆیان لەسەر ئەو مەسەلەیە دانابو.

لە هەر حاڵ دا ئێستا کە نیمچە ڕێککەوتنێک بەدەست هاتوە، هەریەک لەو دوو لایەنە هەوڵ دەدا ئەو تەفاهومە وەک سەرکەوتنی خۆی، بە وڵاتەکەی خۆی و بە موخالیفانی خۆی بفرۆشێ. دیارە کەسانی بێلایەنیش لەو مەسەلەیەدا زۆرتر چاو لە خاڵەکانی ڕێککەوتن دەکەن و لەوێوە، براوە و دۆڕاوی ئەو دانیشتنە چەندین ساڵە دوور و درێژە هەڵدەسەنگێنن. ئەگەر لەو ڕوانگەیەوە تەماشای بکەین، دۆڕاوی سەرەکی سیاسەت و ستراتیژی نیزامی کۆماری ئیسلامی و شەخسی خامەنەیی یە. دیارە دەبێ ستراتیژی نیزام و پێداویستی خەڵکی ئێران و دەوڵەتی ڕوحانی بەجیا هەڵسەنگێنین. هەرچی نیزامی کۆماری ئیسلامییە، لەوەدا دۆڕاندویەتی کە ئەو هەمو ساڵانە گەمارۆی ئابووری و ئیزۆلە بوونی خۆی تەحەممول کردوە بۆ ئەوەی گۆیا وەک زلهێزێک خۆی بە سەرکۆمەڵگای نێو نەتەوەیی دا بسەپێنێ، کە هەرچی پێی خۆشبێ دەتوانێ بیکا و وەڵامی کەسیش نەداتەوە. بە درێژەوە خەریکی دروستکردنی چەکی ئەتۆمی بێ و ڕێگای پشکنینی ئاژانسی وزەی ئەتۆمی بگرێ و بە ڕاددەیەک سنورداری بکا کە نەتوانێ پێشی کارە ژێر زەمینیەکانی بگرێ، لە هەمان کاتیش دا بەزاهیر ژێستی ئەوەش لێ بدا کە بەرنامە ئەتۆمیەکانی سوڵحخوازانەن و نیازی ئەوەی نییە چەکی ئەتۆمی بەرهەم بێنێ. کەچی سەرەڕای ئەوەی بە تەخمینی هێندێک شارەزا لەو ماوەیەدا زیاتر لە ٣٠٠ میلیارد دۆلاری زیان بە ئابوری ئێران گەیاندوە و ئەو هەمو دەمە چەقەیەی کردوە، تازە مەجبور بوە شتێک قەبوڵ بکا کە ١٠ ساڵ لەمەوبەریش ئەگەر قەبوڵی کردبایە، نەک تەنیا هیچ زیانێکی نەدەکرد، بەڵکو زۆر مەیدانی پێشکەوتنی دیکەشی بۆ دەکرایەوە. ئێستا تەنانەت ئەگەر هەمو گەمارۆکانیش لا بچن، لە ڕاستی دا گەیوەتەوە خاڵی سفر. چونکە ئەو گەمارۆیانە هەر نەدەهاتنە پێش ئەگەر لە ئەوەڵەوە ئەو تەفاهومەی لە گەڵ کۆمەڵگای نێو نەتەوەیی هەبوایە. بەڵام بۆ خەڵکی ئێران زەرەد لە نیوەشی بگەڕێتەوە هەر قازانجە. دوای ئەو هەمو ڕەنجەی داویانە لە پێناو سیاسەتی هەڵە و ستراتیژی دۆڕاوی وەلی فەقیە دا، ئێستا ئاسۆی ئەوە دەردەکەوێ کە گەمارۆکان لابچن، هەناسەیەک بەبەر ئابوری ئێران دا بێتەوە، لانی کەم تەوەڕرومی کەمەر شکێن نەمێنێ و ئێران تا ڕاددەیەک بێتەوە نێو کۆمەڵگای نێو نەتەوەیی. بۆ دەوڵەتی ڕوحانیش بە سەر کەوتن حیساب دەکرێ لەو ڕاونگەیەوە کە یەکێک لە گرنگترین بەرنامەکانی دەوڵەتەکەی بو، هەر لە ماوەیەکی کورت دا دەتوانێ دەست بکا بە فرۆشتنی نەوتی زەخیرەکراو و ئەرزێکی باش بەدەست بێنێ و باری قورسی کەسری بودجەی لەکۆڵ بێتەوە، هەرچەند ئێستا ئەو نەوتە بە نیوە قیمەتی ئەو کاتە دەفرۆشرێ کە دەرهێراوە. جگە لەوە ئومێدێک بۆ ژیان دەداتەوە بە خەڵکی ئێران و لە هەڵبژاردنی داهاتو دا بێگومان یارمەتی دەری دەبێ. کەوابو دەکرێ بڵێین نیزام دۆڕاوە، بەڵام دەوڵەت براوەیە.

لایەنی وڵاتانی ئورەپایی و ئەمریکاش لە هەر حاڵ دا براوەن. ئەگەر تەوافوق سەر بگرێ بە ووت و وێژ مەسەلەیەکیان

چارەسەر کردووە کە تەنانەت ئامادەبوون سەدان میلیارد خەرجی بۆ بکەن و تەنانەت ئەگەر پێویست بێ شەڕیشی بۆ بکەن. هیچ تێچویەکیشی بۆ ئەوان نییە. ئەگەر تەواوی گەمارۆکانیش لابەن، شتێکیان لەدەست ناچی و تەنیا گەمارۆیەکیان لابردوە، کە هەر بۆخۆیان دایان نابو. جگە لەوە بە هاتنەوە بازاڕی نەوتی ئێران، چاوەڕوان دەکرێ نرخی نەوت زۆرتریش دابەزێ. هەروەها کارخانە و شیرکەتەکانیان دەمێکە چاوەڕوانن تا بتوانن بازاڕی ئێران بەدەست بێننەوە. کەوابو بەهەر لایەک دا هەڵی سەنگێنی غەرب لە و سەودایەدا قازانجی کردوە.

دیارە لایەکی دیکەی ئەو مەسەلەیە ڕەنگە ئەوەبێ کە ڕژیمی کۆماری ئیسلامی لەمەودوا دەستی ئاواڵەتر بێ بۆ دەستێوەردان لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و ئیسلامی داو بۆ سەرکوتی زیاتر لە نێوخۆی ئێران دا. هەرچەند گومان دەکرێ لەو بارەشەوە جیاوازییەکی ئەوتۆی نەبێ. وڵاتانی ئوروپایی و ئەمریکا بە ئاشکرا ڕایان گەیاندوە کە کێشەکانیان لە گەڵ کۆماری ئیسلامی لێرەدا تەواو نابێ. لە زمان هەمو بەرپرسانەوە گوتویانە کە مەسەلەی مافی مرۆڤ و لایەنگری لە تیرۆڕ و دەستێوەردانەکانی کۆماری ئیسلامی هەر لە جێگای خۆیانن و لە پەیوەندی ئەوان و کۆماری ئیسلامی دا ئەوانە کێشەی جیاوازن. ڕاستە بە چارەسەری مەسەلەی ئەتۆمی گوزینەی نیزامی لە دژی کۆماری ئیسلامی زۆر لاواز بووە، بەڵام بە مانەوەی کێشەی ئەتۆمیش ئەو گوزینەیە زۆر بەهێز نەبو، زۆرتر بیر لە گەمارۆی ئابوری زیاتر دەکرایەوە، کە ئەوەش زیاتر کەمەری خەڵکی ئێرانی دەشکاند هەتا ڕژیمی کۆماری ئیسلامی. لەولاشەوە خەڵک و تەنانەت بەشێک لە هێزە سیاسییەکانیش، چاویان لە وەبو کە غەرب لە ئێران دەخالەتی نیزامی بکا و بەو چاوەڕوانیەوە پاڵیان دابۆوە.

خەڵکی ئێران و هێزە سیاسیەکان و لە نێویشیان دا گەلی کورد و هیزە سیاسیەکانی دەبێ ئەو ڕاستییە قەبوڵ کەن کە ئازادی تەنیا بە خەباتی خۆیان بەدەست دێ و ناکرێ بە چاوەڕوانی هیزە دەرەکیەکانەوە دانیشن. دەرفەتی ئازادی تەنیا بە هێزی خۆیان دەخولقێ. ئەگەر خۆیان لە مەیدان بن، بێگومان هێزی دەرەکیش پشتیوانیان لێ دەکەن. دوای ڕێککەوتن لەسەر مەسەلەی ئەتۆمیش، ڕژیمی ئێران هەر نەخوازراوە لە نێو کۆمەڵگای نێو نەتەوەیی دا. جگە لەوەش بە لاچوونی کێشەی بەرنامەی ئەتۆمی ڕەنگە مەیدان بۆ هاتنەگۆڕی مەسەلەی مافی مرۆڤ زیاتریش بێ. هەروەها ئیمکانی ئەوەش هەیە کە بە کەمبونەوەی گرفتی ئابوری کۆمەڵانی خەڵک زۆرتر بیر لە ئازادی بکەنەوە و کاتی ئەوەیان زۆرتر هەبێ کە ئاوڕێک لە مافەکانیان بدەنەوە. لە ڕاستی دا دەکرێ چارەسەری کێشەی ئەتۆمی بکرێتە دەرفەتێک بۆ ئەوەی کە ڕژیم زۆرتر لە ژێر فشار بنرێ بۆ ڕیحایەتکردنی مافی مرۆڤ و مافی نەتەوە ژێر دەستەکان. سەرکەوتنی هیزە ئازادیخوازەکانیش هێندەی بە یەکگرتن و خۆ ئامادەکردنی خۆیانەوە بەندە، ئەوەندە بە ڕێککەوتن، یا ڕێکنەکەوتنی غەرب و ئێران لە مەسەلەی چەکی ئەتۆمی یەوە بەند نییە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٤ی ئەپریلی ٢٠١٥

# مستەفا شەڵماشی: دێموکڕاتەکان لە ڕێکخراوێکی تازەدا پێکەوە (بەرەی نەتەوەیی دێموکڕاتەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان) هاوکاری بکەن

**دیمانە: جەعفەر شەریعەتی**

**لە چەند مانگی رابردوودا پرسی دانیشتنو دیالۆگی نێوان هەردووک حدکو حدکا یان بە واتایەکی دیکە، حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانو حیزبی دێموکراتی کوردستان چەند قۆناغێکی نوێی تێپەڕاند. بۆ تاووتوێی چەند پرسێکی پێوەندیدار بە پێوەندییەکانی دێموکاتەکان لە دیمانەیەکدا لەگەڵ مستەفا شەڵماشی، ئەندامی دەفتەری سیاسیی حدکو بەرپرسی پێوەندییەکانی ئەو حیزبە لە دەرەوەی کوردستان، دێتە بەرباس**

**پرسیار: ئێوە لە دوای سەرماوەزی ٢٠٠٦وە بەردەوام باسی یەکگرتنەوەی دێموکراتەکان دەکەن، ئەو هەڵوێستەی ئێوە چەندە کاریگەر بووە لەسەر حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران؟**

**وەڵام: ڕاستە هەر لە دوای لەتبوونەوە ئێمە بانگەوازی تەباییو برایەتیمان کردووەو ڕامانگەیاندوە کە هەرچەند بە داخەوە نەمانتوانیوە پێکەوە لە یەک ڕێکخراودا کار بکەین، بەڵام ئامادەین بە هەر شێوەیەکی گونجاو لەگەڵ لایەنی حدکا هاوکاری بکەینو تەنانەت لەسەر بناغەی هاوسەنگیو یەکگرتنەوەیەکی پتەو کە بتوانێ ئاسەواری لێکدابڕانەکان بشواتەوەو تەباییەکی بەردەوام بەرهەم بێنێ، ببینەوە یەک حیزبیش. هەڵوێستی نەرمو یەکیەتیخوازانەی ئێمە کاریگەری زۆری هەبووە لەسەر قووڵنەبونەوەی ناکۆکییەکان، گۆڕانی گفتمان بەلای لێک نیزکبوونەوەداو تەنانەت دەستپێکردنی وتووێژەکان بۆ چارەسەری گرفتی دێموکراتەکانو هاتنە بەر باسی یەکگرتنەوە. هەروەک دەزانن لە سەرەتادا هەڵوێستی حدکا بەرامبەر ئێمە زۆر توند بوو. نەک تەنیا ئامادە نەبون وتووێژ بکەن، بەڵکوو ئامادە نەبوون لەو کۆڕو کۆبونەوانەشدا بەشداری بکەن کە ئێمەی لێبووین. لە هەر جێگایەک بۆیان بکرایە ئێمەیان بایکۆت دەکردو تەنانەت پەیوەندیی نێوان ئەندامانو لایەنگرانیش زۆر سارد بوو. بە خۆشییەوە کارێکی وا کرا کە نەک تەنیا کێشەکان قووڵ نەبوونەوە، بەڵکوو بەرەبەرە پەیوەندییەکان باشتر بوون. هاتوچۆ لە نێوان بنەماڵەکانی هەردوک لاو ئەندامانو لایەنگران دەستی پێکردەوە، لە کۆڕو کۆمەڵە جیهانیو کوردستانییەکاندا پێکەوە بەشداریمان کردو تەنانەت کار گەیشتە وتووێژ، پێکهێنانی هەیئەتی هەردوک لا بۆ دانیشتنو بەیەکەوەو لە کۆتاییدا دانیشتنی هەردووک سکرتێرو هەردووک دەفتەری سیاسیش پێکەوە. هەمووی ئەوانە**

بەشێکی دەگەڕێتەوە سەر ئەو سیاسەتە ڕاستەی کە ئێمە هەر لە سەرەتاوە گرتمانە بەر.

دیارە دەبێ ئەوەش بڵێین کە بەشێکیشی دەگەڕێتەوە سەر ئەو ئاڵوگۆڕەی حدکا بە سەر سیاسەتی خۆیدا هێناوە، لانی کەم لە چۆنیەتی هەڵسوکەت لەگەڵ ئێمەدا. نابێ ڕۆڵی کامپینی یەکگرتنەوەو فشاری کۆمەڵانی خەڵکو بەدەنەی هەردوک لاش نادیدە بگرین. ئەوانە هەمویان ڕۆڵی گرنگیان لە ڕەوینەوەی دڕدۆنگیەکانو ئاسایی بوونەوەی بارو دۆخەکەدا هەبووە. بەڵام دەبێ ئەوەش لە بەرچاو بگرین کە ئەگەر سیاسەتی "حدک"یش لە سەرەتادا وەک سیاسەتی حدکا توند بوایە، ڕەنگە ئاڵۆزیی نێوان ئەو دوو تەشکیلاتە بە پلەیەک گەیشتبایە کە ڕێگای لێک نیزیکبوونەوەو باس کردن لە یەکگرتنەوەی زۆر دوورو درێژتر کردباوە.

**پرسیار**: لەناو ڕێکخستنی هەر دوو دێموکراتدا کۆمەڵێک نیگەرانی لە شێوەی یەکگرتنەوەی دێموکراتەکان هەیە، ئەگەر یەکگرتنەوەیەک چێ بێ چەندە هومێد بۆ نەهێشتنی ئەو نیگەرانییانە دەکرێ بدرێ؟

**وەڵام**: نیگەرانی ڕێکخستنی هەردووک لا دەرک دەکرێ. ئەگەر یەکگرتنەوە لە سەر بناغەیەکی پتەو و یەکسان نەبێو ئەگەر کارێکی وا نەکرێ کە هەموولایەک خۆیان بە براوە بزانن، خەتەری سەرهەڵدانەوەی ناکۆکی لە حیزبی یەکگرتوودا دیسان دێتە ئاراوە. هەربۆیە نابێ پەلە لە یەکگرتنەوە بکرێ. پێویستە هەردووک لا بۆ ئەوە کار بکەن کە یەکگرتن لە سەر پایەی بەرهەمهێنانی حیزبێکی دێموکراتی یەکگرتوی مۆدێرنو ئەورپی کە زۆرتر بۆ داهاتوو دەڕوانێ، تا کێشەکانی ڕابردوو، بنیات بنرێ. هیچ لایەک نابێ خۆی لە بەرپرسایەتی ناکۆکییەکانی ڕابردوو ببوێرێو هەوڵی ئەوە بدا خەتای ئەو ناکۆکییانە بخاتە سەر لایەنی بەرامبەری. هیچکام لەو دوو حیزبی دێموکراتە نابێ چاوەڕوان بێ یەکگرتن لەسەر بناغەی ویستو ئارەزووی ئەو پێک بێ. هیچکام لەو دوو حیزبە نابێ خۆی بە ئەسڵو ئەوی دیکە بە پاشکۆ بزانێ. یەکگرتنێکی سەرکەوتوو تەنیا لەسەر بناغەی یەکتر قبووڵ کردن، خەتای دابڕان وەئەستۆ گرتنو ڕوانین بۆ داهاتوو و قەتیس نەمان لە ڕابردوودا، ئیمکانی هەیە. ئەگەر بە میکانیزمێکی ئەوتۆ کە هەردووک لا بە تەواوی خۆی تێدا ببیننەوە، یەکگرتن ڕوو بدا، هومێد هەیە کە لە ماوەیەکی کورتی دوای یەکگرتنەوەدا، ئەو نیگەرانیانە بڕەونەوە.

**پرسیار**: کاک مستەفا هیجری لە دوایین وتووێژی میدیاییدا دەڵێ: ئەو هاوڕێیانە دەبێ بە قبووڵ کردنی پەسندکراوەکانی کونگرەی سێزدە، هەمان کۆنگرە کە دوای ساڵێکو چەند مانگ ئێوە جیابوونەوەی خۆتان ڕاگەیاند، بچنەوە ناو حدکا، ئێوە بەو مەرجەی ناوبراو ڕازینو دەچنەوە ناو ڕێکخستنەکانی حدکا؟

**وەڵام**: بە هیچ جۆرێک باس لە چوونی ئێمە بۆ ناو ڕێکخستنەکانی حدکا، یا هاتنی ئەوان بۆ نێو ڕێکخستنەکانی حدک

نییە. ئەگەر باسەکە ئەوە بێ خۆ پێویست بە وتوویژ ناکا. گرفتەکە ئەوەیە کە لایەنی حدکا بەرەبەرە گوتاری خۆی گۆڕیوەو بۆی زەحمەتە یەکسەر بێتە سەر ئەسڵی مەسەلە. هێنانە بەرباسی کۆنگرەی ١٣ و پەسندکراوەکانی کۆنگرەی ١٣ خۆی لە خۆیدا خراپ نییەو بێگومان لە وتووێژەکاندا دێتە گۆڕێ. بەڵام ناتوانێ بناغەیەکی باش بێ بۆ یەکگرتنەوەو میکانیزمێکی پتەو بە دەستەوە نادا. ڕەنگە بکرێ لە هێندێک بڕیاری موسبەتی کۆنگرەی ١٣ کەڵک وەرگری. بەڵام ناتوانی بیکەیە میکانیزم بۆ یەکگرتنەوەی دوو حیزب کە زیاتر لە هەشت ساڵە بە جیا خەبات دەکەنو لە زۆر سیاسەتی ڕۆژانەدا جیاوازیان هەبووەو تەنانەت لە هەڵسوکەوتە تەشکیلاتییەکانو بەڕێوەبردنی ڕێکخراوەیی‌و گفتمانی سیاسیشدا جیاوازیان هەبووە. بەڕێز کاک مستەفای هیجری تاکوو ئێستاش زۆرتر ئەو سیاسەتە دووپات دەکاتەوە کە دوای کۆنگرەی ١٣ نەیتوانیوە حیزبەکە بە یەکگرتوویی ڕابگرێ‌و دوای لەتبوونیش تا ئێستا نەیتوانیوە بنەماڵەی گەورەی دێموکرات بکاتەوە یەک حیزب. بێگومان بەو گوتارە زەمینە خۆش نابێ بۆ سەریەکخستنەوەی بنەماڵەی دێموکڕات نە بە شێوەی چوونەوەو نە بە شێوەی یەکگرتنەوە. لە کاک مستەفای هیجری چاوەڕوان دەکرێ بۆ داهاتوو بڕوانێ‌و لە بیری ئەوە دابێ کە میکانیزمێکی ئەوتۆ بدۆزێتەوە کە هەموو لایەنگرانی یەکگرتنەوەی پێ‌دڵخۆش بکا. چاوەڕوان ناکرێ دیسان بگەڕێتەوە سەردەمی جیناحبازی‌و ئەکسەرییەت‌و ئەقەلییەتی کۆمیتەی ناوەندی‌و ڕازی کردنی جیناحی خۆی. تەنانەت ئەگەر حیزبەکەی ئەوانیش هەر هەمان جیناحی ئەکسەرییەتی کۆمیتەی ناوەندی دوای کۆنگرەی ١٣ بێ، کە پێموانیە وابێ‌و ئاڵوگۆڕ بەسەر پێکهاتەی ڕێبەری‌و بەدەنەشیدا هاتووە، دەتوانم بە ڕاشکاوی بڵێم کە حیزبی دێموکراتی کوردستان هەر بە تەواوی گۆڕاوە. بەشێکی بەرچاوی بەدەنەی حیزبو تەنانەت ڕێبەریەکەشی هیچ پەیوەندییە کی نەبووە بە جیناحبازی پێش کۆنگرەی ١٣و کەمینەو زۆرینەی کۆمیتەی ناوەندی دوای کونگرەی ١٣. حیزبی دێموکڕاتی کوردستان ئێستا لە هەموو بوارەکانی خەباتدا وەک یەکێک لە حیزبە گەورەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان خۆی ناساندوەو حیسابی بۆ دەکرێ. لەو ماوەیەدا زۆرجار گوتاری حدک، گوتاری زاڵ بووە لە فەزای سیاسیی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا. ناکرێ ئێستاش بە چاوی کەمینەی کۆمیتەی ناوەندیی دوای کۆنگرەی ١٣ چاوی لێ بکرێ.

**پرسیار**: حدکا لە حاڵێکدا تا ئێستا دانی بە بوونی ئێوە وەک ڕێکخستنێکی سەربەخۆی سیاسیدا نەناوە، ڕەوتی وتووێژەکانی ئێوە بە چ پێناسەیەکی سیاسی لەگەڵ حدکا دەچێتە پێش؟

**وەڵام**: ئێمە لەگەڵ حدکا بۆ ئەوە دانانیشین کە بەڕەسمیمان بناسێ، چونکە هەر ڕێکخراوێک مەشرووعییەتی خۆی لەو کۆمەڵە خەڵکە وەردەگرێ کە کاری بۆ دەکا. کەوابوو بۆ ئێمە زۆرتر گرنگە کە خەڵک لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بمانناسێ، بەڵام ناکرێ لەگەڵ ڕێکخراوێک وتوێژ بکەی بۆ یەکگرتن لە حیزبێکی واحیددا کەچی وەک ڕێکخراو دانی پێدا نەنێی. لە ڕاستیشدا بەمجۆرە نییە، حدکا دانی بە بوونی ئێمە وەک ڕێکخراوێکی سیاسی داناوە. بە ناوی سکرتێرو دەفتەری سیاسی

هەردووک لا لەگەڵمان دانیشتوە، تەنانەت لە ڕاگەیەنراوی ڕەسمیدا باسی دانیشتنی دوو سکرتیرو دوو دەفتەری سیاسی کردوە. ئەدی ئەوە دان پێدانان نییە، چییە؟ ئەگەر تۆ کۆمەڵە کەسێک بە ڕێکخراوی سیاسی نەزانی، چۆن لەگەڵ ئۆرگانە باڵاکانیدا وتووێژ دەکەی بە ناوی ئۆرگانەکانەوەو چۆن سکرتێرەکەی بە سکرتێر دەزانی؟ پێموایە ئەو قۆناغە تێپەڕیوە. بەڵام حدکا تا ئێستاش کێشەی هەیە لەگەڵ ناوی حیزبی ئێمە. کە ئەوەش بەڕاستی لە جێی خۆی دا نییە. ئێمە ناوێکی تەواو جیاوازمان هەیە لەگەڵ ئەوانو لە تەواوی ئەو پەیوەندیانەدا کە حیزبی پێش لەتبوون هەیبوونو ئێستا هەردووک حیزبەکە هەیانە، حدکو حدکا وەک دوو حیزبی جیاواز قبووڵ کراون. لەوەش گرنگتر هەردووک حیزبەکە لە مەیدانی ئەسڵیی خەباتیاندا کە ڕۆژهەڵاتی کوردستانە قبووڵ کراون. کۆمەڵانی خەڵک، ڕوناکبیران، چالاکانی مەدەنیو فەرهەنگی، کامپینەکانی یەکگرتن هەموویان داوای یەکگرتنی حدکو حدکا دەکەنو کەس باسی دوو جیناحی پێشووی حیزب ناکا. دیارە تا ئێستا دانیشتنەکان نەگەیشتوونە ئەو قۆناغەی کە بڕیاری هاوبەش بدرێنو پێکەوە شتێک ئیمزا بکرێ. ئەگەر بگاتە ئەو قۆناغە بێگومان دەبێ هەر لایەنەی بە ناوی خۆی ئیمزای بکاو هەردوک لا یەکتر قبووڵ بکەن. تا ئێستاش ئێمە هەروەک حدک لەگەڵ حدکا دانیشتوینو گرفتێکمان لەگەڵ ناوی ئەوانیش نەبووەو لە ڕاگەیەنراوەکانیشدا هەر وامان باس کردوە. ئەوە لە ڕاستیدا گرفتی وانەو کە ئەگەر بیانهەوێ بگەینە ڕێککەوتن، پێویستە چارەسەرێک بۆ ئەوە بدۆزنەوە.

**پرسیار**: بە بڕوای حیزبەکەی ئێوە واتە حدک، لە ئەگەری سەرکەوتنی دیالۆگی نێوانتاندا لەگەڵ حدکا، ئایا پێناسەیەکی نوێی سیاسیو تەشکیلاتی بۆ دێموکراتی یەکگرتوو دەکرێتەوە؟

**وەڵام**: ئێمە هەر دوای لەتبوونو لە کۆنگرەی چاردەی خۆماندا هەستمان بەوە کردبوو کە حیزبی دێموکڕاتی کوردستان پێویستیی بە خۆ نوێکردنەوەو خۆ گونجاندن لەگەڵ سەردەمو چوونە سەری ئاستی هەستی نەتەوایەتیی لاوانی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەیە. هەر بۆیەش ئاڵوگۆڕێکی بەر بڵاومان کرد لە سیاسەتو گوتارو شێوەی بەڕێوەبەریی ڕێکخستنداو گرنگی زۆرمان دا بە گەشەی دێموکڕاسی لە نێو تەشکیلاتی حیزب دا. بە بڕوای ئێمە هەر حیزبێک کە بیهەوێ گەشە بکاو لەگەڵ ڕەوتی گەشە کردنی زانستو چوونە پێشی کۆمەڵگادا خۆی ڕێکبخاو نەیهەوێ لە کۆمەڵگا کەی خۆی دواکەوێ، پێویستە لە هەر قۆناغیکی خەباتداو هەر بە چەند ساڵ جارێک چاو بە هەموو بڕیاراتو دامەزراوەو میکانیزمەکانی خۆیدا بخشێنێتەوە. ئەوە هیچ پەیوەندیی بە یەکگرتنەوەو یەکنەگرتنەوەی حدکو حدکاوە نییە. گومان لەوە دا نییە کە ئەو دوو حیزبە چ بە جیا کار بکەنو چ ببنە یەک حیزب پێویستیان بە ئاڵوگۆڕو خۆ گونجاندن لەگەڵ سەردەم هەیە. کەوابوو چاوەڕوانی ئێمە لە حیزبی یەکگرتوودا ئەوەیە کە ئاڵوگۆڕە باشەکانی ڕابردوو بپارێزینو هەوڵیش بدەین زۆرتر بۆ داهاتوو بڕوانینو حیزب بەرەو ئاقارێک بەرین کە نەوەی داهاتوو خۆی تێدا ببینێتەوە. هەر حیزبێک بۆ ئەوەی بتوانێ بەردەوام بێ، دەبێ بە بەردەوامی خۆی لاو بکاتەوە. حیزبێکی مۆدێرن نابێ لەگەڵ ڕێبەرانی بە تەمەندا چووی

خۆیدا ئەویش پیر ببێ. هەر ئەو ڕێبەرانە دەبێ حیزب بۆ سەردەمی دوای خۆیان ئامادە بکەن.

**پرسیار: ئەگەر گریمان دوای درێژبوونەوەی لە رادەبەدەری وتووێژەکانو دڵنیابوونتان لە سەرنەگرتنی رەوتی یەکگرتنەوە، ئێوە چ جۆرە پێوەندییەک لەنێوان خۆتانو حدکا پێشنیار دەکەن؟**

**وەڵام**: لە نەزەر ئێمەوە ئاسایی کردنەوەی پەیوەندییەکانی حدکاو حدکو دەستپێکردنی وتووێژەکان تەنیا بە مەبەستی یەکگرتن لە یەک حیزبی واحید دا نییە. یەکگرتن دەتوانێ جۆری دیکەشی هەبێ. دەکرێ ئێمە وەک دوو حیزب کار بکەین بەڵام لەگەڵ یەکتر بەشێوەیەک لە شێوەکان هاوکاری بکەین. ئەو هاوکارییە دەتوانێ بە شێوەی بەرە بێ یا لە هێندێک پرۆژەی تایبەت دابێ، یا بۆ لابی گەری پێکەوە لە دەرەوە بێ. دەشتوانین بیر لەوەش بکەینەوە کە هەردووک حیزبی دێموکرات لە ڕێکخراوێکی تازەدا بۆ وێنە (بەرەی نەتەوەیی دێموکراتەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان) یا هەر ناوێکی دیکە، بە دوو تەشکیلاتی جیاوازەوە، پێکەوە هاوکاری بکەن. دیارە دەبێ ئەوە بڵێین کە باشترین ئەڵتەرناتیڤ ئەوەیە کە لە هەردووک حیزبی دێموکرات یەک حیزبی دێموکراتی یەکگرتووی مونسەجیم پێکبێ کە هەموو شانازییەکانی دێموکراتەکان پێکەوە کۆ بکاتەوەو هەموو ناکۆکییەکانیش بۆ هەتا هەتایە بە مێژوو بسپێرێ.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٣ی سێپتەمبەری ٢٠١٥

## ڕاز و نیازێک لە گەڵ شەهید مەلا ئاوارە لە ٤٧ ساڵەی یادی شەهید کرانی دا




پەنجا ساڵی ڕەبەق لە ئاخر دیدارمان و چل و حەوت ساڵ لە شەهید بوونت تێپەڕی، ئەی ڕێبەرە شەهیدە سەر بەرزەکە، ئاوارەی کەژ و هەردەکانی کوردستان. ئێستاش ئەو دیمەنەم لەبەرچاوە، کە بە هەورازەکەی (هۆمەرە)* دا هەڵگەڕام و هاتمە موچەی ماڵی خوشکم. لە چاوەکانی ئامینی خوشکم داتروسکەی شادییەکی بێ وێنە دەدرەوشایەوە. هەستیکی خۆشی ئەوتۆ کە بە دەگمەن لەو خوشکەم دا بەدی دەکرد، ئەوڕۆژە لە دەم و چاوی دەباری. هەر گەیشتمە بەر هەیوانەکەیان، باوەشی پێدا کردم و هاواری کرد خوایە لێت بەزیاد بێ، خۆشیەکەم بو بەدوو. هێندەی خۆ بۆ ڕانەگیرا و بە گوێی دا چپاندم. دەزانی لە وەختێکی باش دا هاتووی. کاکم لێرەیە، لە ئەشکەوتە گۆڕین یە. ئەشکەوتێک بو لە سەرەوەی خانە باغەکەیان. بە بن قەدی شاخیەوە. پێشتر نیشانی دابوم و باسی کردبو کە ئەو ئەشکەوتە جێگای حاوانەوەو حەسانەوەی مەلا ئاوارەیە.
هێندەم خۆبۆ ڕانەگیرا، پاش خواردنەوەی چایەک بە هەنگاوی خێرا سەرکەوتم. سەرەڕای ئەوەی چەند ساڵێک بو بە دیدارت شاد نە ببوم، هەر لە دوورەوە ناسیتمەوە و بەرەو پیرم هاتی. باوەشت پێدا کردم و بە ڕووە خۆشەکەتەوە و بە پێکەنینە دڵگیرەکەتەوە دەستت کرد بە شۆخی کردن. ئاخر تۆ بە ڕوو خۆشی و شۆخ تەبعی بە ناوبانگ بووی. تۆ تەنیا پێشمەرگە و سیاسی نەبووی، بەڵکو هۆنەر و قسە خۆش و کۆمەڵایەتیش بووی. هۆنراوەکانت زارەوزار دەگەڕان و قسەخۆشەکانت دەماودەم باس دەکران. لە مەڵبەندی ئێمەدا کەس نەبو هۆنراوەیەکی تۆی لەبەر نەبێ.

دەستت بەسەری دا هێنام و فەرموت خەریکە دەبیە پیاو، سمێڵت بۆر بوون. بە پێکەنینەوە کوتت بە دوور بین چاوم لە خوارێ دەکرد، کاتێک وەسەر دەکەوتی دیتمی، هەروەک گروێسی یان دەڕۆیشتی. دەزانی گروێسیش لە ڕیگایە زۆر بە

پەلەن، ئەگەر دەڕۆن دەڵێی بازان داوێن، ئەتۆش وا دەڕۆیشتی. ئای لەو خۆشیەی دەست من کەوتبو. نەم دەویست سەعاتەکان تێپەڕن. ئەمن زۆرتر لە زەتم لەوە دەبرد کە لە قەد و تفەنگت فکرم و سیبەکانم پڕکەم لە شانازی. ئێستاش قەد و قامەتی مەردانەتم لە بەر چاوە. ڕانک و چۆغەیەکی شینکیت لەبەر دابو، سەرکڵاوێکی مەرەز کە لە پشتەوەی چەپکێک کاکۆڵ شۆڕ ببونەوە. تفەنگێکی برنۆی کورتی دار زەردت لە پەنا خۆت هەڵواسیبو و دەماچەیەکیشت بە قەدییەوە بو. بەراستی پێشمەرگەیەکی جوان بووی. لە هەڕەتی شکۆفایی دابووی، لە تەمەنی دەورو بەری سی ساڵان دا. چەندم ئاوات بەوە دەخواست کە ڕۆژێک گەورە بم و کەسێکی وەک تۆم لێ دەرچێ. هەرچەندە تۆ ئەوەندە بەرەو لوتکە هەڵکشابوی کە گەیشتن بەو ئاواتە، ئێستاشی لەگەڵ بێ هەروەک ئاوات ماوەتەوە.

لێم پرسی کەنگێ دەتوانم بێمە لای خۆت و ببمە پێشمەرگە. بە پێکەنینەوە وەڵامت دامەوە، جارێ زۆرت ماوە، دوای ئەوەی دەرست خوێند و بویە پیاوێکی تەواو، قسە لەوەش دەکەین. ئێستاش هەر وە بزانە پێشمەرگەی، ئەوە نییە نامەکانمان بۆ دەگەیەنی. تا درەنگانی شەو قسەی خۆشت بۆ کردم و شۆخیت لە گەڵ کردم. پاشان فەرموت با بخەوین، باوەشت پێدا کردم و خواحافزیت کرد، چونکە تۆو پێشمەرگەکانی دیکە دەبو پێش تاو هەڵات بەرەو لوتکەی شاخەکان هەڵکشێن و وەک هەڵۆ تیژباڵەکان جێگا هەرە ئاستەم و بەرزەکان بۆ خۆتان بگرنەوە. تا دوژمنی نەگریس نەتوانێ دەنگی خۆی بەسەر دەنگی دلێری ئێوە دا زاڵ کا. بەیانی کە هەستام وەک لە خەونێکی خۆش ڕاپەڕیبم، دیمەنە جوانەکانی ئێوارێ و شەوێ نەمابون و بەداخەوە قەتیشم نەدینەوە. بەڵام لە دوورەوە دایم شانازیم هەڵدەمشت و بە هەوای تۆوەو بە بوونی تۆ سەرم لە نێو هاوڕێکانم دا، لە هەموان بەرزتر بوو.

تا دوای نیزیک بە سێ ساڵ کە هیواکانم پوچانەوە و خەونە خۆشەکان بە ڕاچڵە کینێکی ئازاراوی کۆتاییان هات. ئەو ڕۆژەی خەبەری گیرانت هات تا پشتێندم ووشک بوو. ئەو کاتەش کە هێلیکۆپتەرە نگریسەکە بە سەر ماڵی خۆمان دا هات و سێسەد میتر لەولاتر نیشتەوە، تەزوویەکی ناخۆش بە هەمو گیانم دا هات. هەرچەند نەم دەزانی چ باسە، بەڵام ئەوڕۆژە دڵم پڕ بو، ئەو دڵ پڕیە لە راستی دا تا ئێستاش کۆتایی نەهاتوە، هەرچەندە لە گەڵی ڕاهاتووم. چونکە چەند سەعاتێک دواتر خەبەری لە سێدارەدانی تۆو دوو هاوڕێکەت ویردی سەرزاری هەمو کوردێک بو. دڵی منیش لە پڕیەوە، بو بە کانگای هەستێکی بەتینی کوردایەتی، کە ئیستاش نەمتوانیوە بە تەواوی ئەو هەستە ڕازی بکەم و بە سەر دڵ پڕیەکەم دا زاڵ بم.

* هۆمەرە یەکێک لە مووچە ڕازاوەکانی گوندی شڵماشە

سەرچاوە: دیواری فەیس بووکی نووسەر - ڕێکەوتی: ٦ی سێپتەمبەری ٢٠١٥



سەرچاوە
Serchawe

## تەنیا ڕێگاچارە کوردایەتی‌یە

لە سەردەمی ئێستادا چەمک و دەستەواژە سیاسی‌یەکان مەفهوومی خۆیان لەدەست داوە و زۆرتر وەک ئامرازێک بۆ شاردنەوەی ئامانجی جۆراوجۆر بەکار دەهێنرێن. سۆشیال مێدیا کارێکی کردوە کە هەموو کەس ببێتە نووسەر، سیاسەتوان، تەحلیلگەر، شۆڕشگێڕ، چالاکی مەدەنی، پسپۆڕی نیزامی، پسپۆڕی سیاسی، چاوەدێری سیاسی و... هتد. چەمکەکانی وەک دێموکڕاسی، سۆسیالیزم، شۆڕشگێڕی، نەتەوەخوازی، فیدرالیزم و.. هتد، بەرگی زانستی‌یان لەبەر داماڵراوە و هەرکەس و لایەنێک بە گوێرەی قازانجەکانی خۆی واتایان بۆ دادەتاشێ. لەوەش خراپتر ئەوەیە کە کۆمەڵە خەڵکێک لە دنیای مەجازی‌دا بێ ئەوەی هیچ تایبەتمەندی‌یەکی پسپۆڕی‌یان تێدا بێ، بۆخۆیان بڕوانامەی هەموو پسپۆڕی‌یەکانیان داوە بە خۆیان و دەم لە هەموو بوارەکان وەردەدەن. جگەلەوە وەکالەتی هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگەی خۆشیان داوە بە خۆیان و لە جیاتی هەمووان قسە دەکەن.

ئەو بازاڕە شێواوە لە نیو کورداندا بە داخێکی گرانەوە کڕیاری زۆرتریشی هەیە و خەریکە شوێن لەسەر هەموو لایەنەکانی بزووتنەوەی کورد دادەنێ. کۆمەڵێک لەوانە خۆ وە ڕێکخراوە کوردستانی‌یەکان هەڵدەواسن؛ دەبنە لایەنگری شێلگیری لایەنێک و لێی دەبنە پسپۆڕی هەموو شتێک. لە هەموو بوارەکاندا دەبنە پسپۆڕی ئەو ڕێکخراوەیە و لە هەموو بوارەکانیشدا نوێنەرایەتیی ئەو ڕێکخراوەیە دەدەن بە خۆیان. بڕیار بۆ ڕێکخراوەکە دەدەن و حوکم بۆ ڕەقیبانی سیاسیی ڕێکخراوەکە دەردەکەن. بە یەک چرکە خەباتکاری نەتەوەیی دەکەنە جاش و هەر بە چرکەیەکیش جاشی چەندین ساڵە دەکەنە باش. کەش و هەوای سیاسی بە داخەوە هێندە شێواوە کە لایەنگرێکی تازەهاتوی منداڵی هیچ نەزان، دەتوانێ شوێن لە سەر پەیوەندیی نێوان دوو خەباتگێڕ کە زیاتر لە سی ساڵ لە یەک سەنگەردا بوون و بە دەیان جار پێکەوە لە سەنگەری خەبات دا لە مەرگ ڕزگاریان بووە دابنێ.

لە خۆرهەڵاتی کوردستان بە داخەوە کەشوهەوا بۆ ئەو زڕە پسپۆڕانە زیاتریش گونجاوە. بە چونکە پەرش و بڵاوی‌یەکی مەترسیدار باڵی بەسەر ڕێکخراوە سیاسی‌یەکاندا کێشاوە. خەباتی خۆرهەڵات بە هەلومەرجێکی زۆر دژواردا تێدەپەڕێ، ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لە هەموو بەشەکانی کوردستاندا مەیدانداری دەکا و توانیویەتی بزووتنەوەی کورد لە خۆرهەڵاتی کوردستان تووشی زۆر گیروگرفت بکا. لە لایەکی دیکەوە گرژی و ئاڵۆزی لە نێو ڕێکخراوە سیاسی‌یەکاندا هەیە وبە تایبەت گرنگترین ڕێکخراوی سیاسی ئەو بەشەی کوردستان واتە حیزبی دێموکراتی کوردستان، لەتبوون و دووبەرەکیی لە نێودا

دروست بووە، مشەخۆرەکانی سیاسی زۆر بە شێوەیەکی مەترسیدار هێلانەیان کردوە. گومانم لەوەدا نیە کە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامییش لەو کەشوهەوایە کەڵک وەردەگرێ و هیچ بە دووری نازانم کە مووچەخۆرەکانی خۆی بخزێنێتە نێو ڕیزەکانی ئێمەوەو هەوڵ بدا کەلێنی ناکۆکی‌یەکانمان هەرچی زۆرتر گەورە بکا و ڕێگایەک بۆ چارەسەری گیروگرفتەکانمان نەهێڵێتەوە.

ئێمە چۆن دەتوانین لە نێو ئەو فەزایەی بۆمان دروست کراوە بە سەربەرزی و یەکگرتوویی دەرباز بین؟ چۆن دەتوانین بنەماڵەی گەورەی دێموکڕات وەسەریەک خەینەوە کە خەونی هەموو کوردێکی دڵسۆزی خۆرهەلاتی کوردستانە؟ ڕێگامان بۆ لێک تێگەیشتن چی‌یە؟ ئایا تەفسیر و لێکدانەوەی جۆراوجۆر بۆ چەمکە سیاسی‌یەکان، ئەویش هەر لایەنەی بە قازانجی خۆی و بە دەستێوەردانی زرە پسپۆڕەکانی سەر سۆشیال مێدیا، دەتوانێ ڕێگای یەکگرتنمان هەموار بکا؟ ئەمن دەڵێم نا. چونکە زۆر بەهاسانی دەتوانین یەکتر بە لادان لەو چەمکانە تاوانبار بکەین . بەهەرحاڵ یەک لە یەک کیشدارتر و ئاوهەڵگرترن. چۆن دەتوانین لێک تێبگەین کە دەرفەتەکانی نێو سیستمی دواکەوتوو و تا سەر ئێسقان نا ئینسانی و دیکتاتۆری کۆماری ئیسلامییش لە هێندێک بواردا بۆشایی دەدا تا ئێمەی کورد خۆمانی تێدا بێنینە گۆڕێ. بە چ ڕێگایەکدا تێبگەین کە زیاتر لە دە میلیۆن کورد کە گۆیا ئێمە خەباتی بۆ دەکەین، هەموو ڕۆژێ لەگەڵ ئەو سیستمە نەگریسەی کۆماری ئیسلامی بەرەوڕوویە و دەبێ لە گەڵی بژی و ناچارە لە نێو فەزاکەی‌دا هەناسە بدا. چۆن تێدەگەین کە بۆ ئەو خەڵکە ڕێگایەک نەماوەتەوە جگە لەوەی لەو دەربیجانەوە کوردایەتیی خۆی نیشان بدا کە سیستمی کۆماری ئیسلامی بۆ ئامانجی خۆی دەیانکاتەوە، کە بەناو هەڵبژاردن یەکێک لەوانەیە. کەی لەوە حاڵی دەبین کە زیاتر لە سێ دەیەیە، ناسیۆنالیستانی ئازەری و کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی لە ناوچەکانی وەک ورمێ، نەغەدە، سەڵماس، خۆی، هەوشار و جێگاکانی دیکە دەستیان لەنێو دەستی یەک ناوە تا دێمۆگرافیی ئەو ناوچانە بگۆڕن و لە کوردستانیان دابڕن. ئایا دەبێ دژی ئەوە بین کە کورد لەوناوچانە لە دەرفەتی بە ناو هەڵبژاردن کەڵک وەرگرێ بۆ نیشاندانی خۆی؟ وەدەرکەوتنی پیاو و ژنی کورد لە شەقامەکانی ورمێ بە کۆمەڵ و بە لیباسی کوردی‌یەوە، جا بە کەڵکوەرگرتن لەهەر دەرفەتێک بێ، بە قازانجی مەسەلەی کورد نیە؟ ئایا ئەگەر کورد خۆی بشارێتەوە و مەیدان بۆ ناسیۆنالیزمی توندڕۆی ئازەری چۆل بکا، سبەی ڕۆژێ ورمێ دوو دەستی تەحویلی کوردان دەدەن، یان تەنانەت ڕێگای بەشداری لە ئیدارەی ورمێدا بە کوردان دەدەن.

خۆسەرگەرمکردن بە دروشمی سی ساڵ بەر لە ئێستا، یا خۆهەڵواسین بە دروشمی ئاڵوگۆڕی دەسەلات لە چوارچێوەی کۆماری ئیسلامی‌دا لە تاران بە کەلکی چیی ئێمە دێ. دابینبوونی مافی دیاریکردنی چارەنووس بۆ گەلی کورد تەنانەت بە پیادەکردنی دێموکراسی لە ئێرانیش دەستەبەر نابێ، تا دڵی خۆمان بە هێندێک ئاڵوگۆڕی ڕواڵەتی خۆش کەین. چارەسەری مەسەلەی نەتەوەیی لە وڵاتی فرە نەتەوەدا دوو ڕێگای زیاتر لە بەر دەم نیە. یان دەبێ بە شێوەی تەوافوقی و لە

چوارچێوەی وڵاتی فرەنەتەوەدا چارەسەر بكرێ بەشێوەیەک كە هەموو نەتەوەكان لە بەڕێوەبردنی هەرێمی خۆیاندا ئـازاد بـن و لە دەوڵەتی ناوەندییشدا بەشدار بن؛ یان دەبێ جیا ببنەوە و هەركام دەوڵـەتی سەربەخۆ پێک بێنن. جۆرێكی دیكە لـە مافی نەتـەوەیی لـەئارادا نیـە. هێنـدێک ئـازادیی فەرهـەنگی و مـافی شـارۆمەندی - كـە ئەویشـمان هـەر نیـە - نابێتـە مـافی نەتەوەیی.

بۆ ئەوەی بە ئامانج بگەین پێویستە خۆمان لە قەتیسمان لەو چەمكانـەدا دەربـاز بكـەین. لـە جیـاتی هـەموو ئـەو چـەمک و دەستەواژانە دوو ئەسڵی سـەرەكی بكەینـە چـرای ڕێگـای خـەباتمان: كوردایـەتی و یـەكگرتوویی. دەبـێ هـەوڵ بـدەین هـەموو چەمكەكانی دیكە بۆ خزمەتكردن بەو دووانە بەكار بێنین. دێموكڕاسی بۆ ئێمـەی كـورد كاتێـک تـام و چێـژی هەیـە كـە مـافی نەتەوەییمان دەستەبەر بووبێ. خەباتی مەدەنی كاتێـک بـە ئاراستەیەكی بـاشدا دەڕوا كـە هـەنگاوێک لـە وەدیهێنـانی مـافی نەتەوەیی نیزیكمان بكاتەوە. هاوپەیمانی لە گەڵ غـەیری خۆمـان كاتێـک بـە قـازانجە كـە زەبـر لـە یەكیـەتیی نێـو خۆمـان نەدا. ئاڵوگۆڕ لە تاران كاتێک بۆ ئێمە پەسندە و پێویستە هاوكاریی تێدا بكەین كە چارەسـەری بـۆ داوای نەتـەوەیی ئێمـە پێ بێ. ئێمە نابێ ببینە پردەبازی سەركەوتنی ناوەندنشینان و ماندووبوون و قوربـانیدانی گەلەكەمان بكەینـە دەسـتەچیلەی ئاگرێک كە تەنیا دووكەڵەكەی بۆ ئێمە بێ.

لـە هەلومـەرجی ئێسـتادا یـەكگرتن گـەورەترین پێداویسـتیی گـەلی كـوردە. بـە تایبـەت خۆرهـەڵاتی كوردسـتان كـە دەبـێ هەستێتەوە سەرپێ، بە بێ یەكگرتن و تەنیا لە سەر یەک لاق ئەو تەكانە بە هێـز و پتەوەی بـۆ نـادرێ. لـە وەدیهێنـانی ئەو پێویستییە گرنگەشدا حدک و حدکا دەبێ پێشەنگ بن و هەر دووكیـان ئـامادە بـن مایـە لـە خـۆ دابنـێن. لـە پێشـدا بـە یەكگرتنـەوەیان و دواتـریش بـە یـەكگرتنیان لـە گـەڵ حیـزب و ڕێكخراوەكـانی دیكـە گـوڕوتین بـە خـەباتی كوردایـەتی و جەماوەری بدەن و گەلەكەمان لە خۆرهەڵاتی كوردستان دلگەرم كەن و بیهێننە مەیدان. گومانم لەوەدا نیە كە خەڵكی ئێمە تینووی ئازادییە و بە خرۆشانی هێزی لـە بنـەهاتووی ئـەو گەلـە بەشخوراوە، هـەموو دامـودەزگـای سـەركوتكەری ڕێـژیم لـە كوردستان تێكەوە دەپێچرێ. هێزی كوردایەتی نیشانی داوە كە هیچ ئەهریمەنێک خۆی لەبەر ڕاناگرێ.

سەرچاوە: ماڵپەڕی كوردستان و كورد - ڕێكەوتی: ٧ی مای ٢٠١٦

## چۆن هزری قاسملوو بکەینە بەرنامەی کار؟

لە کەسمان شاراوە نییە کە شەهیدی رێبەر دوکتور عەبدولرەحمانی قاسملوو کاریگەرییەکی گەورەی لە سەر بزاڤی رزگاریخوازیی کورد لە هەموو کوردستان بەگشتی و لە رۆژهەڵاتی کوردستان بەتایبەتی هەبووە و تائێستاش هەیە. بەتایبەت لە نێو ریزەکانی بنەماڵەی گەورەی دێموکراتدا ئەوکاریگەرییە زۆر بەرچاوە و هزری قاسملوو لە راستیدا بە سەر رێڕەوی خەباتی دێموکراتەکانی رۆژهەڵاتی کوردستاندا زاڵە.

ئەوەندەی پەیوەندی هەبێ بە مەسەلەی کوردەوە بەگشتی، لە نێو رێڕەوی خەباتی چەندین ساڵە و شێوەی لێکدانەوە و سیاسەتسازی و رێبەری کردنی دوکتور قاسملوودا وانەی زۆر گەورە هەن کە دەکرێ رێبەرانی کورد لە هەموو پارچەکانی کوردستاندا لێیان فێر بن و بیانکەنە چرای رووناککەرەوەی قۆناغە تاریک و بەرتەسکەکانی خەباتی خۆیان بۆ مامەڵە کردن لەگەڵ دەوروبەریان و بۆ زاڵبون بەسەر پلانی نەیارانی کورددا، کە بە داخەوە هەر چوار دەوریان تەنیوە.

یەکێک لە ئاستەنگەکانی بەردەم هەموو رێبەرانی کورد لە هەر چوار پارچەی کوردستان ئەوەیە کە بە هۆی دابەشکرانی کوردستان بە سەر چوار وڵاتی ناوچەی پرکێشە و ئاڵۆزی رۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا، بەداخەوە لە هەریەک لەو بەشانەی کوردستاندا لە خەباتدا بی، هەر چوار دەورت دوژمنی فکری و هزری مەسەلەکەی تۆیە. هیچ کام لەو وڵاتانەی کە بەشێک لە کوردستانیان بە سەردا دابەش کراوە، لە راستیدا موافقی چارەسەری مەسەلەی کورد لە هیچ یەک لەو وڵاتانەدا نین. رژێمەکانی حاکم بەسەر ئەو وڵاتانەدا لە باشترین حاڵەتدا بە هۆی رکەبەریی ناوچەیی رەنگە لە قۆناغێک لە قۆناغەکانی خەباتدا بە قازانجیان بێ بە هۆی جووڵانەوەی کوردەوە فشارێک بۆ وڵاتەکەی دراوسێیان بێنن و لە کۆتاییشدا مامەڵەی پێوە بکەن. هونەری رێبەرانی کورد لەوە دایە کە چۆن بتوانن پارسەنگێک بدۆزنەوە بۆ ئەوەی هەم لە ناکۆکی نێوان دژبەرەکانیان کەڵک وەرگرن و هەم بەکردەوە نەچنە ژێر باری داخوازییەکانی ئەو وڵاتانە کە لە کۆتاییدا بە زیانی هەموو نەتەوەی کوردن. دوکتور قاسملوو لەو پەیوەندییەدا فۆرمولێکی زۆر کاری و بەهێزی دیبۆوە. لە فۆرمولی دوکتور قاسملوودا فاکتەری هێزی کورد بۆخۆی رۆڵێکی گەورەی پێدرابوو و لە راستیدا بەدەستهێنانی ئەنجامی هاوکێشە سیاسییەکە درابوو بە هێزی جووڵانەوەی کورد. بۆ وێنە سەرەڕای پەیوەندی حیزبی دێموکرات لەگەڵ دەوڵەتی عێراق، هیچ کاتێک دوکتور قاسملوو تای تەرازوی دۆستایەتی بەلای حکوومەتی ئەو وڵاتەدا نەشکاندەوە، هەمیشە دۆستایەتی لەگەڵ جووڵانەوەی کورد لە باشوور راگرت و تەنانەت یارمەتی دا و هیچ کات قبووڵی نەکرد کە لە رێگای ئەو و حیزبەکەیەوە بچووکترین فشار بۆ جووڵانەوەی کورد لە باشوور بێ. مەسەلە ئەوە نەبوو کە داوای لێ نەکرێ، بەڵام وەڵامی ئوسوولی هەبوو،

ئەو هێزی جووڵانەوەی کوردی دەبردە تەشکی ئاسمان لە بەرامبەر نەیاراندا. لە کاتی فشارهێناندا ئەو مەرجی بۆ نەیاران دیاری دەکرد و بە ئاشکرا پێی رادەگەیاندن کە ئەگەر فشار بێنن خەباتی رۆژهەڵات و باشوور لێکگرێ دەدەن. هاوکێشەی قاسملوو ئەوە بوو کە بەردەوام داوا بکا کە مەسەلەی کورد بە شێوەی سیاسی چارەسەر بکەن و ئەگەر ئەو کارە نەکەن، کێشەی خۆیانە و، کوردی رۆژهەڵات ئامادە نییە دژی خوشک و براکانی بوەستێتەوە. ئەو سیاسەتە نەتەوەییەی بە جۆرێک جێگیر کردبوو کە لە کۆتایی‌دا وای لێهاتبوو بە نێو ریزەکانی حیزبی دێموکراتدا خەباتگێڕانی باشوور دەهاتن و زەربەیان لە حکوومەتی بەعسی فاشیست دەدا و بە نێو بنکە و بارەگاکانی دێموکراتدا دەگەڕانەوە، بەڵام دەوڵەتی عێراق هەر باسیشی نەدەکرد، چونکە وەڵامەکەی دەزانی.

دەرسێکی گەورەی دیکە بۆ هەموو کورد کە قاسملوو هێنایە بەرباس، پەیوەندیی دیپلۆماسی بوو لە سەر بناغەی قازانجی هاوبەش. ئەو دەرسی داین کە سەردەمی پەیوەندی کۆڵۆنیالی، یا بەزەیی مرۆڤایەتی، یا برایەتی ئیدئۆلۆژیکی بەسەر چووە. کورد نابێ تەسلیمی پەیوەندیی کۆڵۆنیالی بێ و تەنیا بۆ پاراستنی گیانی ببێتە داردەستی هێزی دەرەکی، یا بچێ وەک قوربانی‌یەک بپارێتەوە یارمەتی بدەن، یا خۆی بە ئیدئۆلۆژیەکەوە ببەستێتەوە و چاوی داخا و هەرچی پێی دیکتە کرا بیڵێتەوە. بەڵکوو دەبێ بەرژەوەندی‌یەکانی خۆی هەڵسەنگێنێ، لەگەڵ بەرژەوەندیی لایەنی بەرامبەر تاووتوێی بکا و هاوکێشەیەک بدۆزێتەوە کە بەرژەوەندیی هەردووک لا بگرێتەوە و بەم جۆرە مامەڵە و دۆستایەتی بکا.

سێهەم هزری گەورەی قاسملوو لە پەیوەندی لەگەڵ مەسەلەی کورددا ئەوە بوو کە هەرچەند کوردستانی بە یەک وڵات و نەتەوەی کوردی بە یەک نەتەوە دەزانی، بەڵام جیاوازی‌یەکانی هەر چوارپارچەی کوردستانی دەخوێندەوە و پێی وابوو کە هەر پارچەیەی دەبێ بۆخۆی بە پێی هەل‌ومەرجی خۆی خەبات بکا و قۆناغەکانی خەباتی خۆی دیاری بکا. پێی رەوا نەبوو هیچ پارچەیەکی کوردستان لە پارچەکەی دیکەی کوردستاندا دەستێوەردان بکا. نەزەری ئەوە بوو کە پێویستە دۆست و هاوکاری یەکتر بن، بەڵام نابێ دەست لە کاروباری یەکتر وەردەن. سەردەمانێک لە ژێر رێبەرایەتیی ئەودا حیزبی دێموکراتی کوردستان، گەورەترین حیزبی کوردی و، جووڵانەوەی رۆژهەڵاتی کوردستان، گەورەترین جووڵانەوەی کوردی بوو. بەڵام تا ئێستاش لەگەڵ بێ نە حیزبی دێموکرات و نە جووڵانەوەی کوردی رۆژهەڵات بچوکترین دەخالەتیان لە بەشەکانی دیکەی کوردستاندا نەکرد. دەستێوەردانی هێزی پارچەیەک لە پارچەکانی دیکەدا لە نێوان پارچەکانی کوردستاندا کێشە دروست دەکا و ئەمەش مەترسی‌یەکە لە سەر پرسی کورد بە گشتی.

چوارەم وانەی گەورەی قاسملوو ئیمان بە چارەسەری ئاشتیخوازانە، پێکەوەژیانی مرۆڤانەی نێوان گەلانی ناوچە، وەلانانی رق و تۆڵە و کارکردن بۆ سەقامگیریی دێموکراسی و ئاشتی بوو. کە بەداخەوە گیانی خۆشی لە سەر دانا. لە روانگەی

دوکتور قاسملووە چەک تەنیا بۆ بەرگری بەکار دەهات، بە توندوتیژی هیچ کێشەیەک چارەسەر نەدەکرا و کۆتایی هەموو گرفتێک لە سەر میزی وتوویژ ئیمکانی هەبوو. کە مخابن لە وڵاتانی دیکتاتۆری‌لێدراو و تا سەر ئێسقان پربوغز و غەرەزی ناوچەی رۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا، ئەو رێڕەوە جاریَ زەمینەی زۆر کەمە و بەداخەوە زۆر جار لایەنگرانی دەبنە قوربانیی بیروبۆچوونە ئینسانی و دێموکراتیکەکانی خۆیان. بەڵام گومان لەوەدا نییە کە داهاتوو هەر هی ئەو بۆچوونە ئینسانیانەیە.

لە رێبازی پڕسەروەری قاسملوودا و لە هزری دەوڵەمەند و پڕزانستی ئەودا دەکریَ دەیان وانەی دیکەش هەڵێنجین، بەڵام لێرەدا بەو چوار وانە گرنگە بەسندە دەکەم و دەچمە سەر ئەو بەشەی کە ئێمەی دێموکرات دەبێ چۆن مامەڵە لەگەڵ هزر و کەلەپوورێک بکەین کە قاسملوو بۆی هێناوینە نێو گۆڕەپانی خەبات.

سەرەڕای ئەوەی کە ئەو چوار وانەیە پێویستە بکەینە رێبازمان، دەبیَ لە ژیانی سیاسیی رۆژانەشماندا وریا بین کە لە کۆتاییدا بە جۆرێک هزر و بیرەکانی قاسملوو بەکار بێنین کە کاریگەریی ئەرێنی لەسەر خەباتی ئەمڕۆ و داهاتوومان دابنێن. ئەوکاتەیە کە نرخی تەواویشمان داوە بەو کەلەپوورە سیاسی‌یە دەوڵەمەندەی کە بۆی بەجیَ‌هێشتووین. ئەوەش چەند میتۆد و میکانیزمێکی پێویستە.

**یەکەم:** پێویستە هەموومان لەوە خۆ بپارێزین کە موزایەدەی سیاسی بە هزر و بیروبۆچوونەکان و شێوەی رێبەریکردنی شەهید قاسملووە بکەین. قاسملوو بەشی هەموو کوردی تێدایە وەک ئەندامێکی بەرهەمهێن لە نەتەوەیەک. هەروەها رێبەری هەموو ئەندامێکی دێموکرات بووە وەکوو رێبەرێکی کاریزماتیک کە تاکوو ئێستاش و دوای شەهیدبوونیشی لە سەر هەموان باندۆری هەیە. کە وابوو لە کوردستانی گەورەدا هیچ بەشێک ناتوانیَ قاسملوو تەنیا بە هی خۆی بزانیَ و لە نێو بنەماڵەی دێموکراتیشدا هیچ کەس ناتوانیَ تەنیا خۆی بە درێژەدەری رێگای قاسملوو پێناسە بکا و ئەوانی دی بە دژبەری ئەو رێگایە. قاسملوو بۆخۆی درێژەدەری رێگایەک بووە کە پێش خۆی شەهیدی وەک پێشەوا قازی محەممەد و دەیان شەهیدی پایەبەرزی دیکەی پێشکەش بە نەتەوەکەی کردووە. هەموو ئەندامان، پێشمەرگەکان و لایەنگرانی رێبازی دێموکراتیش لە رابردوو، لە ئێستا و لە داهاتوشدا هەر رێبواری ئەو رێگایەن. بنەماڵەی گەورەی دێموکرات ئەگەر ببێتە سەدماڵیش هەمووی هەر رێبواری ئەو رێگایەن، کە دیارە شەهیدی رێبەر قاسملوو باشترین رێنیشاندەری ئەو بنەماڵەیە بووە و وانەی زۆر بە نرخی بۆ بەجیَ هێشتووین.

**دووەم:** مەسەلەی گرینگ ئەوەیە کە هیچمان هەوڵ نەدەین بیر و هزرەکانی شەهیدی رێبەر قاسملوو بکەینە جۆرێک مەزهەب

یا ئیدئۆلۆژی نەگۆڕ. کە قابیلی پێداچوونەوە و هەڵسەنگاندن نەبن، یا نەکرێ ئاڵوگۆڕیان بە سەردا بێ و لەگەڵ هەلومەرجی تازە نەگونجێندرێن. هەرچۆنێک بێ هزر و سیاسەت و تەنانەت زانستی هەموو بلیمەتەکانی دنیا لە سەر بناغەی داتاکانی سەردەمی خۆیان دارێژراون و رەنگە (بەشێک لە)ئەو زانیاری و داتایانە لە کاتی ئێمەدا گۆڕابن. کە وابوو هیچ تیوریەکی سیاسی و تەنانەت هیچ تیوریەکی زانستیش نەگۆڕ نییە و دەکرێ بە پێی هەلومەرج گۆڕانی بەسەردا بێ.

**سێهەم:** لە هەڵسەنگاندنی مێژوومانداا غەدرە پارێزراویی بۆ کەس دانێین، بە رێبەرانی گەورەی وەک، پێشەوا قازی محەممەد، دوکتور قاسملوو یا دوکتور شەرەفکەندیشەوە. رووداوە مێژووییەکان دەبێ وەک خۆیان هەڵسەنگێنین، بێ لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کێ رۆڵی سەرەکی تێدا هەبووە. ئەگەر لەو رووداوانەدا تەنانەت رێبەرێکی کاریزمای وەک شەهید دوکتور قاسملووش نەخشی سەرەکی هەبووبێ، پێویستە بابەتیانە شرۆڤەیان بکەین.

**چوارەم:** نابێ بە دایم دووبارەی بکەینەوە کە ئیدی قاسملوویەکی دیکە ناتوانێ لە دایک ببێتەوە. ئەگەر ئێمە ئاوا لەو سیمبۆلە بەنرخەی گەلەکەمان بکەین، ئەوە بێگومان بە باری نەرێنیدا بەکارمان هێناوە. نابێ رێبەرانی ئێستامان بە سەروەرانی پێشوومان بشکێنین. نابێ رێگای بڕیاردان لە رێبەرانی ئێستامان بەربەست بکەین و بەدایم لەگەڵ رابردوو بەراوردیان بکەین. بەهەرحاڵ ئێمە لە سەردەمێکی جیاوازدا دەژین، مەجبورین بە پێی ئیمکانات و هەلومەرجی ئەمڕۆ سیاسەت دارێژین و هەنگاو هەڵێنین.

**پێنجەم:** خەیانەتێکی گەورەمان بە سیمبۆلەکانی خەباتمان کردووە ئەگەر بمانهەوێ وەک ئامرازێک لە دژی ئەو کەسانە بەکاریان بێنین کە جیاوازی بۆچوونیان لەگەڵ ئێمە هەیە. یەکێک لە بەهاکانی کە دوکتور قاسملوو زۆری هەوڵ دا بیهێنێتە نێو سیاسەتی کوردیەوە، پلۆرالیزمی سیاسی و قبووڵکردنی جیاوازیەکان بوو. ئێستا زۆر غەدرێکی گەورە دەبێ لە خودی ئەو، ئەگەر هەوڵ بدەین جیابیران بکوتین بەوەی کە گۆیا لە رێبازی قاسملوو لایان داوە، دژی بۆچونەکانی قاسملوون. سەنگەر گرتن لە پشت سیمبۆلە نەتەوەیی و حیزبیەکان لە بایەخی ئەوان کەم دەکاتەوە. ئەوان دەبێ بە پانتایی نەتەوە و حیزب و رێکخراوە جۆراوجۆرەکان و بیروبۆچوونە جۆراوجۆرەکان، کارتێکەریان بمێنێ. ئەوەیە رێزلێنانی راستەقینە لەوان، بەردەوامی دان بە رێبازیان و کەڵکی ئەرێنی وەرگرتن لێیان.

با لە وتە و تیۆریەکانیان بۆ کوتانی جیابیرانمان کەڵک وەرنەگرین کە لە هەلومەرجێکی جیاوازدا لە لایەن ئەو سیمبۆلە نەتەوەییانەوە دارێژراون. با هەر مەسەلەیەک لە زەمان و مەکانی خۆیدا هەڵسەنگێنین و ئەگەر دەلیلی قانیعکەرمان بە دەستەوە نەبوو لە پشت رێبەرانی وەک شەهید قاسملوو سەنگەر نەگرین.

ئـەوەی بـۆ ئێمـە گرینگـە ئەوەیـە کـە هـزر و بیـری قاسـملووەکان بـە پێـی هەلومـەرجی ئـەمڕۆ هەڵسـەنگێنین و لـە تاقیکردنەوەکانیان کەڵک وەرگرین. لە هێڵە گشتییەکانی ڕێبازی ئەواندا کە لە سەرەوە ئیشارەیان پێکرا بمێنینەوە و بە پێی ویستەکانیان، بەڵام بە میکانیزمی ئەمڕۆیی کە لەگەڵ هەلومەرجی سەردەمدا یەک بگرنەوە، بەرنامەی کارمان دارێژین. لە ٢٧ سالەی شەهیدکرانی ڕێبەری شەهیدمان قاسملوودا سڵاو دەنێرم بۆ رووحی پاکی و، هیوادارم بتوانین ئامانجەکانی وەدی بێنین.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢١ی جوولای ٢٠١٦

## کۆماری ئیسلامی، خوڵقێنەر و هەناردەکەری قەیران

هەر لە سەرەتای هاتنە سەرکاری کۆماری ئیسلامی‌یەوە تا بە ئەمڕۆ، چەکی هەرەگەورەی کاربەدەستانی ئەو ڕێژیمە خوڵقاندنی قەیران و ناردنە دەرەوەی قەیرانە. لەو ڕووەوە کە ماهییەت و جەوهەری ئەو ڕێژیمە دواکەوتووەش لەگەڵ ژیانی ئاسایی، یاسا و ڕێساکانی نێونەتەوەیی و ژیانی ئازاد و گەشە کردووی مرۆیی ناگونجێ، وڵاتی بێ قەیران، ناوچەی بێ ئاژاوە و دنیای پڕئاشتەوایی بە خەتەری مەرگ بۆخۆی دەزانێ.

هەربۆیە لە نێوخۆدا بەردەوام دوژمنی فەرزی دەستنیشان دەکا و بچوکترین رەخنە لە کردەوە دژەمرۆییەکانی فڕێ دەداتە نێو زەرفی دژایەتی لەگەڵ نیزام و لەو ڕێیەدا تەنانەت کاربەدەستە باڵاکانی خۆشی ناپارێزێ. لە بواری ئابووری و کۆمەڵایەتیشەوە، دایم لەگەڵ کۆمەڵانی خەڵک لە شەڕ دایە. نەتەنیا بیرێک بۆ ئەو لەشکرە گەورەی بێکاران ناکاتەوە کە تەنانەت لەنێو خاوەن بڕوانامەی باڵاشدا لانیکەم ٣٥%ی لاوانی وڵات دەگرێتەوە، بەڵکوو لە بازاڕ و لە کارە ئازادەکانیشدا دەخالەت دەکا و ناوەندە ئابووری‌یەکان دەخاتە ژێر دەسەڵاتی سوپای پاسداران، بەسیج و ڕوحانییەتی سەربە دەسەڵات.

ڕێژیم بەوەش نەوەستاوە و لە ماوەی زیاتر لە سێ دەیەدا، دەستی لە هەموو تان‌وپۆی فەرهەنگی، کولتووری و کۆمەڵایەتیی گەلانی ئێران وەرداوە. ژنانی ئێرانی خزاندوەتەوە نێو پەچە و عەبا و ڕیگری کردووە لە هاتنەپێشیان لە جمگەکانی دەسەڵات و قانوونە دواکەوتووەکانی سەدەکانی نێوەڕاستی بەسەردا سەپاندون. لەگەڵ ئەوەی کە ژنانی ئێران بە گشتی چ لە باری خوێندەوارییەوە و چ لە باری فەرهەنگی و کۆمەڵایەتی‌یەوە دەتوانن شان لە شانی ژنانی پێشکەوتووترین وڵاتانی دنیا بدەن، بەڵام لە ڕێژیمی ئاخوندی‌دا هیچ نەخشێکیان پێ نەدراوە.

ڕێژیمی دواکەوتوو و کۆنەپەرستی کۆماری ئیسلامی تەنانەت لە ژیانی ڕۆژانەی خەڵکیشدا دەخالەت دەکا، بۆیان دیاری دەکا، چ لیباسێک لەبەرکەن، چ خواردنێک نەخۆن، چ موزیکێک گوێ لێ بگرن و چ فیلمێک چاو لێ بکەن. ئینتەرنێت کۆنترۆڵ دەکا، سەتەلایت کۆ دەکاتەوە و پاڕازیت دەخاتە سەر کاناڵە تەلەفزیۆنی‌یە دەرەکی‌یەکان. لە بەرامبەردا هەرشتێک شیرازەی کۆمەڵگە تێک دا بەرەوی پێداوە. بە جۆرێک کە کۆمەڵگەی ئێران لە هەموو نەخۆشی‌یە کۆمەڵایەتی‌یەکاندا لە سەفی پێشەوەی وڵاتان دایە. ئیعتیاد، لەشفرۆشی، دزی، بەکارهێنانی توندوتیژی، بەرتیلخۆری و گەندەڵیی ئیداری، ناوەندە دەوڵەتی‌یەکان و کۆمەڵگەی داڕزاندووە.

بە کورتی ڕێژیم قەیرانێکی کۆمەڵایەتی، سیاسی و ئابووری ئەوتۆی خولقاندوە کە تەکتەکی دانیشتوانی ئێران زۆرتر لە بیری ئەوە دابن کە چۆن شەخسی خۆیان لەو زەلکاوە دەرباز کەن و ماڵومنداڵیان لەو هەموو بەڵایەی کە ڕێژیمی ئاخوندەکان بە دیاریان هێناوە بپارێزن.

ئەوەش دیارە ڕاست ئەو ئامانجەیە کە ڕێژیم هەیەتی، بۆ ئەوەی کۆمەڵانی خەڵکی ئێران بە کۆمەڵ بیر نەکەنەوە، خۆیان ڕێک نەخەن و تاکەکان زۆرتر لە بیری ڕزگارکردنی خۆیاندا بن تا ڕزگار کردنی وڵاتەکەیان لە چنگی ئەو تاقمە کۆنە پەرەستە.

ڕێژیمی ئاخۆندی ڕاست ئەو سیاسەتەش لەسەر نەتەوەکانی ئێران تاقی دەکاتەوە. هەوڵ دەدا ئەوانیش بیر لەوە بکەنەوە کە چۆن سەهمێکی هەرچەند بچوکیش بێ، لە داهات و سەرمایەکانی ئێران بۆ ناوچەکانی ئەوان تەرخان بکرێ. ڕێژیم بە جۆرێک نەتەوە ژێردەستەکانی ئێرانی لە دواکەتوویی و بێ ئیمکاناتیدا هێشتوەتەوە کە کردنەوەی هەر پرۆژەیەکی بچوکی ئابووری، هەر ئیمکانێکی بچوکی فەرهەنگی و کەمترین ئازادیی کولتووریان وەک ئاوڕدانەوە لە مەسەلە نەتەوەییەکەی ئەوان پێ بفرۆشی و ئەسڵی مافی دیاریکردنی چارەنوسیان بەرەبەرە لە بیر بەرێتەوە و لە کۆتاییدا پرۆژەی تواندنەوەی نەتەوەییان لەسەر تاقی بکاتەوە.

ئەو سیاسەتانە بە تێکڕایی قەیرانخوڵقێنن و نەتەنیا یارمەتی بە چارەسەری گرفتەکان ناکەن، بەڵکوو گرفتەکان دەگۆڕن بۆ قەیران و ڕەوتە ئاساییەکان بەرەو گرفت پەلکێش دەکەن. وەڵامی ڕێژیمیش بۆ هەموو ئەو گیروگرفتانە تەنیا و تەنیا سەرکوت و ڕاوەدوونانە. لە دنیادا ڕێژیمی هێندە نابەرپرس لە بەرامبەر خەڵکی وڵاتەکەی خۆیدا بوونی نییە. کۆماری ئیسلامیی ئێران تەنیا بیر لەوە دەکاتەوە کە چاوەڕوانی ئەو لە کۆمەڵانی خەڵکی ئێران چییە؟ هەرگیز بیر لەوە ناکاتەوە کە ئەویش بەرپرسە لە ژیان و گوزەرانی خەڵک و ئەرکی دابین کردنی ئاسایش، پێداویستییەکانی لەشساغی، دابین کردنی بژێوی و دابین کردنی ماف و ئازادییەکانی دەکەوێتە سەرشان. ڕێژیم بۆ هەموو ئەو گرفتانە تەنیا یەک وەڵامی هەیە، ئەویش بێدەنگ کردن لە ڕێگای توندوتیژی، زیندانی کردن و تەنانەت لەسێدارەدانەوە. ماوەی سی و حەوت ساڵە ئەو ڕێژیمە دەگرێ، زیندانی دەکا، ڕەشەکوژی دەکا و لەسێدارە دەدا. تائێستا تەنانەت بە قازانجی خۆشی بووبێ، لێبوردنێکی گشتی بڵاو نەکردۆتەوە، نەرمییەکی لە بەرامبەر ئۆپۆزیسیۆنی خۆیدا نیشان نەداوە و بۆ هیچ گرفتێکی نێوخۆیی ڕووی لە مێزی وتوویژ نەکردوە و ڕێگای ئاشتەوایی تاقی نەکردۆتەوە. مەگەر لە چوارچێوەی پیلانی تیرۆردا، هەروەک ئەو دانیشتنەی لەگەڵ شەهیدی ڕێبەر دوکتور قاسملوو کردی، کە لە ڕاستیدا پلانی تیرۆر بوو نەک وتوویژ.

روو بە دەرەوەی ئێرانیش ئەو ڕێژیمە سەرچاوەی چەندین قەیرانە. لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا چەندین پڕۆژەی دەستتێوەردان و ئاژاوەگێڕیی هەیە و هەر لە عێڕاقەوە هەتا یەمەن دەستی قەیرانخوڵقێن و ئاژاوەگێڕیی کۆماری ئیسلامیی ئێران بە ئاشکرایی دیارە. کۆماری ئیسلامیی ئێران هێندە بە رووهەڵماڵاوی ئەو دەستێوەردانانە دەکا، کە تەنانەت ئەرتەشێکی تایبەتی بە ناوی سوپای قودس و لە ژێر فەرماندەیی قاسمی سولەیمانیدا بۆ ئەو کارە دروست کردوە. دیارە دەکرێ ئەو دەستیوەردانانەی ڕێژیم وەک ناردنەدەرەوەی قەیران چاو لێ بکەین، هەرچەند تەوجیهی تیۆریکی ڕێژیم بۆ ئەو کارانەی هەر لە دوای هاتنە سەرکاریەوە، ناردنە دەرەوەی شۆڕشی ئیسلامی بووە، بەتایبەت بۆ ئەو وڵات و ناوچانەی کە دانیشتوانی، مسوڵمانی شیعەن. ئەنجامی ئەو دەستێوەردانە لە کاروباری وڵاتانی ناوچەدا، بەتایبەتی لە وڵاتە عەرەبییەکاندا ئەوە بووە کە وڵات و ناوچە سوننیشینەکان هەست بە مەترسیی بڵاوبوونەوەی دەسەڵاتی شیعە، یا لانیکەم بەهێزبونی هێژمۆنی کۆماری ئیسلامی لە ناوچەکەدا بکەن و ئەوانیش هەوڵ بدەن دەستە و تاقمی خۆیان لە وڵاتەکاندا دروست بکەن و کەڵک لە هەستی سوننەکان لە ناوچەدا وەربگرن. تەنانەت دروستبون یا لانیکەم بەهێزبونی هێزە توندڕەوە سوننەکانی وەک داعش و ئەلقاعیدەش بەشێکی زۆری دەگەڕێتەوە بۆ ئەو سیاسەتی قەیرانسازییەی کۆماری ئیسلامی لە ناوچەدا.

دیارە پرسیارێک لەو نێوەدا هەمیشە خۆی زەق دەکاتەوە، ئەویش ئەوەیە کە ئایا کۆماری ئیسلامی بەو قەیرانانەی لە نێوخۆدا دروستیان دەکات و بەو قەیرانانەش کە هەناردەیان دەکا بۆ وەڵاتانی دەوروبەر، بەڕاستی بەهێز بووە و لە نێوخۆدا سەقامگیر بووە؟ هەروەک بەداخەوە هێندێک لایەن و کەسایەتی و تەنانەت وڵات وای لێک دەدەنەوە. هەروەک ئەو بۆچوونە تا رادەیەکیش کاری کردۆتە سەر ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی و تەنانەت ئۆپۆزیسیۆنی کوردیش و چەشنێک بێهیوایی دروست کردووە.

بە باوەڕی من ڕێژیم بە هیچ جۆرێک ئەو هێز و سەباتەی دەسنەکەوتووە کە بۆخۆی بانگەشەی بۆ دەکا. دەستێوەردانەکانی لە ناوچە هەرچەند مانۆڕێکیان پێوە دەدرێ، بەڵام چ لە باری مادی و چ لە باری ئیسانییەوە زۆر گران لەسەر ڕێژیم دەکەون. لە باری مادییەوە لەو هەلومەرجە خراپەی ئابوورییەدا کە ڕێژیم لەگەڵی تەڕەفە، بە پێی هەڵسەنگاندنە جۆراوجۆرەکان ساڵی لانیکەم بیست میلیارد دۆلار لەسەر ڕێژیم دەکەوێ. خەساری نەفەرات و کادری وەفادار بە ڕێژیمیش ئێکجار زۆرە، بە جۆرێک کە رۆژ نییە لە سوریەوە، لە عێڕاقەوە و تەنانەت لە یەمەنەوە جەنازە نەچێتەوە بۆ ئێران. جگە لەوە ڕێژیم لە باتلاقێکی دوور و درێژدا هەر لە عێڕاقەوە تا یەمەن گیری کردووە. درێژەدانی ئەو وەزعە تا دێ دژوارتر دەبێ و لێکشانەوەشی هەروا. تازە مەعلوم نییە بەری ئەو ئاژاوەگێڕیانە کێ دەیچنێتەوە. چونکە هەموو زلهێزەکانی دنیا و زلهێزەکانی ناوچە کە بازیگەری ئەو مەیدانەن، وەک ئەمریکا، رووسیە، فەڕانسە، بریتانیا، ئاڵمان، چین، تورکیە و

عەرەبستانی سعودی و چەندین وڵاتی دیکە دروێنەکەری دوای شەڕی داعشن و دەیانهەوێ بەرهەمەکەی بەرنە سەر خەرمانی خۆیان. هیچ دیار نییە کۆماری ئیسلامی ئێران دوای ئەو هەموو هەزینەیە چی دەست دەکەوێ. بەتایبەت خەڵکی ئێران لە هەموو خەسارەت و قوربانیدانە چی بەنسیب دەبێ؟

ئەو هێز و لایەنانە و ئەو کەسایەتییانەش کە تیشکی پڕوپاگەندەی ڕێژیم لێی داون و توشی خەمۆکی و نائومیدی کردوون، حەق وایە قوڵتر بیری لێ بکەنەوەو بە سەر ترسی خۆیاندا زاڵ بن. ئیمکانی نییە ڕێژیمێک بتوانێ بەو یارییە دۆڕاوانە سەرکەوێ. گومان لەوەدا نییە کە قەیرانەکان بەسەر خۆیدا دەشکێنەوە. لە نێوخۆدا نارەزایەتییەکان ڕۆژێک دەتەقنەوە و ئەو ئاگرەی لەنێو خۆڵەمێشی ترسدا بۆتە ژێلەمۆ ڕۆژێک سەرهەڵدەدا. لە دەرەوەش سەری ڕێژیم بێ کوڵاو دەمێنێتەوە، چونکە زلهێزە جیهانییەکان، بەرهەمی ئەو ئاژاوەیەی کۆماری ئیسلامی دەستی باڵای تێدا هەبووە، بە شێوەیەکی زۆر لێزانانە بۆخۆیان دەچننەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٦ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٦

## بەرئەنجامەکانی هەڵبژاردنی سەرکۆماریی ئەمریکا لەسەر کوردستان و ئێران

**یەکەم**: هەرچەنده بۆ زۆربەی چاوەدێران چاوەڕوان نەکراو بوو، کاندیدی کۆماریخوازەکان لە هەڵبژاردنی سەرکۆماریی ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکادا سەرکەوتنی بەدەست هێنا. ئەوەی بە پلەی یەکەم دەکرێ وەک بەرئەنجامی ئەو هەڵبژاردنە چاوی لێ بکرێ، ئەوەیە کە زوربەی خەڵکی ئەمریکا لایەنگری ئاڵوگۆڕی دەسەڵات بوون. بەرنامەی کاری خانمی کلینتۆنیان وەک درێژەدانی بەرنامەی ئیدارەی سەرۆک کۆماری ئێستا، ئاغای ئۆباما چاو لێ دەکرد و قسەکانی ئاغای ترامپ کە تەنانەت لەگەڵ بۆچونەکانی حیزبەکەی خۆشی لە هێندێک بواردا جیاوازی هەبوو، سەرنجی راکێشابوون. دیارە سەرۆک کۆماری تازە لە مەیدانی کردەوەدا بێگومان ناتوانێ هەموو دروشمەکانی سەردەمی پروپاگاندای هەڵبژاردن جێبەجێ بکا و مەجبورە هێندێک تۆرمز بگرێ، بەڵام هەرنەبێ ناچارە دەرسەدێک لەو چاوەڕوانی‌یانەی بە لایەنگرانی داوە، وەدی بێنێ. بەتایبەت ئەوەندەی پەیوەندی بە سێ مەسەلەوە هەیە کە بریتین لە: خەباتی کاریگەرتر و توندوتۆڵتر لەدژی تیرۆریزم لە هەموو دنیادا بە گشتی و لە ناوچەی رۆژهەڵاتی نێوەڕاست بە تایبەتی؛ گێرانەوەی هەیبەتی وڵاتەکەی لە یاریکردنی رۆڵی زلهێز بۆ پاراستنی ئەمنیەتی جیهانی و؛ رەخساندنی دەرفەتی کاری زۆرتر بۆ هێزی کار لە وڵاتەکەیدا، کە سێ تێمای سەرەکی لە تەبلیغاتی هەڵبژاردندا بوون، دەبێ کارایی لە خۆی نیشان بدا و بەڵێنەکانی بەرێتە سەر.

دیارە ئەگەر ئەو سێ مەسەلەیە بکەینە بناغەی هەڵسەنگاندنی سیاسەتەکانی ئیدارەی داهاتوی کۆشکی سپی، بێگومان بەو ئەنجامە دەگەین کە بۆ وەدیهاتنیان ئاڵوگۆڕێکی بەرفراوان لە سیاسەتی ئابووری، سیاسەتی دەرەوە و پلان و تاکتیکی نیزامی‌دا پێویستە. کە لەنێو ئەو ئاڵوگۆڕانەشدا هەڵوێست بەرامبەر تیرۆریزم، رێژیمەکانی هاندەری تیرۆریزم، دەستکورتکردنەوەی دەسەڵاتە ناوچەییە ئاژاوەگێڕەکان و وەدەستخستنەوەی رۆڵی یەکەم لە دیاری کردنی سیاسەتی ئابووریی جیهانی‌دا خۆ دەنوێنن. دیارە هەڵسەنگاندنی هەریەک لەو هەنگاوانە پێویستی بە ئانالیز و لێکدانەوەی بەرفراوان و دەستنیشان کردنی هێڵەکانی پەیوەندی ئەو مەسەلانە بە تەک تەکی فاکتۆرەکانی کاریگەر لەسەر ئەو هەنگاوانە هەیە و لەم نووسینە کورتەدا جێگایان نابێتەوە. هەرچۆنێک بێ یەکێک لە فاکتەرەکان مەسەلەی کوردە لە ناوچەی رۆژهەڵاتی نێوەڕاست و بێگومان لە نێو هاوکێشەکانی ئەو ئاڵوگۆڕانەدا جێ دەگرێ. هەر بۆیەش پێویستە ناوەندەکانی دیاریکردنی سیاسەتی کوردی خۆی پێوە ماندوو کەن و ستراتیژی نەتەوەیی بۆ دارێژن و هەمو هێزی کورد بەیەکەوە وەک فاکتەرێکی کاریگەر بە ئیدارەی تازەی ئەمریکا بناسێنن. لە هێندێک بۆچونی کورتی هاوشێوەی ئەمەدا هەوڵ دەدەم کاریگەرییەکانی ئەم ئاڵوگۆڕە لەسەر کوردستان، ئێران، ناوچەی رۆژهەڵاتی نێوەڕاست و جیهان بە پێی توانای خۆم وێنا بکەم.



سەرچاوە Serchawe

## دووەم: کاریگەری هەڵبژاردنی ئەمریکا لەسەر کوردستان

لە هە لسەنگاندنی یەکەمدا گوتم کە (یەکێک لە فاکتەرەکان مەسەلەی کوردە لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و بێگومان لە نێو هاوکێشەکانی ئەو ئاڵوگۆڕانەدا جێ دەگرێ).

ئەگەر سەرکۆماری تازەی ئەمریکا بیهەوێ کار بکا لەسەر ئەو سێ تێما گرینگەی کە پێشتر باسمان کرد واتە گێڕانەوەی هەیبەتی ئەمریکا وەک یەکەم زلهێز، شەڕی دژی تیرۆر و ڕەخساندنی هەلی کاری زۆرتر لە نێوخۆی ئەمریکادا، هەم لە شەڕی دژی تیرۆر و هەم لە گێڕانەوەی هەیبەتی ئەمریکادا دۆستێکی وەک نەتەوەی کوردی پێویستە. ناوەندی شەڕی دژی تیرۆر و هەروەها ڕێژیمە هاندەرەکانی گەشەکردنی تیرۆر، لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستن. کورد لە ناوچەکەدا باوەڕپێکراوترین و ئازاترین هێزی شەڕکەرە لە دژی تیرۆر. چونکە بەدرێژایی مێژوو قوربانی دەستی تیرۆر بووە، چ تیرۆری دەوڵەتی و چ تیرۆری ڕێکخراوەیی. هەروەها زەربەی زۆری لە دەستی ئەو ڕێژیمانە خواردوە کە هاندەری تیرۆرن لە ناوچەکەدا. بۆیە ئەگەر ئاغای ترامپ بە راستی بیهەوێ تیرۆر خاشەبڕ بکا، ناتوانێ دەست لە کورد هەڵگرێ. ئێستاش لەسەر ئەرزی شەڕ، هەم لە سوریە و هەم لە عێراق، کوردەکان چالاکترین هێزی لە نێوبردنی داعشن. پاشان بۆ دەستەمۆ کردن، دەست کورتکردنەوە و کۆنترۆڵ کردنی ڕێژیمەکانی پاڵپشتی تیرۆر، پێویستی بە هاوپەیمانی باوەڕپێکراو هەیە لە ناوچەدا، کە نەتەوەی کورد بە گشتی دەتوانێ یەکێک لەو هاوپەیمانانە بێ.

دیارە بەو دوو ڕێگایەش دایە کە هەیبەتی ئەمریکا دەگەڕێتەوە. چونکە هێزەکانی وەک داعش و ڕێژیمەکانی وەک ئێران، لە ناوچەیەکی گرینگی وەک ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا، کۆسپێکی گەورەن لە ڕێگای بەدەستهێنانەوەی هەیبەتی ئەمریکادا. لە چەند ساڵی رابردوودا دەتوانین بڵێین هیچ ساڵێک نەبووە کە لە راستیدا قەڵسەیەک بە ئەمریکا نەگێڕن. دەبێ ئاغای ترامپ کارێک بکا کە داعش شکست بێنێ، دەستێوەردانەکانی ڕێژیمی ئێران هەر لە عێراقەوە هەتا یەمەن کۆتاییان بێ و تورکیە بگەڕێتەوە سەر ئەو نەخشەی کە ناتۆ لە ناوچەدا پێی دابوو، نەک سوڵتان بازاڕی وەڕێ خا. لەو کاتە دایە کە هەیبەتی ئەمریکا دەگەڕێتەوە و هەر لەو کاتەش دایە کە قازانجە ئابوورییەکانی ئەمریکا لە ناوچەدا دەپارێزرێن و زەمینە بۆ ڕەخساندنی هەلی کاری زۆرتر ئامادە دەبێ.

بەڵام کورد دەبێ چۆن مامەڵە لەگەڵ ئەو هەلومەرجە تازەیەدا بکا؟ کورد دەبێ بەهێز دەرکەوێ و ویستەکانیشی بەرێتە سەرێ. هێزی نەتەوەیی یەکگرتوو بکا و بەو هێزەوە داوای پشتیوانی بۆ چارەسەر کردنی یەکجارەکی مەسەلەی کورد بکا. لە

باشوور نابێ بە کەمتر لە سەربەخۆیی رازی بێ. لە رۆژئاوا دەبێ قەوارەی ئیدارەیەکی نەتەوەیی داڕێژێ نەک فریوی دێموکراسی لە سوریە بخوا و ویستە نەتەوەییەکانی تێدا بدۆڕێنێ. لە باکوور دەبێ هەوڵ بدا سەرنجی زلهێزەکانی دنیا، بە تایبەت ئەمریکا بۆ لای خۆی راکێشێ و هەوڵ بدا لە پرۆسەی بە فیدراڵی کردنی تورکیەدا، دۆستی نێونەتەوەیی بۆخۆی پەیدا بکا. کورد نابێ بۆ هاوپەیمان لە ناوچەدا بگەڕێ. هیچ یەک لەو وڵاتانەی کە بەشێک لە کوردستانیان بەرکەوتوە، ناتوانن هاوپەیمانی کورد بن لە بەشەکانی دیکەدا.

لە رۆژهەڵاتی کوردستانیش کاتی ئەوە هاتووە حیزبەکان نێومالی خۆیان رێکخەن، یەکبگرن و هیز نیشان بدەن. نیشان بدەن کە دەتوانن نەخشیان هەبێ و دەکرێ حیسابیان لەسەر بکرێ. دەبێ هەم لێبڕاو بن و هەم باوەڕیان بە خۆیان هەبێ. بۆ دوورتر لە کامپەکانی خۆیان بڕوانن و خەونی گەورە ببینن و ئامادەی ریسک کردن بن. دەبێ هەوڵ بدرێ خەباتی دەرەوە و شار و شاخ لێک گرێ بدرێ. رۆژهەڵاتی کوردستان دەبێ بێتەوە نێو کایە سیاسی‌یەکانی ناوچە و جیهان و ئەوەش بە برەوپێدانی رۆژهەڵاتمێحوەری و گەورەکردنەوەی نەخشی رۆژهەڵات دەکرێ، نەک حیزب حیزبێنە و رەقابەتی ناسالمی نێوان حیزبەکان. بە تایبەت حیزبی دێموکراتی کوردستان پێویستە غرور و هەیبەتی خۆی بەدەست بێنێتەوە و رۆڵی کۆکردنەوەی هێزەکان و پێشەنگیی خەباتی نەتەوەیی ببینێ؛ تواناکانی وەگەڕ خا و بۆ هەستانەوەیەکی گەورە بەرپرسایەتی‌یەکان دیاری بکا و، ئەندامانی حیزبیش پێویستە تواناکانی حیزبەکەیان ببینن و هاندەر بن لە وەگەڕخستن و گەشەکردنی ئەو توانایەدا.

## سێهەم: کاریگەریی هەڵبژاردنی ئەمریکا لەسەر ئێران

لە کاتی تەبلیغاتی هەڵبژاردندا، دۆناڵد ترامپ زۆر بە توندی هێرشی کردە سەر کۆماری ئیسلامی. ئەو لە یەکێک لە پانێلەکانیدا رایگەیاند کە کۆماری ئیسلامی گەورەترین پشتیوانی تیرۆریزمە لە جیهاندا. ئیشارەی بە ئاژاوەگێڕییەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران کرد و ئەوەی هێنا گۆڕێ کە ئەو رێژیمە تانوپۆیەکی بەهێزی رێکخراوی تیرۆریستی، جاسوسی و نیزامی لە جیهاندا بە گشتی و لە ناوچەی رۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا بە تایبەتی، پێکهێناوە. ئەو گوتی: بەڵێ کۆماری ئیسلامی لە ناوچەدا بەهێزە، بەڵام ئێمە (ئیشارەی بە دەوڵەتی ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکایە) لەو بەهێزترین.

لە کۆبونەوەیەکی تەبلیغاتی دیکەدا ئیشارەی بەوە کرد کە تیرۆریزم لە رۆژهەڵاتی نێوەڕاست خاوەن پووڵە، داعش لە سوریە هوتێلی دروست کردوە، داعش نەوتی هەیە، ئەگەر ئەویش نەوتی نەبێ ئێران هەیەتی. ئێمە ٢ تریلیۆن دۆلارمان لە عێراق خەرج کرد و هەزاران سەربازمان کوژران، بە لام ئێران دەستی بەسەردا گرتوە و ئێمە هیچمان نییە، تەنانەت

ناتوانین بچینە زۆر جێگای ئەو وڵاتەش، جگە لەوەش چەکێکی زۆر کە دامان بە عێراق دەستی دوژمن کەوتوە تەنیا لە یەک جێگا ٢٣٠٠ ماشێنی گەورەی نیزامی بۆ دوژمن بەجێ هێڵراوە، ئەوە گاڵتەی پێ ناکرێ.
ئەگەر ئەو بۆچوونانەی سەردەمی تەبلیغاتی هەڵبژاردن لە نەزەر بگرین، سیاسەتی ترامپ دەبێ بە ئاراستەی کورتکردنەوەی باسکی ئاژاوەگێڕانەی کۆماری ئیسلامیدا بێ لە ناوچەی پڕکێشەی ڕۆژهەلاتی نێوەڕاستدا. رەنگە دوور لە چاوەڕوانی بێ کە جارێکی دیکە دەوڵەتی ئەمریکا خۆی تووشی شەڕێکی دیکەی گەورە لە ڕۆژهەلاتی نێوەڕاست بکا، بەلام شک لەوەدا نییە کە ئیدارەی تازەی ئەمریکا بە سەرۆکایەتیی ترامپ، بەو شێوەیە موماشات لەگەڵ کۆماری ئیسلامی ناکا، کە ئیدارەی ئۆباما دەیکرد.

پەیوەندیی نێوان ئێران و ئەمریکا بە فازێکی تەواو جیاوازدا دەڕوا و لە قۆناغی داهاتوودا پێموانییە هێندەی ئێستا لە کۆماری ئیسلامی قبووڵ بکرێ. ئەوەش بۆ کورد لە هەموو بەشەکانی کوردستان دەرفەتێکی تازە دێنێتە ئاراوە. ئەگەر سەرنج بدەینە دەستێوەردانەکانی کۆماری ئیسلامی لە هەمو کوردستاندا، بۆمان دەردەکەوێ کە تا ئێستا چەندە دەستی ئاواڵە بووە کە بە کەیفی خۆی لە کوردستاندا رمبازێن بکا. ڕۆژهەلاتی کوردستان میلیتاریزە بکا و هەرچی جینایەتە بە پانەوە لەوێ ئیجرای بکا. لە باشوور مۆڵگەی جاسوسی دانێ و دەست لە کاروباری ئەو بەشە لە کوردستان وەردا و بە ناوی دۆست وەک گورک لە نێو ماڵی خۆتدا، لە دەرفەتی بەرخۆلە فڕاندندا بێ و بە ئاشکراش دژی سەربەخۆیی بوەستێ. لە باکوور و ڕۆژئاواش هەم لە ناڵ بدا و هەم لە بزمار. بە رواڵەت خۆی بە دۆست لە قەڵەم بدا و ژێربەژێر تۆوی دووبەرەکی بچێنێ و لەگەڵ هێزە دژبەرەکانی کورد لەو دوو بەشەی کوردستان کەین و بەینی هەبێ و بە ئاشکرا شەڕ بۆ ڕێژیمێک بکا کە بە درێژایی مێژوو تەنانەت مافی هاوولاتی بوونیشی بۆ کورد بە رەسمی نەناسیوە.

بۆیە لە ئیدارەی داهاتووی ئەمریکا بە سەرۆکایەتی دۆناڵد ترامپ چاوەڕوانی ئەوە دەکرێ کە چیدی نەیەڵێ کۆماری ئیسلامی بە شێوەی ئێستا لە ناوچەدا رمبازێن بکا و لەمپەرێکی گەورە بێ لە بەردەم ویست و داخوازییەکانی گەلی کورد لە هەموو بەشەکانی کوردستان.

لە ژمارە ٦٩٣ی ڕۆژنامەی "کوردستان" دا بلاو بۆتەوە

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٥ی دێسەمبەری ٢٠١٦

## بابەتەکانی ساڵی....................٢٠١٧ و ٢٠١٨

---

## قەڵای خۆڕاگری بە تیرۆر ناڕووخێ

تیرۆر، ڕەشەکوژی، ئیعدام، ئەشکەنجە و ئازاری تیکۆشەرانی کورد لە هەموو کوردستان بە گشتی و لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەتایبەتی سەدان ساڵە درێژەی هەیە. لە ئێران چ لە سەردەمی پاشایەتیدا و چ لە سەردەمی کۆماری ئیسلامی دا، تیرۆڕ و ئیعدام دوو میتۆدی سەرەکی دەسەڵاتدارانی ئێران بوون و بۆ سەرکەوتنی ئەو کردەوە دژی گەلیەشیان زۆرجار فێڵ و تەڵەکەیان لە گەڵ تێکەڵ کردوون و لە دەستی ناپاکی خۆفرۆشانی نیوخۆش کەڵکیان وەرگرتوە. شەهید کردنی سەرکردەو ڕێبەرانی وەک، سمایلاغای سمکۆ، پێشەواقازی محەممەد و سەدری قازی و سەیفی قازی و دەیان قارەمانی دیکە بەدوای ڕووخانی کۆماری کوردستان دا،شەهید کردنی ڕێبەرانی جووڵانەوەی چل و شەش و چل و حەوت، وەک موعینیەکان، مەلا ئاوارە، شەریفزادە و،دەیان کادری ڕێبەری دیکەی حیزبی دێموکرات لەو سەردەمی دا، بەرئەنجامی ئەودوو مێتۆدە قێزەونەی سەردەمی پاشایەتی بوون.

کۆماری ئیسلامیش وەک میراتگرێکی بە ئەمەگی ڕژیمی پاشایەتی بۆ بەچۆکداهێنانی خەباتگێڕانی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە گشتی و ڕۆڵەکانی دێموکڕات بە تایبەتی سی و حەوت ساڵە میتۆدی جۆراو جۆری جینایەتکارانە تاقی دەکاتەوە. لە نێو ئەو مێتۆدانەدا کوشتاری بە کۆمەڵ، ئیعدامی بەکۆمەڵ، تیرۆر تا ڕادەی ڕێبەرەکان، زینداني و ئەشکەنجە و ڕاوەدونان، نان بڕین و تاڵان کردن و کۆڵبەر کوشتن و گەمارۆی ئابووریو بە گشتی هیچ کارەساتێک نەماوە بەسەر گەلەکەمانی نەهێنێ. جینایەتەکانی وەک قەتڵی عامی قارنێ، قەڵاتان، وسوکەند، سۆفیان، چەقەڵ مستەفا، بەهاری خوێناوی سنە و دەیان جێگای دیکە، ئیعدامی بە کۆمەڵی لاوان بۆ وێنە ئێعدامی٥٩ لاوی مهابادی و هەزاران لاوی دیکە لە سەرانسەری کوردستان، تیرۆری کادر و پێشمەرگەکان و ڕێبەرانی حیزب وەک دوکتور قاسملو و دوکتور شەرەفکەندی ، تەنانەت لەسەر مێزی وتووێژ ، یا لە کۆنفرانسی نێونەتەوەیی دا وەک لە بەرلین،بەشێکی دیکە لە سیاسەتەکانی کۆماری

ئیسلامی بۆ سەرکوتی گەلەکەمەن بووە کە هیچکات نەیانتوانیوە تۆزقاڵێک لە ئیرادە و هەستی ئازادیخوازانەی خەباتگیڕانی کورد بە گشتی و خەباتگێڕانی دێموکڕات بە تایبەتی کەم بکەنەوە.

لە دوای هەر جینایەتێکی رژیم ڕێبوارانی رێگای شەهیدانی سەربەرز بە گوڕ و تینێکی زۆرترەوە هاتونەتە مەیدان و جێگەی پڕ شانازی شەهیدەکانیان پڕکردوەتەوەو ڕێبازەکەیان دریژە پێداوە. دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی ئیستا کە لەبەر چالاکی و تێکۆشانی بەربڵاوی خەباتگێرانی دیموکراتدا تووشی لاوازی و سەرلێشێوان بووە،دیسان پەنای بردوەتەوە بۆ زەبونانەترین شێوەکانی بەربەرەکانی لەگەڵ نایارانی خۆی کە هەمان کردەوەی تیرۆڕیستیە. تیرۆڕی شەوی یەلداش لەبەر دەم بارەگای سەرەکی حیزبی دێموکراتی کوردستان، هەر دەگەڕیتەوە بۆ ئەو ڕاستیەی کە کۆماری ئیسلامی زەلیل و داماوە لە بەرامبەر خەباتی ڕاشکاوانەو چەند ڕەهەندیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان دا.

ڕەنگە ئەو پرسیارە بێتە پێش کە بۆچی کۆماری ئیسلامی مێتۆدی تیرۆڕ بەکار دێنێ لە بەرامبەر حیزبێک دا کە لە تەواوی ماوەی حەفتاو یەک ساڵ خەباتی پڕ لە شانازی دا بۆ یەکجاریش پەنای بۆ تیرۆڕ نەبردوە. سەر وبنی قسەی ڕێگاچارەی سیاسی و دێموکراتیک بووە بۆ چارەسەری مەسەلەی کورد لە ئێران دا و لەو پێناوەدا گەورەترین ڕێبەری خۆی لە سەر میزی وتوویژ لەدەست داوەو لەوەش زیاتر لە چەند ساڵی ڕابردوودا، سوارچاکی مەیدانی خەباتی مەدەنی و کەڵک وەرگرتن لە دەرفەتە بچوکەکانیش بۆ هێنانە بەرباسی مەسەلەی کورد لە ئیران دا بە ڕێگای ئاشتیخوازانەدا بووە. بۆچی ڕژیم لەبەرامبەر حیزبێک دا ئەو کردەوە جینایەتکارانەیە دەکا، کە لە گۆڕەپانی سیاسی کوردستان و ئیران دا و تەنانەت لە بواری پەیوەندییە نێونەتەوەییەکانیش دا بە حیزبێکی خاوەن ئەخلاقی سیاسی، نەرم لە گوتار و ڕەفتار داو لیبڕال لە هەڵوویست بەرامبەر غەیری خۆی دا ناسراوەو بەو هۆیەوە خاوەنی پێگەیەکی بەرینە لە نێو ڕێکخراوە سیاسیەکانی کوردستان، ئێران و جیهان دا.

گومانی تێدا نییە کە وەڵامی ئەو پرسیارە بە جێیە، ڕاست لە نێو پرسیارەکەدایە. کێشەی سەرەکی کۆماری ئیسلامی لە گەڵ حیزبی دێموکراتی کوردستان ڕاست ئەو سیاسەتی ماقوڵ و لیبڕاڵ و دێموکراتی حیزبی دێموکراتی کوردستانە. ڕژیمی کۆنەپەرستی کۆماری ئیسلامی ڕاست لەو سیاسەت و گوتارە ماقوڵ وگشت پەسندەی حیزبی دێموکراتی کوردستان دەترسێ. ئەوە نفوزی بۆچون و گوتارە ئاشتیخوازییەکەی حیزبی دێموکراتی کوردستانە کە ڕژیمی هەراسان کردوە. ئەوە سەرکەوتنی حدک لە مەیدانی خەباتی جەماوەری، پشتیوانی لە خەباتی مەدەنی و چالاکانی نێوخۆ، هینانە گۆڕی دروشمی ڕۆژهەڵات میحوەری، پارێزەرانی ڕۆژهەڵات، کەڵک وەرگرتن لە دەرفەتەکان، دێموکڕاسی نێوخۆیی،وەلانانی سیاسەتی چەقبەستوو و یەک ئاراستە، سەرکەوتن لە بواری دیپلۆماسی وپەیوەندییەکی بەربڵاوی نیونەتەوەیی و بوون بە ئەندام لە سۆسیالیست

بەشی دووهەم

ئینتەرناسیۆناڵ، جێگە و پێگەی حدک لە نێو ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانیداو دەیان سیاسەت و هەڵوێستی بەجێی دیکەیە کە هەراسی بە کۆماری ئیسلامی هەڵگرتوە.

مەسەلەیەکی دیکەی جێگای ئاماژە ئەوەیە کە، ڕاستە رژیم لە خولقاندنی جینایەت و شەهید کردنی ڕۆڵەکانی دیموکراتدا بە بۆچوونی خۆی دەسکەوتی کاتی بەدەست هێناوە، بەڵام بە هیچ شێوەیەک ئامانجی سەرەکی نەپێکاوە کە بریتیە لە بە چۆک داهێنانی حیزبی دیموکرات و جووڵانەوەی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دا. بەدوای جینایەتی شەوی یەلدا دا حدک بە جوانی نیشانی دا کە خاوەنی چ هێزێکی لە بن نەهاتوو چەندە کادر و ئەندام و پێشمەرگە و لایەنگری دڵسۆز و خەباتگێڕە. هەم دەرو دیواری شەقامەکانی نێوخۆی ڕۆژهەلاتی کوردستان، هەم نێو ساڵۆنەکان و شەقامەکانی باشوری کوردستان و هەم لە شەقام و بەردەرکی سەفارەتەکانی کۆماری سێدارە لە زووربەی وەڵاتەکانی دنیاوە هەر لە ئوستورالیاوە تا ئوروپاو ئەمریکا وکانادا، شاهیدی گەورەیی حیزبی دیموکراتی کوردستان و بەربڵاوی چالاکییەکانی کادر و پێشمەرگە و ئەندام و لایەنگرانی حدک بوون.

شەپۆلی بەربڵاوی پشتیوانییەکان چ لە نێو کۆمەڵانی خەڵک دا، چ لە نێو حیزب و ڕێکخراوە کوردستانیەکاندا، چ لە نێو حیزب و ڕێکخراوە ئیرانیەکان و چ لە نێو حیزب و ڕێکخراو و مێدیا جیهانییەکان دا، نیشانەی هێز و توانای حدک و بەربڵاوی چالاکییەکانیەتی و بە دوای تیرۆری شەوی یەلدا دا حدک بە چۆک دا نەهات هیچ، بەڵکو نیشانی دۆست و دوژمنی دا کە بەوجۆرە بایانە نالەرزێ و تا زۆرتر قوربانی بدا، لەسەر خەبات و تێکۆشان شێلگیرترە. دەبێ ئەو خۆ نیشاندانەی حدک بە دۆست و دوژمنی سەلماندبێ کە قەڵای خۆڕاگری بە تیرۆر ناڕووخێ.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٢ی جانێوێری ٢٠١٧

## پێناسەیەک بۆ نیشتمانپەروەرێکی ڕاستەقینە

### پەیامی من بۆ تێکۆشەری دێرینی گەلەکەمان کاک هاشمی کەریمی لە ڕۆژی ڕێزلێنانی دا

هەرکات بیر لە دڵسۆزترین و پاکترین نیشتمانپەروەرەکانی کوردستان دەکەمەوە، کاک هاشمی کەریمی لە سەفی پێشەوەی ئەو کەسانە دا دێتەوە نێو بیرەوەریەکانم کە دەکرێ بڵێین وەک ئولگو دەبێ چاویان لێ بکرێ. من بۆ ئەوەڵین جار لە سلێمانی باشوری کوردستان لە گەڵ کاک هاشم ئاشنا بوم. ئەوکات من خوێندکاری دواناوەندی بوم لە سلێمانی و کاک هاشمیش تازە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە لە سەر کوردایەتی ئاوارە ببو. ئەوە دەگەڕێتەوە بۆ نیزیکەی چل و پێنج ساڵ لەمەوبەر. ئەوکاتە حیزبی دێموکڕاتی کوردستان بە ڕێبەریی شەهید دوکتور قاسملو جم و جوڵێکی تازەی دەست پێکردبو. من تازە ببومە هەژدە ساڵ و شانازی ئەندامەتی حیزبی دێموکڕاتی کوردستانم پێ بڕابو.

کاک هاشم ئەوەڵین ڕۆژەکانی ئاوارەیی لە ماڵی ئێمە میوان بو. لاوێکی خوێندەوار و هەتا بڵێی مەتین و خۆش ڕەفتار. تازە لە تارانەوە هەمو دواڕۆژی خۆی لە پێناوی خەباتکردن بۆ وەدەستهێنانی مافە نەتەوەییەکانی گەلەکەی دا فیدا کردبو. ئاخر ئەو یەکێک لە دەبیرە خۆشنێوەکان و لێوەشاوەکانی شاری بانە بو کە لەسەر کوردایەتی و دڵسۆزی بۆ نیشتمان دوور خرابۆوە بۆ شاری تاران. لەوێش کۆڵی نەدابو بە شێوەیەکی چالاکانەتر لە ڕیزەکانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان دا درێژەی بە خەبات دابو. تا ئەوکاتەی کە ساواک هەستی بە چالاکیەکانی کردبو و خەریک بو بیخاتە نێو سیاچاڵەکانی زیندان و حیزب و گەلەکەمان لە کادرێکی ئاوا لێوەشاوە بێ بەش بکا. بەڵام کاک هاشم پلەیەکی دیکەش لە خەبات نیزیک ببۆوەو ئەوجارە بە ورەیەکی پۆڵاییینەوە ڕووی لە مەیدانی خەباتی ئاشکرا کردبو.

کەسانی وەک کاک هاشم ئەوکات بۆ تازە لاوێکی وەک من کە تازە یەکەم هەنگاوەکانی تێکۆشانی سیاسیم هەڵدێنانەوە، سەرچاوەی هێز و ئێنێرژی وەرگرتن بوون. ئەو کەدایم کتێبێکی بەدەستەوە بو لەو چەند ڕۆژەدا کە لە لای ئێمە بو بە تەواوی سەرنجی ڕاکێشابوم. لە من پرسیار و لەو وەڵام. هیچ پرسیارێک نەبو کە لەوەڵامی کاک هاشم بێ بەش بێ. بە تایبەت لەسەر مەسەلە سیاسیەکان و ئیدەئۆلۆژیەباوەکانی ئەو سەردەم. کێشەکانی مارکسیزم – لینینیزم، لەگەڵ ترۆتسکیزم و مائۆئیزم کە لەوکاتی دا کیشە ی نێوان ڕوناکبیران و کەسانی سیاسی بوون و تەنانەت ئەوانەی لە ڕێگای کوردایەتیەکی بێ ئیزمیش دا خەباتیان دەکرد، خۆیان پێوە ماندو دەکرد و هیچ کەس نەدەبو لەو مەیدانەش دا کورتی بێنێ دەنا بە سیاسی حیساب نەبو، کاک خاشم نەک تەنیا کورتی نەدێنا بگرە هەر پرسیارێکت لێ کردبایە سەرو بنی مەسەلەی

بۆ دەردێنای ئەوەندەی موتاڵای هەمو ڕێبازە سیاسیەکان کردبو. لە هەموی گرنگتر ئەوەبو کە لەلای کاک هاشم هەمو ڕێگاکان ئاخرەکەی دەهاتنەوە سەر کوردایەتی و تەنیا لەو کاتەدا پەسند کراوبون کە چارەسەرێکیان بۆ مەسەلەی نەتەوەیی هەبایە.

ئەو خوێندەواری و دڵسۆزیەی کاک هاشم وای کرد کە لە ماوەیەکی کورت دا ڕوناکبیرانی باشوری کوردستان ئەویان دۆزیەوەو دایم بەدەوریەوە بوون و لێی فێر دەبوون. ڕاستیش ئەوەبو کە هەڵس و کەوت لەگەڵ کاک هاشم زۆری فێر دەکردی. هەم فێری کتێب خوێندنەوەو باسی سیاسی دەکردی و هەم فێری ئەخلاقی ئینسانی، نەتەوەیی بوون، یەکسانیخوازی و ڕاستگۆیی دەکردی. ئەو پیاوە مەزنە کە ئێستاش بۆ ئەوە دەبێ لێی فێربی، لەو کاتی دا یەکێک لەو دەگمەن کەسانە بو کە لە نێو دەریای نەخوێندەواری و دواکەوتوویی دا هەڵکەوتبو. لە گەڵ سیاسی بونەکەشی هەتا بڵێی ئینسانێکی بە ئەخلاق، کۆمەڵایەتی و ڕاستگۆ بو.

لە دەورانی دوایی دا کە ڕژیمی پاشایەتی ڕووخا و ئێمە وەک حیزبی دێموکڕاتی کوردستان گەڕاینەوە وڵات و ئەمنیش شانازی ئەوەم پێ بڕا کە وەک کاک هاشم لە ئۆرگانی ڕێبەریی حیزب دا جێ بگرم، لە کۆبونەوەکانی کومیتەی ناوەندی دا خۆم بە بەختەوەر دەزانی کە لە گەڵ کەسانی وەک کاک هاشم لە ئۆرگانی ڕێبەری دام و دایم سەداقەت و ڕاستگۆیی و بێ غەلل و غەشی کاک هاشم بۆ من هێما بو. لە تەواوی ئەو ساڵانەدا کە لە دوور و نیزیکەوە ئاگاداری هەڵس و کەوت و تێکۆشانی ئەو تێکۆشەر و دڵسۆزەی گەلەکەمان بوم، قەتم نەبیستەوە کە ئەو خەباتگێڕە کەڵکی خراپ لە بەرپرسایەتیەکانی وەرگرێ، کەسێک شکایەتی لێ هەبێ، یا کردەوەیەکی نامۆناسبی لێ دەرکەوێ. قەت نەم بیست دەورو بەریەکانی بتوانن خاڵێکی دوور لە ئەخلاقی شۆڕشگێڕی لێ بدۆزنەوە یا شک و گومانێکی لەسەر دروست کەن. نە لە باری سیاسی و نە لە باری کۆمەڵایەتیەوە بەدرێژایی ئەو ساڵانە هیچ کەس نەی توانی خاڵێکی لاواز لە سەر کاک هاشمی تێکۆشەر تۆمار بکا. هەربۆیەش بە درێژایی ئەو ساڵانە و تا ئێستاش کاک هاشمی کەریمی بۆمن هێمای ڕاستی و سەداقەت و شۆڕشگێڕی بووە و هەیە و تا ماوم شانازی بە وە دەکەم کە هاوڕێ، ڕفیق ، دۆست و ئاشنای چەندین ساڵەی کاک هاشم بووم. داوای لەشساغی و تەمەنی درێژی بۆ دەکەم و سپاسی زەحمەت و ماندوو بونەکانی دەکەم. هیوادارم گەلەکەمان و حیزبەکەمان قەدری ئەو تێکۆشەرە خاکی، سادق، خوێندەوار و دڵسۆزەمان بزانن.

سەرچاوە: دیواری فەیس بووکی نووسەر - ڕێکەوتی: ٩ی جوولای ٢٠١٧

# تاوتۆ و کەنگەشەی رووداوەکانی نێونەتەوەی و رۆژهەڵاتی نێوەراست و کوردستان

## دیدو بۆچوونەکانی مستەفا شڵماشی ئەندامی دفتەری سیاسی و نوێنەری دەرەوەی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان

**دیمانە: رەحمان نەقشی**

**داواکاری**

**زۆر بەڕێز هاوڕێ کاک مستەفا شەڵماشی وێرای سڵاوێکی گەرم، بۆ تاوتۆ و کەنگەشەی رووداوەکانی نێونەتەوەی و رۆژهەڵاتی نێوەراست و کوردستان بەگشتی و هەڵومەرجی رۆژهەڵاتی کوردستان بە تایبەتی، ئەم پرسیارانەی خوارەوە کە بەدڵنیایەوە بەشێکی زۆری ئەم پرسیارانە هی چین و توێژەکانی خەڵکن ئاراستەی جەنابت و کۆمەڵێک کەسایەتی سیاسی حیزبی و غەیرە حیزبی رۆژهەڵاتی کوردستان دەکەین و کۆی ئەم دیمانانە لە دووتۆیی نامیلکەیک دەیخینە بەر دیدی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان. هەر بۆیە داوای لە جەنابتان دەکەین بە وەڵامی ئەرینی ئەم بەرهەم دەوڵەمەندتر بکەن.**

**پێشەکی زۆر سپاستان دەکەم.**

**بەرێز و حورمەتەوە رەحمان نەقشی**

----------------------------------------

## پرسیارەکان:

**١- هەڵسەنگاندنێک لەسەر هەولومەرجی هەنوکەیی نێونەتەوەیی و رۆژهەڵاتی نێوەراست؟**

**هەل و مەرجی نێونەتەوەیی لە ڕاستی دا خەریکە بە قۆناغێکی تازەی پەیوەندییە نێونەتەوەییەکان دا تیدەپەڕێ. قۆناغێک کە تاروپۆی پەیوەندییە نێونەتەوەییە ئاسایی و بە قانونمەند کراوەکان لێک هەلدەوەشێنێ. ئەوەی لەم**

سەردەمەدا لە هەموو شتێک زیاتر بایەخی پێ دەدرێ و حیسابی لەسەر دەکرێ، ئابوری و هێزە. ئەو دو فاکتۆرە جێگای ئیدەئۆلۆژی و قانونمەندیان گرتوەتەوە. بەدوای لە نێوچوونی دنیای دوو جەمسەری و هەڵوەشانەوەی بلۆکی سۆسیالیستی دا، بە ڕووخانی دیواری بەڕلین، بە سەرهەڵدانی نا ئارامیەکان لە باڵکان، بە شەڕی ئەفغانستان، بەهاری عەرەبی کە گۆڕا بۆ دۆزەخی عەرەبی و سەرهەڵدانەوەی چەند زلهێز لە ڕاددەی نێونەتەوەیی دا، ئاڵ و گۆڕێکی قوول بەسەر هەل و مەرجی نێو نەتەوەیی دا هاتوەتە ئاراوە کە تێیدا فاکتەری هێز و فاکتەری ئابوری قسەی یەکەم دەکەن. جگە لەوانەش سەرهەڵدانی هێزە توندڕەوە ئیسلامیەکان و بەتایبەتی داعش، بە ڕواڵەت بەرەیەکی زۆر بەرفراوانی دژی تیرۆری دروست کردوە کە بۆ ماوەی کاتی زۆر کێشەی دیکە وەلانراون و تەنانەت هێندێک هێزی دژبەری یەکتریشی لێک نیزیک کردوەتەوە. ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەتوانم بڵێم پشکی شێری لەو ئاڵ و گۆڕانە بەرکەوتووە. هەم بە هۆی ئاڵۆزیەکانی وڵاتانی عەرەبی، بەتایبەت سووریە و عێراق و هەم بە هۆی سەرهەڵدانی داعشەوە. ڕژیمی کۆماری ئیسلامیش لەو نێوەدا بۆخۆی فاکتەرێکی گەورەی بێ سەباتی و سەرهەڵدانی ئاژاوەیە. کۆماری ئیسلامی بە قازانجی خۆی جیاوازیە مەزهەبی، نەتەوەیی و فەرهەنگیەکانی قۆزتوەتەوەو بە درێژایی و پانتایی هەموو ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست سەرگەرمی ئاژاوە نانەوەو خۆش کردنی ئاگری شەڕی مەزهەبیە، تا لەو نێوەدا لە ئاوی لێڵ ماسی بگرێ. هەموو ئەو کێشانە کارێکی ئەوتۆیان کردوە کە بە جیددی بیر لە چاوپێداخشاندنەوە بە نەخشەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست دا بکرێتەوە. شیرازەی هێندێک دەوڵەتی وەک سووریە، عێراق، لیبی و یەمەن لێک هەڵوەشێ و زووربەی وڵاتانی ناوچەش لە کێ بەرکێی خۆێنیشاندان و شەڕی نیابەتی دا تێوە گلاون. ئێستا بە تایبەت وڵاتە بە هێزەکانی ناوچە، وەک تورکیە، ئێران و عەرەبستانی سعودی هەموویان هەریەک بە جۆرێک لە شەڕ و کێشەکانی ناوچەدا بەشدارن. زووربەی وڵاتە خاوەن هێز و بە نفوزەکانی دنیاش وەک ئەمریکا، ئوروپا و ڕوسیە لە ناوچەدا حزووری نیزامیان هەیە. دیارە هەموویان بە ناو بۆ لە ناوبردنی تیرۆڕ، بەڵام هەریەکە و ئەجندایەکی تایبەت بە خۆی هەیە، کە لە کۆتایی دا ئەجندای هیچکامیان لە گەڵ ئەوی دی نایخوێنێتەوە، بەڵام هەمووشیان لە ژێر سێبەری خەتەری تیرۆریزم دا یەکتر تەحەممول دەکەن. جێگای ئاماژەیە کە بەو هەموو دام و دەزگا سەربازیەشەوە، هیچ کام لە هێزەکان بە ئەندازەی هێزی کوردی لە ڕاگرتن و تێکشاندنی داعش دا کاریگەر نەبوون. بەو هۆیەوە هەم لە باشووری کوردستان و هەم لە ڕۆژئاوای کوردستان، کورد توانیویەتی میداڵی قارەمانی شەڕی دژی تیرۆڕ بە دەست بێنێ و لە ڕاددەی نێونەتەوەیی دا سەرنجێکی زۆر بۆ لای خۆی ڕاکێشێ و زەمینەیەکی لەبار بۆ هێنانە بەرباسی مافی دیاریکردنی چارەنوسی خۆی ئامادە بکا.

### ٭ هەلومەرجی ئێستای کوردستان چوون هەڵدەسەنگینی؟

هەل و مەرجی کوردستان بە شێوەیەکی گشتی زۆر لە قۆناغەکانی ڕابردوو لەبارترە. ئێستا لە دنیا دا وەک لێقەوماو و

قوربانی چاو لە کورد و کوردستانیان ناکرێ، بەڵکوو لە ڕاستی دا دنیا بۆ جارێکی دیکەو لە کەش و هەوایەکی دیکەدا کوردی کەشف کردوەتەوە. لە نەزەر خەڵکی دنیاوە کورد گەلێکی گەورەی ئاشتیخواز و بەهێزە لە ناوچەی ڕۆژهەلاتی ناوەراست دا کە دەتوانێ فاکتەرێکی بەهیزی سەبات، پێکەوە ژیان و گەشەکردنی دیموکراسی بێ لە ناوچەکەدا. هەربۆیەش بە باوەڕی من زەمینە زۆر ئامادەیە کە کورد لانی کەم لە دوو بەشی باشور و ڕۆژئاوادا بە مافی دیاریکردنی چارەنوسی خۆی بگا. جا ئەوە کورد بۆخۆیەتی کە چەندە بە لێبڕاویەوە هەنگاو دەنێ و بێ ترس دێتە مەیدان و لەو دەرفەتە زێڕینە کەڵک وەردەگرێ. ئەوەی جێگای داخە ئەوەیە کە کورد بۆخۆی یەکگرتوو نییە و نرخی خۆشی نازانێ. جێگای داخی زۆرتریش ئەوەیە کە نەوەیەک لەکورد پێگەیووە و هاتووەتە نێو مەیدانی سیاسیەوە کە سیاسەت زۆرتر وەک بازرگانی بۆ خۆشگوزەرانی چاو لێدەکا تا ئامرازێک بۆ بەدەستهێنانی مافی نەتەوەیی. سەیرەکە لەوە دایە کە هەرچەند زەمینە بۆ بەدەستهێانی مافی نەتەوەیی لەبارتر دەبێ، سیاسیە کوردەکان زۆرتر لە ویستی نەتەوەیی دوور دەکەونەوە. ئێستا هەل و مەرجێک هاتووەتە پێشێ کە دەبوو حیزب و ڕێکخراوە کوردیەکان و کەسایەتیە سیاسیەکانی بە کەمتر لە مافی دیاریکردنی چارەنوس ڕازی نەبن و لە نێو خەڵکی کوردستان دا کار بکەن بۆ بە جەماوەری کردنی دروشمی سەربەخۆیی، کەچی بە پێچەوانەوە ئاستی داخوازیەکان لە لایەن هێندێک حیزب و کەسایەتی سیاسیەوە تا ڕاددەیەک دابەزیووە کە وێناچێ ئامانج مافی دیاریکردنی چارەنوسی نەتەوەیی بێ.

## ٢- باکوور و ڕۆژئاوایی کوردستان؟

ئەوەندەی پەیوەندی بە ڕۆژئاوای کوردستانەوە هەبێ، هەنگاوێکی زۆر خێرای ناوە بەرەو دروستکردنی هێزی نەتەوەیی و ئازایەتی خۆی لە مەیدانی شەڕ دا سەلماندوە. لە تاقیکردنەوەی ڕۆژئاوا دا خاڵی بەهێز زۆرن کە دەکرێ تەنانەت لە بەشەکانی دیکەی کوردستانیش دا کەڵکیان لێ وەربگیرێ. بۆ وێنە ڕۆڵی ژنان لە مەیدانی سیاسەت و بەرگری دا، سەنگەر چۆڵ نەکردن و نواندنی قارەمانەتیەکی بێ وێنە لە شەڕی نێوشار دا وەک لە کۆبانێ ڕووی دا و نەزم و دیسیپلینێک کە بە ماوەیەکی کورت توانی بە دەستی بێنێ و خۆی لە ڕێکخراوێکی سیاسی دا ڕێکخا. جگە لەوەش ڕێکخستنی ئیداری بەرفرەوان و وەدەستگرتنی کارو باری بەڕیوەبەری لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی دا و وەڕێخستنی سیستمی خوێندن، تەنانەت بە زمانی کوردیش. هەر وەها جم و جوڵێکی دیپلۆماسی باش کە تێیدا بە باشی لە توانا سەربازیەکان کەڵک وەرگیراو هاوپەیمانی لەگەڵ گەورەترین زلهێزی جیهان کە ئەمریکا بێ بەسترا. لە گەڵ ئەوانەش بەداخەوە هێندیک خاڵی نەرێنی لە شێوەی هەڵس و کەوت لەگەڵ جیابیران و حیزب و ڕێکخراوی دیکە دا بەرچاو دەکەوێ. بەداخەوە تا ئێستاش مەجال بە حیزب و ڕێکخراوە جیا بیرەکان نەدراوە لە دروستکردن و بەڕیوەبردنی دامەزراوە مەدەنی، ئیداری و سەربازیەکان دا بەشداری بکەن و تەنانەت ڕێگریشیان لێ کراوە. هەوڵ نەدراوە بۆ دروستکردنی یەکیەتی لە نێو ڕیزەکانی جوڵانەوەی خەڵکی ڕۆژئاوای



سەرچاوە Serchawe

كوردستان دا. سەرەڕای ئەوەش ئەو بەشە لە كوردستان ئیستاش كاتی لەبەر دەست دایە و دەرفەتی ئەوەی بۆ ڕەخساوە كە زەمینەیەكی باش بۆ بەدەستهێنانی و ئیدارەكردنی مافی دیاریكردنی چارەنوس پێک بێنێ. لە باكوری كوردستانیش سەرەڕای ئەوەی كە هەل و مەرجی دوای سەرهەڵدانەوەی شەڕ و لە باربرانی وت و وێژەكانی ئاشتی بە قۆناغێكی دژواردا تێپەڕ دەكا، بەڵام كورد ئامڕازی خەبات و تێكۆشانی زۆر كاریگەری بەدەستەوەیە. لەگەڵ ئەوەش كە هەل و مەرجەكە دژوارتر بووە لە دوو ساڵ لەمەوبەر بەڵام چالاكی كوردەكان بەردەوامە و هەم خەباتی شاخ بە گوڕ و تینەوە درێژەی هەیە. زیندان، شەقام، گوندەكان، شاخەكان و دەرەوەی وڵات هەموویان گۆڕەپانی خەباتن و گومان لەوەدا نییە كە ئەو خەباتە فرەڕەهەندە ڕۆژێک لە ڕۆژان بە ئەنجامی خۆی دەگات و باكووری كوردستان سەروەری خۆی بەدەست دێنێ. دیارە پێویستە كە ئیشارەیەكیش بەوە بكەین، كە بەستراوەیی وڵاتی توركیە بە دنیای ئازادەوە، تا ڕادەیەک پێشگری لەوە كردوە كە دەوڵەتی توركیە بە گشتی و ئیدارەی ئەردۆغان بە تایبەتی بتوانن بە كەیفی خۆیان ئەسپی سەركوت تاودەن.

## ٣- باشووری كوردستان و ریفراندۆم و پرسی سەربەخۆیی؟

لە باشووری كوردستان سەرەڕای گرفتی ئابووری، شەڕی داعش، ناكۆكیەكان لەگەڵ بەغدا و گەندەڵی ئیداری، بەخۆشیەوە زۆر هەنگاوی گەورەش هاویژراوە بۆ دانانی بناغەكانی دەوڵەتی كوردی. ئێستا كوردستان بۆخۆی نەوت دەردێنێ و لولەی هەناردەكردنی گەیاندوەتە بەندەری جیهان. خاوەنی هێزێكی نیزامی ڕێک و پێكە و هەرچەند دوو فەرماندەیی لەسەرە، بەڵام هەردووک هێزەكە تابعی یەک وەزارەتە و هەردووک هێزەكەش خاوەنی كادری نیزامی پیویست، چەک و چۆڵی باش و ناوەندی پەروەردەیی باشە. جگە لەوەش ئەو هێزە كە پێكهاتووە لە هێزی پێشمەرگە، لەباری ئیدەئۆلۆژیەوە نەتەوەییە و ئامادەیە بە گیان سنورەكانی كوردستان بپارێزێ، چونكە هەر بە خوێنی خۆشی نیزیک بە تەواوی ناوچە كانی باشوری كوردستانی ئازاد كردوە و دەی پارێزێ. پێشمەرگە سەرەڕای ناكۆكیە سیاسیەكان وەک پۆڵا لە سەنگەرەكانی بەرگری لە كوردستان دا ڕاوەستاوە. جگە لەوەش پێشمەركە وەک هیزێكی پارێزەری ئاشتی، پێكەوە ژیان و مرۆڤدۆست لە جیهان دا ناسراوە و لە شەڕی دژە تیرۆڕ دا پلەی یەكەمی قارەمانیەتی بەدەست هێناوە. ئێستا لە لایەن زووربەی وڵاتانی جیهانەوە ناسراوە و یارمەتی دەكرێ. لە باشووری كوردستان دا حكومەتی خۆجێیی ماوەیەكی دوور و درێژە دامەزراوە و خاوەنی كابینەی خۆی و پارلەمانە و ئەزمونی بەڕێوەبەریی بەدەست هێناوە. هەروەها كونسولگەری زۆربەی وڵاتە گرنگەكانی جیهان لە هەولێری پایتەخت دامەزراون و ڕاستەوخۆ دەگەڵ حكومەتی هەرێم كاری دیپلۆماسی دەكەن و قەراردادی درێژ خایەنی ئابووری لە گەڵ دەبەستن. بە پۆل لاوانی كورد دەنێردرێنە دەرەوە بۆ بەرنامەی توانا سازی و لە كوردستانیش دەیان زانكۆ داندراون كە پسپۆڕەكانی وڵاتانی دەرەوە و كوردستانی خەریكن بناغەی سیستمێكی زانیاری باش دادەمەزرێنن. جگەلەوە حكومەتی هەرێم هەر ئێستا وەک دەوڵەتێک لە گەڵ دنیای دەرەوە پەیوەندی هەیە. سەرۆک، سەرۆک وەزیرانی و

وەزیرەکانی و ئەندام پارلەمانەکانی لە دنیای دەرەوە دا بە ڕەسمی وەردەگیرێن و بانگ دەکرێن بۆ کۆنفرانس و کۆنگرە نێو نەتەوەییەکان. لە ڕاستی دا دەوڵەتی کوردی لەو بەشەی کوردستان دا تەنیا ڕاگەیاندنەکەی ماوە، دەنا دروست بووە.

دیارە ڕیفراندۆمیش کە بەڕیوە بچێ و کوردستانیان بە هەموو جیاوازیەکانی نەتەوەیی، دینی و مەزهەبییەوە بەشداری تیدا بکەن و بەڵێی بۆ بلێن، ئیدی مانداتی نیشتمانیش وەردەگرێ و وەڵاتان بەهانەیەکیان نامێنێ کە قەبوڵی نەکەن. بە باوەڕی من کوردستانیان لەو بەشە دا بە هیچ شێوەیەک و لە ژێر هیچ فشارێک دا نابێ پاشەکشە لە ڕیفراندۆم بکەن و پێویستە لە وەختی دیاریکراو دا بەڕێوەی بەرن. باشووری کوردستان ئەو دەرفەتەی لەبەر دەمە و نابێ لە قیس خۆی بدا. ئەوانەی بە بەهانەی جۆراوجۆر موخالیفی بەڕێوەچونی ڕیفراندۆمن، یا هیچ لە هەل و مەرجەکە حاڵی نین، یا بە ڕاستی دژی سەربەخۆیی و مافی دیاریکردنی چارەنوسن بۆ ئەو گەلە کە سەدان هەزار قوربانی بۆ ئەو مافە داوە. ئەگەر ڕیفراندۆم دوا بخرێ خەتەری ئەوە هەیە کە دوژمنانی کورد لەو هەلە کەڵک وەرگرن دەیان پیلانی ئەوتۆ ڕێکخەن کە هیچکاتێک دەرفەتی ڕیفراندۆم پێک نەیەتەوە. جگە لەوەش ئەگەر شەڕی داعش تەواو بێ و حکومەتی عێراق بەهێز بێتەوە، هیچ دوور نییە جارێکی دیکە هێرش بکاتەوە سەر کوردستان و ئەوەندەی هەشە لە بەینی بەرێ و دیسان کوردستان ببێتەوە زیندانێکی گەورە بۆ کورد. کاراکردنەوەی پەڕلەمان و دەنگدانی بە ریفراندۆمی سەربەخۆیی، ئاسۆی داهاتوی باشووری کوردستانی ڕووناکتر کردوە و دەبێ هیوا بخوازین کە لە کۆتایی بزووتنەوەی گۆڕانیش بێتە پاڵ پرۆژەکەو بەشداری بکا لە کاراتر کردنەوەی پارلەمان و تێپەڕکردنی پرۆسەی سەربەخۆیی.

* وەک کەسایەتی سیاسی بە ئەزموون و دێرینی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دید و بۆچوون و هەڵسەنگاندنت لەسەر ئەم خالانەی خوارەوە چییە:

## ١- شۆڕشی گەلانی ئێران و کورد

شۆڕشی گەلانی ئێران تەنیا تا قۆناغی ڕووخانی ڕژیمی پاشایەتی دەکرێ بلێین شۆڕش بوو و هی گەلانی ئێرانیش بوو. هەر زۆر زوو لە لایەن ئاخوندەکانەوە بە ڕێبەرایەتی خومەینی دەستی بەسەر دا گیراو بە لارێ دا براو کرا بە ئامرازی دامەزراندنی ڕژیمێک کە خەڵک خۆزگە بۆ زەمانی شا بخوازن، بە هەموو خراپەو جینایەتەکانیشیەوە. کوردیش هەرچەند یەکێک لە هیزە سەرەکیەکانی شۆڕشی دژی ڕژیمی پاشایەتی بوو، بەڵام ئەوەی پێی بڕا ماڵوێرانی و قوربانی دانی زۆرتر بوو. دیارە کورد یەک شانازی گەورەی میژوویی بەدەستهێنا، بەهۆی ئەوەی کە هەر لەسەرەتاوە دژی دامەزراندنی دەوڵەتێکی مەزهەبی کۆنەپەرست بوو و دەکرێ بلێین تەنیا نەتەوە بوو لە ئێران دا کە دەنگی بە دامەزراندنی ئەو سیستمە دژی گەلیە

نەدا.

بەدوای سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران بەسەر ڕژێمی دیکتاتۆر و کۆنە پەرستی پاشایەتی دا کورد زۆر ئازایانە هاتە گۆڕەپانی خەبات و لە ماوەیەکی کورد دا بەشێکی بەرفرەوان لە خاکی ڕۆژهەلاتی کوردستانی ئازاد کرد. ئەوەی جێگای ڕەخنەیە لە حیزب و ڕێکخراوەکانی ڕۆژهەلاتی کوردستان بە گشتی و حیزبی دێموکراتی کوردستان بەتایبەتی، ئەوەیە کە لە ماوەی نیزیک بە شەش ساڵدا کە زووربەی ناوچەکانی کوردستانیان بە دەسەتەوە بوو بناغەی حکومەتێکی خۆجێی و نەتەوەییان دانەمەزراند و هەوڵیان نەدا بۆ دامەزراوەی، فەرهەنگی، ئیداری، ئابوری و کۆمەڵایەتی لە کوردستان. ئەوەی کرا تەنیا کردنەوەی چەند قوتابخانەی سەرەتایی و هەلبژاردنی شوڕاکانی شار و دێ بوو ، کە ئەویش ڕەقابەتێکی زۆر ناسالمی حیزبی تێدا بوو.

## ٢- نەتەوە بندەستەکانی دیکەی ئێران و کورد

نەتەوە بندەستەکانی ئێران بە داخەوە هەمویان لە یەک ئاستی گەشەکردنی بیری نەتەوەیی دانین. گەورەترین نەتەوەی بندەستی ئێران کە ئازەریەکان بێ، زۆرتر گرنگی دەدا بە باری ئابووری و مەزهەبی هەتا مەسەلەی نەتەوەیی. ئازریەکان چ لە ڕژێمی پاشایەتی دا و چ لە ڕژێمی کۆماری ئیسلامی دا زۆرتر هەوڵیان داوە خۆیان لەگەڵ دەسەلاتی ناوەندی بگونجینن، تێیدا بەشداربن و ئیمتیازی سیاسی و ئابووری بەدەست بێنن. تەنانەت لە چوارچێوەی ئەو بەشە دەسەلاتەش دا کە بەدەستیان هێناوە خۆیان بە مەسەلە نەتەوەیی، فەرهەنگی و کولتوریەکانی خۆیانەوە ماندوو نەکردووە زۆرتر بە دەسەلات و ئابوریەوە نوساون. ئەوە بەداخەوە یەکێک لە گرفتەکانی نەتەوە بندەستەکانە لە ئێران. بلوچەکان تا ڕاددەیەک دەنگی ناڕەزایەتیان دەربڕیووە، کە ئەویش بەداخەوە زۆرتر هێژەمۆنی مەزهەبی بەسەردا زاڵە تا نەتەوەیی. عەرەبەکان لەو ساڵانەی دوایی دا دەنگیان هەڵبڕیووە کە ئەویش جارێ زۆر جەماوەری نەبووە و لە چوارچێوەی ڕووناکبیران دا ماوەتەوە. تورکمەنەکان کە هیچ دەنگیان نایەو تا ئێستا جوڵانەوەیەکی جیددی تێدا بەدی ناکرێ. تەنیا نەتەوەی کوردە کە بە گەشەی نەتەوایەتی گەیشتووەو لە پێناوی بەدەستهێنانی مافی نەتەوەیی دا قوربانیەکی زۆری داوە. بەڵام بەداخەوە لەو مەیدانەدا بە تەنیا ماوەتەوە. ئەگەر هەموو نەتەوە بندەستەکانی ئێران بە ڕاددەی کوردەکان لە مەیدان بان، گومانم لەوەدە دا نییە کە ئێران لە مێژ بوو حکومەتێکی فیدراڵی پێشکەوتوی ئەوتۆی لێ دادەمەزرا کە دەکرا وەک ئولگو بۆ وڵاتە فرەنەتەوەکانی دیکەی دنیا چاوی لێ کرابایە.

### ٣- وەزعی ئێستای ئێران بە گشتی داهاتووی کۆماری ئیسلامی ئێران ؟

ئەگەر بمان هەوێ ئەم پرسیارە بە تێر و تەسەلی وەڵام بدەینەوە، پێویستە لە کتێبێکی چەند بەرگی دا هەڵسەنگاندنێکی دوور و درێژ بکەین. بەڵام زۆر بەکورتی دەتوانم بڵێم کە ئێرانی ئێستا لە ژێر تەوژمی دوو هێزی سەرەکی دا بە دایم ئێسقانەکانی تێک دەخرمێن و سەرەڕای ئەوەی کە ئیمکاناتێکی مرۆیی و ئابوری زۆر گەورەی هەیە، لە کاروانی گەشەکردن و پێشکەوتن بەجێ دەمێنێ. هێزی یەکەم حکومەتی کۆماری ئیسلامیە کە هەرچەند نەیتوانیوە بەو جۆرەی کە دەیهەوێ گەلانی ئێران بخاتە ژێر هێژەمۆنی بۆچوونی خۆیەوە، بەڵام چەندین دام و دەزگای سەرکوتکەری دامەزراندوە کە ڕۆژانە لە هەوڵی ئەوەدان کە نەیەڵن جامی کۆمەڵانی خەڵکی ئێران لەسەریەوە بڕژێ و دام و دەزگا ئەهریمەنیەکەی تێکەوە پێچێ. جگە لەوە ڕژیم چەندین دامەزراوە و بنیاتی لشکری و جاسوسی و میلیشیایی لە وڵاتانی دەورو بەری دەمەزراندوەو هەر لە عێراقەوە تا یەمەن بە شێوەیەکی ئاشکرا دەستتێوەردان دەکا، یا شەڕی نیابەتی وەڕێ دەخا هەر بۆ ئەوەی ژیلەمۆی ڕق و توڕەیی کۆمەڵانی خەڵکی خۆی نەگەشێتەوە و نائارامی نەگاتە دەروازەکانی خۆی. بۆ ئەوەش بە شێوەیەکی زۆر دەستبڵاو ئیمکاناتی ماددی و هێزی ئینسانی ئێران لە وڵاتەکانی دەور و بەردا بە فێڕۆ دەدا. هێزی دووەم کۆمەڵانی خەڵکی ئێران و چینی ماماوەندی و ڕووناکبیریی ئێرانە کە هەرچەند ستراتیژیەکی یەکگرتوو نەخشە ڕێگایەکی چارەنووس سازی نییە، بەڵام ڕۆژانە بە شێوەی جۆراوجۆر لەگەڵ دام و دەزگای ئەهریمەنی کۆماری ئیسلامی دەرگیرە. گرفتی هێزەکانی دژبەری کۆماری ئیسلامی ئەوەیە کە یەکگرتوو نین، بەرنامەی درێژ خایەن و لێبڕاو و یەکلا کەرەوەیان نییە. زۆرجار بە ئاڵ و گۆڕی زۆر بچوک دڵخۆش دەکەن و بەشێکی بەرچاویان ساویلکانە پێیان وایە دەکرێ لە ڕێگای ڕیفۆرمەوە کۆماری ئیسلامی بگۆڕی. ئەو بۆچوونە زۆرجار هێز و پتانسێلی کۆمەڵانی خەڵک بە خۆڕایی مەسرەف دەکا و کاتێک هیچ بەرهەمێکی لێ ناکەوێتەوە دەبێتە هۆی نائومێدی و دڵساردی خەڵک و ڕژیم لەو وەزعە کەڵکی زۆر وەردەگرێ. دیارە بەشێکیش لەو بە ناو ئۆپۆزیسیۆنە هیچ کاریکی نییە جگە لە درێژکردنەوەی تەمەنی کۆماری ئیسلامی، ئەوە لە باری سیاسیەوە. لە باری کۆمەڵایەتی، فەرهەنگی ئابوریشەوە کە وەزعێکی زۆر شپرزەی هەیە. هەر ئەوەندە بەسە کە ئیشارە بە وە بکەین کە زۆرترین ژمارەی گیرۆدە بە ماددەی هۆشبەری هەیە لە دنیادا، فەحشا تەنانەت بە ناوی مەزهەبەوە دەکرێ و گەیوەتە سیننی ژێر ١٦ساڵ، ڕاددەی بێکاری لە ٣٠٪ زیاترە کە ڕیکۆرد شکێنە لە دنیا دا و تەنانەت لە نێو لاوانی دەرسخوێندوو و پسپۆڕیش دا لە سەروی ٢٠٪ ە وەیە، زۆرترین ژمارەی پەنابەر و موهاجیری هەیە بۆ دەرەوە، دزی و گەندەڵی هەتا ژێر بەرماڵەکەی ڕێبەر چووە و لە ژمارەی میلیاردی کەمتر هەر بە دزیش حیساب ناکرێ.

## ٤- ئیدارەی سیاسیی ئێران لە داهاتوو ؟

ئەو چوارچێوە سیاسیەی کە پێی دەگوترێ ئێران، نیزیکەی ١٠٠ ساڵ دەبێ کاری بۆ دەکرێ کە ببێتە دەولەت –نەتەوە هەر بەناوی ئێران. ئەوە لە کاتێک دایە کە پێکهاتەی ئێران یەک نەتەوە نییە و نەتەوەیەکیش بە ناوی ئێرانی بوونی نییە. ئەو پرۆسەیە کە تا ئێستا بە درێژایی هەموو ئەو ساڵانە سەرمایەی ئینسانی و ماددی گەلانی نێو ئێرانی بە فێرۆ داوە، سەرکەوتوو نەبووە. چونکە نەیتوانیوە گەلانی ژێردەستەی ئیران بتوێنێتەوەو لە هەویرەکەیان و نەتەوەی بالادەست، نەتەوەیەک دروست بکا بە ناوی ئێرانی. لە ڕاستی دا ئەو پرۆژەیە کەلێنی گەورەتریشی خستووەتە ناو گەلانی ئێران بە جۆرێک کە بەشێکی زۆر لە دانیشتوانی ئێران هیچ هەستێکیان نیسبەت بە ئێرانی بوون نییە. کەوابوو داهاتووی ئێران لە دوو سەناریۆ زیاتر هەڵناگرێ. یەکەم ئەوەی کە نەتەوەی فەرمانڕەوا دان بە فرەنەتەوەبوونی ئێران دا بنێ و بە هەموو نەتەوەکان ئێرانێکی فیدراڵی دێموکراتیک دابمەزرێنن کە لە سەر بناغەی پێکهاتە نەتەوەییەکان و جوغرافیاکەیان بە شێوەیەکی شەراکەتی کە هەموو نەتەوەکان تێیدا شەریک و یەکسان بن لە ناوەند و لە ناوچە نەتەوەییەکانی خۆشیان دا سەربەخۆ بن. دووەم ئەوەی کە ئێرانێک بە شکڵ و قەوارەی ئێستا نامێنێ و بە هەر ماوەیەک بەشێکی لێ دەبێتەوە. حاڵەتیکیش ئەوەیە کە هەروەک خۆی بمێنێتەوە و هەتا بێ زۆرتر لە زەلکاوی قەیران و دووبەرەکی نێوخۆیی ڕۆ بچێ، کە ئەوە سەناریۆی داهاتوو نییە، بەڵکوو بێ داهاتویە و ڕۆژێک لە ڕۆژان هەر کۆتایی دێ.

## ٥- دروشمی روخانی ریژیم

دروشمی رووخان خودی ڕژیم لە مستی ئۆپۆزیسیۆنی ناوە. ڕژیم هیچ ڕێگایەکی دیکەی نەهێشتوەتەوە بۆ ئەوانەی کە دژی سیاسەتەکانی بن. دروشمی رووخان کاتێک دەکرێ وەلا بنرێ کە دەسەلات ئامادەبێ بۆ چارەسەری گرفتەکان ووت و وێژ بکا. باشە ئەگەر دەسەڵات سیاسەتی ئەوە بێ کە هەرچی غەیری خۆیەتی لەناوی بەرێ و تەنانەت ڕوحم بە خودیەکانی ڕەخنەگریش نەکا، چ ڕێگایەک بۆ ئۆپۆزیسیۆن دەمینێتەوە؟ دیارە وەختێک دێینە سەر مەسەلەی کوردستان و بە گشتی مەسەلەی نەتەوە بندەدستەکان مەسەلەکە تەنیا بە رووخانی ڕژیم کۆتایی نایە. یا باشترە بڵێم ئامانجی ئێمە تەنیا ئەوە نییە کە لە ناوەندی ئێران دەسەلات بگۆڕین. تەنانەت ئەگەر لە ناوەند ڕژیمیک بێتە سەرکار کە زۆر دێموکڕات و خەڵکیتریش بێ لە کۆماری ئیسلامی بەلام فرەنەتەوە بوونی ئێران قەبوڵ نەکا و لە بواری مافی نەتەوەییەوە هەر قاوانە کۆنەکە لێ بداتەوە بە حاڵی ئێمە هیچ فەرق ناکا. بۆیە ئێمە دەبێ تواناکانی خۆمان زۆرتر تەرخان بکەین بۆ ڕێکخستنی نیومالی خۆمان، بەهێزکردنی خۆمان لە هەموو بوارەکانی سیاسی، پێشمەرگایەتی و دیپلۆماسیەوە و هەوڵ بدەین

خەباتەکەمان لە ڕۆژهەتی کوردستان بە جەماوەری بکەین و لە راستی دا بە هەموو پانتایی کوردستان نەتەوەسازی بکەین. ئەگەر هێزبین هەر ڕژیمێک لە تاران لەسەر کار بێ مەجبورە حیسابمان بۆ بکا، ئەگەر ئاوا پرش و بڵاو و بێ هێزیش بین، دیموکڕاتترین ڕژیمیش بێتە سەرکار وەک نەتەوە حیسابمان بۆ ناکا.

## ٦- بەرەی کوردستانی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان

بەرەی کوردستانی لە ڕۆژهەڵات زۆر پێویستە و هەمووانیش ئەوە دەزانن. هیچ حیزبێکیش ناڵێ دژی پێکهێنانی بەرەم. بەڵام ئەوە بەس نییە بۆ پێکهێنانی بەرە. دەبێ حیزبەکان کار بکەن بۆ لابردنی ئەو کۆسپانەی کە لەسەر ڕێگای دروستکردنی بەرەن. کەدیارە هەر بۆخۆیان ئەو کۆسپانەیان دروست کردوە. لە جیاتی ئەوەی دروشمی زەرقی و بەرقی بدەن کە گۆیا لایەنگری بەرەن و گەلاڵە و پرۆژان پێشکەش بکەن بۆ پێکهێنانی بەرەو کۆبونەوەی بێ ئەنجام پێک بێنن، با بێن لە خۆیانەوە دەست پێ بکەن و ئەو سیاسەتانە بگۆڕن کە دەبنە کۆسپ لە بەردەم پێکهێنانی بەرە. بۆ وێنە ئەتۆ ناتوانی ئیددیعا بکەی کە لایەنگری پێکهێنانی بەرەی، بەڵام ئینکاری بوونی حیزبێک بکەی کە ئەگەر لە خۆت بە هێزتر و بە نفوز تر نەبێ لە نێو کۆمەڵانی خەڵکی ڕۆژهەڵات دا، لانی کەم وەک تۆ بێتەوە. ناکرێ موافیقی پێکهێنانی بەرەبی بەڵام پێتوابێ کە هەموو حیزبەکان دەبێ وەک تۆ بیر بکەنەوەو وەک تۆ سیاسەت بکەن. ناکرێ لە لایەک بەرەت بوێ و لە لایەکی دیکەوە پاوانخواز بی. کەوابوو ڕێگای پێکهێنانی بەرە ئەوەیە کە لە پێش حیزبەکان خۆیان بگۆڕن و ئەو حیزبانەی ناکۆکیان لە نێودایە جا بەهەر هۆیەکەوە بوبێ، یەک بە یەک ئەو ناکۆکیانە وەلا نێن و یەکتر قەبوڵ بکەن. پاشان بەدوای خاڵی هاوبەش دا بگەڕێن بۆ ڕێککەوتن، نەک خاڵی لێک جیاواز بکەنە بەهانە بۆ دوور کەوتنەوە لە یەکتر. ئەوکات ئامادە بن کە شەریکایەتی بکەن لە گەڵ یەکتر و پێکەوە چەرخی خەبات لە ڕۆژهەڵات بسوڕێنن و لەسەریەکتر موزایەدەی سیاسی نەکەن و هەموو شتێکیان بۆ حیزبی خۆیان نەوێ، بەڵکوو قازانجی ڕۆژهەڵات بخەنە سەروی قازانجی حیزبی و گروهی خۆیان. بەداخەوە لە حاڵی حازردا ئەوە لە حیزبەکان بەدی ناکرێ. تەنانەت لە نێو تەشکیلاتی حیزبەکان خۆشیان دا یەکگرتوویی تەواو نییە و ئێلیتە و دەستەی جیاواز هەیە. ئەگەر زۆر پراکتیکی باسی بکەم، بۆ پێکهێنانی بەرە پیویستە لە پێش دا دێموکڕاتەکان و کۆمەڵەکان لە نێو خۆیان دا ناکۆکی و دووبەرەکی وەلانێن و یا یەکبگرنەوە و ببنەوە یەک حیزب، یا یەکتر قەبووڵ کەن. پاشان ئەو دوو بنەماڵە حیزبە کە تا ئیستاشی لەگەڵ بێ لە ڕۆژهەڵات پایەگایان هەیە، لەسەر پرۆژەیەکی نەتەوەیی ڕێک کەون. دوایی حیزبەکانی دیکەش بخوێننەوە و بیانکەنە شەریک و هاوبەش، ئەوکاتە بەرەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دروست دەبێ.

## ٧- پێشمەرگە و خەباتی چەکداری لە رۆژهەڵاتی کوردستان

پێشمەرگە سەرەکیترین و پێویستترین بەشی خەباتی نەتەوەییە. ئەوە تەنیا پەیوەندی بە خەباتی چەکداریەوە نییە. ئەگەر داگیرکەرانی کوردستان دوو دەستیش کوردستانت تەحویل دەن، یا بە خەباتی سەرشەقام کوردستان ئازادیش بکرێ، یا لە ئەنجامی ئاڵ و گۆڕێک دا هەموو هێزە سەرکوتکەرەکان لە کوردستان وەدەرکەون، یا حکومەتێکی دێموکرات لە ناوەند بێتە سەرکار و کورد بە هەموو مافەکانیشی بگا، پێشمەرگە هەر پیوستە و بەبێ بوونی پێشمەرگە و هێزی نیزامی بەهێز نە دەتوانی مافەکانت بەدەست بینی و نە دەتوانی بیانپاریزی. خەباتی چەکداری ئەگەر مەبەست ئەوەبێ کە بە هێزی چەک کوردستان رزگار بکەی، رەنگە زۆر لەگەڵ ئەم سەردەمە نەگونجێ. ئەوەی کوردیش لە جولانەوەکانی دا کوردویەتی زۆرتر بەکار هێنانی پێشمەرگە بووە بۆ بەرگری لە بەرامبەر هێزی دوژمن داو پاراستنی خۆی. کورد داوای مافەکانی خۆی کردوە بە شێوەیەکی ئاشتیخوازانە، بەلام داگیرکەرانی کوردستان لە جیاتی وەلامدانەوە بە ویستە ڕەواکانی، هێرشیان کردوەتە سەر و کوشتاری بەکۆمەڵیان لێ کردوە و ڕێبەرانیان تیرۆر کردوە. لە بەرامبەر ئەو هێرشە ناڕەوایانەدا بووە کە کورد دەستی بۆ چەک بردوە و بەرگری لە نیشتمان و لەخۆی کردوە. بۆیە لە خەباتی گەلی کورد دا نەبوونی پێشمەرگە بە واتای تەسلیم و لە ناو چوونە.

## ٨- بایکۆتی هەڵبژاردنەکان لە ئێران؟

بایکۆتی هەڵبژاردنەکان ئەگەر ببێتە نەریتێکی نەگۆڕ و هەموو جارێ تاریخی هەمان بەیانیەی بایکۆت بگۆڕدرێ و دیسان هەمان هەڵوێست دووبارە بکریتەوە بەبێ لێکدانەوەی تازە بۆ هەڵبژاردن شتێکی خراپە و هیچ شوێنکارێکیشی نابێ. هەڵبژاردنەکان پیویستە لە کات و کەش و هەوای خۆیان دا هەڵسەنگێنرێن و بە پێی گرنگی و دەخالەتی خەڵک تێیان دا هەڵوێستیان لەسەر بگیرێ. بۆ وێنە هەڵبژاردنی سەرۆککۆمار لەگەڵ هەڵبژاردنی مەجلیس و شوراکان جیاوازی هەیە. هەروەک هەڵبژاردنی مەجلیسیش لەگەڵ هەلبژاردنی شوراکان جیاوازی زۆرە. هەم بایکۆتی رۆتینی خراپە و هەم بەشداریکردن یا بایکۆت نەکردنی رۆتینی خراپە. بە باوەڕی من هەموو جارێ پێش هەڵبژاردن پێویستە زانیاری باش لە نێوخۆی ولات کۆبکرێتەوە، لە گەڵ چالاکانی نێوخۆ پەیوەندی بگیرێ، هەڵوێست و دروشمەکانی کاندیدەکان هەڵسەنگێنرێن و ئەگەر دەرفەتێک بۆ بە چالش کێشانی رژیم لە هەڵبژاردن دا هەبێ کەڵکی لێ وەربگیرێ، ئەگەر دەرفەتێک بۆ باسکردنی مەسەلەی کورد هەبێ بەکار بهێنرێ و ئەگەر ئیمکانی گەورە کردنەوەی درزی دوو بەرەکی لە نێو رژیم دا هەبێ کاری بۆ بکرێ و هەڵسەنگاندنی باش بکرێ و زیان و قازانجی بایکۆت کردن، یا نەکردن لێک بدرێتەوە جا بڕیار بدرێ، بە

بایکۆت کردن، یا نەکردن. دیارە بایکۆت نەکردنیش بۆ حیزبە ئۆپۆزیسیۆنەکانی دەرەوەی وڵات بە مانای بەشداریکردن نییە. چونکە لە هەر حاڵ دا ئەو حیزبانە ڕێگایان پێنادرێ و بۆیان ناکرێ بەشداری بکەن. بەڵام ئەگەر دەرفەت بۆ خەڵکی نێوخۆ هەبێ کە لە هەڵبژاردن دا شتێک بەدەست بێنن، بۆ وێنە پاشەکشەیەکی ڕژیم و کرانەوەیەک، یا هێنانە بەرباسی مەسەلەی نەتەوەیی خۆیان، دەبێ خەڵک سەر پشک بکرێ کە ئەو دەرفەتە بەکار بێنن، یا ڕەتی بکەنەوە. بەکورتی سیاسەت نابێ لە بەرامبەر ئەو بە ناو هەڵبژاردنانەی لە ئێران دەکرێن، نەگۆڕ بێ.

### ٩- وتوویژ و دانوستاندن؟

ڕێگای چارەسەری هەر کێشەیەک لە بەینی دوو لایەن دا تەنیا وتوو وێژە. دیارە بەومەرجە کە وتوویژێکی ڕاستی بە نیەتی چارەسەرکردنی کێشەکە لە ئارادابێ. کێشەی زۆر گەورەش بێگۆمان هەر لە نێو دوو لایەنی نەیاری یەکتر دا دەبێ و هەر دەبێ لەگەڵ نەیار دابنیشی و کێشەکانت چارەسەر بکەی. بەڵام دەبێ هەردووک لایەن بە نیەتی خێرەوە ئامادەیی دەربڕن بۆ وتوویژ نەک لایەنێک بۆ پیلانگێڕی و تەرحی تیرۆر کەڵک لە ڕێگای وتوویژ وەرگرێ، لایەنەکەی دیکەش وەک مەڕی قوربانی بێ ئەوەی هیچ زەمانەتێکی هەبێ و بێ ئەوەی باری ئەمنیەتی و نێو بژیوانێکی باوەڕپێکراو لە بەین دابێ، هەر بۆ ئەوەی نیشان دا لایەنگری چارەسەری ئاشتیانەیە، بڕوا و خۆی بکاتە قوربانی ئاشتی و دواتر مەزلوم نمایی پێوە بکا. تا ئێستا لە ئێران دا بەداخەوە چ لە گەڵ کورد و چ لە گەڵ هێزی دیکە هیچ وتوویژێک بە نیازی چارەسەری لە لایەن دەوڵەتی ناوەندییەوە نەکراوە. ئەگەر تەنیا چاو لە ڕەفتاری حکومەتی ناوەندی بکەین لە بەرامبەر کورد دا، چەندین نمونەی خائینانەمان لەبەر دەست دان لە هێنانە بەرباسی وتوویژ. قەدەمخێر بە بیانوی وتوویژ لە داو خراو تیرۆر کرا. سمایل ئاغای سمکۆ بۆ وتوویژ باگ کرا و دیسان تیرۆر کراو. بەڵێن وتەی نەرم و نیان بۆ پێشەوا نێردران و کاتێک دەستیان پێ ڕاگەیی لە سێدارەیان دا، دوای شەڕی سێ مانگە لە لایەن خودی خومەینیەوە داوای وتوویژ کرا، کەچی دەرکەوت کە تەنیا بۆ خۆ بەهێزکردنەوە بووەو دوایی هەر لە لایەن خودی خومەینیەوە ئیعلانی جیهاد لە دژی خەڵکی کوردستان دەرچوو و لە کۆتایی دا دوکتور قاسملو بە ناوی وتوویژ کێشرایە سەر میز و تەنانەت لە نێوجەرگەی دنیای ئازادیش دا تیرۆر کرا. ئەوانە هەموو وێنەی زۆر ترسناکن لە ڕێچکەی وتوویژەی ئێرانیەکان و ئینسان زۆر بە زەحمەت دەتوانێ باوەڕیان پێ بکا. بەڵام سەرەڕای ئەو هەموو تاقیکردنەوە ناخۆشانە، ئەگەر بەڕاستی وتوویژێک لە گۆڕێ دابێ، نابێ قەت ڕەت بکرێتەوە. بەڵام دەبێ میکانیزمی ئەمنیەتی، یەکگرتوویی حیزبە کوردیەو دەخالەتی هەمووان تێی دا و بەشداری لایەنێکی موعتەبەری سێهەم تێیدا لە بەرچاو بگیرێن.

## ١٠- خەباتی مەدەنی میکانیزم و میتۆدەکانی خەباتی مەدەنی؟

خەباتی مەدەنی لە جوڵانەوەی هەر گەلێک دا یەکێک لە کۆڵەکە بەهێزەکانی خەباتی فرەڕەهەندە. بەڵام خەباتی مەدەنی نابێ ببێتە جێگرەوەی هیچ ڕەهەندێکی دیکەی خەبات. بۆ وێنە ناکرێ خەباتی سیاسی ئەحزاب، دیپلۆماسی، خەباتی پێشمەرگایەتی یا خۆ سازدان و خەباتی جەماوەری تەعتیل بکرێ کە گۆیا خەباتی مەدەنی کاریگەرترە و ڕەهەندەکانی دیکە پێویست نین. چونکە خەباتی مەدەنی بەتەنیا ناتوانێ هەموو مافەکان بەدەست بێنێ و ئەگەر بشتوانێ هێزی ئەوەی نییە کە بیانپارێزێ. جگە لەوەش خەباتی مەدەنی میکلانیزمی تایبەت بەخۆی هەیە. حیزبێکی چەکداری قاچاغ لە وڵات ناتوانێ ببێتە پێشەنگی خەباتی مەدەنی. ئەو دەتوانێ پشتیوانی لێ بکا و هانی بدا، بەڵام نابێ هەوڵ بدا وەک خەباتی خۆی بیناسێنێ و ئەویش بخاتە نێو ئەو بازنە خەتەرەوە کە بە چوار دەوری خۆی دا کێشراوە. خەباتی مەدەنی پێویستە ڕێکبخرێ لە ڕێکخراوی سینفی، هونەری، ژینگەیی و کلتوری دا. مۆرکی سیاسی پێوە نەبێ و بە ئاوری هیچ حیزبێکی سیاسی نەسوتێ. کەسێکی سیاسی تایبەت خۆی لێ نەکا بە ساحەب و نە بە کاریزما و نە بە حیزبەوە نەبەسترێتەوە. چونکە ئامرازی سەرکەوتنی خەباتی مەدەنی ئەوەیە کە ڕژیم لە گەڵ هەموو پانتایی کۆمەڵگا تەرەف بکرێ، نەک لەگەڵ یەک حیزب، یا یەک ڕێبەر. لادان و سەرکوتی یەک حیزب، یا لە ناوبردنی یەک ڕێبەر بۆ هەر ڕژیمێکی دیکتاتۆری هاسانە، بەڵام لە گەڵ هەموو جەماوەر تەرەف بێ هیچی پێ ناکرێ. پاشان دەتوانێ بە قانونی خۆی سیاسەتێکی دیاریکراو ڕەت بکاتەوە و سەرکوتی بکا، بەڵام ناتوانێ بە هاسانی پێشی چالاکیە، سینفی، فەرهەنگی و کلتوریەکان بگرێ.

## ١١- تیرۆریزم بە گشتی و تیرۆزیزمی کۆماری ئیسلامی بە تایبەتی ڕێبەرانی کورد)؟

تیرۆریزم لە لایەن هەر ڕژیم و هەر ڕێکخراو و هەر کەسێکەوە بێ و بە هەر مەبەستێک بێ مەحکومە. یەکێک لە خاڵە بەهێزەکانی جوڵانەوەی کورد بە گشتی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە تایبەتی ئەوەیە کە هەرچەند چەندین جار بۆخۆی لە ڕاددەی زۆر سەرەوە دا وەک ڕێبەرانی بووەتە قوربانیی تیرۆری دەوڵەتی، بەڵام هەرگیز تیرۆری بە تیرۆر وەڵام نەداوەتەوە. لە سەرهەڵدانی بەربڵاوی تیرۆریزمیش دا هەر لە دروستبوینی کۆماری ئیسلامیەوە و لەو ساڵانەی دوایی دا و بەتایبەت دوای سەرهەڵدانی داعش کورد یەکێک لە قوربانیەکانی شەڕی تیرۆر بووەو لە هەمان کات دا گەورەترین و کاریگەرترین هێزی دژی تیرۆریش بووە. ئەوە شانازیەکی گەورەی؛ لە ڕاددەی نێونەتەوەیی دا بە نسیبی کورد کردوە. پێشمەرگە لە دنیادا وەک هێزێکی ئینسانپارێز و ئاشتی پارێز ناسراوە. ئەوەی گرنگە و بەداخەوە بەرەی دژی تیرۆر کەمتر ئاوڕی لێ دەداتەوە، تیرۆری دەوڵەتی و دەوڵەتەکانی هاندەر و پستیوانی تیرۆرن کە کۆماری ئیسلامی گەورەترین و

چالاکترینیانە. بەداخەوە هەر ئەوەی کە دەوڵەتێکە و لە ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتوەکان نوێنەری هەیە، چاوپۆشی زۆری لێ دەکرێ و ئەو هەموو تیرۆرە ئاشکرایانەی کە تەنانەت لە ڕاددەی نیونەتەوەییش دا کردویەتی چاوپۆشیان لێ دەکرێ. ڕەنگە لە نێو بردنی داعش و ڕیکخراوە تیرۆریستیەکانی دیکە بۆ کۆمەڵگای نێونەتوەیی لە کۆتایی دا ئیمکانی هەبێ، بەڵام بە مانەوەی ڕێژیمی تیرۆریست و تیرۆریست پەروەری وەک کۆماری ئیسلامی، سەرهەڵدانەوەی ڕێکخراوی تیرۆریستی وەک داعش لە گۆشەیەکی دیکەم ئەم دنیا یان و بەرینە بێگومان ئیمکانی هەیە. کەوابوو تیرۆر تەنیا کاتێک خاشەبڕ دەبێ کە ڕژیمەکانی پاڵ پشتی ئەویش لە دنیادا خاشە بڕ ببن.

## ١٢- هۆکاری جیابوونەوە و دابرانی هێزە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و میکانیزمی یەکگرتنەوە و تێکەڵبوونەوەیان؟

هۆکاری جیابونەوەو دابڕانەکان زۆرن. بەڵام گرنگترینیان بریتین لە قەبووڵ نەکردنی قوڵایی دێموکڕاسی و پێکەوە هەڵنەکردنی ڕێبەرانی حیزبەکان. زۆرێک لە ڕێبەرانی حیزبە کوردیەکان دێموکڕاسی تەنیا بە مافی زۆرینە دەزانن و پییان وایە بە هەر مێتۆدێک بێ ئەگەر زۆرینەی ڕێبەری حیزبەکانیان لە پشت بوو دەتوانن هەر کارێک بکەن، تەنانەت ئەگەر لە گەڵ پرێنسیپە دێموکراتیک و تەشکیلاتیەکانیش نەگونجێ. بیرلەوە ناکەنەوە کە لە ڕاستی دا دیموکراسی زۆرتر بە مانای پاراستنی مافەکانی کەمینەیە. ئەوەی زۆرینە بەدەستی دینێ تەنیا دەسەڵاتی کارگێری ڕێکخراوەکەیە و دەسەڵاتی ئەو بێسنور نییە و لە چوارچێوەی پەسندکراوە دیموکراتیکەکان دا دەبێ بجوڵێتەوە. لە لایەکی دیکەش کەمینە پێی وایە بۆ بەربەرەکانی لە گەڵ دەسەڵاتی زۆرینە، بە پێی دێموکراسی مۆڵەت پێدراوە هەرچی پێی خۆش بێ بیکا. ئەویش وانیە، دیموکڕاسی دەسەڵاتی ڕەها و مۆڵەتی ڕەها بە هیچ کەس نادا. تاکەکان پێویستە لە چوار چێوەی مافە دیاریکراوەکانیان دا کە چ بە پێی پرێنسیپی دێموکڕاسی دیارە کراوە و چ بە پێی پێڕەوێکی کە بە میکانیزمی دێموکراسی لە کۆنگرە و یان کۆنفرانسەکان دا پەسیند کراوە، دەبێ بجوڵێنەوە. گرنگ ئەوەیە کە هەردووک لا بە پێی یاسای پەسندکراو هەڵس و کەوت بکەن. یا بە واتایەکی دیکە یاسا بۆ هەمووان دەبێ سەروەر بێ. مەسەلەیەکی دیکە کە لە نێو کورد دا بەداخەوە بە شێوەیەکی بەربڵاو بەدی دەکرێ، لەگەڵ یەکتر نەحاوانەوەیە. هەموو کەس منە و زۆرتر خۆی دەبینێ. ڕووحی کاری تیمی زۆر لاوازە. خۆ هینانە بەرباس و نقورچک گرتن لە دەورو بەریانی خۆی زۆرە. کلتوری بەخشین و ڕووحی چاوپۆشی لە هاوڕێ و دۆستان بوونی نییە. کیشەکان لە جیاتی ئەوەی هەر لە حاڵەتی سەرهەڵدان دا چارەسەر بکرێن و ڕێگایان پێ نەدرێ گەشە بکەن و بتەقنەوە، فەرامۆش دەکرێن و کەڵەکە دەکرێن تا بە جۆرێک بارگاوی بە ڕق و قین دەبن کە دەتەقنەوەو ئیدی چارەسەر ناکرێن. بەڵام ئەوەی دەکرێ وەک باشترین میکانیزم چاوی لێ بکرێ، ڕەفتارێکە کە ڕاست دەبێ پێچەوانەی ئەو هەڵس و کەوتانە بێ کە باسمان کرد. پێویستە گیانی لێبوردن و بەخشین هەبێ. دەبێ ڕووحی تیمی و



سەرچاوە
Serchawe

کاری تیمی ببێتە کلتور و پیویستە وتووێژی یەکگرتنەوە بۆ خۆدەرباز کردن لە باری بەرپرسایەتی و تاوانبار کردنی بەرامبەرت نەبێ. دەبێ پرێنسیپە تەشکیلاتیەکان لە لایەن هەموانەوە قەبووڵ بکرێن و هەموان خۆیان لە خەتاکان و هەڵەکان دا بە شەریک بزانن و لایەنێک بۆ لە نێو بردنی لایەنەکەی دیکە هەوڵ نەدا. لە هەمووشی گرنگتر ئەوەیە کە هەموان یەکگرتنەوەیان بوێ و سیاسەتی پێوە نەکەن و بەڕاستیان بێ کە دەیان هەوێ یەکبگرنەوە، نەک لە بەر خاتری ئەوەی کە کۆمەڵانی خەڵک داوای دەکەن و ئەندامانی خۆیان فشار دێنن، دروشم بدەن و باوەڕیان پێ نەبێ. ئەگەر هەموو ئەوانەی کە بڕیار بەدەستن بیانهەوێ، یەکگرتنەوە هاسانە.

## ١٣- هەڵوێستی ئۆپۆزسیۆنی ئێران تاچەندە لە بەرژەوەندیی کورد دایە؟

ئۆپۆزیسیۆنی ئیران ئەگەر مەبەستت حیزب و ڕیکخراوە سەرتاسەریەکانە کە بەشی هەرەزۆری کادرەکانیان لە نەتەوەی فەرمانڕەوا، واتە فارسەکانن، بە داخەوە بە گشتی دژی مافی نەتەوەیی بۆ گەلانی ژێردەستەی ئێرانن. ئەوان هەموویان دروشمی پاراستنی یەکپارچەیی ئێرانیان هەیە و پێشیان وایە هەر دابەشکردنێکی دەسەڵات بە سەر نەتەوەکانی ئێران دا ڕۆژێک لە ڕۆژان دەبێتە هۆی دابەشبوونی ئێران و دەورانی زێڕینی پشیلەکە بەسەر دەچێ. بەداخەوە هەرچەندە کەسایەتی زۆر لێهاتوو زانایان تێدایە، بەڵام تا ئێستا ئەو ڕاستیە تێنەگەیشتون کە ئەو بۆچوونە هیچ خزمەتێک بە پاراستنی یەکپارچەیی خاکی ئێران ناکا، بەڵکوو ڕۆژ بە ڕۆژ نەتەوە بندەستەکانی ئێران زۆرتر لەو ئێرانەی ئەوان وێنای دەکەن بێزار دەکا و بەرەو ڕێگا چارەی جیابونەوە لە ئێران هانیان دەدا. مەسەلەیەکی دیکە کە تا ئێستاش پێداچونەوەیەکی لەسەر نەکراوە ئەوەیە کە سیاسەتی شۆڤێنیستی چ قازانجێک بە خودی نەتەوەی فەرمانڕەوا کە فارسەکان بن دەگەیەنێ؟ بۆ وێنە بەکوشتدانی لاوانی خۆیان لە چیاکانی کوردستان دا تەنیا بۆ ئەوەی کە کوردەکان سەرکوت بکەن و دەستیان پێ لە داواکردنی مافی ڕەوای خۆیان هەڵگرن چ قازانجێکی هەیە. ئایا پێکەوە ژیانی بە ئاشتی و بە دابینکردنی مافی هەموو گەلانی نێو ئێران و بنیاتنانی ئێرانێکی فیدراڵی لە سەر بناغەی هاوبەشیی هەمو نەتەوەکان زیاتر بە قازانجی هەموان نییە؟ ئایا ئینکارکردنی فرەنەتەوە بوونی ئێران و درێژەدان بە پاوانخوازی لە تاران بە قازانجی هیچ نەتەوەیەک هەیە لە ئێران دا. زۆر جێگای داخە کە نەتەوەی فەرمانڕەوا بە دەسەڵاتدار و ئۆپۆزیسیۆنەوە بناغەی سیاسەتی خۆی لەسەر ئەوە داناوە کە ئینکاری فرە نەتەوە بوونی ئێران بکا و سوربێ لەسەر ئەوەی کە هەموو ئێران یەک نەتەوەیە بە ناوی نەتەوەی ئێران. کە لە ڕاستی دا لە سەر ئەرزی واقیع بوونی نییە. بۆیە بەداخەوە هەڵوێستی ئۆپۆزیسیۆنیش هەر چەندە زۆر لایەنی تێدایە کە ئیددیعا دەکەن دۆستی کوردن، بەڵام لە کردەوە دا تا دەست لەو بۆچوونە بێ بنەمایە هەڵنەگرن هەرگیز هەڵوێستیان بە قازانجی کورد نابێ. ئەو دروشمە بێ بنەمایەی کە کورد لە هەر جێیەک بن ئیرانین و ئێمە بە بەشێک لە خۆمانیان دەزانین چ قازانجێکی بۆ کورد هەیە؟ ئەگەر لەخۆیانین بۆ دەبێ بە درێژایی مێژوو ئەوان حاکم و ئێمە کۆیلە

بین. بۆ دەبێ تەنانەت بە ڕێوەبردنی ناوچەکانی خۆشمان پێ ڕەوا نەبینن؟ بۆ دەبێ تەنانەت لە بەشەکانی کوردستان لە دەرەوەی ئێرانیش دژی مافی کورد بن؟ ڕاستە هێندێکیان وا نیشان دەدەن کە دۆستی کوردن، یا لە چوارچێوەی سیاسەت کردن دا دەیانهەوێ پەیوەندیان بە حیزب و ڕێکخراوە کوردیەکانەوە هەبێ، بەڵام لە ڕاستی دا ئامادەنین مافی ڕەوای نەتەوەی کورد بە ڕەسمی بناسن. تەنانەت بەشێک لە ئۆپۆزیسیۆن وەک کوڕی شا و سەڵتەنەت تەڵەبەکان کە مێژوویەکی درێژیان لە سەرکوت کردنی گەلی کورد و ئیعدامی ڕێبەران و ڕۆڵە خەباتکارەکانی کورد دا هەیە، ئێستاشی لە گەڵ بێ ئامادە نین ئەو ڕابردووەی خۆیان ڕەت بکەنەوەو داوای لێبوردن لە گەلی کوردستان بکەن.

## ١٤- سیاسەتەکانی ئێران لەناوخۆی عێراق دا چەندە لەسەر خەباتی سیاسیی حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کاریگەریی هەبووە؟

ڕژیم لە هەردووک مەیدانی عێراقی و کوردستانی دا هەوڵی داوە لە دژی خەباتگێڕانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان چالاکی بکا. لە ساڵەکانی ڕابردوو دا، بە تایبەت پێش ئەوەی کە هاوپەیمانانی ڕۆژئاوایی لە عێراق چالاک بن و بە تایبەتتر پێش ڕووخانی ڕژیمی بەعس، لە ڕاستی دا شەڕێکی تیرۆری ئاشکرا لە لایەن کۆماری ئیسلامیەوە لە دژی حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە عێراق و باشووری کوردستان بەڕیوە دەچوو. دیارە لە هەموو ئەو ماوەیەش دا و تا ئێستاشی لە گەڵ بێ، شەڕی ڕەوانی، بڵاوکردنەوەی تۆڕیکی جاسوسی بەر فرەوان، تیرۆر(وەک لە شەوی یەلدا دا لە دەفتەری سیاسی حدک) ڕووی دا و فشار هێنان بۆ هیزەکانی باشوری کوردستان تا جووڵانەوەی ڕۆژهەڵات مەحدوود بکەن، لە لایەن کۆماری ئیسلامیەوە دریژەی هەیە. کەوابوو بیگومان بەشێکی بەرچاو لە پلان و بەرنامەکانی ڕژیمی کۆماری ئیسلامی لە عێراق و باشووری کوردستان دا پەیوەندی ڕاستەو خۆی هەیە بە بوونی تیکۆشەرانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە وێ و بەو پێیەش دیارە کە سیاسەتەکانی کۆماری ئیسلامی لە ناوخۆی عێراق دا کاریگەریەکی نەرێنی گەورەی لە سەر خەباتی سیاسی حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەیە.

## چەند پرسیاری گشتی:

### ١- گۆڕینی نەخشەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و پرسی نەتەوەی کورد لە گۆڕانکاریانەدا؟

لە ناوەندە سیاسی و ئەستیتۆکانی لیکۆڵینەوەی ستراتیژی لە جیهان دا ئەم ساڵانەی دوایی زۆر باس لە گۆڕانی نەخشەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست دەکرێ. دیارە بناغەی ئەو بۆچوونانە زۆرتر لە سەر ئەوڕاستیانە دامەزراوە کە لە ناوچەکەدا بە زەقی

دەبینرین. بوونی نەتەوە، دین، مەزهەب و ڕێچکەی سیاسی جۆراوجۆر لەو ناوچەیەدا و کۆکرانەوەیان لە چەندین وڵاتی جیاواز دا نەک بە ئارەزووی خۆیان بەڵکوو بە زۆرە ملێ، لەو ڕاستیانەن کە ئەو بۆچوونە زۆرتر پشتڕاست دەکەنەوە. بێگومان کوردیش وەک گەورەترین نەتەوەی جیهان کە تا ئێستاش خاوەنی کیانی خۆی نییە و وڵاتەکەشی بەسەر چوار وڵات دا بە زۆرە ملێ دابەش کراوە، یەکێک لە گەورەترین فاکتەرەکانی گۆڕینی نەخشەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستە. جگە لە مەسەلەی کورد، زۆر مەسەلەی دیکەش هەن وەک مەسەلەی فەلەستین، نەتەوە ژێردەستەکانی دیکەی ئێران، جیاوازی قووڵی دینی و مەزهەبی و سیستمە تۆتالیتێرەکان کە بەسەر زووربەی وڵاتانی ناوچەدا زاڵن و ئامادەنین دێموکڕاسی قەبووڵ کەن، دەسەڵات لە ناو گروپە جۆراوجۆرەکان دا دابەش کەن و عەدالەت بەرقەرار کەن، هۆکاریکی گەورەن بۆ دابەشبونەوەی تازەی ڕۆژهەڵاتی ناوەراست و گۆڕینی نەخشەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست.

### ٢- ئایا پرۆسەی دەوڵەت – نەتەوە لەو ناوچەیە شکستی خواردوە؟

بە پێی پێکهاتەی ئێستای وڵاتانی ناوچە پرۆسەی دەولەت – نەتەوە ناتوانێ لە هیچ یەک لە وڵاتەکانی ناوچەدا پیادە بکرێ. تەواوی وڵاتانی ناوچە یا فرە نەتەوەن وەک ئێران، یا بەشێکن لە نەتەوەیەک و هەمووی نین. دەولەت – نەتەوە ناوی خۆی بەخۆیەوەیە. دەبێ وڵاتەکە لە یەک نەتەوە پێکهاتبێ و بە سەر هەموو نەتەوەکەش دا زاڵ بێ. لە رۆژهەڵاتی نیوەراست دا شتیکی وا بەدی ناکرێ. کەوابوو لە راستی دا هەرقەت نەبووە و بەو پیکهاتانەشەوە ناکرێ ببێ.

### ٣- ئەرکی حیزب و ڕێکخراوە سیاسەیە کوردستانیەکان لەم هەلومەرجە دا و ئاستەنگەکانی سەر ڕێگای چارەسەری مەسەلەی کورد؟

ئەرکی حیزب و ڕێکخراوە کوردستانیەکان بە گشتی چوار شتی سەرەکییە، یەکگرتن، پێکهێنانی کۆنگرەیەکی نەتەوەیی کە بتوانێ نوێنەرایەتی هەمو کورد بکا، داڕشتنی ستراتیژی نەتەوەیی و دانانی هێڵی سووری نەتەوەیی. ئاستەنگەکانی سەرڕێگای چارەسەری مەسەلەی کوردیش زۆرن، کە گرنگترینیان بریتین لە دابەشکرانی کوردستان و بەهۆیەوە دروستبوونی دژایەتی بۆ کورد لە هەرچوار دەورەی کوردستان، یەکنەگرتنی کورد بۆخۆی، بوونی سەرچاوەیەکی زۆری کانزایی وەکوو نەوت، گاز و ئاو لە کوردستان دا و هەڵکەوتنی کوردستان لە نیوجەرگەی ناوچەیەکی پرکێشە و ستراتیژیکی وەک ڕۆژهەڵاتی نێوەراست، زاڵبونی بیر و رای دینی و مەزهەبی جۆراوجۆر لە ناوچەدا و دەسەڵاتی شومی ڕژیمە دیکتاتۆرەکان لە ناوچە دا.

لەم ساڵانەی دوایی دا، بەتایبەتی دوای سەرهەڵدانی داعش و بەربەرەکانی قارەمانانەی کورد لە بەرامبەر ئەو ڕێکخراوە تیرۆریستیە دژی مرۆڤایەتیە، پێگەی کورد لە نێو کۆمەڵگای نێو نەتەوەی دا زۆر چووتە سەرێ. بەڵام بەداخەوە بە هۆی پرش و بڵاوی هێزە کوردیەکان و نەبوونی نوێنەرایەتیەکی یەکگرتووی کورد کە وەک نوێنەری هەموو نەتەوەی کورد لە دنیادا بناسرێ، نەتوانراوە لەو پێگەیە کەڵکی باش وەرگیرێ و دیپلۆماسیەکی نەتەوەیی و لابی گەریەکی نەتەوەیی بەڕێوەبچێ.

## ٤- پرسی کۆنگرەی نەتەوەیی کورد، ئاستەنگەکانی دەرەکی و ناوخۆی؟

کۆنگرەی نەتەوەیی کورد هەرچەندە ئاستەنگی دەرەکی لەبەردەمن و بەتایبەت وڵاتانی داگیرکەری کوردستان هەموو هەوڵیان ئەوەیە کە کورد هەرگیز نەبێتە خاوەنی کۆنگرەیەکی نەتەوەیی، بەڵام خەتاباری ئەسڵی حیزب و ڕێکخراوە کوردستانیەکانن. زۆر ساویلکانەیە چاوەڕوانبی کە داگیرکەرانی کوردستان دەست هەڵگرن لە پیلانگێڕی بۆ تێکدانی ڕیزەکانی گەلی کورد و چاویان بە یەکگرتنی کورد هەڵبێ. بەڵام پرسیارێک کە ڕووبەڕووی هەموو حیزب و ڕێکخراوە کوردستانیەکان دەبێتەوە ئەوەیە کە بۆچی یەکناگرن و کۆنگرەی نەتەوەیی پێک نایەنن. بە باوەڕی من خەتا لە حیزب و لایەنە کوردستانیەکانە کە بە خاتری پاوانخوازی و قازانجی حیزبی و گروهی مەسەلە نەتەوەییەکە پشتگوێ دەخەن.

## ٥- میکانیزمێکی یاسایی بۆ خەباتێکی ئاشتیخوازانە لەگەڵ داگیرکەران کوردستان؟

کورد بەدرێژایی زیاتر لە سەد ساڵ هەوڵی داوە بە میکانیزمێکی یاسایی و خەباتێکی ئاشتیخوازانە و لە چوارچێوەی ئەو وڵاتانەی کە کوردستانیان بەسەردا دابەش کراوە بە مافە ڕەواکانی خۆی بگا. بەداخێکی گرانەوە تا ئێستا نەیتوانیوە لە چوارچێوەی ئەو وڵاتانەدا و بە میکانیزمی وتوویژ و لە چوارچێوەی یاساکانی ئەو وڵاتانەدا مافەکانی دەستەبەر بکا. ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ دوو هۆی سەرەکی، یەکیان ئەوەیە کە یاساکانی ئەو وڵاتانەی کە کوردیان تێدا دەژی زیاتر بۆ ڕەتکردنەوەی مافی نەتەوە بندەستەکان داڕێژراون تا چارەسەری مافی نەتەوەکان. دووەمیش ئەوەیە کە داگیرکەرانی کوردستان لە وەڵامی داوای ئاشتیخوازانەی خەڵکی کوردستان دا هەمیشە ڕێگای سەرکوت و تواندنەوەیان گرتوتە بەر، کە ئەوەش کارێکی وای کردوە کە کورد بۆ پاراستنی خۆی دەست بۆ چەک بەرێ و بە شێوەی چەکداری بەرگری لە بوونی خۆی بکا. باشترین میکانیزم بۆ خەباتێکی یاسایی و ئاشتیخوازانە ئەوەیە کە هەموو کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان، لە هەموو بەشەکانی کوردستان، لە خەباتێکی جەماوەری دا بەشداری بکەن و بینە سەرشەقام و داوای مافەکانی خۆیان بکەن. ئەگەر لە حکومەتی ناوەندی وەلامیان وەرنەگرت، پەنا بۆ یاسا نێو نەتەوەییەکان و یاساکانی پەیوەندیدار بە مافی مرۆڤ بەرن و

لە گشتپرسیەک دا چارەنوسی خۆیان دیاری بکەن. بە واتایەکی دیکە لە جیاتی میکانیزمی داوای ماف لە داگیرکەر، میکانیزمی مافی دیاریکردنی چارەنوس بەکار بێنن.

## ٦- چەپی کورد و ئاکامی خەباتی بێوچانی چەپەکان؟

بەداخەوە لە کوردستان دا چەپی کوردمان کەم بووە، زۆرتر کوردی چەپمان هەبووە. چەپ لە کوردستان دا کە زۆرتر بە ئولگوو بەرداری لە سۆسیالیزمی ولاتانی سۆڤیەتی پێشوو لە کاتی خۆی دا هەوڵی داوە خۆی ڕێک بخا، بێجگە لە(بەشی باشوری کوردستانی حیزبی کومونیستی عێراق کە زۆر لە جولانەوەی کورد نیزیک بووەو هێندێک ڕێکخراوی بچوکی دیکە) باقیەکەی لاسایی کردنەوەو بەسترانەوە بە دەرەوەی کردوەتە سیاسەتی خۆی و تەنانەت لە بەرامبەر مەسەلە نەتەوەکەشی دا چاوی لە زاری بێگانە بووە تا سیاسەتی بۆ دارێژێ. دیارە دەبێ ئیشارە بکەم بەوەی کە بە خۆشیەوە لەم ساڵانەی دوایی دا بەشێک لە چەپەکانی کوردستان زۆرتر بۆ لای مەسەلە نەتەوەییەکە هاتونەوەو لە قۆناغی گەشەکردن بەرەو ڕێکخراوی چەپی کورد دان. بە گشتی چەپی کورد تا ئێستا لە هیچ کام لە بەشەکانی کوردستان دا سەرکەوتنێکی ئەوتۆی بەدەست نەهێناوە، چونکە گیری کردوە لە نێو خەباتی چینایەتی و خەباتی نەتەوەیی دا و لەبەر ئەوەی گرنگی زۆرتری داوە بە خەباتی چینایەتی هەتا خەباتی نەتەوەیی و بە هۆی ئەوەش کە لە کوردستان دا بە هۆی نەبونی سنعەت ناوەندی کرێکاری گەورە بوونی نەبوە، سەرکەوتنێکی ئەوتۆی بەدەست نەهێناوە.

## ٧- سۆسیالیزم کێشەی نەتەوەیی چارەسەر دەکا؟

سۆسیالیزم سیستمیکی بەڕێوەبەریی سیاسی، ئابوری و کۆمەڵایەتیە و هیچ پەیوەندی بە مەسەلەی نەتەوەییەوە نییە. وەڵاتێک ڕەنگە سۆسیالیستی بێ و کیشەی نەتەوەییشی هەر تێدا مابێ. هەروەک چۆن کێشە نەتەوەییەکان لە وەڵاتانی سۆسیالیستی ئوروپای ڕۆژهەڵات دا هەرمابوون تا سیستمەکە گۆڕا و نەتەوە جیا جیاکانی ئەو ولاتانە کەڵکیان لە مافی دیاریکردنی چارەنوس وەرگرت و سەربەخۆیی خۆیان ڕاگەیاند.دیارە لە سۆسیالیزم دا مافی دیاریکردنی چارەنوس قەبووڵ کراوە، بەڵام میکانیزمی دیاری کردنەکە لە سیستمەکەدا نییە و سپێردراوە بە نەتەوەکان خۆیان کە هەنگاوی بۆ بنێن. تازە بەهۆی ڕەقابەتی هێز و بلۆکبەندی لە کاتی زاڵبونی سۆسیالیزمی تاقی کراوە لە ئوروپای ڕۆژهەڵات دا، زۆرجار جووڵانەوە نەتەوەییەکان بە نۆکەر ئیمپریالیزمیش ناو دەبران. تەنیا سیستمێک لە جیهان دا کە باسی مافی دیاریکردنی چارەنوسی گەلانی تێدا کراوە و میکانیزمی بۆ دانراوە، جاڕنامە و پەسندکراوەکانی کۆمەڵگای نێونەتەوەییە لە هەمبەر مافی مرۆڤ دا.

### ٨- ڕێکخراوی ئینتەرناسیۆنالی سوسیالیست و پرسی کورد؟

ڕێکخراوی ئینتەرناسیۆنالی سۆسیالیست بە هەڵوێست و بۆچوون و لە چوارچێوەی پشتگیری لە مافی مرۆڤ دا هەمیشە لایەنگری لە پرسی کورد کردوە. بەڵام بەهۆی ئەوەی کە بەشێکی زۆر لە حیزبەکانی نێو ئەو ڕێکخراوەیە لە وڵاتەکانی خۆیان دا دەوڵەتیان بەدەستەوە بووەو زۆرتر بە دوای قازانجی ئابووری وڵاتەکەیانەوە بوون تا جێگیرکردنی مافی مرۆڤ و عەداڵەت لە دنیادا، بە کردەوە کاریکی ئەوتۆیان بۆ کورد نەکردوە. تەنیا هۆیەکیش کە حیزب و ڕێکخراوە کوردستانیەکان ڕویان لەو یەکیەتیە گرنگەی ئەحزابی جیهانی کردوە ئەوە بووە کە بە تریبونێکی بەهێز و گرنگیان زانیوە بۆ بانگەشە کردن بۆ پرسی نەتەوەیی خۆیان و لەو ڕێگایەش کەڵکی باشیان وەرگرتووە. هەربۆیە حیزبە کوردیەکان و بەتایبەت حیزبی دێموکراتی کوردستان هەر لە هەشتاکانەوە هەوڵیان داوە لەو ڕێکخراوە وەک تریبونێک بۆ بانگەشە لە سەر پرسی کورد کەڵک وەربگرن.

### ٩- ڕۆڵی توێژی ڕووناکبیری کورد لە هەلومەرجی ئێستای کوردستان؟

توێژی ڕووناکبیری کورد دەتوانێ ڕۆڵێکی گرنگ ببینێ لە هەل و مەرجی ئێستادا ئەگەر پێی لە سەر ئەرزی واقیع بێ و بە خەیاڵ پڵاو نەژێ. ڕوناکبیری کورد نابێ خۆی لە کۆمەڵگا و لە جووڵانەوەی سیاسیش دوورە پەریز بگری و لە بورجی عاجەوە تەنیا ڕەخنە بگرێ و نسیحەت بکا. ڕۆلی ئەو لیدانی پردە لە نێوان جووڵانەوەی سیاسی کۆمەڵانی خەڵک دا لە لایەک و وریا کردنەوەی کۆمەڵگا لە لایەکی دیکەوە. ڕووناکبیری کورد پیویستە زمانی دیالۆک بزانێ و ڕەخنەی سازندە بگرێ، نەک ڕووخێنەر. ڕووناکبیر هەرچەند خۆشی ڕاستەوخۆ بە سیاسی نەزانێ، نابێ کاری ئەوەبێ کە بەگژ سیاسەتکاران دا بچێتەوە و هەموو شتێک ڕەت بکاتەوە و تۆوی بێهیوایی بچێنێ. مەسەلەیەکی دیکەی کە پێویستە ڕووناکبیری بێ لایەن قەبووڵی بکا ئەوەیە کە لە ریزی حیزب و ڕێکخراوە سیاسیەکانیش دا ژمارەیەکی یەکجار زۆر ڕووناکبیر هەیە. مەرج نییە کە هەرچی ڕووناکبیر بو بێلایەن بێ و هەرچی بێلایەنیش بوو و بە نووسینێ هێندێک کۆمێنتی فەیسبوکی و سۆسیال مێدیایی نابێتە ڕووناکبیر و تەنانەت بە هەڵگرتنی تیترێکی زانستگاییش نابێتە ڕووناکبیر. ڕووناکبیر کەسێکە داهێنەر لە دیتنەوەی ڕێگاچارە بۆ گیر و گرفتە سیاسی، فەرهەنگی و کۆمەڵایەتیەکان و دەتوانێ ڕێگا چارە پێشکەش بکا. زمانی دیالۆک دەزانێ و فەرهەنگی یەکتر قەبووڵکردنی هەیە و پردان دروست دەکا، نەک پردان بڕووخێنێ.

### ١٠- پرسی نەتەوەیی و ئەرکی لاوانی کورد؟

لاوان ڕێبەران و داهێنەرانی دوارۆژن و داهاتوو بۆ ئەوانە. دەبێ هەوڵ بدەن ئەوەی کە بە خەباتێکی خوێناوی باب باپیرانیان بەدەست نەهاتووە ئەوان بە میکانیزمی تازە و ئامرازی تازە بەدەستی بێنن. لاوان دەبێ مێژووی خەباتی ڕزگاریخوازی نەتەوەکەیان بە گرنگ بزان، ڕێز لە پیرۆزیەکان بگرن و کەڵک لە تاقیکردنەوەکان وەرگرن. دیارە پیویستە بۆخۆیان بە پێی سەردەم سیاسەت بکەن، بەڵام لە هەمان کات دا پێویستە کەلەپوری سیاسی و فەرهەنگی نەتەوەکەیان بپارێزن. ئەرکی لاوانی ئەمڕۆ هەر ئەوە نییە کە ڕەخنە لە لاوانی دوێنێ بگرن و بە نائومێدیەوە چاو لە داهاتوو بکەن. بەڵکوو پێویستە ڕابردوو هەڵسەنگێنن و لە خاڵە بەهێزەکانی کەڵک وەرگرن و خاڵە لاوازەکانی ئیسلاح بکەن. لە پرسی نەتەوەیی دا لاوان نابێ بێ لایەن بن و هەموو شتێک ڕەت بکەنەوە، بەڵکوو دەبێ بە گەشبینی بەرەو پیری خەبات بچن و ئامادەبن هێز و توانای هزری و بەدەنی خۆیان بەکار بێنن بۆ دروستکردنی داهاتوو. لە هەر حاڵ داهاتوی ئێستا هی ئەوانە و بە دەرس وەرگرتن لە ڕابردوو، پێویستە داهاتوو دروست بکەن.

### ١١- ڕۆڵی کرێکاران و زەحمەتکێشان و جوتیارانی کوردستان؟

ڕۆڵی کرێکاران و زەحمەتکێشان و جوتیارانی کورد لە جووڵانەوەی ڕزگاریخوازی کوردستان دا هەمیشە ئەرێنی بووەو ئێستاش هەر ئەرێنیە. زووربەی هەرەزۆری پێشمەرگە گیان لەسەردەستەکان، کادر و ئەندامانی حیزبەکان و چالاکانی نێو ڕیزی کۆمەلانی خەڵک لەو چین و توێژانەن. بەشی زۆریان بێ فەلسەفە بازی و بە زمانێکی ساکار و دڵپاکانە بانگەشە بۆ ڕزگاری نەتەوەیی دەکەن، لە چالاکیەکان دا بەشداری دەکەن و ئامادەن گیانی خۆیان بخەنە مەترسیەوە. ئەوان ڕۆڵێکی زۆر گرنگ دەبینن لە بە شەکاوەیی ڕاگرتنی ئاڵای خەبات دا. جێگای خۆیەتی حیزب و ڕێکخراوە نەتەوەییەکانیش گرنگی تەواو بەو چین و توێژانە بدەن و جێگای شیاوی خۆیان بدەنێ.

### ١٢- ئەرکی ژنانی کوردستان؟

ئەرکی ژنان لە کوردستان دا هەمیشە گرنگ و کاریگەر بووە. هەم ڕۆڵی دایک و ئیدارەی بنەماڵەیان لە ئەستۆ بووە و هەم لە خەباتی سیاسی و کۆمەڵایەتی دا ئەرکیان وەعۆدە گرتووە. دیارە هێندیک نەریتی خراپ بە نیسبەت ژنانەوە لە کۆمەلگای ئیمەدا هەیە، کە پیویستە هەم پیاوان و هەم ژنانی خەباتگێڕی ئێمە پێکەوە تیبکۆشن ئەو کۆسپانە لە ڕێگا هەڵگرن تا ژنانی کورد بە شێوەیەکی ئازاد و بە یەکسانی لە گەڵ پیاوان ڕۆلی خۆیان لە کۆمەڵگا و لە سیاسەت دا ببینن.

مەسەلەیەک کە جیگای تێڕامانە ئەوەیە کە زۆرجار بەشێک لە ژنان بۆخۆشیان ڕۆڵ دەبینن لە پاراستنی ئەو نەریتانەدا، یا کیشەکە لە پیاوان دا دەبینن نەک لە کلتور و فەرهەنگ دا. بۆیە لە جیاتی ئەوەی لەگەڵ پیاوانی ڕووناکبیر دژی نەریتە خراپەکان بوەستنەوە، دژی پیاوان بانگەشە دەکەن و هەوڵ نادەن مەسەلەکە لە ڕیشە دا چارەسەر بکەن.

## ١٣- بۆچی جودایی دین لە دەوڵەت باشە ؟

دین مەسەلەیەکی شەخسی و ڕووحی یە و پەیوەندی بە تاکەکانەوە هەیە. جگە لەوەش هیچ ڕێگا چارەیەکی بۆ گرفتە، ئابوری، کۆمەلایەتی، کارگێڕی و سیاسیەکان پێ نییە. دەوڵەتداری پیویستی بە پسپۆڕیی سەردەم هەیە و دەبێ لە خزمەتی هەموو چین و توێژەکان و دین و مەزهەبە جیاوازەکانی نێو کۆمەڵگادا بێ. جگە لەوەش لە هیچ کۆمەڵگایەک دا یەک دین، یا یەک مەزهەبی دیاریکراو بوونی نییە کە هەموو ئەندامانی ئەو کۆمەڵگایە پەیڕەوی لێ بکەن و ئەویش هەموویان وەک یەک چاو لێ بکا و بە هی خۆیان بزانێ. تەنانەت لە یەک دینیش دا هەموویان یەک مەزهەبیان نییە و هەموو بۆ یەکتر خۆمانە نین. هەرکام لەو دینانە، یا مەزهەبانە دەسەلاتیان هەبێ ئەوانی دیکە نادیدە دەگرن و بە ناخودی دادەنێن. بۆیە دین، یا مەزهەب ئامرازێکی باش نییە بۆ ئیدارەی پێکەوە ژیانی جۆراوجۆریەکانی کۆمەڵگا. بۆیە هەرگیز دین یا مەزهەب نابێ تێکەڵ بە سیاسەت و دەسەلات بکرێ و هەر بەوەش دەتوانرێ دینەکە یا مەزهەبەکە بپارێزرێ.

## ١٤- ئایین تا چەندە دەوری بووە لە شوناسی نەتەوەیی دا؟

هەرچەندە لە مەیدانی خەباتی نەتەوەیی کوردستان دا، سەدان قارەمان، ڕێبەر و پێشمەرگە لە نێو توێژی خوێندەواری ئایینی و ئایین داران دا هەڵکەوتوون و لەو بارەوە خزمەتێکی زۆر کراوە، بەلام بە گشتی نەخشی ئایین لە ناساندنی شوناسی نەتەوەیی دا کەمە. ئەو خوێندەوار و ئایین دارانەش کە وەک پسپۆڕێکی ئایینی خزمەتیان بە شوناسی نەتەوەیی کردوە، ئەو کەسانە بوون کە ڕوویان لە مەیدانەکانی فەرهەنگی و سیاسی کردوە و لە ڕێگای سیاسەت کردن یا فەرهەنگیەوە یارمەتیان بە گەشە پێدانی شوناسی نەتەوەیی کردوە، نەک لە ڕێگای ئاینەکە خۆیەوە.

## ١٥- چۆنیەتیی دروستبوونی داعش؟

دروستبونی داعش یا لانی کەم بەهێز بوون و گەورەبونەوەی داعش چوار هۆکاری سەرەکی هەبوو. یەک زەمینەی فکری بۆ

سەرهەڵدانی ئیسلامی توند ئاژۆ لە ناوچەدا بە زۆر هۆکار لە لێرەدا مەجالی باسکردنی نییە، دوو هەڵەی کاربەدەستانی شیعە لە بەغدا نیسبەت بە سوننیەکان. سێ دەستتێوەردانەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران لە وڵاتانی ئیسلامی و عەرەبی دا و چوار پاشماوەکانی ڕژیمی بەعسی عێراق بە تایبەت بەشی نیزامی کە لە دوای ڕوخانی ڕژیمی سەددام زۆر ناشیانە ژمارەیەکی زۆریان لێ ناردنەوە ماڵێ.

## ١٦- مرۆڤەکان مێژوو دروست دەکەن، یان ڕێکخراو و حیزبەکان؟

مێژوو دیارە لە لایەن مرۆڤەکانەوە، بەتایبەت ئەوانەی کە کاریگەریان لە سەر کۆمەڵگا هەیە دروست دەکرێ، جا چ لە نێو حیزب و ڕێکخراوەکان دا بن یا لە دەرەوەی حیزب و ڕیکخراوەکان. لایەنێکی جێگای داخی مێژوو ئەوەیە کە ئەوەی دروستی دەکا، ئەویش نای نووسیتەوە. بەڵکوو لە لایەن دەسەلاتی سەردەمەوە یا لە لایەن کەسانێکەوە دەنوسریتەوە کە زۆرتر ویستی خۆیان وێنا دەکەن تا ڕاستیەکانی مێژوو.

## ١٧- شانازی بە چییەوە دەکەی؟

شانازی بە وە دەکەم کە کوردم و لە بنەماڵەیەک هەڵکەوتووم کە بە سەربڵێندی دەتوانم ناوی بێنم، چونکە لە غەیری خزمەت کردن و قوربانی دان شتێکی دیکەی لەسەر نییە. بە تایبەتیش شانازی دەکەم کە شەهید مەلا ئاوارە بە منداڵی دەستی بەسەری دا هێناوم و برا چوکەی ئەو بووم. هەروەها شانازی بەوە دەکەم کە هەر لە تەمەنی هەژدەساڵیەوە تا ئێستاش ئەندامی وەفاداری حیزبی دێموکڕاتی کوردستانم و بە خۆشیەوە لە ژیانی خۆم دا ئەگەر خزمەتیشم پێ نەکرابێ زیانم بە نەتەوەو نیشتمانەکەم نەگەیاندووە.

## ١٨- بەنیازی نووسینەوەی بیرەوەرییەکانت نیت؟

بێگومان بە نیازم ئەگەر تەمەن مۆڵەت بدا. بناغەشم داڕشتووە، بەڵام تا ڕاددەیەک لێی دەترسم و لە دیاریکردنی چوارچێوەکەی دا دوو دڵیم هەیە. چونکە ژیان و بەسەرهاتی من زۆر پڕ هەوراز و نشێوە و باسەکانی من زۆر کەس دەگرێتەوە. ساغ بوونەوە لەسەر ئەوەی کە چەندە هەموو شتەکان باس بکەی و چەندە هەموو هەڵە و ڕاستیەکان بدرکێنی و تا کوێ بە قازانجی نەتەوە و نیشتمانەکەتە باسی ڕاستیەکان بکەی زۆر دژوارە.

### ١٩- لەو ماوە درێژەی خەباتتان دا چ دەسکەوتێکی مێژووییتان وەدەست هێناوە؟

گەورەترین دەسکەوتی مێژوویی بۆ من بە باوەڕی خۆم ئەوەیە کە لە تەواوی تەمەنی خۆم دا هەرچی لەدەستم هاتووە بۆ نەتەوە و نیشتمانەکەم و حیزبەکەم کردومە و بۆخۆشم بە ژیانی خۆم و ماڵ منداڵم ڕاگەیشتووم و هیچ چاوەڕوانیەکەم لە حیزبەکەم نەبووە.

### ٢٠- لەباری کۆمەڵایەتی و سیاسیی ژیانت دا، لەچ شتێک پەشیمانی؟

لە هیچ شتێک پەشیمان نیم جگە لەوەی کە لە قۆناغێکی ژیانم دا بڕیارم دا کوردستان بەجێ بێڵم و بێمە دەرەوەی وڵات. هەرچەند هەل و مەرج بەسەری دا سەپاندم و ڕەنگە هەرکەسی دیکەش بایە هەر ئەوەی کردبایە، لە گەڵ ئەوەش زۆرجار دەڵێم خۆزگە ئەو بڕیارەم نەدابایە.

### ٢١- سەمبولەکانی گەلی کوردستان لە دیدی جەنابتان کامانانە؟

ئەگەر مەبەستت هەمو کوردستان بێ، پێشەواقازی محەممەد، ئاڵای کوردستان، کۆماری کوردستان، پێشمەرگە، تا ئێستا تەنیا ئەو چوار سیمبۆلە لە لایەن کوردی هەر چوار پارچەی کوردستانەوە قەبوڵ کراون و هەمووشیان بەرهەمی تێکۆشانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستانن.

### ٢٢- لێداوانت لەسەر ئەم کەسایەتیانە چێیە:

**قازی محەممەد:** ئەوەڵین سەرۆک کۆماری کوردستان، تەنیا ڕێبەرێک لە مێژووی تازەی کورد دا کە لە لایەن هەر چوارپارچەی کوردستانەوە وەک ڕێبەر قەبووڵ کراوە،

**شێخ سەعید پیران:** ڕێبەرە بەجەرگەکەی هەمو کورد لە قۆناغی پێش حیزبایەتی دا،

**سمکۆ شکاک:** نیشتمانپەروەرترین و ئازاترین سەرۆک هۆزی کورد،

**شێخ مەحموود:** یەکەمین و دوایین پاشای هەموو کوردستان،



سەرچاوە Serchawe

**مستەفا بارزانی:** ئازاترین ڕێبەری جوڵانەوەی کورد لە سەدەی بیستەم دا،

**د.قاسملوو:** زاناترین، دیپلۆماتترین و سەربەخۆترین ڕێبەری کورد لە هەر چوارپارچەی کوردستان،

**پیرە میرد:** سیمبولی کوردێکی ڕەسەن و هونەرمەندێکی کورد،

**عەبدوڵڵا گۆران:** شاعیرێکی ڕۆمانتیک و سیاسیەکی چەپ،

**مامۆستا هێمن:** ناسکخەیاڵترین شاعیری کورد و ناسیۆنالیستیکی سیاسی، ئەدەبی و هونەری،

**عەبدوڵڵا پەشێو:** ئازاترین، خاوێنترین و بێ منەتترین شاعیری کورد،

**شێرکۆ بێکەس:** شاعیرێکی پڕ بەهرە لە ڕاددەی کوردستانی گەورەدا،

**سوارە ئیلخانیزادە:** شاعیرێکی ڕۆمانتیک، سروشتتی کوردستان ناس، کوردی زان، کورد پەروەر و جوانەمەرگ؟

### ٢٣- پێشبینی و هەڵسەنگاندن بۆ داهاتووی کوردستان؟

کوردستان داهاتوویەکی زۆر ڕووناکی لەبەردەمە. لە قوربانیەوە گۆڕاوە بۆ هێزێک کە دەتوانێ یارمەتی بکا بە جێگیر کردنی ئاسایشی جیهانی و سەقامگیری و پیکەوە ژیانی نەتەوە، ئایین و مەزهەبە جیاکان. ئەگەر کورد یەکبگرێ و لەو جایەگا گرنگە بە باشی کەڵک وەرگرێ، داهاتووی کوردستان ڕوونە.

### ٢٤- وەک کەسایەتی بەئەزموون چ لیدوان و پەیامێکت بۆ کچان و کوڕانی لاوی کورد هەیە؟

وەک کەسێک کە لە زۆر بواری نێونەتەوەیی، کوردستانی و ناوچەیی ئاگادارم، پەیامم بۆ کچان و کوڕانی لاوی کورد ئەوەیە کە، بە ئومێدیکی زۆرەوە بەدوای دەستەبەرکردنی مافە نەتەوەییەکانی خەڵکی کوردستان لە هەر چوارپارچەی کوردستانەوە بن. زەمینەی وەدیهاتنی ئاواتەکانی کورد بە درێژایی مێژوو هیچکات لە ئێستا ئامادەتر نەبووە. ئەوەی داهاتوو پیویستە لەو زەمینەیە ئەوپەڕی کەڵک وەربگرێ. تکا لە کچان و کوڕانی لاوی کورد دەکەم کە خۆیان ڕێک خەن و لەو هەلە کەڵکی پێویست وەر بگرن. تکام ئەوەیە کە نەچنە نێو جەووی کێشەکانی ئەحزابی کوردیەوەو هەلە نەتەوەییەکە بقۆزنەوەو کار بکەن بۆ دامەزراندنی کیانی کوردی لە هەر پارچەیەکی کوردستان کە هەلی بۆ ڕەخسا.

ڕەزبەڕی ٢٧١٧ی کوردی - سێپتەمبەری ٢٠١٧ی زایینی

## قسەکانی ڕووحانی بەرامبەر بە کورد، فریودان یان وەخەبەرهاتن

ڕووحانی سەرۆک کۆماری ڕژیمی کۆماری ئیسلامی پەنای بردەوە بۆ چەکی فریودان کە ئێرانیەکان بەڕاستی تێیدا وەستان و بە خەیاڵی خۆی پێیوایە دەتوانێ بەو زمانە نەرمە کوردی هەر چوار پارچەی کوردستان فریو بدا. هەر لەو کاتەدا نەیتوانی دوژمنایەتی خۆی لەگەڵ کورد و مەسەلە ڕەواکەی بشارێتەوەو سەرەڕای ئەوەیکە بڕیاری بەکارهێنانی مافی دیاریکردنی چارەنوسی بە هەڵە دانا، خەتاکەشی خستە سەر شانی کۆمەڵێک کەسایەتی سیاسی لە باشوری کوردستان. ئەو ڕوو بە کوردانی هەر چوار پارچەی کوردستان ڕایگەیاند کە زۆر سۆزی هەیە بۆ کورد، بەڵام بۆ ئەو کوردانەی کە بە بۆچونی ئەو خەتا نەکەن و داوای مافی خۆیان نەکەن. ئەو گوتی نایانهەوێ فشار بۆ کوردەکان بێنن، بەڵام لە نێو قسەکانی دا گەیاندی کە مەبەستی ئەو کوردانەیە کە پشتیوانی ڕژیم بن. وادیارە ئاغای ڕووحانی ئاگای لێ نییە کە تەنیا بەخاتری ئەوەی خۆشحاڵیان بۆ پرسی ڕیفراندۆم دەر بڕیوە هەر ئیستا زیاتر لە سێسەد لاوی کورد لە لایەن حکومەتەکەی خۆیەوە گیراون و لە سیاچاڵەکانی ڕژیمەکەی دا لە ژێر ئەشکەنجە و ئازار دان.

دیارە ئەگەر ئێرانیەکان بە گشتی و کۆماری ئیسلامی بە تایبەتی بە شێوەیەکی مەنتقی و بە پێی هەل و مەرجی کوردستان لە لایەک و ئێران لە لایەکی دیکەوە سیاسەتیان کردبایە و لە بیری قازانجی هاوبەشی کورد و فارس و نەتەوەکانی دیکە لە ناوچەدا بوونایە، دەبوو بەڕاستی دۆستی کوردبان و پشتیوانیان لە سەربەخۆیی کوردستان کردبایە، چونکە لە زۆر بارەوە کورد و فارس و نەتەوەکانی دیکەی نێو ئێران قازانجیان لەوە دایە کە دراوسێی باشی یەکتر بن و لە ئیمکاناتی یەکتر بەهرە وەرگرن، لە جیاتی ئەوەیکە بە درێژایی دەیان ساڵ پێکەوە لە کێشە دا بن و شەڕ و خوێنڕێژیان لە بەین دا ڕوو بدا و سەرمایەی ماددی و مەعنەوی هەموویان لە بەربەرەکانی لە گەڵ یەکتر دا بە فیڕۆ بچێ.

چ دەبو ڕۆژێک لە ڕۆژان، لە بەر ڕووناکی تاقیکردنەوەکانی وڵاتانی پێشکەوتوی دنیادا، کە هەمووشیان باش لێی ئاگادارن، هەوڵیان بدایە بۆ پیکهێنانی یەکیەتیەکی دڵخوازانە لە نێوان هەمو پێکهاتە نەتەوەییەکانی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دا و کۆنفدڕاسیۆنێکی وەک یەکیەتیی ئوروپایان پێک هێنابا. چ دەبو کاربەدەستانی ئێرانی کە خۆیان زۆر بە زیرەک و لێهاتو دەزانن ، لە جیاتی ئاژاوەنانەوە لە ناوچە، ئەزیەت و ئازاری نەتەوە بندەستەکانی ئێران، ئێعدامی ئازادیخوازان و ڕاوەستان لە دژی مافەکانی گەلانی ناوچە هەوڵی ئەوەیان دابایە کە پێکەوەژیانێکی ئاشتیخوازانە لە ناوچەدا جێگیر بێ و هەموو نەتەوەکان ببنە خاوەنی مافەکانی خۆیان و هەمووشیان لە ئیمکانات و سەرمایەی ئەو ناوچە دەوڵەمەندەی جیهان پێکەوە کەڵک وەربگرن؟

بەڵام مخابن ئەوەی بیری لێناکەنەوە قازانجی هاوبەشی نەتەوەکانی ناوچەیە. ئەوان هێندە لە زەلکاوی شۆوێنیزم ڕۆچوون کە پێیان وایە هەموو نەتەوەکانی ناوچە دەبێ کڕنۆشیان بۆ بەرن، نەتەوەکانی نێو ئێران دەبێ بە شارۆمەندیی پلە دوو ڕازی بن و هەمووان بێنە سەر خەتی فکری دواکەوتووی ئەوان کە هیچ چارەسەرێکی بۆ گرفتی مرۆڤی ئەوڕۆیی پێ نییە و ئینسانەکان بە دوو دەستەی بڕیاردەر و کۆیلەی گوێ لە مست دابەش دەکا.

ڕووحانی ئیددیعای کرد کە هۆگری بۆ کوردانی هەر چوار پارچەی کوردستان هەیە، ئەوە لە کاتێک دایە کە هەر بە بیستنی مەسەلەی ڕیفڕاندۆم لە باشوری کوردستان کێچ کەوتە کەوڵی ڕژیمەکەی و دەستیان کرد بە هات و هاوار و پەنا بردن بۆ دوژمنەکانی دیکەی کورد و ڕاگەیاندنی مانۆڕی نیزامی و هەوڵدانێکی سیاسی چڕ و پڕ لە گەڵ وڵاتانی دەوروبەر و جیهان بۆ ئەوەی بتوانن پێش بەوە بگرن کە باشووری کوردستان لە پرۆسەیەکی دێموکڕاتی دا بڕیار لە چارەنوسی خۆی بدا. کاتێکیش هەوڵەکانیان سەری نەگرت و کوردستان بۆ هەڕەشەو پلانەکانی ئەوان نەچەمایەوە، دەستیان کرد بە ڕێکخستنی مانۆڕی نیزامی لە سنورەکان و هەڕەشەیان کرد کە سنورەکان دادەخەن، پەیوەندییەکان دەپسێنن و پشتیوانیی نیزامی لە دەوڵەتی شێعەی عێراق دەکەن تا هێرش بکاتە سەر کوردستان. قاسمی سولەیمانی کە ئارشیتێکتی ئاژاوەیە لە ناوچەدا وەخۆ کەوت و میلیشیاکانی خۆی جووڵاند کە بە ناوی حەشدی شەعبی لە نێو عێراق دا زۆرتر بۆ تەشەنە پێکردنی ناکۆکیەکانی نێوان پێکهاتە سەرەکیەکانی عێڕاق دروستی کردوە. بە پێی هێندێک هەواڵ هەر ئێستا بە شێکی بەرچاو لە حەشدی شەعبی و سوپای قودس لە سنوری پارێزگای کەرکووک لە حاڵی ئامادە باشی دان بۆ هێرش کردنە سەر پارێزگای کەرکووک.

ئاغای ڕووحانی ئەگەر هێندە دڵسۆزی کوردە و بە قەولی خۆی هۆگریی بۆ کورد هەیە، با دەستوور بدا سوپای قودس و هێزە سەرکوتکەرەکانی دیکەی ڕێژیم دەست لە ئاژاوەگێڕی دژی خەڵکی کوردستان هەڵگرن. با زیندانیەکانی ئەم دواییانە کە زیاتر لە ٣٠٠ کەسن و تەنیا بە خاتری خۆشحاڵی دەربڕین بۆ ڕیفڕاندۆمی سەربەخۆیی براکانیان لە باشووری کوردستان دەستبەسەر کراون ئازاد بکا. با فشار لە سەر گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەڵگرێ و خاڵە سنووریەکان نەبەستێ کە ژیانی بەشێکی زۆر لە ناوچە سنووریەکان بەستراوەتەوە بە ئاڵوویر لەو سنوورانەدا. با دەستور بدا چیدی کۆڵبەرانی کورد نەکوژن کە بۆ پاروە نانێک مەجبوورن کۆڵبەری بکەن.

بەڵام ئاغای ڕووحانی ڕاست ناکا، ئەو نەک تەنیا هیچ هۆگریەکی بۆ گەلی کورد لە هیچ بەشێکی کوردستان نییە، بەڵکو وەک هەموو دوژمنانی دیکەی نەتەوەی کورد چاوی بە وە هەڵنایە کە لە بەشێکی کوردستان دا ڕیفڕاندۆمی سەربەخۆیی بکرێ و ئەو گەلە ژێر چەپۆکەی کە زیاتر لە سەد ساڵە چاوەڕوانی ڕۆژێکی وا دەکا، بتوانێ مافی دیاریکردنی چارەنووسی

خۆی بەکار بێنێ و سەربەخۆیی ڕابگەیەنێ.

ئاغای ڕووحانی وەک عادەتی هەمیشەیی ڕێژیمەکەی، لە لایەکەوە فریو دەدا و ڕیاکاری دەکا و لە لایەکی دیکەشەوە هێرش دەهێنێ و جینایەت دەکا. ئەو مەبەستی ئەوەیە کە گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە هانای براکوردەکانیان لە باشورەوە نەیەن و بە خاتری ئەوان شەقامەکان نەشلەژێنن. بەڵام خەیاڵی کاربەدەستانی ئێران و ڕێژیمەکانی دیکەی دژی کورد خاوە، ئەگەر فشاری زۆرتر بێنن و نیازیان هەبێ ئەزموونی باشوور تێکبشکێنن، جۆش و خرۆشی کوردستانیان لە ڕۆژهەڵات و باکور و باشور و ڕۆژ ئاوا، تەختی دەسەڵاتیان وەلەرزە دێنن و دورگەی ئارامیان لێ دەشێوێنن.

لە ژمارە ٧١٢ی ڕۆژنامەی "کوردستان" دا بڵاو بۆتەوە

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ١٦ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٧



سەرچاوە
Serchawe

## وتوویژی ڕۆژنامەی "کوردستان"

### لەگەڵ مستەفا شەڵماشی لە سەر بارودۆخی سیاسیی ئێران و ناوچە

مستەفا شەڵماشی: کورتکردنەوەی دەستی کۆماری ئیسلامی لە ناوچەدا ئاڵۆزییەکی تازە  بە دوای خۆیدا دێنێ و بە شکانی کۆماری ئیسلامی کۆتایی دێ لە هەلومەرجی ئێستادا لەو ناوچەیەی ئێمەی تێدا دەژین پتر لە هەر کاتێک بۆنی شەڕ دێ، ئێران و کوردستان لە کوێی ئەو ململانێیانەدا جێدەگرن؟ بوومەلەرزەکەی ئەم دواییانەی ڕۆژهەلاتی کوردستان و لێکەوتەکانی چیمان پێدەڵێن؟ بۆ دەگوترێ پرسی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە چاو بەشەکانی دیکەی کوردستان ڕۆژەڤ نییە و ئەو بابەتە چەندە لەجێی خۆی دایە؟ کێشە و ئاستەنگەکانی بەردەم پرسی کورد لە ئێران چین و حیزبی دێموکرات بۆ لابردنی بەردەم کۆسپەکانی یەکهەڵوێستی و یەک گوتاری چیی کردوە. ئەو بابەتانە و کۆمەڵە پرسیارێکی دیکە تەوەری وتوویژی «کوردستان» لەگەڵ مستەفا شەڵماشی، ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانن.

**پرسیار**: کاک مستەفا با لەو بوومەلەرزەیەی ئەم ڕۆژانەوە دەست پێبکەین کە زیانێکی گیانی و ماڵیی زۆری گەیاندە خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان. وێرانی و زیانەکان زیاتر لە چاوەڕوانییەکان بوون، هۆکارەکانی چ بوون؟

**وەڵام**: دیارە هۆکاری سەرەکیی ئەوە بەهێزبونی بوومەلەرزەکە و درێژبوونی ماوەی بوومەلەرزەکە بوو. دووەم هۆکاری زۆر گرنگیش لاوازیی بەشی زۆری خانووەکان و ئاپارتمانەکان بوو، بەتایبەتی ئەوانەی کە بە ناوی پڕۆژەی میهر لە لایەن دەوڵەتەوە دروست کرابوون و بە نرخێکی تا ڕادەیەک هەرزانتر درابوون بە خەڵک. دیارە ئەو خانووانە لە باری چۆنیەتییەوە زۆر خراپ بوون و هەرچۆنێک بێ بە نرخێکی هەرزان تەواویان کردبوون و ڕەنگە بەشی زۆری بودجەی خانووەکانیش چووبێ دە گیرفانی بەرپرسەکانەوە. سێهەم هۆی قوربانیدانی زۆر، نەبوونی سیستمی ئاگادار کردنەوە و فریاکەوتنە لە کاتی کارەساتێکی ئاوا دا. ئەگەر هەر دوای لەرزەی یەکەم زوو خەڵکیان لە مەترسیی بوومەلەرزەکە ئاگادار کردباوە ڕەنگە خەسارەت زۆر لەوە کەمتر بوایە. بە تایبەت کە ئەو بوومەلەرزەیە پێش لەرزەی هەبووە. دیارە خەڵکێکی زۆریش بەو هۆیەوە لەماڵەکان هاتوونە دەر و ئەوە تا ڕاددەیەک لە زیانی گیانیی کەم کردۆتەوە. بەڵام هیچ دەنگێکی وا نەبووە کە خەڵک وریا بکاتەوە تا پێش بوومەلەرزە گەورەکە هەموویان ماڵەکان بەجێ بێڵن. ئاخر هۆش بە باوەڕی من نەبوونی فریاکەوتنی ڕێکوپێک و بە وەخت بووە. هەر لە تەلەفزیۆنی دەوڵەتیشەوە دەماندی کە خەڵکەکە بۆخۆی بە پاچ و پێمەڕە و بە دەست بەدوای قوربانییەکاندا دەگەڕان. هیچ ئامرازێکی خێرا و پێشکەوتووی لێ نەبوو. بە پێچەوانەی

ئیددیعاکانی ڕێژێم هیچ هێزێکی فریاکەوتنی واشی لێ نەبوو. هەربۆیە ژمارەی گیانبەختکردووەکان سەعات لە دوای سەعات زیادی دەکرد. چونکە هێندە درەنگ فریایان دەکەوتن کە ئەگەر فەورەنیش گیانیان نەدابێ لە بن دار و پەردوودا گیانیان دەدا.

ئەوەی لەم پەیوەندیەدا دڵخۆشکەرە، هەڵوێستی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانە. ئەو هاوخەمی و هاو پەیوەندییەی لەم کارەساتەدا خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە خۆی نیشاندا ئەوە دەسەلمێنێ کە بە خۆشیەوە هەستی نەتەوەیی و ئینساندۆستی لە ئەوجی خۆی دایە و بەڕاستی ئینسان شانازی بە کوردبوونی خۆیەوە دەکا. ئەو بە هاوارهاتنەی ڕۆڵەکانی کورد لە هەموو ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ڕا هەر لە باکورەوە تا ناوەند و باشووری ڕۆژهەڵات کە ئاوا بە شێوەیەکی بەربڵاو بە پیر خوشک و براکانیانەوە چوون نیشانی دەدا کە گەلی کورد لە ڕۆژهەلاتی کوردستان یەکگرتووترین و بەهەستترین بەشی نەتەوەی کوردە، کە هەموو جارێ لە خۆشی و ناخۆشییەکانی خوشک و برایانی خۆیدا لە هەر ناوچەیەکی کوردستان بێ، دیسان خۆی دەسەلمێنێتەوە.

**پرسیار**: ئەگەر بوومەلەرزەیەکی وا لە وڵاتێکی دۆستی ئێران رووی دابا، ئێران بە پەلە خۆی دەگەیاندێ، وەک چۆن بینیمان لە شەڕی غەززەدا لە ماوەی کەمتر لە ڕۆژێکدا لە کەناوی فارسەوە خۆی گەیاندە کەنارەکانی دەریای ئۆردۆن. بەڵام خاوەخاو و کەمتەرخەمییەکانی دەزگا دەوڵەتییەکان بوو بەهۆی ئەوەی خەسارە گیانییەکان زیاتر بن. ئایا ئەوە هۆکارێکی تایبەتیی هەبوو؟

**وەڵام**: ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی هەر لە بناغەدا خۆی بە بەرپرس نازانێ لە بەرامبەر خەڵکی ئێران بە گشتی و خەڵکی کوردستان بە تایبەتی. تێڕوانینی ئەو ڕێژیمە بۆ هەموو مەسەلەیەک، تێڕوانینێکی ئیدۆلۆژیکە. ئەو تەنیا ئە و کەس و گرووپانە بە ئی خۆی دەزانێ کە بە تەواوی لە خزمەتی ڕێژیمەکەی دابن. هەربۆیە کاتێک حیزبوڵڵای لوبنان بە هۆی ئاژاوەگێڕییەکانیەوە دەبێتە هۆی وێرانیی بەشێک لە باشووری لوبنان، کۆماری ئیسلامی بە ملیاردها دۆلارەوە خۆی دەگەیەنێتێ و لە ماوەیەکی کورتدا ئاوەدانی دەکاتەوە، بەڵام لە نێوخۆی ئێراندا ئیستاش گۆیا ئاوەدانکردنەوەی شاری «بەم» تەواو نەبووە. جا بۆ کوردستان هەر زۆر لەوەش خراپترە. ئەوەندەی دەگەڕێتەوە سەر کوردستان لە کەمتەرخەمی تێپەڕیوە. بە باوەڕی من تەواو عەمدییە. لە حاڵێکدا لە ڕاگەیەندنەکانیاندا هیچیان تێدا نەهێشتووەتەوە و ئیددیعا دەکەن فەورەن هەموو پێداویستییەکیان دابین کردوە، لە ڕاپۆرتی تەلەفزیۆنی خودی خۆیاندا دەبینین کە هیچ فریاکەوتنێکی لێ نییە و قوربانییەکانی ئەو بوومەلەرزیە کە بۆخۆیان بە هەزار زەحمەت لە بن دار و پەردوو ڕزگاریان بووە، بەدوای ونبووەکاندا دەگەڕێن و ئەوەندە کەلوپەلەش کە پێیان گەیوە هەمووی دیارە کە هەر یارمەتیی کۆمەڵانی خەڵکە.

**پرسیار**: جیا لەو کەمتەرخەمیییانە ئەوەی ڕوحی خەڵکی بریندار کرد ئەوە بوو کە دەوڵەت لە ڕووداوی ئاگرگرتنەکەی «پلاسکۆ» لە تاران کە ڕۆژی ۳۰ی بەفرانباری ساڵی ڕابردوو ڕووی دا، ماتەمینیی گشتیی لە هەموو ئێراندا ڕاگەیاند، لە حاڵێکدا لەو ڕووداوەدا باڵەخانەیەک سووتا و ڕووخا، لە نێوان ۲۰ تا ۳۰ کەس گیانیان لە دەست دا و نیزیک ۲۳۰ کەس بریندار بوون. بەڵام لە بوومەلەرزەکەی پارێزگای کرماشاندا نیزیک ۵۰۰ کەس کوژران، ۷۰۰۰ کەس بریندار بوون و سەدان باڵەخانە و هەزاران ماڵ کاول بوون، کەچی تەنیا لە کرماشان ماتەمینی ڕاگەیەندرا؟ بۆ؟

**وەڵام**: ئەو کارەساتە گەورەیە هەڵی دەگرت کە نەک یەک ڕۆژ بگرە سێ ڕۆژیش لە سەرتاسەری ئێراندا ماتەمینی گشتیی بۆ ڕاگەیەندرابا. بەڵام هەر وەک لە وەڵامی پرسیاری پێشوودا گوتم، ئەو ڕێژیمە کوردستان بە خودی نازانێ و گرنگی پێ نادا. مەسەلەیەکی دیکەش کە زۆر ئاشکرا بە هەڵوێستی ڕێژیمەوە دیارە، سەرپۆشدانان لەسەر ئەو کارەساتە و بە کەم نیشاندانی ئەنجامەکانی ئەو کارەساتەیە. ڕێژیم تەنانەت داوای یارمەتیی کۆمەڵگەی نێونەتەوەییشی ڕەت کردەوە. بە باوەڕی من جگە لەوەی کە دوژمنایەتی ڕێژیم لە گەڵ کورد نیشان دەدا، شتێکی بن پەردەشی تێ دایە. چونکە بە ئاشکرا دیارە کە ڕژیم نایهەوێ وڵاتان لە قووڵایی ئەو کارەساتە تێ بگەن و تەنانەت نایهەوێ هەواڵنێرانیش بەو ناوچانەدا تێپەڕن. هەرچەند بەڵگەیەک بە دەستەوە نییە، بەڵام هەموو نیشانەکان ئاماژە بەوە دەکەن کە ڕێژیم شتێکی بۆ شاردنەوە هەیە.

**پرسیار**: بێینە سەر بوومەلەرزەیەکی دی. چەند دەیە دەبێ ڕەوشی ئەمنیەتیی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست هیندەی ئێستا لەرزۆک و ئاڵۆز نەبووە. ناکۆکیی قووڵی خاوەن بەرژەوەندییەکان لە یەکلاکردنەوەی ئەو کێشانە دەگاتە کوێ؟ ئایا ناوچە لە چاوەڕوانیی شەڕێک دایە؟

**وەڵام**: لە کەس شاراوە نییە کە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست پڕ کێشەترین ناوچەی جیهانە. ئەوەش چەند هۆکارێکی سەرەکیی هەیە. لە لایەکەوە ناوچەیەکی فرە نەتەوە، فرە دین و فرە مەزهەبە. کلتووری جیاواز و ڕادەی گەشە و پێشکەوتنی زۆر جیاوازی تێ دایە. یەکتر قەبوڵکردن و پێکەوەژیانی بە ئاشتییانە لە ڕادەی هەرە نزمی خۆی دایە. لە باری دابەشکردنی دەسەڵات، دابەشکردنی سەروەت و سامان و هەلی یەکسانەوە هیچ عەداڵەتێکی تێدا نییە. نەتەوەکان دابەش بوون بە سەر نەتەوەی فەرمانڕەوا و نەتەوەی ژێردەستەدا. ئێرانی و تورک و عەرەب شەڕیانە لەسەر دەسەڵات و هێژمۆنی لە ناوچەدا. کورد بە تایبەتی و چەند نەتەوەیەکی دیکەش خەباتێکی خوێناوی دەکەن لە پێناوی وەدەستهێنانی سەرەتاییترین مافی ئینسانی خۆیاندا. مەسەلەیەکی دیکەی گرنگی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست ئەوەیە کە خاوەنی سەرچاوەی ژێرزەمینیی زۆرە، ڕادەیەکی زۆر لە نەوت و گازی جیهان لەو ناوچەیەوە دابین دەکرێ، هەروەها سەرچاوەیەکی گرنگی ئاوی شیرینە و جگە

لەوەش ناوچەیەکی ستراتیژیک و ژئوپۆلیتیکی گرنگە لە نێوان ئاسیا و ئورووپا دا. ئەوەش وایکردوە کە بەدرێژایی مێژوو چاوی تەماعی زلهێزەکانی دنیای لەسەر بووە. هاتوون داگیریان کردوە و بە پێی قازانجی ئابووریی خۆیان دابەشیان کردوە. بایی هەزاران میلیارد دۆلار چەک و چۆڵیان تێدا فرۆشتوە و بۆ پاراستنی قازانجەکانی خۆیان هەرجارەی پشتیوانییان لە دیکتاتۆرێک کردوە. لە سەردەمی ئێستاشدا شەڕی بەرژەوەندییەکانی زلهێزەکانی ناوچە لە لایەک و زلهێزە جیهانییەکان لە لایەکی دیکەوە لەو ناوچەیەدا بەردەوامە. لە چەند ساڵی ڕابردوودا دوو مەسەلە بوونە هۆی ئەوەی کە دەرفەتێکی زێڕین بدەن بە کۆماری ئیسلامی کە هێژمۆنیی خۆی لە ناوچەدا زیاتر بسەپێنێ، یەکیان سیاسەتی موماشات و تەسلیم تەڵەبانەی ئیدارەی ئۆباما سەرۆککۆماری ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا لەگەڵ ئێران و دووەمیان شەڕی داعش بوو. تا وای لێهات کە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی تەواو سەرەڕۆ و بێ منەت بێ و ڕووهەڵماڵاوانە دەستێوەردان بکا لە کاروباری وڵاتانی ناوچەدا. بەڵام بە باوەڕی من چیدی ئەوەی بۆ ناچێتە سەر و لێی قەبوڵ ناکرێ. بە تایبەت کە وێدەچێ دوو زلهێزی گەورەی جیهانی و هاوپەیمانەکانیان کە لە ناوچەدان، واتە ئەمریکا و ڕووسیە لە سەر دابەشکردنی هێژمۆنی و پاراستنی قازانجەکانیان ڕێککەوتبن. هەروەها وێدەچێ ئیدارەی ترامپ لە ئەمریکا سیاسەتێکی چالاکتری لە دژی کۆماری ئیسلامی و بە تایبەتی دەستێوەردانەکانی کۆماری ئیسلامی لە ناوچەدا هەبێ. هێزە ناوچەییەکانی وەک عەرەبستان و تورکیەش زۆر لە ئێران دڵپڕن. وای بۆ دەچم کە بەرنامەی کورتکردنەوەی دەستی کۆماری ئیسلامی لە ناوچەدا ئاڵۆزییەکی تازە بە دوای خۆیدا بێنێ و بە شکستی کۆماری ئیسلامی کۆتایی بێ. جا چ بە شێوەی تەسلیم بوونی کۆماری ئیسلامی و خواردنەوەی جامێکی ژەهری دیکەبێ تا بتوانێ بە شێوەیەکی لاواز خۆی بپارێزێ، و چ بە ڕووخانی ئەو ڕێژیمە تەواو بێ. بەهەر حاڵ وەزعی ئێستا ناتوانێ درێژەی هەبێ.

**پرسیار**: لە ئێستادا وا دێتە بەرچاو کە پێگەی ئێران بەهێزتر لە هەر کاتێکە. لە سووریەدا توانیویەتی ستراتیژیی خۆی سەربخا، پێوەندیی قووڵ و پتەوی لەگەڵ بەغدا دروست کردوە و عەرەبستانی لە یەمەن تووشی شەڕێکی پڕتێچوو و پڕ شەکەتی لەگەڵ حوسییەکان کردوە؛ حیزبوڵلا لە هەموو کاتێک سەرکەشترە؛ پێوەندیی لەگەڵ ئورووپاش زۆر باشە. بڵێی ئەوە لە خۆی تێک دا و بیەوێ لەگەڵ عەرەبستان ڕاستەوخۆ تێک گیرێ؟

**وەڵام**: ڕاستە زاهیرەن کۆماری ئیسلامی بەهێز دیارە و هێژمۆنیی خۆی لە ناوچەدا بڵاو کردووەتەوە. بەڵام دوو کێشەی سەرەکی لەبەردەم کۆماری ئیسلامی دایە. یەکیان ئەوەیە کە تا کەی دەتوانێ بە خەرجکردنی بودجەی ژیانی کۆمەڵانی خەڵکی ئێران ئەو هەموو بەرەیانەی شەڕ بپارێزێ و ئیمکاناتیان بۆ دابین بکا و خەڵک و وڵاتەکەی خۆشی بە دەست بێکاری و بێ داهاتی و بێ دەرەتانیەوە بناڵێنن. دیارە بەم شێوە کۆماری ئیسلامی لە وڵاتە دراوسێکانی دا کۆمەڵێک جیرەخۆر بەدەست دێنێ، بەڵام هەتا دێ دڵی کۆمەڵانی خەڵکی ئێران زۆرتر لە دەست دەدا. قەیرانەکانی ئابووری، سیاسی

و کۆمەڵایەتیش لە نێوخۆی ئێراندا هەتا دێ زۆرتر قوڵ دەبنەوە. دووەم کێشە بۆ کۆماری ئیسلامی ئەوەیە کە سەبری زلهێزە جیهانییەکان و زلهێزە ناوچەییەکانیش لە سەریەوە دەڕژێ. نە وڵاتانی عەرەبی، نە تورکیە و نە ئەمریکا و وڵاتانی غەربی و نە ڕووسیەش هەتا سەر لێی قەبوڵ ناکەن. تا ئەو دواییانەش گومان هەبوو لەسەر ئەوەی کە ڕووسیە پشتی تێبکا. بەڵام ئەو دواییانە بە ئاشکرا هاوکاریی ڕوسیە و ئەمریکا لە مەسەلەی سووریەدا دەبینرێ و تەواو پێچەوانەی سیاسەتی کۆماری ئیسلامیشە. لە بەرامبەر کوردیشدا ڕووسیە و ئێران دوو سیاسەتی لێک جیایان هەیە. تەنیا لە سووریەدا بە زاهیر لە یەک بەرەدان، بەڵام لەویش ڕەقیبن و هەتا دێ ڕووسیە زۆرتر تەنگ بە ئیران هەڵدەچنێ و لە نفوزی کەم دەکاتەوە. زۆرتریش لە تورکیە و عەرەبەکان نیزیک دەبێتەوە. تورکیە و کۆماری ئیسلامیش قازانجیان پێکەوە یەک ناگرێتەوە. زاهیرەن لە دژایەتی لەگەڵ کورددا یەک بوون، کەچی لە کردەوەدا نەیانتوانی هاوکاری بکەن و تورکیە ئەو خەتەی درێژە نەدا کە کۆماری ئیسلامی دەیهەویست و لانیکەم لەگەڵی هەماهەنگ نەبوو، چونکە بەرژەوەندییەکانیان لێک جیاوازن. عەرەبستان هەر بە هیچ شێوەیەک ناتوانێ لە گەڵ ئەو هێژمۆنیخوازییەی ئێران هەڵکا. ئەو هەم وەک جیهانی عەرەب دژی پەلهاویشتنی ئێران لە ناوچە دایە و هەم وەک ناوەندی جیهانی ئیسلام. بۆیە داهاتوو زۆر بە قازانجی کۆماری ئیسلامی نییە ئەگەر بەو سیاسەتە فراوانخوازیانەی درێژە بدا.

**پرسیار**: کە چاو لە نێوخۆی حاکمییەت دەکەین دەبینین لە ئێستادا حاکمییەت تەواو یەکدەستە. کاریگەریی ئەو یەکدەستبوونە لەسەر خەباتی ئۆپۆزیسیۆن و تێکۆشانی مافخوازیی خەڵکی کوردستان چۆن دەبینی؟

**وەڵام**: من پێموایە تەنیا ڕواڵەتی دەرەوەی حاکمییەت لە هەلومەرجی ئێستادا یەکدەست دیارە. هۆیەکەشی ئەوەیە کە هەرچەند بە زاهیر لە هێندێک مەیداندا براوەن، بەڵام بۆخۆشیان دەزانن کە لە هەموو کاتێک زەربە پەزیرترن و ڕێژیمەکەشیان لە هەموو کاتێک زیاتر هەڕەشەی لەسەرە. دیارە بۆ پاراستنی نیزامیش هەموویان یەکدەستن. ئەگەر لە ژێرەوە ناکۆکیشیان لەگەڵ یەکتر هەبێ لەسەر چۆنیەتیی ئیدارەکردن و شێوەی هەڵسوکەوت لەگەڵ دنیای دەرەوە، لە کاتی تەنگانەدا و بۆ پاراستنی نیزامەکەیان هەموو ناکۆکییەکان وەلا دەنێن و یەکدەست دیارن. سەبارەت بە کاریگەریی ئەو یەکدەستبوونە لە سەر خەباتی ئۆپۆزیسیۆن و تێکۆشانی مافخوازی حەڵکی کوردستان، من بەش بە حاڵی خۆم پێم باشترە هەموو کاربەدەستانی ڕێژیم ڕووی ڕاستەقینەی خۆیان نیشان بدەن و ڕۆڵ دابەش نەکەن و ڕوو بەدەرەوەش هەمان هەڵوێستیان هەبێ کە لە گەڵ ماهییەتیان یەک دەگرێتەوە. چونکە ئیددیعاکانی سەردەمی هەڵبژاردن و ڕوو بە دنیای دەرەوە تەنیا دەبێتە هۆی دروستبوونی هێندێک تەوەهووم نیسبەت بە ڕێژیم و قازانجی بۆ هیچ لایەنێک نییە، جگە لە ڕێژیم خۆی. بۆیە یەکهەڵوێست بوونی کاربەدەستانی ڕێژیمم پێ قازانجە بۆ ئۆپۆزیسیۆن و بۆ تێکۆشانی مافخوازانەی گەلی کورد. شەڕی زێڕینگەریی کاربەدەستانی ڕێژیم هیچ قازانجێک بە ئۆپۆزیسیۆن و خەباتگێڕانی کورد ناگەیەنێ. ڕووحانی لە

دوو دەورەدا بۆ ڕاکێشانی خەڵک بۆسەر سندوقەکانی دەنگدان و بۆ فریودانی ئەفکاری عمومی دەیان بەڵێنی دا و ئێستاش کە جارێکی دی نایەتەوە بەر قەزاوەتی خەڵک، دیارە لە کوێ ڕاوەستاوە.

**پرسیار**: ئەگەر کەمێک بە ڕوونی بدوێین پێتان وانییە کوردستان و پرسی کورد لە ئێران ئێستا زۆر لە پەراوێز دایە؟ لە دوایین ڕاپۆرتی خاتوو ئەسما جەهانگیریشدا بینیمان کەمترین سەرنج درابووە سەر پێشێلکردنی سیستماتیکی مافی کورد لە ئێران، یانی هەر باس نەکرابوو. ئەمن دەپرسم بۆ لەو دۆخە داین؟

**وەڵام**: ئەو دۆخەی ئێستا بەرهەمی چەندین هۆکارە. یەکێک لە هۆکارەکان ئەوەیە کە بەداخەوە بەرگری لە مافی مرۆڤ لە دنیادا دەکەوێتە دوای پاراستنی بەرژەوەندیی ئابووری و سیاسی. وە نیە کەم لەسەر کۆماری ئیسلامی و پێشێلکارییەکانی کۆماری ئیسلامی گوترابێ، ئەوەش وا نییە کە ناوەندە نێونەتەوەییەکان لێی ئاگادار نەبن. ڕەنگە لە سەردەمی ئامادەکرانی ڕاپۆرتێکی تایبەتیدا حیزب و ڕێکخراوە کوردستانییەکان و چالاکانی بواری مافی مرۆڤ غافڵ بووبن و نەیانتوانیبێ شوێن دابنێن. بەڵام بەگشتی هەموو جیهان و هەموو ڕێکخراوەکانی بواری مافی مرۆڤ لە جینایەتەکانی کۆماری ئیسلامی ئاگادارن و ئێمەش لە هەموو دیدارەکانماندا ئەوە هەست پێ دەکەین. هۆی دیکەی ئەوەیە کە ئێستا لە سەر ڕێژیمی ئێران سێ مەسەلە بە گرنگتر دادەنرێ تا پێشێلکاریی مافی مرۆڤ. ئەویش مەسەلەی چەکی ئەتۆمی، مەسەلەی دەستێوەردانەکانی لە وڵاتانی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و مەسەلەی موشەکە دوورهاوێژەکانیەتی. کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی بە پلەی یەکەم دەیهەوێ ئەو خەتەرانەی کۆماری ئیسلامی لە سەر خۆی دوورخاتەوە. دوایە نۆرەی مافی مرۆڤ دێ. بەداخەوە لە وڵاتانی دیکەش هەروایە. باس لەسەر مافی مرۆڤ زۆرتر لە چوارچێوەی قەتعنامە و داواکاریەکی سەر کاغەز دا دەمێنێتەوە.

**پرسیار**: هەر مەسەلەی مافی مرۆڤ نییە، ئەدی کێشەکانی دیکەی کۆمەڵگەی کوردستان لە نێو خۆیدا چی کە وادێتە بەرچاو ستاتوی کوردی ڕۆژهەڵات بە نزمتر ببیندرێ. هۆکارەکان چین؟ ئایا نەبوونی گوتارێکی گشتگیرە؟ کێشەی پرشوبڵاویی حیزبەکانیەتی؟ مەسەلەی قەیرانی شوناسە؟ ژئوپۆلوتیکە؟ بەهێزبوونی حکومەتی ناوەندییە؟ چییە؟

**وەڵام**: کێشەی سەرەکیی کورد نەبوونی ستراتیژیی نەتەوەیی و یەکگرتوویی نەتەوەییە. هەرچەندە خاڵی هاوبەش لە بۆچوونی ڕێکخراوە کوردستانیەکاندا زۆرە، بەڵام ئەو خاڵە هاوبەشانە کاریان لەسەر نەکراوە و نەکراونەتە ستراتیژی نەتەوەیی و نەکراونەتە هێڵی سوور بۆ هەمووان. لە کوردستان حیزب بۆ ستراتیژی نەتەوەیی بە کار ناهێنرێ، بەڵکوو بە پێچەوانەوە حیزبەکان هەوڵ دەدەن مەسەلە نەتەوەییەکە بۆ بەهێزبوونی حیزب بە کار بێنن. هەربۆیەشە تەنانەت لە سەر ئەوەش زۆر جار کێشەیانە و موزایەدەی حیزبی پێوە دەکەن و بە مێژووی خۆیانی دەزانن و حیزب لە کۆمەڵگە جوێ

دەکەنەوە. ئەگەر وانەبا مەسەلە نەتەوەییەکەیان بە ئی هەمووان دەزانی و لەگەڵ یەکتر ڕێکدەکەوتن بۆ وەدیهێنانی ئەو ئامانجانە. دیارە کێشەی قەیرانی شوناس و ژێئۆپۆلیتیکیشمان هەیە. دابەشکرانی کوردستان بۆ چوار پارچە هەم شوناسی لێ تێکداوین و هەم ئێمەی خستووەتە نێو چوارچێوەیەکی ژێئۆپۆلیتیکیەوە کە هەر چوار دەورمان دوژمنە. هێزی نەتەوەی کورد دابەش کراوە، فەرهەنگ و کلتووری دابەش کراوە، پەیوەندییە کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکانی دابەش کراون. لە بەرامبەردا دوژمنمان زۆرتر بوون و هێزی حکومەتە ناوەندییەکان زۆرتر بووە، بە هۆی ئەوەوە کە چوار حکومەتی ناوەندی هەمیشە لە دژی ئێمە کۆکن و بۆ لێدانی ئێمە هەموو ناکۆکییەکانی خۆیان وەلا دەنێن. سەرەڕای هەمووی ئەوانە ئەگەر هەموو کورد وەک یەک نەتەوە بیر بکاتەوە، ناکۆکییەکان وەلا نێین و یەکگرتوو بین، هیچ هێزێک ناتوانێ تێکمان بشکێنێ.

**پرسیار**: ئەمەی جەنابت فەرمووت بە چی دەکرێ و چۆن دەکرێ؟

**وەڵام**: بە داڕشتنی ستراتیژیی نەتەوەیی، یەکگرتن لە بەرەیەک یا کۆنگرەیەکی نەتەوەیی دا، بە لابیگەرییەکی نەتەوەیی لە دەرەوەی وڵات و بە بەشداری هەموو حیزب و ڕێکخراوە کوردستانییەکان و کارکردن لە نێوخۆی کوردستاندا بۆ ڕێکخستنی هەستی نەتەوەیی و گۆڕینی ئەو هەستە بەهێزی نەتەوەیی(بەواتای دروستکردنی نەتەوەو ئامادەکردنی بۆ دەوڵەتداری)، بە جۆرێک کە لە کاتی پێویستدا بتوانێ بیهێنێتە سەر شەقام. ئەوانە لەو ئامرازانەن کە دەتوانرێ بە هۆیانەوە کۆسپەکان وەلا بنرێن و کورد لە جیهاندا شوێندانەرتر بکەن و کیانی کوردی بکەنە ئەمری واقیع.

**پرسیار**: ئێوە وەک حیزبی دێموکرات چیتان لەو پێناوەدا کردوە و هەوڵەکانتان بە کوێ گەیشتوون؟

**وەڵام**: گرنگترین هەنگاو بۆ ئەو هەوڵانە ئەوەیە کە بەڕاستی لەو پێویستییە مێژووییانە تێگەیشتبی. دووەم هەنگاو ئەوەیە کە حیزب بە ئامرازێک بزانێ بۆ وەدیهێنانی ئەو پێویستییانە. سێهەمین هەنگاویش ئەوەیە کە بەکردەوە و باوەڕەوە هەنگاوی بۆ باوێژێ. ئێمە وەک حیزبی دێموکراتی کوردستان لە هەنگاوی یەکەم و دووەم تێپەڕیوین و بۆ هەنگاوی سێهەم ئامادەین. هیوادارم وەڵامی ئەرێنی لە بەرامبەرەکانمان وەربگرین و بتوانین بە هاوکاری خەباتگێڕانی دیکەی مەیدانی کوردایەتی، بەتایبەتی ئەوانەی کە بە بۆچوون و بە مێژوو زۆر لێک نیزیکین ئەو ئامانجە گەورەیە وەدی بێنین. پێمخۆشە ئەوە بڵێم کە یەکگرتنەوەی بنەماڵەی گەورەی دێموکڕات کە حدک هەر لە دوای کۆنگرەی چاردەوە بە لێبڕاویەوە هەوڵی بۆداوە، دەتوانێ چەند هەنگاوێک لەو ستراتیژیە نەتەوەییە نیزیکمان بکاتەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٤ی نۆڤەمبەری ٢٠١٧

## وەرگێڕدراوی دەقی وتەکانی بەڕیز مستەفا شەڵماشی ئەندامی د.س حدک لە کۆبوونەوەی شۆڕای ئینتێرناسیۆناڵی سوسیالیست لە بارشلۆنا

**بەڕێز سەرۆک بەڕێز سکرتێری گشتی**
**بەڕێزان بەشدارانی شوڕای سۆسیالیست ئینتەرناشناڵ**
**هاوڕێیانی بەڕێز**

**وەک نوێنەری حیزبی دێموکڕاتی کوردستان داوای کۆبونەوەیەکی سەرکەوتوی شوڕا بۆ هەمومان دەکەم**

شانازی ئەوەم پێدراوە کە گەرمترین سڵاوەکانی ڕێبەریایەتی حیزبەکەمان، ئەندامان و پێشمەرگەکانتان پێ بگەیەنم. ئەمن لەو بەشە لە کوردستانەوە دێم کە دەکەوێتە نێو ئێران و لە لایەن کۆماری بەناو ئیسلامیەوە بە ڕێوە دەچێ، کە لە کاروباری نێوخۆیی هەمو وڵاتەکانی دەراوسێی دا دەستتێوەردان دەکا، لە ڕاددەی نێونەتەوەیی دا پشتیوانی لە تیرۆریزم دەکا، سەرقاڵی پرۆسەیەکە بۆ بەدەستهێنانی چەکی ئەتۆمی، هەوڵ دەدا بە هێز هەڕەشە لە ئاشتی جیهانی بکا بە نیشاندانی موشەکی دوورهاوێژ و بەشێوەیەکی بەربڵاو مافەکانی مرۆڤ و مافە سەرەتاییەکانی خەڵکی ئێران پێشێل دەکا. بەردەوام چالاکانی سیاسی، چالاکانی بواری مافی مرۆڤ و ڕۆژنامەنوسان دەستبەسەر دەکا، حوکمی زیندانی کردنی دوور و دریژیان بۆدەبرێتەوە و تەنانەت سزای ئیعدامیان بەسەردا دەسەپێنێ بێ ئەوەی کە ئیمکانی دادگاییەکی عادڵانەیان بۆ ئامادە بکا و مافی بەرگری لە خۆیان پێ بدا. هەر ئێستا ژمارەیەکی زۆر لە چالاکانی مەدەنی، سیاسی و ڕۆژنامەنوسان و چالاکانی بواری مافی مرۆڤ لە کوردستان زیندانی کراون یا حوکمی ئیعدامیان بەسەردا سەپاوە. بەداخێکی گرانەوە وەک ئەوەش دەچێ کە کۆمەڵگای نێونەتەوەیی ئەوانی هەر لە بیر بردبێتەوە.

ئەمن ئەم هەلە بە کار دێنم تا ڕوویەکی دیکە لە سەرەڕۆیی و توند وتیژی ڕژیمی ئێرانتان بۆ باس بکەم. هێزەنیزامیەکانی ئێران لە عێراق، سوریە، لوبنان، یەمەن ، کوردستان و وڵاتانی دیکەش حزوریان هەیە و خەریکی ئاژاوە نانەوە و بێ سەبات کردنی هەمو ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستن.

ناخۆشترین بەشی حزوور و دەخالەتی ڕژیمی بە ناو ئیسلامی ئێران ئەوەیە کە لە کوردستانە. بوونی کۆماری ئیسلامی لە کوردستان تەنیا بۆ ئەوەیە کە هەر دەنگێکی ئازادیخوازی کورد لە گەرووداخەفە بکا، سەرمایە ئابوریەکانی کوردستان بە

تالآن بەرێ، قازانجە سیاسی و ئابوریەکانی خۆی دابین بکا و هەمو ئیکاناتەکانی کوردستان بەکار بێنێ. بەڵام کاتێک دەگاتە سەر ئەوەی کە خەڵکی کوردستان پێویستیان بە یارمەتی ڕژیمی ئێران هەبێ، ئەو ڕژیمە دیار نییە. با تەماشایەکی ئەو وێنە زیندوە بکەین کە لە کوردستانی ئێران و لە ناوچەکانی کرماشان و ئیلام بە ڕوونی دەیبینین. دوای بوومەلەرزە بە هێزەکەی دوو حەوتو ڕابردوو، بەتایبەت وەزعی لێقەوماوانی بوومە لەرزە چاو لێ بکەین و ببینین هەر ئێستا لە چ حاڵێک دان. ڕژیمی ئێران بۆخۆی یارمەتی شارۆوەندانی خۆی ناکا و ڕێگاش نادا کە کۆمەڵگای نێو نەتەوەیی دوای ئەو بوومەلەرزە ماڵوێرانکەرە یارمەتیان بکا. تەنانەت ڕێگا نادا ڕۆژنامەنوسان قووڵایی ئەو کارەساتە گەورەیە بە جیهانیان نیشان بدەن و سەرنجی کۆمەڵگای نێونەتەوەیی بۆ ئەو فاجیعە ئینسانیە ڕاکێشن. گەلی کورد لە سەرانسەری ڕۆژهەڵاتی کوردستان ، ناوچەکانی دیکە ی کوردستان و کوردەکانی دەرەوەی وڵاتیش دەستیان کرد بە هەڵمەتی کۆکردنەوەی یارمە تی، بەڵام ڕژیم لەو بارەشەوە هاوکاری نەکرد تا یارمەتیەکان بە شێوەیەکی ڕێک و پێک بگەن. هێندێک هەواڵ لەو ناوچەیەوە بڵاو دەبنەوە کە گۆیا ڕژیم لە چیاکانی ئەو ناوچەیەدا بە شێوەیەکی ژێرزەمینی خەریکی تاقیکردنەوەی هێندێک چەک و چۆڵی نئزامی ڕێگا پێ نەدراوە بۆیە نای هەوێ ڕێگا بە هیچ کەس بدا کە بگاتە ئەو ناوچانە. ئەوە لە کاتێک دایە کە خەڵکی ئەو ناچانە پێویستیان بە یارمەتی کۆمەڵگای نێو نەتەوەیی هەیە تا بتوانن ناوچە کانیان ئاوەدان بکەنەوە و ژیانیان بنیات بنێنەوە دوای ئەو کارەساتە گەورەیە.

بۆ هەموان ئاشکرایە کە کوردەکان لە لایەن دەراوسێکانیانەوە زوڵمیان لێ دەکرێ وفشاریان بۆ دەهێنرێ. ڕژیمی ئیسلامی لە ئێران، ڕژیمی شیعی لە عێراق، حکومەتی ناسیونالیستی تورک لە تورکیە، ڕژیمی ئەسەد لە سوریە و داعش لە عێراق و سوریە فشارێکی زۆریان بۆ کورد هێناوە. سەرەڕای هەمو ئەو گیر و گرفتانە پێشمەرگەکانی کورد وەک سەرەکیترین هێزی دژی تیرۆڕ بە گشتی و داعیش بە تایبەتی لە مەیدان ڕاوەستاون. بە واتایەکی دیکە پێشمەرگەکانمان، جەنگاوەرانی کوڕ وکچی ئێمە پارێزگاری لە هەمو کۆمەڵگای نێونەتەوەیی دەکەن لە بەرامبەر هەڕەشەکانی تیرۆریستانی داعش لە عێراق و سوریە. پێشمەرگەکانمان سەلماندویانە کە ئەوان شەڕ دەکەن لە پێناوی، سەبات، ئاشتی، بە یەکەوە ژیان و دامەزراندنی سیستمی دێموکراسی لە ناوچەدا.

## هاوڕێیانی بەڕێز

بە دوای بەڕێوەچونی ڕیفراندۆم لە باشوری کوردستان لە ٢٥ی سیپتامبری ٢٠١٧ دا، دەوڵەتی ناوەندی عێراق بە هاوکاری ڕژیمی ئێران، پەلاماری ناوچەیەکی بەربلاوی کوردستانی دایەوەو داگیری کرد. بەوەشەوە نە وەستاو گەمارۆی ئابوری خستە سەر هەرێمی کوردستان و دەرگای هات وچۆی هەوایی لەسەر داخست بەو ئامانجەی کە حکومەتی هەرێم دەنگی بە دنیا

ڕانەگا. حکومەتی ناوەندیی عێراق بە هاوکاری ڕاستەخۆی ڕژیمی ئێران و بە بەکار هێنانی جەیشی شەعبی و سپای عێراق پەلاماری نیزامی کردە سەر کوردستان و ناوچەی کەرکوک و ناوچە کوردستانیەکانی دیکەی دەرەوەی هەرێمیان داگیر کردەوە. جێگای نیگەرانی زۆر ئەوەیە کە ڕژیمی ئێران ڕۆڵی سەرەکی بینی لە هێرش کردن دژی حکومەتی هەرێمی باشوری کوردستان.

سەرەڕای هێرش و دەستێوەردانی دوژمنانی مێژوویی کورد، گەلی کورد لە باشوری کوردستان مافی خۆی بو کە لە ڕێگایەکی دێموکراتیک و مۆدێرنەوەو بە پێی پڕیارنامە نێونەتەوەییەکان سەبارەت بە مافی دیاریکردنی چارەنوس، ویستی خۆیان بۆ سەربەخۆیی بە دنیا نیشان دا، ئەوەش مافێکی قانونی دانپێداهێنراوی ئەو خەڵکە بوو. لە دوای سەدەیەک لە چەوساندنەوەو ئەنفال کردن و ژینۆساید، ئەوە گەلی کورد نییە کە دەبێ ڕەخنەی لێ بگیرێ کە ڕیفڕاندۆمی کردوە، بەڵکو ئەوە دەوڵەتی ناوەندییە کە جێگای لێپرسینەوەیە لە سەر هێرشی بۆ سەر کوردستان. ئەوە حکومەتی ناوەندییە کە دەبێ لێی بپرسرێتەوە کە بۆچی پێش ئەوەی کە تەنانەت کوردەکان هیچ هەنگاوێکیان نابێ بەرەو جیابونەوە، فەورەن دەستی کرد بە هێرشی نیزامی وگەمارۆ دانی کوردەکان. لە لایەکی دیکە وە پەلامار و هێرشی دوژمنەکانی کورد نابێ شوێنکاری نێگەتیفی ڕەوانیان هەبێ لە سەر پسیکۆلۆژی تاکی کورد و وورەی هێزەکوردیەکان. دەبێ ئەوە بزانرێ کە مافی دیاریکردنی چارەنوس بۆ گەلی کورد مافێکی ڕەواو قانونیە و لە کۆتایی دا پێویستە بێتە دی جا لە هەر فۆرمێک دابێ کە کورد بۆخۆی بڕیاری لەسەر بدا.

ئێمە پشتیوانی دەکەین لە پیادەکردنی عەداڵەت و قانون لە مەسەلەی باشوری کوردستان دا بەهەر ڕێگایەک دا کە بۆخۆیان دیاری دەکەن. هیوادارین بە دەرس وەرگرتن لەو ئاستەنگیانەی هاتنە پێش هەمو هێزە کوردستانیەکانی باشوری کوردستان یەک بگرن و پێکەوە نەخشەڕێگایەک دابنێن و بەرەنگاری هەل و مەرجە تازەکە ببنەوە. بۆ تێپەر کردنی ئە م وەزعە دژوارە پێویستە لە هەمو هێزە کوردستانیەکان لە هەمو بەشەکانی کوردستان دا کەڵک وەربگیرێ.

بێ تەفاوەتی کۆمەڵگای نێونەتەوەیی و یارمەتی بەر فرەوانی ڕژیمی ئێران بە حەشدی شەعبی و سپای عێراق، بە داخەوە بوونە هۆی دەمارگرژی ولەخۆ بایی بوونی دەوڵەتی عێراق بە جۆرێک کە تەماعیان لە دەسکەوتەکانی گەلی کورد کردوە و دەیان هەوێ کورد لە مافە دەستوری و یاساییەکانی دابڕن. ئەو بێ تەفاوەتی و پاسیڤ بوونەی کۆمەڵگای نێونەتەوەی و بە تایبەت وڵاتانی هاوپەیمان لە دژی داعش لە ڕاستی دا خەتەرێکی جیددی پێک دێنێ لە لایەن تیرۆریستانە وە لەسەر ئاشتی جیهانی. جگە لەوەش بە بیرکردنەوە لە سەرچاوەکانی ئاژاوەو بێ سەباتی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دا و لە بەرامبەری دا ئەو مۆدێلە پێکەوە ژیانەی کە لە باشوری کوردستان پێشکەش کراوە، ئەو جۆرە هەڵوێستەی کۆمەڵگای

نێونەتەوەیی سەبارەت بە ئاڵ و گۆڕەکانی کوردستان، نەک تەنیا زەنگی خەتەرە بۆسەر گەلی کوردو داهاتوی کورد، بەڵکو خەتەرێکی جیددیشە بۆ سەر ئاسایشی ناوچە وجیهانیش.

جگە لە هاوکاری ناوچەیی هەمو دژبەرانی کورد، کۆماری ئیسلامیش بۆخۆی گەورەترین هەڕەشەیە لەسەر دەسکەوتەکانی کورد لە باشوری کوردستان و ڕۆلی تێکدەرانەی ڕژیمی ئێران لە کوردستان، عێراق، سوریە، لوبنان و یەمەن، گەورەترین فاکتۆری بێ سەباتیە لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست دا . ئەو هەڕەشە گەورەیە نەک تەنیا لە لایەن کوردەوە لە هەمو بەشەکانی کوردستان دەستنیشان کراوە، بەڵکو لە لایەن ئیدارەی ئەمریکاشەوە، هێنراوەتە گۆڕێ کە چەند ڕۆژێک لەمەوبەر سوپای پاسدارانی ڕژیمی وەک هێزێکی تیرۆریستی ناسی.

ئێمە چاوەڕوانین کە سۆسیالیست ئینتەرناشناڵ ڕۆڵێکی چالاکتر ببینێ لە و گیرو گرفتانەدا کە لە جیهان دا دێنە پێش و ئێمە هەمومان دەگرنەوە، بۆ ئەوەی ڕێگا چارەی ئاشتیانە بدۆزرێتەوە بۆ ئەو گرفتانە. هیواداریشین کە سۆسیالیست ئینتەرناشنال گرنگی زۆرتر بدا بە مەسەلەی کورد و گروهی کاری کوردان لەم رێکخراوەیە دا، بۆ ئەوەی کە زەمینەی هاوکاری زۆرتر بۆ ئەو گروهە ئامادە بکرێ.

کوردستان وڵاتیکێ دەوڵەمەندە و دەتوانێ بە سەربەخۆیی خۆی بەڕێوەبەرێ، بەڵام پێویستی بە هاوکاری نێو نەتەوەییە. هیوادارم هاوکاریمان پێکەوە، یارمەتیمان بدا تا بتوانین لە بەرامبەر تیرۆریزم و پشتیوانانی تیرۆریزم لە ڕاددەی نێونەتەوەی دا ڕاوەستین. ئێمە دەتوانین دەنگی ئەو کەسانە بین کە لە پێناوی مافی ئینسانی، ئازادی، عەداڵەت، دێموکڕاسی و ئینسانییەت دا تێدەکۆشن.

**داوای سەرکەوتنتان بۆ دەکەم لە پێناوی هەوڵدان بۆ ئازادی و عەداڵەت لە ناوچە جۆربەجۆرەکانی ئەم جیهانە پان و بەرینەدا**

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٤ی دێسەمبەری ٢٠١٧

## وتوویژ لەبارەی دوایین کۆبوونەوەی SI و بەشداریی حدک

**ئا: عەلی بداغی**

ڕێکخراوی ئەنترناسیونال سۆسیالیست کە حیزبی دێموکراتی کوردستان وەک ئەندامی ئەسڵی تێیدا ئەندامە، ڕۆژی هەینی، ۳ی سەرماوەز لە کاتالۆنیائی ئیسپانیا و لە شاری بارسەلۆنە کۆبوونەوەی بەرینی خۆی پێک هێنا. لەو کۆبوونەوەیەدا هەیئەتی حیزبی دێموکراتی کوردستان بەسەرپەرستی مستەفا شەلماشی، ئەندامی دەفتەری سیاسی و بەرپرسی دەرەوەی وڵاتی حیزبی دێموکراتی کوردستان بەشدار بوون و نوێنەری حیزب لە کۆبوونەوەی گشتیی ئەو ڕێکخراوەیەدا وتاری حیزبی دێموکراتی کوردستانی پێشکێش کرد.

ئەو کۆبونەوەیە دووەمین کۆبونەوەی دوای کۆنگرەی ۲۵ی سۆسیالیست ئینتەرناشناڵ بوو و جیا لە حیزبی دێموکراتی کوردستان؛ دوو لایەنی کوردیی دیکە تێیدا بەشداربوون کە بریتی بوون لە یەکیەتی نیشتمانی کوردستان و پارتی یەکیەتیی دێموکرات PYD.

لەسەر چەندی و چۆنیی باسەکانی ئەو کۆبوونەوانە و چۆنیەتیی باس لە پرسی کورد لە تویی مژار و باسەکانی کۆبوونەوەکانی بارسەلۆنا، «کوردستان» وتوویژێکی لەگەڵ کاک مستەفا شەڵماشی، بەرپرسی شاندی حیزب لەو کۆبوونەوانەدا پێک هێناوە:

**عەلی بداغی:** کاک مستەفا ئەو کۆبوونەوەیەی ڕێکخراوی ئەنترناسیونال سۆسیالیست لەسەر بنەمای چی پێکهاتبوو؟ گرینگترین باس و تەوەرەکانی ئەم کۆبوونەوەیە چ بوون؟

**مستەفا شەڵماشی:** ئەو کۆبونەوە یە لە سەر بناغەی ستراتیژییەک پێک هاتبوو کە سێ تێمای سەرەکیی دەگرتەوە. ستراتیژییەکە بریتی بوو لە بنیاتنانی داهاتوو لەگەڵ بەرەی چەپ لە دنیادا. ئەو سێ تێما سەرەکییەش کە باسیان لە سەر کرا بریتی بوون لە یەکەم، دێموکراسی، یەکسانی و هاوکاری. دووەم؛ کارکردن لە پێناوی سەقامگیری و ئاشتی لە جیهانی پڕ کێشەی ئێستادا و، سێهەم؛ پەرەپێدانی هەستی ئینسانی لە بەرامبەر قەیرانە ئینسانیەکاندا.

لەو چوارچێوەیەدا کۆمەڵێکی زۆر باس و وتار پێشکێش کران و ئەنجامی زووربەی باسەکان دەهاتنەوە سەر چەند مەسەلەیەکی گرنگی جیهانی کە پەیوەندی ڕاستەوخۆیان بە ژیانی مرۆڤەکانەوە هەیە. گرنگترینی ئەو بابەتانەش بریتی بوون لە ئاشتی، ئازادی، دێموکراسی، یەکسانی، ئابووری، پێکەوەژیان و مافی مرۆڤ.

**عەلی بداغی:** ئاکامگیری لەو باس و وتارانە چ بوون؟ ئایا نەخشەڕێیەکیان لێ ساغ کراوەتەوە بۆ چارەسەری کێشە و قەیرانەکان و ئایا سیاسەتیان لەسەر دەکردرێ؟

**مستەفا شەڵماشی:** لە کۆی وتارەکاندا جگە لەوەی کە هەرکەس باسی لە کێشەکانی وڵاتی خۆی دەکرد، بەڵام بەگشتی پێداگری هەموویان ئەوە بوو کە بەرەی چەپ و دیموکڕات پێویستە دەست لە پۆپۆلیزم هەڵبگرێ و بگەڕێتەوە بۆ ئەو بنەمایانەی کە لە پێناویاندا دامەزراوە، دەنا بە بەرەی ڕاستی دەدۆڕێنێ. جگە لەوە بۆ دەستەبەرکردنی ئەو پرەنسیپیانە پێویستە سۆسیالیست ئینتەرناشناڵ لە دنیادا زیاتر چالاک بێ و لەو پاسیفیزمە بێتەدەر کە بەسەریدا زاڵە.

بۆ وەدیهاتنی ئەو ئامانجە گرنگانەی مرۆڤ هاوکاریی جیهانی پێویستە بە تایبەتی لە نێو حیزب و ڕێکخراوە چەپ و دێموکراتەکاندا. هەمو ئەو مەسەلانەش بناغەی تیۆری و بۆچوونی سۆسیالیست ئینتەرناشناڵ پێک دێنن و ئامانج لە پێکهێنانی سۆسیالیست ئینتەرناشناڵیش هەر پێکهێنانی ئەو بەستەرەیە.

**عەلی بداغی:** ئێوە وەک حیزبی دێموکرات و ئەندامی ئەسڵی لەو ڕێکخراوەیەدا وتاریان هەبوو و جەنابت قسەت کرد. باسەکەین ئێوە چی بوو؟

**مستەفا شەڵماشی:** وتارەکەی ئەمن سێ تەوەری سەرەکی و چەند تێبینییەکی لە خۆ دەگرت. تەوەری یەکەم هەڵسەنگاندنێکی وەزعی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ئێران بوو لە ژێر سایەی دەسڵاتی حکومەتی کۆماری ئیسلامیدا. ئاماژە بە پێشێلکارییەکانی ڕێژیم لە بواری مافی مرۆڤ چ لە کوردستان و چ لە ئێراندا، تیشک خستەسەر فشارە سیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتییەکان بۆ سەر کوردستان و دەستێوەردانەکانی ڕێژیم لە هەموو ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست هەر لە کوردستان و عێراقەوە بگرە تا دەگاتە یەمەن.

تەوەری دووەم مەسەلەی بومەلەرزەماڵوێرانکەرەکەی ڕۆژهەڵات و باشووری کوردستان بوو. لەو بوارەدا ئیشارەم بە قووڵایی کارەساتەکە و بەرفراوانی زیانە ئینسانی و ماددیەکانی کرد بە تایبەت لە ناوچەی کرماشان و سیاسەتی دوژمنکارانەی

ڕژێمم لە و مەسەلەیەدا لەڤاودا کە چۆن هەوڵ دەدا گەورەیی کارەساتەکە بشارێتەوە و، بەربەست دەخاتە سەر ڕێی یارمەتیی کۆمەڵانی خەڵک و بۆخۆشی یارمەتییەکی ئەتۆ ناکا. هەروەها ئیشارەم بەوە کرد جێگای تێڕامانە کە ڕێژیم داوا لە کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی ناکا تا بە هانای قوربانییەکانی بوومەلەرزەکەوە بێن و دەبێ ڕێژیم شتێکی بۆ شاردنەوە هەبێ کە نایهەوێ تەنانەت ڕۆژنامەنووسانیش بە زۆر لەو ناوچە و دەڤەرانەدا ڕابرن. باسیشم لەوە کرد کە کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان چۆن بە هانای خوشک و براکانیانەوە چون بۆ دابینکردنی پیداویستییە سەرەتاییەکان و لە کۆتایی ئەو تەوەرەی قسەکانمدا داوام لە سۆسیالیست ئینتەرناشناڵ و کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی کرد کە یارمەتیدەر بن لە ئاوەدانکردنەوەی ئەو ناوچانەدا بە یارمەتیی ڕاستەوخۆ بە بومەلەرزەلێدراوان، نەک لە ڕێگەی ڕێژیمەوە.

تەوەری سێهەمی باسەکەشم مەسەلەی ڕیفراندۆمی باشوری کوردستان و گەلەکۆمەگی ئێران، عێراق و تورکیە بو، بۆ ئەوەی نەیەڵن گەلی کورد بڕیار لە چارەنووسی خۆی بدا. لەو بارەوە تیشکم خستە سەر هێرشی نیزامیی ئێران و میلیشیای حەشدی شەعبی و ئەرتەشی عێراق بۆ سەر ناوچە کێشەلەسەرەکانی باشووری کوردستان. لە کۆتایی ئەو باسەشدا داوام کرد کە پێویستە پشتیوانی لەوە بکرێ کە مافەڕەواکانی گەلی کورد کە لە دەستوری بنەڕەتیی عێراقدا هاتون جیبەجێ بکرێن، دەنا دیارە کوردیش وەک هەر نەتەوەیەکی دیکە مافی خۆیەتی بڕیار لە چارەنووسی خۆی بدا و دەوڵەتی خۆی ڕاگەیەنێ. کۆتایی وتارەکەشم بەوە بەست کە سۆسیالیست ئینتەرناشناڵ پێویستە چالاکانەتر بەرگری لە دێموکڕاسی، ئازادی، مافی گەلان، ئاشتی، یەکسانی و پێکەوە ژیان بکا لە هەموو جیهاندا.

**عەلی بداغی**: لە دنیای پڕ کێشەی ئێستا و گۆڕانی بەردەوامی بەرژەوەندیی وڵاتان و بەو پێیەش هەڵویستی وڵاتان، ئێوە پێتان وایە ئێنتێرناسیونال سۆسیالیست لەکوێی ئەو هاوکێشانەدا جێدەگرێ و چ جێگە و پێگەیەکی بۆخۆی پێناسە کردوە؟

**مستەفا شەڵماشی**: سۆسیالیست ئینتەرناشناڵ یەکگرتنێکی بەرفرەوانە لە حیزب و ڕێکخراوە سۆسیال دیموکڕاتەکانی سەرانسەری جیهان کە بە هەرسێک ستاتوتەکەی واتە ئەندامی ئەسڵی، چاوەدێر و موشاویرەوە ١٥٠ حیزب و ڕێکخراوی لە سەرانسەری جیهاندا لە دەوری یەک کۆ کردووەتەوە. هەر ئێستا ٤٩ حیزبی ئەندامی ئەو بەرەیە لە حکومەتی وڵاتەکەی خۆیان دان بە شێوەی ئیئتیلافی یا حکومەتیان بەدەستەوەیە. بێگومان ئەو حیزبانە هەرکام بە گوێرەی ڤازانجەکانی وڵاتی خۆیان و حیزبی خۆیان، بەرژەوەندیی تایبەت بە خۆیان هەیە. بەڵام ئەو قەتعنامە و بڕیارانەی کە لە کۆنگرەکان و کۆبونەوەکانی شوڕا دا بە تێکڕای دەنگ، یا بە زۆرینەی دەنگ پەسند دەکرێن، هەموویان دەبێ ڕەچاوی کەن و پێبەندی بن. بە گشتی سۆسیال ئینتەرناشناڵ لە ڕاددەی دنیادا دەکرێ بڵێین لە بەرەی چەپدا ڕادەوەستێ، کە باوەڕی بە دێموکڕاسی، یەکسانی (چ بۆ تاکەکان، چ بۆ نەتەوەکان و چ بۆ دەوڵەتەکان)، ئازادی، مافی دیاریکردنی چارەنووس و پێکەوەژیانی بە

ئاشتی هەیە. لەباری جێگە و پێگەشەوە زۆر گەورەیە، بەڵام ئینکار ناکرێ تاکوو ئێستا لە ڕادەبەدەر پاسیڤە. لەو کۆبونەوەیەشدا هەموو قسەکەران و پەنێلگیران بە تێکڕایی ئەوەیان هێنایە گۆڕێ.

**عەلی بداغی:** پرسی مافی مرۆڤ، پرسی نەتەوە بندەستە و بێ مافەکان چ بەها و گرینگی و بایەخێکیان هەیە لەو کۆڕ و کۆمەڵانەدا، بەتایبەت دەبینین کۆبوونەوەکە لە شوێنێک گیراوە کە ماوەیەک لەوە پێش ڕاپرسیی سەربەخۆیی تێدا کرا، بەڵام دیمان کە چۆن لەلایەن وڵاتێکی بەڕواڵەت دێموکراتیکەوە سەرکوت کران؟

**مستەفا شەڵماشی:** بە پێی بنەما فکرییەکانی سۆسیالیست ئینتەرناشناڵ بێ، بێگومان دەبێ لایەنگری مافی مرۆڤ و مافی نەتەوە بندەستەکان بێ. لەو کۆبونەوەیەشدا کە لە ڕاستیدا میوانی خەڵکی کاتالۆنیا بوو، زۆر گرنگی درابوو بە کاتالۆنیەکان و پرسی چارەنووسیان؛ بە جۆرێک کە دوای وتاری سکرتێری سۆسیالیست ئینتەرناشناڵ یەکەم نۆرەی قسەکردن درابوو بە میگوێل ئیسێتا، سکرتێری حیزبی سۆسیال دیموکڕاتی کاتالۆنیا. لە کاتێکدا کە سکرتێری حیزبی سۆسیالیستی سەراسەریی ئیسپانیاش لە وێ بوو کە بۆخۆشی جێگری سەرۆکی سۆسیالیست ئینتەرناشناڵ بوو. هەروەها ئێوارەخوانی ڕۆژی یەکەم میوانی حیزبی سۆسیالیستی کاتالۆنیا بووین لە بارەگای ئەسڵیی ئەو حیزبە. جگە لەوەش بڕیارنامەیەک پەسند کرا کە تێیدا پیداگری کراوە لە سەر دانی دەسەڵاتی زۆرتر بە هەرێمی کاتالۆنیا.

**عەلی بداغی:** ئەدی لە پێوەندی لەگەڵ پرسی کورددا چی؟ لەکوێی بڕیارنامە و ڕاسپاردەکانی ئەو کۆبوونەوانەدا کورد خۆی دەبینێتەوە؟

**مستەفا شەڵماشی:** بۆ ئاگاداریی هەموو لایەل لەسەر یەک ۱۱ قەتعنامە، یا پەسندنامە لە سەر ئەو گەل و وڵات و مەسەلانە پەسند کران کە بریتی بوون لە:

پرسی چارەنووسی سیاسیی خەڵکی کاتالۆنیا؛ لەسەر پێکهێنانی کومیتەی هەوڵدان بۆ یەکسانی؛ لەسەر چەند پرسێکی وڵاتانی گینە، هیندوراس، نیکاراگوا و هایتی؛ لە پێوەندی لەگەڵ کێشەی کۆرەی باکوور، لە بابەت پرسی کورد لە هەموو بەشەکانی کوردستان؛ لەبارەی هەڵبژاردنەکان لە نیکاراگوا؛ لەسەر پرسی خەڵکی ڕۆهینگیا؛ لەسەر بابەتی کۆچبەری و کۆیلایەتی؛ هەروەها لە سەر بارودۆخی دوو وڵاتی ڤێنێزۆلا و یەمەن.

ئەوە جگە لە بڕیار لەسەر چالاککردنی سۆسیالیست ئینتەرناشناڵ و کۆمیتە ئێتنیکی، سیاسی و فەرهەنگییەکانی.

بەشی دووهەم

**عەلی بداغی**: وا هەست دەکرێ سۆسیالیست ئینتەرناشناڵ پێشتر زیاتری بایەخ بە پرسی کورد و حیزبە کوردییەکان دەدا، چونکی گرووپی کاری کوردان هەبوو لەو ڕێکخراوەیەدا. هۆی چییە هێزە کوردییەکانی ئەندام لەو ڕێکخراوەیەدا نەیانتوانیوە نەک باشتر دەور و ڕۆڵیان هەبێ، بگرە ڕەنگبێ پێگەیان لاوازتر بووبێ؟

**مستەفا شەڵماشی**: لە ڕاستیدا ئەمن بە پێچەوانە بۆ ئەو بابەتە دەڕوانم. ئەمن پێموایە کە ئەوە هێزە کوردییەکانن کە زۆر کەمتر گرینگی دەدەن بە سۆسیالیست ئینتەرناشناڵ لە چاو جاران. کورد بە گشتی عادەتی وایە، تا بە شتێک دەگا زۆری خۆ بۆ ماندوو دەکا و زۆری هەوڵ بۆ دەدا، بەڵام کە پێی گەیشت لە بەرچاوی دەکەوێ و پشتگوێی دەخا. لێرەشدا ئەوە ڕاستە. پێشتر زۆربەی حیزبە کوردییەکان خۆیان بۆ دەکوتا. کەسی بە نفوز و کاریزمای وەک مام جەلال، جێگری سەرۆکی بوو، زۆربەی حیزبەکان، تەنانەت ئەوانەی ئەندام، چاوەدێر یا موشاویریش نەبوون بەشدارییان لە کۆبونەوە و کۆنگرەکانیدا دەکرد، کەچی ئەمجارە لە هەموو کوردستان تەنیا سێ حیزب بەشدارییان کردبوو. دەنا مەجالی کار بۆ کورد زۆرە. گرووپی کاری کوردانیش کە چالاک نییە هەر خەتای کورد خۆیەتی. ئێستاش ئەو مەجالە هەر هەیە. بەڵام کوردەکان بۆخۆیان بەدواداچوونی بۆ ناکەن و تەنیا لە کۆبونەوە و کۆنفرانسەکاندا سۆسیالیست ئینتەرناشناڵیان بیر دەکەوێتەوە. لە یەک، دوو ڕۆژیشدا زۆرکەم شت جێبەجێ دەبێ. ئەگەر پێشەکی پرۆژەت هەبێ، بێگومان لەوێش زەمینەی پەسندبوونی هەیە. ئێمە ئەوجارە تەنیا بە سێ حیزب، ئەویش بە ڕاستی تەنیا بە ئیبتیکاری حیزبی دێموکراتی کوردستان توانیمان باشترین قەتعنامە لە سەر هەر چوارپارچەی کوردستان بە پەسند بگەیەنین.

**عەلی بداغی**: ڕەنگبێ ئەو پرسیارەش هەبێ کە کورد چۆن دەتوانێ لە ڕێگەی ئەو ڕێکخراوەیە لە ئاستی نێونەتەوەییدا پرسی خۆی بەڕۆژەڤ بکا و دۆست و لایەنگری زیاتر بۆ خۆی پەیدا بکا؟

**مستەفا شەڵماشی**: کورد پێویستە گرووپێکی کاریی بە هێز لەو ڕێکخراوەیەدا پێک بێنێ، کە بە بەردەوامی کار لەسەر مەسەلەکە بکا و لە کۆنگرە و کۆبونەوەکاندا پرۆژە بێنێ و بە پەسندی سۆسیالیست ئینتەرناشناڵی بگەیەنێ و دواتر لە راددەی نێو نتەوەیی دا کاری بۆ بکا و لایەنگری بۆ کۆ بکاتەوە. زۆریش گرنگە کە کورد وەک یەک نوێنەرایەتی دەرکەوێ و بە پێی نەخشەیەک کە داگیرکەران دایان ناوە هەڵسوکەوت نەکا. نەڵێ ئێران، سووریە، تورکیە و عێراق، بەڵکوو بڵێ کوردستان و هەمو وەک یەک پابەندی کوردستانیبوونی خۆیان بن و هەر حیزبەی لە بیری ناوچەکەی خۆی و حیزبەکەی خۆیدا نەبێ. ئەو کاتەیە کە بێگومان لەم ڕێکخراوەیە و زۆر ڕێکخراوی دیکەی نێونەتەوەییش دەتوانرێ کەڵک وەربگیرێ. ئیسڕائیلییەکان بوونە دەوڵەتێکی بەهێزیش، کەچی ئێستاش لە هەمو بوندە نێو نەتەوەییەکاندا بە ناوی جۆراوجۆر بوونیان هەیە. کورد تا ئێستاش هیچی نییە، کەچی هەموو تریبونێک و مەجالێک بەبێ کەڵک و بێ سوود دەزانێ. چاو لە سۆشیال

مێدیا بکە، کورد تەنیا دەتوانێ ڕەت بکاتەوە و بە بێ بایەخ وەسفی هەموو شتێک بکا و هەموو چالاکییەک ڕەت دەکاتەوە. کەس ناڵێ با فڵان چالاکی بکەین و بەم شێوەیە نا، بەڵکوو بە فڵان پلان و بەرنامە بیکەین. هەموو دەڵێن جا ئەوە چ فایدەیەکی هەیە.

**عەلی بداغی**: زۆر سپاس کاک مستەفا بۆ کات تەرخانکردنت بۆ ئەو وتووێژە

**مستەفا شەڵماشی**: سپاس بۆ ئێوەش

------

*** ڕێکخراوی ئێنتێرناسیوناڵ سوسیالیست لە چەند دێڕێکدا**

ڕێکخراوی "ئینتێرناسیۆناڵ سۆسیالیست"، بە یەکێک لە گەورەترین ڕێکخراوە سیاسییەکانی جیهان دادەنرێ و دەیان حیزبی سۆسیالیست و سۆسیال دێموکرات و حیزبی کرێکاریی جیهان، تێیدا بەشدارن. ئەو ڕێکخراوەیە لە ئێستادا ١٦٠ ئەندامی لە ١٠٠ وڵات و لە سێ ستاتووی ئەندام، چاوەدێر و ڕاوێژکاردا هەیە و حیزبی دێموکراتی کوردستان تەنیا هێزی سیاسیی ئێران و ڕۆژهەڵاتی کوردستانە کە تێیدا وەک ئەندامی ئەسڵی بەشدارە.

بۆ یەکەم جار شەهید دوکتور عەبدوڕەحمان قاسملوو، سکرتێری پێشووی حیزبی دێموکرات لە ساڵی١٩٨٦ لە کۆنگرەی لیما لە وڵاتی پێرۆ وەک میوان لەو کۆبوونەوەی ١٧ی ئینتێرناسیۆناڵ سۆسیالیستدا بەشداریی کرد و دواتر حیزب لە کۆنگرەی بیستەمی ئەو ڕێکخراوەیەدا وەک ئەندامی چاوەدێر وەرگیرا. حیزبی دێموکراتی کوردستان لە کۆنگرەی ٢٤ی ئینتێرناسیۆناڵ سۆسیالیستدا کە لە وڵاتی کۆلۆمبیا گیرا، بە ئەندامی ئەسڵیی ئەو ڕێکخراویە وەرگیرا

(لە ژمارەی ٧١٥ی "کوردستان" دا بڵاو بۆتەوە)

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٧ی دێسەمبەری ٢٠١٧

# تەقینەوەی ڕق و قینی پەنگخواردوو

نیزیکەی چل ساڵە لە نێو کۆمەڵگەی ئێراندا توڕەیی کۆ دەبێتەوە و ڕق پەنگ دەخواتەوە. ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی هەر زۆر زوو دوای بە دەسەڵات گەیشتنی، تەواوی جیابیرانی خۆی وەلادا و بە شێوەیەکی دڕندانە سەرکوتی کردن و خستنیە بەرەی دژی خۆیەوە. تا ئەو کاتە و لە سەرەتای سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێراندا جگە لە کوردستان زۆربەی خەڵکی ئێران پێیان وابوو کە سەردەمێکی تازە لە پەیوەندیی نێوان خەڵک و حکومەت هەڵدەدرێتەوە و کۆمەڵانی خەڵک دەتوانن بەسەر چارەنوسی خۆیاندا زاڵ بن، لە سەروەت و سامانی وڵات بە شێوەیەکی عادڵانە کەڵک وەرگرن و هاوشانی وڵاتانی دیکەی دنیا بە شێوەیەکی ئاشتیخوازانە بۆ گەشەکردن و پێشکەوتنی وڵاتی خۆیان لەگەڵ باقی وڵاتانی ناوچە و هەمو دنیادا ڕەقابەت بکەن.

مخابن هەر زۆر زوو دەرکەوت کە بەرنامەی کۆماری ئیسلامی تەواو پێچەوانەی ویست و داخوازییەکانی کۆمەڵانی خەڵکە و نیازی ئەو نەک گەشەپێدانی ئابووریی ئێران، دابینکردنی ژیانێکی خۆش بۆ کۆمەڵانی خەڵکی ئێران و ئازادی و پێکەوەژیانی ئاشتیانە و یەکسان بۆ گەلانی ئێران و کۆمەڵگەی ئێران بە ژن و پیاوەوە نیە، بەڵکوو تەواو پێچەوانەی ئەوانە بەکارهێنانی سەروەت سامانی گەلانی ئێران بۆ بڵاوکردنەوەی بیر و بۆچونی دواکوتووانەی خۆیان لەناوچەدایە و بە واتایەکی دیکە بۆ ناردنەدەرەوەی شۆڕشی ئیسلامی بۆ وڵاتانی دیکەی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و وڵاتانی ئیسلامییە، لە پێناو دامەزراندنی ئیپمڕاتۆریی ویلاتی فەقیە لە دنیای ئیسلامدا.

دیارە بەداخەوە زۆری پێ چوو تا کۆمەڵانی خەڵکی ئێران، جگە لە کوردستان لە مەبەستی دژی گەلیی کۆماری ئیسلامی ئێران تێ بگەن و دەستی کاربەدەستانی ڕژیم بە تەواوی بخوێننەوە. لە سەرەتادا هەشت ساڵ شەڕی ئێران و عێراقیان وەک ئامرازێک بەکار هێنا بۆ شاردنەوەی مەبەستە گلاوەکانی خۆیان و خەڵکی ئێرانیان بە بیانووی بەرگری لە خاکی وڵات سەرقاڵ کرد و ژمارەیەکی زۆر لە لاوانی ئێرانیان کردە قوربانی. لە ئاخریشدا خودی دامەزرێنەری کۆماری ئیسلامی جورعەی زەهری نۆشی و بە دەلیلی ئەوەی چیدیکە بەرەکانی شەڕیان پێ ئیدارە نەدەکرا ملیان بۆ ئاشتییەک ڕاکێشا کە دۆڕاوی سەرەکی تێیدا بۆخۆیان بوون.

بەدوای تەواو بوونی شەڕ کە دەیانزانی ئەوجار کۆمەڵانی خەڵکی ئێران ئاوڕ لە ژیانی خۆیان دەدەنەوە و دەیانهەوێ بەرهەمی شۆڕشێک بچننەوە کە بە تێکۆشانی خۆیان لە پێناوی باشترکردنی ژیان و گوزەرانی خۆیاندا کردویانە،

کاربەدەستانی ڕژێم بوون بە دوو دەستەوە کە هەردوکیان یەک مەبەستی سەرەکیی بوو و ئەویش پاراستنی نیزامەکەیان بوو، بەڵام بە دوو مێتۆدی جیاوازەوە. ئەوان دەستیان کرد بە دانانی بەرنامەی کورتخایەن و درێژ خایەنی دیکە بۆ بەدەستەوەگرتنی ئیحساساتی کۆمەڵانی خەڵک لە لایەک و درێژەدان بە ناردنەدەرەوەی بە قەولی خۆیان شۆڕشی ئیسلامی لە لایەکی دیکەوە. لەو دوو بۆچوونەدا دوو میکانیزمی سەرەکی دەرکەوتن: لە لایەکەوە بەرەی ئیسلاحات کە بانگەشەی گەشەپێدانی ئابووری، باشترکردنی ژیانی خەڵک و دامەزراندنی پەیوەندییەکی دۆستانەی دیپلۆماسی و ئاشتیخوازانەیان لەگەڵ وڵاتانی دەرەوە دەکرد، کە لە کردەوەدا هیچیان بۆ نەکرد و تەنیا مەبەستیان فریودانی خەڵک بوو و لە لایەکی دیکەوە بەرفرەوانکردنی نەخشی دامودەزگای ڕێبەری بۆ بەهێزکردنی بەشی نیزامیی ڕێژیم، دروستکردنی چەکی ئەتۆمی و موشەکیی دوورهاوێژ، دروستکردنی سوپای قودس بۆ دەستێوەردان لە وڵاتانی ناوچەدا و دەستبەسەر داگرتنی هەمو دامەزراوە و سەرچاوە ئابورییەکان لەلایەن سوپای پاسداران و مۆرە و دامەزراوەکانی سەر بە ڕێبەری، تیرۆرکردنی موخالیفان لە نێوخۆ و دەرەوەی وڵات و دامەزراندنی دەیان ڕێکخراوی تیرۆریستی هەر لە عێراقەوە هەتا یەمەن بۆ ئەوەی شەڕ و ئاژاوە بەرێتە دەرەوەی سنورەکانی ئێران و لە ڕادەی نێونەتەوەییدا سەودای مەرگیان پێوە بکا و ئیمتیازی نیزامی وسیاسیان پێ وەدەست بێنێ. ئەو دوو میکانیزم و ئاراستەیە هیچکامیان نەیانتوانی گرفتەکانی خەڵکی ئێران چارەسەر بکەن. میکانیزمی یەکەم تەنیا دوو ئامانجی پێکا یەکیان ئەوە بوو کە بۆ ماوەیەک کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی و خەڵکی ئێرانی فریو دا و تەمەنی کۆماری ئیسلامیی درێژ کردەوە بەڵام نەیتوانی، یا نەیویست هیچکام لە داخوازییەکانی کۆمەڵگەی ئێران بەدی بێنێ، جا لە بێ دەسەڵاتی بووبێ، یا لە نەویستن هیچ جیاوازی نییە. هەروەها لە بەرامبەر کۆمەڵگەی نێونەتەوەییش بێ بەڵێن دەرچوو چونکە تا ئێستاش نەیتوانی شک و گومان لەسەر بەرنامە ئەتۆمییەکەی بڕەوێنێتەوە و جگە لەوەش بەرنامەی دروستکردنی موشەکی دوورهاوێژ هەر درێژەی هەبوو و تەنانەت لە یەمەن بە کردەوەش تاقی کرایەوە. هەروەها دەستێوەردان لە کاروباری وڵاتان و پشتیوانی لە تیرۆریزم بە شێوەیەکی ڕووهەڵماڵاوتر لە جاران درێژەی هەبوو. میکانیزمی دووەمیش کە دیارە خەریکی چ بەرنامەیەکە. لە جیاتی خەرجکردنی داهاتی ئێران بۆ باشترکردنی ژیانی خەڵک و پێکهێنانی دەرفەتی کار بۆ تازە دەرچووانی زانکۆکان و خەڵکی بێکاری دیکە، دەستێوەردان و شەڕ و ئاژاوەنانەوە و دروستکردنی گرووپی جۆراوجۆر و سەرفکردنی ئیمکاناتی ماددی ئێران لە وڵاتانی دەور و بەردا درێژەی هەبوو. تەنانەت کار گەیشتە ئەو جێیەی بە ڕۆژی ڕووناک هاوکاری لەگەڵ ئەرتەش و میلیشیاکانی عێراق بکا بۆ گرتنەوەی کەرکووک و ناوچە کوردستانییەکانی دیکەی دەرەوەی هەرێم و شانازیشی پێوە بکا.

بەرهەمی ئەو سیاسەتانەی هەردووک باڵی کۆماری ئیسلامی بۆ گەلانی ئێران بریتی بو لە دزی میلیاردی لە لایەن کاربەدەستانی ڕژێمەوە، گەندەڵی ماڵی و ئیداری، بێکاری زۆرتر، نەداری، هەڵاوسانی نرخەکان و گرانی لە ڕاددەبەدەر و فشاری زۆرتری سیاسی و ئابووری بۆ خەڵکی وەزاڵەهاتوی ئێران. چارەسەرنەکردنی گرفتە کەڵەکەبووەکان لە نێوخۆی

ئێراندا و زەوتکردنی هەمو مافە ڕەواکانی خەڵکی ئێران بە تاک و کۆوە. چ مافە ئینسانییەکانی تاک و چ مافە نەتەوەییەکانی گەلانی ئێران هیچ ئاوڕێکیان لێ نەدرایەوە و تەنانەت بە شێوەیەکی دڕندانە سەرکوتکردن لە پێناوی زەوتکردنی ماف و ئازادییەکاندا درێژەی هەبوو.

بەرئەنجامی ئەو سیاسەتە دژی گەلییەی هەردووک باڵی ڕژێم، بە کۆنەپارێز و بەناو ئیسڵاحتەڵەبەوە بوو بەهۆی وەزاڵە هاتن و لە کۆتاییدا تورەیی زۆرتری کۆمەڵانی خەڵک. وەک دەڵێن جام ئەگەر پڕ بوو سەرریژ دەبێ، هەربۆیە لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا لە زۆربەی شارەکانی ئێراندا خۆپیشاندان و هاتنە سەر شەقام دەستی پێکرد و دروشمەکان هەرهات و ڕادیکاڵتر بوون.

جێگای ئاماژەیە کە ئەو خۆپیشاندانانە جیاوازییان هەیە لەگەڵ هەموو خۆپیشاندانەکانی ٣٩ ساڵی ڕابردوودا. ئەو خۆپیشاندانانە دژی هەموو جیناحەکانی ڕژیمن بە ئیسڵاح تەڵەب و بنئاژۆوە، بنئاژۆکان هەرچەند لە سەرەتاوە ویستیان موهەندیسی بکەن و ئاراستەداری بکەن و ڕووی پێ لە دەوڵەتی ڕوحانی بکەن و بیکەنە خۆپیشاندانێک بۆ بە چالشکێشانی دەوڵەتی ڕوحانی، بەڵام بۆیان نەکرا و خۆپیشاندەران بەسەریاندا بازیان دا و هێڵە سورەکانی نیزامیان تێپەڕاند و وێنەی خومەینی وخامنەییان سوتاند و دروشمی دژی کۆی نیزامی کۆماری ئیسلامیان دا. ئەگەر لە ساڵی ٨٨ دا جڵەوی خۆپیشاندانەکان بە دەست لایەکی نیزامەوە بو و لە کاتی هەستکردن بەوەی کە هەمو نیزام بکەوتایە ژێر پرسیار فەورەن تورمزیان دەگرت، ئەمجارە هێزی جووڵانەوەکان بەدەست فەقیر و هەژارەکان و چینی مام ناوەندی کۆمەڵگەوەیە کە هیچ لایەن و هێزێک بە تەنیا دەسەڵاتی بەسەردا نیە. هەروەها لە خۆپیشاندانەکانی ڕابردوو دا هیچ دەوڵەت و هێزێکی دەرەکی و نێونەتەوەیی پشتیوانی لە خۆپیشاندەران نەکرد و تەنانەت لە خۆپیشاندانە گەورەکەی ساڵی ٨٨ دا گەورەترین هێزی جیهانی کە ئەمریکا بوو لە زمان سەرۆککۆمارەکەیەوە ئۆباما، بە جۆرێک پشتی تێکرد و ڕایگەیاند کە مەسەلەیەکی نێوخۆییە و ئێمە کارمان پێی نیە و دەستێوەردان ناکەین و بەمجۆرە کۆمەلانی خەڵکی ئێران خۆیان بە تەنیا دیتەوە و نا ئومێد کران، بەڵام ئەمجارە سەرۆککۆماری ئەمریکا و کۆمەڵێک لە بەرپرسە باڵاکانی ئەو وڵاتە و چەندین وڵاتی دیکە بە ئاشکرا هاتنە سەر خەت و پشتیوانیی خۆیان بۆ خەڵکی ئێران ڕاگەیاند و تەنانەت بە مافی ڕەوای خەڵکی ئێرانیان زانی کە ئەو ڕژیمە گەندەڵە بگۆڕن. هەروەها بە هۆی دەستێوەردانەکانی ڕژێم لە هەمو وەڵاتانی دەراوسێدا، پشتیوانییەکی بەرین بۆ گەلانی ئێران لە لایەن هێز و ڕیکخراوەکان و دەوڵەتەکانی ناوچە و تەنانەت لە لایەن کۆمەلانی خەڵکی وڵاتانی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستیش بۆ خۆپیشاندانەکانی خەڵکی ئێران هەیە. لەوەش گرنگتر هێزەکانی ڕێژیم، تەنانەت لە بەرەی توندئاژۆشدا دووبەرەکی و درزیان لە ڕیزەکانیان کەوتوە و لەسەر تالانکردنی سەروەت و سامانی وڵات کێشەیەکی گەوەرەیان لەگەڵ یەکتر هەیە و لە ماوەی ساڵانی ڕابردوودا بە دەیان جار بەڵگەی گەندەڵی و دزییان لەسەر یەکتر بڵاو

کردوەتەوە بە جۆرێک کە هیچ نرخێکیان لە بازاڕی سیاسی ئێران و جیهاندا بۆ خۆیان نەهێشتوەتەوە. ئەو لەقاودان و پەردە لە سەر هەڵدانەوەیە تەنانەت بەیتی ڕێبەریشی گرتوەتەوە. هیچ باڵێکی ڕێژیم لە نێو کۆمەڵانی خەڵکی ئێراندا متمانەی پێ ناکرێ و زۆر ئەستەمە ئەمجارەیان ڕژیم بتوانێ وەک جارەکانی دیکە فێڵ و تەڵەکەیەک بەکار بێنێ بۆ فریودانی خەڵک و ئارامکردنەوەیان.

دیارە لایەکی دیکەی مەسەلە ئەوەیە کە تا ئێستاش ڕێژیم چەندین دامودەزگای وەک سپای پاسداران، نیروی ئینتیزامی، بەسیج، سپای قودس، ئیتیلاعات و دەروێشەکانی لیباس شەخسی و خواهران زینب ..هتدی بە دەستەوەیە و دەتوانێ چەرخی سەرکوت و کوشتاری خەڵک وەگەڕ خا. بەڵام پرسیار ئەوەیە داخوا کۆمەڵگەی ئێران چیدیکە لەو دەزگا تۆقێنەرانە دەترسێ و دەست لە ماف و ئازادییەکانی هەڵدەگرێ؟ هەروەها پرسیار ئەوەیە کە ئایا کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی ئەمجاریش وەک جارانی پێشوو تەنیا لە دوورەوە سەیری ئەو ڕووداوانە دەکا و چاو لە جینایەتەکانی کۆماری ئیسلامی دەنووقێنێ و هەر بە بە بەیاننامەیەکی مەحکومکردن لە بواری مافی مرۆڤدا بەسندە دەکا و وڵاتانی وەک ئەمریکا کە بە ئاشکرا پشتیوانیان لە خۆپیشاندەران کردوە، بەڵێنەکەیان دەبەنە سەر و بە کردەوەش پشتیوانی دەکەن و لەسەر خەڵکی ئێران وەجواب دێن یا نا؟

ئەو نیشانانەی کە دەکرێ بیکەینە کەرەسەی هەڵسەنگاندنی خۆت، ئەوەمان پێ دەڵێن کە لە لایەکەوە کۆمەڵانی خەڵکی ئێران هەم ترسیان شکاوە و هەم هیچیان بۆ لەدەستدان نەماوە. کۆمەڵگەی نێو نەتەوەیی و بەتایبەت هێندێک وڵاتی وەک ئەمریکاش بەجۆرێک ڕاشکاوانە پشتیوانیان کردوە کە گرەوێکی پرستیژیان لەسەر کردوە، هەروەها هێز و ناوەندە سەرکوتکەرەکانی ڕێژیمیش وەک جاران یەکدەست و بە وەرە نین. هەموو ئەو ڕاستییانە ئەو ئەنجامە بە دەستەوە دەدەن کە ئەمجارەیان سەرکوتکردنی جووڵانەوە و بەتەواوی لە نێوبردنی بۆ ڕێژیمی ئاخوندی هێندەش کارێکی هاسان نییە و بیگومان لە کۆتاییدا ئەوە هێزی جووڵانی گەلانی وەزاڵە هاتوویە کە مەیدانەکە دەباتەوە، هەرچەندە بە شێوەیەکی مەدەنیانە و ئاشتیانەش و بە دەستی خاڵیشەوە هاتبێتە ویزەی هیزێکی ئەهریمەنی تا ددان چەکدار بە چەکی پیشکەوتو. سەرکەوتنی کۆتایی هەر بۆ گەلانی چەوساوەیە و گومان لەوەدا نییە کە هێزێکی جینایەتکاری وەک کۆماری ئیسلامی داهاتوی نییە.

لە چوار چێوەی ئەو ڕووداوانەدا دەبێ گەلی کورد و هێزە سیاسیەکانی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان چ هەڵوێستێکیان هەبێ و چۆن بە قازانجی وەبەرهاتنی داری خەباتی سەد ساڵەیان لەو ئاڵوگۆڕانە کەڵک وەرگرن. بە باوەڕی من تا ئەو جێگایەی بە خۆپیشاندان و خەبات لە دژی ئەو ڕێژیمە و ڕەتکردنەوەی ئەو ڕێژیمە مەربوتە خەڵکی کوردستان و هێزە خەباتگێڕەکانی هەر لە سەرەتای هاتنە سەرکاری ئەو ڕێژیمەوە بە قوربانیدانێکی زۆر ئەرکی خۆیان بەجێ گەیاندوە و لە

ڕاستیدا کۆمەڵانی خەڵکی ئێران تا ئێستاشی لەگەڵ بێ زۆر قەرزداری حیزب و ڕێکخراوەکان و خەڵکی کوردستانن، چونکە لە قۆناغی جۆراوجۆردا لە خەبات دژی کۆماری ئیسلامیدا بە تەنیا شانیان وەبەر داوە. دیارە ئێستاش هەر لەمەیدان دان و پێشەنگن، بەڵام کاتی ئەوە هاتوە کە لە هەمو شتێک زیاتر بیر لە داهاتوی کوردستان بکەنەوە و بزانن هەر ئاڵوگۆڕێک لە کۆتاییدا چ دەسکەوتێکی بۆ نەتەوەکەیان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەبێ. بۆ ئەو مەبەستە بەر لە هەموو شتێک حیزب و ڕێکخراوەکان پێویستە یەک بگرن. حیزبە لێک دابڕاوەکان یەک بگرنەوە و بەرەیەکی بەهێز لە حیزب و ڕێکخراوە کاریگەرەکان پیک بێ. بەرنامەیان بۆ ئاڵوگۆڕەکان هەبێ و لە دەرفەتی گەورەدا هەمو پێکەوە چارەنوسی نەتەوەکەیان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا بە دەستەوە بگرن و نەیکەنە کەرەسەی ساتوسەودا بۆ بەدەستهێنانی قازانجی حیزبی و گرووهی. چاویشیان لە دەوڵەتی ناوەندی نەبێ بۆ وەدەستهێنانی مافە ڕەواکانی نەتەوەکەیان. ئەگەر کوردستان یەکگرتوو بێ، ناوەند چارەیەکی نامێنێ جگە لە دانپێدانان بە مافی ڕەوای خەڵکی کوردستان، ئەگەر یەکگرتووش نەبن و چاویان لە سواڵی ماف و دەسەڵات بێ لە ناوەند، گومانم لەوەدا نییە کە هیچ جیاوازیی نیە کێ لە تاران خاوەن دەسەڵات بێ. هەمو ئاڵوگۆڕەکانی ڕابردووش لە ئێران و ناوچەدا ئەوەمان پێ دەڵێن کە نەتەوەی کورد دەبێ پشت بە خۆی ببەستێ و ماف لەکەس داوا نەکا، بەڵکوو بە یەکگرتویی خۆی ماف بکاتە ئەمری واقیع.

(لە ژمارەی ٧١٧ی "کوردستان" دا بڵاو بۆتەوە)

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٦ی جانێوێری ٢٠١٨

## با بە کۆدەنگی پلان و پیلانی کۆماری ئیسلامی پووچەڵ کەینەوە

لەمێژە کۆماری ئیسلامی بەرنامەی هەیە بۆ دەرپەڕاندنی ئۆپۆزیسیۆنی کوردی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە باشوری کوردستان. لە ساڵەکانی ڕابردوودا بەرنامەی جۆربەجۆری بەڕێوە بردوە و بەپێی نفوزی حیزبەکان لە نێو خۆدا، هەوڵی داوە زەربەیان لێ بدا. بۆیە ئەو حیزبانە کە لە نێوخۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا پایەگایان زۆرترە، زیاتر کەوتوونە بەر پەلاماری کۆماری ئیسلامی و، ڕێژیم چ بە شێوەی تیرۆر بووبێ و چ بە شێوەی پلانی نیزامیی ئاشکرابووبێ، هەوڵی داوە زەربەی کاریگەریان لێ بدا.

زۆر نموونە هەن بۆ سەلماندنی ئەو ئیددیعایەمان کە دەکرێ تەنیا ئیشارە بە چەند نموونەیەکیان بکەین: ڕێژیم بەر لە هەمو شتێک دەستی کرد بە تیرۆری ڕێبەرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان و دوکتور قاسملو و دوکتور شەرەفکەندیی تیرۆر کرد. پاشان فشاری هێنا بۆ حیزبی دێموکراتی کوردستان و حکومەتی هەرێمی کوردستان تا حیزب لە شاخەکان قەندیل و بەربناری دوور خاتەوە و لە ناوچەیەکدا کە دەسرەسی بە ڕۆژهەڵاتی کوردستان هاسان نەبێ جێگیر بکرێ، کە بەداخەوە ئەوەشی بۆ چۆ سەر.

ڕێژیم کە دیتی بزووتنەوەی کورد و حیزبی دێموکراتی کوردستان هەروا لەسەر پێیە و لە چالاکی نەکەوتووە، لە لایەکەوە دەستی کرد بە تیرۆری بەرفراوان و سەدان کادر و پێشمەرگەی لە حیزبەکان تیرۆر کرد کە لێرەشدا حیزبی دێموکراتی کوردستان بەشی شێری بەر کەوت و سەدان کادر و پێشمەرگە و تەنانەت ئەندامی ڕێبەریشی تیرۆر کران. بەوەش جووڵانەوەی کورد لە پێ نەکەوت و لەبەر ئەوەی ڕەگی لە نێو کۆمەڵانی خەڵکی کوردستاندا داکوتابوو، دیسان بە شێوەی جۆراوجۆر خەباتی درێژە دا.

کۆماری ئیسلامی، دوژمنی قین لە دڵ حەجمینی لێ هەڵ گیراو و هێرشێکی نیزامی ڕاستەوخۆی بەرنامەڕیزی کرد و زیاتر لە ٢٠٠ کیلۆمیتر هاتە نێو خاکی باشووری کوردستان بە هێزێکی چەند هەزار کەسیی تەیار بە هەموو جۆرە چەکێک هێرشی کردە سەر حیزبی دێموکراتی کوردستان. بەڵام لەو هێرشە ئاشکرایەشدا نەیتوانی ئامانجی خۆی بپێکێ و بە سەر شۆڕپییەوە گەڕایەوە دواوە.

کاتێک دووبەرەکی کەوتە نێومانی حیزبی دێموکڕاتەوە و دابەش بوو بەسەر دوو حیزبی دێموکڕاتدا، کۆماری ئیسلامی زۆرتر ئومێدی بەوە بەست کە ئەو دوو دێموکراتە بکەونە گیانی یەکتر و ئەو پاڵی لێ بداتەوە. بۆیە زۆرتر کاری لەسەر ئەوە دەکرد کە لە ڕێگای دەستوپێوەندەکانیەوە کەلێنی بەینی ئەو دوو دێموکراتە زۆرتر بەرین بکاتەوە و لە ئاوی لێڵ ماسی بگرێ. دیارە هەمان سیاسەتیشی بەرامبەر حیزبەکانی دیکەش کە تووشی دابڕان هاتبوون گیرایە بەر. بەڵام حیزبی دێموکراتی کوردستان و حیزبەکانی دیکەش بەو حاڵەش بە سیاسەتی حەکیمانە نەیانهێشت ئەو دابڕان و جیابوونەوانە

بەرەو لێکدان و توندوتیژی بڕۆن و لێرەشدا خەیاڵی خاوی ڕێژیم نەهاتە دی و لێکدابڕانەکان مەهار کران کە حەق وایە ئەو شاهیدییە بۆ ڕێبەری و بەدەنەی حیزبی دێموکراتی کوردستان بدرێ کە بە شێوەیەکی حەکیمانە بەسەر کەش و هەواکەدا زاڵ بوون و زۆر هەلومەرجی دژواریشیان تەحەممول کرد تا لە کۆتاییدا گرژی و ئاڵۆزییەکان لەو قۆناغەوە بۆ قۆناغی وتووێژ لە پێناو یەکگرتنەوەدا ڕۆیشت. وە لێرەشدا هەوڵەکانی کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی مایەپووچ دەرچوون. بەڵام ڕقێکی تازەی قوڵتر قوڕگی گرت بەتایبەت نیسبەت بە حیزبی دێموکراتی کوردستان کە بە نەرمی و لەسەرەخۆیی و سیاسەتی عەقڵانی توانی ڕۆڵێکی بەرچاو ببینێ لە ئارامکردنەوەی کەش و هەوای حیزبە کوردستانییەکان و، هەروەها لێدانی پردێکی پەیوەندیی تازە لەگەڵ کۆمەڵانی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە گشتی و ڕووناکبیران و چالاکانی فەرهەنگی، مەدەنی و سیاسی بە تایبەتی. حیزبی دێموکراتی کوردستان چەند کارێکی گرنگی دیکەشی کرد: لە ڕادەی نێونەتەوەیی، کوردستانی و ئێرانیشدا هەنگاوی زۆرگەورەی هەڵێنا و پایەگا و جێگایەکی باشی بۆخۆی دەستەبەر کرد، کە دەتوانین ئیشارە بە پێوەندییەکی بەربڵاو لەگەڵ حیزب و ڕێکخراوە جیهانییەکان و بوون بە ئەندامی ئەسڵیی سۆسیالیست ئینتەرناشناڵ و پێکهێنانی یەکگرتویی لەگەڵ دەیان حیزب و ڕێکخراوی سەراسەری و میللییەتی ئێرانی و پەیوەندیەکی بەربڵاو لەگەڵ زۆربەی هەرەزۆری حیزب و ڕێکخراوە کوردستانییەکانی هەر چوارپارچەی کوردستان بکەین. ئەوە جگە لە ئۆرگانیزەکردن و بەربڵاوکردنی تەشکیلات لە نێوخۆ و دەرەوەی کوردستان و بەهێزکردنی هێزی پێشمەرگە و جووڵاندنی بەرەو ناوچە سنوورییەکان.

هەربۆیە کۆماری ئیسلامی لە شێتییەوە گۆڕا بۆ هاری و بە پانەوە دەستی کرد بە پیلانگێڕان لە حیزبی دێموکراتی کوردستان و حیزبەکانی دی، کە دیارە لێدان و لاوازکردنی حیزبی دێموکراتی کوردستانی لە سەرووی هەموو بەرنامەکان دانا و بەمجۆرە نیزیک دوو ساڵ لەمەوبەر تەقینەوەیەکی سامناکی لە قەڵای دێموکراتدا سازماندەهی کرد کە ئەوکاتیش ئامانجەکەی پێکانی سەری حیزبی دێموکراتی کوردستان بوو. وابوو کە لە بیرەوەریی شەوی یەلدادا کە ساڵڕۆژی لە دایکبوونی دوکتور قاسملوو بوو، دوژمن بە هەستکردن بەوەی زۆرینەی ڕێبەرایەتیی حیزب لە وێدا بەشدارن دوو بۆمبی تەقاندەوە. کە دیارە سەرەڕای شەهیدبوونی ٥ کادر و پێشمەرگەی حیزب و ٢ کەس لە هێزی ئاسایشی حکومەتی هەرێمی کوردستان، ڕێژیم دیسان لە ئامانجە سەرەکییەکەیدا کە لێدانی زەربەی کوشندە لە حیزبی دێموکراتی کوردستان بوو ناکام مایەوە. بەمجۆرە دیسان تیرۆر و پیلانگێری بۆ زەبرلێدان درێژەی هەبوو، چ لە دژی حیزبی دێموکراتی کوردستان و چ لە دژی حیزبەکانی دیکەدا.

بەڵام هەموی ئەوانە جوڵانەوەی ڕۆژهەڵاتی کوردستانی بە چۆکدا نەهێنا هیچ، بەڵکوو زنجیرەیەک لە چالاکیی سیاسی، دیپلۆماسی و مەدەنیی لە نێو کۆمەڵانی خەڵک و دەرەوەدا دەستی پێکرد کە حیزبەکانی ئۆپۆزیسیۆنی کوردستانی ئێران ڕەقابەتێکی سالمی دێموکڕاتیکیان تێدا دەکرد و هەرکام لەوان هەوڵی دەدا مەیدانداری بێ ڕکابەر بێ. کە دیارە لەو

مەیدانەشدا حیزبی دێموکراتی کوردستان لە هەموو گۆڕەپانەکاندا سەر و گەردنێ بەرزتر بوو.
لەو نێوەدا ڕوون و ئاشکرایە کە بۆ ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی هەرچەند لە نێوبردنی هەموو حیزبەکانی ڕۆژهەڵات لە دەستوری کار دان، بەڵام حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ڕیزی پێشەوەی لیستەکەی دایە. هەربۆیە ئەوجارەیان لەبەر دەستەوەستانی چەکێکی لە سەر حیزب تاقی کردەوە کە لە ڕاستیدا لە نێوان دەوڵەتانیشدا یەکەم گوزینە نییە بۆ تاقیکردنەوە، چونکە بە پێی قەرارداده نێودەوڵەتییەکان تەنانەت لە شەڕی نێوان ئەرتەشەکانی وەڵاتانیشدا نابێ بەکار بهێنرێ و تەنیا لە وەڵامی بەکارهێنانی چەکێکی لەو بابەتە لە دژت، دەتوانی بەکاری بێنی. بەڵام کۆماری ئیسلامی لە دژی کۆبونەوەی سیاسیی کومیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان بە کاری هێنا و بەو هۆیەوە ١٤ کەس، لە نێویاندا ٦ ئەندامی ڕێبەری و چەند کادری بەوەج و پێشمەرگەی حیزبی دێموکرات و دوو ئەندامی حدکا شەهید بوون و زیاتر لە ٤٠ کەس بریندار بوون. هەرلەو ڕۆژەشدا بەرەبەیانی زوو سێ زیندانیی سیاسی کورد لە سێدارە درابوون و لە دوو ڕۆژ دواتری ڕووداوەکەشدا سێ زیندانیی سیاسیی دیکەی لە شنۆ و میاندواو لە دار دا.

بەڵام ئەوەش کۆڵی بە حیزبی دێموکراتی کوردستان نەدا و ڕۆژی دواتر پێنج حیزبی ئەندام لە ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێراندا پێکەوە و لەگەڵ چالاکانی نێوخۆ بانگەوازی مانگرتنیان کرد لە دژی هێرشی مووشەکی بۆسەر قەڵای دێموکرات و لە سێدارەدانی لاوانی کورد. ئەوان داوایان لە خەڵک کرد کە دوکان و بازاڕ دابخەن و نەچن بۆ سەر کارەکانیان، کە لە سەرانسەری کوردستانی ئێراندا وەڵامێکی بەربەرینی پێ درایەوە و کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان جارێکی دیکە ڕێژیم و بیروڕای جیهانی تێ گەیاند کە قورس و قایم لە پشت حیزب و ڕۆڵە تێکۆشەرەکانی خۆی ڕاوەستاوە و کۆماری ئیسلامی قەبوڵ نییە و جینایەتەکانی مەحکوم دەکا.

دواتر بینیمان ڕێژیم کە هلەو مەیدانەشدا دۆڕا، پەنای بۆ پیلانێکی دیکە برد و داوای لە دەوڵەتی عێراق و هەرێمی کوردستان کرد کە هێزە کوردییەکان لەو وڵاتە وەدەر نێن کە دیارە تا ئێستا ئەوەشی بۆ نەچووەتە سەر و زەحمەتە بۆشی بچێتە سەر. لە ئێستادا وەڵامی حیزبە کوردییەکانی ڕۆژهەڵاتیش دەبێ یەکگرتنێکی بەرەیی بێ. پێویستە هەرچی زووتر حیزبە لێکدابڕاوەکان یەک بگرنەوە و بەرەیەکی کوردستانیش لە نێو هەموو حیزبەکاندا پێک بێ. ئەوە باشترین زامنی سەرنەکەوتنی پیلانەکانی کۆماری ئیسلامییە. تەنیا بەو ڕێگایە دایە کە حیزبەکانی ڕۆژهەڵات لە لایەک دەتوانن لابیگەرییەکی باش لە ئورووپا و ئەمریکا بۆ مەسەلەی کوردی ڕۆژهەڵات بکەن و، لە لایەکی دیکەشەوە ببنە هێزێک کە هەمو لایەک حیسابیان لەسەر بکا.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٠ی سێپتەمبەری ٢٠١٨

# مەسەلە گرنگەکانی کۆنگرەی ١٧ی حیزبی دێموکراتی کوردستان

## بەشی یەکەم:

ئەمن بۆخۆم ئارەزووم دەکرد بە جیا نەچینە کۆنگرەی ١٧ و بنەماڵەی گەورەی دیموکرات بە یەکگرتوویی ئەو هەنگاوە ستراتیژی و پراکتیکیانە بەکردەیی بکا کە لە خوارەوە ئیشارەیان پێ دەکەم. بەڵام بەداخەوە دەبێ بڵێم ئاسۆی یەکگرتنەوە زۆر لێڵە و ئیمکانی وەدیهاتنی ئەو ویستەی زۆربەی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کەمە. هۆیەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ نیەتی جیاوازی ئەو دوو حیزبی دێموکراتە لە مەسەلەی یەکگرتنەوە دا. هەردووک حیزبی دێموکرات دەڵێن و دەشیانهەوێ ببنەوە یەک حیزب، بەڵام بۆچوونی هەریەک لەو دوو حیزبە لەسەر شێوەی بوونەوە بە یەک حیزب، جیاوازە. باسی من لێرەدا شیکردنەوەی نەزەری ئەو دوو حیزبی دێموکراتە نییە. تەنیا ئێشارە کردنە بەو مەسەلەیە بۆ ئەوەی گرنگی زۆرتر بدرێ بە داهاتوی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە کۆنگرەی ١٧ دا. چونکە بە باوەڕی من ئەگەر شانسێکی بچوکیش بۆ یەکگرتنەوە هەبێ، ئەوە تا کۆنگرەی ١٧ی حیزبی دێموکراتی کوردستان ئەو شانسە بچووکە هەیە. لە دوای کۆنگرەی ١٧، حدک دەبێ بتوانێ کار بۆ ئەوە بکا کە ڕیسالەتی دروستبونی حیزبی دێموکرات لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە تەواوی وە عۆدە بگرێ و تەنانەت جێگای خۆشی لە مەیدانی خەباتی نەتەوەیی دا لە سەرانسەری کوردستان بەرێتەوە ئەو ئاستەی کە لە کاتی دامەزرانی دا هەیبوە. هەریەک لەو دوو حیزبی دێموکراتە ئەگەر نەتوانێ خۆی بگەیەنێتەوە ئەو ئاستە، دەیدۆڕێنێ لە بەرامبەر دێموکڕاتەکەی دیکەدا، یا ئەگەر ئەو دێموکڕاتەی دیکەش ئەوەی لەدەست نەیە، لە بەرامبەر هێزێکی نوێ دا کە هەر لەسەر ئەو بنەمایە،" تەنانەت ئەگەر بە ناوێکی دیکەشەوە بێ"، دروست دەبێ.

کەواتە حیزبی دێموکڕاتی کوردستان ئەگەر بە تەمایە ببێتە ئەو حیزبەی کە ڕیسالەتی دێمۆکڕات بە تەواوی بەدەستەوە بگرێ و بە جێی بگەیەنێ، دەبێ لە سەر ئەو چەند مەسەلە گرنگانەی خوارەوە ساغ بێتەوە:

١- پەسند کردنی مافی دیاریکردنی چارەنوس وەک دروشمی ستراتیژی لە کۆنگرەی ١٧ دا
٢- وەدەست گرتنی ڕۆڵی ناسیۆنالیزمی ڕزگاریخوازیی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان
٣- گۆڕینی ستڕاتیژیی داوای ماف بۆ ستڕاتیژیی بەکردەیی کردنی ماف
٤- دانانی پلان و بەرنامە بۆ نەتەوەسازی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان
٥- لە ڕاددەی کوردستانی دا هاتنەوە نێو کایەی نەتەوەیی

٦- کارکردن لەسەر بە نەتەوەیی کردنی هێزی پێشمەرگە بەدانانی فەرماندەیی نەتەوەیی لە جیاتی فەرماندەیی حیزبی

پەسند کردنی مافی دیاریکردنی چارەنوس وەک دروشمی ستراتیژی لە کۆنگرەی ١٧ دا

یەکێک لە بەرنامەکانی کۆنگرەی ١٧ پێویستە دیاریکردنی ستڕاتیژیەکی ئەو تۆ بێ کە دەستی حیزب ئاواڵە بکا بۆ وەدیهێنانی قۆناغ بە قۆناغی مافی نەتەوەیی بە پێی گەشەی نەتەوەیی و هەل و مەرجی سیاسیی کوردستان و ناوچە وجیهان. مافی دیاریکردنی چارەنوس، مافێکی دانپێداهێنراوی نێونەتەوەییە و کەس ناتوانێ نکۆڵی لێ بکا.

بناغەی مافی دیاریکردنی چارەنوس لەسەر ماددەی ١ لە قانونی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتوەکان داڕێژراوە. بەر لە هەمو کەس ئەو مافە وەک پرێنسیپێک لە لایەن سەرۆکی ئەمریکا وۆدرۆ ویڵسن و سەرۆکی یەکیەتی سۆڤیەت لینین قەبوڵ کرا و بوبە بناغەی بنیات نانەوەو ئاوەدانکردنەوەی ئوروپا لە دوای شەڕی جیهانیی یەکەم. ئەو پرێنسیپە لە قەراردادی ئەتڵانتیک لە ساڵی ١٩٤١ دا لە پێشنیارەکانی دومبارتۆن ۆواکس دا هات و پەرەی پێ درا تا چووە نێو دەستوری ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتوەکان بڕیارنامەی ژمارە ١٥١٤ ی ساڵی ١٩٦٠. هێنانی ئەو پرینسیپە لە دەستوری ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان دا ناسینی ئەو مافەیە وەک مافێکی بناغەیی لە پێناوی پاراستنی ئاشتی و پێکهێنانی پەیوەندیەکی دۆستانە لە نێوان نەتەوە جیاوازەکانی جیهان دا. مافی دیاریکردنی چارەنوس وەک مافێک ناسراوە بۆ هەمو نەتەوەکان لە ماددەی یەکی قەراردادی نێونەتەوەیی دا کە سەبارەت بە مافی شارۆوەندی، مافی سیاسی، مافی ئابوری، مافی کۆمەڵایەتی و مافی کلتوری ئیمزا کراوەو لە قەراردادی ساڵی ١٩٧٦ دا و لە بەندی ١ ی ماددەی ١ دا دیاری کراوە. پاڕاگرافی ١ لەو ماددەیە بەمجۆرەیە:

هەموو نەتەوەکان مافی ئەوەیان هەیە کە چارەنووسی خۆیان بۆخۆیان دیاری بکەن. بە پیی ئەو مافە دەتوانن بە ئازادی ستاتوتی سیاسیی خۆیان دیاری بکەن، بە ئازادی بۆ گەشە پێدانی وزعی ئابوری، کۆمەڵایەتی و کلتوریی خۆیان تێبکۆشن.

مافی دیاریکردنی چارەنووس لە زۆر قەراداد و پەیمانی نێو نەتەوەیی دیکەش دا کە بە مەبەستی دەستەبەرکردنی ئاشتیی جیهانی، دەولەمەندکردنی مافی نێونەتەوەیی و دامەزراندنی پەیوەندییەکی سالم لە نێوان نەتەوەجۆربەجۆرەکانی دنیادا ئیمزا کراون هاتوە. بۆ وێنە دەتوانین باسی کۆبونەوەی ساڵی ٢،١٩٧٠ ی نەتەوەیەکگرتوەکان لە هێلسینکی کە قەراردادەکەی لە کۆنفڕانسی ساڵی ٣،١٩٧٥ لەسەر ئاشتی و هاوکاری لە ئوروپا پەسند کرا. قەراردادی ئەفریقا کە لە ٤،١٩٨١ دا سەبارەت بە مافی مرۆڤ و مافی نەتەوەکان ئیمزا کرا. قەراردادی ٥،١٩٩٠ پاریس کە دسەبارەت بە پەیوەندیەکانی ئوروپای نوێ ئیمزا کرا. هەروەها لە ساڵی ١٩٩٣ دا دادگای نێونەتەوەیی سەبارەت بە مەسەلەکانی نامیبی، سەحرای ڕۆژئاوا و تیموری ڕۆژهەڵات ئەو مافەی ڕاگەیاند. جگە لەوانەش مافی دیاریکردنی چارەنووس لە

بڕگەکانی مافی مرۆڤی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان دا بە بەرفراوانی هاتوە.

هەڵگرتنی ئەو درووشمە لە چەند بارەوە گرنگە. یەکەم ئەوەی کە حیزبیش بە تەنیا ئیجازە بە خۆی نادا کە لە جیاتی هەمو خەڵکی کوردستان بڕیار بدا و لە کۆتایی دا بڕیارەکە دەباتەوە بەردەم کۆمەڵانی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان. دووەم دیاریکردنی چارەنوس دەکرێ بە چەند شکڵی جیاواز دا تێپەڕێ و بە پێی قۆناغ و ئیمکانات خۆی لە خودموختاری، فیدراڵی، سەربەخۆیی ببینێتەوە. خەڵکی کوردستان دەتوانێ لە ڕیفراندۆمێک دا و بەپێێ هەل و مەرج تەنیا بە فیدراڵی ڕازی بێ و لە قۆناغێکی دیکە، ئەگەر هەل و مەرج ئیمکانی دا لە ڕیفراندۆمێکی دیکەدا بڕیار بۆ سەربەخۆیی بدا. ئەو کەششی نێوەرۆکیە لە مافی دیاریکردنی چارەنوس دا، ئیمکانی مانۆڕ و سیاسەتکردن لە سەر ئەرزی واقیع بە حیزبیش دەدا. چونکە حیزبیش هەر لە چوارچێوەی ئەو دروشمە ستڕاتیژیەدا دەتوانێ، ڕێگا چارەی جۆراوجۆر و بە پێی هەل و مەرج بە کۆمەڵانی خەڵک پێشنیار بکا.

٢ی دێسەمبەری ٢٠١٨

بەشی دووەم:

## وەدەست گرتنی ڕۆڵی ناسیۆنالیزمی ڕزگاریخوازی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان

زیادەڕەویمان نەکردوە ئەگەر بڵێین نەتەوەییترین و ئاگاترین بەشی کوردستان، ڕۆژهەڵاتی کوردستانە. ئەو هەستە خاوێنە نەتەوەییە لە بۆنەی جۆراوجۆر دا خۆی نواندوە. هەر بۆ وەبیرهێنانەوە دەتوانین ئیشارە بە خۆپیشاندانی بەرینی کۆمەڵانی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە کاتی شەهید کردن،گیران، یا سەرکەوتنی ڕێبەرانی کوردی هەرچوارپارچەی کوردستان بکەین. وەک تیرۆڕ کرانی شەهید دوکتور قاسملو و شەهید دوکتور شەرەفکەندی یا گیرانی عەبدوڵلا ئۆجەلان ،یا دیاریکرانی مام جەلال بۆ سەرۆک کۆماری عێراق دا. هەروەها دەتوانین ئیشارە بە خۆپیشاندانی بەرینی کۆمەڵانی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بکەین لە کاتی هێرشی دڕندانەی داعش بۆسەر کۆبانێ و شەنگال،لە نیشاندانی هاوسۆزیی نەتەوەیی لە پرسی بومەلەرزەکەی کرماشان و ئیلام دا و لە مانگرتنی گشتی بە بۆنەی موشەکبارانی پلینۆمی حیزبی دیموکراتی کوردستان دا. دیارە لە زۆر ڕووداوی ژینگەیی، مافی مرۆڤی و فەرهەنگیش دا ئەو هاو هەڵوێستی وهەستی نەتەوەییە بە ڕوونی خۆی نیشان داوە.

نیشاندانی ئاوا بەربەرینی هەستی نەتەوەیی بە تەنیا لە ژێر کارێگەریی هیچ حیزبێک یا ڕێبەرێکی کورد دا نەبوە. هەر لە جۆراو جۆریی ڕووداو و کەسایەتیەکان دا ئەوە بە ڕوونی دیارە. هەمان کۆمەڵە خەڵک هەم بۆ شەهید بوونی دوکتور قاسملو و دوکتور شەرەفکەندی هەستی خۆی دەردەبڕێ و هەم بۆ گیرانی عەبدوڵڵا ئۆجەلان و بوونی مام جەلال بە سەرۆک کۆماری عێراق. هەم بە بۆنەی بومە لەرزەوە دیتە مەیدان و هەم لە دژی موشەکبارانی حیزبی دێموکراتی کوردستان دا مان دەگرێ. هەم ڕێز لە ژینگەپارێزان دەگرێ و هەم لە چالاکانی بواری مافی مرۆڤ. دەربڕینی ئەو هەستە بە کۆمەڵە و نیشاندانی ئەو یەکگرتوییە، ئەوەمان پێ دەڵێ کە هەستی نەتەوەیی و ئاگاهی نەتەوەیی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دا لە لوتکەی خۆی دایە. کەچی سەرەڕای ئەوە نەبوەتە هێزێکی ناسیۆنالیستیی کوردیی بەهێز و کاریگەر کە بتوانێ لێبڕاوانە بێتە مەیدان و چارەنوسی خۆی بەدەستی خۆی دیاری بکا.

بە باوەڕی من هۆیەکەی دەگەڕێتەوە سەر ئەو کەمایەسیەی کە لە پێشەنگایەتی کردنی حیزبە سیاسیە نەتەوەییەکان دا هەبوە. کە بەرپرسایەتیەکەی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەشی زۆری دەکەوێتە سەرشانی حیزبی دێموکراتی کوردستان. حیزبی دێموکرات هەرچەند بۆ وەدەستهێنانی مافی نەتەوەیی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، وەک حیزبێکی نەتەوەیی دامەزراوە، بەڵام هیچ کاتێک بە تەواوی ڕۆڵی ڕێبەرایەتیکردنی ناسیۆنالیزمی کوردی بە شێوەیەکی هەمەگیر نەگێڕاوە و زۆرتر وەک حیزبێکی سیاسی کە یەکێک لە گرنگترین ئامانجەکانی وەدەستهێنانی مافی نەتەوەییە، ئەویش لە چوارچێوەی ئێران دا خۆی پێناسە کردوە و بۆ وەدەستهێنانی ئەو مافەش زۆرتر ڕووی لە ناوەندی ئێران بوە تا بە فشار بێ یا داواکاری، ئاوڕ لە کوردستان بداتەوە. ئەو ڕوانینە کارێکی ئەوتۆی کردوە کە کوردی ڕۆژهەڵات هێزی لە بن نەهاتوی خۆی بەکار نەهێنێ و لە باشترین حاڵەت دا، ئەگەر زۆر بریندار بوو، یا زۆر خۆشحاڵ بو بە ڕووداوێک، لە سەرشەقام نیشانی بدا.

ئەنجامێکی دیکەی ئەو سیاسەتە ئەوە بوە کە کۆمەڵانی خەڵک لە گەڵ ئەوەی کە زۆر نەتەوەیین و زۆر بەهەستن، بەڵام چاویان لە حیزبەکان بێ تا ئازادییان بە دیاری بۆ بەرنەوە. لە ڕاستی دا هەردووک لایەن، هەم حیزبە کوردیەکان و هەم کۆمەڵانی خەڵک لە چاوەڕوانی دا دەژین و هەرکامیان چاویان لەوەی ترە کە بەو ئەرکە گرنگە هەستێ. حیزبەکان چاوەڕوانن لە نیوخۆدا کۆمەڵانی خەڵک ڕاپەڕن و بیان بەنەوە و کۆمەڵانی خەڵکیش چاوەڕوانن حیزبەکان، بەتایبەت حیزبی دێموکرات هێز بەدەستبێنێ و ڕزگاریان بکا.

کەواتە ئەرکێکی گرنگی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان ئەوەیە کە لەسەر ئەو هەستی نەتەوەییە کار بکا و بیگۆڕی بۆ هێزی نەتەوەیی ولە بوارە بۆربەجۆرەکانی خەباتی فرەڕەهەند دا بە کاری بێنێ. دەکرێ ئەو هێزە هەم لە بەهێزکردنی حیزب و هێزی پێشمەرکە و پارێزەرانی ڕۆژهەڵات دا، هەم لە وەڕێخستنی جوڵانەوەیەکی فەرهەنگی بەر فرەوان دا، هەم لە کەلک

وەرگرتن لە دەرفەتەکانی کە دێنە پێش و هەم لە جولانەوەی مافی مرۆڤی و و ژینگەپاریزی دا کەڵکی لێ وەرگیرێ، بەڵام هەموی لە پێناوی خۆ بە ساحەبکردن لە مەسەلە نەتەوەییەکە دابێ. نابێ هیچکام لەو مەیدانانەی خەبات وەک ئاڵتەرناتیڤ بۆ مەیدانەکانی دیکە چاوی لێ بکرێ و پێویستە هەمویان بە تەنیشت یەکەوە بەرەو یەک ئاراستە کە لە کۆتایی دا مافی دیاریکردنی چارەنوسە کەڵکیان لێ وەربگیرێ.

یەک مەسەلەی گرنگی دیکە ئەوەیە کە ڕێگا لە دام و دەزگا و رایەڵە پان و بەرینەکانی کۆماری ئیسلامی بگیرێ کە خۆی بخزێنێتە نێو بەشێک لەو خەباتە فرە ڕەهەندەوە. لە خەباتی مەدەنی و جەماوەری دا پێویستە ووریا بین و پشتی ئەو چالاکانە بگرین کە بە بێ ئەوەی پەیوەندییەکیان بە ڕژیمەوە هەبێ، لە چوارچێوەی ئیمکاناتەکان و فرسەتەکان دا کە لەژێر سایەی ڕژیمێکی ئاوا درندەدا دێنە ئاراوە لە ڕەهەندە جیاوازەکانی وەک چالاکی بواری مافی مرۆڤ، چالاکیە سینفیەکان، بواری ئازادی ژنان، بواری فەرهەنگی و ئەدەبی، بواری ژینگەپارێزی، بواری وەرزشی، هەڵبژاردنی ئەنجومەنە کانی شار و شارستان و ...هتد کار دەکەن. پێویستە سەفی ئەو کەسانەش کە هاوکاری ڕژیم دەکەن و جار وبار دەیان هەوێ لە نێو کۆمەڵگادا حیسابی خۆیان پاک بکەنەوەو خۆشیان بخزێننە نێو چالاکانی دڵسۆزی گەلەوە جیا بکرێتەوەو ڕێگایان پێ نەدرێ بێنە نێو خەباتە فرەڕەهەندەکەوە. بە هیچ بە هانەیەک نابێ ڕێگا بە کەس بدرێ خزمەتی ڕژیم بکا و بە دوو قسەی بێ کردەوەش پاکانە بۆخۆی بکا. کەسانی دڵسۆزی بواری خەباتی فرەڕەهەند تەنیا ئەوانەن کە لە دەرفەتەکان کەڵک وەردەگرن بۆ دەربڕینی دەنگی بوونی نەتەوەکەیان. ئەوان کەڵک لە و بۆشاییانە وەردەگرن کە بە هەر هۆیەکەوە بووبێ دەکەونە نێو دیواری دام و دەزگای سەرکوتکەر.

کەوابو خەباتی فرەڕەهەندیش تەنانەت لە ژێر سایەی ڕژیمیش دا دەبێ، پێویستە بکرێتە ئامرازی بەهێزکردنی هێزیی نەتەوەیی و یەکگرتوویی نەتەوەیی و نابێ بکرێتە ئامرازی دابەزاندنی ویستە نەتەوەییەکان.

ئەرکی حیزب لە وەدەستگرتنی ڕۆڵی ناسیۆنالیزمی کورد دا ڕاست ئەوەیە کە لە پشت پەردەوە بتوانێ ئەو ڕێچکەی خەباتە فرە ڕەهەندانە پێکەوە هەم ئاهەنگ بکا، لێکیان گرێ بدا و بیان کاتە هێزی لە بن نەهاتوی نەتەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان. بێ ئەوەی باری تەبلیغاتی پێ بدا و تەنانەت بێ ئەوەی مۆرکی حیزب یا ڕێبەرێکی لێ بدا. لێرەدایە کە حیزب دەتوانێ ڕۆڵی بە ڕێوەبردن، جیهەت پێدان و بە دەستەوە گرتنی ناسیۆنالیزمی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەدەستەوە بگرێ.

٤ی دێسەمبەری ٢٠١٨

## بابەتەکانی ساڵی..................... ٢٠١٩ و ٢٠٢٠

# وەڵامی داواکاری سەبارەت بە ١٠ ساڵ کارو چاکی ڕەحمان نەقشی

### قەڵەمم لە بەرامبەر خۆ نەویستی و دڵسۆزی ئەو بەهرەمەندەی نەتەوەکەمان لاوازە و کەم دێنێ...

نوسین لەسەر کەسێکی خۆ نەویستی وەک کاک ڕەحمانی نەقشی کارێکی دژوارە و ئینسان لەوە دەترسێ کە هەرچۆنێک خامە بگێڕێ، نەتوانێ بە تەواوی مافی خۆی پێ بدا. ئەوەتی کاک ڕەحمانی نەقشی دەناسم هێندەی بیری لە ئامانجەکانی نەتەوەکەی و حیزبەکەی کردوەتەوە، نیو ئەوەندە بیری لە ژیانی شەخسیی خۆی نەکردوەتەوە.کە دیارە لە مێژیشەوە دەیناسم، هەر لە ساڵی ١٩٨٠ی میلادیەوە کە ئەندامێکی چالاک و لاوچاکی یەکیەتی لاوانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان بو لە ناوچەی سەردەشت و لە کاری هونەری دا، بە تایبەت لە شانۆگەری دا سەرکەوتو بو. ئێستاش لە بیرم ماوە کە مامۆستایانی شۆڕش شانۆی کاوەی ئاسنگەر یان لە بنکەی دەفتەری سیاسی لە شێوەجۆی ناوچەی سەردەشت پیشکەش کرد. کاک ڕەحمان لەو شانۆیەدا ڕۆڵی سەرەکی هەبو و زۆریش سەرکەوتو بو.

تایبەتمەندی زۆر و باش سەخاوەتمەندانەی کاک ڕەحمان ئەوەیە کە دایم لە بیری نەتەوەکەی و حیزبەکەی دایە. هەرچەندە زۆرجار هەلی بۆ ڕەخساوە کە بە داهاتوی شەخسی خۆی و سەروسامان دان بە ژیانی خۆی ڕابگا، بەڵام گرنگی زۆرتری داوە بە خزمەت بە دۆزی ڕەوای گەلەکەی و هەرگیز قازانجی خۆی وەپێش قازانجی نەتەوەو حیزبەکەی نەداوە. هەرچەند لە قۆناغەجۆر بە جۆرەکانی ژیانی دا گەلێک تەنگ و چەڵەمی بۆ هاتوەتە پێش و زۆر باری نالەباری ژیانی دیوە، بەڵام بۆ ساتێکیش دەستی لە خزمەت بە نەتەوە و حیزبەکەی هەڵنەگرتوە. بواری خزمەتی کاک ڕەحمان ئەوەندە بەربڵاو بوە کە تەنانەت خزمەت بە بەشێکی زۆر لە چالاکانی بواری سیاسی، ئەدەبی و کۆمەڵایەتی کوردستانیشی گرتوەتەوە.

ئەوە ماوەی چەندین ساڵە کاک ڕەحمانی نەقشی خۆبەخشانە و بەبێ هیچ چاوەروانیەکی ماددی و تەنانەت مەعنەویش،

دەستی داوەتە خزمەتێکی ئێگجار گەورە بە مێژووی حیزبی، نیشتمانی، نەتەوەیی، فەرهەنگی و کۆمەڵایەتی کوردستان و نەتەوەی کورد و حیزب و ڕێکخراوە سیاسیەکانی، بەتایبەتی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان. ئەو دەست ڕەنگین و هونەرمەندە خۆشەویست و خۆ نەویستە تا ئێستا سەدان بۆڵتەنی خەبەریی لە چالاکیەکانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی بە شێوەیەکی ئەلکترۆنی زۆر ڕێک و پێک بڵاو کردوەتەوە کە زووربەی نیزیک بەتەواوی چالاکیەکانی حیزبی تێدایە و نەک تەنیا لە باری ڕاگەیاندنەوە خزمەتێکی گەورەی کردوە، بەڵکو ئارشیڤێکی دەوڵەمەندیشی بۆ حیزب بەرهەم هێناوە.

کاک ڕەحمان جگە لەوە بەرهەمی نوسینەکانی دەیان کەسایەتی سیاسی، فەرهەنگی، کۆمەڵایەتی و زانستیشی بە شێوەی نامیلکە و گۆڤار کۆکردوەتەوەو بە ڕێک و پیکی لە دیزاینێکی جوانی ئەلکترۆنی دا بڵاوی کردونەوە. سەرەڕای ئەوانە کاک ڕەحمان سەدان پۆستێر و کارتی زۆر ڕازاوەی لە سەر شەهیدە سەربەرزەکانی کوردستان، چالاکانی سیاسی، هونەرمەندان، کەسایەتیە سیاسی، فەرهەنگی و کۆمەڵایەتیەکان بڵاو کردوەتەوەو گرنگی بە کار و چالاکی بەشێکی زۆر لە کەسایەتیەکان داوە. هەروەها لە هەر بۆنە و بیرەوەریەک دا، وەک جێژنی نەورۆز، دووی ڕێبەندان، ١٠ی خاکە لێوە ڕۆژی شەهیدان، ڕۆژی ژنان و دەیان بۆنەی دیکەوە کارتپۆستاڵ و نامیلکەی بڵاو کردونەوە. ڕاددەی خۆماندووکردن و دڵسۆزی کاک ڕەحمان لە ژمارەی ئەو بەرهەمانە دەردەکەوێ کە تا ئێستا بڵاوی کردوونەوە کە بریتین لە ١٦٠ نامیلکە، ٢٣ وتوویژ ، ١٢٠ کۆبەند و ٦٥ گۆڤار.

ئەو نامیلکەیەی لە بەردەستان دایە بەشێکی بچوک لە بەرهەمەکانی خۆیەتی کە لە ڕاستی دا دوای چەندین ساڵ لە خزمەت بە هونەرمەندان، چالاکانی سیاسی، چالاکانی ئەدەبی و فەرهەنگی، خۆی وەبیر هاتوەتەوەو هەوڵی داوە ئاوڕێکیش لە بەرهەمەکانی خۆی بداتەوە. هەڵ دەگرێ هەر ئەوەندەی کە نوسەری ئەم بەرهەمە گرنگی داوە بە هەمو کەس، هەمو کەسیش گرنی بدا بە بەرهەمەکانی ئەو. هیوادارم بە چاوی ڕێزەوە بڕواننە کار و تێکۆشان و بەرهەمەکانی کاک ڕەحمان و نرخی شیاوی خۆی بدەنێ.

ئارەزوومە کاک ڕەحمانی نەقشی ساڵانێکی دوور و درێژ بە لەشێکی ساغەوە بتوانێ درێژە بەو چالاکیانە بدا، کە لە ڕاستی دا هەموی لە پێناوی دۆزی ڕەوای نەتەوەکەمان دایە. سەرکەوتنی هەرچی زۆرتر بۆ ئەو خزمەتکارە خۆنەویستەی نەتەوەکەمان بە ئاوات دەخوازم. قەڵەمم لە بەرامبەر خۆ نەویستی و دڵسۆزی ئەو بەهرەمەندەی نەتەوەکەمان لاوازە و کەم دێنێ.

١٤ - ٣ - ٢٠١٩

## پێشەکی بۆ نامیلکەی

ئەو نامیلکەی لەبەر دەستتان دایە کۆمەڵێک نوسین، ووت و وێژ و بۆچونی سەبارەت بە شەهید ئاوارە تێدا کۆکراوەتەوە کە لە نامیلکە، ڕۆژنامە، گۆڤار و سایتەکان دا بڵاو بوونەوە. دیارە هاوڕێی بەڕێز و ماندوویی نەناسم کاک ڕەحمانی نەقشی زەحمەتی کۆکردنەوە، تەنزیم کردن و تایپ کردنی کێشاوە و بریتی یە لە ڕاو بۆچوونی کۆمەڵێک کەسایەتی سیاسی و کۆمەڵایەتی کە زووربەیان هاوڕێ و هاوخەباتی شەهید مەلا ئاوارە بوون. لە نێویان دا دوو کەسایەتی گەورەی سیاسی و ئاینی هەن کە یەکیان هاوڕێی خوێندن و سیاسی شەهید مەلا ئاوارە، واتە مامۆستا عەبدوڵلا حەسەنزادەیە و دووەمیان برا و هاوڕێی شەهید ئاوارە واتە مامۆستا محمدی شڵماشی یە. ئەوانە هەر دووکیان بە قووڵی ئاوارەیان ناسیوە و ئاگایان لە هەڵس و کەوتەکان و شێوەی پێگەیشتن و تەنانەت گیران و خۆڕاگری شەهید ئاوارە بووە. جگە لەو دوو کەسەش چەندین کەسایەتی سیاسی و پێشمەرگایەتی بۆچونی خۆیان دەربڕیوە کە هەرچەند ئەمن ناتوانم بە تەواوی قەزاوەتیان لەسەر بکەم و ڕەنگە نەشتوانم لەگەڵ هەموو بۆچونەکان کۆک بم، بەڵام شکم لەوەدا نییە کە بە گشتی تیشکێکی ڕوونکەرەوە دەخەنە سەر داستانی قارەمانێکی نەتەوەیی گەلەکەمان کە شەهید مەلا ئاوارەیە.

بەداخێکی گرانەوە تا ئێستا گرنگیەکی پڕ بە پێستی خۆی نەدراوە بە ڕۆڵی گەورەی کادر و پێشمەرگەکانی جوڵانەوەی ساڵەکانی ٤٦ - ١٣٤٧ی(٦٧ - ١٩٦٨) حیزبی دێموکراتی کوردستان بە گشتی و ڕۆڵی سیاسی -کۆمەڵایەتی و پێشمەرگانەی شەهید ئاوارە بە تایبەتی. ئەو جوڵانەوەیە لە سەردەمێک دا بۆ ماوەی ١٨ مانگ جەزیرەی ئارامی ڕژیمی شاهەنشاهی شڵەقاند کە ئەو ڕژیمە بەهێزترین دەوڵەتی ناوچە بوو و بە ژاندارمی خلیج ناوی دەرکردبوو. شەهید ئاوارە نەک تەنیا لەو جوڵانەوەیەدا دەوری زۆر کارای هەبوو، بەڵکوو زیاتر لە ١٠ ساڵ بوو لەنێو کۆمەڵانی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دا وەک کادرێکی خۆشەویست و بە ئەزموون سەرگەرمی پێکهێنانی تەشکیلاتێکی نەهێنی مونسەجیم، خۆڕاگر و نەهێنی پارێز بوو. هەروەک مامۆستا عەبدوڵلا حەسەنزادە لە ووت و وێژێک دا کە هەر لەم نامیلکەیەدا بڵا و بوەتەوە ئیشارەی پێکردوە، تا ئێستاشی لەگەڵ بێ نمونەی کادرێکی خەڵکی، خۆشەویست و لێزان لە بواری تەشکیلاتیەوەو ڕوو خۆش و شاعیری وەک ئاوارە زۆر بە کەمی دیتراوەتەوە.

ئاوارە بە جۆرێک شوێنکاری لەسەر دەور و بەری هەبوە کە تەواوی ئەو پێشمەرگانەی لە گەڵی بوون هەتا سەر وەفادار بە ڕێبازەکەیان ماونەوەو بەشێکی زۆریان لە حیزبی دێموکڕات و لە جوڵانەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دا بە پلە و

پایەی ڕێبەری گەیشتون و بە کەسانی خۆشناو و تێکۆشەر ناسراون. لەم ڕوانگەوە هەڵدەگرێ ئەزمونەکانی شەهید ئاوارە چ لە بواری تەشکیلاتی دا، چ لە بواری سیاسی و کۆمەڵایەتی دا بە دریژی هەڵسەنگێندرێن و لە چەندین لێکۆڵینەوەی زانستی دا شی بکرێنەوە، تا ڕۆڵەکانی گەلەکەمان ئەزموونی لێ وەربگرن و بیانکەنە چرای ڕێگای خەباتیان.

لەگەڵ ئەوەش دا گرنگیی ئەم نامیلکەیە زۆرە و دەستپێکێکی باشە بۆ ئەوەی سەرنجی زۆرتر بدرێ بە خەبات و تێکۆشانی ڕۆڵەکانی گەلەکەمان و نرخی خۆیان بدرێ بە شەهیدە سەربەرزەکانمان. لەوەش گرنگتر ڕاو بۆچوونی ئەو کۆمەڵە کەسایەتیە یە کە لێرەدا هاتوە. ئەوانە هەرکام بە نۆبەی خۆیان بەشێکی دیار و بەرچاون لە ئەزموونی خەباتی گەلەکەمان دا. زۆریان تا ئێستاشی لەگەڵ بێ نەخشیان هەیە لە خەباتی نەتەوەکەمان دا و بۆخۆشیان خاوەنی زۆر ئەزموونی بە کەڵکن بۆ نەوەکانی داهاتومان.

هیوادارم کۆکردنەوەی ئەو کۆمەڵە بۆچوونە ببێتە هەوێنی بەدواداچوونێکی قوڵتر و زانستیتر لەسەر خەبات و تێکۆشانی شەهید مەلائاوارە و هەمو شەهیدانی سورخەڵاتی گەلەکەمان کە هەرکامەیان بۆخۆی داستانێکی پڕبایەخی تێکۆشان لە پێناوی ئازادی و ڕزگاری گەلی زوڵملێکراوە کوردە. چاوەڕوان دەکرێ مێژووناسانی گەلەکەمان ئەمجۆرە هەوڵانە بکەنە هەوێنی لێکدانەوەیەکی مێژوویی تا لە داهاتووی نەتەوەکەمان دا کەڵکی باشیان لێ وەرگیرێ. بەوجۆرە یاد و بیرەوەری و خەباتی شەهیدە سەربەرزەکانمان بە زیندوویی دەمێنێتەوە و وەک ئەمانەتێکیش بە نەوەکانی داهاتو دەسپێردرێ.

جگە لەوەش شیعرەکانی شەهید ئاوارە بۆ هەڵسەنگاندن، لێدانەوەو لێکۆڵینەوەی ئەدەبی دەبن. شیعرەکانی وەک توتنەوانێکی ناوچەی سەردەشت، کوردم کوردستانم دەوێ، ڕەشبگیری، لای لایە، بەهەشتی ئالان و ..هتد هەرکامیان پارچەیەکی هونەری و کۆمەڵایەتین کە پێویستە نەوەکانی داهاتویان لێ ئاگادار بکرێ و لە نێو فەرهەنگ و ئەدەبیاتی گەلەکەمان دا جێگای شیاوی خۆیان بگرن.

٢ی مارچی ٢٠١٩



سەرچاوە
Serchawe

## کیمیابارانی سەردەشت، زامێکی هەمیشە ئاوەڵا

سی و دوو ساڵ لەمەوبەر لە ڕۆژی ٧ی پووشپەڕی ١٣٦٦ی هەتاویدا ڕێژیمی بەعسیی عێراق لە هێرشێکی دڕندانەدا بە چەکی کیمیایی پەلاماری شاری سەردەشتی دا. لە ژمارەی کوژراو و بریندارانی ئەو کارەساتە ئاماری جۆراو جۆر بڵاو بۆتەوە. کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی تا ئێستاشی لەگەڵ بێ کە ٣٢ ساڵی بەسەردا تێپەڕیوە ئامارێکی ورد و دەقیقیان لە قوربانییانی ئەو کارەساتە بڵاو نەکردۆتەوە. لەسەرەتاوە وەزارەتی دەرەوەی کۆماری ئیسلامی لیستەیەکی ٤٦٠٠ کەسی لە کوژراوان و بریندارانی ئەو کارەساتە دڵتەزێنە دابوو بە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان. ئەوە لە کاتێک دابوو کە هەواڵەکان باسیان لە کوژران و بنیدار بوونی زیاتر لە ٨٠٠٠ کەس دەکرد. ڕەفسەنجانی لە نوێژی هەینیی مانگی گەلاوێژی ١٣٨٢دا باس لە ٨٠٢٤ کەس شەهید و بریندار دەکا و پارێزگاری ورمێ لە ساڵی ١٣٦٧ دا باسی لە ١٠٠٠٠ شەهید و بریندار ئەم ڕووداوە دەکا. بە کورتی ژمارەی دەقیق هیچ کاتێک بڵاو نەکرایەوە. هەر لە سەرەتاوە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لە هەوڵی ئەوەدا بوو کە بە تایبەت ژمارەی قوربانییانی ڕووداوەکە بە کەمتر لەوەی کە هەیە لە قەڵەم بدا. چونکە دەیزانی کە بەرپرسایەتیی دەکەوێتە سەرشانی و پێویستە ئاوڕ لە ژیان و گوزەران و لەشساغیی بریندارانی و کەسوکاری شەهیدەکان بداتەوە. بۆیە ئێستاشی لە گەڵ بێ کەسانێک هەن کە بریندار‌بوونەکەیان لە لایەن کۆماری ئیسلامیەوە تەئیید نەکراوە و ڕادەی تێکەڵبوونی ماددەی کیمیایی بە خوێنیان دیاری نەکراوە، ئەوە جیا لەوەی کە ئەم کەسانە لە هیچ چەشنە خزمەت و پێڕاگەیشتنێکیش سوودمەند نەبوون. بە پێی ئەو ئامارانەی بەدەست گەیشتون لە ژمارەی نیزیکەی ٨٠٠٠ کەس بریندار تەنیا ١٣٨٠ کەسیان لە لایەن دەوڵەتەوە بە ڕەسمی ناویان تۆمار کراوە و لەوانەش تەنیا چەند سەد کەسێکیان کە باس لە ٤٠٠ کەس دەکرێ، یارمەتیی مانگانەیان بۆ بڕیونەتەوە.

ڕەنگە بۆ زۆر کەس جێگای پرسیار بێ کە بۆچی شاری سەردەشت کەوتە بەر پەلاماری چەکی کیمیایی ڕژیمی بەعس. دیارە ئەوە تەنیا سەردەشت نەبوو کە کەوتە بەرپەلامارانی کیمیایی ڕژیمی بەعس، بەڵام لێدانی سەردەشت لە هەمو ناوچەکانی دیکە بەرفراوانتر و قوربانییەکانیشی زۆرتر بوون، هەتا دواجار کە ڕێژیمی بەعس کارەساتی هەڵەبجەی خوڵقاند. ئەوەی جێگای ئاماژەیە هۆکاری هەڵبژاردنی شاری سەردەشت بۆ لێدان بە چەکی کۆمەڵکوژە. یەکێک لە هۆکارەکان ئەوە بوو کە سەردەشت و ناوچەی سەردەشت بە درێژایی دەیان ساڵ ناوەندی جووڵانەوەی کورد بووە چ لە باشور و چ لە ڕۆژهەلات. زوربەی حیزبە کوردستانییەکانی باشووریش ناوەندەکەیان لە و ناوچەیە بووە. هۆیەکی دیکەی ئەوەبو کە نێوشاری سەردەشت چ لە سەردەمی حکومەتی پەهلەویدا و چ لە سەردەمی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیدا پادگانێکی گەورەی نیزامی لێ بووە کە ئێستاش لێیەتی. دەوڵەتی ناوەندی لە ئێران بە گشتی هەمیشە وەک ناوچەیەکی ئەمنییەتی و هەڕەشەیەک بۆ سەر



سەرچاوە
Serchawe

دەسەڵاتی ناوەندی چاوی لێ کردوە و هەر بەو پێیەش میلیتاریزەی کردوە. بەو سیاسەت و کردەوانەی دەسەڵاتدارانی تاران لە ڕاستیدا سەردەشت بووەتە خەتی پێشەوەی بەرەی شەڕ لەگەڵ هەر هێزێک کە لە سنوورەکانی باشوری کوردستانەوە ڕوو لە ناوچەی ژێر دەسەڵاتی دەوڵەتی ئێران بکا. دیارە لە سەردەمی شەڕی ئێران و عێراقیشدا بۆ ڕێژیمی بەعس هەر بەو پێیەش ببوو بە ئامانجێکی نیزامیی دیاریکراو.
مەسەلەیەکی دیکەی گرنگ لەو کارەساتەدا ئەوە بوو کە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی هیچ سۆزێکی بۆ دانیشتووانی شاری سەردەشت و دەوروبەری نەبوو. لەگەڵ ئەوەی کە دەیزانی ڕێژیمی بەعس چەکی کیمیایی بەکار دێنێ و لەگەڵ ئەوەش کە دەیزانی شاری سەردەشت و دەوروبەری یەکێک لە ئامانجەکانە، بەڵام هیچ ڕێکارێکی پێشگیرانە لە زیان و زەرەری بۆ خەڵک نەگرتبووە بەر. ئەوە لە حاڵێک دابوو کە یەک حەوتوو بەر لەو کارەساتە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لە نێو هێزە نیزامییەکانی خۆیدا ماسکی بەرگر لە بەرامبەر ماددەی کیمیایی بڵاو کردبۆوە. پرسیارەکە ئەوەیە کە بۆچی لە نێو کۆمەڵانی خەڵکیشدا ماسکی بڵاو نەکردۆتەوە؟

بێ مەسئولییەتی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لە بەرامبەر قوربانییانی چەکی کیمیایی لە دوای کارەساتەکەش لەو پەڕی خۆیدا بوو. ئەو ڕێژیمە لەکاتێکدا کە بەرپرس بوو لە پێڕاگەیشتن بە بنەماڵەی شەهیدان و بریندارەکانی ئەو کارەساتە، زۆر بە کەمی ئەرکی خۆی بەجێ گەیاند و تا ئێستاشی لەگەڵ بێ بەشی هەرەزۆری بریندارەکانی ئەو کارەساتە بە بیانووی بوونی ڕاددەی کەمی مەوادی کیمیایی لە لەشیاندا وەک بریندار ناناسێ و هیچ جۆرە یارمەتییەکیان پێ ناکا. وە تا ئێستاش ژمارەیەکی زۆر لە خەڵکی شاری سەردەشت بەدەست کاریگەریی بۆمبارانی کیمیایی لە سەر تەندروستیان دەناڵێنن و بەدوای دەواو دەرمانەوەن بێ ئەوەی هیچ دەستێکی یارمەتییان بۆ درێژ کرابێ.
لە لایەکی دیکەوە ڕێژیم هیچ خۆی ماندو نەکرد کە ئەو کارەساتە لە ناوەندە نێو دەوڵەتییەکاندا بە تاوانی بەکارهێنانی چەکی کیمیایی لە دژی خەڵکی مەدەنی بناسرێ و لە چوارچێوەی ڕووداوەکانی شەڕی نێوان دوو وڵات بێتە دەر. تەنانەت کاتێک بە هەوڵ و تێکۆشانی چەند چالاکێکی کورد و حیزبی سۆسیالیستی هولەند مەسەلەی بۆمبارانی کیمیایی سەردەشت و هەڵەبجە گەیشتە دادگای نێودەوڵەتیی لاهە لە هولەند و تەنانەت بازرگانێکی هولەندیش بە ناوی فان ئانڕاد بە تاوانی فرۆشتنی ئەو چەکە بە ڕژیمی سەددام مەحکوم کرا و ڕژیمی سەددامیش ڕەسمەن وەک بەکار هێنەری ئەو چەکە مەحکوم کرا، ڕژیمی کۆماری ئیسلامی کە بە شێوەی ڕەسمی دەبوو پەروەندەکە بقۆزێتەوە و لە ناوەندە نێونەتەوەییەکان بەکاری بێنێ و لانیکەم هەوڵ بدا کە قوربانییەکان قەرەبو بکرێنەوە، هیچ کارێکی ئەوتۆی نەکرد و بابەتەکەی دیزەبەدەرخۆنە کرد و لەبیر خۆی بردەوە.
لەوەش گرنگتر نە لە کاتی ڕێککەوتن لە سەر ڕاگرتنی شەڕی ئێران و عێڕاقدا و نە دواتر کە ڕێژیمی سەددام ڕووخا، مەسەلەی بەکار هێنانی چەکی کیمیایی لە دژی خەڵکی مەدەنی، کە بە شێوەی سەرەکیش لە کوردستاندا بەکار هاتبوو،



سەرچاوە
Serchawe

ڕژێمی کۆماری ئیسلامی گرنگی پێویستی پێ نەدا و نەیکردە مەرجێک لەسەر ڕێژیمی عێراق کە قوربانییەکانی ئەو جینایەتە سامناکە قەرەبوو بکاتەوە.
لە هەمویان زەقتر کاتێک ڕێژیمی سەددام ڕووخا و لە عێراق دەوڵەتێک هاتە سەرکار کە بەشی زۆری لە شیعە و نیزیک بە کۆماری ئیسلامی بوون، هەر بە یەکجاری قوربانییانی شاری سەردەشت و جێگاکانی دیکەی لە بیر بردەوە و لەجیاتی داوای قەرەبووکردنەوەی قوربانییان لە لایەن دەوڵەتی عێراقەوە، تەنانەت ئیمکاناتی ئێرانیشی لە ئیختیار هێزەکانی وەک حەشدی شەعبی نا تا بۆ بەرنامەکانی ئاژاوەگێرانەی خۆی لە عێراق و ناوچەدا کەڵکیان لێ وەرگرێ. ئەوە لە کاتێک دایە کە هیچ کارێکی ئابووری و ئاوەدانی بۆ شاری سەردەشت و دەوروبەری نەکردوە و کەسوکاری شەهیدان و بریندارانی هێرشی کیمیایی لە بەر بێدەرەتانی و بۆ ژیانێکی نەمر نەژی ڕوو لە کۆڵبەری دەکەن و کۆماری ئیسلامیش تەنانەت ئەوەشیان پێ ڕەوا نابینێ و هێرشیان دەکاتە سەر و دەیان کوژێ.

قوربانیانی کیمیابارانی شاری سەردەشت و ناوچەکانی دیکە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە چەند لایەنەوە زوڵمیان لێ کراوە.لە لایەن جینایەتکارانی ڕێژیمی بەعسی ڕووخاوەوە کە دڕندانە و زۆر بە بێتاوانی هێرشی کیمیاییان کراوەتە سەر، لە لایەن کۆماری ئیسلامیەوە کە هیچ خۆی لێ بە خاوەن نەکردوون و لە لایەن کۆمەڵگەی نێونەتەوەییشەوە کەچاوپۆشی کردوە بەرامبەر جینایەتێکی ئاوا سامناک لە دژی مرۆڤایەتی.

ماف کۆن دەبێ و نافەوتێ، بۆیە جێگای خۆیەتی ئێستاش بەدواداچوون بۆ مافی قوربانییانی کیمیابارانی هەڵەبجە، سەردەشت وناوچەکانی دیکە بکرێ. باشترین ڕێگاش ئەوەیە کە ڕێکخراوێکی بەهێز بۆ ئەوکارە دابمەزرێ و حکومەتی هەرێمی کوردستان لە باشوور و هەموو حیزبە کوردستانییەکانیش پشتیوانیی لێ بکەن، تا قوربانیانی کیمیاباران بە مافەکانی خۆیان بگەن. جێگای ئاماژەیە کە ڕێکخراوی (چاک) کە ڕێکخراوێکی دیفاع لە مافی قوربانیانی چەکی کیمیایی لە کوردستان بوو، لە هولەند و ئورووپا چالاک بوو، زۆر زەحمەتی کێشا و ماوەیەک زۆر هەوڵی بۆ ئەم مەبەستە دا، بەڵام بەهۆی پشتیوانی نەکران و کەم دەرەتانی، هەرچەند کاری گەورەی کردن، بەڵام هەوڵەکانی بەس نەبوون. ئەو کەیسە پێویستی بە چالاکی زۆرتر و پشتیوانیی زۆرتر هەیە لە لایەن هێزە سیاسیەکانی کوردستانەوە بە گشتی و لە لایەن دەزگا ڕەسمییەکانی کوردستانەوە بە تایبەتی. چاوەڕوانی زۆر لە دەوڵەتانی زاڵ بەسەر کوردستاندا ناکرێ، چونکە هەر لەسەرەتاوە بە کێشەی خۆیانیان نەزانیوە و ئێستاش بە کێشەی خۆیانی نازانن.

(لە ژمارەی ٧٥٣ی "کوردستان" دا بڵاو بۆتەوە)

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٦ی جوولای ٢٠١٩

## بۆ "دی پریسە": ئێمە داوای ئیجرای عەدالەت دەکەین لە پەروەندەی تیرۆری دوکتور قاسملو دا

کوردەکان: وەڵاتی ئوتریش دەبێ پەروەندەی تیرۆری دوکتور قاسملو دوای سی ساڵ وەگەڕ خاتەوە.

مستەفا شڵماشی لە حیزبی دێموکراتی کوردستان داوای وەگەڕ خستنەوەی پەروەندەی سیاسەتمەداری کورد دوکتور قاسملو کە پێش سی ساڵان لە وییەن تیرۆر کرا، دەکا.

بێزاری خەڵک لە ڕژیم لە پەرەسەندن دایە، ئەورۆ ڕۆژێکە کە نوێنەرانی کوردی ئێران لە بیری ناکەن. لە ١٣ی جولای سی ساڵ لە مەوبەر، لە شاری وییەن بەناوبانگترین سیاسەتمەداری کورد دوکتور عەبدولرەحمان قاسملو و دوو لە هاوڕێیانی لە لایەن تیمێکی پیاوکوژی ئێرانەوە تیرۆر کران. ئەوان لە ئاپارتمانێک لە گەڕەکی سێ، دەگەڵ نوێنەرانی ڕژیمی ئێران بۆ ووت و وێژ کۆ ببونەوە، بەڵام ووت و وێژەکە تەڵەبو داندرابۆوە. کاربەدەستانی ئوتریش لە ژێر فشاری ڕژیمی ئێران قاتڵەکانیان بە بێ هیچ ڕێگریەک ئازاد کرد. ڕۆژی هەینی ئەندامان و لایەنگرانی چەندین حیزبی کوردی یادی سی ساڵەی شەهید بوونی دوکتورقاسملویان لە مەیدانی هێلدنپلەچ(بەردەمی پارلەمان) کردەوە. مستەفا شڵماشیش بۆ ئەو یادە هاتبو. شڵماشی ئەندامی دەفتەری سیاسی حیزبی دێموکراتی کوردستانە لە ئێران. حیزبەکەی وی لایەنێکە لە حیزبە سەرەکیەکەی سەردەمی قاسملو. شڵماشی لە ووت و وێژ لەگەڵ مێدیاکان داوای لە بەشی قەزایی ئوتریش کرد کە پەروەندەی تیرۆری دوکتور قاسملو زیندوو بکرێتەوە. ئەو کوتی ئێمە داوای ئیجرای عەدالەت دەکەین بۆ ڕێبەرەکەمان قاسملو. ئوتریش دەبێ پابەند بێ بە یاسا و پرێنسیپە دێموکراتیەکانی خۆی، ئەوە قەتڵێکی سیاسی بوو دادستانی ئوتریش بەرپرسیارە کە لەو تیرۆرە بکۆڵێتەوە.

### ئەوان (کوردەکان) ووت و وێژ ڕەت ناکەنەوە

شڵماشی دادگای میکۆنۆسی لە ئەڵمان وەک نمونەیەکی بەرچاو هێنایەوە. لەوێ ساڵی ١٩٩٧ لە قەتڵێکی هاوشێوەدا بکوژەکانیان مەحکوم کرد. دادگای ئاڵمان ڕێبەرانی کۆماری ئیسلامی بە بڕیاردەرانی ئەو تیرۆرە ناساند.

خەبات بۆ مافی زیاتری کوردەکان لە ئێران، دوای کوشتنی قاسملو بەردەوام و درێژەی هەبو و حیزبی دێموکراتی کوردستان

تا ئێستاش هەر ئامادەگی تێدایە بۆ ووت و وێژ. شڵماشی ئێمە وەک پرێنسیپ وتووێژ هیچکات ڕەت ناکەینەوە، چونکە هیچ کێشەیەکی سیاسی بە شەڕ و ڕێگای نیزامی چارەسەر نابێ. بەڵام بەداخەوە ڕژیمی ئێران تا ئێستاش پرسی کورد بە چاوی ئەمنییەتی هەڵدەسەنگێنێ و هەڵس و کەوتی دەگەڵ دەکات. لە ڕێکەوتی مانگی سیپتامبری ٢٠١٨ دا ئێران هێرشی موشەکی کردە سەر بنکە و بارەگاکانی دوو لایەنی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لە هەرێمی کوردستانی باکوری عێراق. لەو هێرشەدا ١٦ کەس گیانیان لەدەست دا کە کە لە نێو قوربانیەکان دا ٦ کەسیان ئەندامانی ڕێبەری حیزبی دێموکڕاتی کوردستان بوون. شڵماشی کوتی ئێمە پێشنیاری ووت و وێژ و ڕێگا چارەی سیاسی دەکەین و ئەوان بە کوشتن و بڕین وەڵام دەدەنەوە. لایەنەکەی دیکەی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان وێ دەچێ ئێستاش شەڕی چەکداری لە بەرنامەی دا هەبێ. پێتوایە پێشمەرگەکانیان ببن بە بەشێک لە هێزی نیزامی ئەمریکا؟

**شڵماشی کوتی:**

ئێمە هەمو حیزبەکان لەسەر یەک هەڵوێستین کە بە نوێنەرایەتی هیچ لایەنێک شەڕ ناکەین. ئێمە کومیتەیەکی هاوبەشمان پێک هێناوە بۆ هەل و مەرجێک کە ئەگەر دەرفەت ڕەخسا بۆ ووت و وێژ دەگەڵ ڕژیم یان ئەوە کە هەل و مەرجێک بڕەخسێ بۆ گەڕانەوەی هێزەکان کە بتوانین بە یەکەوە ئیدارەی کوردستان بکەین.

**نان لە جیاتی چەکی ئەتۆمی**

خەڵک ڕۆژ لە گەڵ ڕۆژ لە ڕژیم بێزارتر دەبن. خەڵکی ئێران چەکی ئەتۆمیان ناو بەڵکو نان و ژیانیان دەوێ. ئەوان لایەنگری شەڕ و کێشە لە گەڵ ئیسرائیل نین، ئەوان خوازیاری پێڕاگەیشتن بە قوتابخانە و نەخۆشخانەکانن، نەک ئەوە کە سەروەت و سامانی ئێران سەرفی گروپە تیرۆریستیەکان لە عێراق و یان لوبنان بکرێ.

(لە ژمارەی ٧٥٤ی "کوردستان" دا بڵاو بۆتەوە)

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٠ی جوولای ٢٠١٩



سەرچاوە
Serchawe

# دەبا ئەو پەڵە ڕەشە لەسەر ئاسمانی ڤییەن نەمێنێ

## (دەقی وتاری ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزب لە کۆبوونەوەی بەردەم پارلمانی ئۆتریشدا)

**خانمان و ئاغایانی بەڕێز!**
**دۆستانی خۆشەویست!**

سپاستان دەکەین بۆ بەشدارییتان لەم ڕێوڕەسمە کە بە بۆنەی ساڵڕۆژی سی ساڵەی تێرۆری ڕێبەری مەزنی حیزبی دێموکراتی کوردستان دوکتور عەبدولڕەحمان قاسملوو و هاوڕێیانی گیراوە. سی ساڵ لەمەو بەر لە گەڕەکی سێی شاری ڤییەن، سێ سیاسەتمەداری کورد، دوکتور عەبدولڕەحمانی قاسملوو، عەبدوڵڵا قادریئازەر و دوکتور فازڵ ڕەسووڵ، لەسەر مێزی وتوویژ لەگەڵ نوێنەرانی کۆماری ئیسلامی؛ کەوتنە بەر دەستڕێژی گوللەی دیپلۆمات تێرۆریستانی ئەم ڕێژیمەوە و گیانیان لەدەست دا. هەڵبەت ئەو جینایەتەی کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی نە یەکەم جینایەت و نە دوایین جینایەتیشیان بوو. مێژووی چل ساڵەی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران پڕە لە جینایەت و کوشتن و برین. لە لای زۆربەی خەڵک ئاشکرایە کە لەو ماوەیەدا بە سەدان هەزار ئینسان یا ئێعدام کراون و یا بە شێوەگەلی دڕندانە لەنێو براون. لەنێوان ساڵەکانی ۱۹۹۱ تا ۱۹۹۷ تەنیا لە کوردستانی عێراق پتر لە ٤٠٠ کەس لە ئەندامانی حیزبە ڕۆژهەڵاتییەکان لە ئاکامی چالاکییە تێرۆریستییەکانی ئەم ڕێژیمەدا کوژراون. لە ئێراندا لەلایەن دەزگای دادی ئەم وڵاتەوە حوکمی وەک سەنگسار کردن بۆ کەسانێک کە تووشی پێوەندی سازکردن لەگەڵ کەسانێک بێجگە لە هاوسەرەکانی خۆیان دەبن، دەستبڕین لە ئاکامی دزی کردن، لێدان بە قامچی و زۆر شێوازی سزادانی دیکە و تەنانەت لە سێدارەدان لەبەر چاوی خەڵکدا، زۆر بە ئاسایی بەڕێوە دەچێ.

سیستمی بەڕێوەبەرایەتیی ئێران سیستمێکی خەلافەتییە کە ڕێبەرییەکەی لە دەستی مەلاکان دایە و ڕێبەری سەرەکیی ئەم حکوومەتە بە «وەلی فەقیه» دەناسرێ و، خۆی بە نوێنەری خوا لە سەر زەوی دەزانێ و؛ بە دەسەڵاتێکی بێسنورەوە لە لوتکەی ئەو سیستمەدا جێگیر بووە. یاسای سزادانی ئەو سیستمە لە خوێندنەوەیەکی تایبەتی لە ئایینی ئیسلام و ئایینزای شێعەی دوازدە ئیمامی سەرچاوە دەگرێ؛ کە پێبەندییەکی کرداری بە یاسا مرۆڤدۆستانە و نێونەتەوەییەکانەوە نییە.

سزادانی دژبەرانی سیاسیی کۆماری ئیسلامیی ئێران بە ئەشکەنجە و ئازارێکی زیاترەوە دەکرێ. ئەندامانی حیزبە

کوردییەکانی دژبەری ڕێژیم لە لایەن ئەم حکوومەتەوە بە «مفسد فی‌الارض» و «محارب» ناو دەبرێن، کە بۆ ئەم کەسانە بەپێی یاسای سزای ئیسلامی چوار شێوە سزادان دیاری کراوە؛ کوشتن بە گوللە، هەڵاواسین بە دارەوە، بڕینی قۆڵی چەپ و ڕانی ڕاست و یان بەپێچەوانەوە و، چوارەمیش دوورخستنەوە.

ئەمڕۆ ئێمە لێرە کۆ بووینەتەوە بۆ وەبیرهێنانەوەی یەکێک لە سامناکترین جینایەتەکانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی. لە ١٣ی ٧ی ١٩٨٩دا گرووپێک لە تێرۆریستەکانی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران دوکتور عەبدولڕەحمانی قاسملوو و عەبدوڵڵای قادریئازەر و دوکتور فازڵ ڕەسووڵیان لەسەر مێزی وتووێژ تیرۆر کرد. ئەو سێ دیپلۆماتە کوردە بەو هیوایەوە لەگەڵ بەناو نوێنەرانی کۆماری ئیسلامی دانیشتبوون کە چارەسەرێکی سیاسی و ئاشتیخوازانە بۆ مەسەلەی کورد لە ئێراندا ببیننەوە. بەڵام مخابن بەرنامەی دەستەی نوێنەرایەتیی حکوومەتی کۆماری ئیسلامی شتێک نەبوو جگە لە ناردنی گرووپێکی کۆماندۆیی تێرۆریست بۆ لەداو خستنی دوکتور قاسملوو و هاوڕێیانی. لە هەمووی ناخۆشتر و چاوەڕواننەکراوتر کردەوەی دەوڵەتی ئەو کاتی ئۆتریش بوو لە بەرامبەر ئەو جینایەتە سامناکەدا. هەرچەند لە ڕۆژی یەکەمدا تێرۆریستەکان لە لایەن پۆلیسی ئۆتریشەوە دەستبەسەر کران و بردران بۆ لێپرسینەوە؛ بەڵام لە دواییدا بێ ئەوەی بدرێن بە دادگا و لێپرسینەوەی قانوونییان لەگەڵ بکرێ، ڕادەستی باڵوێزخانەی ئێران لە ولاتی ئۆتریش کران و پاشانیش بەڕێ کرانەوە بۆ تاران. کردەوەی نەشیاو و دوور لە مافویستیی دەوڵەتی ئۆتریش و وەزارەتی دادی ئەم وڵاتە، بوو بە هۆی درێژەدانی کردەوەی تێرۆریستیی ئەم ڕێژیمە لە وڵاتانی دیکە. کە لە یەکێکی دیکە لە بەرچاوترین تێرۆرەکاندا دوکتور سادق شەڕەفکەندی و هاوڕێیانی لە شاری بێرلینی ئاڵمان بوونە قوربانیی دەستی تێرۆر و بێدەنگیی دەوڵەتانی بەرژەوەندیخواز.

ئێستاش ڕێژیم بە شێوەی جۆراوجۆر لەسەر تێرۆر و کوشتنی دژبەرانی خۆی بەردەوامە. دوای هاتنە سەرکاری حەسەنی ڕۆحانیش وەک سەرۆککۆمار کە زۆر بەڵێنیی درۆی دابوو، بارودۆخی مافی مرۆڤ لە ئێران بەرەو ئاقارێکی خراپتر لە پێشوو ڕۆیشتوە. ئاماری زیندانییانی سیاسی و هەروەها ئێعدام کردن چۆتە سەرترەوە. پشتیوانی لە ڕێکخراوە تێرۆریستییەکان لە عێراق و سووریە و لوبنان و یەمەن بەردەوامە. کردەوە تێرۆریستییەکانی دژبە گەلی کورد بەگشتی و حیزبی دێموکراتی کوردستان بەتایبەتی بە شێوەی جۆراوجۆر بەردەوامە؛ وەک دانانەوەی بۆمب لە بنکەی دەفتەری سیاسی لە ساڵی ٢٠١٧دا کە بووە هۆی شەهید بوونی ٥ کەس لە کادر و پێشمەرگەی ئەم حیزبە، مووشەکباران کردنی کۆبوونەوەی کومیتەی ناوەندیی حیزب لە کۆیەی کوردستانی عێراق لە ساڵی ٢٠١٨دا کە ١٦ شەهید و پتر لە ٤٠ بریندار لی کەوتەوە؛ لە دیارترین و نوێترین کردەوە تێرۆریستییەکانی ئەم ڕێژیمەن. لە بارەی بەرنامەی ئەتۆمییەوە کاربەدەستانی ئێران ڕووی خۆش بە وڵاتانی ڕۆژاوایی نیشان دەدەن و، لەگەڵ ئەوان لە وتووێژدان، بەڵام لەژێرەوە خەریکی دروستکردنی چەکی ئەتۆمین. ماوەی ساڵێکە کە وڵاتی ئەمریکا لە ڕێککەوتننامەی بەرجام هاتۆتە دەرەوە و ئێرانی لە باری ئابوورییەوە بەتوندی گەمارۆ داوە،



سەرچاوە
Serchawe

سپای پاسدارانی وەک تێرۆریست ناساندوە. سپای پاسداران لەڕاستیدا ڕۆڵی سەرەکیی لە هەموو کردەوە تێرۆریستییەکانی ڕێژیمدا لە نێوخۆ و دەرەوەی وڵات دەگێڕێ.

نەتەوەی کورد بە کردەوە نیشانی داوە کە لایەنگری ئاشتی، پێکەوە ژیان و دێموکراسییە و، دژبە تێرۆر و شەڕ و ناعەدالەتییە. حەق وایە هەر بەم پێیەش وڵاتانی ئازاد و دێموکرات و نەتەوە پێشکەوتووەکان لەم ڕێگایەدا پاڵپشتی بن و بە وەگەڕخستنەوەی دۆسییەی ڕێبەری کوردان دوکتور قاسملوو و هاوڕێیانی، لەڕاستیدا بەم کارە ڕێز لە پرسی نەتەوەیەکی پەنجا میلیۆنیی بێبەش لە هەموو مافێکی ئینسانی دەگیرێ. هەر لەبەر ئەوەش وەبیر حکوومەتی ئۆتریش دهێنینەوە کە ئەرکی یاسایی و ئینسانیی خۆی لە بەرامبەر ئەم نەتەوە زوڵم لێکراوەدا بەباشی ڕاپەڕێنێ. ئێمە داوا لە وەزارەتی دادئەستێنیی وڵاتی ئۆتریش دەکەین کە دۆسییەی تێرۆری دوکتور قاسملوو و هاوڕێیانی لە شاری ڤییەن وەگەڕ بخاتەوە و پێداچونەوەی جیدیی بۆ بکا، بەو مەبەستەی ڕێژیمی ئێران لە تاران ناچار بکرێ کە جینایەتکارەکان بۆ دادگاییەکی عادڵانە تەحویلی وڵاتی ئۆتریش بدا. دەبا عەدالەت بەڕێوە بچێ و ئەو پەڵە ڕەشە لەسەر ئاسمانی ڤییەن نەمێنێ.

**سەرکەوتوو بن لە بەدواداچوونی عەدالەتدا!**
**بەڵێ بۆ دنیایەکی پڕ لە ئازادی، عەدالەت و ئاشتی!**
**نا بۆ تێرۆریزم، دیکتاتۆری و جەنایەت**

(لە ژمارەی ٧٥٤ی "کوردستان" دا بڵاو بۆتەوە)

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٣ی جوولای ٢٠١٩



سەرچاوە
Serchawe

# وانەکانی هەرگیز لە بیر ناچن



بە بۆنەی کۆچی دوایی هاوڕێی سەرکردە کاک جەلیلی گادانی، لە بنەماڵەی سەربەرزی گادانی، لە حیزبی دێموکراتی کوردستان، لە بنەماڵەی گەورەی دێموکرات ، لە هەمو دۆست و ئاشنایانی هاوڕێی تێکۆشەرمان کاک جەلیل و لە هەمو گەلی کورد بە تێکڕایی سەرەخۆشی دەکەم. هیوادارم بە هاتنە دی ئەو ئامانجە پیرۆزانەی کە کاک جەلیلی ماندوویی نەناس، لە ماوەی زیاتر لە حەفتا ساڵدا بە هەر ڕێگایەکی مومکین دا هەوڵی بۆ دەدا، ڕوحی گەورەی کاک جەلیل و هەمو تێکۆشەرانی کۆچکردووی ئەو ڕێگایە شاد بێ.

قسە کردن لە سەر ڕابردووی کەسێک کە تەواوی تەمەنی خۆی بە شێوەیەکی سادقانە و راستگۆیانە خستبێتە سەر تەبەقی ئیخلاس بۆ خزمەتکردن بە دۆزی ڕەوای نەتەوەکەی کارێکی ئاسان نییە. لەوەش گرنگترباس کردن لە ڕابردووی کەسێک کە لە هەمو کەلێن و قوژبنێکی نیشتمانەکەی دا جێ پەنجەی دیار بێ و لە لایەن کۆمەڵانی میلیۆنی خەڵکی وڵاتەکەیە وە ناسرابێ دیسان ئەرکێکی قورستر دەخاتە سەرشانی مرۆڤ. بەو حاڵەشەوە کاک جەلیلی ئەمر ئەوەندە تایبەتمەندی باش و جێگای پەسندی هەبون وژیانەکەی ئەوەندە دەوڵەمەند بو بە تایبەتمەندیی جێگای شانازیەوە، کە هەرکەس دەتوانێ لە و دەریا بێ بڕانەوەیە هێندێک بەهرە هەڵێنجێ و بە پێی توانای خۆی چیرۆکێکی شۆڕشگێڕیان لێ ساز بکا کە بەسەر بڵیندیەوە بۆ ڕێبوارانی ڕێگای ڕزگاریی نەتەوەکە ی بخوێنێتەوە.

منیش یەکێک لەو کەسانە بوم کە شانازی ئەوەم هەبوە لە تەمەنی لاویمەوە، واتە لە دوای گۆنگرەی سێی حیزبەکەمانەوە، گوێم بە ناوی ئەو پیاوە مەزنەی گەلەکەمان ئاشنا بێ و لە دوای کۆنگرەی چواری حیزبەکەمانەوە لە ڕێبەریی حیزب دا بۆ ماوەیەکی درێژ شان بەشانی ئەو تێکۆشەرە ماندوویی نەناسە خەبات بکەم. لە بۆچونە بەنرخەکانی بەهرەمەند بم و بە

هەڵس و کەوتە شۆڕشگێڕانەکەی وورە بۆ خەبات کۆ کەمەوەو لە ئامۆژگاریە بە نرخەکانی کەڵک وەربگرم. زێدەڕۆییم نەکردوە ئەگەر بڵێم کاک جەلیل جوانترین وێنای ڕێبەرێکی بە ئەخلاقی سیاسی، دەست و داوێن پاک، بێ ئالایش، دڵسۆز، ماندوویی نەناس و ئیدامەکار بو. لە باری بۆچونەوە خاوەن ئیرادە و هەڵوێستی شۆڕشگێڕانەی خۆی بو. لە باری ئیمانەوە تا ئومێدی نەدەناسی و لە دژوارترین هەل و مەرجەکان دا هەر بە گوڕ و تینی سەردەمی سەرکەوتن درێژەی بە خەبات دەدا. گەورەترین تایبەتمەندیەکانی کاک جەلیل ئەوەبو کە لە هیچ هەل و مەرجێک دا لە خەبات شل نەدەبۆوە. هەربۆیە توانیویەتی مێژوویەکی خەبات و تێکۆشان دروست بکا کە لە قۆناغی جۆراوجۆری ژیانی دا و لە تێشکان و هەستانەوە دا جێ پەنجەی دیار بێ. شۆڕشگێڕی ماندوویی نەناس کاک جەلیلی گادانی دەتوانین بڵێین هەر لە سەر میزی قوتانخانەی سەرەتاییە وە کە بەشێکی کەوتوەتە دەورانی زێڕینی خەباتی حیزبی دێموکڕات ودامەزرانی کۆماری کوردستان، دەستەچیلەی خۆی بخاتە سەر ئاگری شۆڕشی ڕزگاریخوازی نەتەوەکەمان. بەڕێزیان لەو کاتەدا بە بەشداریکردن لە گوتنەوەی سرودەنیشتمانیەکان دەست پێ دەکا و دواتر ڕووخانی کۆماری کوردستانیش لە خەبات ساردی ناکاتەوەو لە یەکیەتی لاوان دا چالاکانە بەشداری دەکا. لە قۆناغی دواتر دەبێتە یەکێک لە هەڵسوڕاوترین کادرەکانی حیزب و لە شار و گوندەکانی کوردستان دا بە ناوی جۆراوجۆر بە نەهێنی و بە ئاشکرایی، سەرگەرمی بڵاوکردنەوەی بیری کوردایەتی و ڕێکخستنی تەشکیلاتی حیزبی دەبێ.

بەدوای تێکۆشانی بێ ووچان دا بۆ دەزگا ئەمنییەتەکانی ڕژیمی پاشایەتی دەناسرێ و دەکەوێتە بەر هێرشی دڕندانە و ئەشکەنجە و ئازار و لە کۆتایی دا زیاتر لە سێزدە ساڵ لە سیاچاڵەکانی ڕژیمی پاشایەتی دا زیندانی دەبێ. بەڵام ئەو مەزنە سەرێکی سەوداسەری هەیە و ئەو ئازار و ئەشکەنجانە نەک تەنیا کۆڵی پێ نادەن، بگرە چالاکتری دەکەن و نەک تەنیا شکستی پێ نادەن بەڵکو سەرکەوتوانە و دوژمن بەزێنانە لە زیندان دێتە دەر. هەم مەدڕەکی لیسانس لە زمانی فەڕانسە لە گەڵ خۆی لە زیندان دێنێتە دەر و هەم کۆڵەبارێک تاقی کردنەوەی خۆڕاگری و دیسان بە بێ ترس دەست دەکاتەوە بە خەبات. دوای ئەو هەمو زیندانی و ئەشکەنجە دانەیە کە من وەک تازە واریدێک لە مەیدانی خەباتی حیزبی دێموکڕات دا لە دوای کۆنگرەی سێ وە گوێم لێ دەبێ کە کاک جەلیلی گادانی لە ناو جەرگەی دوژمن دا لە تاران بە نەهێنی کراوەتە ڕاوێژکاری کومیتەی ناوەندی. دیسان سەوداسەری ئازادیە ولە تەشکیلاتی نەهێنی دا بە بێ گوێ دانە خەتەری گیرانەوەو ئەشکەجە درانەوە دەستی بە تێکۆشان کردوەتەوە.

خەباتی کاک جەلیل بێ بڕانەوەیە و لە گەرمەی خۆپیشاندانەکانی کۆمەلانی خەڵک لە دژی ڕژیمی پاشایەتی دا کاک جەلیل خۆی دەگەیەنێتەوە مهاباد لانەی بێچوەشێرانی نەتەوەی کورد و دەبێتەوە پێشەنگ. لە ڕێو ڕەسمی بەخاک سپاردنی کاک عەزیزی یوسفی دا، تێکۆشەر و سەرکردەی چاونەترسی حیزبی دێموکرات و قارەمانی زیندانیی درێژخایەن لە

سیاچاڵەکانی ڕژیمی پاشایەتی، کاک جەلیل ڕۆڵی هەڵسوڕێنەری گێڕا و بێ ترس مەیدانی لە دوژمنانی گەلەکەمان گرت و دەنگی دلێرانەی لە نێو ئاپۆرای کۆمەلانی خەڵک دا دەنگی دایەوە.

پاش ڕووخانی حکومەتی حەمە ڕەزاشا و دوای ئەوەی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان دەستی بە خەباتی ئاشکرا کردەوە، کاک جەلیل دەستی لە کار و ژیانی تایبەتی هەڵگرت و تا دوایین هەناسەی ژیانی مەیدانی خەباتی چۆڵ نەکرد. لە ڕیزی پێشەوەی خەباتکارانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان دا وەک ڕێبەرێک ڕۆڵی گێڕا و بو بە وێنەیەکی جوان لە سەرکردایەتی کردن. وەک ئەندامی کومیتەی ناوەندی، ئەندامی دەفتەری سیاسی و سکرتێری بەشێک لە بنەماڵەی گەورەی دێموکڕات(واتە حیزبی دێموکڕاتی کوردستان-ڕێبەرایەتی شۆڕشگێڕ) بە سەداقەت و پاکی و بە شێوەیەکی ماندوویی نەناسانە کاری کرد و بێ پشودان خەباتی کرد.

کاک جەلیل بە هەمو باوەڕیەوە کەسێکی یەکسانی خواز بو. ئەو باوەڕی قوڵی بە پێشکەوتنی کۆمەلایەتی و ڕەخساندنی دەرفەتی یەکسان بۆ هەمو تاکەکانی کۆمەڵ هەبو. بە ژن و پیاوەوە و بە چین و توێژە جۆربەجۆرەکانیەوە. ڕاستە وەک هەمو دێموکڕاتێکی ڕاستەقینە بە پلەی یەکەم بۆ مافی دیاریکردنی چارەنوسی کورد لە ڕۆژهەلاتی کوردستان بە تایبەتی و لە هەمو کوردستان بە گشتی تێدەکۆشا، بەڵام لە قۆناغی دوای ئازادی گەلی کوردیش دا دەیهەویست حیزبی دێموکڕات بەرنامەی پێشکەوتوی کۆمەڵایەتی هەبێ تا هەمو تاکەکانی کۆمەڵگا مافی وەک یەک و دەرفەتی وەک یەکیان هەبێ. لەو کۆنگرانە دا کە من تێیدا بەشدار بوم و کاک جەلیلیش تێیدا بەشدار بوە، دیومە کە لە باسی بەرنامەی دوارۆژ دا هەمو جارێ کاک جەلیل بەرگری لە دروشمە سۆسیالیستیەکان کردووە پێی لەسەر ئەوە داگرتوەتەوە کە حیزبی دموکڕات پێویستە لە ئامانجی دوارۆژی خۆی دا عەداڵەتی کۆمەڵایەتی بگونجێنێ و کاری بۆ بکا. لە باری مێژووییشەوە کاک جەلیل یەکێک لەو کادرە حیزبیانە بوە کە پشتیوانی لە لە جوڵانەوەی جوتیاران لە ساڵی ١٣٣٢ دا کردوە و هەر لەو ساڵەش دا لە لایەن دەزگا سەرکوتکەرەکانی ڕژیمی حەمەڕەزاشاوە گیراوە. کاک جەلیل ئەوەندەی ئاگادار بوم یەکێک لە سەرکردە چالاکەکانی حیزب بوە لە بواری دیفاع لە مافی یەکسان بۆ ژن وپیاو. کە واتە پڕ بە پێستی بو کە خۆی بە کەسێکی ناسیۆنالیستی چەپ پێناسە بکا.

کاک جەلیل لە مەڕاسمی ٨٠ ساڵەی تەمەنی دا کە لە دەفتەری سیاسی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان دا بۆ ی پێکهاتبو دەڵێ: خەبات، خەباتی بێ ووچان لە پێناو ڕزگاری کورد وکوردستان دا، ئەرکە، ئەرک بووە ئەرکیش دەبێ. بە باوەڕی من ژیانێک کە لە پێناوی ژیان و ژینەوەی گەل و ئاوەدانکردنەوەی وەلات دا نەبێ، بێ بایەخە و بە فیڕۆدانی تەمەنە.

لە پێشەکی پەنجاساڵ خەبات دا دەڵێ: دەبێ ئەو ڕووداوانەی ڕابردومان لەبەر چاو بێ و پەندی لێ وەربگرین و بۆ پتەوبونی ڕیزەکانی حیزب و یەکیەتی کورد و پێکهێنانی تەفاهوم و ڕووحی برایەتی زیاتر لە نێو هەموو حیزب و ڕێکخراوەکوردستانیەکان دا کەڵکی هەبێ و ئیمانمان بەوە هەبێ کە ئەوەی بە یەکگرتن و تەبایی بۆمان دەکرێ، هیچکات بە دووبەرەکی و ناکۆکی پێکنایە.
جا کاک جەلیلێک کە بە شێوەی قسەکانی یادی هەشتا ساڵەی دڵسۆزیێ و بە قەناعەتێک کە لە تاقیکردنەوەدا پێی گەیشتوە وەک لە پێشەکی پەنجاساڵ خەبات دا باسی دەکا، چۆن دڵی بۆ یەکریزی لێنادا. بێگومان بۆ چارەسەری ئەو کێشانەش لە زۆر دەرفەت دا ئیشارەی پێ کردوە. هەر لە پێشەکی چل ساڵ خەبات دا دەڵێ کە باس لە کێشەکانی رابردوو پێویستە بۆ دەرس لێ وەرگرتن بێ. نابێ بۆ یەکتر مەحکوم کردن و گەورەکردنەوەی درزەکان بێ. دەبێ تێبگەین کە تا ئێستا چمان بە یەکتر گوتوە، چمان بەسەر یەکتر هێناوە وچۆن بوینە هۆی شکستی خۆمان. نابێ ئەوانە دووپات کەینەوەو پێویستە ئەو کێشانە وەلا نێین و یەک بگرین، چونکە هێز و سەرکەوتن لە یەکگرتن دایە. هەربۆیە نەخشەرێگای کاک جەلیل دوو شتی سەرەکی بوە.

**یەک**: شرۆڤەی ڕابردوو بە چاوی رەخنە گرانە بۆ دەرس وەرگرتن لە ڕابردوو، بۆ دووپات نەکردنەوەی هەڵەکان، نەک بۆ یەکتر مەحکوم کردن و شکاندان.
**دوو**: یەکگرتن لە پێناوی قازانجی نەتەوەیی دا و بۆ کۆکردنەوەی هێز و بۆ سەرکەوتنی دۆخی کورد. بە ئامانجی دارشتنی ستراتیژیەکی پتەوی نەتەوەیی.

لە مەسەلەی یەکگرتنەوەی بنەماڵەی گەورەی دوو دیموکراتیش دا کاک جەلیل یەکێک لە پێداگرترین کەسەکان بو. زۆرجاریش ئیشارەی بەوە دەکرد کە ئێمە ئەگەر دەمانهەوێ یەک بگرین، نابێ قازانجی حیزبی و گروهی خۆمان لەبەر چاو بێ و پێویستە بیر لە قازانجی نەتەوەکەمان بکەینەوە.

جێگای شانازیمە کە بۆ سێ دەورە لە رێبەری دا، واتە دوای کۆنگرەی چوار و پێنج و شەش، ئەو شانسەم هەبوە کە لە تەنیشت کەسانی وەک کاک جەلیل دەستە چیلەی خۆم بخەمە سەر دارشتنی سیاسی و هزریی حیزبی دێموکراتی کوردستان و لە دوای کۆنگرەی چاردەشەوە کاک جەلیل وەک یەکێک لە کەسایەتیە ناودار و شوێندانەرەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان، وەک مامۆستایەکی رێگای سیاسەتی کوردی و حیزب، ڕێنوێنمان بێ و لە تاقیکردنەوەکانی بەهرە وەربگرین. بۆیە دەتوانم بڵێم هەرچی لەسەر ئەو مەزن تێکۆشەرەی بڵێم، لە تاقیکردنەوەی مەیدانیەوە سەرچاوەدەگرێ و ئەگەر کورتیشی نە هێنابێ، بێگومان زیادەڕەوی تێدا نییە.

هەستی خزمەت کرد بە دۆزی ڕەوای گەلە بەشخوراوەکەمان لە سەرکردە جەلیلی گادانی دا هێندە بە هێز بو، کە ئەو هەمو خەبات و ڕەنج دانە، تێری نەدەکرد. هەربۆیە لە مەیدانی نوسین و وەرگێڕانیش دا لە هاو تەمەنانی خۆی وەدوا نەکە وت و سەعاتەکانی پشودانیشی بە نوسین و خوێندنەوەو وەرگێڕان بۆ سەر زمانی کوردی پڕ کردەوەو کتێبخانەی نەتەوەی کوردی بە هێندێک بەرهەمی بەکەڵک و جێگای سەرنج، دەوڵەمەند کرد. هەربۆیە لە مەیدانی نوسین و وەرگێڕانیش دا لە هاو تەمەنانی خۆی وەدوا نەکە وت هیچ، بەڵکو لە ڕیزی پێشەوەش دابو و سەعاتەکانی پشودانیشی بە نوسین و خوێندنەوەو وەرگێڕان بۆ سەر زمانی کوردی پڕ کردەوەو کتێبخانەی نەتەوەی کوردی بە هێندێک بەرهەمی بەکەڵک و جێگای سەرنج، دەوڵەمەند کرد. کاک جەلیل لە کتێبی ڕاستیی ڕووداوەکان دا هەوڵی داوە بۆچونی خۆی لە بەرامبەر هێندێک هەڵوێستی نوسەرانی دیکە دەرببڕێ و ڕوونکردنەوەی زۆرتر بدا بە نەوەی دوارۆژ. لە کتێبی وەڵامدانەوەو ڕوونکردنەوە دا، بە ڕاشکاوی و بە شێوەیەکی سەردەمیانە دەکەوێتە دیالۆگەوە، ڕەخنەدەگرێ و ئامادەیی خۆی بۆ وەرگرتنی ڕەخنە دەردەبڕێ. لە کتێبی پەنجاساڵ خەبات دا، زانیاریەکانی خۆی و تاقیکردنەوەکانی دەگوێزێتەوە بۆ نەوەی دوارۆژ. لە کتێبی با نەبێتە درۆی پاش مردوو، بوێرانە دێتە مەیدانی هەڵسەنگاندن و دڵسۆزانە شیکردنەوە دەکا و هان دەدا بۆ شرۆڤە کردن. لە گواستنەوەی یادداشتەکانی شەهیدی فەرماندە شاپوری فیروزی دا ئەرگی ڕێکخستن و نوسینەوەی مێژوو وە عۆدە دەگرێ لە دوو بەرگی زێڕین دا. هەر وەها لە کەشکۆڵی پێشمەرگەدا لاپەڕە زێڕینەکانی خەباتی پێشمەرگە تۆمار دەکا. لە چەندین کتێبی وەک، هاونەتەوەیی کورد و ماد، فرشتە وەش، شب سیە، بی خانمان، ایران در استانە انقلاب مشروتە، مرۆڤ چۆن بو بە غول و خەرمانی خەم و پەژارە دا لە بواری وەرگێڕانەوە لە زمانەکانی فەڕانسەیی، فارسی و کوردی دا ئەسپی خۆی تاوداوە و کتێبخانەی کوردی و فارسی دەوڵەمەند کردوە. بۆ کەسێکی وەک من کە ئاگاداری چالاکی سیاسی کاک جەلیل بوە، ئەگەر بە ووردی بیری لێ دەکاتەوە، بۆی دەبێتە پرسیار کە ئەو هەمو کاتەی لە کوێ هێناوە؟

هەرچەند لەسەر هەوڵ و تێکۆشانەکانی ڕێزدار کاک جەلیلی گادانی قسە بکەین کۆتایی نایە ومن تەنیا ویستم مشتێک لە خەروارێک بێنمە بەر باس.

دیسان بۆ بنەماڵەی سەربەرزی گادانی، بۆ حیزبی دێموکڕاتی کوردستان و هەمو دڵسۆزانی نەتەوەی کورد داوای سەبوری دەکەم و هیوادارم بە تێکۆشانی هەمو لایەنە بتوانین ئاواتەکانی مام جەلیل و تێکۆشەرانی دیکەی ڕێگای خەبات وەدی بێنین.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٢ی ئاگۆستی ٢٠٢٠

## هەموو نەتەوەیەک پێویستیی بە هێزی بەرگری هەیە

تا ئێستا لە دنیادا هیچ نەتەوەیەک بەبێ ئەوەی بتوانێ بەرگری لە خۆی بکا، نە ڕزگاری بووە ونە خۆی پێ پارێزراوە. ئەگەر چاو لە مێژووی وڵاتانی زلهێز وپێشکەوتوو بکەین ئەوا نەک تەنیا بەرگریان لە خۆیان کردووە، بەڵکو خۆشیان پڕ چەک وبە هێزکردووە لە باری نیزامیەوە بۆ هێرش بردن. بۆ ئەوەی بتوانن هەم بوونی خۆیان و سەرمایەی وڵاتەکەیان بپارێزن و هەم سەرمایەی وەڵاتانی دیکەش تاڵان کەن بۆ وڵاتەکەی خۆیانی بەرن. دیارە مەبەستی ئەو نووسینە بەراوورد کردنی نەتەوەکەی خۆمان لە گەڵ ئەوانە نییە وتە نانەت هێرش بردنیان بۆ وەڵاتانی دیکە و تاڵانکردنی سەرووەت و سامانی وەڵاتانی دیکە مەحکوم دەکەم و ئێمەی کورد تەنیا و تەنیا لە وەڵاتەکەی خۆمان دا مافی ژیانێکی ئینسانیمان دەوێ. بەڵکو پێویستە خۆمان لە گەڵ ئەو نەتەوانە بەراوورد بکەین کە وەک ئێمە بە دەیان و سەدان ساڵ لە ژێرەپۆکی دابوون وئێستا توانیویانە ببنە خاوەن کیان ودەوڵەتی خۆیان و تەنانەت هی وایان تێدایە گە یوەتە ڕیزی وڵاتانی پێشکەوتووش.

بە پێویستی دەزانم هێندێک نەتەوە باس بکەم کە لە قۆناغێک دا وەزعێکی وەک نەتەوەی کوردیان هەبووە ئێستا خاوەن دەسەڵاتی خۆیان و جێگە وپێگەی خۆیانن لە جیهان دا. بەشی سەرەکی ئەو سەرکەوتنەشیان دەگەڕێتەوە بۆ سەر "هەبوونی ستراتیژیەکی جێگیری نەتەوەیی، یەکگرتن وخۆ بەهێز کردن لە باری نیزامی وماڵیەوە". دەنا لە نە تەوەی کورد زۆرتر خەباتیان نەکردوە و بە یەک دەهومی کوردیش قووربانیان نەداوە. ئامانجی کۆتایی لەم نووسینەش ئەوەیە کە بسەلمێنین کورد و کوردستان بەگشتی و ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەتایبەتی نەک تەنیا نابێ بەرگری ڕەوای چەکدارانەی خۆی لە ڕابردوو دا بخاتە ژێر پرسیار، بەڵکو دەبێ لاوازیەکانی خۆی لەو بارەوە هەڵسەنگێنێ و بۆ قۆناغی داهاتوو خۆی بەهێزتر بکا. من بە پێی ئیمکان لە زنجیرە نووسینێکی کورت دا هەوڵ دەدەم هێندێک نمونەی نەتەوەی دیکە باس بکەم و ئەنجامێک وەرگرم لە پشتیوانی ئەو بۆچوونەی خۆم دا کەبریتی یە لەوەی کە "دەبێ شانازی بە هێزی پێشمەرگەی کوردستان وئەو بەرگریە ڕەوایەی لە ڕابردوودا لە بەرامبەر هێرشی دڕندانەی حکومەتی کۆماری ئیسلامی، حکومەتی عێراق، حکومەتی تورکیە ولە سوریە کراوە بکەین و تەنیا بە ئاوڕدانەوە لە شکستەکانمان پێویستە خۆمان بۆ بەرگری بەهێزتر ئامادە بکەین". وورووژاندنی ئەو باسەش بۆیە بە پێویست دەزانم چونکە بە داخەوە ماوەیەکە دەبینم کە هێندێک کەس، هەر لە نەتەوەکەی خۆمان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دا خەریکن بەرگری ڕەوای نەتەوەکەمان و شەهیدە سەربەرزەکانمان ، کە لە بەرگری دا گیانی خۆیان بەخت کردوە، لە هەمو قۆناغەکان دا و بە تایبەت لە جووڵانەوەی ساڵەکانی ٤٦ - ١٣٤٧وە تا ئێستا بخەنە ژێر پرسیار. دیارە ڕەنگە ئەوکەسانە لە ڕوانگەی خۆیانەوە هەڵوێستەکەیان بە دڵسۆزی بۆ نەتەوەکەیان

بزانن، بەڵام شکم لەوە دا نییە، کە ئەو جۆرە هەڵوێستانە ئەگەر مەبەستیشیان لە پشت نەبێ، هەڵەن و دەبێ لە دیالۆکێکی سیاسیانە، دێموکڕاتیک وبە پاراستنی حورمەت وڕێزی هەمو ئەوانەی بەشداری لە دیالۆگەکە دا دەکەن، بسەلمێنین کە بە پێچەوانەی بۆچوونی ئەوان، نەتەوەی کورد پێویستی بە هێزوبەرگری زیاتر هەیە.

١٩ی سێپتەمبەری ٢٠٢٠

## بەشی دووەم:

جارێ با ئەوە ڕوون کەینەوە کە مەبەست لە بەرگری چەکدارانە، خەباتی تەکڕەهەندیی چەکداری نییە، بەڵکو مەبەست بەرگریی چەکدارانەیە لە بەرامبەر هێرشی چە کدارانەی دوژمنانی کورد داکە بەداخەوە تائێستاش لە سەدەی بیست ویەکەم دا تەنیا وەڵامیان بۆ داخوازە ڕەواکانی نەتەوەی کورد، هێرشی دڕندانە و بێ بەزەییانەی چەکداری بووە. مێژووی دوور و درێژمان و تاقیکردنەوەکانی تازەشمان نیشانیان داوە کە کاتێک بەرگریمان نەکردووە هەوڵمان داوە بە شێوەی ئاشتیانە چارەسەری گرفتەکانمان لەگەڵ ناوەند بکەین، جگە لە سەرکوتی زیاتر وجینایەتی گەورەتر شتێکی دیکەمان لەبەرامبەرەکەمان نەدیوە. بەتایبەت لە ئێران دا هەمیشە بەرامبەر بە ئاشتیخوازی و دڵپاکی ئێمە جیناتمان بەرامبەر کراوە. سمکۆ بە دڵێکی پاکەوە چوو بەرەو پیری ئاشتی و نامەردانە لە کاتی ووت وێژ دا شەهید کرا. پێشەوا ئالای ئاشتی هەڵکرد و لە نێو خەڵک دا مایەوەو پەنای بۆ چەک نەبرد. خۆی ودوو ڕێبەری دیکە لە بنەماڵەی قازی وچەندین فەرماندە، لە سێدارە دران و هەموو دەرەتانێک لە کورد وەرگیرایەوەو بۆ دەیان ساڵ پەردەی خامۆشی بەسەر کەش وهەوای سیاسیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دا کێشرا. جگە لەوە هیچ دەرفەتێکیش نەدرا بە خەڵکی کوردستان تا لە بووژانەوەی ئابوری ئێران دا بەشداری بکەن. زمان و ئەدەبیات و فەرهەنگی کوردستانیش هەر هات و بەرەو دواکەوتویی ڕۆیی بە جۆرێک ئەگەر جووڵانەوەی تازەی حیزبی دێموکڕات لە ساڵەکانی ١٣٣٢ و دواتر وبە تایبەت جووڵانەوەی ٤٦ - ٤٧ نە بوایە بەرەبەرە بە تایبەت لە شارەکان دا وای لێدەهات خەڵک پێی عەیب بێ بڵێ کوردم. لە سەرەتای هاتنەسەرکاری ڕژێمی خومەینی لە ئێران دا حیزبی دێموکرات تا کەمترین داوای گەلی کورد کە لە گەلاڵەی ٦ ماددەیی دا داوا کرابو هاتە خوار و تەحەمولی ئەوەشی کرد کە سەرەڕای ئەو هەمو خەباتەی کردبوی پێی بگوترێ سازشکار و لە وەش زیاتر تەنانەت قەبوڵی کرد کە ئەو کەمە مافەش بە ناوی خودموختاری ئیسلامی(کە هیچ پێناسەیەکی زانستی لە پشت نییە) بدرێ. وەڵامی ڕژیم هەر هێرشی نیزامیی ٢٠٠ هەزار کەسی و قەتڵی عام، کۆمەڵکوژی و ئیعدام و وێرانکردنی کوردستان بوو. لە دوای بەربەرەکانیەکی بێ وێنەو قووربانیدانێکی زۆر دوکتور قاسملو بە دڵێکی پاک و نییەتێکی ئاشتیخوازانەوە چوو لە نێوجەرگەی ئوروپا لە گەڵیان دانیشت بەڵکو بە ڕێگای ئاشتی مەسەلەی کورد لە ئێران دا چارەسەر بکرێ، وەڵامیان

تیرۆڕی ئەو ڕێبەرە مەزنە بوو. جگە لەمانەش ئێمە وەک حیزبی دێموکڕاتی کوردستان(بەتایبەت لە زمان سکتێرەکەمانەوە) چەند ساڵێک قوورسایی خۆمان لەسەر ئەوە دانابو کە دەرگای دیالۆگ بکەینەوە، چمان دەست کەوت؟ تەقینەوەکانی شەوی یەلدا، تیرۆڕی فەرماندەکانمان و موشەکبارانی کۆبونەوەی کومیتەی ناوەندی. لە کەرکوک لە باشووری کوردستان هێزی پێشمەرگەی ئەو ناوچەیە کشایەوەو بەرگری نەکرد، ئێستا لە کەرکوک تەعریب دەستی پێ کردوەتەوەو هەمو ناوچە کێشەلەسەرەکان خەریکە لەدەست کورد بچن کە (تەنانەت شۆڕشی ئەیلولیش لەسەر ئەو ناوچانە درێژەی کێشا، دەنا ئەوەی ئێستا هەرێمی کوردستانە هەر خودموختاری درابویە). ئەوە لە کاتێک دایە کە مافی کورد لە عێراق بە ماددەی دەستوری دیاری کراوەو بۆ ناوچە کێشە لەسەرەکانیش ماددەی ١٤٠ هەیە. باشە کورد چ ڕێگایەکی هەیە بۆ مانەوەی خۆی جگە لە بەرگری کردن. دیارە لە شێوەی بەرگری کردن و کەڵک وەرگرتن لە پتانسێیلەکان و دەرفەتەکان دا هەڵە کراوەو دەبێ ئەو هەڵانە راست بکرێنەوە. کە لە نوسینەکانی داهاتوو دا ئیشارەیان پێ دەکەم. بەڵام ڕەوا نییە گومان بخەینە سەر ئەوەی کە کورد پێویستی بە بەرگری هەیە یا نا.

دەنا ئەوەش ڕوونە وگومانی تێدا نییە کە جووڵانەوەی نەتەوەیی کورد پێویستە فرە ڕەهەند بێ ولە هەموو بوارەکانی خەباتی مەدەنی، فەرهەنگی، دیپلۆماسی، ئابووری وکۆمەڵایەتی پێویستە کەل وەرگرێ. جگە لەوەش خەبات پێویستە جەماوەری بکرێ وهەمو تاکێکی کورد بە هەر ڕێگایەکی کە بۆی مومکینە بەشداری تێدا بکا.

## بەشی سێهەم

لە بەشی یەکەمی ووتارەکەدا قەولم دابوو، باسی کەم و کوڕیەکان وهەڵەکانی شێوەی بەرگری چەکدارانە لە سەرەتای هاتنەسەرکاری ڕژیمی کۆماری ئیسلامی تا ئێستاش بکەم، تا ڕوون بێتەوە هۆکاری شکستمان هەمووی بەرگریەکە نەبوە. بەرگری هەم مافی هەر کەسێکە و هەم دوا چەکی بەرگری لە مانەوە. بۆیە شک لەوە دا نییە کە بەرگری نەکردن لە بەرامبەر هێرشی دڕندانەی داگیرکەرانی خاک و ژیانت دا دۆڕانی تەواوە، هەرچەند جاری وایە بەرگریش ناتوانێ هەمو شتێکت بپارێزێ و ئەگەر ستراتیژی نەتەوەیی، یەکگرتنی نەتەوەیی وپلان وبەرنامەی نەتەوەیی لە پشت نەبێ، هەرچەند بوونیشت بپارێزێ، ڕەنگە بە سەرکەوتن و ئامانجەکانت نەگەیەنێ.

ئەگەر بەرگری لە ڕۆژهەڵاتی کوتدستان دا نەیتوانی بە مافەکانمان بگەیەنێ ونەی توانی وڵات لە هێرشی دوژمن بپارێزێ، بەڵام بوونمان و هەست و ئیرادەی نەتەوەیی پاراستین. هۆیەکانی سەرنەکەوتن لە بەدەستهێنانی ماف وپاراستنی خاک و بە



سەرچاوە
Serchawe

**جەماوەریکردنی ویست و خەبات لە پێناو مافی دیاریکردنی چارەنوس دا دەگەڕێتەوە بۆ چەند هۆکارێک کە لە خوارەوە ئیشارەیان پێ دەکەم:**

١- ڕانەگەیاندنی ئیدارەیەکی خۆ جێیی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دا کە هەمو حیزب و لایەنەکان بەشداری تێدا بکەن ولە هەڵبژاردنێکی دێموکراتیک دا ڕاددەی بەشیان لە دەسەڵات دا دیاری بکرێ و هەموانیش پابەند بن بە بڕیاری جەماوەر لە هەڵبژاردن دا.

٢- شەرە حیزبێنە و شە ڕی دەسەڵاتی حیزبی لە ئیدارەکردنی شار و گوندە ئازادکراوەکان دا.

٣- نەبوونی هێزێکی یەکگرتووی نەتەوەیی کە ئەرکی پاراستنی وولات وە ئەستۆ بگرێ ودرووستبونی چەندین هێزی حیزبەکان کە لە جیاتی بەهێزکردنی هێزی بەرگری لە بەرامبەر نەیاران دا بۆخۆیان کەوتنە ڕەقابەت و لە کۆتایی دا شەڕی ناوخۆ.

٤- شەڕی نگریسی نێوان حیزب و کۆمەڵە. شەڕی نگریسی قیادەی موەقەت و هێزی پێشمەرگەی کوردی ڕۆژهەلات کە بەداخەوە قیادەی موەقەت شان بەشانی هێزەکانی کۆماری ئیسلامی شەڕی دەکرد.

٥- نەبوونی ستڕاتیژیی نەتەوەیی و بەرنامەی نەتەوەیی کە هەمو حیزبەکان پشتیوانی لێ بکەن ولە باری مافی نەتەوەییەوە بە یەک گووتار بەرەو پیری دۆست و دوژمن بچن.

٦- ساغنەبوونەوە لەسەر ئەوەی کە کورد وەک نەتەوەیەک داوای مافی دیاریکردنی چارەنووسی خۆی دەکا وئەوە جیایە لە خەباتی دژی ئیمپڕیالیستی، خەباتی چینایەتی، خەبات بۆ دێموکراسی و کێشەکانی دیکەی سەراسەری لە ئێران دا.

٧- نەبوونی دەزگایەکی دیپڵۆماسی ولۆبیگەری نەتەوەیی کە هەموو حیزب و ڕێکخراوەکان پشتیوانی لێ بکەن.

٨- نەبوونی دەزگایەکی فەرهەنگی نەتەوەیی کە کاربکا لە سەر زمان، کلتور وفەرهەنگی نەتەوەیی.

٩- نەبوونی ناوەندێکی ستڕاتیژیی نەتەوەیی کە کار بکا بۆ داڕشتنی سیاسەتی نەتەوەیی و بە دۆکومێنت کردنی

جینایەتەکانی ڕژێم، بۆ دانانی دەستەیەکی مێشکی زانیاری(think tank) تا لەگەل ثینگ تێنکە کانی جیهانی کار بکا ولەسەر مەسەلەی کورد زانیاری ڕاست بدا بە ناوەندەکانی بڕیاردان لە جیهان دا و چیدی دوژمنانی کورد نەبن کە مێشکی جیهانیان لە سەر( بێلیاقەتیی نەتەوەی کورد لە بەڕێوەبردنی خۆی دا) پڕ بکەن.

١٠- نەبوونی ناوەندێکی ئابووری ومالّیی نەتەوەیی بۆ دابینکردنی پێویستیەکانی بەرگریی نەتەوەیی و خۆڕاگرتن لە بەرامبەر گەمارۆ ئابووریەکانی داگیرکەرانی کوردستان دا.

ئەوە گرنگترین هۆیەکانی بە ئامانج نەگەیشتنی خەباتی گەلی کورد لە هەمو بەشەکانی کوردستان دا بوون، نەک بەرگریی چەکدارانە لەبەرامبەر هێرشی دڕندانەی دوژمنان دا. لە بەشەکانی داهاتوو دا ئیشارە بە هێندێک وولات دەکە م کە وەک ئێمە ژێر چەپۆک و بێدەرەتان بوون، بەڵام چونکە ئەو خاڵانەی سەرەوەیان جێ بەجێ کردوە، لە بەرامبەر هێزی زۆر لە خۆیان گەورەتردا ڕاوەستاون و بە نرخێکی زۆر کەمتریش لەوەی کە تا ئێستا کورد داویەتی بە سەربەخۆیی گەیشتوون. ئەگەر پێداچوونەوەیەک بۆ هۆی سەرکەوتنی گەلانی ڕزگار بوو بکەین کە زۆریش لە گەلی کورد بچوکتر و بێ ئیمکاناتترن لە باری ئیمکاناتی سروشتیەوە بۆمان دەردەکەوێ کە هۆی سەرکەوتنیان لە بەرچاوگرتنی ئەو خاڵانەی سەرەوە بووە.

٢٦ی سێپتەمبەری ٢٠٢٠

بەشی چوارەم:

ئەوەی تا ئێستا پێی گەیشتین ئەوە بوو کە هەرنەتەوەیەک بۆ سەرفەرازی خۆی وبەدەستهێنان وپاراستنی مافەڕەواکانی دەبێ پشت بە هێزی خۆی ببەستێ و باوەڕی بە هێزی خۆی هەبێ. پاشان ستراتیژی و پلان وبەرنامەی کورت مەودا ودرێژ خایەنی هەبێ و هەوڵ بدا ئیمکاناتی ماددی و ئینسانی بۆ پیادەکردنی بەرنامەکانی بەدەست بێنێ. نابێ هەموشتێک بە کات ومێژوو ودەرفەتی لاوەکیەوە ببەستێتەوەو هەروەها نابێ چاوەڕوان بێ کە نەیارانی هەروا بەهاسانی مافەکانی قەبوڵ دەکەن وبە هێندێک وادە وبە لێنی سەرخەرمان بەدەسکەوتەکانی دەگا. بۆ زیاتر ڕوونبونەوەی ئەو مەسەلانە بە پێویستی دەزانم چۆنیەتیی ڕزگاربونی هێندێک نەتەوەو بەدەستهێنانی مافەکانیان لە بەرزترین ڕاددەی خۆی دا، واتە دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی خۆیان بێنمە بەرباس تا ئێمەی کوردیش هەوڵ بدەین لە تاقیکردنەوە سەرکەوتوەکانی ئەو نەتەوانە کەڵک وەربگرین.

١- چۆنیەتی درووستبونی دەوڵەتی ئیسرائیل.

٢- بەدەوڵەتبوونی نەتەوەی کۆسۆڤۆ


٣- ڕزگار بوونی فینلاند

دەوڵەتی ئیسرائیل لە ساڵی ١٩٤٨ دا دامەزرا، دوای ئەوەی کە ئیسرائیلییەکان نیزیکەی ٢٠٠٠ ساڵ تاقیکردنەوەی ئاوارەییان هەبوو لە دیاسپۆرا و سەهیۆنیستەکانیشیان ٥٥ ساڵ زیاتر بوو هەر لە دیاسپۆرا چالاکیان دەکرد. ئیسرائیلییەکان لە گەڵ ئەو هەموو دەربەدەریە کە لە سەرانسەری جیهان دا بڵاو ببونەوەو لە گەڵ ئەوەی کە گەورەترین و شەڕانیترین هێزی دنیا واتە ئاڵمانی نازی بە میلیۆنی لە کورەگازیەکان دا لێ سووتاندن و ژینۆسایدی وەک هۆلۆکاستی لەسەر تاقی کردنەوە، هەرگیز سواڵی هێندێک مافی سەرەتاییان نەکرد و لە سەربەخۆیی و دامەزراندنی دەوڵەت کەمتریان نەویست. لە کۆتاییەکانی سەدەی ١٩ ڕا دەستیان کرد بە گەڕانەوە بۆ وەڵاتی مەوعودیان و بە هەر ڕێگایەک دا بووبێ لە دیاسپۆراوە هەوڵیان دا جێ پێیەک لە وەلاتی داهاتوویان دا بۆخۆیان بکەنەوە. لە ئوروپا وئامریکا پوڵیان پەیدا کرد ودەستیان کرد بە کرینی زەوی و خانوبەرە لە ئیسرائیلی ئەورۆ. بە جۆرێک باوەریان بە خۆیان و بە دوارۆژی خۆیان هەبو، کە لە دژوارترین هەل و مەرجی ژیانیان دا کە بەدوای شەڕی جیهانی دووەم دا گەورەترین زیانیان بەرکەوتبوو، بە ئیمانەوە گەڕانەوە بۆ دامەزراندنی دەوڵەت. گەورەترین شەپۆلی گەڕانەوەی ئیسرائیلییەکان بۆ نێو دەوڵەتەساواکەیان لە ساڵی ١٩٤٩ دا بوو، چەند مانگێک دوای ڕاگەیاندنی دەوڵەتە ساواکەیان کە هیچ ئیمکاناتێکی نەبوو لە هەر چواردەوریەوە دوژمن بوو چەندین وەڵاتی عەرەبی شەڕی لە دژی ڕاگەیاندبوو نیازیان هەبوو، ئەو حەشیمەتەی گەڕاوەتەوە نابوت بکەن. ئیسرائیلییەکان لە راستی دا کاتێک دەوڵەتی خۆیان ڕاگەیاند زایتر لە ٨٠% یان لە دیاسپۆرا بوون. ئێستاش دوای ئەو هەمو سەرکەوتن و پێشکەوتنە، ئاماری مانگی ئاوریلی ٢٠٢٠ پێمان دەڵێ کە تەنیا ٤٧% ی ئیسرائیلییەکان لە ئیسرائیل دەژین. باقی خەڵکەکەی دیکەش ئێستاش ٢١% ی ولاتی ئیسرائیل غەیرە جولەکەن وپێکهاتوون لە عەرەب، مەسیحی، دوروزی و سەحرانشین(بەدوویی). لە سەرانسەری دنیاوە جوولەکەکان یارمەتیان کرد بە دامەزراندن، راگرتن و پێشخستنی ولاتی ئیسرائیل وئێستاش گەیاندوویانەتە جێگایەک کە دوژمنەکانی دوێنێی لە خودایان دەوێ هەر کاری پێ نەبن وبەرەبەرە قەبووڵی دەکەن و لە گەڵی ڕێک دەکەون. ڕژیمێکی دڕندەی وەک کۆماری ئیسلامیش لەگەڵ ئەوەی زۆر دروشمی قەبە لە دژی ئیسرائیل دەدا، بەڵام ناوێرێ خوار تەماشای بکا و سەرەڕای ئەوەی ئیسرائیل لەو ساڵانەی دوایی دا دەیان نقوورجی گەورەی تێکوتاوە، ناوێری یەک هەنگاوی لە دژی هەڵێنێتەوە. کەواتە ئیسرائیل دەبێ وێنەیەکی باش بێ لە ئیمان بەخۆبوون وحەقوایە نەتەوەی کورد کەڵک لە تاقیکردنەوەکەی وەربگرێ.

سەرچاوە: دیواری فەیس بووکی نووسەر - ڕێکەوتی: ١٣ی ئۆکتۆبەری ٢٠٢٠



سەرچاوە
Serchawe




بەبۆچوونی من هەموو حیزبەکان پێویستە چاوێک بە گوتار و سیاسەتەکانیان دا بخشێننەوە و هەوڵ بدەن قازانجی نەتەوەیی لە پێش قازانجی حیزبی دانینن و گوتاریشیان لەگەڵ ئەو مەسەلە گرنگە ڕێکبخەن. هەڵگرتنی گوتاری نەتەوەیی پێویستی بەوە هەیە کە لە قالبی سوننەتیێ پێشوو دا سیاسەت بەکرێ.

مستەفا شڵماشی

---

کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ڕەحمان نەقشی

سەرماوەزی ۲۷۲۰ی کوردی = دێسەمبەری ۲۰۲۰ زایینی

نۆژەنکردنەوەی: جۆزەردانی ۲۷۶۵ی کوردی = جوونی ۲۰۲٦ی زایینی




# سپاس و پێزانین

**بۆ هاوڕێ مستەفا شڵماشی بۆ ئامادەکردنی وتار، لێداون و هەڵسەنگاندەکان.**

**دەستتان خۆش و هەروا قەڵەم ڕەنگین بن بۆ گەل و نیشتمان.**

**ڕەحمان نەقشی**